- خاوەن ئیمتیاز
  شەوکەت شێخ یەزدین
- سەرنووسەر
  ئازاد عەبدولواحید
- بەڕێوەبەری هونەری
  سەرکەوت وەلی
- مۆتیڤ و پۆرترێت
  قەرەنی جەمیل


# ڕامان

121

خولی سێییەم/ ساڵی یازدە/ حوزەیرانی ٢٠٠٧


ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨
پۆستی ڕامان:
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی ڕامان

● **سەروتار**


- سەبارەت بە ئازادی ڕۆژنامەنووسان!/ سەرنووسەر/ 3


● **دەق**


- گوڵفرۆشەکان/ کەریم دەشتی/ 5
- گولێن قاسد/ فاتما ساڤچی/ 8
- پیاڵە/ چەند شاعیرێک/ 10
- لەودیو پەردەی چاوەکانمەوە/ کەژاڵ ئیسماعیل/ 12
- هەشتی ئادارێ/ ئازاد دڵزار/ 14
- پلیکانەکان/ لە تورکییەوە: یووسف عزەددین/ 15
- ئەز ژ حازران چێترم/ بەهلوول زەلال/ 17
- هەر کەس ئەو چیرۆکەی بە دڵ نییە، کەیفی خۆیەتی/ یوونس ڕەزایی/ 19
- شەقامی دار پەلکەکان/ سەعید سلێمانی/ 24
- ترس/ ئارێز سمکۆ حوسێن/ 30
- ماشەرێکی ئالۆسکاو/ لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی/ 34


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ ڕەخنەگر و شانۆکار (محەمەد ڕەحیمیان)/ ئا: عەبدولخالیق یەعقووبی/ 37
- دیمانەیەک لەگەڵ (ئۆرهان پاموک)ی هەڵگری پاداشتی نۆبڵی ئەم ساڵ/ لە فارسییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی/ 46


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- مەرگ و ژیان لە (شالیس)دا/ زانا خەلیل/ 51
- بژارکردنی زمانی شیعری کوردی/ ڕێبین خەلیل قادر/ 57
- تورکە لاوەکان و گەنجە کوردەکان..؟!/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 66
- سارتر لە ڕۆمانی «وشەکان»دا/ کاوە جەلال/ 76


● **وتار**


- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و لێکدانەوەی شیعری کلاسیکی کوردی/ لەتیف فاتیح فەرەج/ 84
- ڕووداوە مێژووییەکان لە شیعرەکانی (زێوەر)دا/ محەمەد ئەحمەد حەسەن/ 90
- یەکەمە کوردەکان – کوردە یەکەمەکان/ محەمەد عەلی قەرەداغی/ 95
- کانتاما سید دهارتها/لە ئەڵمانییەوە:باهۆز مستەفا/ 99


● **هزر و فەلسەفە**


- ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە جیهاندیدی فەلسەفەدا/ د. حەمید عەزیز/ 104
- بەهای کۆمەڵایەتی لە مێژوودا/ ئا: شوکر سلێمان/ 120
- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کەسایەتیدا/ یووسف عوسمان حەمەد/ 124


● **زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی**


- میدیا لەنێو گوندە ئەلیکترۆنییەکەدا/ لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵلا کەلاری/ 128


● **مێژوو - کەلەپوور**


- جێگەی پارسوا لە مێژووی کوردستاندا/ عومەر عەبدوڵلا بەیگی/ 132


● **هونەر**


- ڕیژیسێر و مۆسیقا/ د. فازیل جاف/ 143
- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 152
- ئەو ئافرەتانەی دەڤەری هەورامان کە لە کۆنەوە گۆرانییان چڕیوە/ دارا محەمەد عوسمان هەورامانی/ 160
- شیزۆفرینیا و هونەر/ لە ئینگلیزییەوە: ناڵە حەسەن/ 166


● **گەشت**


- گەشتی یۆنگ بۆ ئەفریقیای ئیستیوائی (کینیا و ئۆغەندا)/ لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی/ 170


● **خوێندنەوەی کتێب**


- حەکایەتەکانی باوکم/ هاشم سەڕاج/ 177
- لە تاپۆی وەرزێکی سەوزەوە تا مەرگە خەون/ خالید عینایەتی/ 181


● **مێزگرد**


- چییەتی گەمەی خەڵاتکردنی نووسەران «خەڵاتی نۆبڵی ٢٠٠٦ بە نموونە»/ ئا: ڕامان/ 185


● **یادکردنەوە**


- جەمال کەریمی حەمە مەلا بەبۆنەی کۆچی ماڵئاواییەوە/ باکووری/ 198


● **ئێستێک**


- دیدێکی نوێ لەمەڕ کەلەپوور/ خالید جووتیار/ 200

سەروتار

لە پەراوێزی کولتوورەوە

# سەبارەت بە ئازادی ڕۆژنامەنووسان!

* لەلای فەیلەسووفە وجودییەکان کە زۆر تەئکید لە ئازادی تاکەکەسیی دەکەنەوە هەمیشە ئازادی لەگەڵ بەرپرسیارێتی ناوی هاتووە. نالی خۆشمان دەمێکە وتوویەتی:

**دەستم کە بە صەد وەعدە لە صەد لاوە شکاوە**

**جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ**

مەبەستی (نالی) لەو کەسانەیە کە لە ئەنجامی باش تێنەگەیشتن لە (ئازادی) و بەکارنەبردنی، دەستی لە سەد لاوە دەشکێ، بەڵام هەرکەسێ نەیزانی لە ئازادی بەهرە وەربگرێ، ئەوە هەر خۆی باجی ئەو نەزانین و تێنەگەیشتنە دەبژێرێ و لە دەرەنجامدا دەستە شکاوەکەی هەر دەکەوێتەوە ملی خۆی نەک ملی کەسانی دیکەوە، وەک هەر دەست شکستێک کە بە گەردنییەوەە دەیبەستنەوە، ئەوەش ڕێک فەلسەفەکەی سارترە کە لە (ئازادی و بەرپرسیارێتی)دا ویستوویەتی باسی لێوە بکات و بەرجەستەی کردووە.

* دەمێکە وتوویانە: **[ئای ئازادی چەندە تاوان بەناوی تۆوە دەکرێ]** لەوەتەی نووسینی کوردی هەیە لە هیچ سەردەم و ڕۆژگارێکیدا بەو ڕادەیە و بەناوی ئازادی بەرەو هەڵدێر نەبراوە کە ئەمڕۆکە دەیبینین، بێگومان مەترسی لەوە خراپتریشی لێدەکرێ، ئەمەش باجی دروست بوونی دیموکراسییەتەو دەبێ بیدەین، یان باجی هەموو گۆڕانکارییەکە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی بمانگوێزێتەوە. هۆی سەرەکی ئەو پاشاگەردانییەی نووسینی کوردییش بەپلەی یەکەم بۆ خراپ تێگەیشتن و بەدحاڵی بوون لە چەمکی ئازادی بەکارهێنان دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەوەی لەلای ئێمەدا بەناوی ئازادی و هەبوونی دیموکراسییەت دەکرێ و دەوترێ و جێبەجێ دەکرێ لە قوتووی عەتاری هیچ وڵات و نەتەوەیەکدا بەدی ناکرێت و وێنەی نادۆزرێتەوە.

* دەکرێ ئێمە سوود لە ئەزموونی پێشکەوتووی وڵاتان و ئەو نەتەوانە وەربگرین کە بەهەمان قۆناغی ئێمەدا تێپەڕیون. ڕۆژنامەنووسی ئێمە بەناوی ئازادی بیروڕا دەربرینەوە دەکەوێتە وێزەی هەرچی جوانی هەیە و کەی ویستی فەلاقەی هەر کەسێ دەکات، تەنانەت بەناوی ئازادییەوە بەخۆی ڕەوا دەبینێ دەست لە وردترین کاروباری ژیانی کەسی و تایبەتی خەڵکیش وەربدات و هەموو ماف و ئازادییەکانی پشێل بکات کە مرۆڤ بەدەستی هێناوە و خەباتی بۆ کردووە، تەنیا ماف بەخۆی بەڕەوا دەزانێ بەناوی ئازادی بیروڕا دەربڕینەوە لە شێوەی جلوبەرگ و پۆشاک لەبەرکردنەوە تا بەجۆری خواردن و پێکەنین و پیاسەکردن و هەستان و دانیشتن و بژمین و کۆکین، تا بچووکترین مافی سادە و ڕەوای مرۆڤ ڕەوایەتی لێیان بسەنێتەوە و بایکۆتی بکات، ئەوەندە لووت لە ستایلی ژیانی تاکەکان دەژەنێ، تەنانەت بە خۆیان ڕەوا دەبینن بچنە ناو ژووری نووستنەکانی خەڵکیشەوە و پیاسەی تێدا بکەن.

* ئەو فەریکە ڕۆژنامەنووسە ناشی و ناکارانە، هەر ئەوانەن کە بەشێوەیەکی ناڕەوا لە پەنجەرە و بن میچەوە دێنە ناو گۆڕەپانەکەوە و پیشەی ڕۆژنامەگەری هەڵدەبژێرن، نەک لە دەرگا کراوە و ڕەوایەکانەوە هاتبن، بۆیە زۆربەی ئەوانەی لە ڕوانگەی ئاسان تەماشا کردن کاری ڕۆژنامەنووسی هەڵدەبژێرن، هەر ئەوانەن تەپوتۆز بەرپا دەکەن، هەر ئەوانەشن کە کاری نەشاز دەکەن بە شاز و شازیش دەکەن بە نەشاز و لەسەر ئەو ئاوازە نەشازانە دەیژەنن و ئەو دەسەڵاتە ڕەهایە بەخۆیان دەدەن (صکوک الغفران)ی نیشتمانپەروەری و سەر بە نەتەوە بوون بەسەر خەڵکیدا دابەش بکەن. ئەمە لەکاتێکدا کاتی ئەوە هاتوو ژەهراوی کردنی کەشوهەوای ڕۆژنامەگەری کوردی و شووڵ لێ هەڵکێشانی کەسانێک بەناوی ئازادی بیروڕا دەربڕین دەبێ کۆتایی پێ بێ و بە یاسا سنوورێکی بۆ دابنرێ.

* تا ئێستا لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، جیاوازی لەنێوان وتارنووس و ڕۆژنامەنووس ناکرێ کە جیاوازی نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە. وتارنووس ئەوانەن کە ماڵەوە دادەنیشن و لەسەر سک لێی ڕادەکشێن و دەکەونە ئینشانووسین و لاپەڕە ڕەش کردنەوە و وتار دەنووسن، لەو حاڵەتەدا هەموو شتێ بەخۆیان ڕەوا دەبینن، تەنانەت ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە ڕێ لەبەردەمی

سەرنووسەر

ئەو وتارنووسە هەڵەشە و کاڵفام و هەرزەکارانە تەخت دەکەن و لەبەر ئەوەی بابەتیان نییە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیانی پێ پڕ بکەنەوە، ڕێگە بەوانە دەدەن بە ئارەزووی خۆیان باسی هەموو شتێ بکەن، خۆ لە بڤە و خەتەرەکانیش هەڵقورتێنن، ئەم جۆرە باس و خواسانەش لای ئێمە و میللەتانی هاوشێوەی ئێمەی دواکەوتوو نەبێ لە شوێنی دیکە وێنەی نادۆزرێتەوە.

* ڕاستە ئێمە سەقفی ئازادییەکەمان بەقەدەر بەژن و باڵای خۆمانە و ڕەنگدانەوەی کەلەپوور و ڕابردووی ئێمەیە، هەر ئەو دەلاقە و چەمکە هەڵبزرکاوەیە کە ئێمە لێیەوە تەماشای ئازادی دەکەین و لێی تێگەییوین. ڕۆژنامەگەری کە کاری بنەڕەتی و ستراتیژییەکەی (هەواڵ گەیاندن) و (ڕێپۆرتاژ) نووسین و سازکردنە، کەچی لەلای ئێمە دەگاتە ڕادەی داوا کردن لەوەزیر و بەرپرسی باڵاتری ئەو وڵاتە کە (بە هەڵبژاردن) هاتوونە و جڵەوی دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، داوای دەست لەکارکێشانەوەیان لێدەکەن، یان هەندێ جار خۆیان دەکەنە وەکیل و بریکاری خەڵک و لەجیاتی ئەوانیش قسە دەکەن و چۆنیان ویست ئاوا دەنووسن و چۆنیان ئیشتیها کرد وەک مقەس دەمیان بەم لاو بەولادا دەگێڕن، کە ئەم جۆرە ڕەفتارانە زیاتر دەچێتە قاڵبی هاندان و پەلاماردان.

* ئازادی و چەمکی ئازادی بۆ ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسانە بەشەرتی چەقۆیە، واتە تەنیا ئازادییان بۆ خۆیان دەوێ، ئازادی بە میزاجی تاکەکەس، ئازادی بۆ خۆت ڕەوایە تا ئەو ڕادەیەی خەڵکی بکەیت بە کۆیلە و سەپانی خۆت، ئازادی هەموو مافێک بەتۆ ڕەوا دەبینێ، بەڵام هەموو ماف و ئازادییەکی ئەودی دی ناڕەوایە و دیزە بە دەرخونەی دەکات، بۆ خۆی درۆ هەڵبەستن، گێرەشێوێنی ڕەوایە و بەشێکە لە ئازادییەکانی خۆت و دەبێ مومارەسەی بکەیت، بەڵام بۆ ئەوەی دی تەنانەت مافی داکۆکی کردن لە خۆشی ڕەوا نییە (ئەگەر بەشێوە مەدەنی و یاساییەکانیش بێت)، ئەو جۆرە کەسانە کە کەمترین شتێکیان دەرهەق بوترێ دەبێ بە نەخۆش ناوزەد بکرێن. باشە ئەوانە ئەگەر دەسەڵات بگرنە دەست دەبێ چ بکەن؟ من لەو باوەڕەدام ئەوکاتە هەواو ئۆکسجینیش بە خەڵکی ڕەوا نابینن. ئەو جۆرە مومارەسەکردنەی (ئازادی) مومارەسەیەکی نەخۆشانەیە، چونکە ئازادی پێش ئەوەی پێشێل کردنی مافی تاکەکان و مافی گشتی بێ، هەوڵدانە بۆ ئازاد کردنی خودو ناخ و زەوق و چێژ و فیکری خۆت لە کۆت و پێوەند و ئەو پۆلیسانەی لەناختدا هەن و نووستوون.

* لەبەر ئەوەی پەروەردەکردنی ئێمە هەر لەسەرەتاوە سەقەت بووە و بە ئاراستەیەکی زانستیدا نەڕۆیشتووە، بۆیە تاکەکانی ئێمە لە ناو (چەپاندن - کەبت)دا گۆش کراون، بەسەرکۆنە کردن پاڵەپەستۆیەکی زۆر خراوەتە سەر دەروون و ناخ و ئیرادەیان، کاتێ دێنە ناو دنیای نووسینەوە، لەزەت لە سەرکۆنە کردن و جنێودان وەردەگرن و بە جۆرێک لە (پیاوەتی- رجولة) و خۆ سەلماندنی خۆیانی دادەنێن، بوێری و ئازایەتی لەشەڕە جنێودا دەبیننەوە، نەک لە داهێنان و بەخشش و لێ زیادکردن لەسەر کەلەپووری میللەتی خۆیان و مرۆڤایەتی و بەرهەمهێنانی شاکاری بەرز و جوان، ئەو مەنتیقەش تەنیا زاڵبوونی خۆی و کەڵەگایی بۆ ڕەگەزی دووەم (مێیینە) نییە، ئەوەندە گواستنەوەی ئەو مومارەسە سەتەقەیە بۆ نێو پیاوسالاریش.

* ئازادی پێش هەر شتێ هەستێکی ناوەکییە، ئادەمیزاد لەناخ و دەروون و قووڵایی خۆی هەستی پێدەکات، چەندی خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی قووڵ بێ و بەقووڵی بڕوانێتە ژیان، ئەوەندە جوانتر گوزارشت لەو ئازادییەی خۆی دەکات و پێویستی ڕۆحی و حەیاتی خۆی پێ پڕ دەکاتەوە، بۆیە جیاوازی نێوان (ئازادی) و (ئەنارشیزمییەت) و (بەڕەڵڵایی) هەریەکەیان ئاراستەی خۆیان هەیە، ئەوانەی هەڵسووکەوتێکی هەستیارانە لەگەڵ ئازادی ناکەن، خۆشیان نازانن چۆن قاچیان دەخلیسکێتە نێو زەلکاوی بەڕەڵڵایی و دوورکەوتنەوە لە هەموو بنەما و بەهایەکی ڕەوشت بەرزانە و مرۆڤانەی تەندروست.

* کاتێ تۆ ئازادانە و بە هۆشیارییەکی کامڵ و پێگەیشتوانەوە دەنووسی، مەبەست لێی ڕووخاندن لە پێناوی ڕووخاندن نییە، ئەوەندەی مەبەست لێی پرۆسەی ڕووخاندنە لەپێناوی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ژیان و جوانترکردنی. نووسەر و داهێنەر چەندی هێزی ڕووخاندنیان تێدایە، دەبێ زۆر لەوە زیاتر هێزی بیناکردنەوەیان تێدا بێ، هەر لەو ڕوانگەیەوەیە کە باسی ڕۆڵی پێشەنگایەتی نووسەران و داهێنەران دەکرێ کە هەمیشە کۆمەڵ هاندەدەن بۆ جووڵاندن و گۆڕانکاری بەرەو ئاقاری پێشکەوتن و هەڵکشانی دەبەن، واتە لە گەڕانەوە بۆ دواوە و پێکوڵە کردن ڕزگاری دەکەن.

* لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە داوو دەزگایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵات لە جیاتی ئەوەی ئازادی و چەمکەکانی بە ئاراستەیەکی تەندروست و ڕاستەڕێی خۆیدا ببەن، زۆرجار ئەوانەی بەشێواوی و گێرەشوێنانە مومارەسەی ئازادی دەکەن و بەخراپی دەیخەنە کارو واری جێبەجێ کردنەوە، لە جیاتی ئەوەی سنوورێکیان بۆ دابنرێ و بەپێی یاسایەک ڕەفتارو لێپێچینەوەیان لە تەکدا بکرێ، دەست لە پشتیان دەدرێ و تەنانەت لەسەر حیسابی پێشێل کردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و لەسەر جنێو فرۆشی و لەکەدارکردنی خەڵک خەڵات دەکرێن، ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە پشتگیری کردن لە جۆرە (ئازادی)یەکی ڕەهای خوارو خێچ و پاشان دەبێتە ڕێچکە و ڕێبازێک بۆ کەسانی تریش تا زیاتر بەو ئاراستە هەڵەیەدا بڕۆن و پێرەوی لێبکەن، بەڵکو ئەوانیش ڕۆژێ لە ڕۆژان خەڵات و ئافەرین بکرێن و لەو جۆرە خەڵاتانە بێبەش نەبن و فریای خۆیان بکەون.

* بۆیە لەلای من نووسین لەهۆیەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتیش لەناو ڕۆژنامەدا جۆرێکە لە دیبلۆماسییەت بۆ وتنی هەموو باس خواس و بابەتەکان و بە ئەتەکێتێکی جوان و شایان و لایق بەبێ سازش کردن و دەستبەرداربوون لە بیروڕاو بیروباوەڕی خۆت، بە مەرجێ ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسە بزانێ شتەکانی خۆی چۆن دەڵێت، چونکە هونەرە لە وڵاتێکدا لەناو هێڵە سوور و قەدەغە کراوەکاندا، لەسەر زەمینەیەکی بەمین چێنراودا، بزانین چۆن هەنگاو هەڵدێنین و قاچ دەخەینە سەر چ زەوییەک کە تێیدا مینێکی بەدەموچاوتدا نەتەقێتەوە.

* بە نموونە هێنانەوەی ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی کۆتایی بەم وتارە دێنم کاتێ نووسیبووی [نیوەی پەرلەمانی فەرەنسی کەرن] کە ئەم دەربڕینی ڕستەیە هەرایەکی ئێجگار زۆر گەورەی لێ کەوتەوە و ڕۆژنامەنووسەکەش بەتۆمەتی ناوزڕاندن درایە دادگا و داوایان لێکرد داوای لێبوردن لە پەرلەمانی فەرەنسی بکات، بەڵام ڕۆژنامەنووسەکە توانی بەدیبلۆماسییەتی خۆی ڕوونکردنەوەیەک بنووسێ کە تێیدا پارێزگاری لە هەمان بیروڕای پێشووی خۆت بکات کاتێ لێبوردن نامەکەی بەم جۆرە نووسی: [نووسیبووم نیوەی پەرلەمانی فەرەنسی کەرن، من داوای لێبوردن دەکەم لەو بیروڕایەمدا، چونکە نیوەی پەرلەمان کە بە کەرم دانابوون. کەر نین] لێرەدا مەبەستەکەی ڕوونە نیوەکەی لێ دەرهاوێشتووە و نیوەکەی تری هەر بەو سیفەتە هێشتووەتەوە کە پێشتر بیروڕای لەبارەیانەوە دەربڕیبوو.

# گوڵفرۆشەکان


کەریم دەشتی

(١)
هەر دەڵێی تەوارن بچنە هەر کوچەیێ
ئەو کوچە پڕ دەبێ لە شەوق و دنیا پڕ عەترەبێ
پەنجەرەو دیوانی ماڵەکان پڕ دەبن لە مەل و جریوە
پیاوەکان بە مەستی دەرژێنە سەر شەقام
ژنەکان شەلاڵی بۆن دەبن سینەیان پڕ دەبێ لە هەوەس

(٢)
پریاسکەی تاتارن لە سێو و لاسکەی گیا
پەیکێکن لە پاکی و نوورێکن لە ڕوخساری خودا
گوڵفرۆشەکانی سەرزمین هەمیشە تەنیان و هەر تەنیا

(٣)
لە زەمیلەی سەوزی هەریەکیان کۆمەڵێ ڕەنگ هەیە
هەر ڕەنگێ لە باغێکی دوور دوور هاتووە
سەربوردەی بۆن و بەرامەی سەر سینەی کچێکی
ئاشقی گرتووە
هەندێکیان لە دەریا هاتوون و شەپۆلان دەدەنە ئاسمان
بۆ هەر شوێنێ بچن
ئەو شوێنە پڕ دەبێ لە عەتر و لە پیرۆزەی مەرجان
ئاخ گوڵفرۆشەکان چەند کەمن بەڵام زەوییان داگرتووە

(٤)
بەیانییان ئاخ بەیانییان
هەر دەڵێی تەمی چیان بەنێو شار وەردەبن
هەر دەڵێی نووری خوان دڵ دەکەن بە کوانووی ئاگر و
سینەمان پڕ دەکەن لە ڕەمی ئەوین و لە بەهرەی ئیزەدی
کە ئێوارانیش دێ گوڵ و گیا هەڵدەگرن.. باردەکەن
ڕۆحی ماندووی ئێمە پڕ دەکەن لە خوێنی جودایی



(٥)

سپێدان لە دوور دوور گۆرانی بە پشتی بایەکان دەنێرن
حەکایەت لە ئیشق و ئەوینی خۆ دەکەن
سەربوردەی سووتانە لە تای گەرمی ئەوین
هەر دەڵێی ئاسکن لە ڕەوت و باشووکەن لە فڕین
ئەوانە وەک شووشەی شکاوی دڵی ئاشقەکان
ڕوخساریان لە ڕێحانی سیس و لە ئاوی چاو دەچێ
باڵایان زراڤ و پەنجەیان لە قەدی گیا دەچێ

(٦)

پەرەسێلکەی جوانی مەفتەنێکی دوورن بە تەنیا جریوەن
کۆمەڵە ئەسپێکی کەرەندین لە ڕمی سواران ترازاون
ڕەوە ئاسکی سپین لە داوی ڕاوچییان پەڕیون
لە پەڕیان غوربەت و
لە بژیان جوانی و
لە شاخیان ئاسەواری جەنگی سەد ساڵی جودایی

(٧)

پەرین و هەمیشە گۆرانی بۆ فیراق دەچڕن
شەو و ڕۆژ سینەیان لە ئاگری تەنیایی دەسووتێ
دڵیان بە باخ و مەی بە دۆڵی دارستان گڕ دەگرێ
بە شەوبۆ دەژین و گوڵ هاوڕێی خوێنیانە
کە ڕێگای دوور دەبڕن سەریان پڕ بەرامەی نەرگزە

(٨)

شەو دادێ هەموویان دەچنەوە بناران
لە ژێر تریفەی سەد ڕەنگی مانگە شەو
باقەیێ دەچن و بە دەوریا دەسووڕێن تا بەیان دەگریەن

(٩)

جارێکیان وەیشوومە سەرزەوی چۆل کرد و چڵە گیایێ
نەما
زێیەکان شکان و باخەکان بزرکان نیشتمان بوو بە ئاو
کوچە و کۆڵانەکان خاڵی بوون لە بەیبوون
ئاگری ناو دڵی کچانی گوڵفرۆش لە ئەوین دامرکان
سپێدە بێدەنگ بوون
هەربۆیە سەرزەمین و باخەکان پڕ شمشێری جەنگ
بوون

(١٠)

وەرنەوە نەوەی خوا وەرنەوە
بێ ئێوە ئەم کەونە خاڵییە لە ئەوین
بێ ئێوە ژیان وەک ژوورێکی داخراوە
بێ ئێوە ڕەونەقی شیعرەکان نامێنێ
ماڵەکان دەبنەوە گۆڕستان وەرنەوە

(١١)

شەوێکیان مانگ مردو ئەستێرە ڕابردن
دەریاکان خرۆشان
ڕەشەبا ئەم کەونەی لە داوی خۆی لوولداو
پرسەی خۆی بەسەر خاک بەشییەوە
دارستان سووتان و باخەکان پرووشان
لەو تاریکستانە بێ ئۆقرە و پەنهانە
کچانی گوڵفرۆش هاتنەوە
ئەوان بوون بە دەستێکی گەرمی خودایی
تۆوی ژیانیان بە زەوی بەخشییەوە

(١٢)

پاییزێ ئەوینێ کەوتە ناو سینەی گوڵفرۆشێ
گوڵەکان یەک یەک سوور بوونەوە
کانی ڕێ و بناری چیایان تەقییەوە
مەم و زین هاتنەوە وەک بەهێ گوڵیان گرت
بەرەو باخی ئیرەم چوونەوە

(١٣)

خودایە باوەشم هەر پڕ بێ لە گوڵی ئاشقان
خودایە ئەو دڵەم هەر پڕبێ لە تەونی ئەوین و
سەریشم هەر پڕبێ لە خونچەی نێو بەفر
ناو لەپم لە گیا

(١٤)

شەوێکیان تریفە پەنجەرەی ژوورمی کردەوە
trووسکەی ئەستێران هەیوانی ماڵمی کردبووە
دیوەخان
کە سەیری بنار و قەراغی چیام کرد
تەمبوورژەن ئاوازی هەزار ژێی بۆ ئاسمان دەنێرێ و
هەرچی گوڵفرۆشی دنیایە
لە کۆڕی گۆرانی چڕینی ساڵیادی گوڵدایە

(١٥)
من تەنیا یەک تاقە گۆرانی دەزانم
من تەنیا یەک تاقە دێڕ شیعرم لەلایە
من تەنیا یەک دڵۆپ فرمێسکم پێماوە
ئەوانەش بۆ تۆ بن گوڵفرۆش
کە ئەم کەونە کەسی لە مرۆڤ نەماوە

(١٦)
پێکەوە ڕێمان گرت ڕووناکیمان گوڵ بوو
پێکەوە چووینەوە بناران فەرشی ڕێ تاوێری چیا بوو
چووینەوە ئەو شوێنەی پەلکە گیا هەر مابوو
باوەشێ نووری خوا هەڵدەچوو
شوێن پێی گوڵفرۆش بوو لەسەر بەرد نەخشا بوو
خودایە ئەم شوێنە جێ پێی کام شاجوانی دنیا بوو؟

(١٧)
ئەوانە لە دەماری گیاو لە خوێنی ڕێواسن
لە جەستەی شەونم و لە هۆزی ئەرخەوانن
ئەوانە نە باوەڕیان هەیە بە سنوور
نە کەس بە خێڵ و هۆز دەناسن
هەیانە و نییانە بەرداخێ مەستییە لەم ژیانە

(١٨)
گوڵفرۆشێ دەناسم لە قەفقاس هاتووە و
دەستێکی لە تیشکی تابانە
یەکێکیان چاوێکی لە گوڵی پەمۆیە
یەکێکیان دەناسم خوێنی جەستەی عەترە
یەکێکیان تا ئێستا پەنجەکانی لەناو باخەکان جێمایە
هەموو گوڵفرۆشێ ڕەگێکی لە گیا هەر هەیە و
دڵۆپێ لە خوێنی هەڵاڵەی تێدایە

(١٩)
هەمیشە لە پاوانەکان دەگەڕێن کە تاکە نیشتمانیانە
ناوی هەموو گوڵەکانی دنیا دەزانن
ئاوی زێ بۆ ناو دۆڵ و چیا دەبەنەوە
لە ڕۆژە باراناوییەکان چەتریان چەپکێ شلێرە
لە تاریکی شەباقە دەکەن بە چرا
لە لافاودا حاجیلە دەکەن بە بەربەست
لە بەفردا خۆیان بە هاڵاوی گوڵەبادەم گەرم دەکەنەوە

(٢٠)
سەفەرێ ڕێم کەوتە ناو پۆلە مێوینی گوڵفرۆشان
یەکیان تازە لە بوخارا لە نوور چنین دەهاتەوە
ئەویتریان دەگەڕایەوە بۆ نیپاڵ باقەیێ بخووری پێ بوو
گۆرانی بۆ دەلایلامای ئاشق دەچڕی
کە لەناو ڕەوەزە شاخێکی هێجگار دوور
بەرەو مەفتەنی خوا دەفڕی
یەکێکیشیان لە ئەلیزێریادا
چەپکێ قژی بیاتریسی هێنا بوو
بەدیاری دەیبرد بۆ دانتێ
ئەویتریان ئەکلیلێ گاری هێنا بوو
بۆ سەری ئاشقەکەی خۆی

(٢١)
لەناو ئەو گوڵفرۆشانە کچۆڵەیێ هەیە پەمۆ
هەموو دەمە و ئێوارەیەک
کە ئاسۆ خۆی لە خوێنی خوا وەردەدا
دەچێتەوە ژێر درەختێ تێر تێر دەگری
گریانێ لە بڕکی ئاگر کە فیراق دایگیرساندووە
گریانێ لە تاوی ئەوین کە بەدکار دایمرکاندووە
ناوە ناوە گۆرانییێ بەناو ئاسماندا سەردەدا
ئاگر لە دڵان بەردەدا
ئەوسا خۆی و باقەبێنێ دەگەڕێتەوە
ناو کوچە و کۆڵانی شار

(٢٢)
کەس ئەوەندەی گوڵفرۆشان لە مانای گیا نازانێ
پێیان وایە هەر بۆن و بەرامەیەکی ناو ئەو دەشت و
بنارانە
ڕەگەزی جەستەی کچێکە لە تای ئەوین و چریندا
یا تکاوەی ئاهونالەی عاشقێکە
لە مانگەشەوی سووتان و هەڵپرووکان لە فڕیندا

# گولێن قاسد

فاتما ساڤجی
(ستەنبۆل)

گولۆکێن بەرفێ د بارن هینا،
و بەرفین؛
خوە ب کەنەکی هشین
رادپێچن،
ل چیایێن کو ب زمانێ ئاگر
د پەیڤن.

تەمەنێ مە،
د بێریکردنەکە ب کەدەر دە
ب ئەڤینێ د مەیە.

ئاگر ژانی دکشینە
د گەودێن مە یێن جوان دە.

لەیستۆکا هنگولیسکێ خوە دخەنقینە
د کورە کورا کەچکان دە
د رەشکا چاڤێن کارغەزالان دە.
گول ب ئاڤێ رە شا دبن،
لۆتوس د چراڤان دە رۆژێرینان دزن،
ب چەمان رە د ئاخڤن
دبن قاسد د رێیا ئەڤینان دە،
دناڤبەرا هەر دو ئالیێ دلان دە.
ما کو چاڤ بگهێژن هەڤ
دێ جیهان فرەهتر نەبە؟
ژ هەڤشابوونا دەستان
دێ کولیلک و کەڤۆک نەوەلدن؟

خوینا کولانان
هینی زێماران بوو،



**ب کوردی ل سینگا خوه دده**
**و تەنێ ژ بۆ ئەرزانبوونا خوه دگری...**

**ما ئیجار دێ چاوان**
**نه هلچەنن زارۆک**
**د خەونێن خوه دە؟**

**و وێ چما لال نەبن**
**د نیڤەکا لەیستکان دە،**
**هتکێن کو ژ دەنگێ تەیاران د بەهتن؟**
**لەورا ئاشتی**
**هینا نەبوویه نەخوەشیا ڤەبایێ**
**و رەنێ گولێ**
**و نەگشتیه بەر دەرێ**
**هەمی دلان...**

فاتما ساڤجی، شاعرەکا گەنجا باکوورێ کوردستانێ یە، شعرێن وێ بێهنا حەسرەتەکا پڕ ئێش و کول و ژان ژێ تێ، لێ هەردەم ئەوان رەوش و رەنگڤەدانان ب ئومێد و هێڤیێن مەزن دپێچیت و وەکو گولدانکەکا عەتردار پێشکێشی خوەندەڤانان دکە. نه دووره ئەڤ بەهرە و دەربڕین و چێکرنا زمانەکی بەرخوەدایی، ژ ئەگەرا رۆژەڤێن ئەڤێ شاعرا خوینگەرم بن، چونکه ئەو ب خوه ل سالا ١٩٧٤ێ ل گوندێ گرێمیرا ئەوێ سەر ب ناڤچەیا نسێبینێ هاتیه سەر دنیایێ و خوەندنا خوه یا سەرەتایی هەر ل وێ دەرێ ب داوی ئانییە، دووڤرا نکاری یە درێژیێ ب خوەندنا خوه بدەت و کەفتیه دناڤ کارێ بەرخوەدانێ و گەلەک جاران هاتیه زیندانی کرن، ل سالا ٢٠٠٣ێ وەرە ل ستەنبۆلێ دژیت و یەکەم بەرهەمێن وێ شعر بوونه و گەلەک جاران د رۆژنامە و کۆڤاران دە بەلاڤکرینە. یەکەم کۆمەلە شعرا وێ ب ناڤێ «گولێن قاسد» ل سالا ٢٠٠٦ێ ژ ئالیێ وەشانخانەیا ئاڤەستا ڤە هاتیه چاپ و بەلاڤکرن، کو ئەڤ شعرا سلال هەر ژ ئەوێ پەرتووکێ روو پەلێن (١٣-١٤) هاتیه وەرگرتن.

**ئا: ئەحمەد قەرەنی**

# پیاڵە

پیاڵەیەک بەتاڵ لە چی؟
لەو ساتانەی تیشک دەدەیتەوە
تۆ ڕێک لە من دەچی
لە من دەچی تۆ ڕێک..
تەڕ تەڕ بڕوانە ئاوێنەی پێکی دەستم
لە تیشکدانەوە چەند لە تۆ دەچم من
پیاڵەیەکی پڕ لەتیشکین من و تۆ..
پیاڵەیەک بەتاڵ لە چی؟!

پیاڵە، تەنافە و تەنافیش نییە
جارێ تەنافە لەو چرکانەی ڕۆحمان پێیەوە هەڵدەواسین و
ـباـی نەستی ڕایدەهەژێنێ.
جارێکیش تەناف نییە
لەو چرکانەی وەکو ژیان بەتاڵە..
پیاڵە ژنێکی خانەدانە، مەمکی لە مەمکی باران دەچێ
مەمکی پیاڵە لە مەمکی ئاو دەچێ و
ئاویش گۆرانییەکە ڕەنگێکی شینی هەیە
جارێ تێرت دەکا و
جارێکیش تێنوو
پیاڵە و ئاو
دوو ڕێگان یان دوو دەریا
لە تێنوویەتی و تێربوون
لە تێربوون و تێنوویەتی

من کە زانیم هاوڕێیەتی چییە...
تۆم کرد بە هاوڕێ و
خۆم لە تۆدا دەخواردەوە و تۆشم لە خۆم تێر دەکرد
لە پەنای ڕەنگ سێبەریت، ئارام ئارام دادەنیشتم و
وردە وردە زریزەی ڕازەکانم باس دەکەم و تۆش
جارجارە دەمبزوێنی و
هەندێک جار بە گۆرانییەکی هەتیو و هەندێک جاریش



به هەنسکی گریانێکی خنکاو بەیەکەوە پێک هەڵدەدەین.

ئێوە بەدوای هەنگاوەکانی با دەڕۆیشتن
من... لەبەردەم پیاڵەیەکی گەڵا بابردووی پایزا
هەنگاو هەنگاو
بە دوای سۆراغی کراسە بابردووەکانا
پیاڵەیەکم بەتاڵ دەکرد لە بۆشی
پیاڵە لەوە شێتترە
کە من و تۆ لێی تێگەیشتووین
دەشێ پیاڵە جارێک خۆی بێت ، بەڵام هەزاران جار
من و تۆ
ئێمە هەمیشە بە پیاڵە ڕۆحی خۆمان دەدۆزینەوە
کەچی نازانین پیاڵە بەردەوام خۆی لە ئێمەوە
دەدۆزێتەوە
ڕەنگە درەنگ بزانین
ڕەنگەکانی پیاڵە
سیما و دەنگ و
گۆرانی و سەردولکەکانی
دواجار
بمانگرێت و بماندات دەستی (با)
لەوێشەوە (با) تەسلیم بە قەدەرمان بکاتەوە
لەوێوە پیاڵەیەک بدە دەستم
ورد ورد ببمە ئاو
سپی سپی ببمە بەفر
بە زەمەن بڵێ ئێستێک بکات
بە نیازی قومێکی ترم
لەو پیاڵەیەی بەردەمی گەردوون
خۆ من هێشتا سەفەری ڕووتبوونەوەی لێستنەوەم
نەکردووە
چ بەرگێکە ئەو هەموو نهێنییەی لێستنەوەیەی
شاردۆتەوە
چ لێستنەوەیەکە ئەو هەموو بەرگەی شاردۆتەوە
وەرە ڕووت ڕووت بینەوە با هەموو لێستنەوەکان ئاشکرا
بن
پیاڵە کە هەڵدەچێ ڕۆحی گەردوون دەخرۆشێنی
ئەفسوونیترین دیاری جەننەتی ئاهورای حوسنە
تێکە لەو شەرابی فانتازیای ڕۆحە
کەس نییە مۆسیقای غەریزەکان بنووسێتەوە
چەنێ جوانە ژیان بەو نەرمونیانییە ئەی خودا

پیاڵەمان هەڵداو پەیتا پەیتا لەتەکانی گیانمان
نووسییەوە
پیاڵە قەوس و قوزەحی ئاسۆکانی زەمانە
کە دادەگیرسێ ئای کە دادەگیرسێ!
داگیرسێ ئەی بێ شەرابترین شەرابی ئومێدی من
تازە دڵ لەو نا ئومێدییە نابێتەوە
دڵم لەو دەریایە باران دەبیا

پیاڵە کۆستکەوتووی سێبەری منە و هی منیش نییە
پیاڵە من لە شەوێکی سیخناخدا دەخواتەوە و
من لە شەوێکی بێگوناهدا ئەو
سێبەری بوونەوەرێکی ساختە لە تۆدا دەبینم
کە لێوارەکانی دەورت تەڕ تەڕە وەک لێوم
پیاڵە جوانییەکانی دەست ژنەو
ژنەو جوانییەکانی دەوری پیاڵە
پیاو لەناو پیاڵە لێڵ دەبێ
لێڵ دەبێ پیاو
لێڵ دەبم من
لێڵ دەبێ هەموو دنیا
تەنیا پەنجەکانی تۆ ڕوون
کە بە کەفەوە بریقەی پیاڵە بەدەستتەوە جوانە!
پیاو لێڵ دەبێ
من لێڵ دەبم
لە دەوری پیاڵەدا خنکاوین
تەزیوین وەک بێهۆشی سەرمان
لە دەوری پیاڵەدا کوژراوین
خوێنمان لەناو پیاڵەدا مەییوە و
شەرابی ناو پیاڵەین ئێمە
تەنیا پەنجەکانی تۆ ڕوون
کە بە کەفەوە بریقەی پیاڵە بە دەستتەوە جوانە!

٢٤-١١-٢٠٠٦
سلێمانی

هاشم سەڕاج، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، زانا خەلیل، کەریم کاکە، شێروان خدر، جەمال پیرە، ڕزگار بۆرە، فەرحان هەیواز، حەسەنی موسافیر

# لەودیو پەردەی چاوەکانمەوە

کەژاڵ ئیسماعیل
(هۆڵەندا)

ژیان شوێنەواری ماچێک
بە شەختەی تاوان ئەشواتەوە
لێم ناگەڕێ
من.. بەم هەموو ئەسەفەوە
تاوێک لە باوەشی ئارامیدا
پەنجەکانم بە میلۆدیای ئەشقێکا بگێڕم
وێڵم..
وێڵم و ئەو پەیڤە بابردووانەم بۆ ناکرێتە هێلانەیەک
تا زەرنەقووتەی حەزەکانمی تیا بشارمەوە!
ژیان.. ئای ژیان چەند سەیرە
لەگەڵ مەرگ
تەنها هەناسەیەک
لێکیان دائەبڕێ
لەگەڵ مەرگ چی لێکیان جودا ئەکاتەوە؟
ئەمیان ڕەنگاوڕەنگە و
ئەویان بێ ڕەنگ
ئەمیان پڕ لە جەنجاڵ و هات و هاوارە و
ئەویان بێ دەنگ..

*    *    *

لێم گەڕێ سەرڕێژم لە نائومێدی و
بەدوای عەترێکا وێڵم
بینێرمەوە بۆ نیشتمان
نیشتمانێکی وەهمی
تا چیتر بۆنی مەرگ نەدات
بێزارم لە ژماردنی هەنگاوە تێکەڵەکانی سێبەر و
دەرمانێکم بۆ نایە بە دیاری
وەک ئاواز بەرەو خامۆشی سۆزێکی زیندووم بەرێت

*    *    *

دوێ شەو..
بە مردوویی
ئەو سەحرایانە ئەگەڕام
پڕ بوون لە بەتاڵی!
خۆم بە لێواری قەسیدەیەکا هەڵواسیبوو
پڕ بوو لەونبوون



نە ئەگەیشتمە ڕوخساری مانگ و
نە ئەستێرە هۆرەی بۆ ئەچڕیم..!
تۆ ئەزانی
مانگ لە دوورەوە جوانە و
ئەستێرەش هەر لە بەرزایی ورشە ئەدات؟!

* * *

دوێ شەو
ونبووم.. ون
تەنهایی گەیاندمییە زەمەنێک
لە خۆرێکی ڕەنگ پەڕیو و تاریکی بەولاوە
دەنگی هیچی دیکەم گوێ لێنەبوو
جەنگەڵستانێک..
سەرم لێرە و پێیەکانیشم لە قەرا غ دنیا
نە هاوارێکم فەلەکی پڕ کرد و
نە نزایەکم گەیشتە خودا
تەنهاییەکی تەڵەزماوی ونی کردم!

* * *

لێم گەڕێ..
ئاسمان هێندە نزم بۆتەوە
هەور ئەبارێت!
زەوی کیژۆڵەیەکی تۆقیوە و
سەری ناوەتە نێو تاریکی شەوێکی ئەنگوستە چاو
تۆ بڵێی ئەوە ژیان بێت یان..!
وەک باڵندەیەکی مەست گێژ ئەخۆم و
لەبازنەیەکی داخراوا
ئاسمانم چەرخ ئەدا
چیت لێم ئەوێ..؟
من.. هەموو ڕۆژێک ئەکوژرێم
لە بێ دەرەتانی ئەم گوزەرانەدا
جەستەم ئەکەمە قوربانی دەنکێ کبریت!
لەم خەراباتە..
کێ هەیە لەمن بێ سەوادتر؟
کێ بۆ من ئەگری؟
ئای ژیان!
ژیان وەک مەرگێکی شەرمن
پێی وایە چاوەکانی ناخوێنمەوە
ئەو..
هەناسەی گەرانەوەی ئێوارەیەک
ناباتەوە بۆ سەر حەنینی سنگێک
بەرد بەهاژەی ڕووبار ئەخنکێنێ و
بەرائەتی ئەو مناڵییە سەرئەبڕێت
کە هێشتا دەمی وا بە گوێ مەمکی لانکەوەیە و
دارەدارەی گەورەبوون
مناڵی نەکردۆتەوە!
ژیان.. ئافاتێکە
یا ئافات ئافاتی ژیانە؟
دە لێم گەڕێ..
با پڕ بەگیرفانێکی گەورەییم
شیکایەت بەرمە حزووری بەزەیی و
نهێنییەکانم لە کەنار دەریایەک زیندەبەچاڵ بکەم
تۆ ئەزانی..
دەریا چەن هێمنە بەر لە شێت بوون!؟

* * *

دوێ شەو..
مەلاوەمەل بووم لەترس
بووبوومە پاسارییەک و
بۆ هێلانە
لەبەردەم میحرابی زەردە گەڵایەکا
سوجدەم ئەبرد و ئەگریام..
خەو دەستی نابووە نێو دەستی شەهرەیارێک
بۆنی بادەپەرستی
کەللەسەرمی پڕکردبوو لە مەستی
منیش بۆنی سووتانی ئەشقێکی پەنهانم لێ ئەهات
ئەو گوێی بۆ چیرۆکی پەریزادەو ئەژدیها شل کردبوو
منیش بە مار و پەیژەی ژیانا
بەرەو قووڵترین خەیاڵ هەڵئەچووم
تۆ ئەزانی شەهرەیار هەر لەچیرۆکا جوانە؟!


* * *

دە لێم گەڕێ..
من «ئەوساتە خۆشەم هێشتا لەبیرە»*
زۆر ڕۆمانسییانە
چراکانم کز ئەکرد و تۆش پێت ئەوتم:
ئەبێ لە ژیان خۆشتر چی هەبێت؟
کە تۆم هەبێت
قەت پیر نابم
بۆ ئەبەد نامرم..
کەچی ئێستا بووینە دوو هێڵی تەریب و
هەرگیز بەیەک ناگەین
ئاخر بۆ لێم ناگەڕێی..؟
تۆ بەم هەموو ڕەنگەوە
منیش لەم ڕەنگە خۆڵەمێشییەدا ون بووم
ئیدی چۆن لەگوڵدانێکا جێمان ئەبێتەوە.

* دێرە شیعرێکی شاعیری ڕووس «پووشکین»ە.

# هەشتی ئاداری

ئازاد دڵزار



بەیانیت باش سەلارەکەم
بەیانیت باش
هەستە ڕابە
هەشتی ئادار لە باغچەی حەوشەکەمانا
چاوەڕوانە.
سەرەندازێکی وردچنی
گوڵە (مانیزیا)ی بۆ هێناوی.
ئەمڕۆ تێشتێ
میوانی سەر سفرەمانە،
ماستی بۆن سۆی
سەر بە قەرسیلی (قەراج) و
گۆرمزە و کاردو و گیابرژای
بۆ هێناوی
بەیانیت باش سەلارەکەم
بەیانیت باش.

*   *   *


هەستە ڕابە،
کوودتایە، میهرەجانە.
نەورۆز لە پێشرەویدایە،
لەشکری گوڵان گەیشتە ئەو هەردانە.
هەستە ڕابە،
ببینە چۆن دارچواڵە
کراسی سپی ئاودامانی
لە دوو دەخشێ.
خۆخ نەشئەیەکی پەمەیی
گرتوویەتی.
قشونی سەرما شکستەو
لەگەڵ بەفرێ
بەرەو بڵندان هەڵدەکشێ.
هەستە ڕابە،
لە چوار لاوە وابەهار گەمارۆی داوین.
لەبەردەم هێزی جوانیدا،
یەخسیرو قۆڵبەست کراوین.
هەستە ڕابە،
ڕنوەبەفری چیاکانیش
وا خۆیان دا بەدەستەوە.
شەختەبەندی نسارانیش
وا خۆیان دا بەدەستەوە.
هەستە ڕابە،
جەژنەکەت پیرۆزە، مەزنە
پڕ شکۆیە.
ڕۆژی ئازادیت بڵندە.
جا نۆرەی ڕابوونی تۆیە.
بەیانیت باش سەلارەکەم
بەیانیت باش.

ئاداری ٢٠٠٦ هەولێر

# پلیکانەکان

نەجیب فازڵ
لەتورکییەوە: یووسف عزەددین

لە کۆڵاندام، کۆڵانێکی بێکەس
لەنێوەڕاستیدا؛
پیاسە دەکەم، بێ ئەوەی ئاوڕ لە دواوە بدەمەوە..
پیاسە دەکەم،
تا ڕێگەکەم بە تەواوی دەچێتە نێو تاریکی،
هەروەک ئەوەی تارماییەک ببینم..
کە چاوەڕێم دەکات.
ئاسمانە ڕەشەکان و هەورە ڕەنگ خۆڵەمێشییەکان..
پێکداچوون؛
برووسکەکان دووکەڵکێشی خانووەکان ڕاودەنێن.
جندۆکەکان لە خەودان، تەنیا دوو هاوڕێ وەخەبەرن؛
یەکێکیان منم و ئەوی دیکەیان پلیکانە
سەرسەرییەکان..
دڵۆپ دڵۆپ لەناخمدا، ترس کۆدەبێتەوە؛
وا دەزانم لە هەر سەرە کۆڵانێکدا دێوەکان،
خۆیان مەڵاس داوە..
جامە ڕەشەکان بەسەر سەرمدا دادەبارێن..
چاوی ماڵەکان کوێر بۆتەوە...
پلیکانەکان، حەسرەتکێش و دایکی تەنیاکانن
پلیکانەکان، مرۆڤێکن لەناخمدا دەژین
پلیکانەکان، گوێت لە دەنگیان دەبێت، کاتێک؛
هیچ دەنگێکی دی نامینێت.
پلیکانەکان، لەنێومدا زمانێکە دەبزوێ..
داوام لێ مەکە گیانی خۆمت بدەمێ؛
لە باوەشێکی نەرمدا.
من ئەو ساوایەم کە لەگەڵ پلیکانەکان مەمک دەمژم.
با سپێدە نەبێتەوە، لەم کۆڵانە تاریکەدا؛
با لەم کۆڵانە تاریکەدا، هیچ تەواو نەبێت،
سەفەرەکەم...
من برۆم، ڕێگە بڕوات...



**من برۆم، ڕێگە بڕوات...**
**لە هەردوو لامەوە فەنەرەکان تێپەڕبن؛**
**وەک سێلاو..**
**سەگە برسییەکان، دەنگی پێڵاوەکانم؛**
**ببیستن..**
**سەکۆی سەرکەوتنی ڕێگەم،**
**پشتێنی بەردینی سێبەرە.**
**نەسپێدە ببینم و نە سپێدەش ببینرێم**
**ڕۆژەکان بۆ ئێوە بێت؛**
**بمدەنێ تاریکییەکان..**
**وەک پێخەفێکی تەڕ، تەواو چرچ و لۆچ بم..**
**دامپۆشن؛ سەرم داپۆشن لەتاریکاییە فێنکەکەدا ..**
**با قەدم ڕابکشێ، لەسەر بەردەکان؛**
**هێندەی درێژیان..**
**هەرگیز، ئەو بەردانەی وەک سەهۆڵن؛**
**دانامرکێننەوە ئەم ئاگرە.**
**دەچمە نێو خەونێکەوە،**
**هێندەی کۆڵانەکان، پڕ لە نهێنی...**
**بمرێت ئاشقی پلیکانەکان.**

**چاخەکان فریو دەرن، گەرچی زۆر چاخمان نەبینیوە**
**دەزانین ئاو دەڕوا**
**مرۆڤیش؛ منداڵە و گەورە دەبێ و دایکی دەمرێ**
**ئاخ، باوک دەمێکە مردووە، ئیدی ئەمە زەمانەیە**
**ڕێ بە دەروێشیش نادات، شتێک بڵێت**

* * *

**خاک تەڕ دەبێ، ئەو دەمەی ئاسمان بارانە**
**هێدی هێدی، لەگەڵ تەمدا دادەبارێ**
**تەلیسمێک نییە پەنای بۆ بەرین**
**شوێن جێگەی خاچێک نییە، لەسەر پشت**
**تێگەیشتین و تێشدەگەین**
**کە هیچ کاتێک ڕۆشن نابێتەوە**

* * *

**بێهوودە زەمەن، شوێن پەنجەی خۆی**
**لەسەر پشتمان جێدەهێڵێ**
**خۆر دیار نامێنێت، بەسەر شارەوە**
**دەبینە هەورێکی هەڵواسراو**
**دەژێینەوە؛ ڕەنگە وەک دڵۆپە بارانێک**
**(یانی من وا دەڵێم)**
**ڕەنگە هەموو دنیاش وابڵێ.**

## هەورێک، بە هەڵواسراوی ماوەتەوە

عەلی پوسکولوئۆغڵو

**با لە کۆنە هاوینێکدا بچینە دەریا**
**لەکاتێکدا کە بیر لە ڕۆژێک دەکەینەوە**
**کە ئیدی نایەن و بۆتە ڕابردوویەکی دوور.**
**بۆچی و لەبەرچی**
**ئەو خۆرەتاوەی، کە تەنانەت دەیدا لەچاوەکانیشمان**
**نایگۆڕێت؛ ڕەنگی پێستمان**

* * *

**ئەوێ بەردەڵانە، زەحمەتە ڕێکردن**
**ئاوا دەنگ لە پێیەکانی دەکات؛ تا بیانپارێزێت**
**گەر دایکێک کوڕەکەی گەورە بکات**
**کوڕەکە دایکی بەلاوە گرنگە و دەڵێت:**
**ئیدی ئەو منی گەورە کرد**

* * *

سەرچاوە:
- Neciop fazil(Cile) yky- 1-Baskl, 2004.
- Kitap-lik-2006 istanbul.

# ئەز ژ حازران چێترم

**بەهلوول زەلال**
**(دیاربەکر)**



شەڤەک ژ شەڤێن هاڤینێ، بایەکی هێنک ژ ئالیێ چیێ بەر ب دەشتێ ڤە د هات. شەڤ قوولبیبوو رۆژا دی. نیڤا شەڤێ ل پاش مابوو. بێهنا گیایێ ژناڤ زەڤیان پێمبوو ب سەر گوند دە دفووری. ژبلی مالباتێن کو هن ژ وان چووبوونە بنیا خەتێ قاچاغێ هەر کەس راکەتبوو. دێ، باڤ، بابیر و داپیر؛ ل سەر بانان، دناڤ نڤینێن خوە دە دگەل دوعایێن شێخ و مشایخان تزبیحێن خوە دکشاندن. ژ دەریەکی خوە تاڤێتنە دەریەکی دی یێ شێخان، یێ پێغەمبەران. داخوازا هەموویان یەک بووکو زارۆکێن وان، نەڤیێن وان ب ساخ و سلامەتی ب سەر وان دە ڤەگەڕن.

ژ بۆ دەربازبوونێ شەڤەکە خوەش بوو. تارییا شەڤێ عەرد هین بێهتر ڕەش دکر. چاڤ چاڤی نەددیت لێ ستێرک ل عەزمێن ژ هەر جارێ بێهتر دچورسین. ڤێ جارێ گەلەکی درەنگ مابوون. تو جاری کاروان هەڤقاسی ل بنیا خەتێ نەمابوو. هەرکەسی تەخمین دکر کو قاچاغچی و لەشکەرێن خەتێ ل هەڤ نەکرنە کو ب دەستوور دەرباک بن.

لەوما قاچاغچی ژی ل هێڤیا تارییا هەیڤێ مابوون. دەما بوو تەقاتەقا تڤنگان هێ ژی کەسێن کو ل ناڤ نڤینان بەرێ وان ل باشوورێ گوند دنهێرتن شیاربوون. دەنگی دوعا و سەلاواتان بلندتر بووبوو. هاوار و دوعا تەڤیهەڤ دبوون و بەر ب بایێ شەڤێ دە د حەرکین. ڤیژڤیژا تڤنگان د هێنکاس هیێ دە بێدەنگیا شەڤێ دچڕاند. رۆنیا کو ژ گوللەیێن شانیدانێ ل تارییێ بەلا دبوو عەزمان د خەملاندن. بێهنا باروودێ، پۆز و قرِکا قاچاغچی و لەشکەران د شەوتاند.

گوندی دناڤ ترس و مەراقێ دە درەعلین. ل ناڤ هەردو تێلێن دە کو سەرانسەر ماینکری بوو دێ وە لە دێ خوە ئاڤێتبوو رێزان بێراوەست گوللە ب سەر کۆزکێن لەشکەران دە دباراندن دا کو لەشکەر نکاربن راستەراست

بەرێ تڤەنگێ بدەنە قاچاغچییان. لەوما لەشکەر تەنێ د کۆزکا خوە دە بەرێ تڤنگێن خوە بەر ب زۆر ڤە دکرن و تلیێن خوە ب تەتیکێ ڤە د دەوساندن. هەتا لەشکەر دەربا خوە خوەش ل قاچاغچییان نەئانییانا زوو ب زوو کەس ژ قاچاغچییان نەدهاتە کوشتن. قاچاغچی ژی مەبەستا وان تەنێ دەباسکرنا مال بوو. ئەو زوو ب زوو لەشکەر نە دکوشتن. ژخوە برانی نە ب شەڕ، ب دەستوور و لهەڤکرنێ دچوون و دهاتن.

قێرین، سخێف، زرت و دوعا تەڤیهەڤ بوو بوون. هەر کەسێ کو ل بارێ خوە خوەدی دەرکەڤێ و گاڤەکی بەری یا دی ژناڤ ڤان مایینان دەرکەڤە. خوە بگەهینە ناڤ زەڤیێن پەمبوو. کو بگاهانا ناڤ زەڤیێن پەمبوو ئێدی تو خەتەر نەدما. ژ خوە گوند نێزیک بوو و پەمبوو ژی گشت ب قاسی قامەکێ بلند بوو بوو.

ب تەقێنییێ رە، گەلەک کەسێن کو راکەتبوون ژی شیار بوو بوون. ئەو ژی لگەل خوەدییێن کەسێن کو چووبوونە بنخەتێ بەرێ خوە دابوونە باشوورێ گوند. ل رۆنیا کو ژ ل عەزمێن دچوورسی د نهێرتن و د بێدەنگیا شەڤا تەباخێ دە ل دەنگێن تڤنگان گوهداری دگرن. پەرۆشەک گرتبوو سەر جانێ هەر کەسی لێ دلێ دلێ دێ و باڤێن کەسێن دناڤ شەڕ دە د قەفەسا خوە دە هلنەدهات. خوین د رایێ خوە دە دفووری. زارۆکێن وان دناڤ مایینان دە و دبن بارانا گوللەیان دە بوون و مخابن تشتەک ژ دەستێن وان نەدهات.

هن ب هن دەنگێ تڤنگان کێم دبوو. شەڤێ دیسا کراسێ خوە یێ بێدەنگیێ ل خوە کربوو تیرێژێن رۆژێ کو دێ عەرد و عەزمانی ژ تارتییێ رزگار بکرانا هن ب هن بەر ب دنیایێ ڤە دهاتن. پشتی چەندەکێ دەرییێن مالان ڤەبوون و تاڤلێ ژی دهاتنە گرتن. مەتالە و نەپەنیتی ب سەر کۆلانێن گوند گرتبوون گەلۆ کەروانێ کیژان رێزانی بوو؟ گەلۆ کووشتی، بریندار، گرتی هەبوون یان نا؟ گەلۆ بارکێشان بارێ خوە خلاس کربوون؟

ب سەرێ سبەهێ رە، دەنگێ قێرینان ژ مالا عەزیزێ سۆرۆ ڤە بلند بوون. دیبیا عەزیزۆ پۆرا خوە واسلە واسلە دکر و ها ها ل سنگا خوە دخست. پیرەک، ب زۆرێ ئەو دگرتن. هێسترێن چاڤێن باڤێ وی هوور هوور دگندرینە خوارێ. هەر شەش زارۆکێن وی دگرین؛ یێ مەزن خوە ل عەردێ دخست، یێ بچووک لگەل کو دگری ب هەر دو دەستێن خوە کراسێ دیبیا خوە گرتبوو و ب تو ئاوایی بەرنەددا. جران و خوە دیێن عەزیزۆ هوور و مەزن د حەوشا مالا عەزیزۆ دە ل هەڤ کۆم بوو بوون.

ژ ئالیێ دن هەر پێنج، شەش حەب بارکێشێن د شەڕێ شەڤا بووری دە بوون و ب قاسی بیست زلامێن گوندی؛ ل ناڤ زەڤیێن پێمبوو، ل بەر جۆکا ئاڤێ، ل سەرانسەری ریا هەڤریشمێ یا دیرۆکی کو هەتا باغدایێ و هندستانێ دچوو بەلا بوو بوون و ها ها بێراوەست ل عەزیزێ وندایی دگەریانس


میشار ب میشار، بن ب بن دناڤ زەڤیێن پێمبوو، ل ناڤ جۆکێن مەزن کو ژ قانالێ مەزن ڤەدقەتیان، ل بەستان، ل بن لاتان گەریان لێ نە تووشی عەزیزۆ، نە تووشی تشتەکی وی هاتن ونە ژی پێژنەکێ ژێ کرن. بەر ئێڤارکی تاقەت د لاشێ کەسی دە نەمابوو، یەک ب یەک، دودۆ دودۆ، سسێ سسێ ڤەدگەریانا مالێ. ژن و زارۆک ل روێن زلامان دنهێرین، د خوەستن مزگینیەکێ، ئاگاهیەکە خێری ژ دەڤێ وان ببهیزن لێ کەسێن کو ژ گەرێ دزڤرین ژی بەر کو تو تشت ب دەست نەختسبوون ب شەرم ل دۆرا خوە دنێهرین. سەرێ وان تەواندی، دهاتن ل بەر دیواران روونشتن.

ئێڤار پڕ نێزیک بوو بوو. رۆژێ تیرێژێن خوە یێن زەرەیێن داوییێ بەر شێنییێن گوند دشیاندن. خوەزا کراسێ خوە یێ رەشە تاری ب سەر خوە ڤە دکشاند. مریشک، عەلۆک بەر ب لیسێ خوە ڤە دچوون ل سەر سنجێن حەوشێ کو ژ قرشێن پەمبوویی هاتبوونە پێ ڤەدنشتن. شڤانان پەزێ خوە ئانیبوون، ل مالان بەلا کربوون. ژ نشکێ ڤە دەنگ، قێرین ژ حەوشا عەزیزۆ ڤە بەلا بوو. ڤێ جارێ نە ژ خەمگینی لێ ژ کێف و شاهیێ دگرین ژن، زارۆک، دێ، باڤ و هەموو خزمێن وی. دناڤ نیڤ تاریا ئێڤارێ دە وەکە مارەکی رەشی زراڤ حەرکیبوو حەوشێ عەزیزۆ. برایێ وی یێ بچووک، خوازیێ وی یێ مەزن و جیرانێ وی یێ کو مینا برێ خوە حەز ژێ دکر؛ د هەمان کاتێ بەرێ داماپچەیێن خوە هلدابوونە ژۆر و پێل تەتیکێ کربوون. ژن دلیلیاندن، ژن و زلامێن کال سپاسیێن خوە پێشکێشی خوە دێ دکرن.

هەتا عەزیزێ تۆز و هەڕیبا کو ب لاشێ وی دە گرتبوو شووشت؛ ئێدا وی یا روونشتنی ژ مرۆڤان تژە بوو بوو. ژ برچینا دەڤێ وی نەدگەرییا. زووکا خوارن ئانینە بەر زلامێن دجڤاتێ دە، هەر یەکی تشتەکی دگۆت لێ عەزیزۆ بێراوەست نانێ خوە د خوار. دەما کو تێر خوار، زلامەکی وەها دگۆت: «من ژ گاڤا پێشی ژ وە رە گۆتبوو کو عەزیزۆ مێرەکی ژێهاتییە و چاوا بێ دێ ب کێری خوە بێ» ل سەر ڤێ گۆتنێ عەزیزۆ چاڤێ خوە هندری وێ گەراند، ب هەلوەستەکە ب سەر بلندی گۆت: «ئەز خولامێ حازرا مە لێ وەلەهـ حازر ژی دزانن ئەز ژ وان چێترم».

# هەرکەس ئەو چیرۆکەی بە دڵ نییە، کەیفی خۆیەتی

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)



منیش بەهەر شێوەک بۆم بلوێ، هەڵدێم و خۆ دەرباز دەکەم، لە جەغزی ئەم وەرزە دێمە دەر، جا کەی دەتوانم و بۆم دەست دەدا ئێوە دەزانن. (ئێوە سەرجەم ئەو کەسانەن ڕقم لێتانە، هیچ کارم بە وانە نییە بەدرۆ ناچارم خۆشم بوێن.)

ناتوانم ئەوەندە هەڵسووڕێم دڵی هەمووان ڕاگرم. هەست بە دەست بەسەربوون دەکەم. پێش ئەوە بێمە ئەو دنیایەوە، بێ هیچ شک و دوو دڵییەک دەڵێم: زۆر لە ئێستا ئازادتر بووم. بۆیە وێدەچێ ئەو دنیام خۆشتر بووبێ. (هەڵبەت پێتان وانەبێ ئەگەر بڵێن ئەم وەڕەزییەم هۆیەکی هەر ئەو جیاوازییەیە لێتان تووڕە دەبم)

دەمهەوێ لەو جەغزە بێمە دەر، هیچ پێشم وانییە دنیا کاول دەبێ. هەردووکتان: {لەگەڵ ئێوەمە هەم تۆ کە بڕوات بە وتەکەم هەیە و هەم تۆش کە تیروشیرم لێدەسووی} بیر لەو قسەیەی من بکەنەوە:

«لەو هەموو ئەستێرانەی ئاسمان، وای دانێین یەکیان لەمەدار دەرچووبێ، چی دەبێ؟

ئەو سەرەکەی دەخوشێ و بە سەربەستییەکی تەواوەوە ئاوا دەبێ. ببورن سارد دەبێتەوە.»

ئەگەر بیرتان لێکردبێتەوە، بۆتان دەردەکەوێ کە دەبێ یەکتان ببنە هاوڕێم. هەر کامتان دێن، وەرن: سێ هەنگاو وەرە پێش. سێ جار بڵێ من باوەڕم هەیە بە ڕاستگۆیی تۆ، سێ جار بڵێ ئەشهەدوبیللا ئەو وێنەیەی دایکت زەرد زەردە. سێ جار بڵێ هەک لەو جەغزە... هەتا دەتوانی و هەرچی پێت خۆشە سێ جاری دووپات کەوە. من ئەوە دەست پێدەکەم؟

ئەوە ئاوێنەیە... ئەوە ئاوێنەیە... ئەوە ئاوێنەیە... بێ هیچ شک و دوو دڵییەک دەڵێم: کەس نازانێ باسی کام ئاوێنە دەکەم... بۆشم گرینگ نییە گاڵتەم پێدەکەن یان نا... هەر بۆیە پێم خۆشە لە سێ بەشدا بیناسێنم:

١- چاكم نايەتەوە زەين لە كەيەوە لەگەڵ ئەو ئاوێنەيە بەينمان خۆش كرد و هەندێ شتی ناپێويستی تريش.
٢- ڕەنگە دوای لە دايک بوونم پێوەنديم لەگەڵ بەستبێ -هەرواش ماقووڵانە ترە-...
*تێبينی: هەركەس بە هەر هۆيەک، ئەو خاڵەی بە دڵ نييە، سێ جار بڵێ ئەشهەدوبيللا وا نييە.
٣- من يەكەمين دانيشتووی ئەو ئاوێنەيەم.

- پێوەندی من و ئەو ئاوێنەيە -بەرلەوەی باسی ئەوە بكەم كە لە دەستە ڕاستی وەتاغەكەم هەڵواسراوە- زۆر پتەو بوو. لێرەدا پێويستە ئەوەش بگوترێ كە پێوەندی من و ئاوێنەكەم، نە گرفتی بۆ كەس بووە و نە بۆ وەش دەبێ كەس باری پێوە هەڵگرێ. تەنيا بۆ ئاگاداری ئەو كەسەی -لەگەڵ تۆمە كە وتەی سەرەتات بە دڵ بوو- هاوڕێيە، ڕيوايەتی دەكەمەوە. ئەگينا كاروباری بنەماڵەی خۆم دەتوانم ڕاپەڕێنم.

ئەگەر دەتەوێ ڕاستی بەشی يەكەمی پێناسەی ئاوێنەكەت بۆ دەركەوێ گوێ بدە ئەو خەونە. دەنا هەر لێرەڕا چيرۆكەكە كۆتايی پێ بێنە.

**«خەونێک»**

«لە ڕۆژێكی وەک ئەمڕۆدا. پياوێكی وەک من، بێ خەياڵی ئەوەی چيرۆكەكەی چۆن درێژە بدا، لە ديوەكەی خۆيدا جگەرەيەكی داگيرساند. نە پەشۆكابوو، نە دڵی خۆش بوو. تەنيا بيری لەوە دەكردەوە، هەستێ و سێ جار وێنەی خۆشەويستەكەی ماچ كا. -ئەگەر پێمان وابێ ئەو كابرايە بەو تايبەتمەندييانەوە ناتوانێ خۆشەويستی هەبێ... بێ ئينسافيمان كردووە- هەر ئەو پياوە هەستا و ڕووبەڕووی ئاوێنە باڵا نوێنەكەی ڕاوەستا، دەيزانی خەون دەبينێ.. بەڵام دڵنيام نەمدەزانی خەونەكەم بۆ تەعبير نابێ... نەشدەترسام... يانی نيازی ئەوەت نەبوو بڵێی بەغيرەتم... بەڵام پێويستيشی نەدەكرد لە خۆڕا وەدڵەكوتە بكەوم بێ هيچ شک و دوو دڵييەک دەڵێم: ئێستا زۆركەس پێيان سەيرە ئاوا باسی ئاوێنەيەک دەكرێ.»

ئەگەر بمەوێ باسی چۆنيەتی ئاشناييم لەگەڵ ئەو ئاوێنەيە بكەم، دەبێ سێ جار ڕووداوەكانی ئەو ئێوارەيە وەبير بێنمەوە. ئيتر گرينگ نييە ئەو ئێوارەيە كە من لە هۆدەكەم هاتوومە دەرێ باران باريوە. من لە حەوشەكەماندا ون بووم. دواتر باسی لەتكە پەڕۆيەكم كردووە، باسی هەتاوێک و ئەو گوڵە گەنمانەی ڕەنگە لە پەڕۆيەكدا كەروێشكە بكەن و بەو زووانەش نەتوانم بيان دروومەوە. ئيتر گرينگ نييە من بە ژێر سێبەری هەناسەكانمدا ڕابوردووم. هەناسەم دەورووبەری تەنيوەتەوە. شەپۆلی تاريكی بە سەرمدا وێران بووە، من هەرەسم نەهێناوە، خۆم ڕاگرتووە، نامۆ بووم و نامۆييم كردووە و نامۆيی دەكەم... {تاريكی بە سەرمدا وێران دەبێ... دەبێ... دەبێتەوە.} من بەرەو ژوور ڕادەكەمەوە. دەستم لە تاريكيدا بەجێ دەمێنێ و ڕەنگە زۆر شتی تريش كە هەر پێويست نەكا بيريان لێبكەمەوە، تا نەشچوومەتە بەر ئاوێنەكەی دەستەڕاستی ديواری ژوورەكەی ماڵەكەمەوە هەر نەشمزانيوە... نەمزانيوە دەستم لە تاريكيدا... پاشان من ئەو ئێوارەيەی چوومە دەرێ و بۆ يەكەم جار پێم نا حەسارێوە و هەناسەم هەڵكێشا و بۆنی ژيانم كرد. با لاواندميوە. من خەريک بوو بخنكێم و نەدەخنكام و ناخنكێم و (بۆنی پەپوولە دێ) و زۆر شتی تريش كە گرينگ نين و پێوەندييەكی ئەوتۆيان بە چيرۆكەكەی منەوە نييە و (بۆنی پەپوولە دێ). ناشمەوێ بڵێم هەرچی كە پێوەندی بە چيرۆكەكەمەوە نەبێ هەر نانووسم و بيری لێناكەمەوە، (بۆنی پەپوولە هات) ئەو ئێوارەيەی بۆ يەكەمين جار لە ژيانی خۆمدا چوومە حەساری ماڵەكەمانەوە، (بۆنی پەپوولە دەهات) ڕەنگە بە ئێوەش ڕەبتی نەبێ كە بۆ چووم. ئەگەر چووم چۆن لەنێوان سێ شتدا، يەكيانم هەڵبژارد؟ بۆچی ئەو شتە هەڵبژاردەيەشم بە وێرانی بەجێ هێشت و وێرانی چييە؟ و لەو بابەتانەی پياو مەجبوور دەبێ لە داستانێكی ئاوادا وەڵاميان داتەوە. من ئەگەر پياو بم پێش ئەوەی بۆ جاری دووهەم ئاشنايی خۆم و ئاوێنەكە بگێڕمەوە، دەبێ ئەو وەڵامانە لە سێ بەشدا، پێشكەش دووتاقم لە خوێنەرانی خۆشەويست بكەم:

ڕاستييەكەی ئەوەيە كە خوێنەر دوو دەستەن. ئەوەش هەر نەقڵەكەی كۆنديرايە و ڕەنگە كاری بە ئەزموونی هيچ شتێكەوە نەبێ. ئەو هەرچی پێی خۆش بێ و پێی خۆشە گوتوويەتی. دەيجا خۆ هەمووشمان دەزانين كۆنديرا هەرگيز ئاوێنەكەی منی نەناسيوە و قەتيش لە هيچ كوێ ئەوەی نەنووسيوە و ئەو شكەی بۆ كەس نەهێشتۆتەوە.

بەڵام ئەمن پێويستە بڵێم هەر ئەو ئێوارەيەی چوومە حەسارێ، بێ ئەوەی باسی ئەو شتانە بكەم پێوەندييان بە ئەسڵی ماجەراكەوەيە، سێ شتم چاو پێكەوت. لەنێو ئەوانەشدا من قەت نامەوێ باسی ئەو دووانەيان بێنمە گۆڕێ كە زۆر گرينگ نەبوون. تەنيا دەڵێم باران بارين شتێكی زۆر سەير نييەو تاريكيش هەموو كەس بە چاوی

خۆی دیوبەتی. دەمێنێتەوە ئەو فریشتەیەی- ئەگەر جارێک سلاوی منی لێڵ نەکردبا- ئیتر بۆ تاریکی بەسەرمدا وێران دەبوو؟ فریشتەیەک چڵێک تاریکی بە لێوەوە، کراسێکی سووری، زەردی، مەیلەوسەوزی لەبەردا بوو، قەت ناتوانم بە یەقینەوە بڵێم هەتاوێک بە تەختی سینگییەوە دەدرەوشاوە یان نا... بەڵام لەنێو کەروێشکەی کراسەکەیدا زەردایییەک دەبینرا. من عاشقی بووم و ئەویش... ئیتر نازانم بۆ چڵێکی تاریکی بەخشییە سینگم؟ من ئەگەر ئاوا هەرەسم نەهێنابا، ئەویش ون نەدەبوو. دواتر دەرفەتێکم دەبوو بگەڕێمەوە سەرێ. نەمبوو. سەرەنجام هەلاتمەوە ژووری. تەماشام کرد دڵم لە تاریکیدا بەجێ ماوە. ئیتر ئەوەی ئایا من باسی ئەوە بکەم کە چم بەسەرهات و چۆنم وەبیرهاتەوە، ڕەنگە سەرنج ڕاکێش نەبێ و هەر نایڵێم و بەو شێوەیە درێژە بە داستانەکەم دەدەم کە:

: هەر ئەو ئێوارەیەی من بۆ یەکەم جار چوومە حەساری ماڵە پڕ تاریکییەکەی قەراغ شارەکەی خۆمانەوە، کتوپڕ چاوم بە دایکم نەکەوت. نەمزانی ئەو هەموو پەپوولە سپییە بە دەورییەوە کۆوە بوون و ئەو نە بزەی دێتێ و نە ورتەی لێوە دێ. دواتر باسی ئەوە دەکەم ئەگەرچی پێوەندی بە ئێوەوە نییە. هەر ئەو پەپوولانە سەراپای دایکمیان لەژێر باڵەفڕەی بەردەوامیاندا حەشاردابوو. باسی ئەوەش ناکرێ کە چۆن تاریکی بەسەریدا وێران بووە و زۆر شتی تریش کە هەر پێویست بە کوتن ناکا.

هەر لەگەڵ ئەو وێرانیەی دایکم و پەپوولەکان بە هەڵەداوان گەڕامەوە وەتاغەکەم دوای ئەوەش بوو دیتم لە ئاوێنەی وەتاغەکەی خۆمدا من پیاوێکی سەیرم و یەکێ لە چاوەکانم لە تاریکیدا لێ بەجێ ماوە... بەم شێوەیە بوو کە بڕیارم داوە ئەگەر لازم نەبێ ڕازی نیم باسی ئەو ئێوارەیە بکەم کە چوومە حەسارێ و باسیشم نەکرد و تەنیا بۆنی پەپوولە دێت.

ئێوە بۆخۆتان سەرپشک بن. ئێوە مەبەستم تۆیە کە لە سەرەتاوە تیروشیرت لێ سووم و ئێستاش بە شوێنمدا هاتووی. ئەوەی بۆت گرینگە باسی میلان کۆندێرا و پێوەندی بەو ئاوێنەیەوەیە کەمن باسم کرد. تۆ هەمیشە بە شوێن ئەوەدای سەرەندەر لەوە بکەی کە من دوای لەدایک بوون پێوەندیم لەگەڵ ئەو ئاوێنەیە بوو یان بەر لەوە یارییەکی دیکە هەیە من لێییەوە قوتاربم. تۆ قەت ناڵێی ئەشهەدوبیللا وانییە... کە من بەر لە دایک بوونم لەگەڵ ئاوێنەیەک ناسیاویم بووبێ... بەڵام پیاوانە دانت بەوە داناوە کە لەمێژە شایەدی ئەو ماجەرا و شێواویانەی من هەی. ئەوەش جێی شادمانی هەموو چیرۆکنووسانی جیهانە و پێوەندی بە زۆر چیرۆکەوە هەیە. کارێکی ئاوا پیاوانەش ئەشهەدوبیللا هەر لە تۆ دەوەشێتەوە. ئەگەر بتەوێ لەسەر ئەو کارەت سووربی ڕەنگە لە ماڵێکی سەوزدا بەو هەموو گەنمەلان و گوڵە خاشخاشوکەیەوە هەتاوت بە ڕوودا بشنێتەوە. بەلام ئەوە مایەی نیگەرانی کەسی یەکەمی چیرۆکەکەی من دەبێ. لە یەکەم دەرفەتدا هەوڵ دەدەم ئەوەی بۆ شی کەمەوە، با ئیتر ئەویش نەبێتە دوژمنی سەری تۆ و تۆش لەو بەرە جووت و ماڵە گەورەیە، ئەشهەدوبیللا دەبێ بەشێکی بدەیەی. منیش بێ ئەوەی باسی بەشە ماڵ بکەم، بەو شێوەیە درێژە بە چیرۆکەکەم دەدەم کە:

لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، دوو پیاو، یان دوو ژن - مەبەست چەندایەتییە، چۆنایەتی گرنگ نییە- لەسەر ئەوەی ببنە هاوڕێی چیرۆکنووسێک و کامیان لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەگەڵی بڕۆن، قسەیان لێک هەڵبەزییەوە. ڕەنگە ئەو دوو کەسە، ڕاست ئەو دووانە تەبا و ناتەبایە بن کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ من هاتن. لەو دوو کەسایەتییە، یەکیان بە هیچ چەشنێ پێمل نابێ کە ئەو ئاوێنەیەی من پێوەندی بە کۆندێراوە نەبێ. هەموو جارێکیش دوای دەمەقاڵەیەکی کورت بەوی دیکە دەڵێ: «جنێو مەدە... ئەشهەدو... ئەشهەدو... ئەشهەدوبیللا ئەو ئاوێنەیە هەر ئاوێنەکەی کۆندێرایە.

من وەک چیرۆک نووسێک ئەم کەسایەتییە جەسوور و تووڕەیەم نێو دەنێم (X). (Y) یش با ناوی ئەو کەسە ماقووڵ و لەسەرخۆیە بێ کە بەردەوام ئاماژە دەکا بۆ شێوەردێک و قا.. قا.. پێدەکەنێ. داوای ئەوە دەکا کەسێک پێی بسەلمێنێ کە چۆن دەکرێ ئاوێنەیەک گرفتێکی ئاوا جیهانی سازکردبێ؟ کەی وەرزی درۆینەیە؟ هەتاوی گەلاوێژ زۆر بەتینە و ئەوانەی تاقەتی ئەو گەرما بەتینەیان نییە، دەبێ دەست بەرداری درۆێنە بن و لەو قسە و باسانە. دواتر ئەوینە گاڵتەکانی کابرایەکی نامۆی بۆ قووت ناچێ. دەڵێ: عەشقیش هەر عەشقی سەرکانی و پەناو پاسار بوو. کورت و کرمانجی ئەوەیە کە نە تەنیا نایهەوێ «X»ببوغزێنێ، بەڵکو پێی وایە تەلەفۆن کاری عەشقی کۆتا کردووە.

«X» هەڵدەچێ سێ جار بە هەموو دەمای خۆی دەڵێ: «ئەشهەدوبیللا وانییە». «X» نەترسە، ئەو ئەگەر ئەو گومانە تەنکەی ڕەوییا، ڕەنگە بووبا بە نووسەر. «X» پێی وایە ڕۆژێک بەر لەوەی بلووغ بووبێم چەند گۆڕان لەمندا سەریان هەڵداوە. ڕازیش نییە و نەشی ویستووە

هەروا ساکار ئەم باسە بە دەستەوە بدا.«X» ئەو شتانەی لە زەینیدا گەڵاڵە کردووە بۆ نووسینی کتێبێک لەسەر ژیاننامەی چیرۆک نووسێک. کتێبێک بەناوی «چیرۆکنووس بە چڵێک تاریکییەوە»:

..... لە سەرەتای ئەم فەسڵەدا نامەوێ باسی ئەوە بکەم کۆندێرا بۆچی پێی وابووە نابێ ژیاننامەی چیرۆکنووسان بنووسرێتەوە. بەڵام جەنابی ئاغای «R» پێویستە ژیاننامەکەی ڕوون بێتەوە و تەنانەت لەو فەسڵەدا ئێوەی ئازیز چاوتان لە سات و سەودای ئەو و ئاوێنەیەک بێ:

..... ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆی هەینییە. «R» ساتەهایە لەوەتاغی ماڵەکەی خۆیان نەهاتۆتە دەرێ. «R» سەرشێتە. هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە چۆن دەتوانێ لە جەغزی ئەو وەرزەی تێیدا گیری کردووە، بێتە دەرێ. خەریکی نووسینەوەی شتە. زوو زووش چاو لە ئاوێنەکەی دەکا. دایکی«R» وێنەکەی زەرد زەردە. دایکی «R» ژنێکی ئوفتادە و پیرە مەگەر بە هەڵکەوت دەنا چاویان پێک ناکەوێ....

ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆی هەینییە «R» ساڵەهایە لە وەتاغەکەیدا ئەسیرە، زۆریشی فکر لەوە کردۆتەوە کە ڕەنگە ڕێگایەک هەبێ ئەو لێیەوە دەرچێ. زۆری بیر لەوە کردۆتەوە ئەگەر نەقاش بوایە هەمیشە وێنەی نێو کتێبەکانی دەگۆڕی و هەموویانی دەکردە مەزراکەی باوکی باوکی. هەر گەنم و هەتاو و کەردوویەک سەوزی و کەردوویەک بەیبوونە و گوڵە خاشخاشوکە. کەوایە دەرکەوتووە «R» هۆگرییەکی زۆری بە نەقاشی هەیە و هەر ئەمانیش لەسەر ئاوێنەکەی دەکێشێتەوە...

ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆی هەینییە و «R» ساڵەهای ساڵە لە پەنای کتێبەکانی هەڵکورماوە. بیری دایکی کردووە. هەڵدەستێ دەچێتە بەر دەرکی وەتاغەکەی. دەچێتە هاڵەکەوە. دڵەکوتەی دڵی وەک گوڕی بەردەوامی مەشکە بەرز دەبێتەوە. لە دەرکی دیوەکەی دایکی دەدا و سەلامون عەلەیکوم:»

ئەگەر ئەوە وەک یەکەم گۆڕانی ئەو دەستنیشان بکەین، دەبێ گوێش ڕادێرین بۆ و گوتانەی ئەو بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو مەبەستە...: گوێیان ڕاداشتبوو، هەم «X» و هەم «Y». ئەو پاش نیوەڕۆیە و لە وەتاغەکەی دایکمدا من هەستم کرد ئیدی دڵم وەک جاران نەما. هەموو گیانم خەریک بوو وەسەر ئاو کەوێ. کچێکی جوان -ببوورن فریشتەیەک- لە پەنای دایکمەوە دانیشتبوو. {بۆنی پەپوولە دەهات}. ئەوە یەکەم کەسێک بوو دوای چەندین و چەند ساڵ دیتبووم سنووری ماڵی ئێمەی بڕیبێ. نازانم چۆن و بە کام مەبەست! چاوم لە چاوی گرێ دا، گەرمایەک لە هەموو گیانم گەڕا. لاڵ بووم. دایکم گوتی: «ئەوە چۆن بوو ڕۆڵە... ئەگەر ئێمە نەباین تۆ لە برسان ... نازانی چەندت بیر... ئەو کچە -ببوورن- وەها چوو بووە ناخمەوە بەعەرزییەوەی دووریبوم. ڕووم وەرگێڕا و چوومە ماڵەکە، وەخۆ هاتمەوە {بۆنی پەپولە نەدەهات} ئەگەر بڵێم وەرزێکی ڕەبەق لە هاڵەکە دانیشتم و چاوەڕوان مامەوە کەمم گوتووە. ڕوانیمە ئاوێنە باڵا بەرزەکەی دیواری هاڵەکە. بارانێکی سەیر.. وەک گۆزەی سەراوێژ، لە ئاوێنەکەدا دەباری... لەپڕ دەرکی وەتاغی دایکم کراوە(بۆنی پەپوولە هات) فریشتەکە تێپەڕی. چووە حەسارەوە.... دواتر .....: ئەوە من بووم دەمەو ئێوارەی ڕۆژی هەینی بۆ یەکەم جار ڕووم کردە وڵاتێک کە سەرانسەر هەر وێرانی و تاریکی بوو. ئەو هەموو پەپوولەیەی ورووکابوونە حەسارێوە. دەنگی باڵییان و خوڕەی بارانی نێو ئاوێنەکە کاسیان کردبووم. وەی لەو گۆڕانە تازەیە! من بۆ یەکەم جار سنووری ئەو دیوانەم بڕی و جوامێرانە هاتمە حەسارەوە. ئەو پەپوولانە وایان تەرمەکەی دایکم داپۆشیبوو قەڵسیان کردم و گەڕامەوە. ئەو هەموو میراتەی لە تاریکیدا و... ئەو گۆڕانەی بەسەر «R» هاتووە بۆ چاوپۆشی نابێ. هەر لەبەر ئەوەشە دنیای خۆی کردۆتە دووبەش و بەردەوام وەبیر خۆی دێنێتەوە: ڕۆژێک بەر لە بەسەرهاتنی دایکی و پەپوولەکان و ڕۆژێک دوای ئەو بەسەرهاتە.. دنیا چی لێهاتووە و...

ڕەنگە زۆرکەس ئەو پرسەیان بۆ بێتە پێش کە ڕۆڵی ئاغایا خانمی «Y» وەک یەکێ لە سەرەکیترین کەسایەتییەکانی ئەو چیرۆکە لێرەدا چییە، ئەوانەی پێیان وایە ئەویش دەبێ ڕۆڵێکی گێڕابێ دەبێ لەو شتانە بکۆڵنەوە کە پێوەندی بە نارەزایەتی ئەوەوە هەیە.

«Y» بە تەواوی پێمل بووە کە ڕەنگە کۆندێرا هیچ ناسیاوێکی لەگەڵ ئاوێنەکەی من نەبێ. ئەوەش بەسەرکەوتنێکی گەورە دەزانێ:

:ئەوینی «R» بە سەرەتای بلووغ بوونی ئەو دەناسم. ئەو ئەوینە، ئەوینێکی گاڵتەجاڕانە نییە و سنوورێکی گەورەیە لە مابەین دوو بەش لە تەمەنی کەسێکدا. «R» ئیتر ناچێتەوە حەسارێ و ئەو شتانەی لە تاریکیدا بەجێی هێشتوون لەبیر دەباتەوە. لەبیری ئەوەشدا هەیە خۆی لەو جەغزە دەرباز کا. جا کەی دەتوانێ و بۆی دەست دەدا، بۆخۆی دەزانێ. تەنیا شتێک کە ئەو


بابەتەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ناسینی بەشی سێیەمی ئاوێنەکەیەتی و ئەوەی کە چۆن بتوانێ بە هەمووان بسەلمێنێ یەکەمین نیشتەجێی ئەوێیە...:

:یەکەمین نیشتەجێی ئەو ئاوێنەیە منم. من لەمێژە عەرزم کردوون، ئێوە هەردووکتانم مەبەستە -سێ جار بڵێین ئەشهەدوبیللا تەواوی وێنەکانی دایکت زەردە... سێ جار بڵێین «وای لەو جەغزەی چیرۆکنووسێک لەودا چڵێکی تاریکی بە سینگەوەناوە و... سێ جار... سێ جار... سێ جار... سەر لە نوێ ئەو بەسەرهاتە دەنووسمەوە «ئەگەر ئەستێرەیەک لە مەدار دەرچێ، چی لێنایە، تەنیا بە سەربەستییەکی تەواوەوە ئاوا دەبێ – ببوورن– سارد دەبێتەوە. ئێستا من بە چڵێک تاریکییەوە فریشتەکە و تەرمێکی بە پەپوولە داپۆشراو دەبینم. لە ئاوێنەکەمدا... پەپوولە... ملیۆنان پەپوولە... ملیۆنان پەپوولەی سپی... ملیۆنان پەپوولەی سپی لەسەر تەرمەکەی دایکم هەڵنیشتوون، فریشتەکە لەچکەیەکی سەوز لەسەردا، باڵای بەرزتر بۆتەوە، هێندە بەرز کە سەراپای ئاوێنەکەی گرتووە، لە داوێنی ئاوێنەکەش ئەو هەموو سوورایییە... دیسان وەبیرتان دێنمەوە، من بلووغ بووم. پیاوێک کە بلووغ بووبێ با چڵێکی تاریکیش لە چاو ڕۆچووبێ، دەتوانێ لە بەرابەر ئاوێنەیەکدا ڕاوەستێ. بەو شێوەیە:

سەراپای ئاوێنەکە (–بۆن دێ... بۆنێکی سەیر–) بە هەناسە دەنەخشێنم، هەموو پەپوولەکان بە دەموچاوم وەردەبن. پەپوولە... میلیۆنان پەپوولە... میلیۆنان پەپوولەی سپی... ملیۆنان پەپوولەی سپی باڵیان لە دەموچاوم دەدەن. چاو دەبڕمە نێو چاوەکانی فریشتەکە، تا ماوەیەکی زۆر وردە وردە سووک دەبم –پێم لە عەرزی دەبڕێ و... و پێی لە عەرزی بڕا {ئەوە ئێمەین} پێی لە عەرزی بڕا {«X» و «Y»ی ئەو بەسەرهاتە} پێ لە عەرزی بڕا {دووانەی تاریکی} پێی لە عەرزی بڕا و ڕۆچووە ناخی ئاوێنەکەوە.. لە چاوان ون بوو... تواوە ... و پاشان ئاوێنەکەمان دیت هەر بارانی تێدا دەباری و چی تر .... دەنگێک سێ جار... سێ جار دەنگێک دەڵێ: ببینین و دەیبینین و هیچ نابینین و وێکڕا دەڵێین: ئەشهەدو ... ئەشهەدو... ئەشهەدوبیللا ببیتەوە جەغزێک لەو ئاوێنەیەدا...

# شەقامی دارپەڵکەکان

**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**



هێندەی نەمابوو زەردە بپەڕێت، ئێوارەیەکی دڵنشین بوو، لە جگەرەکڕین دەگەڕامەوە کە تووشی بووم. زۆر ڕۆژان لەسەر پێچی ئەم شەقامە دەیبینم. هەر دەڵێی لەم سەر پێچە لە دایک بووە، شایەدیش ڕۆژێک هەر لێرەدا هەناسەی دوایی بدات.

نازانم بۆ هەر کاتێک دەمبینێ، ئەوەی ساڵێکە لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە، هەڵیدەڕێژێ، بێ ئەوەی سەرنجێک بداتە من. هەر دەڵێی وڕێنە دەکا، دواتریش کپ دەبێ و بەجێم دێڵێ. تۆ بڵێی من بە بەشێک لە خۆی نەزانێ؟! یان وابزانێ من سێبەرەکەی ئەوم؟! ئاخر زۆر جار ئینسان کە کەسی دەست ناکەوێ، بیر لەوە دەکاتەوە کە بۆ سێبەرەکەی خۆی بدوێ. ئەمەم لە شوێنێکدا خوێندۆتەوە، بەڵام هیچ پێوەندییەکی بە ئەوەوە نییە.

ئەم شتانەم زۆر جار لە خۆم پرسیون و بیرم لێ کردوونەوە. هەروەها زۆر پرسیاری تریش کە جاری وایە لێم دەبنە گرێ و بۆم ناکرێنەوە. ئاخر هەندێک شت هەن کە هەر وەڵامێکیان بۆ پەیدا نابێت و ئیتر ئینسان دەبێ لە دەروونی خۆیدا زیندە بەگۆڕیان بکات، بەڵام من ناتوانم خۆیان لێ نەبان بکەم. دەیان جار بڕیارم داوە کە چیتر بیریان لێ نەکەمەوە، بەڵام هەر ئەو شەوە، کاتێک سەر دەکەمە سەر سەرین، دیسان چەکەرە دەکەن و هەڵدەدەنەوە. لەبەرچاوم ڕیزە دەبەستن و دواتریش تێم وەردێن، ختووکەم دەدەن، وەڕەزم دەکەن و دواجاریش خەوم لێ دەزڕێنن. دەیان شەو تا بەیانی وەنەوزێکم نەداوە... ئەوەی ڕاست بێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بە من نادرێنەوە.

یەکەم جاریش هەر لێرەدا بوو لەگەڵی ئاشنا بووم، داوای جگەرەیەکی کرد و منیش بۆم داگیرساند.

ئەو ئێوارەیەش لەگەڵمدا ڕێکەوت و بە شەقامەکەدا

شۆڕ بووینەوە. کە لەگەڵیدا ڕێ دەکەوم، من هیچم بۆ ناگوترێ. وا هەست دەکەم هێزێکی تێدایە کە ناهێڵێ بۆی بدوێم. زمانم لە گۆ دەکەوێت و ئیتر تەنیا گوێ شل دەکەم. شایەد من بۆ گوێ دان بە ئەو دروست کرابم. نازانم، گوتم وەڵامی ئەم پرسیارانە بە من نادرێنەوە.

ئەم جگەرە کرینە نەفرەتییەش بۆتە بەڵایەک بۆ من و بیانوویەک بۆ ئەو. زۆر جاران هەر لەم ترسانە لە ژوور نایەمەدەر و ئیتر شەو بێ دووکەڵ دەیکەم بە ڕۆژ، بەڵام خراپتر...! سوکناییم لێ هەڵدەگیرێ و لە ژوورەکەمدا دێم و دەچم، وەک کەسێکی شت لێ ون بوو... ئاخر شەوانی بێ سیگار وەک شەوی قوتبی باکوور بێ برانەوەیە... هەر لەم ترسانەیە کە ئینسان ماندوو دەبێت لە پیاسەکردن، شەکەت دەبێت لە ئێوارە گەشتی بێ هۆ...

بە شەقامەکەدا چووینە خوار بێ ئەوەی فزەیەکم لێ بێت. بیرم لە بیانوویەک دەکردەوە کە خۆمی لێ دەرباز بکەم. ئەویش ناوبەناو سەیری دارەبەرزە ڕووتاوەکانی ڕیزبەستووی کەناو شەقامەکەی دەکرد. من هەرچی سەرنجی دارەکانم دەدا هەر ئەوانەی جاران بوون تەنیا ئەوە کە هەندێک ڕووتابوونەوە. بەڕاست داری ڕووتاوەش دیمەنی خۆی هەیە. بە قەولی شاعیرێکی خۆماڵی: لە ئافرەتانی ڕووت دەچن. ئەم وێکچوونە ڕازێکی پاییزییە، تا ئێستاش کەس نەیزانیوە چ دەستێک ئاوا دایاندەماڵێ.

بەڕاست هەندێک شت هەن نابیندرێن، نابیسترێن، بەڵام هەست پێ دەکرێن. من خۆم هەموو پاییزێک دەستی ڕووتاندنەوەی ئەم دارانە هەست پێ دەکەم. تۆ بڵێی ئەم گەڵایانە چ گوناهێکی ئەزەلییان کردبێ کە ئاوا پەرتەوازە ژێر قاچی من و ئەو و شەقامەکانی تر دەبن؟! بۆ ئافرەت، هەمیشە دەستی پیاوێک لە کاردایە. تا ئێستاش کەس نەیدیوە ئافرەتێک خۆی خۆی ڕووت بکاتەوە. بەڵام دەستی ڕووتاندنەوەی ئەم درەختانە نادیارە. گوتم تا ئێستاش کەس سەری لەم ڕازە پاییزییە دەرنەهێناوە و هەر ئاواش سەربەمۆر دەمێنێتەوە. ئەمە هەر لەو شتانەیە کە وەڵامێکیان بۆ نادۆزرێتەوە!

لەسەرپێچی خوارووی شەقامەکە، لە نزیک باخەکەوە، دارێکی بەرزی لێیە. من نازانم ناوی چییە.

دارێکی قەد ئەستووری سەر لە ئاسمان گرتوو. لەوە دەچێ هەزاران ساڵ عومری بێ، بەقەد تەمەنی تەواوی خەڵکی ئەم شارە. من لام وایە یادەوەری ئەم شارەیە. ڕەنگ بێ بیرەوەری تەواوی خەڵکانی لەلا بێت.

هەمووی لە خۆیدا هەڵگرتبێ، بێ ئەوەی بۆ کەسیان بدرکێنێ. کەس نازانێ چەند هەزار جگەرەی لەژێردا بە دووکەڵ کراوە، چەند چرپەی بە گوێدا چرپاوە و چەند نووکە چەقۆی وێکەوتووە؟!... خۆزگە بمتوانیبایە لەمانە تێبگەم... من ڕۆژێک حەسرەتی ئەم وەڵامانە دەمکوژێ.

کە گەیشتینە ڕاستی دارەکە، هەنگاوەکانی گرتەوە. جۆرێک دەیڕوانی وەک ئەوەی تا ئێستا بوونی ئەو دارەی هەست پێ نەکردبێ. سەیر نییە! دەکرێ ئینسان ساڵانێکی زۆر لەلای شتێکەوە تێپەڕ ببێت بەڵام سەرنج نەداتە وردەکارییەکانی، نهێنییەکانی، یان هەر بەرچاوی نەیەت. من خۆم شایەد زۆر شت لەم شەقامەدا هەبێت و تا ئێستا هەر بەرچاوم نەهاتبێ. لەهەر حاڵدا ئەمە دەکرێ شتێکی ئاسایی بێ وەک سەدان شتی تر کە قەت بیریان لێ ناکەینەوە. نازانم بۆچوونی خەڵکانی تر لەم بارەوە چییە؟!

کە گەیشتینە ژێر دارەکە سەرێکی هەڵبڕی و تا ئاسمان بۆی ڕوانی و پاشان لە قەدی دارەکە ورد بۆوە.

زانیم کاتی ئەوەیە کە دەیهەوێ شتێک بڵێ. ئەو هەمیشە سەرەتا لە ڕابردوو و بیرەوەرییەکانییەوە دەست پێ دەکات. من نازانم ئەو بیرەوەرییانەی ئەو چین کە ئاوا کەڵکەڵەی دەدەن. دەڵێی گەنجێکی لە مێژینەیە کە قەت ناتوانێ بیشارێتەوە. پشتی بە قەدی دارەکەوە داو چاوەکانی تەنگ کردەوە: لە سەرتوولی دارەکانی باخەکەی دەڕوانی و لە بەژنی کورتی ئاسمانی ژێر هەورەکانی سەر ئاسۆی ئێوارەی پایز و لەو لم و لێلانەی کە دیار بوون و نادیار دەهاتنە بەرچاو.

منیش هەروا لە بەرامبەریدا وێستابووم و مات تێم دەڕوانی. نازانم، شایەد منیش بۆ شتێکی نادیار لە ئەودا دەگەڕام.

پشت بەقەدی دارەکەوە دەستی پێکرد:

ئەو سەردەمانە شەقامێکی چۆڵ هەبوو، لە هەر دوو لایەوە تا چاو ڕێی دەکرد دارەکان ڕیزیان بەستبوو. کە لەم سەرەوە دەتڕوانی، نیگات لە لم و لێڵی کۆتایی جادەکەدا ون دەبوو و ئیتر لە چڕیی دارەکان قەت نەدەدۆزرایەوە.

هەر بۆیەش لام وابوو ئەگەر ملی ئەو جادەیە بگریت، قەت کۆتایی نایەت... هەر دارێکیان لە پاسەوانێکی ئەو جادەیە دەچوو کە لە کەسانی وەک من ورد ببنەوە.

من هەستم بە هەستی دارەکان دەکرد. پێم سەیر نەبوو ئەگەر ڕۆژێک دانەیەکیان لێم بێتە گۆ، یان لەوسەری جادەکەدا دارێک بۆم شۆڕ بێتەوەو گوێ بنێت بەو چریکانەی کە لەناو سەرمدا دێن و دەچن و بوونیان نییە.

ڕۆژێکیان لەلای دارپەڵکەکانەوە کە تێپەڕ دەبووم، زایەڵەیەکی خەمگینم بەرگوێ کەوت. وەی کە ئەو ئاوازە خەمگینانە بۆ کوێت دەبەن! بە یەکجار هەستم کرد بەناو بۆشاییەکی بێ پایاندا شۆڕ بوومەوە و ئیتر بە هیچ شتێک ناگیرسێمەوە. ئەگەر لەو کاتەدا لەسەر هەڵدێرێک بوومایە، بێ گومان هەر بە سەرەوە خۆم هەڵدەدا و ئیتر بیرم لەوە نەدەکردەوە کە بیرەوەری سەر قەدی دار پەڵکەکان کەی پیر دەبن یان کەی لە بیر دەچنەوە؟! ئەو بیرەوەریانەی کە زەمانێک، شوێنێکی ترم بۆ نەدەدۆزرایەوە تێیاندا تۆمار بکەم- ئەو سەردەمە، کە کسپەیەکم لەسەر قەدی دارپەڵکێک هەڵدەکەند، چریکەیەک لە دەروونی من و لە ڕۆحی دارپەڵکەکەوە هەڵدەستا- من ئێستاش هەر چرکەکانم لەسەر پاکەتی جگەرەیەک یان سینگی دیوارێک یان لە قەدی دارپەڵکێکدا قەتیس دەکەم... یان لەو کاتەدا ئەگەر گوللەیەکم لە بەردەستدا بووایە، دەمنا بە کونی گوێچکەمەوە تا چیتر زەمزەمەی بیرەوەرییەکانم نەبیستمەوە، بەڵام هەروا بەردەوام ئەو زایەڵە خەمگینە نەفرەتییە پتر خۆی بەناو قووڵاییەکانمدا دەکرد و پتر بەو بۆشاییە سامناکەدا شۆڕی دەکردمەوە... ئەوەتا لەبیرمە گوێم لە ناڵەیەکی شێدار بووە کە هەر دەڵێی لە بنی گۆمێکی قووڵەوە دێتەدەرێ.. ئینسان لەو کاتانەدا- من باوەڕم بە خودا نییە- ئەگەر نا دەمگوت لەو کاتانەدا لە خوداش بێ بەزەییترە، چونکە ڕەحم بە خۆبشی ناکات. وادەزانی بۆ خۆت بەشێکی لەو بۆشاییە و لەگەڵ چرکەکانی زەمەندا بەکێش دەکرێی بێ ئەوەی بزانی لە کوێ دەگیرسێیتەوە.

من هەمیشە کە ئەم بیرۆکانە زۆرم بۆ دێن، بۆ وێنە دەچم گوڵێکی بچووک دەخەمە ناو پاکەتێکەوە و بۆ کەسێکی ڕەوانە دەکەم یان دەچم چرکەیەک لەسەر قەدی دارپەڵکێک هەڵدەکەنم یان کۆپلەیەک لە دیمەنی کەسێ دەخەمە سەر سینگی کاغەزێک یان بە دووکەڵکردنی حەسرەتێ یان هەڵتووتان و کزدامان لە سووچێکدا یان نازانم... شایەدیش ڕۆژێک بێت کە ئیتر شتێک نەدۆزمەوە خۆمی پێ لەم مۆڵەکەیە قوتار بکەم.

داوای جگەرەیەکی کرد. بۆم داگیرساند، بۆی بۆتە عادەتێکی هەمیشە، ناوبەناو مژێکی لێدەدا و دەست پێ دەکاتەوە. گوتی:

ئەوەتا هەم شەوێکم بە تەواوی لەگەڵ کەسێکدا ڕۆژ نەکردۆتەوە. نازانم، یان خۆم نەمویستووە یان هەر ناتوانم قورسایی سێبەری کەسێک لە ژوورەکەمدا تەحەمول بکەم... ئەمانە گرینگ نین، گرینگ ئەوەیە کە لام وایە زۆر باش کەسانی دەوروبەرم دەناسم، وەک کەلوپەلەکانی ناو ژوورەکەم، وەک پاکەتی جگەرەیەک یان وەک ئەو شەقامەی کە سەردەمانێک تەواوی دنیام لە ئەو و دارەکانی و ئەو لم و لێڵەی کۆتاییەکەیدا کۆ کردبۆوە.

سەیرکە! ئەو زەلامانەی کە لە دەوروبەرتن و لێت نزیکن، تا زەمانێک هەواڵت دەپرسن و بەشوێنتەوەن کە کارێکیان پێتە، کە شتێک لە تۆدا شک دەبن، کە لە سێبەرەکەتدا شتێکی تر دەخوێننەوە- گرینگ نییە ئەو شتە چی بێت، هەر کەسە و بەشێوەیەک بۆی دەچێت، گرینگ ئەوەیە کە بۆ شتێکی خۆیان لە تۆدا دەگەڕێن- ئەگەرنا کاریان بەسەرتەوە نامێنێ و بۆ هەمیشە لەبیرت دەکەن و لەلایان تەواو دەبیت. دوا ڕۆژیش کە مردی هەروەک ئەوەی هەواڵی ناو ڕۆژنامەیەکیان بیستبێ. من لام وایە خۆشەوستی تا سەر بڕ ناکات.

هەر بۆیە کاتێک لەگەڵ کەسێکدا دەدوێم یان لە یەکێک نزیک دەبمەوە، بیر لەوە دەکەمەوە کە لەودیو ئەو گلێنانەیەوە شتانێکی زۆر هەن شاردراوە، کە من پەییان پێ نابەم و بۆم دەرک ناکرێن. ئەویش قەت لە لام ئاشکرایان ناکات و نایاندرکێنێ. هەر ئەمە مەراقێکە کە لەو کاتانەدا دیقم پێ دەکات. واتە لە پێوەندیم لەگەڵ کەسانی تردا شتانێک هەن کە قەت بۆم ڕوون نابنەوە و لێیان تیناگەم، ئەمەش زۆر کوشندەیە.

لەوەتی ئەو مەراقانە دەخۆم، لە شێوەیەک دەگەڕێم کە لەو ڕێیەوە بتوانم لەو نهێنیانە بگەم کە کەسێک لە منیان دەشارێتەوە. هەر بۆیەش من کە سەیری کەسێک دەکەم، هەمیشە تا قووڵایی گلێنەکانی ورد نابمەوە. ئاخر تا ئەوسەری چاوەکانی ناگەمە ئەنجام، چونکە شتێک لە گلێنەکانییەوە دەمخاتە دڵ نیگەرانی. شایەد هەر ئەو شتانەی کە بۆم ڕوون نین و مەراقیان پێوە دەخۆم. من توانای وردبوونەوە لە چاوی کەسم نییە. جا لەبەر ئەمەش هەتا بە هەموو قوژبن و نهێنییەکانی ژیانی کەسێک نەزانم، ناتوانم لێی نزیک ببمەوە. ئەمە گەورەترین

وەسوەسەیە لە ژیانی مندا.

زۆر کەس هەن ڕووڕاستانە بۆم دەدوێن. ئیتر من ناڕاستەوخۆ دەزانم کە شتێکیان لا نەماوە لێی تێنەگەم، بەڵام هەر کە ویستیان شتێکم لێ حەشار بدەن، لە ڕوخساریانەوە دەزانم، لە ڕەنگ و ڕوویانەوە دیارە، تێدەگەم کە گرێیەک هەیە و نایکەنەوە. من ئەمە ناتوانم وەک دیاردەیەک بسەلمێنم بەڵام هەستی پێ دەکەم.

یەکەم جاریش هەر لەسەر ئەمە لە «ئەو» دوور کەوتمەوە. زانیم کە شتێکی پێیە و لە منی دەشارێتەوە. ئیتر لێی کەوتمە گومانەوە، ئەمە بەدەست خۆم نییە. من هەر لە ئەزەلەوە دڕدۆنگ بووم، لە هەموو شتێک...

ئەو سەرەتا کچێکی خوێن شیرین بوو، بەڵام بێ ئەوەی کە لێی ورد وەبم، لە بنی چاوەکانیدا گومانێکم دەدی.

هەستم بەوە دەکرد کە بەشێوەیەک لە من دەترسێ. هەربۆیەش هەموو شتێکی خۆی لەلا من باس نەکرد. منیش هەر لەسەر ئەمە لێی دوور کەوتمەوە. پێشتر گوتم کە بەدەست خۆم نییە، گومان ناهێڵێ. من لە هەموو شتێکدا گومانێک دەبینم، تەنانەت لە ڕوونترین ئاوی دونیاشدا...

من لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا ئاشنا ببم، دەزانم کە هێزێکم تێدایە ناهێڵێ ئەو لە داهاتوودا شتانێکم لێ بشارێتەوە. لەم بارەوە هەم متمانەم بە خۆم هەیە و هەم لەویش دڵنیام، بەڵام ئەوەی ڕاست بێ ڕابردووی ئەو ئافرەتە ئازارم دەدا و لە ناخەوە دەمڕووخێنێ، لە دەروونەوە هەرەس دێنم. هەرچی بیر لێدەکەمەوە گومان چاکتر لە هەناومدا ڕیشاژۆ دەکات. من ڕابردووی هیچ مێینەیەکم پێ تەحەمول ناکرێت. هەر ئەمەشە وای لێکردووم تا ئێستا ئاوا بمێنمەوە.

من هەمیشە هەست بە ترس و گومانێک دەکەم لەژێر پێستمدا، نەک ئەوەی کە ڕەنگم پەڕیبێت و دەوروبەریەکانم دڕدۆنگ بووین، نا، وەک ئەوەی کە بڵخێک بێ و بە دیوی ناوەوەی تەواوی دەمارەکانی لەشمەوە لکابێ و ئەوسا پەیتاپەیتا تێکەڵاوی خوێنم بێت و بەردەوام ئازارم بدا. ئیتر ڕۆحیشم دەوامەی ئەو ئازارە بێت کە لە سووچێکی ناخی کوێرمدا دێتە بەرهەم. ئێستاکەش زیندووبوونم کەوتۆتە ناو بازنەیەکی تەنگەبەرەوە کە لەودا شک و گومان وەک عیفریتێکی زل لە هەرلاوە قاقا پێم پێدەکەنێ و منیش بەردەوام بەملاولادا دەڕوانم و دەشزانم کە هیچ دەرەتان و ڕێگە دەربازبوونێک نییە و ئیتر هەر چەرخ دەدەم و خول دەخۆم بەشکەم ڕۆژێک گێژ ببی و بکەومە زەوی و ئەوسا ئەم بازنەیە هەر بڕەوێتەوە و تەشەنە بکا تاکو تەواوی ئەم کائیناتە دادەگرێ... ئای....! چ گێژاوێکی ئەستەمە پلوورەی ئەم شک و گومانە کە دواجار زۆربەمان ڕاپێچی ژێر قووڵایی وەهمەکان دەکا و ئیتر قەت نادۆزرێینەوە.

لە ڕاستیدا واهەست دەکەم ئەم دڵەخورپەیە هەودایەکی دوور و درێژ و نەبڕاوەیە کە لەم سەر تا ئەوسەری زیندووبوونم ڕایەڵ کراوەو منیش بەردەوام دەستم پێوەیەتی و ئەگەر دەستی لێ بەردەم ئەوا دەکەومە خوار و بۆ هەمیشە دەبڕێمەوەو تەواو دەبم.

من گومانێکم تێدایە یەقین چەنەبەری نایە.

لە ژێر دارەکەوە بەرەو باخەکە ڕێ کەوتنەوە. وشەکانی لەناو سەرمدا دەزرینگانەوە و گەڵاکانیش لەژێر قاچماندا. ئەو گەڵا وەریوانەی کە پایز خزاندبوونییە ئەو کونجە چەپەکەوە. دەتگوت لە ترسی هێزێکی کوشندە ڕوویان کردۆتە کۆڵانی ئەو باخەوە.

بەڕاست هەر کاتێک بۆم دەدوێ، تا ئەو دووری دوورانە دەمبا، تا ئەو جێگایانەی کە ئیتر نازانی ڕوو لە کوێ بکەیت. ئاخر ئینسان هەرچەند بگەڕێ، هەرچەند شارەزا بێت، هەرچەند ئەو کونجە تاریک و نادیارانە تاقی بکاتەوە، دیسان هەر شوێنێک دەمێنێتەوە کە ئیتر نازانێ کوێیە. هەربۆیەش بە درێژایی زیندووبوون یەک چرکەساتی بچووک یان بچووکتری بۆ نارەخسێ کە بە تەواوەتی تێیدا دڵنیا و خاترجەم بێ. هەر لەبەر ئەمەشە کە گومان هەڵتەدەگرێ و لەگەڵ خۆیدا دەتبات بۆ ئەو شوێنە نادیارانە، بۆ ئەو کونجە ون و چەپەک و شاراوانە کە ئیتر نازانی کوێن. ئەوەی ڕاست بێ من حەق دەدەم بە ئەو...

هەروا کە بەناو کۆڵانی ئەو باخە چۆڵ و کپەدا دەڕۆیشتین، گوتی:

لە ڕاستیدا ئەوەی کە لەسەر قەدی دارپەڵکەکان هەڵم دەکەند و ئەوەی بەو شەقامە شۆڕەدا دەیهێنام و دەیبردم، ئەو ئارەزووانە بوون کە ئەودەم لە سەرمدا چەکەرەیان دەکرد و دواجار دەبوونە تۆزێکی سەر قەدی دارپەڵکەکان، بەو ئومێدەی کە ڕۆژێک بگوڕێن و باڵا بکەن و دواجاریش لەژێریاندا پشوویەک بدەم. بەڵام سەد حەیف! ئەو کاتە بە ئارەزووەکانت دەگەی کە ئیتر بایەخێکیان نامێنێ. هەر بۆیەش کە بیر لە تەواوی

نائومێدییەکانت دەکەیتەوە، تەنیا ئومێدێک کە دەمێنێتەوە، مەرگە! ئینسان لە ترسی موچڕکە ساردەکانی بڕانەوە کە پەنا دەباتە بەر مەرگ. لە ڕاستیدا لە دەست مەرگ دەرباز بوونێک نییە کە خۆ ڕێگەدەربازبوونێکە. سەیرکە! چ سادە بەرەو پیری مەرگ دەچین. چ بێ باکانە لێی نزیک دەبینەوە، لە نەناسیاوترین شتی ئەم جیهانە، لە نادیارترینیان... وەی کە چ ئارامییەک دەبەخشێ بە زیندووبوون. تۆ نازانی ئەو هەموو بۆشاییەی کە دەتباتەوە سەر بڕانەوە، پێشانی کێ بدەی. کێیە تا ئەوسەری نادیاری ئەم بۆشاییە چاوی هەتەر بکات.

لەسەر یەکێک لە سەندەڵییەکانی باخەکە دانیشتم. ئەویش لە بەرامبەرمدا وێستا، بێ ئەوەی سەیری ناوچاوم بکات. ئاخر ئەو قەت زاتی ئەوەی نییە لە گلێنەکانم ورد بێتەوە، ئەمە تەنیا خاڵی زاڵبوونی منە بەسەر ئەودا. ڕەنگە هەر لە منداڵییەوە لە چاوی ئەم و ئەو ترسابێت. شایەد لەوە بترسێت کە ڕۆژێک بە نیگای کەسێکدا ڕۆبچێت و لە گلێنەکانیدا بتوێتەوە. نازانم، ئەمە خۆی باشتر دەزانێ.

لە کاتێکدا سەیری بەرپێی خۆی دەکرد، گوتی:

من لەو شەقامە چۆڵەدا، چرکەی سەر قەدی دارپەڵکەکان، بیرەوەری سەر پارچەکاغەزەکان و ئەو هەموو گومانانەی کە وەک خەرمانە بە دەوری زەینمەوە داگیرسابوون، ئەوەندە زۆریان بۆ هێنام کە ڕۆژێکیان بڕیارم دا هەرچی یادەوەری خۆمە بەجارێک پاکی بکەمەوە. ئاگری فەرامۆشییەک، بڵێسەی بۆشاییەک بەربدەمە گیانی هەرچی یادەوەری و ڕابردووە کە لەسەر وێنە و پارچە کاغەز و لەسەر تەختەی مێشکم نەخشاون. هەربۆیەش ئەو ڕۆژە ئێوارە هەرچیم لە کونجە تاریکەکاندا شاردبۆوە، کۆم کردنەوە و لەگەڵ خۆمدا بردمن بۆ ئەوسەری نادیار و چۆڵی شەقامەکە.

کە ڕێکەوتم، ئەو وەک هەموو ڕۆژانی تر لەوسەری شەقامەکەدا و لە بەستێنی لم و لێتەکاندا، لەسەر سەندەڵییەک چاوەڕێم بوو. وێنە و یاداشتەکانی لێ وەرگرتم و منیش بە چڵ و چێو و گەڵای وەریوی دارەکان ئاگرێکم کردەوە. پێم گوت: بەم ئاگرە دەمهەوێ خەتێک بکێشم بەسەر تەواوی ئەو شتانەی کە تا ئێستا لەگەڵمدا ژیاون و بەجۆرێک دڵم پێیان خۆش کردووە- ئەمەش بڵێم کە هەر ئەو ڕۆژە بوو من و ئەو بۆ هەمیشە لەیەک دوور کەوتینەوە-...

ئەوجار گەمارۆی ئاگرەکەمان دا و منیش دانەدانە ئەو پارچە کاغەز و وێنانەم لێ وەرگرتن و دواتر کردمنە سووتماکی ئاگری ئێوارەی پاییزی ئەوسەری چۆڵ و نادیاری شەقامی دارپەڵکەکان.

سەرەتا ئەو بەلایەوە حەیف بوو ئەو یادگاریانە لەنێو بچن. هەربۆیەش پێی گوتم: «ئەمانە بەشێکن لە سەردەمانێک کە کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکات. ئینسان بە ڕابردووەوە دەژیت. جوانی ژیان هەر لەم بیرەوەری و یادگاریانە دایە، هەر لەم شتە بچووک و بێ بایەخانەی کە تۆ ئێستا بە چاوێکی سووکەوە سەیریان دەکەی. بۆ وێنە هەر ئەم یاداشتەی کە ئێستا بەدەستمەوەیە دەکرێ ڕۆژێک بە یادییەوە فرمێسکێک بڕێژی، یان تەزوویەکی ڕابردووت بە لەشدا بێت.»

من وەبیرم هاتەوە، ئێوارەیەک کە ئەم یاداشتەم نوسیبوو. چ ئێوارەیەکی نەفرەتی بوو! بۆی خوێندمەوە: «چەندە خەمگینە، کە زیندووبوون هەمووی بادانی کلیلێک بێ لە قفڵی دەرگای ژوورێکدا!... ئێستاکە کەسم لەگەڵدا نییە. ئێوارەیەکی درەنگە و تاریک داهاتووە. گڵۆپی ژوورەکەم هەڵناکەم، ئەوەی تۆزێک ڕووناکی ببەخشێ جگەرەیەکی نیوەسوتاوە لە نێوان هەر دوو قامکەکانمدا. دەمم هێندە وشکە، هیچ سەیر نییە توێخێکی زمانم بە مەلاشوومەوە بەجێ بمێنێ. لەم دیو پەنجەرەکەوە وێستاوم و سەیری هیچ ناکەم، بیر لە هیچ ناکەمەوە. نە شادم و نە خەمگین. لە تاوی غوربەت و ئازار نییە ئەم جگەرەیەم داگیرساندووە، هەروا بێهوودەیە دەیکێشم... ماندووم، زۆر ماندووم، ماندووتر لەوەی کە خۆم بیری لێ بکەمەوە. ئینسان کاتێ خەمگینە لە ئەوپەڕی ئومێدەواریدایە.

واتە ئەوە ئومێدە دەتخاتە سەر خەمێکی قووڵ و نەبڕاوە و شیرین، بەڵام لەوە دژوارتر و کوشندەتر ئەوەیە کە هەست بە هیچ نەکەیت. هەربۆیەش بە هیچ شتێک ڕاناچڵەکی. لەلای هەموو شتێکەوە خوێن سارد و بێ باکانە تێپەڕ دەبی، بێ ئەوەی هەناسەیەکی بۆ هەڵبکێشی. ئەمەیە ئەو دۆزەخەی کە من پێی دەڵێم: بۆشایی.»

کە خوێندییەوە، من بە ئەوم گوت: لەگەڵ هەمووی ئەمانەدا، ئەو سەردەمانە من دەریایەک بووم بەپێوە و خەیاڵیشم بە لەمێکی سەرگەردان بوو بەدەم شەپۆلی ئەم وشانەوە، بەڵام ئێستا ئەم وشانە بەلامەوە هیچن و ئیتر

خەیاڵێکیش لە کاردا نەماوە. ئەگەر بشبێت ئەوا دەیدەم بە دەست لرفەکانی ئەم ئاگرەوە.

ئەو گوتی: «تۆ ناتوانی بەم جۆرە درێژە بدەی، ناتوانی بە جێیەک بگەی، چونکە ئاکامی سووتاندن، لە نێوچوون و برانەوەیە، رووخــان و هەرەس هێنانە، لە کــاتێکدا ئامانجی ژیان سەرکەوتنە.»

من هیــچم نەگـوت، بەڵام بە زەینمـدا هات: لە ژیاندا هیچ کـەس براوە نیـیــە، هەمــوو دۆڕاون، هەروەک ئەم وێنانە، ئەم پارچە کـاغـەزە لە مـێـژینانە کـە نۆبە بە نۆبە دەبنە دەسـتـەچیلەی بڵـێـسـەکـانی ئەم ئاگـرە و بەدەست نەغمەی گڕەوە سەما دەکەن و ئیتر وەک گەڵایەک لە هەر چوارلاوە یەک دێنەوە و بـەرەبـەرە دەبـنـە ســـــووتـوو و تـیکەتیکە جــیــا دەبنەوە و هەر پریشکێـک دەبێـــتــە باویلکەیەکی سـەرگـەردان لە کـەنار ئەم پایزەوە تێـپـەڕ دەبێت یان دەبێتە هەڵم و غـوبارێکی نوقمی ئەم هەوای دڵگیری کۆتا پاییزە یان چنگێک خۆڵەمێشیان لێ بەجێ دەمـێـنێ کـە هەر ئەم ئێــوارە یان سـبـەی بەیانی بەدەم کزەیەکی پایزەوە هەر زەرەیەکی خۆی دەکات بەژێر چەتری زەردی گەڵایەکی وەریودا...

دواجار، ئاخرین وێنەیەک کە بەدەستییەوە مابوو، لێم وەرگرت و سەرنجێکم دایە، پاشان لەبەرخۆمەوە زەمزەمەم کرد:

لەم وێنەیاندا جگەرەم کـێـشــاوە و بەرەبەرە بووەتە دووکەڵ و ئێستاش من و جگەرە هەردووکمان دەسووتێین و دەبینە دووکـەڵ و لەسـەر ئەم پارچە کـاغـەزە و هەرچی بیرەوەرییە پاک دەبینەوە...

لە لامەوە دانیـشت. ساردی کـردبوو... خـۆمـان وێک هێنابۆوە. جگەرەیەکی داگیرساند و بەحەسرەتەوە دەستی کـرد بە مـژلێـدان. دەتگوت گـەرەکـیـە دووکەڵی جگەرە ڕاپێچ کات بۆ ناو مێشکی تەواوی ئێسقانەکانی.

وەک ئەوەی هیـچی تری دەست نەکـەوێ بۆشایی ناخی پـێ پـڕ بـکـاتـەوە... دووکــــــەڵـی جـگـەرە لـە نـاو قــامکەکــانـیــیــەوە هەروا بەرز دەبۆوە و بەژنی دەکـرد. دەتگوت ئەو جگەرە نـەفرەتییە تەواوی خوێنی جەسـتەی لەو دوو قامکەیەوە دەکێشێ و دەیکاتە دووکەڵ و پاشان بەرەو نادیاری بەڕێ دەکـات... وام هەست دەکـرد لەگـەڵ ئەو دووکەڵەدا منیش دەبوومە سوتماک و دەبڕامەوە.

پاشان گوتی:

من جــاری وا هەیە بە یادی کـەسـێکەوە جگەرەیەک دادەگـیـرسـێنم و دواتریش خـامـۆشی دەکـەم. بەڕاست زیندووبوونیش جگەرەیەکی داگـیـرسـاوە کــە بەردەوام دەسـووتێ و دواتریش خـامـۆش دەبێ... یان کـاتێک لە گۆشەیەکدا کز هەڵدەکورمێم و جگەرەیەک دەگرمە دەست، سەرەتا لە دەستەکانمەوە و پاشان تەواوی لەشم دەکەوێتە لەرزین.

هەر دەڵێی ئەم دووکەڵە نەفرەتییە هەرچی سەرمای ئەو جیهانەیە کۆی دەکاتەوە و ڕاپێچی دەکات بۆ ناو مێشک و ئێــســقــانەکــانم و دواجــاریش بۆ ناو قــووڵایەکــانی ناخــمــەوە. بێ هۆ هەڵدەلەرزێم، بێ ئەوەی بزانم بۆچی. نازانم ئەم لەرزە نەفرەتییە بۆ ئینسان وێڵ ناکات؟!

کە جگەرەکەی تەواو کـرد، سەری بەسـەر لاشانمدا لار بۆوە و وەک پەیکەرێکی بێ گیان کپ بوو.

هەناســـەی لەبەر بڕابوو... نەدەجـــوولا... دەنگیـم نەدەبیـــست... شــایەد بیـــری لە هیـچ نەدەکـــردەوە... شایەدیش تەنانەت هەر بوونی خۆیشی لەبیر کردبوو...

دواتر هەســـتـــا و پێش ئەوەی ڕێکەوێت، بە وردی ســـەیری ناو گلێنەکـــانمی کـــرد. وەک ئەوەی لاپەڕەی چاوەکانم وەخوێنێ... هیچی نەگوت.

منیش زانیم، لە ڕوخساریییەوە بۆم دەرکەوت، هەناویم خوێندەوە:

دەروونـی چـۆڵ بـوو... پـڕ لـە بـۆشـــــــایی... وەک سینگێکی بێ هەناسەی دوای مردن.

# ترس

ئاریز سمکۆ حوسێن



چەندین جار دەستم داوەتە قەڵەم بۆئەوەی ئەم چیرۆکە بنووسم، وەلێ لێوانلێو بووم لە شەرم، هەندێ جار لاپەڕەیەکیشم نووسیوە و دوایی دڕاندوومە، کەچی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە خەویش لە یەخەم نەدەبووەوە، بۆیە بڕیارم دا کە بینووسم، ئای کە منداڵێکی ترسنۆک بووم، ترسم لە گشت شتێ هەبوو، ئەترسام لە شەو و لە تاریکی، لە دێو و خێو، ترسم لە هەموو گیاندارێک هەبوو، بەتایبەتی دڕندەکان، گەرچی زۆربەیانیشم نەبینیوە، زۆریش لێیان ئەترسام، لە حەپە حەپی سەگ، لوورەی گورگ و تەنانەت لە میاوە میاوی پشیلە و لە هەموو دەنگی گیانەوەرانیش دەترسام، کاتی دەنگیانم دەبیست، بە ڕاکە ڕاکە خۆم دەخزاندە باوەشی دایکم، دایکم دەیگوت کوڕم ئەوانەش هەر خودا دروستی کردوون، هیچت لێ ناکەن گەر تۆ زیانیان پێ نەگەیەنیت، کە شەوان نەدەنووستم دڕووم دەگرت، دایکم بە سەگ دەیترساندم و دەیوت ئەگەر نەنوی دەتخوات، خێرا خۆم لە ژێر لێفە دەنا و چاوم زەق زەقیش بوو، ئەوەندە دەترسام هەر چاوەڕێم دەکرد سەگ بێت و بمخوات، ئەلەرزیم و بیرم ئەکردەوە چی بکەم ئەگەر سەگ بێت و بمخوات، هەر لە منداڵییەوە فێری گریان ببووم، گریانم تەنیا وەڵامێک بوو بۆ هەموو ئەو ئاکارانەی ڕووبەڕووم ئەبوونەوە.

هەر لە منداڵییەوە دەیانگوت تۆ پێویستە پیاوانە بیت و جێی باوکت بگریتەوە، زوو ئەرکم پێ سپێردرا، لەوە گەڕێ، لە قوتابخانە تەمبەڵ بووم، بەتایبەتی لە وانەی بیرکاری، بە دەستی خۆم نەبوو، تەنانەت ژمارەکانم نەدەناسی، ڕۆژ نەبوو مامۆستا زللەم لێنەدات و تفم لێ نەکات، ئاخر کەسێ نەبوو شتێکم فێر بکات، ژمارەیەک، یان وشەیەک، ئارەزووم دەکرد یەکێ پیتەکانم بە خاڵ خاڵ بۆ بکات و منیش بە سەری دابچمەوە و وشەکان بە جوانی بنووسمەوە و مامۆستا بڵێت ئافەرین،

ئەی دکتۆری دوارۆژ. ئای چەندە خۆش دەبوو ئای کە دڵم پێی خۆش دەبوو، بەڵام نەمبینی! ناچار خۆم خاڵم دەکرد و خۆم بەسەریدا ئەچوومەوە، ئەی چەند ناشیرینیش بوو، وەلێ خۆم لێ ئەبووە خۆشنووسێکی گەورە.

هاوپۆلێکم وشەکانی زۆر بە جوانی نووسیبوو، پێم دەوت ئەوە خۆت نووسیوتە، دەیوت بەلێ، وەلێ باوکم خاڵ خاڵی بۆ کردوومە، باوک ئەی باوک،تۆ بۆمنت ئەنووسی! زۆر حەزیشت لێ بوو، کە کورە گەورەکەت ببێتە شتێ و سەرت پێی بڵند بێت، چیبکەم کە نەماوی، دایکم چیم پێ بڵێ خۆ خوێندەواری نەبوو، ئەی دایکە، ئەی باوکە، جا کێ پێم بڵێ باوکە کوژراوەکەم، یان دایکە کڵۆڵەکەم، دایکم چێم پێ بڵێ خۆ دایکم لە ناوی خۆی زیاتر هیچی تری نەدەزانی، یان جاروبار لە یەک تاکو (دە) ی بۆ دەگوتم ئەویش بە عەرەبی ئەمانیش ئەو کاتە فێر ببوو، کاتێ ئەو دێوەزمە مرۆڤ کوژەی کە خۆی وەکو سەرۆکی وڵاتی دوو ڕووبارەکە ناساندبوو، بانگەشەی ئەوەی دەکرد ئەم وڵاتە بکات بە بەشێک لە بەهەشت، بڕیارێکی دەرکردبوو، کە نابێ کەس لەم وڵاتەدا نەخوێندەواربێ، دایکان و کچانی ئەم وڵاتەی ڕەوانەی فێرگەکان دەکردن و دەرسی «خالد یزرع» و «رشيد الجندي» و «معركة القادسية» ی پێدەگوتن، هەر بە عەرەبیش «واحد و أثنان و ثلاثة .... ستة و سبعة ... تسعة و عشرة»ی پێ ئەزبەر دەکردن، لەو لاشەوە لاوانی ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرد.

چەند ئارەزووی ئەوە بووم، لە ماڵەوە، یان لە باخچەیەک باوکم، یان دایکم لە ئامێزم بگرێ و لەژێر دارێدا بڵندم بکات و پێم بڵێ کوڕە جوانەکەم، ئەم سێ پرتەقاڵە لەگەڵ ئەو پرتەقاڵە دەکاتە چەند، یان دوو قەڵەمم بداتە دەستی و دوایی قەڵەمێکی ترم بداتە دەستی و بڵێ ئەمانە بەیەکەوە دەکەنە چەند، دوایی دوو قەڵەمم لێبستێنێ بە پێکەنینەوە ئادەی کوڕی گەورەم، کوڕە جوانەکەم ئێستا چەند قەڵەم لای تۆ ماوە، منیش کەمێ بە فیزەوە بڵێم یەک.

وەلێ ئەم ئاواتانەم نەهاتنە جێ، کێ پێم بڵێ...، ئای چەند بێ کەسم، ئای ئەو هەموو ڕووداوانەم بیر نەچۆتەوە، ئەمانەی منی ترسنۆک ڕۆژانێ پێیانەوە ئەمناڵاند، ڕۆژێکیان لە قوتابخانەکە پۆلی یەکەم بووم ئای چەند لە پرسیاری مامۆستا ئەترسام!بە دەستی خۆم نەبوو، نەمئەتوانی وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە، ئەم ڕۆژە مامۆستای بیرکاری، کە مامۆستا شێروان بوو، بەم منداڵییەی خۆم نەمئەزانی ڕق و کینە چییە، وەلێ ئەم مامۆستا شێروانەم خۆش نەئەویست لەبەر خۆی نا، وەلێ لەبەر وانەی بیرکاری! ڕۆژێکیان مامۆستا شێروان کە هاتە ژوورەوە پاش کەمێک یەکە یەکە لە قوتابییانی پۆلەکەمی دەپرسییەوە، وتی دەی ئەتو بزانم دەزانی یەک کۆ یەک دەکاتە چەند، منیش وەک کە گوێم لێنەبووبێ و خۆم مات کردبوو، نوقەشم نەدەکرد وەک ئەوەی مێشێک میوانم نەبێ، هەستم لەخۆم بڕیبوو، وەلێ لە ناخەوە هەناسەی شەرمم دەکرد، ئێستا دەزانم مامۆستا شێروان دێت و وەکو جاران ئەمداتە بەر زللە و تفم لێ دەکات و کۆمەڵێ جنێویشم پێدەدات و لەبەردەمی ئەم هەموو هاوپلەشم لەسەربەک قاچ ڕام دەگرێت، یان تەنەکەی خۆڵەکەی پۆلەکەم بەسەر سەرمدا ڕوو دەکات و منیش تەنیا گوێم لە پسە پسی بەترسەوەی هاوپۆلەکانم دەبێت.

لەناو ئەم هەموو خەیاڵ و جەنجاڵییەی بیر و مێشکمدا بووم! لە ناکاو مامۆستا هات و کوڕە دەڵێی گوێت لێم نییە؟ دەڵێم یەک کۆ یەک دەکاتە چەند؟ وەکو لە خەوێک بە ئاگا بێمەوە، سەیری مامۆستام دەکرد ها ... ها... مامۆستا.. ها ...مامۆ..س..تا.. ها ئەمن، لەناو بیرێکی سەختدا بووم، مامۆستا شێروان گوتی نا ماکەری کەڕولاڵ لەگەڵ بابم بوو دەمەوێ بابم فێرە بیرکاری بکەم، قوتابییەکان ئەیانویست لە قاقای پێکەنین بدەن، وەلێ کەس نەی دەوێرا تەنیا بە ئاسوودەیی هەناسەکانیشیان هەڵکێشن، منیش وتم چ مامۆستا، کوڕە هەی کەڕ هەی .... چیت پێ بڵێم باشە، دەڵێم یەک لەگەڵ یەک دەکاتە چەند، سەیری مامۆستام کرد ئاگر لە چاوانی دیاربوو، ئەوەندە ترسم لێنیشت هیچم نەگوت و زمنم لاڵ ببوو، ها ... ماۆ ... ستا یەکێک لە پشتمەوە وابزانم بەکری مام ڕەحمانی دراوسێمان بوو، زۆر بە هێواشی وتی نازانم، منیش وتم نازانم، بێ ئاگا بووم لەوەی کە سۆرانی تەنیشت بەکر وتبووی شەش جاران شەش دەکاتە چەند؟ ئەویش وتبووی نازانم، خۆ ئەگەر هاتوو بەکر بیوتبایە سفریش، یان دە، یان حەوت منیش هەر ئەوم دەگوت، مامۆستا شێروان هەر لەگەڵ بیستنی وشەی نازانمی من تووڕەیی لە تەوێڵیەوە باری. وتی گێلە بەس پێم بڵێ ئەتوو بتی، یان ئینسانی، لەگەڵ بیستنی وشەی بت ڕاچڵەکیم، ئاخۆ دەبێ بۆ مامۆستا بەمن بڵێ بت، خۆ مامۆستا عەزیزی وانەی دینی بە ئێمەی دەگوت، کاتی خۆی عەرەبە کافر و نەفامەکان بتیان بۆ خۆیان دروست دەکرد و دەیان پەرست، پێشی دەگوتین ئێمە کە ئینسانین و موسڵمانین نابێ بت بپەرستین، منیش وتم ئینسانم، هێندە لێم تووڕە بوو نازانم چۆن منی لە سەری خۆیدانەنا و بە ئەرزی دانەدام، لەم کاتەدا بیرم دەکردەوە تۆبڵێی ئێمە ئینسان نەبین، ئەی ئەگەر ئینسانین، بۆ مامۆستا

عەزیز پێمان دەڵێ ئێمە ئینسانین، لەناکاو مامۆستا شێروان لەم بیرکردنەوەیەمدا دایبڕیم و بەسەرمدا قیژاندی کوڕە هەی بە نەعلەت بی لەگەڵ تۆم نییە! ئای وەکو تاوانبارێک خۆم دەهاتە بەرچاو، من تەنیا نەعلەتم لەپاش وشەی شەیتانەکانی دایکم لەسەر بەرماڵەکەی و لە خەڵکم گوێ لێبوو.

مامۆستا هاتە نزیکمەوە هەتا هێزی لە بازوو و مەچەکەکانیدا بوو، شەپازللەیەکی لێدام! لە ڕاستیدا مست بوو لێیدام، وەلێ ناولەپی کردبۆوە، هێشتا ئەو لا ڕوومەتەم سارد نەبۆوە، لە لایەکەی تریشی دام و تفێکی لێکردم هەموو دنیام لەپێش چاوان ڕەش بوو! خۆم وەک تاوانبارێک ئەهاتە پێش چاو، ئای چەند ترسنۆک بووم، هیچ هێزێک لە گیان و لاشەمدا نەمابوو، تەنانەت نەمئەتونی تفەکانی مامۆستا شێروانیش بە ناو چاوانمەوە بسڕمەوە، لەو کاتەدا سڵم لە مردنیش نەئەکردەوە، گەر بەهاتبایا مردن بە دەست مرۆڤ بووایە، سەرم داخستبوو هات و گوێمی گرت و وتی دایکت و باوکت دەکەنە چەند کەس، کەمێ بیرم کردەوە و بە فینگە فینگ وتم، مامۆستا باوکم نەماوە، وادیار بوو مامۆستا حەزی ئەکرد تێر پێبکەنێ، وەلێ بەزەییشی پێمدا هاتەوە و گوێی بەردام و بە دەستەسڕەکەی، پێم وابێ ڕەنگی شین بوو، بەڵام بەهۆی پیسییەوە ڕەنگی مۆر ببوو فرمێسکی چاو و لووتمی سڕییەوە، بەهەر جۆرێ بوو لووتی خۆم لەناخەوە گرتبوو، هیچ هەناسەم هەڵنەدەمژی و ورتەم نەدەکرد! تەنیا ئەمتوانی بگریم.

ئای گرینۆک بووم، هەنسک و گریانم بەیەکتر کردبوو، باشە مامۆستا بۆ بەمن دەڵێ بەنەعلەت بیت، خۆ دایکم نەعلەتی تەنیا بۆ شەیتان بەکاردێنا، ڕۆژێ بیرمە لە دایکم پرسی: شەیتان چییە؟ پێی وتم کوڕم شەیتان لەوەتەی خودای گەورە بابە ئادەمی لە بەهەشت دەرکردووە، بۆتە دوژمنی ئادەمییەکان یانی مرۆڤەکان، منیش دەموت دایە چۆن بابە ئادەم لە بەهەشت بوو، خودا چی لە بابە ئادەم کرد؟

– کوڕم خودا لە بەهەشتی دەرکرد.

– بۆ دایە، بابە ئادەم بە گوێی شەیتانی دەکرد خۆ دەیزانی شەیتان لەگەڵیدا ناکۆکە؟

– نا کوڕم بابە ئادەم بە گوێی شەیتانی نەدەکرد، بەڵکو شەیتان هات لەسەر شێوەی کەسێکی تر و خۆی بە کەسێکی باش نیشان دا و هەڵیخەڵەتاند؟

– یانی کە شەیتان بابە ئادەمی هەڵخەڵەتاند، ئینجا خوا لە بەهەشتی دەرکرد، چۆن دایە؟

– کوڕم هات ئەو سێوەی پێخوارد کە خوا بە ئادەمی وتبوو کە ئەمە نەخوا!

ئای شەیتان بۆ وا بوویتە دوژمنی ئینسان!

– دایە ئەی بەهەشت چییە؟

– کوڕم ئەو جێیەیە کە خوا بۆ ئەوانەی دروست کردووە کە چاکەکاران و بەڵێنی پێداون کە بیانخاتە ئەو بەهەشتەی خۆیەوە.

– دایکە یانی بەهەشت خۆشە؟

–ئەدی کو کوڕم مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی هەرشتێکی بیەوێ دەیدرێتێ.

– دایە دەبێ مامۆستا شێروانیش بچێتە بەهەشتێ؟

– کوڕم ئەگەر باش و چاکەکار بێت ئەدی کو ناچێت.

– بەس مامۆستا شێروان هەموو ڕۆژێ لێم دەدات.

– کوڕم لەبەر ئێوەیەتی هەتا فێر بن تا وەکو ئێمە کۆڵەوار دەرنەچن.

– چش لە بەهەشت گەر مامۆستا شێروانی لێبێت!!

– ئەی دایکە بەهەشت لە کوێیە؟!

– کەس نازانێت بەس خوای گەورە نەبێت.

– باشە دایە چۆن ئەوانە دەزانیت؟

– چۆن نازانم کوڕم.

– دایە دیارە تۆ لەوێ بوویت؟

– نا کوڕم (استغفر الله، استغفر الله).

– ئەی چۆن دەزانیت؟

– کوڕم منیش بۆیان گێڕاومەوتەوە.

بیرم دەکردەوە ئەی مامۆستا شێروان بۆ بە من دەڵێ بە نەعلەت بیت، خۆ من کەسێکم هەڵنەخەڵەتاندووە، خۆ کەسم لە بەهەشتی خوا دەرنەکردووە، بۆ.. بۆ دەبێ بەمن بڵێت!، نەم دەوێرا هیچ شتێ بڵێم، خۆ شتێ بڵێم، ئەوا تەنیا خودا دەزانێ مامۆستا چیم لێدەکات.

لەم بیرکردنەوانە و خەیاڵانەدا بووم، مامۆستا شێروان وتی وەرە ماکەری گەلحۆ، حەزم دەکرد هەر ئەو کاتە بمرم، وەلێ هەستام و بە شەقاوە بچووکەکانم گەیشتمە لای تەختە ڕەشەکە، وتی گێلە بۆ ماندووم دەکەیت، تەنیا پێم بڵێ یەک کۆ یەک دەکاتە چەند، نەمدەزانی ئاخر دایکم دەیووت تەنیا ژمارە (یەک)ت خۆش بووێ، چونکە خوا یەکە، دەبێ ژمارە یەکمان خۆشبووێ، نابێ هاوبەشی بۆ پەیدا بکەین، بۆیە ڕقم زۆر لە ژمارە دوو دەبۆوە، بێجگە لەوەی نەمدەزانی یەک کۆ یەک دەکاتە دوو، دیار بوو مامۆستا دەیویست تێم بگەیەنێت بە تەباشیرەکەی لەسەر تەختە ڕەشەکەی پۆلەکەدا، (یەک)ێکی کرد دوایی (یەک)ێکی کەی لە تەنیشتی کرد، وتی هەی دەبەنگی هێر ئەمانە بەیەکەوە دەکەنە چەند؟ منیش حەزم دەکرد بزانم، وەلێ نەمدەزانی! دوای بیرکردنەوە هێدی هێدی

هێـمـای کـۆیەکـەم لابردوو یەک و یەکـەکـەم هاویشـتـە تەنیـشت یەک و وتم مـامـۆسـتـا ، مـامـۆسـتـا شـێـروان گـەشـایەوە وتی دە پێم بڵێ ئەی قـوتابی زیرەک، ئەی مـامـۆستـا بۆ وام پێدەڵێ من و زیرەکی من کـەی زیرەک بوومە، باشە ئەم مامۆستایە، پێش ئێستا سەد جنێوی سـووکی پێم دا، سـەد تفی لێم کـرد، کـەچێ ئێـسـتـا پێم دەڵێ قـــوتابی زیرەک، لەم هەمـــوو ئازاردانەی ڕۆح و لەرزینەی خـۆمدابووم لەناکاو شتێ هاتە مێشکم و وتم دەکاتە یازدە!.

مـامـۆسـتـا وەکـو شـێـتی لێـهـات، نەیدەزانی چیم لێ بکات، ئەم جارە ملی گرتم و ڕایکێشـام و فـڕێی دام بۆ لای کورسییەکەی خۆم، گوتی تۆ زۆر دەبەنگی وا باشترە واز لە قـوتابخـانە بێنی و بچیـتـە مـاڵەوە و ملی خـۆت بشـکێنی و هەزار جنێـو، هەزار بەنەعلەتی بی، ئەی بە نەعلەت خـۆ من شـەیتـان نیم، مـامـۆسـتا لێم بێ ئومێـد بوو، هەسـتـا ڕۆیشت بۆ لای تەخـتـە ڕەشـەکـە و زۆر بە تووڕەیی سـەیری دەکـردم، منیش لەژێرەوە مـیـزم بەخـۆم داکرد.

ڕێناسی هاوڕێم کە لە تەنیشتمەوە بوو، دیاربوو دەرکی بەوە کردبوو کە میزم بە خۆمدا کردووە، وەلێ چاوەڕوانی تەواو بوونی وانەی بیـرکـاری بوو، بۆ ئەوەی بێت و دڵم بداتەوە و بمباتەوە بۆ ماڵەوە، ئاخر ڕێناس ساڵێک و دوو مانگ لە من گەورەتر بوو، وەلێ ئەترسام کە قوتابخانە و گەڕەکم لێ پڕ بکات و هەموویـان بزانن، کەمن ئەمڕۆ لە ترسی بیرکاری و لەبەر دەبەنگی و تەمبەڵی خۆم میزم بە خۆمدا کردووە.

لە ژێر لێـوانییـەوە ئاماژەی ئەوەی بۆ دەکـردم کـە پێی ناخـۆشـە من وام بەسـەر هاتووە، هەرچەندە چاوەڕێی وانەکە بووم بێ سوود بوو، ئای لە چ بارودۆخێکی تەنگ و ناخـۆشـدا بووم، دەروونم چ ئازارێکی لەناو بوو، وەلێ هەر گـوێ بیسـتی زەنگ نەبووم. دڵم خـۆزگـەی بە مـردن ئەخـواست، ئیـتـر منداڵی و تـرس و شـەرم و هەزاران نەخۆشی تر من پێوەم ئەناڵاند، ئێستـاش نازانم چۆن لەم کـاتەدا نەمـردم، هەرچەندە بەم منداڵیـیـەی خـۆم زۆر لە مـردنیش دەترسـام، ئەم چیـرۆکە لەو کـاتەدا دەنووسم کـە فرۆیدو ولیەم ڕایشم ناسیوە، بۆیە پێم وابێ نووسینیـان گرنگە.

**زستانی ٢٠٠٦ هەولێر**

# ماشەرێکی ئاڵۆسکاو

**بەهرام سادقی**
**لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی**
**(ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**



«شتێکی نەبین و نادیار هەیە، وەکو دەست، قەت نایبینم، بەڵام هەستی پێ دەکەم لە ناخەوە. پاڵم پێوە دەنێ بە ئەم لاو ئەو لادا...»

دەی دەی! نەختێکی دیکە سەرت بەرز ڕابگرە. نێوچاوانیش تێک مەنێ.

بزە بخە سەر لێوت و چاویش لە کامێرەکە ببڕە، تاکو سێ دەژمێرم وریابە نەجووڵێی، با وێنەکەت خراپ نەبێ ئامادە! یەک دوو سێ...

دوو شەو دواتر بە پلیکانەکاندا سەرکەوت بۆ لای وێنەگر هەتاکو وێنەکەی وەربگرێتەوە. ناونیشانی وێنەکەی بەدەستەوە بوو (قەبز) وەبیری هاتەوە دوو شەو پێشتر وێنەگر لێی پرسیبوو:

– کاکە ناوەکەت؟

ئەویش ناوی خۆی پێ گوتبوو.

– شەش لەچوار، ئاسایی؟ یان گەورە؟

ئەویش وەڵامی دابۆوە:

– یەکێکیان... بۆ نموونە.

– کەوابوو سبەی شەو ئامادەیە... کاتژمێر هەشت.

هێشتا دەرگاکەی نەکردبۆوە، ڕوانی کاتژمێر لە هەشت لای داوە. لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئێستا دەبێ ئامادە بێ.

شاگردی وێنەگر لەپشت مێزەکە دانیشتبوو قرچە پێ ڕاست بۆوە دوای ئەوەی وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە لەسەر کورسییەک دانیشت، شاگردەکەی نەناسییەوە سەیری کرد:

– لەوە دەچێ بۆ خۆیان لە هەوێڵدا نەبن؟

– بۆچی... بۆچی... هەر ئێستا لێرەبوو

– ئەوەش قەبزەکە...

قەبزەکەی لە گیرفانی دەرهێنا لەسەر مێزەکە داینا. شاگردی وێنەگر هەڵی گرت و خوێندییەوە، بە ڕێزەوە سەرێکی بۆلەقاند:

– بەڕێز گیان، هی ئەم شەوە... بەڵام دەبێ تۆزێک سەبرت هەبێ تاکو خۆیان دێنەوە.

دەیویست بڵێ: (کار و زیندەگیم هەیە) تەنیا گوتی: (کار و زیندەگی)...

لەسەر کورسییەکە تەخت دانیشت. شاگردەکە تێگەیشت کە ئەو کاروباری ژیانی وێڵ کردووە، هاتووە بۆ ئەوەی وێنەکەی وەربگرێتەوە، بەڵام ئێستا وێنەگرەکە چۆتە دەرێ، پەرێشانە چی لەدەست دێت؟

وای بە باش زانی خۆی بە شتێکەوە سەرقاڵ بکا، دەستی کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەلبوومێک...

دیسان پرسی:

– نایەت؟

– چۆن نایەت؟ هەر ئێستا...

ئیتر چاوی بەو وێنانەدا گێڕا کە بە یەخەی دیوارەکەدا کرابوون...

چارەگە سەعاتێک ڕابرد، وێنەگر هاتەوە. هەر لەبەر دەرگاوە سەری قسەی دامەزراند:

بەخێر بێی، گەورەم

ئەم جار ڕووی کردە شاگردەکەی:

– لە مێژە تەشریفیان هێناوە.

دیسان لەگەڵ کابرا: هەر ئێستا بەرێتان دەکەم.

ئەویش لەسەر کورسییەکە هەستا، چووە بەردەم مێزەکە، هەر دوو دەستی خستە سەر لێوارەکەی، وێنەگر لە ژووری تایبەتی وێنەکانی هێنا:

– ئەوە هەوە؟ بەڵێ خۆیەتی.

ئەو، دەستی درێژ کرد، وێنەکانی وەرگرت و نەختێک سەیری کردن، لەپاشان:

– ئەوانە هەونین بەهەڵەدا چووی.

– چۆن، چیت فەرموو؟...

– سەهووت کردووە. من سمێڵم نییە. ئەو وێنانە سمێڵیان هەیە...

ئەو جاریش خۆ من کڵاو لەسەر ناکەم.

وێنەگر بە ڕق هەستاوی وێنەکانی لەدەست سەندەوە و تێیان ڕاما دواتر سەیری ئەوی کرد:

– زۆر سەیرە.. بەڵام زۆریش لەتۆ دەچێ.

– لە من دەچێ؟ بەڕاستی نەقڵێکی خۆشە... وەڵڵا من تەواو گێژ بووم.

وێنەگر سەری لێ سوورمابوو، تۆزێک پێشتر شاگردەکەی چووبووە دەرێ (هەر بۆ ئەوەی نەیدەزانی چی بکا وای بەچاک زانیبوو لەپێش چاوی ون بێ) خۆی کرد بە کارگەکەدا، چنگێک وێنەی هێناو لەسەر مێزەکە بڵاوی کردەوە لەگەڵ ئەوەی دەستی لە وێنەکان وەردەدا لەژێر لێوەوە گوتی:

– ئەوانە هەو نین.

وێنەی کیژێک بوو.

– ئەمەش هەو نییە.

وێنەی ژنێک بوو.

– ئەوەیان چی.

وێنەی منداڵێک بوو.

– ئەوە؟

تەماشای ئەوی کرد و ئەم جار وێنەکە:

– ئەوەیان زۆر لە تۆ دەچێ. بێ کڵاوە... بەڵام سمێڵی هەیە.

ئەویش بە وردی سەرنجی دا:

– بابزانم.. کڵاوی لەسەردا نییە..

درێژەی بە قسەکانی دا:

– بەڵام «ئەوەیان زۆر لە تۆ دەچێ» یانی چی؟ ئەمن چۆن بزانم ئەوە وێنەی منە؟ خۆ من دەمووچاوی خۆم نابینم، لەبیرم نییە چۆنە. مەگەر ئێوە بەرنامەیەکتان نییە بۆ کاری خۆتان تاکو ئاوا وێنەکان تێکەڵ نەبن؟ ژمارەیان لەسەر نادەن؟

– یانی چی.. ژمارەشیان لەپشت دەدەین و بەرنامەی ڕێکوپێکیشمان هەیە، بەڵام هاوار لە دەست مرۆڤی نەزان، شاگردەکە تێکەڵاوی کردوون. بە کەیفی خۆی لێکی داون.

ئەوەتانێ وێنەی ئەو سێ کەسە ژمارەی وێنەی تۆیان پێوەیە... بە ئاخری پیری کارمان کرد، شاگردمان هێنا! هەر دەڵێی لەبن گوێنی هاتۆتە دەرێ... هێلکە و ڕۆنی بۆ لێبنێی گوێی تێدەنێ...

– ئاخری وەڵامی ئێمە بوو بەچی؟ هەتا کەی دەبێ لێرە بیم بە داهۆڵ! کاکی وێنەگر؟

وێنەگر دیسان بەوردی سەرنجی وێنەکانی دا.

– ئەمەش خۆ هەو نییە.

وێنەی، کۆشکێکی مێژوویی بوو.

– ئەوەتانێ– خۆیەتی.

وێنەکەی لەدەست ڕفاند:

– کەی ئەوە هەوە؟ هیچ کوێی لە من ناچێ. کەی من کۆتی ئاوا لەبەر دەکەم؟

وێنەگر دانیشت بەبێ وازی وەڵامی دایەوە:

– ئیتر من کارێکم لەدەست نایەت ڕەنگبێ دوو ڕۆژ پێشتر ئەو بەرگ و لیباسەت لەبەردا بووبێ، ئەمڕۆ گۆڕیبێتت.

– شتی وا نابێ.

– دیسان وێنەگر هەستا سەر پێ شانی هەڵتەکاند.

– تەواو بوو ئیتر وێنەیەک نەماوە لێرە لەو گشت وێنەیە یەکیان هەر دەبێ هی تۆ بێت...

ئەو لە داخ و حەیفاندا ددانی لە چیرەوە دەبرد.

دوای چەن چرکە ئارام بۆوە، گوتی:

– ئەوانە وێنەی من نین. شەش دانە وێنەی ٤×٦ لەگەڵ وێنەیەکی گەورەتر، بمدەیە با، سەرو دڵتان بەر بدەم. لەخۆڕا پوول و پارەت وەرگرتووە...

وێنەگر سێ پاکەت وێنەی لەبەر دەستی دانا.

– بۆ تۆ گەورەم پێشکەشت بێ. تووڕە بوونی ناوێ وەڵڵا و بیللا من سەری لێ دەرناهێنم. ئەو سێ دەستە وێنەیە تەواو لەتۆ دەچێ وێنەی خۆتن یەکیان بە سمێڵ و کڵاوەوە، یەکیان سمێڵی هەیە و بێ کڵاوە ئەوەشیان نە سمێڵی هەیە و نە کڵاو. حەزت لە هەر کامێکیانە هەڵی بگرە بۆ خۆت...

– حەزم؟ جا بۆ ئەمە حەز حەزۆکێنە؟ پیاوی باش! کاکی وێنەگر، یان تێکەڵت کردووە، یان ئێمە بەگەوج دەزانی مەگەر تۆ کار و کاسبی ناکەی قەت مشتەریت نەبووە، ناتەوێ ژیانی خۆت بەڕێوەبەری؟ لە کوێی دنیادا وا باو بووە کاتێک کەسێک دەچێ وێنەکەی وەربگرێتەوە سێ جۆری وێنە دەنێنە بەر دەستی. پێی پێدەکەنن پێی دەڵێن ئەو سێ دەستە وێنەیە وێنەی تۆن کامیانت دەوێ بۆ خۆت، پێرێ کە وێنەکەت لێ هەڵگرتم خۆ کوێر نەبووی! نە سمێڵم هەبوو نە کڵاوم لەسەر دابوو نە کۆتەکەشم ئاوابوو وێنەگر لە حەژمەتان، لێوی خۆی دەکرۆژێ، بەڵام هێشتا هەوڵی دەدا هێدی و لەسەرەخۆ بێ بە ئارامی وەڵامی دایەوە:

– ئەوانەی دەیفەرمووی هەموو حیسابییە بێ زیاد و کەم بەلای منەوە جێگای ڕێزە تەواوی خەتای ئەو شاگردە گەمژەی منە ئەو هەمووی لێک داون، ژمارەکانی تێکەڵ کردوون، خۆ ئەگەر ئاوا نەبا بەبێ ئەوەی مەحتەلتان بکەم بەڕێم دەکردن ئەو هەموو چەلەحانێ و سەر هێشانەشی نەدەویست، بەڵام من سەرم لەوە سووڕماوە چۆن ئەو سێ دەستە وێنەیە لەتۆ دەچن هەر هەموویان تەواو عەینەن تۆ ئیتر ئێستا بزانم وێنەی تۆن، یان وێنەی کەسێکی دیکە تێناگەم وێنە ئەسڵییەکەی ئێوە چی لێهاتووە... چی بەسەرهات...

زۆر بەلامەوە سەیرە، قەڵافەت و ڕواڵەتی خۆتان ناناسنەوە؟

– جا بۆ ئێوە دەیناسنەوە هەتاکو من بیناسم؟

– چۆن نەیناسم؟ هەر ئێستا وێنەیەکی خۆم بدەرێ با وێنەی کۆنیش بێ خێرا پێتان دەڵێم وێنەی منە، یان وێنەی کەسێکی تر، سەرم لێ سووڕماوە...

– سەرت لێ سووڕماوە؟ جا بۆ پێویستە خەڵکی جیهان هەموویان وێنەی خۆیان بناسنەوە؟

ئێستا تۆ وێنەگری، کار و پیشەت ئەوەیە. چ قەڵێک هێلکەی خۆی دەناسێتەوە؟

سەیرکەن چۆن کڵاودەنێنە سەر خەڵکی... سێ چوار ڕۆژێک مەحتەلیان دەکەن لەکار و کاسبی دەبن، لە ئاخریشدا ئاوا وەڵامیان دەدەنەوە...

چی وای نەمابوو لە داخ و حەیفاندا وێنەگر دەست نەکا بە گریان ئاوێنەیەکی لەگیرفان دەرهێنا دایە دەستی:

– ها، ئیتر خۆ لەوە ئاسانتر نابێ! بڕوانە لە وێنەکان دەچی، یان نا؟

ئەویش ئاوێنەکەی ڕووبەڕووی خۆی ڕاگرت تێی ڕاما. دواتر هەر بەم شێوەیەی ئاوێنەکەی بەدەستەوە بوو لەسەر کورسییەکە دانیشت لەژێر لێوەوە بە نیگەرانییەوە بۆڵە بۆڵی بوو. لە پڕ ئاوێنەکەی داوە دەست وێنەگر سەروچاوی خستە نێو هەردوو لەپی دەستییەوە، وێنەگر بە هێمنی لێی پرسی:

– دیتت؟

ئەو هەستایە سەر پێ و دیسان بۆ لای مێزەکە ڕۆیشت، وێنەکانی هەڵگرت و تەماشای کردن، دایەوە دەست وێنەگر، وێنەگر گوتی:

– ئەگەر پەلەت نەبێ خاوەنی وێنەکان دێنە ئێرە خەراپ نییە ئەوانەی لەتۆ دەچن بیانبینی، بیانناسی.

ئەو بۆ لای دەرگاکە ڕۆیشت:

– دەست بڕو چاو بەستانە قەت ئەوانە وێنەی من نین مەعلووم نییە وێنەی ئەسڵی من چی بەسەر هاتووە لەوە ناچێ وێنەی منت گرتبێ. داوەشێن بۆ وێنەگرتنتان.

کاتێک ئەو چووە دەرێ وێنەگر وەک ماران گەستە ئەم سەرو ئەوسەری ژوورەکەی دەکرد.

– وەڵڵاهی سەیرە، خەریکە مێشکم دەتەقێ. ئاخر چۆن خۆی نەناسییەوە؟ ئەو وێنانە بۆچی هەموویان لەو دەچوون؟ دەڵێی لەو پەنجەرەوە خۆم بەردەمەوە.

شاگردەکەی وەژوور کەوت.

– ئەو کابرایەی کە وێنەکانی وەرگرت؟ چاوم لێ بوو چووە وێنەگریەکەی ئەوبەری.

**سەرچاوە:**

**کتاب سنگر وقمقمەهای خالی، انتشارات کتاب زمان، تاریخ چاپ ٥٦/٥٤.**



محەمەد ڕەحیمیان ساڵی ١٩٧١ لە شاری تیکاب لە دایک بووە. یەکێکە لە نووسەرە هەڵسووڕەکانی بواری ڕەخنەو وتار نووسینی کوردستانی ڕۆژهەڵات. تا ئێستا چەندین شانۆشی وەک دەرهێنەر بردۆتە سەر سەکۆ و هەر خۆشی زۆربەی دەقی شانۆکانی دەنووسێ. حاڵی حازر کتێبێکی ئامادەی چاپە کە سەرجەمی دەقە شانۆییەکانیەتی. ماستەری ئەدەبیاتی فارسی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە و تێزی بڕوانامەکەی لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل بوو لەسەر ئەدەبیاتی داستانی هاوچەرخی کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئێستاش دانیشتووی شاری تیکابە.

# محەمەد ڕەحیمیان:
# مرۆڤ کە بوێری گومانی تێدا مرد، پرسیارکردن و چێژیشی تێدا دەمرێ

**ئا: عەبدولخالق یەعقووبی**
**(بۆکان)**

**له زانکۆدا ڕوانگەیەکی ڕەخنەئامێز سەبارەت بە ئەدەب، بوونی نییە**

* کام پێداویستی هانی داوی لا لە ڕەخنەی ئەدەبی بکەیتەوە؟ ئایا ئاوڕدانەوەت لە ڕەخنە بەپێی ویستی مەعریفی خۆت بووە، یان لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەدەبی کوردی کە دەزانین لە بواری ڕەخنەدا لەڕو لاوازی زۆری پێوە دیارە؟

– ساڵ هایەک لەوە پێشتر کاتێک نووسراوەیەکی «یان ڕیپکا»م سەبارەت بەمێژووی ئەدەبی فارسی دەخوێندەوە جیاوازییەکم لەچاو نووسراوە فارسییەکان سەبارەت بە مێژووی ئەدەب، بەدی کرد. ئەو جیاوازییە دەچووە سەر شێوەی شیکاری و مەعریفە و شرۆڤەی بێ لایەن سەبارەت بە بەرهەمەکانی ئەدەبی فارسی. کاتێک نووسراوە فارسییەکانم لەگەڵ کارەکەی «یان ڕیپکا» هەڵدەسەنگاند گەلێک دووپاتەکاری و ستایشی لایەنگرانە و بێ مەعریفەم لێ دەردەکەوت. دیارە مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی دوو بابەتی جیاوازن، بەڵام ئەوەی کە لە نووسینەکەی «یان ڕیپکا» بۆ من سەرنجڕاکێش بوو داهێنان و بۆچوونی تازە لە بارەی بابەتەکان بوو. ئەمە ویستی دەروونی من بوو کە کاتێک بابەتێک دەخوێنییەوە لەگەڵیدا بدوێی، بەرپرسیاری بدەی، لەپێناویدا بۆچوونێکی تازەت بێ، گومانی لێ بکەی، بە شوێن دیوە شارەوەکانیدا بگەڕێی، پڕ بە هەناوی خۆت گەشەی پێ بکەی، یان تووڕی دەی، بەبێ پەیژەی پەراوێزەکان دابەزییە هەناوی دەقەکە و بەداهێنانێکی تازەوە لەگەڵیدا ڕووبەڕوو ببیەوە. من ئەم شێوە ڕووبەڕووبوونە و خوێندنەوەم لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دۆزییەوە. بەم پێیە تێگەیشتنی من لە ڕەخنە و ئەو پێناسەیە کە لە ڕەخنە هەمە، بووەتە هۆی ئاوڕدانەوەم لە ڕەخنەی ئەدەبی. مرۆڤ بەبێ هەڵوێست لە هەمبەر جیهاندا بوونەوەرێکی دەستەپاچە و داماوە و هێزی گۆڕینی نییە. مرۆڤ بەبێ هەڵوێست لە هەمبەر جیهاندا بوێری گومانی تێدا دەمرێ. کە گومانت تێدا مرد هەر چەشنە پرسیارێکت تێدا قەتیس دەبێت و لەوە گرینگتر چێژت تێدا دەمرێت. مرۆڤ بێگومان لە خوێندنەوەشدا بەرکار و مونفەعیلە و هەمبارێکە کە بابەتەکانی تێ دەئاخنرێت و هیچی تر. ڕەخنە جەمسەری هەڵوێست و گومان و داهێنانە و دەرفەتێکە بۆ خوێندنەوەی بابەتە هونەرییەکان و سازدانی جیهانێکی تازە لە هەمبەر جیهانی دەقدا. با بڵێین ڕەخنە جیهانێکە کە پاڵ دەدا بەپاڵ ئاسەواری هونەری و پەرەی پێ دەدا. تێگەیشتن و شیکاری و تاوتووکردنی بەرهەمێکی هونەری تێکەڵە لەگەڵ فکرو هزر و فەلسەفە. بەبێ ڕەخنە بەرهەم نەزۆکە. ڕەخنە ئەو دنیایەیە کە دەقێکی ئەدەبی ڕووبەڕووی دەبێت و خۆی لە بەرانبەریدا بە بەرپرسیار دەزانێ. هەر خوڵقاوەیەکی ئەدەبی بێجگە لەبەرانبەر ڕەخنە لەبەرانبەر هیچێکی تر بەرپرس نییە. هونەرمەند جیهانێک دەئافرێنێ، بەڵام خوێندنەوەی ئەو جیهانەیە کە تەواو و تەکمیلی دەکات. شیعر تا نەخوێنرێتەوە تەواو نییە. دیارە ئەم خوێندنەوەیە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە جا چ بنووسرێ، یان نا.

ئاوڕدانەوەی منیش لە ڕەخنە وەک دەپرسی بەهۆی لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەدەبی کوردی و لاوازبوونی ڕەخنە نییە، چوون ئەم چەشنە ئاوڕدانەوەیە لایەنێکی ڕۆشنبیرانە و هەست بە بەرپرس بوونی تێدایە. ئەمە ئەرکێکی پیرۆزە، بەڵام پێم وایە لە بواری هونەر و ڕەخنە و نووسیندا هەڵقوڵانی مەیلێکی دەروونی پێویستە و دەشکێتەوە بەسەر ئەو هەستە ڕۆشنبیرانە کە بیەوێ کەلێنەکانی قوتابخانەی کوردی پڕکاتەوە. وەک ئەوەی کە کەسێک بەو هۆیە ببێت بە شاعیر، ڕۆماننووس، نووسەر، یان وەرگێڕ کە هەست بەرپرسایەتی لەپێناو ئەدەبی کوردیدا بکات. پێم وایە ئەرکمەندکردنی هونەر و نووسین بەبێ هزرێکی دەروونی بەرهەمێکی ساختەیی و دەسکردی لێ بکەوێتەوە. هەوڵدان لە بواری ئەدەب و هونەری کوردیدا ئەرکێکی پیرۆزە، بەڵام هەر کەسێک دەبێ لە واقیعی توانست و لواوییە دەروونییەکانی خۆی تێ بگات و بەپێی توانستەکانی خزمەتی خۆی بەدی بێنێت.

* ئاریشەو خەسارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کامانەن؟ ڕەگوڕیشەی بارودۆخی تاڕادەیەکی زۆر نا زانستیانەی ئەم بوارە لەچیدایە؟

– خەساری گەورەی ئەدەبی لای ئێمە بە کوردی و بە فارسی، غیابی مێژووی ڕەخنەیە. ئەم غیابە کە بووەتە هۆی نەبوونی ڕەوتی مێژوویی ڕەخنە، ئەدەبی ئێمەی لە مەعریفە و شیکاری و زاوزێ و پەرەگرتن و پەل داکوتان بەلایەنە شاراوەکانی ژیانی مرۆڤ و جۆراوجۆری و ئاڵوگۆڕی پێکهاتەیی و ناوەرۆکی پێوەری کردووە. ئەگەر ئەدەبی ئێمە ڕەوتێکی ڕاوەستاو و ئێجگار کولی لە

بەستێنی مێژوودا هەیە بەشی سەرەکی دەچێتەوە سەر غیابی ڕەخنەی ئەدەبی. لە ئەدەبی فارسیدا گەلێک کتێب سەبارەت بە یاسای شیعر و دەستووری ئەدەب و بەلاغەت، هەروەها سەربهورد و بیرورِاو تەنانەت شێوازی ئەدەبی دۆخەکان نووسراوە، بەڵام ئەمانە هیچیان وەک ڕەخنەیەکی ئەدەبی بەو مانا تۆخەی کە ئێستا هەیەتی، پێکناهێنن. ئاکادیمی ئەدەبی فارسی هێشتا ئێستاش، یان ئاوڕ لە ڕەخنەی ئەدەبی ناداتەوە، یان بەبێزەوە و لە ڕووی ناعیلاجی و گرینگایەتی کاتی و ساتی ڕوو لە ڕەخنە دەکات. گرینگترین کتێب گەلێک کە ئێستا لە زانکۆی ئەدەبی فارسی ئێران وەک ژێدەری ڕەخنەی ئەدەبی بە قوتابییەکانی ئەدەبی فارسی دەناسرێ دوو کتێبی «نقد ادبی» و «شعر بی دروغ و شعر بی نقاب»ی خوا لێخۆشبوو «زەرین کووب»ـە. کە ئەم کتێبانەش پتر لەوەی کە ڕەخنەی ئەدەبی بێتن باسی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی جیهان و ئێرانە و تەنیا ئاگادارییەکی مێژووییت سەبارەت بە ڕەخنە دەداتێ. دەمەوێ بڵێم کە لە زانکۆدا لە ڕاستیدا ڕوانگەیەکی ڕەخنەئامێز سەبارەت بە ئەدەب بوونی نییە. هەر ئەوەندەیە بەبێ ئاوڕێکی مەعریفی و شیکارییەکی هەمە لایەن ئاسەواری چەند کەڵەشاعیر و نووسەرت پێ دەناسێنن کە دەبێ بەبێ تاوتووکردن بیسەلمێنی ئەمانە نووسەر و شاعیری هەرە مەزن بوونە. زانکۆکانی ئەدەبی ئێران بە خۆ خەفلاندن لە ڕەخنە، ئەدەبی فارسییان بەرەو نەزۆکی و وەدواکەوتن لە ئەدەبی ئەمڕۆی جیهان بردووە. لەم زانکۆیانەدا هەر خەریکی کۆکردنەوەی نوسخە و ساغکردنەوەی دەقە مێژوویی و کۆنەکانن. خەریکی جەمع و تەفریقی سەروا و پاشڵی شیعرن. ئەگەر بێتو بیانەوێ بچنە ناخی بەرهەم و شیعری فارسییەوە ئەوپەڕی هونەرەکەیان لەوەدایە کە لایەنێکی ئایدیۆلۆژیکی لێ هەڵێنجێنن و ئەوپەڕی مەعریفەکەیان ئەوەیە کە بیسەلمێنن فیردەوسی و حافز و سەعدی، یان بڕوامەندی فلانە مەزەبی باوی ئێستای ئێران بوونە، یان گرایشتێکیان بەرەو ئەو ئایینە بووە. بەم هۆیە ئێستا لای ئێمە دوو گرایشتی سەبارەت بە ئەدەب دەبیندرێ، یان ئەو گرایشتە ئاکادیمیک و نەزۆکە، یان گرایشتێک کە دابڕاو لە ئەدەبی کلاسیک بە ئەدەب و ڕەخنەی ڕۆژئاواوە خۆی خەریک کردووە. ئەم لایەنەش گەرچی تیۆری ئەدەبی جیهان باش دەناسێ و تاوتووی دەکات، بەڵام ناتوانێ گەنجینەی ئەدەبی ئێران بەپێی ئەوتیۆریانە بخوێنێتەوە. ئەم لایەنە بە تیۆرییە ئەدەبییەکان هەر ئەدەبی خورائاوا دەخوێننەوە و لەوەی کە ئەم تیۆریە جیهانیانە دابەزێننە سەر ئەدەبی خۆماڵی بێوەرین.

عەرزم کردی کە نەبوونی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی لای ئێمە خەسارێکی سەرەکییە کە خەسارەکانی تری لێ دەکەوێتەوە. هەمێستا من نامەوێ بڵێم ئێمە ڕەخنەی ئەدەبیمان نییە. وەک ئێستا کە باوە گەر باسی هەر لایەنێکی هونەر و ئەدەب دێتە گۆڕێ لە ڕێوە دەڵێن ئێمە شانۆمان نییە، ئێمە شیعرمان نییە، ئێمە چیرۆک و ڕۆمانمان نییە و تاوتووی بابەتەکە لەسەر نەبوون دادەمەرزێنن. ئەمە بۆ خۆی وەلانانی مەبەستە و لەگەڵ ماهییەتی باسەکان یەک ناگرێتەوە. ئەگەر شیعر، یان ڕۆمانت نییە ئەی سەبارەت بە خەساری چی دەدوێی. بۆیە من نامەوێ بڵێم ڕەخنەمان نییە، بەڵام دەڵێم ڕەخنەیەکی کز و خەسارمەندمان هەیە کە دەبێ خەسارەکانی شی بکرێ و بۆ قەرەبووکردنەوەی هەوڵ بدرێ.

ڕەنگە خەساری بناخەیی ڕەخنەی کوردی سەرچاوەیەکی فەرهەنگی هەبێتن. «مالارمێ» دەڵێ: «لەوانەی کە هەمیشە لەگەڵم تەبابوون هیچ شتێک فێر نەبوومە». لە باری فەرهەنگییەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئاساییەکانی ئێمە لەژیاندا ئەوەندە بەرین نییە کە ڕەخنەی تێدا بگونجێ. پێوەندییەکانی ئێمە لە هەموو بارێکەوە لەسەر تەبابوون بەندە و هیچ پێوەندییەک بەناتەبایی دەوامی نییە. هەر لە ژیانی ڕۆژانەوە بگرە تا مێژووی پێوەندییە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان. لە پێوەندی کۆمەڵگاییدا، یان لە هەموو بوارێکدا، یان تەباین و پێوەندییەکی بڵاومان هەیە، یان نا تەباین و هیچ پێوەندیەکمان نییە. لەباری فەرهەنگییەوە فێر نەبووین ڕەخنەمان لێ بگیردرێ، یان ڕەخنەیەکی مانادار بگرین، یان با بڵێین ژیانی ئێمە لە ڕەخنە بەتاڵە. ئەم نەبوونی بەستێنە فەرهەنگییە شوێنێکی زۆری لە ئەو کەشوهەوایە کە چاوەڕوانی دروستبوونی ڕەخنەمان لێی هەیە، داناوە. واتە لە باری فەرهەنگی و ڕەوانییەوە نە ڕەخنەئامێز دەڕوانینە دەوروبەری خۆمان و نە چاوەڕوانی ئەوەین ڕەخنەمان لێ بگیردرێ، یان لانی کەم فێر نەبووین بە چ زاراوەیەک ڕەخنە بگرین، یان چۆن ڕووبەڕووی ڕەخنە ببینەوە. لە دەوامی ئەم لایەنە فەرهەنگییەی ڕەخنە، باسی تێگەیشتن لە پێویستایەتی ڕەخنەیە. پێشتر لە هەموو کەسێک نووسەر و شاعیر و

ئەدەبی ئێمە دەبێ لە پێویستایەتی ڕەخنە تێبگەن و ڕەخنەگر بە ملۆزمێکی خۆیان نەزانن کە پێش بەپێش کەوتنیان دەگرن. من لەگەڵ «چیخەف» نیم کە ڕەخنەگری بە خەرەنگێزەیەک دەزانی کە پەکی بەگاشێف بڕەکان دەخست. تەنانەت لەگەڵ «مارکیز»یش نیم کە لە ڕەخنەگر وەرەز دەبێ بەو هۆیە کە ڕەخنەگرەکان پێیان وایە لەخاوەنی بەرهەمەکە زۆرتر دەزانن. ڕەخنەگریی وانییە لە بەرهەمهێن زۆرتر دەزانێ، ئەوەندەیە کە جارێکی تر بەرهەمەکە دەخوێنێتەوە. با لە ڕوانگەیەکی گەشبینانەوە بڵێین «چیخەف» و «مارکیز» دژ بە ڕەخنەگرن نەوەک دژ بە ڕەخنە بن. سەلماندنی ئەو واقیعە کە هەر خوێنەرێک ڕەخنەگرێکە و هەر کەسێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بابەتەکان حەقی ڕەخنە و پرسیار و تاوتووکردنەوەی هەیە و هەر بەرهەمێک جیهانێکە کە هەر مرۆڤێک ڕووبەڕووی بێتەوە حەقی دوان و ئاخاوتنی لەگەڵی هەیە، بگرە هێز و هەرمان و گەشەیەکی زۆرتریش دەخاتە بەر بابەتەکەوە. ڕەخنەگر مامانێکە کە یارمەتی هونەرمەند دەدا کە بابەتەکەی هاسانتر لە دایک بێت و لە نەبوونیدا مەترسی و تەنگانە هەیە. پێم وایە ئەگەر لە خولقانی جیهاندا بیر لە ڕەخنە بکرابایەوە ڕەنگە لەمە باشتر بخولقایە.

دوای گرفتێک کە لە باری کۆمەڵناسی و فەرهەنگی لەپێناو ڕەخنەدا هەیە، لایەنی زانستی ڕەخنە زۆرتر باس هەڵگرە. وەک دەزانن قوتابخانە ئەدەبییەکان کە ژێرخانی زانستی ڕەخنەی ئەدەبین، ئاکامی ئاڵوگۆڕێکی گرینگی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ڕامیارین کە لە بەستێنێکی مێژوویدا پێکهاتوون و هاوتەنیشتی یەک بوون و پێوەندییەکی مێژووییشیان لەگەڵ زانست گەلێک وەک کۆمەڵناسی و فەلسەفە و ڕەوانناسی و مرۆڤناسی و شتی وا هەبووە. قوتابخانە ئەدەبییەکان لە فەلسەفەوە هەڵقوڵاون و فەلسەفەش کۆمەڵێک لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕامیاری و هزری لەپشتەسەر دایە. قوتابخانە ڕەخنەییەکان لەسەر قوتابخانە ئەدەبییەکان و زانستە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ئەوانە دامەزران. ئێستاکە ئەگەر دێین دەقێک لە چوارچێوەی فلانە قوتابخانەدا هەڵدەسەنگێنین دیارە بەجۆرێک دابڕاوی لەکارەکەماندا دیارە، دابڕاوییەک کە لە دەقەوە دزە دەکاتە نێو دەقە ڕەخنەییەکانەوە. دابڕاوی لەو تۆڕە تەکووزمەندە کە لایەنە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕەوانناسی و فەلسەفە و جوانیناسی و ئەوانە گرێ دەداتە یەکتری. چۆڵی دەق و ڕەخنەی ئێمە غیابی ئەم تۆڕەیە.

**لەباری فەرهەنگییەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە لە ژیاندا ئەوەندە بەرین نییە کە ڕەخنەی تێدا بگونجێ**

قوتابخانە ڕەخنەییەکان بەداڵدەیەکی فەرهەنگییەوە لە بەستێنێکی زانستیدا بەرهەمی پێویستایەتییەکی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین کە لەلای ئێمەدا پێتان وایە ئەم بەستێنانە چەندە بوونێکی مێژووییان هەیە؟ ئەمانەن کە خەسارێکی تەوەرییان لێ دەکەوێتەوە ئەویش خەساری نەبوونی مێژوو و فەرهەنگی ڕەخنەیە واتە نەبوونی پێویستایەتی ڕەخنە و نەبوونی زمانی ڕەخنە با بڵێین نەبوونی گوتاری ڕەخنەیە.

کاتێک دەق توانای دوانی لەگەڵ من نییە و ئەمن توانای دوان لەگەڵ ئەوم نییە. دیارە ڕەخنە بەدی نایەت. زۆرجار دەقەکان بەزۆری دەخرێنە پاڵ فیسارە قوتابخانەوە. دەقێک لە ڕوانگەیەکی ڕوخسارخوازانە، یان پێکهاتەخوازانە، یان بنەما شکێنانەوە دەخوێندرێتەوە، کەچی ئەو دەقە بۆ خۆی لەوەها لواوی و پتانسیێلێک بێوەرییە، یان دەقێک بێ ئەوەی لە هزرێکی هونەرییەوە سەرچاوەی گرتبێ بە ئانقەست بەپێی فلانە تیۆرییەوە نووسراوە و نووسەرەکەشی تەنگ بە بەردەنگ هەڵدەچنێ کە ئەو شیعرە، یان ئەو ڕۆمانەی من بنەماشکێنییەکی تەواوە.

قەیرانێک کە لە کەلێنە چۆڵەکانی ڕەخنە و کزی ڕەخنە و ڕەخنەگرەکانمان سەرچاوە دەگرێ ئەوەیە کە نووسەر و شاعیری ئێمە بۆ خۆیان لەسەر بەرهەمەکانیان شت دەنووسن و باس دەکەن. بەو هۆیە کە شەپۆلی جیهانی ئاڵوگۆڕەکان، تازە ئێمەی گرتووەتەوە، لەدۆخی تێپەڕین داین، زۆربەی شاعیر و نووسەری لای ئێمە دڵەڕاوکێ و ئیشتیای سەر لق بوون و بزاڤ دامەزرێنیان هەیە واتە هان بە شوێن ئەوەوە کە پێگەیەکی مێژوویی بۆ خۆیان دروست کەن و لەمەشدا زۆر بە پەلەن و ڕکەبەرایەتیش دەکەن. یانی خۆیان لەوە دەخافڵێنن کە دیاری کردنی ئەم پێگە مێژووییە بە ڕەوتی زەمان و لەلایەن ڕەخنەگر و مێژووی ئەدەبەوە دیاری دەکرێ. باشە ئا لەم بارودۆخە بە بڵاوکردنەوەی یەک دوو بەرهەمە شیعر، یان چەند کورتە چیرۆک کە هێشتا دیار نییە چەندە شوێن لەسەر کۆمەڵگای ئەدەبی و ڕەوتی ئەدەبیدا دادەنێ چۆن من مافی ئەوەم هەیە خۆم بە دامەزرێنەر و دەست پێکەری و

ڕەوتێکی تازە لە قەڵەم دەم. ئەگەر بێتو لێم بپرسن کامە شاعیر و ڕۆماننووس، یان چ کتێب گەلێک لەو یەک دوو بەرهەمەی تۆ شوێنی هەڵگرتووە چ وەڵامێکم دەبێت؟ هەموو نووسەر و شاعیر و هونەرمەندێک مافی دوان لەسەر بەرهەمەکەی خۆی هەیە، بەڵام مافی بڕیاردانی نییە. ئەمە حەقێکی خوداییە کە بەخوێنەر و ڕەخنەگر دراوە. گەلێک لە شاعیر و چیرۆکنووسەکانی ئێمە لەسەر دابەشکاری موڵک و ماشی پێگەی مێژووی ئەدەب لەگەڵ یەک خاکن و پێشم وانییە بەم زووانەش ئاشت بنەوە. ئەم قەیرانە لە لاوازی ڕەخنەوە سەرچاوە دەگرێ. ئێمە شیعر و ڕۆمان و کورتە چیرۆکی باش و شاعیر و ڕۆماننووس و کورتەچیرۆکنووسی باش و بەتوانامان هەیە، بەڵام کە بەرهەمەکانیان بڵاودەبێتەوە کەس لەسەریان نانووسێ. ئەوەندەیە زۆر کەس جاری واشە بەبێ خوێندنەوەی بەرهەمەکە، بە پیرۆزباییەک، یان تەشەرێک قەناعەت دەکات. ئەمن پڕ بە دڵ هەست بە ژانی دڵی ئەو هونەرمەند و ئەدیب و نووسەرانە دەکەم کە شتەکانیان بڵاودەبێتەوە و کەس قسەی لەسەر ناکات. ئەمە خەساری ڕەخنە و کەمتەرخەمی ڕەخنەگرەکانمانە. وەک ئەوە دایکێک منداڵێکی مردووی بێت، وایە. منداڵی مردوو دەست بەجێ بەخاک دەسپێردرێ و دەقی بێ خوێندنەوە و ڕەخنەکاری، خێرا لەبیردەکرێ و ناوونیشانێکی نامێنێت. من دەڵێم گەر شاعیرێک، یان ڕۆماننووسێک لەسەر بەرهەمەکەی خۆی بڕیار دەدا بەهۆی کەمتەرخەمی ڕەخنە و- ناڵێم نەبوونی ڕەخنەگر- باشترە بڵێم کەمتەرخەمی ڕەخنەگرە. ئەگەر بەرهەمێکی تازە بڵاودەبێتەوە لانی کەم دەبێ چەند مانگ ببێ بەبنێشتە خۆشەی ڕەخنەگرەکان لە بڵاڤۆکە ئەدەبییەکاندا، کەچی، یان هەر هیچێک نانووسرێ، یان بەیەک دوو وتار کۆتایی پێ دێ.

خوێندنەوەی ڕەخنەئامێزە کە دەق وەجواب دێنێ و دەیدوێنێ. بەبێ ئەم خوێندنەوەیە دەق لاڵە و بەقسە نایەت. ئەگەر بە مەعریفەیەکی شیاوەوە بڕوانییە ڕەخنە، دیالکتیکێکە لەنێوان دەق و جیهاندا. بە ڕەخنەیە کە جیهانی دەق و جیهانی واقیع جیاوازی و پێوەندییەکانیان شیکاری دەکرێ، سنووری ئەو دوو جیهانە دیاری دەکرێ، سەربەخۆیی دەق لەو جیهانە دەردەکەوێ، پێگەی دەق لە مێژووی ئەدەبدا پیشان دەدرێ، بەبێ ڕەخنە دەنگی دەق دەرنابردرێ.

کەم خوێندنەوە، زاڵ نەبوون بەسەر لایەنی جۆراوجۆری تیۆرییە ئەدەبییەکان، تێنەگەیشتنی تێروتەسەل لە بنەمای فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئەو تیۆریانە، بێ بەهرە بوون لە توانستی دابەزاندنی تیۆرییە ئەدەبییەکان بەسەر دەقی خۆماڵی، داسەپاندنی بێ جێی بازێک لەتیۆرییەکان بەسەر دەقدا، نەناسینی لواوی دەقەکان، قەناعەت کردن بە قوتابخانە و تیۆری خۆرئاوا و نەبوونی تیۆری خۆماڵی، لە خەسارە زانستییەکانی بواری ڕەخنەی لای ئێمەیە. نەبوونی تیۆری خەسارێکی هەرە گەورەیە. دیارە قوتابخانە و تیۆریە ئەدەبییەکان، دەسکەوتێکی مرۆڤی و جیهانی و موڵکی تایبەتی کەس نییە و هەموو نەتەوەیەک دەکرێ کەڵکی لێ بگرێ، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە بۆ خۆمان لە بواری ڕەخنەدا داهێنانمان نەبێت. داهێنانێکی تازە کە شوێن پێی مرۆڤی کوردی پێوە دیار بێت، یان تیۆرییەک کە لواوی ئەوەی هەبێت کە دەقی خۆماڵی بە لایەنە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییە ئەدەبیەکانییەوە بخوێنێتەوە، بەستێنی داهێنان و بۆچوونی تازە دابین کات. ڕەخنەگری ئێمە نابێت هەر قەناعەت بە تیۆرییە ڕۆژئاواییەکان بێنێ، لانی کەم دەبێت بە شوێن هەڵگرتن لە ئەوان، بە نموونە وەرگرتن لەوان و بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی ژیان، قوتابخانە و چەشنمان بۆ خوێندنەوەی دەق هەبێت. ئەوە قوتابخانەیەکی ئەدەبییە کە یارمەتی ئەدیب و هونەرمەندان دەدات بۆ بەدەق کردنی فەلسەفە، بۆ بەدەق کردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، بۆ بەدەق کردنی کارەساتەکان و بەختەوەرییەکان، بۆ بەدەق کردنی شکست و سەرکەوتنەکانی مێژوویی نەتەوەیەک. بڕوانە ئەو شوێنە فەلسەفییە کە ئاشوێتس لە بیرۆکەی فەلسەفی دانا و پاشان وەک قوتابخانەیەک هاتە ناو دەقە ئەدەبییەکانەوە و ئەو هەموو شاعیر و ڕۆماننووس و شانۆنووسەی لێ کەوتەوە. کوا شوێنکاری فەلسەفی و ئەدەبی و ڕەوانناسانەی ئەنفال و هەڵەبجە لەسەر ئێمە؟ کوا شوێنکاری کارەساتی چوارچرا لە ئەدەبی ئێمەدا؟ بەم پێیە خەساری زانستی و کەلێنە بەرینەکانی بواری ڕەخنەمان لێ دەردەکەوێت و دەبینین کە ئەم بەستێنەمان چەند ئاڵۆز و ناسامانە.

* بەبڕوای تۆ ئەو هەوڵانەی تا ئێستا لەکوردستانی ڕۆژهەڵات لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا دراون تا چەند وەڵامدەری خواستی هێنانە ئارای ڕەخنەیەکی جیدی و وردبینانە بووە؟ ئایا تۆ باوەڕت بە بزاڤێک بەناوی ڕەخنە لەم پارچەیە لە کوردستاندا هەیە؟

– وەڵامی ئەم پرسیارەم بەشێوەیەک داوەتەوە. من ناڵێم لە ڕۆژهەڵاتدا ڕەخنەی جیدی و زانستیانە نەبووە، بەڵام ڕەخنەیەکی کەم تەرخەمان هەبووە. ڕەخنەیەک کە وردبینانە و داهێنەرانە و زانستیانە بێت ناڵێم نییە، بەڵام دەگمەنە. ڕەخنەگری ئێمە هێشتا نەچووەتە ناو جەماوەرەوە، یان بابڵێین ئەو پێویستایەتییە گشتییەی بەدی نەهێناوە. ئەگەر بەرهەمێک بڵاودەبێتەوە خوێنەر ڕانەهاتووە کە چاوەڕوانی شیکاری و خوێندنەوەی ڕەخنەیی بێت. نە خوێنەر ڕەخنەی ئەوەندە قورس و قایم گرتووە و نە ڕەخنە توانیویەتی ئەم ئیمکانە بۆ خۆی دابین کات. واتە ببێت بە زەروورەتێک لە کۆمەڵگای ئەدەبیدا.

**مرۆڤ بەبێ هەڵوێست لە هەمبەر جیهاندا بوونەوەرێکی دەستەپاچە و داماوەو هێزی گۆڕینی نییە**

ئەگەر لە ڕەخنەی لای ئێمە وەک بزاڤێک باس بکرێ دیارە بزاڤ تایبەتمەندییەکان و بارودۆخی خۆی هەیە. بزاڤ بەستێنەکانی خۆی هەیە کە لای ئێمە ئەو بەستێنانە زۆربەیان بوونیان نییە. بزاڤ لە پێویستایەتییەکەوە، لەنیازێکەوە دەست پێ دەکات و داوێنی کارگەرێتی و دەوامی هەیە. بەڕای من ڕەخنە لای ئێمە نەوەک بزاڤ، بەڵکو شەپۆلێکە واتە ڕەوەند و دەوام و پانتایی شوێن دانانی کەمە. کە وایە دەڵێم شەپۆلی ڕەخنە لای ئێمە هەیە کە هیوادارم ئەم شەپۆلانە ببن بە بزاڤ بە هەموو تایبەتمەندییەکانی بزاڤێکەوە. من ناتوانم لە بزاڤی ڕەخنە لەم پارچەیەی کوردستاندا باس بکەم وەک چۆن باسی بزاڤی فۆرمالیسم لە ڕووسیا، یان فەرانسە دەکرێ. دەبینین کە فۆرمالیسمی ڕووسیا بەستێنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و تەنانەت فەلسەفییەکانی تایبەتی خۆی هەبووە و تا فەرانسە و ئەمریکاش شوێنی داخستووە. دیارە ئەو کۆکاری و ئیجماع و جیدیبوون و زانستە هێشتا لای ئێمە بۆ سازدانی بزاڤێکی ڕەخنەیی، ئامادەیی نییە. ژێرخانەکانی بزاڤێکی ڕەخنەیی هێشتا پێک نەهاتووە.

* ئەدەبیاتی کوردی تا چەندە لەژێر کاریگەرێتی ڕەخنەی ئەدەبیدا بووە؟ ئایا پێت وایە ڕەخنەی جیدی ناڕاستەوخۆ لە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی سەرکەوتوودا شوێنی هەبێ؟

– بەهۆی بارودۆخی کورد وەک کەمینە ئەدەبیاتی کوردی لە داوێنی ناسیۆنالیزمی کوردیدا لە دایک بووە و باڵای کردووە، زۆرتر لە پێویستایەتییەکی ڕۆشنبیرانە و لە هەستێکی ئەرکمەندەوە هەڵقوڵاوە. لایەنی ئەدەبی شیعری کلاسیکی کوردی لە شیعری شاعیرگەلێک وەک: (نالی، مەحوی، وەفایی، مەولەوی) و ئەوانەدا تایبەتمەندی ئەدەبی خۆیان هەیە و لەژێر کارگەرێتی ئەدەبی باوی زەماندا بوون، واتە لە سوننەتێکی ئەدەبی تایبەت کە لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبیدا باوبووە، شوێنیان هەڵگرتووە و ئەڵبەت ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتووانە بوونە، وەک لە شیعری نیزامی و خاقانی و سەعدی و حافزدا سوننەتێکی ئەدەبی تایبەتی زەمان باوبووە و سەرکەوتوویی شاعیریش دەچووە سەرهێزە زمانییەکەی بۆ غاردان لەپانتایی ئەو سوننەتەدا. ئەدەبییەت تەوەری سەرەکی ئەدەبیاتە. ئەرکێکی گرینگی ڕەخنەکاری ئەوەیە شی کاتەوە کە چۆن لە ئەدەبیاتی پەتی و ئەسیلدا لایەنە فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و شتی وا دەچنە دۆخێکی ئەدەبییەوە؟ وەک لووکاچ لەسەر ئەم خاڵە گرینگە پێداگری دەکا و لەوە دەکۆڵێتەوە کە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی بەرهەمهێنەر، چۆن دزە دەکاتە نێو ئەدەبەوە و خەسڵەتێکی ئەدەبی بە خۆوە دەگرێ. بەرهەمێکی ئەدەبی، یان با بڵێین ئەدەبیات سیحرێکە کە لەوێدا توخمە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفی و مێژوویی و ڕەوانی و عاتیفی بە خەسڵەتێکی ئەبەدی و هەتا هەتاییەوە ڕەنگێکی جوانیناسانە و ئیستێتیک دەگرنە خۆوە و جیهانێکی تایبەت دەخوڵقێنن کە پێی دەڵێین جیهانی دەق کە جیاوازە لەو جیهانەی کە دەق وەک بابەتێک لێی دەدوێ. حافز لە شیعرەکانیدا لە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و سوننەتی باوی سەردەمی خۆی واتە عیرفان دەدوێ، بەڵام لایەنی ئەدەبی کارەکەی ئەوەندە زاڵە کە شیعرەکەی وەک شاکارێکی جیهانی و ئەبەدی لە قوتابخانەی ئەدەبی فارسیدا دەگونجێنێ. سیاسیترین شاعیری ئەدەبی فارسی بە بڕوای من حافزە، کەچی وەک گەورەترین و ئەدیبترین شاعیر دەناسرێ و ئەمەش دەچێتەوە سەر سەرکەوتوویی ئەو لە بواری ئەدەبدا، یانی هیچ لایەنێک ناتوانێ بەسەر لایەنی ئەدەبی شیعری حافزدا زاڵ بێ و لە خەسڵەتی ئەدەبی دووری خاتەوە و ئەمەش گەورەترین هۆی سەرکەوتوویی ئەوە. ئەگەر ئاوڕێک لە شاعیرانی فارسی بێژی دۆخی مەشرووتەی مێژووی ئەدەبی فارسی بدەینەوە زۆر شاعیری نا

سەرکەوتووی سیاسی دەبینین کە لایەنی ڕۆشنبیرانە و سیاسی شیعرەکەیان بەسەر لایەنی ئەدەبیدا زاڵە. بەهۆی کەمینە بوونی کورد ئەدەبیاتی کوردی دەچێتە پۆلینی ئەدەبی کەمینەوە کە «ژیل دلۆز» کوتەنی تایبەتمەندی گەلێک وەک سیاسی بوون و نەبوونی نیشتمانی زمانی هەیە. واتە ئەدەبی کوردی لایەنی سیاسی زۆرتر بەسەریدا زاڵە تا لایەنی ئەدەبی و ئەدەبیاتێکی بێ نیشتمانە، مەبەستم لەنیشتمان مانا سیاسیەکەیە. نەبوونی نیشتمان بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەدەبی کوردی لەگەڵ گرفت گەلێکی زمانی و ئەدەبی ڕووبەڕووە و هەروا کە ئاماژەم پێکرد وەک ئەدەبێکی کەمینە ئەویش حاشا لێ کراو تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە. وەک بەشێک لە شیعرەکانی مامۆستا (هێمن) کە وەک ئەدەبی ڕەشۆکی لایەنی ئەدەبیان کزە، یان بۆ کوردستانی مامۆستا (هەژار) ئەڵبەت ئەمە زۆر سروشتییە و لە بایەخی ئەو گەورە خەبات کارانە کەم ناکاتەوە. وەک لایەنی ئەدەبی حەدیقەی سەنایی غەزنەوی و گوڵشەنی ڕازی شەبستەری و موختارنامەی عەتتار لە فارسیدا کزە. چوون لەوێدا مەبەست نەوەکو ئەدەبیات، بەڵکو بابەت گەلێکی تر بووە.

ئەدەبیاتی کوردی بەهۆی مێژوو و بارودۆخی خۆی کەمتر لەژێر کاریگەرێتی ئەدەبیدا بووە. وەک شیعرە سەرەتاییەکانی (شێرکۆ بێکەس) و بەشێک لە شیعرەکانی (عەبدوڵلا پەشێو)، یان پێشمەرگەی (ڕەحیمی قازی)، یان پێکەنینی گەدای (حەسەن قزڵجی) کە لایەنی ئەدەبیان کزە، بەڵام گرینگی کاری ئەوان بە بایەخێکی مێژوویییەوە دەچێتەوە سەر ئەو بارودۆخە کە کورد تێیدا ژیاوە. بایەخی شیعری حافز لەوەدا نییە کە بە فارسی شیعری گوتووە، یان بە زمانێکی ئیستعارییەوە ڕەخنەی لە بایەخە ئایینی و سیاسیەکانی دەسەڵات گرتووە، یان بەگژ عیرفانی ڕواڵەتی و زمان لووسیدا چووە، بەڵکو ڕاست بایەخی دەچێتەوە سەر هێزمەندی زمانە ئەدەبییەکەی، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا کە شاعیر و نووسەرەکانمان تا پێگەیەکی ئوستوورەیی بەرزدەکرێنەوە نەوەک بەهۆی پاڵپشتێکی ئەدەبییەوەیە، بەڵکو بەو هۆیەیە کە بە کوردی نووسیویانە، یان ژانی گەلیان دەربڕیوە. دیارە گەر ڕۆژێک کورد لە چەرمەسەری و چەوسانەوە دەرباز بێ و وەک نەتەوەیەک سەقامگیر بێ زۆربەی هەرە زۆری ئاسەوارە ئەدەبییەکەی بێجگە لە بایەخێکی مێژوویی و

توژینەوەیی ئیتر بایەخێکی نامێنێ و کۆشکی زۆربەی ئوستوورە ئەدەبییەکانی دەڕووخێ.

بەڵام کە باسی شوێنی ڕەخنە لە بەرهەم هێنانی ئەدەبی دەکەی دیارە سەرەکیترین کاری ڕەخنە یارمەتی کۆمەڵگای ئەدەبییە بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمی سەرکەوتوو. پێشتر گوتم کە ڕەخنە وەک مامانێکە کە یارمەتی بە لە دایکبوونی بەرهەمی باش دەدات. بە نەبوونی مامان نەک هیچ منداڵێک لە دایک نەبێت نا، بەڵام زۆربەی منداڵەکان سەقەت دەبن.

«ڕەخنەی جیدی» بۆ من تێکەڵکارییەکی نامۆیە. ڕەخنە، یان نییە، یان جیدییە. ئەگەر جیدی نەبێت، ئەگەر شوێن دانەخات ئیتر ڕەخنە نییە. ڕەخنە بە چەمک سازی ئەدەبی بزاڤ ساز دەکات. بە هەڵسەنگاندن پێش بە هەڵەکان دەگرێت. بە شیکاری بەرهەمەکە کەشف دەکات و دەیناسێنێ. بایەخەکانی ڕابردوو و ئێستا و بگرە داهاتووش ڕادەگەیەنێ. لە داهێنانەکان تێت دەگەیەنێ. ڕێگا بۆ داهێنانی تازە خۆش دەکا. تۆ بڵێی حافز و سەعدی و نالی و مەولەوی و بێسارانی لەکاتی خۆیاندا وەک ئێستا شی کرابێتنەوە و بایەخی هونەری و داهێنانەی شیعرەکانیان وەک ئێستا ناسرابێت؟

ڕەخنە پێوەندییەکە لەنێوان قوتابخانە ئەدەبییەکان و ئەو دەقانە کە دێنە بەرهەم. هیچ تیۆرییەکی ئەدەبی بەبێ ڕەخنە لە ئەدەبدا ڕەنگ ناداتەوە. ئەگەر جاری وایە دەڵێین فلانە شیعر، یان فیسارە ڕۆمان بە ئانقەست لەسەر فلانە تیۆری ئەدەبی نووسراوە بەهۆی غیابی ڕەخنەیە. نەبوونی ڕەخنەیە کەوا لە نووسەر و شاعیری ئێمە دەکات کە نەتوانن تیۆرییە ئەدەبییەکان لە ئاسەواری خۆیاندا بتوێننەوە، یان هەردوو پێگەی ئەدیب و ڕەخنەگر داگیرکەن و لەسەر ئاسەواری خۆیان قسە بکەن و لە داهێنانەکانیان بدوێن.

* تۆ لە بواری شانۆدا هەم دەقی شانۆییت نووسیوە، هەمیش کاری دەرهێنەریت کردووە. ئایا دەکرێ لە بارودۆخی شانۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ساتەوەختی ئێستادا بۆمان بدوێی؟

– شانۆش وەک هەموو بوارەکان گیروگرفتی تایبەتی خۆی هەیە بەو لایەنە زیادییەش کە تاڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگای ئێمەدا نامۆیە، شانۆ دوو کێشەی سەرەکی هەیە کە کێشەیەکی ماهۆڤیە، واتە شانۆ لای ئێمە لەگەڵ کێشەیەک ڕووبەڕووە کە دەچێتەوە سەر ژێرخان و توخمە بنەماییەکانی. یەکەم کێشەی مەشروعیەتی شانۆیە.

مەبەستم ڕەوایی و مەشروعیەتی ئایینی، یان سیاسی نییە، گەرچی شانۆ لەگەڵ ئەم کێشەگەلەش لە مێژووی خۆیدا ڕووبەڕووبووە، مەبەستم مەشروعیەتی کۆمەڵایەتییە. شانۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا ناناسرێ و بەردەنگ لەزمانی تێناگا، کە دەڵێم کێشەکە ماهۆڤییە بەو هۆیەیە کە بوونی شانۆ بە بەردەنگەوەیە. ئەگەر شیعر، یان ڕۆمانێکت نووسی و کەس نەیخوێندەوە لانی کەم لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە، نۆتی مۆسیقات لێدا و کەس گوێی نەدا لەسەر نۆتە نووسراوەکەی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر شانۆیەکت سازدا و دەورگێڕەکان چوونە سەر شانۆ و کەچی لەهۆڵەکەدا کەس نەبوو ناکرێ بڵێی شانۆکارییەک ڕووی داوە. بوونی بەردەنگ بەشێک لە بوونی شانۆیە. شانۆ هێشتا بۆ جەماوەری ئێمە وەک هونەرێکی جیدی جێ نەکەوتووە. با بڵێین هێشتا جەماوەر لەزمانی شانۆ تێناگەن.

کێشەی دووەم دەچێتەوە سەر زانستی شانۆ کە ئەمەش هەر کێشەیەکی ماهیەتییە، چونکو بەبێ زانستی شانۆ ڕەنگە ئێمە ئیدعای شانۆمان هەبێت، بەڵام ئەوەی کە ئاراستەی دەکەین شانۆ نەبێت، یان زۆر دووربێت لە تایبەتمەندییەکانی کاری شانۆیی. شانۆ بە نیسبەت ماهیەتی خۆی کە هەم کارێکی گرووپییە و هەم ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەردەنگ پێوەندی دەگرێ، بۆ پەرەگرتنی، پێویستی بە سیستمێک هەیە کە هەم فەرهەنگسازی بۆ بکات هەم لە ئاکادیمیای شانۆکار پەروەرشت بدات کە ئەم گرفتە لە سەرانسەری ئێرانیشدا هەیە. شانۆ لە ئێراندا لەگەڵ ئاستەنگی زۆر ڕووبەڕووە ئەگەر باسەکە بگوێزینەوە کوردستان، گرفتەکە سەد ئەوەندە دەبێت. نەبوونی دەقی شانۆیی و زانستی شانۆیی و دەورگێڕ و دەرهێنەری حیرفەیی و غیابی بەردەنگ، سەرەکیترین گرفتەکانی بواری شانۆن. لەم دیو تەنانەت یەک کتێب، یان گۆڤاری کوردی تایبەت بە شانۆ دەرنەچووە. بڵاڤۆکە کوردییەکانیش هەرگیز ئاوڕ لەم بابەتە نادەنەوە. بۆیە شانۆ دەستەو ئێخەی کێشەیەکی جەماوەرییە.

* شانۆ دەرکەوتەیەکی جیهانی مۆدێرنە، ئێمە وەک کورد تا چەندە توانیومانە لەم لایەنە گرینگەی ڕوخساری جیهانی مۆدیرن بۆ خوێندنەوەی هەلومەرجی جیهانی مرۆڤی کورد کەڵک وەربگرین؟

– بەداخەوە دەبێ بڵێم هیچ، یەکێک لە نموودەکانی پێشکەوتن و شارستانییەتی دەڵێن شانۆیە. شوێن پێی توخمی شانۆیی لە فەرهەنگ و کولتووری کوردیدا هەیە و زرووف و لواوی ئەوەشمان هەیە، بەڵام کاری زۆری دەوێ و کەس خۆی پێ ماندوو ناکات ڕەنگە لەو پێویستایەتییە و گرنگایەتی و بایەخەی شانۆ جارێ تێنەگەیشتووین.

* هۆی گرینگی نەدانی کۆمەڵگای کوردی بەگشتی بۆ خوێندنەوەی دەقی شانۆیی و بینینی شانۆ لەسەر سەکۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم خەسارە دیار و ئەم گرفتە گەورەیە پێشنیار دەکەی؟

– بەگشتی لەکۆمەڵگای ئێمەدا پێوەندی گرتن لەگەڵ دەرکەوتە مۆدێرنەکان تۆزێک سەخڵەتە. زمانی شانۆ زمانی ئیشارەتە و پێوەندی گرتن بەم زمانە لەبەرمان گرانە. ڕاهاتووین هەموو شتێک ڕاستەوخۆ بووترێ دەنا تێناگەین، یانی بۆ ئەوە پەروەردە نەکراوین کە لە زمانی ئیستعارە و مەجاز کە نیازی بە تێفکرینە تێبگەین. فەرهەنگی کۆمەڵایەتی ئێمە وایە کە هەموو شتێک ڕووت و پەتی و ڕاستەوخۆ پێمان بگوترێ. لە شانۆدا هەم زمان تایبەتە و هەم دەبێ ڕاستەوخۆ خۆتی لەگەڵ دەرگیرکەی. بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش دەبێ فەرهەنگسازی بکرێ و بەردەنگ بەزمانی شانۆ ڕابێت. بە پەرەدانی شانۆو پڕوپاگەندەی شیاو و بڵاوکردنەوەی دەقی شانۆیی و پێکهێنانی ئەنجوومەنی شانۆی کوردی و دەرکردنی گۆڤار و بڵاڤۆکی تایبەت بە شانۆ، ناسینەوەی لایەنە شانۆییەکانی فەرهەنگ و ڕێوڕەسم و تۆرەی کوردی و دامەزراندنی شانۆ لەسەر ئەو لایەنانە و بەشانۆکردنی بەیت و ئوستوورە کوردییەکان و نووسین و سازدانی شانۆ لەسەر بابەتگەلی ڕۆژ کە بەردەنگ هەستی پێ بکات، بەڕێوەبردنی شانۆی باش کە بۆ جەماوەر سەرنجڕاکێش بێت. زوو زوو بەڕێخستنی شانۆ لە هۆڵە شانۆییەکاندا بۆ ئەوەی جەماوەر گرۆی پێوە بگرێ. ئەمانە لەو هۆیانەن کە دەتوانن شانۆ ببووژێننەوە.

* ڕەنگە ئەمە پرسیاری زۆر نائاسایی بێت، بەڵام دەمەوێ لێت بپرسم کاری شانۆیی و کاری ڕەخنەیی لەکوێدا سنوورەکانیان تێکەڵ دەبێ؟ ئایا شانۆ بۆی هەیە جۆرە ڕەخنەیەک بێت لە دۆخی جیهان و ژیان؟ ئایا ڕەخنە بۆی هەیە شانۆیەک بێت کە هزر و چێژو مەنتیق تێیدا دەوردەگێڕن؟

– هەم ڕەخنە و هەم شانۆش ڕامانێکە لەپێناو جیهاندا، لەو بەشەدا کە بە کۆمەڵێک پرسیارەوە ڕووبەڕووی بابەت دەبنەوە، لەوەیدا کە بابەتەکە شیکاری

و تاووتووەدەکرێ، لەوەیدا کە بە گومانەوە ڕووەدەکەنە جیهان و بابەتی خۆیان سنوورەکانیان تێکەڵ دەبێت. شانۆ وەنواندنەوەی جیهان و مرۆڤە، بەڵام بە پرسیار و گومانەوە. شانۆ وانموودەیەکە لە نموودێک بەناوی جیهان، بەڵام بەو تایبەتمەندییە کە وانموودەبوونی خودی جیهانت بۆ دەردەخات. پێم وانییە هیچ هونەرێکی تر بە قەد شانۆ دەرەقەتی دەرخستنی فێڵبازی و وانموودەیی جیهان بێت. جیهان کە بە فێڵێکی زمانییەوە خۆی بەسەر مرۆڤدا دادەسەپێنێ و دەرفەتی بیرکاری و ڕانانی لێ دەستێنێ و حەقیقەتە قەڵبەکانی لێ دەکات بە حەقیقەتێکی پەتی، بە شانۆ هەموو فێڵەکانی تێکدەچێت و ئەو دیوی دەردەکەوێ. شانۆ لە کاتێکدا کە خەریکی نواندنەوەی دووبارەی جیهانە هەر لەو کاتەشدا پەیتا پەیتا دان بەوە دادەنێ کە بۆ خۆی دیاردەیەکی ناقەتعی و فێڵێکی زمانی و هونەرییە. دینامیکی شانۆ لەدژوازی نموود و وانموودەیی سەرچاوە دەگرێ. هەر لەو کاتەیدا کە خۆی وەک واقیع دەردەخا و داوای باوەڕ پێهێنانت لێ دەکات لە لایەکیشەوە دان بە ناواقیع بوون و وانموودەیی دادەنێ. هەم داوای باوەڕت لێ دەکات و هەم خوازیاری شک و ڕامانە و بەم چەشنە گومانت لێ زیندوو دەکاتەوە. شانۆ نموودێک لە وانموودەیەکە بەنێوی جیهان کە بەشێوازی خۆی، وانموودەیی جیهان وەبەر هەرا دەدا و پێش بە داسەپان بەسەر مرۆڤدا دەگرێت وەک ڕەخنە کە پێش بە قەتعی بوون و خۆ بەدوایین حەقیقەت زانینی دەق دەگرێت.

ڕەخنە بەهزر و مەنتیقی تایبەتی خۆی ڕووبەڕووی دەق دەبێتەوە وەک شانۆ کە بە نیزامێکی دانسقەی خۆی بەرەو ڕووی جیهان دەبێت. ڕەخنە چێژ لە ناسین و مەعریفەی دەق وەردەگرێت و شانۆ لە ناسینەوەی جیهان و مەعریفەی تازە چێژ وەردەگرێ. چێژی ڕەخنە لەڕۆچوون بەلایەنە تاریک و ڕوونەکانی دەقدایە، هەروەک چێژی شانۆ لە دەرخستنی لایەنەکانی جیهاندایە. بەم پێیە شانۆ لە سەرەتاوە بە گومانی بوون و نەبوونەوە ڕووبەڕووی جیهان دەبێت و ڕەخنەش هەروەتر بە گومانی بوونی دەقێکی سەرکەوتوو و نەبوونی توخمەکانی شکست لەدەقدا، بەرەو پیری دەچێت. شانۆ گومان لە جاویدانەگی جیهانە و ڕەخنە گومان لە هەبوونی دەقە.

*** بەگشتی نوێخوازی لەدوو بواری ڕەخنە و شانۆدا چۆن پێناسە دەکەی؟ ئایا لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەوڵێک بۆ نوێکردنەوەی ئەم دوو ژانرە لە ئارادایە؟**

- پێم وانییە کە جیهان لە ماوەی هەبوونی خۆیدا بە چەشنی ئێستا ئەوەندە ئیشتیای لە تازەبوونەوە بێ، یان هێندەی ئێستا بە پەلە بووبێت. ڕەنگە ئەمە بۆ خۆی نیشانەیەک لە بەرەو کۆتایی چوونی جیهان بێت. مرۆڤی ئێستاکە تینووی ئەزموونەکانە. قەت مرۆ وەک ئێستا لە فەنابوونی خۆی تێنەگەیشووە ڕەنگە بەم هۆیە بێ کە ئەوەندە تامەزرۆی تازەگەرییە و بەهیوایە ئەوەندەی پێ بکرێ لە هەر چەشنە ئەزموونێک چێژ وەرگرێ. ئەمە ئیشتیای نەبڕاوەی ئەزموونگەرییە کە تازەگەری دەخاتە گەڕ. نوێخوازی لە بواری شانۆدا لە ڕوانگەی نوێ و هەوڵ بۆ تاقی کاری دووبارە و دووبارەی جیهان هەڵدەقوڵێ و لە بواری ڕەخنەدا لەلایەکەوە دەقی تازەیە کە بەستێنی نوێخوازی بۆ ڕەخنە نوێ دەکاتەوە و لە لایەکیشەوە ئەمە داهێنان و خوێندنەوەی تازە و داخوازی تازە لە هونەرمەندانە کە تازەگەری دەخاتە بەر ڕەخنەوە. لە بواری شانۆدا نەک هەر بابەت و بۆچوونی تازە نوێخوازی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو شێوەی دەربڕینی تازەش بۆ خۆی تازەگەرییەکە. بە ئاوڕدانەوە لە کەلەپووری خۆمان، بە ئاوڕدانەوە لە ژیانی ئاسایی نەک هەر قسەی تازەت پێ دەبێت، بەڵکو شێوەی دەربڕینی نوێ بۆ خۆی بارودۆخێکی تازە دەخوڵقێنێ. سەبارەت بەشانۆ لەسەر شێوەی دەربڕینی تازە پێ دادەگرم و سەبارەت بە ڕەخنە لەسەر شێوە خوێندنەوەی تازە سوورم.

لە شەرتێکا باسەکە دابەزێنینە سەر کۆمەڵگای ئەدەبی خۆمان، ئێمە لە بواری شیعردا دەکرێ لە نوێبوونەوەی بدوێین، بەڵام لە بواری شانۆ و ڕەخنەدا مێژوویەکی وامان نییە تا لە نوێبوونەوەیان بدوێین. لەم کۆمەڵگایەدا ئەوەی کە بیهەوێ بەزمانی شانۆ بەمانا ڕاستەقینەکەی بدوێ، یان ڕەخنە بە واتا ڕاستەقینەکەی بنووسێ، بۆ خۆی هەوڵێکی نوێگەرانەیە، چونکە ئەمانە بۆ خۆیان تازە هاتوونەتە ناو گوتاری ئێمەوە، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبیرنەکەین کە لە جیهانی ئەوڕۆدا هیچ شتێک بە بێ نوێبوونەوە دەوامی نییە. نوێبوونەوە پێویستە و زەروورەیەکی ماهیەتە. واتە بۆ بوون و مانەوە دەبێ پەیتا پەیتا نوێبێتەوە.



**وتووێژی سەرنووسەری «دی سایت» لەگەڵ ئۆرهان پامووک:**

# بەهۆی ئەوەی لەگەڵ کوردەکان هاودەردیم نیشان دابوو، لێم لالووت بوون

**لە فارسییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی (ڕۆژهەلاتی کوردستان)**

یۆرگ لاو سەرنووسەری ڕۆژنامەی دی سایت وتووێژێکی لەگەڵ ئۆرهان پامووک ئەنجام داوە دەربارەی ئازادی: خەسارناسیی ڕۆحی خەڵکی تورکیا و دابەزینی جۆش و خرۆشی ئەو وڵاتە بۆ بە ئەندامبوون لە یەکێتیی ئەورووپادا، ئۆرهان پامووکی ٥٤ ساڵ تەمەن ئێستاکە بەیەکێک لەبەناوبانگترین نووسەرانی تورکیا دێتە ئەژمار، ناوبراو ڕەشەمێی ساڵی پار وتووێژێکی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی سویسی ئەنجامدا دەربارەی قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان لە تورکیا، بەڵام دوابەدوای ئەم وتووێژە ڕووبەڕووی کینەو نەفرەتی لە ڕادەبەدەری خەڵکی وڵاتەکەی بوویەوە. کتێبەکانی لە خۆپیشاندانێکی نەتەوەگەرایانەدا لە شاری بیلەجیک سووتێنران. بەرپرسێکی هەرێمی فەرمانی بەکتێبخانەکانی شارەکەی دا کە کتێبەکانی پامووک لەناو بەرن و وێنەکانی لە کۆبونەوەیەکدا لە ویلایەتی ئیسپارتا دڕێندران. «حورییەت» یان بەواتایەکی تر بەناوبانگترین ڕۆژنامەی تورکیا، پامووکی بەکەسێکی «پۆست مۆدێرن» ناوزەد کرد. ئەنجومەنی نێونەتەوەی قەڵەم (Pen)یش داوای لە دەوڵەتی تورکیا کرد سنوورێک بۆ ئەم هێرشانە دابنێت. پامووک لەبەر هۆکاری ئەمنی وازی لەسەفەرێکی گەشتیاریی خۆی بۆ ئەڵمانیا هێنا، چونکە بڕیار بوو لەو وڵاتە بەشێک لە ڕۆمانە نوێیەکەی واتە «بەفر» بخوێنێتەوە. یۆرگ لاو سەرنووسەری دی سایت لەنیۆیۆرک چاوی بە پامووک کەوت و توانی ئەم وتووێژەی لەگەڵدا بڕەخسێنێت.

**سایت:** کتێبە نوێیەکەتان «بەفر»، ڕۆمانێکی سیاسییە و قارەمانە سەرەکییەکانیشی ئیسلامگەرا شۆڕشگێڕەکان، ناسیۆنالیست تورک و کوردەکان و ئەو چەپە شکست خواردوویانەن کە بەدوای خودا دا وێڵن و ئەو کچانەن کە کردەوەی خۆکوژیی ئەنجام دەدەن، چونکە حیجابی ئیسلامییان لێ مەنع کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە کتێبەکەتاندا لایەنگریت لە هیچ کامیان نەکردووە، بەڵام پاڵەپەستۆیەکی سیاسی زۆرت لەسەر پەیڕەو کرا. وێدەچێت ژیان لە تورکیادا بە هەمان ڕێگەدا بڕوات کە لە نووسراوەکانی ئێوارەدا ئاماژەی پێکراوە؟

**پامووک:** من ڕۆمانی سیاسیم لەبەر ئەوە نەنووسیوە کە بۆ هەندێک لە ئامانجە تایبەتییەکانم پڕوپاگەندەم کردبێت. ئامانجی من باسکردنە لە بارودۆخی ڕۆحی خەڵکی وڵاتێک. ناوی ئەو شارە «قارس»ە و لە دوورترین خاڵی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەڵکەوتووە، بەڵام ئەمە لە هەمانکاتدا دنیایەکی بچووکە کە دەتوانرێ تا ڕادەیەک نیشاندەری بارودۆخی تورکیا بێت بەگشتی.

**سایت:** سەرەتا پێشوازییەکی باش لە کتێبەکەتان کرا، بەڵام ئەی بۆچی ئێستا دەنگی دژبەرایەتی دەبیسترێت؟

**پامووک:** چاپخانەکە سەرەتا دوودڵ بوو کتێبەکە بەم شێوەیەی ئێستا چاپ بکات. بێگومان دەزانن کە ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٢دا پەیڕەوی زۆر دژوارمان هەبوو سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین بە بەراورد لەگەڵ ئەو چاکسازییە لیبراڵیانەی دوابەدوای ئەردۆگان لە پێناو کەوتنە ناو یەکێتی ئەورووپاوە ئەنجام دران. بەم جۆرە ئێمە دەستنووسەکەمان نیشانی پارێزەرێک دا، بەڵام من بەنۆرەی خۆم هیچ گوێم بۆ ڕاسپاردەکانی شل نەکرد. چاپی یەکەم لە ١٠٠ هەزار نوسخەدا کەوتە بازاڕەوە کە لە ڕاستیدا لەوانەبوو بۆ خودی وەشانخانەکەش ریسکێکی ماڵی زۆر گەورەی بەدواوە بێت. بۆ من گەلەک مایەی شانازیی بوو کە دەمبینی کتێبەکەم سانسۆر نەکراوە یاخود پێش لە بڵاوکردنەوەی نەگیراوە. هەڵبەت سەرەتا هەندێک دەنگۆ هەبوو بەڵام نەک وەک ئەو دەنگە دوژمنکارانەیەی دواتر بیسترا.

**سایت:** چ شتێک بووە هۆی ئەو هات و هاوارە؟

**پامووک:** هەندێک لە خوێنەرە سیکۆلارەکانم تووڕە بوون، چونکە من تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ کچێکی گەنج هاودڵم نواندبوو بۆ ئەوەی بەحەزی خۆی لەچکە بپۆشێت. من درک بەم بابەتە دەکەم، بەتایبەت کاتێ لەلایەن خانمەکانەوە دێتە ئاراوە. ژنان زیاتر لە پیاوان لە ئیسلامی سیاسیی زەبریان بەر کەوتووە. شرۆڤە وردەکانم سەبارەت بە ئاکامەکانی کودەتایەکی سەربازی هەستی هەندێک لە ناسیۆنالیستەکانی بریندار کردو هەندێکیشیان بەهۆی ئەوەی کە لەگەڵ کوردەکان هاودەردیم نیشان دابوو، لێم لاڵووت بوون، بەڵام ئەمانە گشتیان ڕەگەزەکانی ئەم مێژووە ئاڵۆزەی ئێمەن.

**سایت:** بۆچی گۆڕەپانی ڕووداوەکانی ئێوە شارێکی بچووک و بێ ڕۆحە نەک شاری سەرەکیی خۆتان واتە ئەستەنبووڵ؟

**پامووک:** لەم شارە بچووکەدا دەتوانیت بەمانای ڕاستەقینەی وشە ئەو خەم و حەسرەتە هەست پێ بکەیت کە سەرچاوەکەی لەلایەکەوە تورکیایە، چونکە بە بەشێک لە ئەورووپا لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام لە هەمانکاتدا تێیدا ژیانێکی زۆر بێ مایە و دژوار و نائەورووپاییانە برەوی هەیە. ڕۆمانەکەم باسی کێشمەکێشمە نێوخۆییەکانی ئەوڕۆی خەڵکی تورکیا دەکات، واتە باس لە ململانێی نێوان ئیسلام و مۆدێرنێتە دەکات، باس لە شەوقی ئەورووپایی بوون و بەپێچەوانەی سام وترسی بە ئەورووپایی بوون دەکات.

**سایت:** کەواتە ناوەڕۆکەکەی جیاوازیی و ململانێیە؟

**پامووک:** بەڵێ، لەلایەکەوە تورکەکان پێویستیان بە مەشروعێکە کە پێگەی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن- هەروەها ئەو خاڵەش کە ئەوان پەیوەستن بەرۆژئاوا و ئەورووپاوە- بەڵام لەلایەکی ترەوە لەوە دەترسن کە لە ڕەوتی ڕۆژئاوایی بووندا ناسنامەکەیان بفەوتێت. دژبەرانی ئەم ڕەوتە هەمیشە هەوڵیان داوە ڕۆژئاوایی بوون بە لاساییەکی سووک و سادە لێکبدەنەوە و ڕەتی بکەنەوە. هەروەها ئەوان دەتوانن هەر جۆرە مەیلێکی سیاسی تر بوروژێنن- لە نەتەوەگەراییەوە بگرە تا ئیسلامگەرایی.

**سایت:** بە بڕوای ئێوە ئەم بزاڤانە لێک جیاوازن، لە بواری هەستەوە بنەمایەکی هاوبەشیان هەیە؟

**پامووک:** هۆکاری ئەوەی کە ئەم بزاڤە سیاسییانە لە پەراوێزی کۆمەڵگای تورکیا دان و لەوێوە نەشونما دەکەن دەگەڕێتەوە بۆ ئەم حەقیقەتە کە خەڵکی هەست دەکەن بەرژەوەندیی و داخوازییەکانیان بە دروستی نوێنەرایەتی نەکراوە. هۆکارێکی تر کە بەگشتی لەلایەن ڕۆژئاواوە

بەرچاو ناگیرێت ئەوەیە کە هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریای عوسمانی بەدوای خۆیدا خەم و خەفەتێکی وەهای بەجێهێشت کە پەسەند کردنی بۆ ماوەیەکی زۆر ئەستەم بوو. پەرچەکرداری خەڵکی تورکیا سەبارەت بە نەمانی ئیمپراتۆریای عوسمانی، لە ڕاستیدا ڕاکردن بوو بەرەو ناخی خۆیان، بەلەبەرچاوگرتنی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ ململانێی ئەندێشەی ڕۆژئاوایی لە تورکیادا، ئەوان حەزیان دەکرد گشت سەرنجی خۆیان بەرەو خودی خۆیان ئاراستە بکەن و وەک سۆفییەک بەردەوام ئەم سرووده دووپات بکەنەوە کە دەیگوت: ئێمە لەوانی تر جیاوازین، بەردەوام جیاواز بووین و جیاوازیش دەمێنینەوە و ئەم جیاوازییەش هەستی لە خۆبایی و سەربەرزیمان پێدەبەخشێت.

**سایت:** ئەم بریندارپوونە ڕۆحییە کە لە بۆشایی نەمانی ئیمپراتۆریا لە خەڵکی تورکیادا دروست بووە لە درکی خەڵکی ئەڵمانیادا غایبە. ئێمەی ئەڵمانی بەچاوی میراتگرانی زاڵبووی ئیمپراتۆریایەکی جیهانی لە تورکەکان دەڕوانین؟

**پامووک:** بەڵێ، بەڵام لە تێڕوانینێکدا زۆر سادە کراوەتەوەو ئێوە وەک جل شۆڕەکان لە تورک دەڕوانن، بەڵام لە وەها دیدێکدا ئەم واقیعە فەرامۆش دەکرێت کە لە سەدەی ١٦ تا ١٩ەوە گشت سامانی کولتووری و مادیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخزایە ناو ئەستەنبوڵەوە. تورکیا نوخبەیەکی زۆر سکۆلار و هەڵکەوتووی هەیە.

**سایت:** وەک بنەماڵەی ئێوە کە لە دەوڵەمەندترین و بەناوبانگترینیانە؟

**پامووک:** بەڵێ، بەڵام من هێشتاش تێیدا جێگەیەکی گونجاوم بۆ خۆم نەدۆزیوەتەوە. من لەبری ئەوەی ڕێگەیەکی پۆزەتیڤ و ژیرانە بگرمە بەر کە بنەماڵەکەم بۆ داهاتووی من لەبەر چاویان بوو، هونەرم هەڵبژرد. سەرەتا دەمویست ببمە نیگارکێش، بەڵام پاشان میعمارم هەڵبژارد و دواجار بە نووسین ڕێگەی سەرەکیی خۆم دۆزییەوە.

**سایت:** ئایا سەرکەوتنەکانت لەو بوارەوە نەبووە هۆی ئەوەی بنەماڵەکەشتان بۆچوونیان بگۆڕێت؟

**پامووک:** دایک و باوکی من ناهەقیان نەبوو نیگەرانی داهاتووی من بن. کاتێک مرۆڤ پێ بنێتە سەروو هەفتا ساڵ، زۆر بەلایەوە سەیرە لاوێکی تورک بەنووسەری لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت. ئەمڕۆکە کتێبەکانم بە ٣٥ زمانی دنیا وەرگێڕدراون و باش دەفرۆشرێن. هەندێک جار بەگاڵتە دەڵێم گەورەترین کێشەیان ئەوە بوو بە زمانی تورکی چاپ و بڵاو ببنەوە. من حەوت ساڵی بەردەوام دەمنووسی بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵاو بکەمەوە.

**سایت:** ئیتر ئەم ڕۆژانە ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێت کە جۆش و خرۆشی سەرەتای چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا کاڵ بۆتەوە، بەڵام پرسیارەکەم ئەوەیە بۆچی ڕێک ئەو کاتەی وەرگرتنی ئەندامێتی تورکان نزیک ببۆوە، ئەم شتانە ڕوویدا؟

**پامووک:** ئێمە ڕاشکاوانە پەرەسەندنێکی کتوپڕی هەستی ناسیۆنالیستانە بەدی دەکەین. لە هەموو شوێنێک باس دەکرێت، بۆ نموونە لە تورکیا. ئێستا ناتوانین وا سووک و سانا دادوەری بکەین. دیار نییە ئایا ئەمە تەنیا هات و هاواری گرووپێکی پەراوێز خراوە یا نارەزایەتییەکی گشتی هەمەلایەنە کە هێدی هێدی ئاشکرا دەبێت. ئایا ئێمە شاهیدی گۆڕانکاری هاوشێوە لە شوێنی تریش نەبووین؟ ئەو وڵاتانەی بۆ ئەندامێتی تورکیا خراونەتە ژێر پاڵەپەستۆوە، بێ ویستی خۆیان نەتەوە پەرستیشیان پەرە پێداوە. دژبەرانی ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا پەنا دەبەنە بەر دوایین شانسی خۆیان و تۆوی سام و ترس دەچێنن. دروشمەکەیان ئەمەیە: ئێوە بەم یەکێتییە ناسنامەکەتان دەفەوتێنن. ئایا پێویستە لە نەستی گشتیدا لە ڕیشەکانی ئەم دیاردەیە بگەڕێین یاخود لە دەستپێشخەری سیاسەتمەدارە پۆپۆلیستەکاندا؟ هەر کام لەم دوو حاڵەتە ڕاست بێت، بۆچوونەکانی دوایی من دەربارەی ڕووداوەکانی مێژووی تورکیا کە تا ئەم ڕادەیە بووە هۆی ڕق و کینی هەندێک لە خەڵک، پێمان دەسەلمێنێت بە ڕاستیش ڕەوتێک ناسیۆنالستی بوونی هەیە.

**سایت:** جارێک لە شوێنێک گوتبووتان شتی هەرە سەیر دەربارەی ئەندێشەی ئەورووپایی توانا و هێزی ئەو ئەندێشەیەیە لەبەرهەمهێنانی کەسانی لیبراڵ لە فەندەمینتاڵەکان؟

**پامووک:** سیاسەتەکانی حزبی زاڵ واتە AKP ئەردۆگان ئەم بۆچوونەی من پشت ڕاست دەکاتەوە. خۆشەویستی لە ڕادەبەدەری ئەردۆگان بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنگری ناوبراو لە ملنان بەرەو یەکێتی ئەورووپا. هاووڵاتی ئاسایی تورک ئارەزووی چوونە ناو

یەکێتیی ئەورووپای هەیە و لە هەمانکاتیشدا دەخوازێت ناسنامەی کلاسیکی تورکانەی هەروا پارێزراو بێت.

**سایت:** بەڵام بێگومان هەرگیز خەڵکی تورکیا ناتوانن بەم جۆرە لەلایەکەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا وێنەی نووسەرە رەخنەگرەکان بدڕێنن و کتێبەکانیان ئاگر بدەن، لەلایەکی دیکەشەوە چاوەڕێ بن وەک کەسانێکی ئەورووپایی دانیان پێدا بنرێت. ڕۆمانەکەتان و ئەو پەرچەکردارانەی سەبارەت بە ڕۆمانەکە نیشاندرا، لەلایەن لێکدەرەوە موحافزەکارەکانی ئەورووپا وەک هۆکارێک هێنراوییەوە، بۆیە باشتر وایە ڕێگە بە تورکەکان نەدەین بچنە نێو یەکێتیی ئەورووپاوە. دروشمەکەیان بەم جۆرە بوو: ئایا ئێوە دەتانەوێت ببنە ئەندامی هەمان ئەو شوێنەی کە کەسایەتییەکانی ئەم کتێبە ئەندامن تێیدا؟

**پامووک:** ئەمە چەواشەکردنێکی نەفرەت لێکراوە کە ریالیزمی من لە بەرانبەر بیرکردنەوە سیاسییەکانمدا کەڵکی لێ وەربگیرێت. پێ موایە داهاتووی تورکیا لەناو ئەورووپا و وڵاتانی تردا سەرکەوتوو و دیموکراتییانەیە. ڕۆمانەکەی من تایبەتە بە زەمەنێکی دیاریکراو. لەم دە ساڵەی کە لە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەم تێپەڕیوە، تورکیا گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەگەر ئێوە بەشێوەیەکی کاتی هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە ئاماژەکانی من، دەربارەی مێژووی تورکیا وەلاوە بنرێن، دەردەکەوێت کە ئێمە ئەمڕۆکە لە تورکیایەکی جیاوازدا دەژین.

**سایت:** کتێبەکەتان بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی خۆتان- رەخنە لە مێژووی ڕابردووی تورکیا- نموونەیەکی ئەورووپایی دێتە ئەژمار؟

**پامووک:** لە کتێبەکەمدا دەنگی جیاواز دەبیسترێ کە من بەنۆرەی خۆم هیچ کامیانم لێک نەداوەتەوە. دیستەیڤسکی مامۆستای ئەم جۆرە نووسینە بوو. زۆربەی قارەمانەکانی ڕۆمانەکانم نوێنەرایەتی ئەو ئەندێشانە دەکەن کە تەنانەت دژی بۆچوونەکانی خۆمن. ململانێی سەرەکیی نووسەرێک ئەوەیە بتوانێت ئەو دەنگانەی نوێنەری بۆچوونی جیاجیان و لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆی کۆک نین، بەشێوەیەک بێنێتە گۆڕێ کە جێگەی ڕەزامەندی بێت. جا چ وابەستە بن بە ئیسلامگەرا سیاسییەکانەوە یاخود بەو عەسکەرانەی کە کودەتایەکی سەربازییان ئەنجامداوە.

**سایت:** قارەمانی کتێبەکەتان نووسەرێکی تەواو سکۆلارە و هەر کە لەشوێنی دوورخرانەوەی ئەڵمانییەوە دەگەڕێتەوە تورکیا و زاڵ دەبێت بەسەر بێتواناییەکەیدا لە بواری نووسینەوە، خۆی تەسلیمی مەیلێکی توندی ئایینی سەرکوتکراو دەکات؟

**پامووک:** قارەمانی کتێبەکە حەزکردنێکی ڕەسەنی هەیە بۆ تاقیکردنەوەیەکی ئایینی، بەڵام درک و تێگەیشتنی لە خۆدا زۆر ڕۆژئاواییانەیە. ئەو هۆگریی بە ئەزموونی تاکەکەسی هەیە نەک ئەزموونێکی هاوبەش کە ئیسلام گەرەکیەتی.

**سایت:** ئێوە هەروەها وا نیشان دەدەن کە ئیسلام بۆ زۆربەی کەسایەتییە چەپەکانی پێشووی تورکیا بۆتە سەرپەنایەکی نوێ؟

**پامووک:** لە هەشتاکاندا ئەوە دەبینی کە مارکسیستە دەمارگیرەکان ڕوویان لە ئیسلامی سیاسی کرد، واتە کاتێک کە سیستمی بیروباوەڕییان هەرەسی هێنا. ئەم کردەوەیە ئازادییەکی تەواوی بۆ ڕەخساندن لە پێناو تێرکردنی مەیلە دژە ڕۆژئاوایی و دژە حکومییەکان. هەڵبەت ئەوان بەم جۆرە دیسان کەوتنە ناو کۆمەڵگایەکی بچووکەوە. قارەمانی کتێبەکەی منیش دەیەوێت پەیوەست بێت بە جێگەیەکەوە، بەڵام ئەو ئیتر ئەوەندەی ئامادەگی نییە بێت و گشت ئەو شتانەی لە ڕۆژئاوا فێری بووە کە چۆن ڕێزیان بگرێت و خۆشی بوێن؛ بکاتە قوربانی ئەم ئەزموونە ئایینییە.

**سایت:** لە کتێبەکەتاندا ئیسلامگەرایەک دەپرسێت: ئایا ئەورووپاییەکان خودایەکی تریان هەیە؟ ئەمە هەمان پرسارە لە گونجانی ئیسلام لەگەڵ تاکگەرایی، سکۆلاریزم و دابەشکردنی دەسەڵاتی حکوومی؟

**پامووک:** وایە، دواجار ئەوە تورکیا بوو کە ئیسلامێکی وەک ئەوی دەست پێکرد، ئەمەش هەمان ئەو شتەیە کە توندڕەوە ئیسلامییەکان ناوی دەنێن «ئیسلامی لایت (کەمڕەنگ)»، ئەویش بەو بڕوایەی کە ئەوان نوێنەری ئیسلامی ڕاستەقینەن.

**سایت:** لە کتێبەکەتاندا هەندێک لە ئیسلامگەراکان زۆر خۆشەویست دێنە بەرچاو؟

**پامووک:** من هیچ پێم خۆش نییە هەموو ئیسلامگەراکان لۆمە بکەم و وەک مرۆڤی لات و لووت بیانبینم. واتە هەمان ئەو دیدەی لە ڕۆژئاوا برەوی هەیە. لەلایەکی دیکەوە من لەگەڵ لێکدانەوەی ئیسلامگەراکان سەبارەت بەسیکۆلاریزم وەک چاولێکەرانی ڕۆژئاوای

نەفرەتلێکراو دا نیم. ئامانجم وێرانکردن و نەهێشتنی ئەو کلێشانەیە کە لەلایەن هەردووکیانەوە دروست کراوە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە من بە ئەرکی ڕۆمانێکی سیاسیی دەزانم.

**سایت:** بارودۆخی وتووێژە سیاسییەکانی نێوان دوو لایەنەکە لە تورکیادا چۆنە؟

**پاموک:** بەشێوەیەکی نەریتی ئێمە سیستمێکی سیاسی نوێنەرایەتی دەکەین کە زوو زوو گۆڕانی بەسەردا نایەت. ئایندەی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپادا هەموو شتێکی هەژاندووە. لە هەموو ئۆردووگاکاندا- چەپ، ڕاست، ئیسلامگەراکان و کەمالیستەکان- بیرکردنەوە لە کلێشەیەکی تر خراوەتە پەراوێزەوە. ئێستاکە ئیسلامگەراکان کە لە هەمانکاتدا دەسەڵاتی تورکیایان بەدەستەوەیە، لایەنگری ئەورووپان. ئەوان لە هەندێک لایەنەوە بۆیان دەرکەوتووە کە ئێوە دەتوانن لە هەڵبژاردنەکاندا بەسیاسەتی لایەنگری ئەورووپاوە سەرکەوتن بەدەست بێنن، چونکە دەنگدەران هەست بەوە دەکەن نزیکبوونەوە لە ئەورووپا ستانداردەکانی ئاستی ژیانیان باشتر دەکات.

**سایت:** ئایا ڕۆشنبیرە مەیلەو ڕۆژئاواییەکان هێزی ئاینییان لەبەرچاو نەگرتووە؟

**پاموک:** لە تورکیا سکۆلارەکان ئاینییان پشتگوێ نەخستووە، ئەوان تەنیا تووشی ئەم هەڵەیە بوون و وا هەستدەکەن کە دەتوانن هەموو شتێک بە هاوکاریی هێز سوپا بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، هەستدەکەم ئەرکی من هێنانەگۆڕێی ئایدیای گشتیی نییە دەربارەی ئەم بابەتانە.

**سایت:** بەڵام قارەمانەکانی ڕۆمانەکەتان بێگومان جۆش و خرۆشێکی گەورە بۆ ئایدیا مەزنەکان لە خۆیاندا هەست پێدەکەن؟

**پاموک:** لەم ڕووەوە ناهەقت ناگرم کە خەڵک لە ڕۆمانەکەمدا باری قورسی ئایدیاکانیان لەسەر شانە. ئەوەی کە بە ئایدیای قورسەوە بلکێیت و خۆت تووشی دەردەسەری بکەیت، ئینتیمایەکی تورکییە، ٢٠٠ ساڵە ئەم نەتەوەیە قۆناغی گواستنەوە لە شارستانییەتێکەوە بۆ شارستانییەتێکی تر پرۆڤە دەکات. بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم کە ئەمە ئەزموونێکی بە ئازارە. ڕۆمانی «بەفر» باس لەم دژوارییە دەکات کە بەم ئایدیا قورسانەوە دەژین، بەناویاندا تێدەپەڕین و لە ئەنجامدا دەگەینە بەختەوەریی. دەزانن، من بەڕادەی پێویست خاوەنی ئەم ئایدیا گەورانە بووم بەشێوەیەک کە جارێکی تر ئارەزوویان نەکەمەوە. من لەم وڵاتە سیاسەت لێدراوەدا زۆر ڕووبەڕوویان بوومەتەوە. ئەدەبیات کاردانەوەی منە سەبارەت بەوان، هەوڵێکە بۆ گۆڕاندنی ئەنجامی کۆتایی یاری و مایەدانان لە قسەخۆشییەک تێیدا، هەڵبەت لە مەودایەکی دوورەوە. من دەمەوێ بەخوێنەر بڵێم کە: بەم جددییەتە قێز لە هەموو شت مەکەرەوە. ئایا ژیان بەدەو نییە؟ سەرنجی خۆت بدە وردەکارییەکانی ژیان. گرنگترین شت لە ژیاندا بەختەوەریی و ئەو دەرفەتەیە کە لەم کۆمەڵگا بێ دەرەتانەی کە دروستمان کردووە نەشکێین. وەک من کە ئێستا خەریکی قسە کردنم بۆ ئێوە (بەپێکەنینەوە)...

**سایت:** یەکێک لە قارەمانەکان لەبەرانبەر نووسەردا داکۆکیی لە گرووپە سەربازییەکان دەکات: ئێمە تەنیا فەندەمینتاڵەکان دەکوژین تا ئێوە بتوانن لە ئازادییەکی تەواودا خولیای ئەورووپا بخەنە مێشکتانەوەو لە ئەنجامدا چارەنووستان وەک ئێرانی لێ نەیەت؟

**پاموک:** من بەردەوام ئەم جۆرە پاساوانە دەبیستم و لە ڕاستیدا ئەو تەنگژە سیاسییە بەهەند دەگرم کە بەم پاساوە گاڵتە ئامێزانەوە دەردەبڕدرێن. شێوازی هەڵسوکەوتم لەگەڵیاندا هێنانە ئارای پرسیارگەلی ئەخلاقییە لە ڕۆمانەکەی خۆمدا. جگە لە مانە کتێبی دواییم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵێتیم لە ئەستەنبوڵ و باس لە جوانییەکانی ژیانی ڕۆژانە دەکات.

**سایت:** وێدەچێ زۆر بیرمەندانە بێت؟

**پاموک:** من حەز ناکەم ببمە بەشێک لە کولتووری سەرەڕۆی سیاسی کە کاتێکی زۆرم لە پێناو ڕەخنەلێگرتنیدا بەفیڕۆ داوە. دەمەوێ ئەدەبیاتی نووسراوی خۆم بۆ بێدارکردنەوەی ئەو هەستە بەکار بێنم کە لەوانەیە بەکورتی بکرێ بەم جۆرە باسی بکەین: مانەوەش خۆی لە ڕاستیدا هونەرێکی مەزنە.

# مەرگ و ژیان لە (شالیس)دا

زانا خەلیل

**لە جیاتی پاشەکی**
**هەروەها ئەو شتانەیش**
**کە من دژ بە ژیان نووسیومن**
**بۆ ژیان نووسراون.**

**هەروەها ئەو شتانەیش**
**کە من بۆ مردن نووسیومن**
**دژ بە مردن نووسراون.**
**(ئیریش فرید)**

## مەرگ لە شالیسدا

یەکێ لەو کایە فیکری و مەعریفیانەی کە وەکو تێمەیەکی توند و پۆلایین و پتە لەنێو دیوانی شیعری (شالیس)ی (هاشم سەراج)دا کاری لەسەر کراوە، بریتییە لە ئەتمۆسفێر و قۆناغەکانی هەستکردن بە مەرگ و ناشرینی مەرگ و ترس لە مەرگ و رووبەرووبوونەوەی مەرگ.

لەو دیوانە شیعرییەدا بەو شێوەی خوارەوەو بەپێی قۆناغی لێکجیاوە گوزارشت لەو چوار حاڵەتە کراوە:

(١) بیرهێنانەوەی بەردەوامی هەست کردن بە مەرگ لە برگەکاندا، رەنگە لە پێناوی سەلماندنی هەست کردنێکی بەردەوامی وەرگربێ بە مەرگ، بێگومان لە بنەڕەتدا ئەو هەست کردنە بە مەرگێکی ئامادە، هەستکردنی خودی شاعیرە بەو هەستە نەک خوێنەر و وەرگر، بەڵام ئێستا تێکستەکە هی وەرگر و خوێنەرە.

(٢) گەیشتن بە باوەڕێکی نەگۆڕ سەبارەت بە ناشرینی مەرگ و جیهانی تراژیدیا ئامێز و پڕ لە نیگەرانی و



**هاشم سەڕاج**

ناشرینی لەناوچوون.

(٣) ترس لە مەرگ.

(٤) ڕووبەڕووبوونەوەو دژایەتی کردنی مەرگ و ئیش کردن لەناو پرێنسیپێکی نزیک لەو پرێنسیپەی کە دەڵێ: (من لێرەم کەوابێ مەرگ لێرە نییە، کە مەرگ دێ من لێرە نیم.)

ڕۆشەنە لێکجیاکردنەوەو پۆلێنکردنێکی وردبینانە بۆ ئەو چوار خاڵە لەنێو برگەکانی (شالیس)دا کارێکی نەک هەر بە تەنیا سانا نییە، بەڵکو لەبەر شێوازی شیعر و خاسییەتەکانی شیعرو بنەماکانی مەعریفە و حاڵەتە گۆڕدراوە سایکۆلۆژییەکانی شاعیر دەگەیتە حاڵەتێک لە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوون لە لایەک، هەروەها لەنێو شوێن زەمەنی هیچ یەک لە برگەکاندا کارێکی ئەنقەست و عەقڵانی ڕووت نابینیتەوە لە لایەکی تر. لە زۆری برگەکاندا ئەو حاڵەتی تێکەڵبوونی هەستکردن بە مەرگێکی ئامادە و ناشرینی مەرگ و ترس لە مەرگ و ڕووبەڕووبوونەوەو دژایەتی کردنی مەرگە دەردەکەوێ:

(برگەی ٧٤)

**کەواتە**

**لە ناشوێن بژی لە ناشوێن سەما بکە**

**لە ناشوێن ماهووتی مۆسیقای گیانت**

**بیرۆکێنە**

**نارنجیترین وەهمێکی پرتەقاڵییە**

**زیندەگی ئەی یار.**

لەو دوو دێرەدا کە دەڵێ: «لە ناشوێن بژی لە ناشوێن سەما بکە.... نارنجیترین وەهمێکی پرتەقاڵییە زیندەگی ئەی یار». لێرەدا ئێمە ئاوێتەیەکمان لە (هەست کردن بە مەرگ و ترس لە مەرگ و ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ) دەکەوێتە بەرچاو، ژیانی وەهمێکی نارنجی پرتەقاڵییە، کەوابێ شایەنی ئەوەیە تا ئاستی قووڵاییەکانی ڕۆح بۆنی ئەو پرتەقاڵییەتەی ژیان بکەین و تامی بکەین چێژی لێبکەین، لەو شوێنەدا بە تامکردن و بۆنکردنی جوانییەکانی ژیان ڕووبەڕووی جیهانێک دەبینەوە کە وەهمە.. ئەگەر ژیانیش وەهم بێت ئەوە ترسی لەناوچوونێکی ئەبەدی هەست پێدەکەین و هەستیش بە حزووری بەردەوامی مەرگ دەکەین.

دەکرێ نموونەی زۆر زیاتری ئەو برگانە بدەین لەو ڕووەدا، کە هەر چوار خاڵەکانی سەرەوە بە کردەیەکی کیمایی ئیستێتیکی ئاوێتەی یەکتری دەکات، بەڵام با لە سەرەتادا ئەو هەستکردنە بە مەرگ کەشف بکەین کە زۆر شوێنی جەستەی ئەو تێکستەی داگیرکردووەو وا دەکات تاو نا تاوێ وەرگر وەئاگا بێنێتەوەو پێی بڵێت، هەست بە لەناوچوون و فەنا و نەمانێکی تاهەتایی بکە:

**«١٤٣»**

**من و تۆ مانەندی پیت و وشە**

**سپێدەیەک لە سەماکانی**

**(با)دا گوم دەبین.**

**«١٤٥»**

**دواین جار لە کولبەی دڵەوە**

**برۆمان لێ هەڵدەتەکێنێ**

**مەرگ.**

**«١٥١»**

**(بادە» دەیگوت: ڕۆژێ دادێ**

**شەرابی ئەجەل دەنۆشم و هاژەی**

**دێ ڕووباری..... تاد**

**«١٧١»**
**(باده» دەیگوت:**
**مەرگ میوانێکی ڕەزا قورسە و ناوادە دێ و**
**سەیرانگاکانی حەز و لەززەت تێکدەداو.... تاد**

مەبەست لە هەست کردن بە ئامادەیی و حزووری هەمیشەیی مەرگ ئەوە نییە کە کەسانی تر ئەو هەستەیان نەبێ، بەڵام جیاوازی دید و جیهانبینی و مەعریفەی مرۆڤەکان لەوە دایە کە ئەو هەستە و هەست کردن بە ئامادەیی ئەو هەستە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر و لە شوێن زەمەنێکەوە بۆ شوێن زەمەنێکی تر هەمیشە لە گۆڕان دایە. ئەو هەستە پڕ لە نیگەرانی و خەفەتدۆستە ئامادەییەکی هەمیشەیی هەیە لە گەلێک لە بڕگەکانی ناو شالیسدا، بەدەم خوێندنەوەی بڕگەکان دەگەیتە ئەو حاڵەتەی کە چەند دەقەیەک جارێ لە دنیایەک دەگوازرێیتەوە بەرەو جیهانێکی تر کە پێی دەڵێین: «هەست کردن بە ئامادەیی و هاتنی لەناکاوی مەرگ».

دوای ئەو هەستە لە هەندێ بڕگەی تردا لەگەڵ سەڕاجی شاعیردا سەفەر دەکەیت بەنێو ئەتمۆسفێرێکی تر کە ئەویش هەواڵدانە بۆ نیشاندانی «ناشرینی مەرگ»، حیجاب و ماسکە ڕەنگاوڕەنگەکان لە ڕوخساری مەرگ هەڵدەماڵێ و حەقیقەتی ئەو تاریکییە ناشرینە دەردەخاو دەڵێ:

**«٤٥»**
**ئەی میهر دەرگاکانی شیعرم لێ گاڵە مەدە**
**(هەرچی ئاوا ببێ خۆشم ناوێ)**

بێگومان مەرگ ئاوابوونە و مەرگ گەیشتنە بە تاریکی، تاریک کە تا ئەوپەڕی هەر بە تاریکی دەمێنێتەوە، مانەوەی تاریکیش تا هەتاهەتایە ناشرینییە، کەوابێ مەرگ ناشرینە، مەرگ لە هەمان کاتدا تاریکی و ناشرینیشە، مەرگ ئەو لافاوە تاریک و لە ناکاو و کوشندەیەیە کە بەرەو تاریکی و ناشرینیەکی ئەبەدی ڕاپێچمان دەکات:

**«٢٩»**
**دوێشەو (بادە) بە خەندەوە دەیگۆ:**
**من بەر لە تۆ شەرابی ئەجەل دەچێژم**

**لەو ساوە خەفەتێکی نادیاری ئەزەلی**
**دایگرتووم و بەردەوام بیر لەو**
**کرمە شووشەییانە دەکەمەوە**
**چۆنچۆنی خۆ لە لەتە خۆر و**
**کریستاڵانە دەئاڵێنن.**

کاتێ کرمی شووشەیی خۆیان لە درەوشانەوەو ڕووناکی و کریستاڵ و ئێستێتیک دەئاڵێنن، دوندی تاوەری ناشرینی و سیما و خاسیەتە بەدەکانی مەرگمان دەخەنە بەرچاو، کەوابێ مەرگ تا حەددی ئێستان بۆ بوونەوەرەکان ناشرینە.

دوای هەست کردن بە مەرگ و گەیشتن بە باوەڕێکی ڕەها کە ژیان جوانترە لە مەرگ، «ژیان چەنێ خۆشترە لە مەرگ ئەی خودا... شالیس» یان خودی مەرگ جگە لە مەرگ و تاریکی هیچی تر نییە، دەکرێ ئێستا لەسەر چەند نموونەیەکی تری خاڵی سێیەم بوەستین کە ئەویش (ترسە لە مەرگ).

لە (شالیس)دا ئەو حاڵەتە دەدۆزیتەوە، ڕەنگە لە بنەڕەتدا ترس لە مەرگ بە مانای تەواوی ترس نەبێ لە خودی مەرگ، بەڵکو ترسە لە پیربوون و لە دەستدانی جوانی و چێژ و خۆشی و لەززەتەکانی ژیان و گەرمییەکانی جەستە، کە مردن دێ سووری خوێن دەوەستێ، جەستە سارد دەبێ و دەبێتە خۆراکی میکرۆب و بوونەوەرەکانی دی، ترس لە ناشرینی و مەرگ مرۆڤ دەگەیەنێتە حاڵەتی خۆ کوشتن، ئەگەر وانەبوایە تەنانەت کەسێکیش چییە لەسەر ئەو ئەستێرەی ئێمەدا باوەڕی بە خۆکوشتن نەدەبوو، بەڵام کاتێ هیچت نەبوو بۆ ئەوەی لە دەستی بدەیت، ئەوەی کە هەتە تەنیا ناشرینییە و هەست کردنە بە ترسی هاتنی مەرگ و ناشرینی، دەگەیتە ئەو حاڵەتەی کە تەنیا لە تاریکییەکەوە دەچیتە نێو تاریکییەکی تر و هیچی تر..

ترسی (شالیس) ترسێکە لە مەرگ نەک لەبەر خودی مەرگ، بەڵکو ترسێکە لە مەرگ کە بکوژ و کوشندەی جوانییەکانە، مەرگ کە دێ بەر لە هەر شتێکی تر جوانی دەکوژێ، بۆیە سەڕاجی شاعیر دەڵێ:

**«١٣٣»**
**وتم (بادە)**
**لەش بە جووڵە جوان دەبێت**

**ڕۆح بە مۆسیقای لەززەتدار**
**بەڵام مەرگ لە دەستدانی**
**جووڵە نازپەروەرەکانی دڵە.**

**«٥٥»**
**لەم لاقرتێ گوڵمەز و گاڵتەجارییەی**
**بوونەدا ئەی یار ئەی عیشوەگەریترین یار**
**هەستێکی ترسناکی نیگەران نیگەران**
**دامدەگرێ دا دا دا**
**بیر لە فیراقی هەمیشەییت**
**دەکەمەوە هـ ە م ی ش ە ی ی ت.**

**«١٠١»**
**تازە لەم سەرابستان و شەرابستانەدا**
**چی دەکەین؟**
**ژیان نارنجیترین وەهمێکە**
**لە کریستاڵەکانی عیشق و**
**ڕەونەقەکانی نەشئە و شەیدایی**
**پاشان لە چرکەساتێکی هەڵایساودا**
**دەسبەرداری دەبین.**

**«١٢»**
**بەمشێوەیە بەردەوام چرکە خۆشەکانی**
**ژیان**
**لە دەست دەدەین.**

ئێمەش بەو شێوە دەیبینین کە ترس لە تێپەڕینی زەمەن و ترس لە مەرگی ئێستێتیک و نەمانی سەفادا ترسە لە مەرگ، ترسێک کە لە شالیسدا دەگاتە حاڵەتێک لە نیگەرانی و فرمێسک و هاوار هاوارێکی بێدەنگ و نزم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایەوێ هەروا بە سانایی تەسلیمی دەرئەنجامی ئەو ترسە بێ کە مەرگە.
سەڕاجی شاعیر هەوڵ دەدا چوونە دەرەوەیەک، یان گۆشەیەک، یان مەخەر و مەیدانێک بدۆزێتەوە بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونە و دژایەتی کردنە، هەوڵیداوە، یان باوەڕی ئاوایە کە هەندێ شت هەن دەتوانن تا ئاستێک لە ئاستەکان دڵنەوایی مرۆڤەکان بدەنەوە لەو شەڕە کۆتایی دیارە. یەک لەو شتانەی کەوا دەتوانێ دەسەڵاتی ناکۆتا و بێسنووری مەرگ نەهێڵێ لە قاقادان و گاڵتەکردنە بەمەرگ. حیلکە حیلک و لە قاقادان تا ئاستی ئێشانی زگ دژ بە مەرگ، لەناوبردنی مەرگە و بانگەشتەکردنی دۆڕانی مەرگە، لە ژیان پێبکەنە و عەشق بکە، لە ژیاندا سەفادۆستبە و پێبکەنە، لە ژیاندا نەهێڵی تاریکی جێ بە ڕووناکی لەق بکا، لە ژیاندا لەبەردەم پێی جوانیدا کڕنۆش ببە و پێیەکانی ماچ بکە، لە ژیاندا دەستی خۆشەویستی بگرە و تا ئاستی نەمانی هێزی دڵ ماچی بکە و لە قاقادە:

**دەبێ لەم جیهانە جوانەدا هەر**
**پ ێ ب ک ە ن م پ ێ پ ێ**

بێگومان پێکەنین لە گریان و ڕووناکی لە تاریکی و عەشق لە ڕق و سەفا لە شین و ڕاستگۆیی لە درۆ و بەختەوەری لە بەدبەختی جوانترە، سەڕاج دەیەوێ بە (قاقاکانی جوانی) دژی ئەو گریانە هەمیشەییە بوەستێ کە پێی دەڵێن: مەرگ.
ئەگەر کەرستەکانی دژایەتی کردنی مەرگ قاقا و پێکەنین و سەفاو ڕاستگۆیی و جوانی و ڕووناکی بێت، ئەوا جیهانێک هەیە سپی و بێگەرد کە شوێنی هەموو ئەو کەرستانەی لێ دەبێتەوە ئەویش نووسینە.. نووسین بەلای سەڕاج حاڵەتێکە لە لەززەت و ئەشکەنجە، بەڵام بەو لەززەت و ئەشکەنجەیە دژی مەرگ دەوەستێ و



هەوڵی لەنێــو بردن و لەناوچوونی لەناوچوون و مــەرگ دەدات:

«١٧٦»
**دەبا بنووسین تا ڕووخساری**
**مەرگ دەرنەکەوتووە**
**ئەی خۆم**
**نووسین لەززەتاویترین و**
**ئەشکەنجاویترین سزای قەدەرە.**

کەوابێ دروستبوونی ئەو چوار قۆناغە لە (شالیس)دا وەکو تێمەیەکی دیار و ڕۆشەن تەنیا لە پێناوی لەدەست نەدانی جوانی و عیشق و قاقا و پێکەنینەکانی ژیانە، بۆیە دەگاتە حاڵەتێک کە زۆر ڕاشکاوانە و بە زمانێکی ئاســایی و ڕۆشــەن هاوار بکاو بڵێ: ژیان لە مــەرگ خۆشترە و ژیان لە مەرگ لەززەتبەخشترە.

**ژیان لە شالیسدا**

دەکرێ بۆ خـوێندنەوەی دەقێکی تازەی شیـعـری کـار لەسەر میـتۆدێکی ڕەخنەیی دیاریکراودا بکرێ، هەروەها دروستیشە کۆمەڵێ میتۆدی ڕەخنەیی ئاوێتە بکرێت بۆ خوێندنەوەو کارکردن لەسەر تێکستێکی شیعری، واتا مەرج نییە بۆ خوێندنەوەی تێکستێکی شیعری، خۆمان بە میتۆدێکی دیاریکراو ببەستینەوە، (د. محەمەد بەکر) لە کـتێبی پەخشـانە شـیـعری کـوردیدا دەڵێ: «هەمـوو ڕێبــازە ڕەخنەییــە کــۆن «تازە- کــۆنەکــان» لەژێر ئەم ناونیشانـەدا کۆدەکرێنەوە «کەسایەتی، مێژوویی ژیانی، بیــروباوەڕی، ڕەفــتــاری ڕۆژانەی» دەکــرێتــە کلیلی تێگەیشتن لە دەقـەکەیی و دەق و پەیامگر لە سێبـەری ئەودا ڕادەگــیــرێن، ڕەخنەی مــێــژوویی، دەروونناسی و ئایدیۆلۆژی، نموونەی ئەو ڕێڕەوەن کە لە دەرەوەی ئەدەبەوە لـە بەرهـەمـی ئەدەبی دەکـــــۆڵـنـەوە.».. هەروەها لـە پەرەگرافێکی تری هەمان سەرچاوەدا، د. محەمەد بەکر دەڵێ: «تەنیـــا ڕســـتـــەیەکـــیش لە کـــاری ئەدەبیـــدا ڕەنگدانەوەی سـۆزی نووسـەر نییــە، بەڵکو «زمـان» بە گوێرەی بۆچوونێکی ڕۆڵان پارت لە کارە ئەدەبییـەکانەوە دەدوێ»..

بە بۆچوونی مـن خــۆ بەســتنەوە بە بیــرو بـاوەڕێکی دیاریکراو و پێشـوەختـە لە خوێندنەوەدا کارێکی تەواو تەندروست نیــیــە، چونکە ڕەنگە (دەق)ی شــیــعــری هەڵگری کۆمەڵێک حاڵەتی دژ بەیەک بێت، یان تەباو دژ بەیەک، یان هیـچ پێـوەندییـەک لە نێـوانی ئەمۆسفـێـرە لێکجیاکانی نێو جیهانێکی تەواو لێکجیا بێت.. ئێمە لێرەدا دەتوانین چەندین خوێندنەوەی ڕەنگاوڕەنگ و جۆر بە جۆرمان هەبێ بۆ (شالیس)، چونکە پڕە لە وەرچەرخان لە هەمـوو ڕووەکـاندا، خـۆ دەکـرێ ڕاست بێ کـە ئێـمـە لە دەرەوەی دەقەوەش واتا لە ژیانی خودی شاعیرەوە هەنگاو بنێین بۆ خـوێندنەوەی چەند بڕگـەیەکی ئەو تێکسـتـەی کە هەڵگری دنیـایێ تابلۆی گۆڕدراو و ناجـێگیـرە، دەشکرێ دروست و ڕاست بێ کە ئێمە لە دەرەوەی ژیانی شاعیرەوە کـار لەنێــو ئەو تێکســتــەدا بکەین، ئەوەی مـن لێــرەدا هەوڵی خـوێندنەوەی بۆ دەدەم ئەو بڕگـانەن کـە بە ئاشکرا پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەی شاعیرەوە.

ڕەنگە ئەگەر ئەو ناونیشانەی سەرەوەم بکردایە «ژیانی ڕۆژانە لە شــالیـــســدا» دروســتــتــربووایە، چونکە لە خـــوێندنەوەی ئەو دیوانـەدا تۆ ژیانی ڕۆژانە و هەندێ هەڵوێستی ڕۆژانە و پۆرترێت و تابلۆی ئێستێتیکی نێو ژیانی ڕۆژانەت دەکەونە بەرچاو.. یەکێ لەو تەوژمە جوان و دڵڕفــێنەرانەی کــە ئێــســتــای شــیــعــری «ئۆبرۆ- ئەمریکایی» گرتۆتەوە، شێوازی نووسینەوەی پۆرترێت و تابلۆکـانی ژیانی ڕۆژانەی شـاعیـرە، سەڕاجی شـاعـیـر لە هەندێ بڕگەی ئەو دیوانەدا ئەو کارەی ئەنجامداوە، کە بە بۆچوونی تایبـەتی من جـوانـتـرین و چێـژبەخـشـیـتـرین بڕگــەکــانی ئەو دیوانەن.. لە ڕێگای خـوێندنەوەی ئەو بڕگانەدا تۆ لایەنێکی مێـژووی ژیان و چەندین پەنهـانی ژیانی شاعیرو ئەو چاخە دەزانیت و چێژی لێوەردەگیرێت، تۆ دەزانیت لە بەیانییـەکدا سەڕاج کـۆمـەڵێ فـۆلسکاب دەهێنێ و بە وشــەو ڕســتــەی پڕ لە هەناســەو ڕۆح دەیان ڕازێنێتەوەو تا شەکەت دەبێ لاپەڕە سپییەکان ڕەشنووس دەکـا، زەمــەن دەڕواو ئەویش هەر خـەریکی پەرشکردنی ڕۆحی وشـەکانە بەسـەر لاپەڕە سـپـییـەکـان، دواتر دەمەو خـۆرکـەوتن شـەپۆلی ژانە سـەر و هیـلاکی تەوژم دێن و ئیدی ئۆقرە ناگرێ و دێتە دەرەوە، کە وردە وردە هەنگاو دەنێ، دەزانێ چاویلکەو مـۆبایلەکـەی لەیاد کـردووە، ئینجـا تەئەمـول بۆ خـودا و زەمین دەکـا و لە مـرۆڤ و بوونەوەرەکانی سەر ئەو شەقام و ئەو کۆڵان و ئەم شەقام و ئەم کۆڵانی تر دەڕوانێ:

**«٢٤»**
**ئیمڕۆ ئەوەندە پرشنگی جوانیم**
**ئاوێزانی تەرزەی وشە کرد**
**شەکەت و مات و خامۆش و سەرگەردان**
**بێ چاویلکە و مۆبایل بە**
**خیابانەکان کەوتم و**
**سەرمەست و شێت و شەیدا**
**هێدی هێدی هێدی هێدی**
**لە رووخساری بونەوەرەکانی خودا**
**ڕامام ڕا!**

تۆ لە خوێندنەوەی هەندێ لەو برگانەی کە باسی پۆرترێتەکانی ژیانی ڕۆژانە دەکات، دەزانی سەڕاجی شاعیر لە بەرانبەر مرۆڤی ڤالاّ و دروشم پەرستدا سەرەتا دۆش دادەمێنێ و دواتر لە ناخەوە دەشڵەژێ و دەرئەنجامی ئەو هەموو لێکدانەوە ماتماتیکییەی کە سەرچاوەکەی لە سۆز و مەعریفە و جیهانبینییەکانە دەگاتە باوەڕێک کە دەبێ لە قاقای پێکەنین بدا:

**لە بەدترین شەوی شەرابنۆشیدا**
**بەرامبەر داڕزاوترین پەیکەرێکی**
**ڤالاّی دروشمپەرستا وەستام و**
**لە قاقام دا قا قا قا!**

لە شەوێکی ئەوپەڕی مەستی و شەرابنۆشیدا لەو حەشامات و تێکڤژڤژان و ئاوێتەبوونی جوانی و ناشرینییەدا هەڵوەستەیەک دەکا و تابلۆی ژیانی ئەو مرۆڤانەی دێتە بەر چاو کە بەدەم مەستییەوە ژیان و لاپەڕەکانی ژیان بەڕێ دەکەن و دەڵێ:

**سەیری کامەیان بکەین**
**گروهێکن**
**حەشاماتێکی بێشومار**
**هەموو**
**پێکڕا بە لادادێن و**
**هەموو پێکڕا لەتر دەدەن!**

هەندێ جاریش تێدەگەی کە سەڕاج جار نا جارێ بەرانبەر بە کاڵفام و ڤالاّ و بێ بەهرەدا چەند وێڵ و سەرگەردانانە هەڵدەچێ و بێزار و بێزارانە دەیان داتە بەر باهۆزی تووڕەیی خۆی:

**ئەی کاڵفامترین ئەهریمەنی گومڕا و سەرەڕۆ**
**دەبوا**
**عەتری ئەو دورجی لوولووی جەنەتە**
**بپەرستی و کڕنووش بەری بۆ**
**کریستاڵەکانی**
**نەخشی قودرەت!**
**تۆ ئەی ڤالاّترین هیچ و هیچیترین ڤالاّ!**
**خۆزیا نەمناسیبای**
**شەوگەردی سەر دیوارە وێرانەکانی**
**گۆڕستانەکان لە بوونت جوانترە**
**ئاخر چلۆن**
**لە چرکەساتێکی نەهامەتی و**
**غەفڵەتگەرییدا**
**هێلینی عیشقیترین و**
**دەلالیترین شالوورێکی جیلوەکەری**
**شەوارەی ڕۆژگار دەشێوێنی؟**

ئەوەی من لێرەدا کردوومە تەنیا خوێندنەوەی هەردوو لایەنی مەرگ و ژیانی ڕۆژانەیە لە (شالیس)دا، بێگومان دەتوانرێ لەسەر ئەو دەقە قسەی زۆر زۆر زیاتر بکرێ لە کۆمەڵێ لایەنی لێکجیاوە، بە نموونە: زمان لە شالیسدا، دەقئاوێزانی لە شالیسدا، ئێستێتیک لە شالیسدا، مەعریفە لە شالیسدا، جیهانبینی لە شالیسدا، بنیاد و پێکهاتەی ڕوخساری شالیس و... تاد، بە کورتی شالیس پێویستی بە خوێندنەوەی زیاترە، ئومێد دەکەم پسپۆڕانی ئەو بوارە لە من زیاتر بتوانن ڕۆچنە نێو هەموو لایەنە پەنهان و جوانییە شارەوەکانی نێو شالیس.

*** شالیس دیوانێکی هاشم سەڕاجی شاعیرە، لەساڵی ٢٠٠٧ لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ و بڵاوکراوەتەوە.**

# بژار کردنی زمانی شیعری کوردی

ڕێبین خەلیل قادر

**پێشەکی**

زمـانی کـوردی ئەمـڕۆمـان جـیـاوازییـەکی زۆری هەیە لەگـەڵ ئەو زمـانـە کـوردییـەی چەند سـەدەیەک لەمـەو بەر باب و باپیـرانمان بەکـاریان هێناوە. سـەرنجـدانێک لە زمانی کوردی ئەمڕۆ و بەراوردکردنی لەگەڵ کوردی پێشان ڕێژەی ئەو جـیـاوازییـەمـان بۆ ڕوون دەکـاتەوە. هەڵـبـەت ئەمـەش خـۆی لە بوونی چەندین وشـە و زاراوەی بێگـانە (فـارسی، عـەرەبی، تورکی) لە ناو زمـانەکـەمـاندا دەبینێـتـەوە، ئەمـەش شـتـێکی سـروشـتـیـیـە، چونکە زمـانەکەشـمـان لەگـەڵ بارودۆخی (ئابووری- سـیـاسی- کۆمەڵایەتی- ڕۆشنبیری... تاد) خول دەخوات.

جـا مـیللەتێکی ژێردەسـتـە و داگـیرکـراوی وەکـو کـورد ئاسـاییـە بکەوێتـە ژێر هەڕەشـە و گـوڕەشـەی کـولتـووری (فـارس، عـەرەب، تورک)، زمـانەکـەشی بکەوێتـە ژێر داپلۆسینی زمانانی ئەم نەتەوانەوە. زمانیش کە هۆیەکی گرنگی پێوەندی کردن و گوزارشت کەری ناخ و هەست و سـۆزی مـرۆڤـە و لە گـۆڕانێکی بەردەوام دایە، ئەگـەر بە وردی ئاراسـتـە نەکـرێت و گـرنگی پێ نەدرێت، بەرەبەرە (بە تایبـەت ئەگـەر کـەوتە ژێر کـاریگەری زمـانانی دیکەوە) ئاراسـتـەی نەتەوایەتی و ڕەسـەنایەتی خـۆی دەگـۆڕێت. بۆیە زمـانی کـوردیش بە حـوکـمی ئەوەی کـە لەگـەڵ بارودۆخی مـیللەتەکـەیدا هەڵدەکـات، گـەلێک گـۆڕانکاری ڕیشـەیی بەسەرا هاتووە لە مێـژووی دروست بوونییەوە تا ئەمڕۆ.

لە لێکۆڵینەوەیەکی ئاوا خاکەڕادا هەوڵ دەدەین هەوڵە سـەرەتاییـەکـانی بژارکـردنی زمـانی شـیـعـری لە ئەدەبی

کوردیدا باس بکەین و لەگەڵ ئەمەشدا بە پێی هەریەکە لە قوتابخانەکانی (کلاسیک، رۆمانتیک، ریالیزم) بارودۆخی زمانی کوردی بخەینە ڕوو. هەر لە سەرەتاشەوە چەند دێڕێک لە بابەت زمانی شیعر بە گشتی و هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم زمانە دەخەینە بەر دید، پاشان جیاوازی زمانی شیعر لەگەڵ هەریەکە لە زمانی زانست و زمانی ئاسایی (زمانی قسەکردنی خەڵکی) بە کورتی و پوختی ڕوون دەکەینەوە.

### زمانی شیعر

گرنگیدان و شیکردنەوەی زمانی شیعر و دەستنیشان کردنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانە بابەتێکی هەستیار و گرنگە. دەکرێت بڵێین هەر لە سەردەمی یۆنانییە کۆنەکانەوە بە تایبەتی (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) باسی لێوەکراوە و هەندێ تایبەتمەندی و جیاوازی ڕوونکراوەتەوە. (ئەفلاتوون) هەر زوو درکی بەم مەسەلەیە کرد و کاریگەری و جادووی زمانی شیعری بەسەر خەڵکی بۆ دەرکەوت. (ئەفلاتوون) لای وابوو کە شیعر بەهۆی ئەو زمانە جادووییە و ئەو فۆرمە هونەرییەی هەیەتی دەتوانێت هەست و سۆزی خەڵک بورووژێنێت و هەڵیان خەڵەتێنێت. (ئەرستۆ) زمانی شیعر تایبەتمەند دەکات و هەوڵ دەدات لە زمانی ئاسایی جیای بکاتەوە و تایبەتی بکات بە خودی شاعیرەکە خۆیەوە.

یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی پێویستە باسی لێوە بکرێت، جیاکردنەوەی زمانی شیعرە لە زمانی زانست و زمانی ئاسایی (زمانی قسەکردنی خەڵکی). سەرنجدانێک لە زمانی شیعر و زمانی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زمانی شیعر (زمانی ئەدەب) زمانێکی ئاڵۆز و تەمومژ دێتە بەرچاو، هەروەها یەکانگیری و یەکگرتوویی لە زمانەکەدا بەدی ناکرێت، چونکە هەر نووسەر و شاعیرەی بەیەک هزر و بیرکردنەوە نانووسن و پێوەرێکی ڕەهایان لە بەردەستدا نییە و هەریەکەی پابەند دەبێت بە جۆری بیرکردنەوەی خۆی. ئەمە جگە لەوەی کە زمانێکی واتایی و هزری و ڕەمزییەتە و زیاتر لا دەکاتەوە بە لای جوانی و ئێستێتیکدا، کەچی زمانی زانستی و لێکۆڵینەوەی زانستی سەرەڕای ئەوەی زۆربەی هێما و ڕەمزە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم زمانە تا ڕادەیەک جێگیر و پێوانەیەکی موتڵەقی هەیە. هەستی جوانکاری و لایەنی هونەری پابەند نین بەم زمانەوە، چونکە ئاشکرا کردنی ڕاستییە زانستییەکانی ژیانە و ئەوەندەی گرنگی بە ناوەرۆکەکە دەدرێت، ئەوەندە گرنگی بە لایەنی هونەری و گراماتیکی نادرێت.

هەرچی جیاکردنەوەی زمانی شیعرە لە زمانی ئاسایی (زمانی قسەکردنی خەڵکی) ئەوە جێی تێڕامان و لێووردبوونەوە بووە، هەر لە سەرەتاوە وتمان (ئەرستۆ) هەوڵی دا زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی (قسەکردن) جیا بکاتەوە. (ئەرستۆ) پێی وابوو کە زمانی شیعر تایبەتە بە شاعیرەکە خۆی، لە توانایدا هەیە کە بە شێوەیەکی جیاواز لە شێوە ئاساییەکەی خۆی بەکاریبهێنێت، بە مەرجێک شاعیر خودان لێهاتوویەکی لە ڕادەبەدەر و شارەزاییەکی تەواو بێت لە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکان و شوێنی بەکارهاتنیان.

ئەگەر زمان لای خەڵکی هۆیەک بێت بۆ دەربڕین و لەیەکتر گەیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕاکان، لای شاعیر جۆرە دەربڕینێکی ترە و خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە. کەواتە زمانی شیعر پێوەندی بە لایەنی هونەری ئەم زمانەوە هەیە و لە زمانی ئاسایی جیا دەبێتەوە و خۆی لە سادەیی و ساکاری ڕزگار دەکات، هەروەها دەسەڵاتی شاعیر بە سەر زمانەکەیدا و گونجاندنی زمان و عەقڵ و خەیاڵ بە جۆرێک کە لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا بگونجێت.

سەرەنجام دەتوانین بڵێین کە لە زمانی شیعر چەند تایبەتمەندی و جیاوازییەکی وای هەیە کە جیای دەکاتەوە لە زمانی زانست و زمانی ئاسایی. ئەم زمانە زیاتر بەرەو قووڵبوونەوەی واتا و چڕبوونەوەی دەچێت و زمانێکی ئاڵۆز و تەمومژ و زیندوێتی و نەمری بە دەقەکە دەبەخشێت و توانایەکی جادوویی و کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر خوێنەر، هەڵبەت ئەمەش لەپاڵ زیرەکی و لێهاتوویی و شارەزایی شاعیر و دەسەڵاتی بەسەر زمانەکەدا و هەڵبژاردنی ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانەی کە جۆرە ڕیتم و ئاوازێکی وایان هەیە لە گوێی گوێگر و مێشکی خوێنەر بزرنگێنەوە و کاریگەرییان بەسەر خەیاڵ و بیرکردنەوەدا هەبێت.

سەرەڕای ئەم هەموو تایبەتمەندییەی زمانی شیعر هەیەتی، کەچی لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا و بەهۆی هاتنە پێشەوەی گەلێک گۆڕانکاری سیاسی و

کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و نەتەوایەتی، گۆڕانکاری بەردەوامیش ئەم زمانە دەگرێتەوە. بەجۆرێک لەوانەیە هەڵکەوتێکی تازە و بنیادێکی کاریگەر و نوێ وەربگرێت، زۆرجار لە ئاڵۆزییەوە بەرەو سادەیی (بە پێچەوانەشەوە) دەچێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە گۆڕانەکان تەنیا مانا و ناوەڕۆک و دەلالەتەکانی وشە و چۆنییەتی بەکارهاتنیان لە سیاقی ڕستەدا و دۆزینەوەی وشەی گونجاو بۆ مانا و ناوەڕۆکی گونجاو دەگرێتەوە، نەک بنەما ڕێزمانی و گرامەرییەکانی زمانەکە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار زمانی شیعری بە شێوەیەکی وا بەکاردێت کە هەموو دەستوورەکانی ڕێزمانی و واتایی زمانەکە دەشێوێنێت.

### زمانی شیعر لای کلاسیکییەکان

پێش ئەوەی باسی بارودۆخی زمانی شیعری و چۆنییەتی ئاراستەکردنی لای کلاسیکییەکان بکەین. سەرەتا هەوڵ دەدەین لە کاریگەرێتی زمان و ئەدەبی هەریەکە لە نەتەوەکانی (فارس، عەرەب، تورک) لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی بدوێین.

سەرەتا زمان و ئەدەبی فارسی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر زمان و ئەدەبی کوردییەوە هەبووە «لەو ڕۆژەوە کە ئەدەبیاتی نووسراومان هەیە پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا بووە.... ئەم پێوەندییە بێگومان بۆتە هۆی کارتێکردن و هەمیشە بەردەوامیش بووە» (١) بەم جۆرە دەبینین ئەم پێوەندییە هەر بەردەوام بووە و کاریگەریشی لەسەر زمانی کوردی داناوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندی و خزمایەتییەی کە لە نێوان هەردوو زماندا هەیە و سەر بە یەک خێزانە زمانن کە خێزانە زمانی (هیند و ئێرانییە)، جگە لەمەش بەشێکی میللەتی کورد زمان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی فارسدا ناڵاندوویەتی، ئەمە جگە لەوەی سروشتی بیرکردنەوەی کورد و بیروباوەڕی هاوبەش و ئەو دەوروبەرەی کە لێی دەژین دەورێکی سەرەکی دەگێڕن و لەو کاریگەرییە.

زمان و ئەدەبی عەرەبیش بە دەوری خۆی کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی (هەرچەندە ئەم دوو زمانە هیچ خزمایەتییەکیان لە نێواندا نییە و سەر بە دوو کۆمەڵە خێزانی زمانی جیان)، بەڵام دەبینین کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی هەبووە لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی لە سەردەمی کلاسیکییەکاندا. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چونکە زۆربەی میللەتی کورد موسڵمانن و ئینتیمایەکی پتەویان بۆ ئایینی ئیسلام هەبووە «زمانێکی وەکو زمانی عەرەبی لە سەردەمەکانی پێشوودا، واتە لە سەردەمی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بەهۆی ئایینەکەوە کەوتۆتە سەر زاری هونەر و ئەدیبەکانی کورد» (٢). جگە لەمەش دەبینین کورد (وەک زۆربەی میللەتانی دیکە) لە دوای موسڵمان بوونی دەستی دایە نووسین بە زمانی عەرەبی و زمانەکەی خۆی پشت گوێ خست، بەڵام دوای هاتنی (سەلجوقییەکان) دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ نووسین بە زمانەکەی خۆی.

لە بابەت زمان و ئەدەبی تورکیش بە هەمان شێوە کاریگەری هەبووە لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر و کاریگەرییەکەی ناگاتە ئاستی هەبوونی ئەو کاریگەرییەی کە زمان و ئەدەبی فارسی و عەرەبی هەیانە لەسەر زمانی کوردی. ئەمەش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی تورکی لە کۆمەڵە خێزانێکی زمانی جیایە و هیچ پێوەندییەکی خزمایەتی زمانی لەگەڵ زمانی کوردیدا نییە، هەروەها لە کوردستاندا ئەوەندە گرنگی بەم زمانە نەدراوە (چونکە زمانی ئایین و خوێندن و نووسین نەبووە لە کوردستاندا، هەرچەندە زمانی دەسەڵاتی حکوومەتی عوسمانی بووە).

دوای ڕوون کردنەوەی کاریگەری هەریەکە لەو زمانانە بەسەر زمان و ئەدەبی کوردی، بە سەرنج دانێک لە زمانی شیعری لای کلاسیکییەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زمانێکی تێکەڵ بووە لە وشە و زاراوەکانی ئەم زمانانە، بە جۆرێک شاعیرانی کلاسیکی سوودێکی زۆریان لە وشە و زاراوەکانی بێگانە بینیووە و لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە «شاعیرانی کلاسیکی پشتیان بەو دەربڕینە عەرەبی و فارسییە جوان و قەشەنگانە دەبەست کە لە ناوەڕۆکی کتێبە کلاسیکییەکاندا بوو» (٣).

شاعیرانی کلاسیکی لەناو وشە و زاراوەکانی ئەم زمانانە دەگەڕان و هەڵگێڕ و وەرگێڕیان دەکردن و لە ناو شیعرەکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێنا. تەنانەت وای لێهاتبوو هەندێ وشە و زاراوەی بێگانە ئەوەندە لە ناو شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکاردەهات و دووبارە دەکرانەوە، ماناکانیان سوابوون و بەلای زۆربەی خەڵک بێزارکەر بوو. سەرنج دانێکی ورد لەم چەند دێڕە شیعرەی (نالی):

**زوڵفت کە لەسەر ڕوو بە خەم و تابشە ئەمڕۆ**
**دوودی سیەهی عوودە لەسەر عاریزی پشکۆ**
**دەستم بە سەد وەعدە لە سەد جێگە شکاوە**
**جەبری نییە ئەمم کەسرە هەتا نەیخەمە ئەستۆ (٤)**

ئەوەمــان بۆ دەردەکــەوێت کــە لەپاڵ وشــە و زاراوە کوردییەکاندا چەندین وشە و زاراوەی (فارسی، عەرەبی) بەکـارهاتوون (تابش، سیـەه، عـوود، عـاریز، وەعـدە، جـەبر، کـەسر،....تاد). بۆیە لەپاڵ ئەو وشـەکـاری و ڕەوانبێژی لە زماندا شاعیری کلاسیک هاتووە ڕاستەوخۆ چەندین وشـە و زاراوەی لە زمانـانی (فارسی، عـەرەبی) هێناوە و لە پاڵ وشە و زاراوە کوردییـەکاندا لە شیـعری خۆیدا بەکاری هێناوە.

ئەمـەش یەکێک بووە لە مـەرجـە پێش وەختـەکـانی شیـعری کـلاسیـکی کـوردی کـە دەبوایە شـاعیـر چەند زمــانێک بزانێت و وشــە و زاراوەی ئەم زمــانانە لە بەرهەمی خۆیدا بەکـار بهـێنێت. زۆر جـار ئەمـە بە کـەم زانراوە بەڵکو دەبوایە شـاعـیـری کـلاسـیـک بە چەند زمانێک شیعری هەبێت. لەم بارەیەوە (نالی) دەڵێت:

**فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە**
**ساحێبی سێ موڵکە نالی، ئەمڕۆ دیوانی هەیە (٥)***

ئەمـەش شـتـێکی ئاسـایی بـوە، چونکە شـاعـیـرانی کـلاسیک بە کـۆمـەڵێک مەرجی پێش وەختـە کـۆتوبەند کـرابوون و نەدەبوایە لێی لابدەن، ئەگـینا بە شـاعـیـری ڕاسـتـەقـینە و بەهرەمەند ناو نەدەبران و شـیـعـرەکـانیـان پەسـەند نەدەکرا. بێگومـان ئەو بابەتانەش کە ناوەڕۆکی شیـعری کـلاسیـکیـیـان پێک هێنابوو لەگـەڵ ئەو زمـانە ئاڵۆز و تێکەڵە گـونجـانێکیـان دروست کـردبوو. زۆر جار ئەو زمــانـە ئاڵـۆزە تێکەڵە بەلای خـەڵکەوە شــتــێکی ئاسایی نەبـوو، زۆربەی خەڵک لە شیعرەکان نەدەگەیشتن و لێکدانەوەیان کـاتێکی زۆری دەویست و هەندێک جار خـوێنەر پێـویسـتـی بە فـەرهەنگی ئەو زمـانانە هەبوو بۆ تێگەیشتن لە زمان و ناوەڕۆکی شیعرەکە.

لێرەوە «زمانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی بەسەر بنەما گـرامـاتیـکیـیـە کـوردییـەکـەدا گـەلێک وشـەی زمـانی تری ڕۆژهەڵاتی تێکەڵ کراوە» (٦). وە نەبێت ئەم تێکەڵییە تەنیـا لە زمـانی ئەدەبی کـوردیدا هەبووبێت، بەڵکو ئەم تێکەڵییـە لە زمان و ئەدەبی فـارسی و تورکی و گـەلێک نەتەوەی دیکە هەستی پێدەکرێت «ئەم تێکەڵییەش تەنیا لە زمانی ئەدەبی کوردیدا نەبووە، بەڵکو لە زمانی ئەدەبی فارسی و تورکیشدا بە زەقی دیارە» (٧).

سـەرەنجـام بۆمـان دەردەکـەوێت کـە زمـانی شـیـعـری کـلاسیـکییـەکـان زمانێکی تێکەڵە و پڕیەتی لە وشـە و زاراوەی زمانانی بێگانە، بەتایبەتی زمـانانی (فـارسی، عـەرەبی، تورکی)، هەندێک جاریش ڕاسـتـەوخۆ وشـە و زاراوە لەم زمـانانە وەرگـیـراوە و لە شـیـعـرەکـانیـاندا بەکـارهاتووە، ئەمـەش یەکـێک بووە لە مـەرجـە پێش وەختەکانی شیعری کلاسیکی، هەروەها زمانێکی ئاڵۆز و تەمومژاوییە و زۆربەی خەڵک لێی تێناگات، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە شیـعرانە ئاراسـتـەی دەسـتـەیەکی دیاری کـراو کـراوە، بۆیە کـەسـێکی شـارەزا نـەبێت لە مـانا و ناوەڕۆکی شیعرەکان ناگات بەهۆی ئاڵۆزی و بوونی وشە و زاراوەی زمانی بێگانە.

## زمانی شیعر لای ڕۆمانتیکییەکان

لە دوای جـەنگی یەکـەمی جـیـهـانی بارودۆخـێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ... تاد، جیاواز بۆ میللەتی کورد هاتە پێشەوە، دەوڵەتی عوسمانی بە جارێک شکستی هێنابوو ئەو تـوانایەی جــارانی نەمـــابوو. زۆربەی مـیللەتانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عـوسمـانی هەسـتی نەتەوایەتی و سەربەخۆییان لە دەماری لەشدا جووڵا بوو. مـــیللەتی کـــوردیش یەکــێک بوو لەو مـــیللەتانەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کـورد تینی سـەند بـوو، هەسـتی نەتەوەیی و سـەربەخۆیی و وڵاتێکی ئازاد لە بیـری تاکی کــورد بـووژایەوە. ئەم گــۆڕانە وردە وردە ئەدەبەکــەشی گرتەوە چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی و بیری ئازادیخوازی وەکو ناوەڕۆکـێکی تازەی شیـعری کوردی سەری هەڵدا، شاعیـران زیاتر گرنگیـیان بە مەسـەلە نەتەوایەتییـەکان دەدا و بە دەنگ خواستی میللەتەوە دەهاتن.

هەڵبەت ئەو ناوەڕۆکە تازەیەش پێویستی بە شێوەیەکی هونەری شـیـعـری نوێ هەبوو لە مـەسـەلەکـانی (کـێش و قافیە و زمانی شیعر و... تاد) بۆیە دەبینین شاعیرانی تازە بە دوای قـاڵبێکی نوێدا دەگەڕان بۆ ئەوەی بیکەن بە بەری شـیـعـر و ناوەڕۆکی تازەی پێدەربـبـڕن. یەکـێک لەو مەسەلانەش گۆڕین و پاککردنەوەی ئەو زمانە شیعرییە تێکەڵ و ئاڵۆزە بوو لە وشەی بێگانە و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی خۆماڵی کوردی لە شوێنی ئەوان. ئیدی لێرەوە

هەوڵەکانی بژارکردنی زمانی شیعری کوردی دەستی پێکرد. لەگەڵ هاتنی ڕێبازی ڕۆمانتیک و زاڵبوونی بەسەر ڕێبازی کلاسیک، زمانەکەش گۆڕانی بەسەردا هات «لە سەردەمی ڕێبازی ڕۆمانتیکی گۆڕانێک بەسەر زمانەکەشدا هات، شاعیرانی ڕۆمانتیکی کوردی بەدوای تازەکردنەوە دەگەڕان» (٨).

بەڵام لەم ماوەیەدا زمانە شیعرییە تێکەڵەکەی کلاسیکی یەکسەر و ڕاستەوخۆ نەگۆڕا بۆ کوردی پەتی، بەڵکو تا ڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هات و وشە و زاراوەی بێگانەی هەر تێدا مابوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هەندێ لە شاعیرانی کوردی وەک: (شێخ نووری شێخ سالّح، گۆران، ڕەشید نەجیب،...) کاریگەربوون بە ئەدەبی ڕۆمانتیکی تورکی، بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی سەر بە ڕێبازی (ئودەبای فەجری ئاتی) کە لە ڕێگای شیعری زمانی فەڕەنسییەوە جۆرە شێوازێکیان هێنایە ناو ئەدەبیاتی تورکی و هەوڵی نوێکردنەوەی شیعری تورکیان دەدا لە بابەت ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە.

هەروەکو (گۆران) دەڵێت: «ئەو جۆرە ئوسلوبەیان تیاداکراوە بەسەر مەشق کە (م. نووری) و هاوڕێکانی لە ئەدیبە تازەکانی تورکی عوسمانییان وەرگرتووە، لەسەردەمێکی سنووردارا (١٩٢٠ - ١٩٣٠) شیعری کوردی ناوچەی سلێمانییان پێ تازە کردەوە» (٩). کەواتە زمانی شیعری پێش ئەوەی بگاتە کوردی پەتی نووسین بە قۆناغێکی تردا ڕۆیشت، وەک لە سەرەوە باسمان کرد، ئەو قۆناغەش بریتی بوو لەوەی کە ئەم شاعیرە تازانەی ئەدەبی تورکی وشە و زاراوەیان لە زمانانی عەرەبی و فارسی وەردەگرت و کۆمەڵێک گۆڕانکارییان بەسەردا دەهێنا کە لەو زمانانە بەم شێوەیە بەکارنەدەهاتن و ئیدی لە شیعردا بەکاریان دەهێنا. شاعیرانی ڕۆمانتیکی کوردیش دووبارە لە ئەدەبە نوێیە تورکییەکە وەریان دەگرتەوە و بەکاریان دەهێنا «لەگەڵ ڕاپەڕینی ڕۆمانتیکی نێوان دوو جەنگدا، زمانێکی تازە هاتە ناوەوە، (گۆران) خۆی باشی ناو ناوە بە زمانی کوردی عوسمانلی، ئەو زمانە تەواو لەژێر تەئسیری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا بوو» (١٠). لەم قۆناغەدا زمانی شیعری کوردی هێشتا پاک نەبۆتەوە لە وشە و زاراوەی بێگانە، بەڵام ئەو وشە و زاراوانە جیاوازییەکی زۆریان هەبوو لەگەڵ ئەوەی لە زمانی کلاسیک بەکاردەهاتن و بە یەکتر نەدەچوون «هەموویان لە مانایەکی دوور، یان نزیک لە مانا فەرهەنگییە عەرەبییەکەوە بەکاردەهاتن، بەڵام هەرگیز بە مانای پڕ لە پڕی ئەو بەکارنەدەهاتن» (١١).

ئەگەر سەرنجێک لەم پارچە شیعرەی (شێخ نووری شێخ سالّح) بدەین، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە:

**«سەف سەف کە دێن و تێئەپەڕن چست و باویقار**
**مازی لە سیدقی ئەوانا ئەبینم ئەکا فیرار**
**سوبحێکی پاک و بێغەش ئەبینم وەکو بەهار**
**موستەقبەلێکی بێ لکە، پڕ کەیف و نەشئەدار**
**بێ تۆز و بێ غوبار.**

ئەگەر بە وردی سەرنج لەم پارچە بدەین، دەبینین کۆمەڵێک وشەی نا کوردی تێدا بەدی دەکەین کە بەم شێوەیە لە ئەدەبی کلاسیکیدا بەکار نەهاتووە وەک (سەف سەف، باویقار، مازی، سیدق، سوبح، موستەقبەل،... تاد» (١٢)

دوای ئەم قۆناغە زمانی شیعری کوردی، ئیدی شاعیرانی ڕۆمانتیکی کوردی کەوتنە خۆ و هەر بەوەندە نەوەستان بەڵکو هەوڵیاندا بە یەکجاری شیعری کوردی لە وشە و زاراوەی بێگانە پاک بکەنەوە و لە شوێنی ئەوانا وشە و زاراوەی خۆماڵی کوردی بەکاربێنن، واتە بەرەو قۆناغی کوردی پەتی نووسین و پاک کردنەوەی زمانەکە لە وشە و زاراوەی بێگانە.

ئیدی بژارکردن و پاک کردنەوەی زمانی شیعری کوردی هەر لە سەردەمی سەرهەڵدانی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا دەستی پێکردوو وردە وردە زمانەکە پاک کرایەوە لە وشە و زاراوەی بێگانە، ئەمەش لەسەر دەستی شۆڕەسوارانی ئەدەبیاتی کوردی (شێخ نووری، گۆران، پیرەمێرد، ڕەشید نەجیب) بوو، بە تایبەتی ڕۆڵی (گۆران و پیرەمێرد) لەم بارەیەوە بە ڕوونی دیارە. چونکە هەریەکە لە (شێخ نووری و ڕەشید نەجیب) بەهۆی سەرقاڵیان بە کاروباری میرییەوە، نەیانتوانی ئەرکەکەیان تاسەر ببەن، بەڵکو کەمێک لە ساردییان نواند و بەهۆی نەبوونی کاتی پێویست و زۆری کاروباری میری وردە وردە پاشەکشەیان کرد، تەنانەت یەکێکی وەکو (شێخ نووری) «هەر لەسەر سنووری ئەو دوو قۆناغەدا مایەوە و بە تەواوی نەیدا بەلایەکیاندا و لە ساڵانی دواییدا بەرەو کلاسیک گەڕایەوە» (١٣).

(پیرەمێرد و گۆران) دەورێکی سەرەکیان گێڕا لە پاک

کــردنەوەی زمــانەکــە لە وشــە و زاراوەی بێگانە و بەکارهێنانی وشەی خۆماڵی لە جێگای ئەواندا. ئەوان هەر بەوەندە نەوەستــان، بەڵکو داواشیــان دەکرد کــە شاعیرانی تازە ڕوو لەو زمانە نوێیە بکەن گرنگییەکی تەواوی پێبدەن.

دەتوانین بڵێین هەر یەکە لە (پیرەمێرد و گۆران) سوودیان لە چەندین سەرچاوەی جیاواز وەرگرت، ئەمە سەرەڕای شارەزایی و بەهرەمەندی شاعیریەتی خۆیان.

دەتوانین ئەو ســەرچاوانە پۆلێن بکەین بۆ چەند خاڵێک:

١- ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی.

٢- ئەدەبیاتی میللی کوردی.

٣- زمانی خەڵک ( زمانی قسەکردن)

٤- وشە و موفرەداتی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی.

ئەمانە هەموو بوونە هەوێن و سەرچاوەی سوود لێوەرگرتنی شاعیران بۆ بژارکردنی زمانی شیعری و کوردی پەتی نووسین.

(گۆران)ی شاعیر تا نزیکەی ساڵانی (١٩٣٠) هەر زمانە تەقلیدییە کۆنەکەی کلاسیکی بەکاردەهێنا بە جۆرێک کە پڕ بوو لە وشە و زاراوەی بێگانە، بەلام دواتر وازی لەو زمانە هێناو بەرە بەرە بیری لەوە کردەوە کە لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا زمانێکی سادە و ساکار و پەتی و پوخت بەکار بهێنێت «تا پێش دەوری (گۆران) وا زەن ئەکرا کە لەوشەی پەتی و ساکاری کوردی شیعری بەرز ناوترێ، بەلام بەهۆی ئسلوبێکی دای هێنا لە (فەن)ی شیعرا، گۆران ئەمباوەڕی گۆڕی» (١٤). (گۆران) سوودێکی زۆری بینیوە لە سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی و زمانی قسەکردنی خەڵکی، ئەمە سەرەڕای شارەزایی و وەستایی گۆران لە هونەری هۆنینەوەی شیعری تازە، هەروەها ئەو تەڕی و پاراوییەی کە لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت «ئەو زمانە پاراوە شیعرییەی وەک شێوازی تایبەتی خۆی پێی دواوە، هەر تەواو جێگای سەرنج و مایەی قووڵ بوونەوەیەکی بێ سنوورە» (١٥).

هەر لە بارەی زمانی شیعری لای گۆرانی شاعیر د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت: «زمانی گۆران پوخت و ساغ و پتەو و جوان و ڕەوان و زۆر لە خۆکردنی تێدا نییە وە ڕەسەنێتی خۆی لە زمانی خەڵک و سامانی بە پیتی نەتەوەوە وەردەگرێ، گۆرانیش شارەزای ئەم زمان و سامانە بوو و ئەمەش قووڵی و ڕەنگینی بە شیعرەکانی بەخشیوە» (١٦).

دەکرێت نموونەیەک لە پارچە شیعرێکی (گۆران) بێنینەوە، هەروەکو (ڕەفیق حیلمی) لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا) باس لە پارچە شیعرێکی (گۆران) دەکات و ئەوە دەردەخات کە ئەو وشە و زاراوە کوردییانەی لەم پارچە شیعرەدا بەکار هاتوون جوانی و شیرینییەکی تایبەتی بە ناوەڕۆکەکەی دەبەخشن کە لەوانە نەبوو لە بەکارهێنانی وشەی عەرەبی و فارسیدا ئەو تاموچێژە هونەرییەی هەبوایە «لام وایە هەرچی وشەی جوان و بەرز و بە مانای عەرەبی و فارسی هەیە بۆ نەخشاندنی (تصویر) ڕەوتی کەروێشکێک بەکاری بهێنایە بە چەشنی ئەوەی کە لەم شیعرانەی خوارەوەدا هەستی پێ ئەکرێ جوانی و شیرینی ڕەوتی کەروێشک نە ئەچووە دڵەوە وە جێی نە ئەبووەوە:

**یا کەروێشکێکی تیژ و قەڵەو**<br>**لەبەر تریفەی مانگەشەو**<br>**چەن جوان ئەڕوا بە قونە قون**<br>**سرک و گورج و سپی و خڕین**» (١٧).

لە پاڵ ئەم هەوڵانەی (گۆران)، نابێت هەوڵ و کۆششی (پیرەمێرد)ی شاعیری گەورە پەراوێز خەین. (پیرەمێرد) بۆ بژارکردن و پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشە و زاراوەی بێگانە دەورێکی گرنگی گێڕاوە، بە تایبەتی سوودێکی زۆری بینیوە لە سامانی فۆلکلۆری کوردی و وشە و موفرەداتی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی، هەروەها گرنگی دانی بە زمانی قسەکردنی خەڵکی لە ڕێگەی شارەزایی و قووڵ بوونەوەی بە ناو وشە و موفرەداتەکانی قسەکردنی خەڵک.

(پیرەمێرد) پێش (گۆران) دەست بەکاربووە لە بژارکردن و پاککردنەوەی زمانی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا، ئەگەر سەیرێکی شیعری (بەیانی بوو لە خەو هەڵسام...) بکەین، ئەوا دەست ڕەنگینی و شارەزایی (پیرەمێرد)ی شاعیرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. هەڵبەت (پیرەمێرد) ئەم شیعرەی بە هەوای ئەو پێشبڕکێیە نووسیبوو، کە لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ئەنجام درا بۆ نووسینی کوردی پەتی، بەسەرپەرشتی (مێجەر سۆن)ی حاکمی سیاسی ئینگلیز لە کوردستان*. لە لایەکی ترەوە

(ڕەفیق حیلمی)، (پیرەمێرد)ی شاعیر بە ئیمامی شاعیرەکان دادەنێت و دەڵێت: «پیرەمێرد هەر وەکو لە شیعرەکانیا لاسایی کەسی نەکردۆتەوە و بەڵکو ویستوویەتی کە خۆی ببێ بە ئیمامی شاعیرە کوردەکانی ئەم عەسرە، لە لایەکی تریشەوە لە شیعرا کوردی پەتی تاقی کردوەتەوە و بۆی دەرخستووین کە زمانەکەمان زمانێکی دەوڵەمەند و شیرینە» (١٨).

ئەمەش دوای ئەوەی لایەنە ئیجابییەکانی چەند شیعرێکی پیرەمێرد دەردەخا بەتایبەتی(من و ئەستێرەکان، جاران دە ڕۆژ بە (حەچە حەچە)...).

دەکرێت بڵێین لە پاڵ شارەزایی و دەست ڕەنگینی (پیرەمێرد) لە هونەری هۆنینەوەی شیعر و سوود وەرگرتنی لە سامانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی میللی و ڕووچوون بە ناو خەڵکدا و سوود وەرگرتن لە قسەکردنی ڕۆژانەیان، هەروەها کاریگەربوونی (پیرەمێرد) بە هەندێ شاعیری زاری گۆران بەتایبەتی (مەولەوی) شاعیر و چوونی (پیرەمێرد) بۆ (ئەستەمبۆڵی) پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و بزاوتنی هەستی کوردی نەتەوایەتی و غەریبی، ئەمانەش بوونە مەیاندنی بیری بەکارهێنانی کوردی پەتی و بژارکردنی زمان لە وشە و زاراوەی بێگانە. بە تایبەتی کاتێک ڕووی کردە هۆنینەوەی شیعری نیشیمان پەروەری و وازی هێنا لە شیعری دڵداری و غەزەلیات.

سەرەنجام ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە شاعیرانی ڕۆمانتیکی درکیان بەوە کرد کە لەگەڵ هاتنی ئەو ناوەڕۆکە سیاسی و نیشتیمان پەروەرییەی لەم قۆناغەدا هاتە پێشەوە، پێویست بە گۆڕینی ڕوخسار و شێوەی هونەری شیعریش بوو، لە هەمان کاتیشدا زمانی شیعریش پێویستی بە چاوپێدا خشاندنێک هەبوو. بۆیە شاعیران: (شێخ نووری، ڕەشید نەجیب، گۆران، پیرەمێرد...) بە تایبەتی (گۆران و پیرەمێرد) بەسوود وەرگرتن لە سامانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی میللی و زمانی قسەکردنی خەڵکی و وشە و موفرەداتی زار و شێوە زارەکانی زمانی کوردی، توانییان بەرەبەرە زمانەکە بژار بکەن و پاکی بکەنەوە لە وشە و زاراوەی بێگانە تا لە سەردەمی ڕیالیزم گەیشتنە لووتکە.

## زمانی شیعر لای ڕیالیزمەکان

ماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بە ماوەی ململانێی نێوان ڕێبازی ڕۆمانتیک و ڕێبازی ڕیالیزم دەژمێردرێت، ئەو کێشە و ململانێیە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بە سەرکەوتن و زاڵبوونی ڕێبازی ڕیالیزم کۆتایی پێهات. ئیدی سیفەتی ڕیالیستی و واقیعییەت هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی گرتەوە، شاعیران و نووسەران کەوتنە پێشاندانی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و.. وەکو خۆی کە هەبوو، چونکە ڕیالیزم پێشاندانی ژیانە وەک ئەوەی کە هەیە.

ژیانی میللەتی کورد و خەباتی نەتەوایەتی و ژیانی هاوبەش لەگەڵ میللەتانی دراوسێ و جیهان و جوانی ئافرەت و سروشت و پیشاندانی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و... ئەمانە هەمووی بوونە ناوەڕۆکێکی بە پێزی ئەدەبیاتی ڕیالیزمی کوردی. هەڵبەت پێشاندانی ئەم ناوەڕۆکانە بە شێوەیەکی هونەری جوان و بە ڕوونی پێویستی بە زمانێکی پوخت و پاراو و ڕەوان هەبوو. پێشتر گوتمان کوردی پەتی نووسین هەر لە سەردەمی ڕێبازی ڕۆمانتیکەوە چەکەرەی کردوو بەردەوام بوو، تا لە سەردەمی ڕێبازی ڕیالیزمدا بە تەواوەتی چەسپا و شیعری کوردی جگە لە وشە و زاراوەی ڕەسەنی خۆماڵی کوردی زیاتر هیچ وشە و زاراوەیەکی بێگانەی تێدا بەدی ناکرێت.

هەندێک لە شاعیر و ڕەخنەگرانی کورد پێیان وایە کە کوردی پەتی نووسین و بژارکردنی زمانی شیعری کوردی لە ئەنجامی بوونی چەند ڕەگەزێکی واقیعییەوە بووە، بە تایبەتی ڕووچوونی شاعیر و نووسەر بۆ ناو ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک و پیشاندانی گیروگرفتەکانیان. لەم بارەیەوە (حوسێن عەلی شانۆف) لە باسی زمانی شیعری (گۆران)ی شاعیر دەڵێت: «چەند واقیعییەت لە شیعرەکانیدا بڵاوبووە، ئەوەندە زیاتر زمانە میللییەکەشی لە شیعرەکاندا سەرکەوتوو دەبێت و پەرە دەسەنێت» (١٩). ئەمە ئەوە دەردەخات کە لەگەڵ ڕووچوونی ڕێبازی ڕیالیزم بەناو ژیانی تاکی کورد و پێشاندانی گیروگرفتەکان و هاتنە کایەی ناوەڕۆکێکی تازە و دوورکەوتنەوە لە هەست و سۆز و خەیاڵی ڕۆمانتیکییانە زیاتر زمانەکەی بەرەو ڕەسەنایەتی و خۆماڵی بوون بردو هەستی شاعیرانی بزواند کە جگە لە وشە و زاراوەی ڕەسەنی خۆماڵی کوردی لانەکەنەوە لە هیچ وشە و زاراوەیەکی بێگانە لە هۆنینەوەی شیعرەکانیاندا «ئەم

بەرەو کوردی پەتی ڕۆیشتنە... لە قۆناغی ڕیالیزمدا بە تەواوەتی پەیڕەوی دەکـرا، بووە دیمەنێکی گـشـتـی ئەدەبیاتی کوردی» (٢٠).

کوردی پەتی نووسین بیرۆکەی هەر شاعیرێ بێت، یان هەر ڕێبازیکی ئەدەبی خـۆی بە خـاوەنی بزانێت و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی لە هەر سەردەمێکدا بێت گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لە سەردەمی ڕێبازی ڕیالیزم بە تەواوەتی چەسپاو زمانی شیعری ئەو سەردەمەی ئەدەبی کوردی بە تەواوی کوردی پەتییە و گەیشتۆتە پلەی مەیین و بونە زمانی فەرهەنگی ئەدەبی کوردی.

(کاکەی فەلاح) لە ڕێگەی بەراوردکردنی دوو پارچە شیعری (گۆران)ی شاعیر لە ڕووی هەبوونی وشە و زاراوەی بێگانە و ڕادەی پوختـتی و پاراوی زمـانی شیعرییەکەی بە تەواوی ئەوە ڕوون دەکاتەوە. بە تایبەت کـاتێک (گـۆران) هەر لە دوای سـاڵانی (١٩٣٠-١٩٣٢)ەوە بە تەواوی وازی لە زمانی شیعری کلاسیک و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بێگانە هێنا و ڕووی کردە کوردی پەتی نووسین «بڕوانە ئەم پارچە شـیـعـرەی بە ناونیشانی (مەدەنییەت).

**مەدەنییەت! گوڵی بەهاری حەیات**
**مەدەنییەت! گوڵی بەهاری حەیات**
**مەدەنییەت! هەوای نەشئو نوما**
**مەدەنییەت! وەسیلەی ئەحیا**

ئەم هاوارە بەسۆزە بۆ پێشکەوتن و شارستانیەتی نەتەوەی کورد، تا بڵێی پڕە لە وشەی عەرەبی، شاعیر تەنیا مەبەستی دەربڕینی بیرەکەی بووە و هیچ لای لە زمانەکە نەکردۆتەوە.. کەچی لە ماوەیەکی کەمدا... ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەو وشە و دەربڕینە بێگانانە لە زمانە شیعرییەکەیدا کەم و کەمتر دەبوونەوە...... ئەوەبوو دوای قۆناغی شیعری (مەدەنییەت) و لاسایی ئەدەبی تورکی، مەگەر لەبەر ناچاری کێش، یان پێویستی قـافـیـە، یان واتا وشـەیەکی فـارسی، یان عـەرەبی بەکارهێنابێت» (٢١). دواتر (کـاکـەی فـەلاح) دێت «پارچە شیعری (شەهید) بە نموونە دێنێتەوە و زمانی شیعرەکەی بە نموونە دێنێتەوە و زمانی شیعرەکەی هەڵدەسەنگێنن لە بەرانبەر شیعری (مەدەنییەت)دا پارچە شیعری (شەهید) بە ناونیشانەوە بگرە تا کۆتایی پڕە لەم جۆرە وشانە» (٢٢) لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە شاعیر هەوڵی داوە وشەی ڕەسەنی کوردی بەکاربهێنێت، بەڵام لە هەندێ شوێن لەبەر پێویستی (کێش، قافیە، واتا) هەندێ وشەی بێگانەی بەکارهێناوە، ئەمەش کاری نەکردۆتە سەر وشە و دەربڕینە کوردییەکان و ئاواز و مۆسیقای شیعرەکە، یان وەکو (ڕەفیق حیلمی) لە وەسفی شیعری (گوڵی خوێناوی)ی (گۆران)دا دەڵێت: «ئەو نەغمە تەلیسماوییە کە لە زمانە شیرینە ساکارەکەی کوردیا هەیە، لە زمانێکی ترا نییە..... گۆران بەم وشە کوردی و ساکارانە کە تاقە وشەیێکی بێگانە تێکەڵی نەبووە، تەعبیرێکی نەبیسراو نزیکی نەکەوتوەتەوە لاپەڕەیەک لە ژیانی کۆمەڵایەتی کورد ئەگێرێتەوە.»

**بڕوانە شاییە چۆپییە لەو ماڵە**
**گوێ بگرە زووڕنایە دەهۆڵە شمشاڵە**
**زەرد و سوور تێکەڵ بوون ژن و پیاو هەرایە**
**لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە»** (٢٣)

ئیدی لە دوای (گۆران) کۆمەڵێک شاعیری هاوچەرخ هاتن کە زمانی شیعرییان تەواو کوردییەکی پەتی بوو، هەست و سـۆز و دەروون و ناخی خـۆیان و ژیانی کولەمەرگی و ناسۆری میللەتەکەیان بە وشە و زاراوەی کوردی ڕەسەن و خۆماڵی و پەتی و زمانێکی سادەی پوخت و ڕەوان و جوان دەردەبڕی. لەوانەش: (بەختیار زێوەر، دڵدار، مەدهۆش، ئەحمەد هەردی، کاکەی فەللاح، کامەران موکری، حەمەساڵح دیلان، ......تاد).

### ئەنجام

دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری کۆمەڵێک شاعیری کورد و دڵسۆزیان بۆ زمانەکەیان توانرا ئەو سەرەتایەی بۆ بژارکردنی زمانی کوردی لە وشە و زاراوەی بێگانە کە هەرلە سەردەمی ڕۆمانتیکەکانەوە دەستی پێکردبوو، ئەوا لە سەردەمی ڕیالیزم و واقیعییەتی ئەدەبی کوردیدا بە تەواوی بچەسپێنرێت و ببێتە زمانی فەرهەنگی و ئەدەبی و نووسینی شیعری کوردی. بەجۆرێک شاعیرانی هاوچەرخی کورد توانییان سەرکەوتوو بن لە بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوە خۆماڵییانەی لە شوێنی وشە و زاراوەی بێگانە. دەبینین زمانی قسەکردن و نووسینی ئەمڕۆ بەری ڕەنجی ئەو هەوڵ و تەقەلایە بوو کە کۆمەڵێک لە شاعیران و نووسەران دایان بۆ خزمەتی زمانی کوردی.

پەراوێزەکان:

(١) تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لە سەر ئەدەبی کوردی، د. محەمەد نووری عارف، ژمارە ١٨، گۆڤاری کۆلێژی ئەدەبیات، ل ٧٢، ١٩٧٤.

(٢) ئەدەبی کوردی، عەلائەددین سەجادی، بەرگی ٣، بەشی ١، ل ٩٤، ١٩٧٥.

(٣) ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، بلاوکراوەی کتێبخانەی میسری، بەیرووت، ١٩٦٦، ل ١٤٩.

(٤) دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مـــەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٧٦.

(٥) هەمان سەرچاوە.

(*) لێرەدا (نالی) شاعیر مەبەستی ئەوەیە کە شیعری بەم سێ زمانە وتووە و لەم بارەیەوە شانازی بە خۆی دەکات.

(٦) ریبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رەشید ئەحمەد، چاپخانەی جاحظ، بەغداد، ل ١٥٤، ١٩٨٩.

(٧) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٤.

(٨) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٥.

(٩) بەهەشت و یادگـار، عەبدوڵلا گـۆران، چاپخـانەی کامەرانی، ل ٧٢، ١٩٧١.

(١٠) ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ل ٤٤، ١٩٩٠.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل ٤٤.

(١٢) رێبازی رۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رەشید ئەحمەد، ل ١٥٨.

(١٣) ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، ل ١١٦.

(١٤) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەولێر، ل ١٦٩، ١٩٨٨.

(١٥) کـاروانی شـیـعـری نوێی کـوردی، کـاکـەی فـەللاح، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چ ٢، هەولێر، ل ٤٥، ١٩٨٢.

(١٦) ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، ل ١٤٩.

(١٧) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، ل ١٦٩.

* مێجەرسۆن لە رێگەی رۆژنامەی پێشکەوتن (١٩٢٠-١٩٢٢) پێشبڕکێیەکی بۆ کوردی پەتی نووسین بۆ نووسەرانی کورد سازدا و سێ خەڵاتیشی دیاری کرد کە لە ئەنجامدا (شێخ نووری شێخ ساڵح و مستەفا سائیب و جەمیل سائیب) بە پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم دەرچوون.

(١٨) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، ل ٩٠.

(١٩) شیعری شاعیری کوردی نوێ عەبدوڵلا گۆران، حوسێن عەلی شانۆف، وەرگێڕانی شوکور مستەفا، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغداد، ل ١٨٢، ١٩٧٥.

(٢٠) رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رەشید ئەحمەد، ل ١٥٩.

(٢١) کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، ل ٤٨.

(٢٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

(٢٣) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، ١٧١-١٧٢.


سەرچاوەکان:

- کتێب:

١- ئەدەبیاتی نوێی کوردی، د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٠.

٢- بەهەشت و یادگار، عەبدوڵلا گۆران، چاپخانەی کامەرانی، ١٩٧١.

٣- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکۆڵینەوەی مـــەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٧٦.

٤- رێبازی رۆمانتیک لە ئەدەبی کوردیدا، خورشید رەشید ئەحمەد، چاپخانەی جاحظ، بەغدا، ١٩٨٩.

٥- ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، بلاوکراوەی کتێبخانەی میسری، بەیرووت، ١٩٦٦.

٦- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حیلمی، چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٨.

٧- کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەللاح، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چ ٢، هەولێر، ١٩٨٢.

٨- ئەدەبی کوردی، عەلائەددین سەجادی، بەرگی ٣، بەشی ١، ١٩٧٥.

گۆڤار:

تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی، د. محەمەد نووری عارف، ژمارە ١٨، گۆڤاری کۆلێژی ئەدەبیات، ١٩٧٤.

# تورکە لاوەکان و گەنجە کوردەکان..؟!

د. موحسین ئەحمەد عومەر
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان)

لەو بڕوایەدام لێکۆڵینەوەی زانستی وەک پرۆسەیەکی تازە پێویستی بە بەڵگە و سەلماندن= Argument et Jugementی دروست و پوخت هەیە، چونکە لێکۆڵینەوە کردەیەکە لەگەڵ مۆدێرنێتی و مۆدێرنیزم دەگونجێ، هەروەها پێویستییەکی ئەم سەردەمەیە، سەرەنجام ناشێ ئێمە درێژە بە شێوازە کۆنەکان بدەین و بێ وردبوونەوە و پشکنین و گەڕان خیتابێک یان ئاخاوتنێک پێشکەش بکەین ئەم هەڵکەوتەی نەبێ. ئیمرۆ لێکۆڵینەوە لەناو فەرهەنگی کوردی زۆر لاوازە، ئەمەش ڕادەی ئەم نوێبوونەوەیە پیشان دەدا کە لەناو ئێمەی کورددا هەیە، چونکە لێکۆڵینەوە پرۆسەی سەردەمێکی سەختە. دەتوانم بڵێم ئەم بوارە لەناو ئێمەدا زۆر تازەیە و هێشتا زمانێک و شێوازێکی پوختی وەرنەگرتووە، وابزانم هەر ئەم هۆیەشە وا لە لێکۆڵەرەوانی کورد و ڕۆشنبیران دەکا زوو زوو بەهەڵەدا بچن و بکەونە ناو هەڵەی زەقەوە. بەگشتی ئەم بوارە ماندووبوون و گەڕان و پشکنینی دەوێ، دیارە سەلیقەی کورد هێشتا لەگەڵ ئەم دیاردەیە ڕانەهاتووە، ئەمەش بە پلەی یەکەم کێشەیەکی فەرهەنگییە دەشێ لەناو هەموومان بدۆزرێتەوە.

هەموو لێکۆڵینەوەیەک دەبێ بە پلەی یەکەم پشت بە بەڵگە -Argument-ی دروست و ڕاست ببەستێ، دواجار ئەم بەڵگانە دەبێ سەلماندنەکان پشت ئەستوور بکەن، بێگومان لێرەوە مەبەست لە سەلماندنەکان ئامانجی دوایی هەر لێکۆڵینەوەیەکە، ئەگەر بەڵگە و دەستاوێژەکان ڕاست و دروست نەبن، ئامانجەکان و ئەو پڕۆژەیەی کە لێکۆڵەرەوە پێشکەشی دەکا، هەر هەمووی

دەرووخێ و لەناو دەچێ. پاشان ماندووبوونێکی زۆریش بەفیڕۆ دەڕوا.

لێرەوە بە پەیڕەوکردنی ئەم ڕوانینە سادەی سەرەوە و هەروەها لەبەر ڕۆشنایی هەمان ڕوانین، هەوڵ دەدەین بابەتەکەی د. فەرهاد پیربالٚ لە ژمارە ١١٤-ی گۆڤاری ڕامان کە لە ژێر ناوی (گەنجە کوردەکان یەکەمین پرۆژەی مەعریفی کورد لە مێژوودا) بلاوبووەتەوە، بخوێنینەوە، کە لەگەڵ خوێندنەوەیدا، ئەم ئینتیباعەی سەرەوەی پێدام، چونکە من گومانم لە هەموو بەڵگە - Argument- ەکانی دەکرد، پاشان ئەم پرۆژەی ئەو دەیەوێ پێشکەشی بکا زۆر دوورە لە ناواخنی پێوەندییە ئیتنیکی -سیاسی- مەزهەبی- ڕۆشنبیرییەکانی ئەو سەردەمە و بابەتەکە زۆر بە سادەیی نووسراوە و ناوبراو کەوتۆتە ناو هەڵەی زەق و دیار، بە پێویستم زانی لەم بارەیەوە ڕوانینی خۆم بخەمە ڕوو.

لەم خستنە ڕووەش من توخنی سەلماندنەکانی د. فەرهاد پیربالٚ کە (پرۆژەی مەعریفی..)یەکەیە ناکەوم، تەنیا ناتەواوی بەڵگەکانی دەخەمە ڕوو کە خوێندنەوەکانی خۆی لەسەریان بنیات ناوە، خوێنەر و نووسەران دەتوانن بۆ خۆیان بڕیار لە دوا ئەنجامی ناوبراو بدەن کە پێی گەیشتووە، ئایا بەڕاستی پرۆژەیەکی لەم جۆرە هەبووە؟! ئایا کۆڵەگەکانی بیرکردنەوە و خیتابی د. فەرهاد پیربالٚ کە دەیەوێ لەسەر بەڵگە و دەستاوێژی گوماندار پێشکەشمانی بکا ڕاست و دروستن؟! هەموو ئەم پرسیار و پرۆژە و سەلماندنە بۆ ئەوان بەجێ دەهێڵم. دواجار من لەو گۆشەنیگایەوە ئەم بابەتە سەرنجی ڕاکێشام و هانی دام ئەم نووسینەی لەسەر بنووسم، ئەو لایەنەیە کە ئەم بابەتەی باس دەکرێ پێوەندی بە هەموو کەسێکەوە هەیە، چونکە پێوەندی بە هەموو مرۆڤی کوردەوە هەیە و باس لە سەردەمێکی ناسکی مێژووی کوردستان دەکرێ. هەموو کەسێک ئەو مافەی هەیە لەم ڕووەوە ڕوانینی خۆی بخاتە ڕوو، دواتر کە نووسەرێک دەکەوێتە ناو هەڵە و خوێندنەوەی نادروست، بە پلەی یەکەم خۆی لە ئەنجامەکانی بەرپرسە، نەک خوێنەران. بەگشتی، لەناو کورد، من هەواداری ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانەم کە بوار بۆ خوێنەر و تۆژەرەوانی بەرانبەر نەهێڵێتەوە کەلێن و قوژبن لە بابەتەکانیان بدۆزنەوە، سەرەنجام ببێتە بابەتی ڕەخنە. دواجار لەم ڕووەشەوە ڕەخنە وەکو ڕەخنە، وەک لێکۆڵینەوە ڕوانینێکی پۆزەتیڤە، دەبێ هەموومان لەم بارەیەوە گرنگی پێ بدەین.

لەبارەی بەڵگەکانەوە -Argument نەک خوێندنەوە و تەفسیرکردنیان، کە دیارە من و د. فەرهاد پیربالٚ جیاوازی نێوانمان وەک ئاسمان و ڕێسمانە، ئەو سەردەمەی ئەو گرنگی پێداوە، دەمێکە جێگەی بایەخ و سەرنجی منیشە. سەرچاوەکان بە پلەی یەکەم بە زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و عەرەبی و تورکین، بەڵام ئەوەی تا ئێستا بە کوردی لەم بارەیەوە دەست دەکەوێ، هیچیان پوختە و ڕەسەن نین و... ناکرێ و ناتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێ. ئەوانەی لەناو کورد لەبارەی ئەم سەردەمەوە کەرستە و بەڵگەنامەی دروست و ڕەسەنیان لایە، چەند کەسانێکن، وەک ڕۆهات ئالاکۆم، مالمیسانژ -مەحمود لەوەندی- محەمەی ئەمین بۆز ئەرسەلان، حەمید بۆز ئەرسەلان و چەند دانەیەکی تر.

د. فەرهاد پیربالٚ لەگەڵ پەڕەگرافی یەکەمی بابەتەکەی کەوتۆتە ناو هەڵەیەکی دیار و زەق، دەڵێ (تەنزیمات واتە حکومەتی دەستووری) ڕامان. ل-٨٠.

ڕەنگە هەموو کەس لە کوردستانی باشوور نەزانێ تەنزیمات چییە؟ ،بەڵام لەم بارەیەوە سەدان لێکۆڵینەوە کراوە، بەتایبەتی بە فەرەنسی. تەنزیمات هیچ پێوەندی بە حکومەتی دەستوورییەوە نییە. بە کوردی و بە کورتی بە مانای ڕێکخستن -دێ، خۆی بریتی بوو لە پلانێکی چاکسازی کە لە ساڵی ١٨٣٩ لە سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم دەستی پێکرد تا ساڵی ١٨٦٤ درێژەی کێشا. پلانێکی چاکسازی ئیداری و ئابووری و فەرهەنگی بوو. هیچ پێوەندی بە حکومەتی دەستوورییەوە نییە. چونکە یەکەم حکومەتی دەستووری لەگەڵ مەدحەت پاشا دەست پێدەکا، ئەمەش لە ساڵی ١٨٧٦ بوو. جاری دووەم لەگەڵ هاتنە سەر حوکمی ئیتیحاد و تەرەقی (تورکە لاوەکان) لە ساڵی ١٩٠٨. تەنزیمات ساڵی ١٩٦٤ لە لایەن سوڵتان عەبدولعەزیز ئیلغا دەکرێتەوە.

د. فەرهاد پیربالٚ دەڵێ: (... سەرتاپای پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی، واتە هەر هەموو مێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دوو گەنجی خوێندکاری کورد دەست پێدەکات. عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی کە یەکەمیان کوردی مەڵبەندی عەرەبگیر بوو، ئەوی دیکەشیان کوردێکی دیاربەکری،

هەردووکیشیان قوتابی کۆلێژی سەربازی بوون لە زانکۆی ئەستەنبوڵ. لەژێر کاریگەرێتی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا و فەلسەفەی ڕۆشنگەری ئەورووپا و سیستمی پەرلەمانتاری بوون. پێش هەموو شتێک لە ئەستەنبوڵ لە ڕۆژی ٢١/ ٥/ ١٨٨٩ یەکەمین ڕیکخراوی سیاسییان لە مێژووی کورد (تەنانەت لە مێژووی هەموو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا) بە نهێنی دامەزراند: ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقی.) ڕامان ل- ٨٤.

من سەرنجی خوێنەر بۆ ناوونیشانی: ئیتیحاد و تەرەقی جەمعییەتی- واتە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی، هەروەها ناوونیشانی: تورکە لاوەکان، ڕادەکێشم کە ئەم دوو ناوونیشانە هەردووکیان ناوونیشانی یەک گرووپ بوون، واتە ناوونیشانی یەک ڕێکخراو بوون.

تا ئێستا من هیچ سەرچاوەیەکی کوردی، ئینگلیزی، فەرەنسی، تورکی-م نەبینیوە بە تەواوی و بە شێوەیەکی گومان هەڵنەگر و بە دڵنیاییەوە جەخت لەسەر ئەم دووکەسە بکا بەتەنیا، واتە د. عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی کە ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقی (تورکە لاوەکان)یان دامەزراندبێ. ڕاستە ئەمانە دەستیان لە دامەزراندنی هەبووە، بەڵام کە ناوی ئەو کەسانەی کە ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقییان دامەزراندووە دێ، باسی پێنج کەس دەکرێ، لەناو ئەم پێنج کەسەش تەنیا کەسی کورد د. عەبدوڵڵا جەودەتە، ئیسحاق سکوتی لە هەموو سەرچاوەکان بە تورک ناوی دێ و دواتر زوو دەمرێ و ڕۆڵێکی ئەوتۆی نامێنێ.

ئەوانەی ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقی یان تورکە لاوەکانیان دامەزراند ئەمانەن: (ئیبراهیم تەمۆ: ئەلبانی، محەمەد ڕەشید: چەرکەس، ئیسحاق سکوتی: تورک، ئەحمەد ڕەزا: تورک، ئەمەی دوایی باڵی عەسکەری تورکە لاوەکان دادەنێ کە دواتر لە ڕێگای ئەو و ئەنوەر پاشا و تەلعەت پاشا و جەمال پاشا، وەک ئەندامی چالاکی ئەفسەرانی تورکە لاوەکان، ڕێکخراوەکە چوارچێوەیەکی ڕوون و ئاشکراتر وەردەگرێ. دواکەسی ناو ئەم گرووپە د. عەبدوڵڵا جەودەتە کە کوردە.)

ڕۆهات ئالاکۆم، ئیسحاق سکوتی بە کورد دادەنێ، بەڵام لەم ڕووەوە هیچ بەڵگەیەک پیشان نادا، بە پێچەوانەوە سەرچاوەی دیکەی زۆری فەرەنسی و ئەرمەنی بە تورکی لە قەڵەم دەدەن، د. عەبدوڵڵا جەودەت کە لە پاریس بووە چالاک بووە و کاریگەری هەبووە، بەڵام کە دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ چالاکی نامێنێ، بەتایبەتی چالاکی سیاسی، بەردەوام خەریکی وەرگێڕان و سەرپەرشتی گۆڤارەکەی دەبێ، زۆر کەمیش خۆی تێکەڵی ڕێکخراوە کوردییەکان دەکا، مالمیسانژ لەم بارەیەوە دەڵێ:

(... بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە لێرەدا دەستمان کەوتوون، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد هەتا ساڵی ١٩١١-ش ئەندامی وەرگرتووە، پارەی مانگانەی (داهات) کۆکردووەتەوە، چونکە نووری دێرسیمی ساڵی ١٩١١ چووەتە ئەستەنبوڵ، دەبێ هەر لەو ساڵەشدا چاوی بە دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت کەوتبێ، بەڵام هەندێک سەرچاوە ئەمە پشت ڕاست ناکەنەوە کە کۆمەڵە تا ساڵی ١٩١١ درێژەی بەو جۆرە کارانە دابێ، دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەتیش ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بووبێ، هەر لەبەر ئەمە ناتوانین متمانە بەم زانیارییانە بکەین)

تەنیا لە ساڵی ١٩١٢ و ١٩١٣، پاش هاتنە سەر حوکمی تورکە لاوەکان لە کوردەکان نزیک دەبێتەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵەی هێڤی.

ئێمە نازانین د. فەرهاد مێژووی (٢١/ ٥/ ١٨٨٩) لە کوێ هێناوە. چونکە ئەم مێژووە زۆر نامۆیە بە ڕۆژی دامەزراندنی تورکە لاوەکان، لەهیچ سەرچاوەیەک مێژوویەکی لەم جۆرە نییە. پاشان تورکە لاوەکان وەک ڕێکخراوێکی نهێنی لە ئەستەنبوڵ دانەمەزراوە، ئەمە نە لە سەرچاوە ئەورووپییەکان هەیە نە لە سەرچاوە تورکییەکان. دواجار پێش ساڵی ١٨٨٩ ناوی ئەم کۆمەڵەیە لە هیچ سەرچاوەیەکی نە عوسمانی نە ئەورووپی نایێ، چونکە د. فەرهاد پیربال لە شوێنێکی دیکە دەڵێ: (ئینجا هەمان زاراوە لە ڕۆژنامەی (فجر)ەوە لە ساڵی ٢١/ ٢/ ١٨٦٧ بەکارهاتەوە.) ڕامان -لا- ٨١. دواجار ئێمە نەمان بیستووە لە مێژووی (سەردەمی نوێبوونەوە کە ئەمەیان ڕوانین و تێزی منە بۆ ئەم سەردەمە) ڕێکخراوێک هەبووبێ بەناوی ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقی. پاشان بە چ بەڵگە و دەستاوێژێک ئەم ڕێکخراوە، واتە کوردەلاوەکان (گەنجە کوردەکان وەک د. فەرهاد دەڵێ) لە لایەن کورد دامەزراوە و تورکەکان دەستیان بەسەر داگرتووە. ئایا ئەمە هەر لەبەر بوونی د. عەبدووڵڵا جەودەتە نووسەر جەخت لەسەر ئەم ڕوانینە دەکا. باشە د. فەرهاد پیربال بۆ بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو سەردەمە هەموو میللەتانی ئیمپراتۆری

عوسمانی خۆیان بە عوسمانی دادەنا، نوخبەی ڕۆشنبیری کورد لەو سەردەمە لە تورکەکان زیاتر خۆیان بە عوسمانی دادەنا، ئەگەر وانییە، ئێمە فاکتەری ئایینی (مەزهەبی) و نزیکی نێوان تورک و کورد کە سوڵتانەکان کوردیان بە نزیکترین پشتگیری دەزانی بۆ خۆیان چی لێ بکەین؟! پاشان د. فەرهاد پیربال بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە کە د. عەبدوڵا جەودەت، هەتا مرد خۆی بە عوسمانی ڕەسەن دادەنا و کوردایەتی کردنی ئەو زۆر لاوازە لەچاو ئەو هەموو کوردە ئازا و مەردانەی لە کۆتایی دەیەکانی سەدەی بیستەم بوونە خۆراکی ڕاونان و گرتن و دەم کوت کردنی تورکە لاوەکانی، لەوانە وەک: مەمدوح سەلیم بەگ و خەلیل خەیالی و هەمزە موکسی، فیکری ئەفەندی دیاربەکری و عەبدولڕەحمان بەدرخان و ئەحمەد ڕامز کوردیزادە و عەبدولڕەزاق بەدرخان و نووری دێرسیمی و دەیانی دیکە ....تاد.

ڕاستی مەسەلەی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی یان تورکە لاوەکان بەم جۆرەی خوارەوەیە، ئەمەش زۆر جیاوازی لەگەڵ بەڵگەکانی د. فەرهاد پیربالەوە هەیە، دیارە سەرچاوەی ڕەسەن شتێکی دیکە دەڵێن وەک لە بۆچوونی ئەو: (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی لەلایەن ئیبراهیم تەمۆ: ئەلبانی، محەمەد ڕەشید: چەرکەس، ئیسحاق سکوتی: تورک، ئەحمەد ڕەزا: تورک، د. عەبدوڵڵا جەودەت: کورد، لە ڕۆژی ١٤/ ٧/ ١٨٨٩ لە پاریس یەکەمین کۆنگرەی خۆیان بەست. بۆچی لەم ڕۆژە؟ چونکە ئەوان خۆیان بە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی و ڕیفۆرم خواز دادەنا و خۆیان بە نزیکی بیروباوەڕی شۆڕشی فەرەنسایی دادەنا. ئەندامەکانی بریتی بوون لە ڕۆشنبیران و ئەفسەران و زۆریش کەوتبوونە ژێر کاریگەری ڕیکخراوی فرانک ماسۆنری- ئەوروپایی و بەتایبەتیش فرانک ماسۆنری فرەنسایی. سەرەتا لەگەڵ حزبی داشناکی نەتەوەخوازی ئەرمەنی هاوپەیمان بوون، پاشان لێیان هەڵگەڕانەوە و دوای بەهێزبوونی فیکری تۆرانیزم لەناو تورکە لاوەکان، بەتایبەتی ڕاستەوخۆ دوای ساڵی ١٩١٢، قەتل و عامی ئەرمەنەکانیان کرد لە ساڵی ١٩١٥ ڕووی دا. لە ساڵی ١٩٠٨ تورکە لاوەکان هاتنە سەر حوکم تا ساڵی ١٩١٨ بەردەوام بوون، تەنیا لەم نێوانە بۆ ماوەیەکی کەم، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩١٢ - ١٩١٣، لە حوکم دوورخرانەوە، چونکە لە خەتی دەستووری عوسمانی لایان دا، سەرەنجام بوونە ئامانجی لیبرالەکان و گرووپی ئەفسەرانی ئازادی عوسمانی، چونکە بەرەو تۆرانیزم و نەژادپەرستی تورکی دەچوون. پاشان بە کودێتایەک دێنەوە سەر حوکم درێژە بە فەرمانڕەوایی خۆیان دەدەن. دژی ئەرمەنەکان دەوەستن و جەنگی یەکەمی جیهانی دەدۆڕێنن و لەگەڵ ئیمزاکردنی پەیمانی موودرۆس لەساڵی ١٩١٨ لە نێوان سوڵتان و هاوپەیمانەکان، حکومەتی ئیتیحاد و تەرەقی یان تورکە لاوەکان دەڕووخێ، تەلعەت پاشا کە خۆی یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی، ئەوکاتە سەرۆک وەزیران بوو و ئیستیقالە دەدا. پاشان، چونکە دەستی هەبوو لە قەتل و عامی ئەرمەنی، ڕوو لە ئەڵمانیا دەکا و لەوێ بە دەستی ئەرمەنییەک دەکوژرێ.) لەم مێژووە کە ناوی د. عەبدوڵڵا جەودەت دێ، ڕاستە زۆربەی سەرچاوەکان دەڵێن یەکێ بووە لە دامەزرێنەرانی ئیتیحاد و تەرەقی، بەڵام ناوهێنانەکەی د. عەبدوڵڵا جەودەت هەر ئەمەندەیە و تەواو، دوای ئەوە بە دەگمەن ناوی دێ وەک ئەندامێکی چالاکی تورکە لاوەکان، چونکە عەبدوڵڵا جەودەت و سەید عەبدلقادری نەهری (=شەمزینی) و شەریف پاشا و زۆرانی دیکە وەک لیبرال و عوسمانی خۆیان پیشان دەدا و نە ئامادەبوون سەڵتەنەت لە خۆیان زویر بکەن، نە خۆشیان لە تورکە لاوەکان نزیک دەکردەوە. سەرەنجام ئەمانە هەردەم جێگای ڕەخنەی هەردوولا بوونە. واتە ڕەخنەی ڕۆشنبیرانی کوردی چالاک و تورکەلاوەکان، چونکە سەڵتەنەت پشتگیری زۆری لە کوردە عوسمانییەکان دەکرد و لە تورکە لاوەکان زیاتر خۆشەویست بوون. بەپێچەوانەوەی ڕوانینەکانی د. فەرهاد پیربال، تەنیا لە کۆنگرەی دووەمی ئیتیحاد و تەرەقی کە هەر لە پاریس لە ساڵی ١٩٠٢ گیرا، بۆ یەکەمین جار دوو کورد بەشداری دەکەن، واتە لە کۆنگرەی دووەمی تورکە لاوەکان، ئەمانەش بریتی بوون لە: حیکمەت بابان زادە و عەبدولڕەحمان بەدرخانزادە. ئەمانەش بە هیچ شێوەیەک تێیدا ئەندام نەبوون، بەڵکو لەو خاڵە یەکیان دەگرتەوە لەگەڵ تورکە لاوەکان کە حکومەتێکی دەستووری عوسمانی دامەزرێنن لەسەر بنچینەی لا مەرکەزی و سیستمی ویلایات، یان ئیالەت، کە ئەوسا سەڵتەنەت بەشتێکی باشی نەدەزانی و ئەوان و تورکە لاوەکان پشتگیریان لێ دەکرد، ئەو سەردەمەش فەلسەفەی سیاسی تورکە لاوەکان بەو ئاراستەیە بوو، هێشتا بیروباوەڕی تۆرانیزم و ناسیۆنالیزمی تورکی نەژاد

پەرست لەناویان سەری هەڵنەدابوو. تاکو ساڵی ١٩١٢-ەش تورکە لاوەکان بە ئاراستەی سیستمی دەستووری و عوسمانی نوێ کاریان دەکرد، بەڵام هەر لە هەمان ساڵدا گۆڕانی زۆر گەورە بە کاریگەری دەرەکی بە پلەی یەکەم لەناویان سەری هەڵدا و بەرەو تورکی نەژادپەرستی و تۆرانیزم ڕۆیشتن، سەرەنجام کوردەکان خۆیان لێ دوورخستنەوە. ئەمین زەکی بەگ تا ئەو کاتە باوەڕی بە عوسمانییەتی خۆی هەبوو، لە پێشەکی مێژووەکەی ڕاستەوخۆ باسی بادانەوەی تورکە لاوەکان دەکا بەلای تۆرانیزم و تورکایەتی توندڕەو، ئینجا ڕاستەوخۆ گرینگی بەو خاڵە دەدا کە ئەویش وەربگەڕێتەوە بەلای کوردایەتی و نووسینەوەی مێژووی کورد. دواجار دەشێ ئەم پرسیارەش بکەین، پرۆژەی مەعریفی و شارستانی بە ئاراستەی کورد زیاتر لەلای ئەمین زەکی بەگ هەستی پێدەکرێ وەک لە د. عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتی، بەتایبەتی هی یەکەمیان، تا مردنیش هەر بە عوسمانی مرد، بێگومان ئەگەر عەبدوڵڵا جەودەت خەتەری هەبایە بۆ سەر تورک و تورکایەتی، هەتا لە سەردەمی کەمال ئەتاتورک تا ساڵی ١٩٢٨ گۆڤارەکەی بەردەوام نەدەبوو. پاشان لەگەڵ ئەم پێنج کەسەی لە سەرەوە ناومان هێنان، چەند ئەفسەرێکی دیکەی پلە بەرز هەبوون کە دەتوانین بڵێین بەراستی دامەزرێنەر و گەشە پێدەر و کۆڵەگەی بەهێزی ئیتیحاد و تەرەقی بوون و ئەم ڕێکخراوە لەلای ئەوان دامەزرێنراوە، ئەمانەش: ئەنوەر پاشا و تەلعەت پاشا و جەمال پاشا و محەمەد شەوکەت بوون. ئەمانەش هەر هەموویان بە ڕەگەز ئەورووپایی بوون و هاووڵاتی عوسمانی بوون و هەتا تورکیش نەبوون و هەر ئەوانیش ئاراستەی فەلسەفەی سیاسی تورکە لاوەکانیان لە عوسمانی و دەستووری گۆڕی بۆ ناسیۆنالیزمی تورکی و نەژادپەرستی، هەڵبەت وێڕای بیرمەندە تورکە ناسیۆنالیستە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە، وەک: یووسف ئاکشور و خالیدە ئەدیب و زیاگۆک ئالپ و ئەحمەد غایف و دەیانی دیکە.

د. فەرهاد پیربال زۆر بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ و بێ پشکنین دەڵێ، (لەو سەردەمەی تەنزیماتدا، یەکەمین حیزب و کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەیی و ئازادیخواز و ڕیفۆرمیستەکان، یان شۆڕشگێڕەکان، یەکەمین قوتابخانە و یانە و چاپخانە و پەیمانگە و زانکۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و شانۆنامە، هەروەها یەکەمین بیرمەندە ڕۆشنگەرەکان سەر هەڵدەدەن و ناو لە خۆیان دەنێن عوسمانییە نوێیەکان (یەنی ئۆسمانیلار) کە پاشتر ڕەهەندێکی سیاسیی وەردەگرێت و لەژێر ناوی (تورکە گەنجەکان) دەناسرێنەوە. زاراوەی (گەنجە تورکەکان بە عەرەبی (ترکیا الفتاة)، بە فەرەنسیش: (Jeunes Turcs) بەم شێوەی خوارەوە پەیدابوو.. تا.) ڕامان-ل-٨١.

پەرەگرافێکی لەم جۆرە کە دیارە بەخێرایی و بێ کۆنترۆل و پشکنین نووسراوە، ئاڵۆزییەکی زۆر ڕەپێش دەکا، لەو سەریشەوە گومانی لێ دەکرێ، چونکە ئێمە دەزانین، لە سەردەمی تەنزیماتدا بزووتنەوەیەکی ئاڵۆزی لەم جۆرە نەبووە، بەڵکو تەنزیمات بریتی بوو لە هەندێ چاکسازی ئیداری و ئابووری و کەمێک فەرهەنگی، ئەمەش لەلایەن ئەورووپا و هێزی ئابووری ئەورووپی بەسەر ئیمپراتۆری عوسمانی فەرزکرابوو، ئەمەش نەک لە پێناوی بووژانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو لە پێناوی نەڕووخانی، کە دواجار تەنزیمات خۆی مردنی دەوڵەتی عوسمانی خێراتر کرد.

ئەمەی د. فەرهاد پیربال دەیڵێ بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە، هەموو ئەم دیاردانەی ئەو باسی دەکا لە دوو دەیەی کۆتایی، وردتر لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدە، واتە لە ١٨٩٠ تا ١٩٠٠ سەرهەڵدەدەن، ڕاستە چاپخانە هەبوو، بەڵام سەڵتەنەت ئەوەندە لە قورچووبوو خوارەوە، هەر کتێبێک یەک دێر ئایەت یان فەرموودەیەکی تێدابایە قەدەغەبوو لە چاپخانە چاپی بکەن. ئەم بزووتنەوە و بووژانەوەی ئەو باسی دەکا، بە هیچ شێوەیەک لە سەردەمی تەنزیمات نەبووە، بەڵکو دەتوانین بڵێین لەگەڵ ریفۆرمەکانی مەدحەت پاشا و حکومەتی دەستووری یەکەم کە لە ساڵی ١٨٧٦ دەست پێدەکا بە شێنەیی سەرهەڵدەدەن. هەر لەم سەردەمەدا بزووتنەوەی فیکری و سیاسی و ئیدیۆلۆژی جیاجیا دەردەکەوێ. دواتر، بزووتنەوەی (یەنی ئۆسمانیلار)، یان عوسمانی نوێ بە هیچ شێوەیەک خۆی لە تورکە لاوەکان (گەنجە تورکەکان) نادۆزێتەوە، ئەم بزووتنەوە، زیاتر خۆی لە عوسمانییە لیبرالەکان، کە پێشیان دەگوترا عوسمانییە نوێیەکان دەدۆزێتەوە، ئەمانە تا ڕووخانی تورکە لاوەکان لە ساڵی ١٩١٨ لە ململانێدا بوون، یەکەمیان سەڵتەنەت خوازبوو، دووەمیان دژی سەڵتەنەت.

هەروەکو لە سەرەتاوە گوتم من زیاتر گرنگی بە بەڵگە و کەرستەکانی -Argument- د.فەرهاد پیربال

دەدەم، ئەمانەش وەک کۆڵەگە وان، کە ئەو خوێندنەوەکانی خۆی لە سەریان بنیات ناوە، سەرەنجام کە بەڵگەکان، واتە کۆڵەگەکان شلۆق بن، سەلماندنەکان لە خۆیانەوە دەڕووخێن، ئەمەش یەکەم هۆی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هەموو لێکۆڵینەوەیەکە، نەک هەر د. فەرهاد پیربال، بەڵکو هەر لێکۆڵەرەوەیەکی ئەمڕۆ، دەبێ لە سەرەوەی کێشەیەکی بەڵگە نەویستی لەم جۆرە خوێندنەوە و توێژینەوەکانی پشت ئەستوور بکا، دواجار لێکۆڵینەوە لەسەر زەمینەیەکی سەقامگیر بنیات نەنرێ چ نرخ و بایەخێک دەگەیەنێ؟ د. فەرهاد پیربال دەڵێ لە ١٩/ ٩ /١٩٠٨ ڕێکخراوی (کوردستان تەعالی و عەزمی قەوی جەمعییەتی) شەریف پاشا و عەبدولقادر شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان لە ئەستەمبوڵ دایانمەزراند. هەندێ مێژوونووس وای بۆ دەچن کە ناوی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعییەتی) بووە. ڕۆژنامەیەکیان لە ساڵی ١٩٠٨ بڵاوکردەوە بە ناوی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) ڕامان-ل-٨٤.

ئەمەش دیسان یەکێکە لەو پەرەگرافانەی کە د. فەرهاد پیربال شتەکانی هەر هەمووی تێکەڵ و پێکەڵ کردووە و ڕوانینێکی لەم جۆرە ناتوانرێ پشتی پێ ببەسترێ، چونکە ئەمە سێ ڕێکخراوی جیاوازن و نووسەر هەرسێکیانی بە یەک داناوە و کردوونیەتی بە یەک ڕێکخراو.

لە مێژووی کورددا ڕێکخراوێک نییە ناوێکی لەم جۆرەی: (کوردستان تەعالی و عەزمی قەوی جەمعییەتی) ڕامان - ل - ٨٤ - هەبێ. پاشان شەریف پاشا و عەبدولقادر شەمزینی (نەهری) و ئەمین عالی بەدرخان دیسان بە هەڵە لەو شوێنە دانراون.

ئەم کێشەیە وردەکاری زۆر هەڵدەگرێ، چونکە هەموو کەس دەزانێ لە ساڵی ١٩٠٠ لە ئەستەبوڵ ڕێکخراوێک دادەمەزرێ بەناوی (عەزمی قەوی جەمعییەتی) دامەزرێنەری ئەم ڕێکخراوە فیکری ئەفەندی دیاربەکری-یە.

نووسەری هەرە ناسراو و بە توانای ئەم کۆمەڵەیە: ئەحمەد ڕامز کوردیزادەیە. هەروەها ئەم نووسەرە دامەزرێنەری کۆمەڵەی زانستیشە کە لەساڵی ١٩٠١ دایمەزراندووە، کە دووەم کۆمەڵەی کوردییە لە سەردەمی عوسمانی دامەزرابێ. ئەم نووسەرە لەبەرئەوەی یەکێک بووە لەو نووسەرانەی بیروباوەڕی کوردایەتی و ئازادی و نوێبوونەوە لەلای بەهێز تەعبیری لێ کراوە و پێش تورکە لاوەکانیش کەوتووە لە بانگدانی بۆ نوێبوونەوەی مرۆڤی کوردی و خۆجیاکردنەوە لە سەڵتەنەت، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ناچاربووە ساڵی ١٩٠٤ بۆ میسر دووری بخاتەوە. سەرەنجام ئەگەر پرۆژەیەکی مەعریفی هەبێ لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی و بزووتنەوەی فەرهەنگی دەبێ ڕاستەوخۆ و بە پلەی یەکەم ئاماژە بە ڕۆڵی ئەم دوو نووسەرە بکرێ کە فیکری ئەفەندی دیاربەکری و ئەحمەد ڕامز کوردیزادەیە، نەک یەکێک وەک د. عەبدوڵڵا جەودەت کە بە دەست نوێژ لە کورد نزیک بووەتەوە و تامردیش هەر خۆی بەیەکێ لە عوسمانییەکان دەزانی و دواتریش هاووڵاتییەکی تورکی بێ وەی.

هەرچی کۆمەڵەی دووەمە کە د. فەرهاد پیربال بەسەر هی یەکەمی داناوە و بەیەک ڕێکخراو ناویان دەبا، ڕێکخراوی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعییەتی)یە. ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵەیەکی سەربەخۆ بووە و لە ساڵی ١٩٠٨ دامەزراوە و لە ڕووی فیکرییەوە کوردایەتییەکی لیبرالیانەیان کردووە و تا ڕادەیەکیش کەوتوونەتە ژێر بیروباوەڕی تورکە لاوەکان، بەتایبەتی سەرەتاکانی تورکە لاوەکان، واتە پێش ساڵانی ١٩١٢ و ١٩١٣، کە هێشتا هەڵگری بیروباوەڕی عوسمانی و دەستووری بوون. هەواداری پەیڕەوکردنی سیستمی ویلایەت، یان لامەرکەزی عوسمانی بوونە و لەم ڕووەوە ڕوانینەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیان هەبووە. ئەم ڕێکخراوە جەختیان لەسەر نوێکردنەوەی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکردەوە و زۆر گرنگیان بە زمانی کوردی داوە. سەرۆکی کۆمەڵە سەید عەبدولقادری نەهری بووە، لە دەوری دووەم موشیر ئەحمەد پاشا بووە. ئەمانە ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (کورد تەعاون و تەرەقی جەمعییەتی غەزەتەسی) هەر لە ساڵی ١٩٠٨ دەرکردووە. سەرۆکی ڕۆژنامەکە تۆفیق سلێمانیەلی (پیرەمێرد) بووە. نووسەرە هەرە ناسراوەکانی ناو ئەم ڕێکخراوە، ئەمین عالی، ئیسماعیل حەقی بابان زادە، ئەحمەد جەمیل دیاربەکری، فەتحی سلێمانییەلی، بەدری مەلاتیەلی، (بدیع الزمان ملاسعید کوردی)، سەباح شەوقی و زۆری تر بوونە. ناوی شەریف پاشا و د. عەبدوڵڵا جەودەت لەناو ئەم ڕێکخراوە و چالاکییەکانی ناویان نایێ.

کۆمەڵەی سێیەم (کوردستان تەعالی جەمعییەتی)یە کە هەندێ جاریش بە (کورد تەعالی جەمعییەتی) ناوی دێ و د. فەرهاد پیربال ئەویشی تێکەڵ بە هی یەکەم کردووە هەڵبەت وێڕای هی دووەم و هەمووی کردووەتە یەک ڕێکخراو. لەکاتێکدا لەنێوان هی یەکەم و دووەم هەشت ساڵ هەیە و لەنێوان هی دووەم و سێیەم دەساڵ نێوان هەیە. چونکە ئەمەی دوایی لە ساڵی ١٩١٨ دامەزراوە، هەڵبەت لە سەروبەندی ئەو گۆڕانانەی دوای جەنگ بەسەر دەوڵەتی عوسمانی داهات و کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕووخانی حکومەتی ئیتیحاد و تەرەقی، یان تورکە لاوەکان و گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ ناو دەستی لیبراڵەکان و سەڵتەنەت خوازەکان. ئەم ڕێکخراوە لەلایەن ئەمین عالی بەدرخان دامەزراوە، سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە بۆ دووەم جار سەید عەبدولقادری نەهری بوو، وێڕای پاڵەپەستۆی ئەمین عالی بەدرخان شەریف پاشا، کە تا ئەوسا وەک دڵسۆزی عوسمانییەکان و عوسمانی دەستووری لیبرال خواز ناسرابوو، لەم چوارچێوەیە دێتە دەرەوە و بە ئاراستەی کوردایەتی و کورد و دوارۆژی کورد هەندێ ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێ لە کۆنفرانسی ئاشتی پاریس ساڵی ١٩١٩ و دواتر کۆنفرانسی سیڤەر -Sev re یاداشتنامەیەک پێشکەش بە هاوپەیمانان دەکا لەبارەی کێشە و ئایندەی کوردستان. دواتر شەریف پاشا سەر لەنوێ بزردەبێتەوە و دەنگ و باسی نامێنێ.

دواجار چالاکترین نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردی نێوان ساڵانی ١٨٩٠ تا ساڵی ١٩٢٥، واتە تا لە داردانی سەید عەبدولقادری نەهری ئەمانەن کە من لێرە بەپێی دەرکەوتنیان ڕیزیان دەکەم: میقداد مەدحەت بەدرخان، ئەحمەد ڕامز کوردیزادە، فکری ئەفەندی دیاربەکری، حیکمەت بابانزادە، سەید عەبدولقادری نەهری، خەلیل خەیالی، عەبدولڕەحمان بەدرخان، ئیسماعیل حەقی بابان زادە، ئەمین عەلی بەدرخان، بەدری مەلاتیەلی، پیرەمێرد، سەباح شەوقی، بەدیع ئەلزەمان مەلا سەعید کوردی، ڕەفعەتی مەولانزادە، (ئەمەی دوایی دژایەتییەکی توندی کەمال ئەتاتورکی دەکرد. سەرەنجام ئەتاتورک لە سەرەتای بیستەکان، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣ تا ١٩٢٧، دەعوای لەسەری نووسییەوە، دواتر بزر دەبێ و ناوی نامێنێ)، نوری دێرسیمی عەبدولڕەزاق بەدرخان کە تورکە لاوەکان لە موسڵ لە داری دەدەن، کە پاش عەبدولسەلام بارزانی دووەم کەسە لە مێژووی کورددا کە لە شاری مووسڵ ئیعدام دەکرێ. ئینجا ئەوانەی کە لە دوای ئەم گرووپە دێن ئەمانەن: عەبدوڵڵا سەعدی، میهری، مستەفا شەوقی، ڕەحمی زاپسو، هەمزە موکسی و مەمدوح سەلیم بەگ ئینجا ناوی شەریف پاشا دێ.

ئیسحاق سکوتی هەر لە ساڵی ١٩٠٣ لە ئیتالیا دەمرێ و د. عەبدوڵڵا جەودەت-یش وەک کەسایەتییەکی لاوازی نێو ئەم کەسایەتییە کوردانەبوو، ئەو تەنیا لەگەڵ کۆمەڵەی هێڤی لە ساڵی ١٩١٢- ١٩١٣ هەندێ چالاکی هەیە بە ئاراستەی کوردو کوردایەتی، ئەگینا هیچ گرینگییەکی بە زمان و ڕۆشنبیری کوردی نەداوە، بەڵکو هەردەم بە تورکی نووسیوبەتی، هەتا لە سەردەمی کەمالییەکانیش گۆڤارەکەی دەردەچوو، ئەگەر ئەو خەتەری هەبایە وەکو ئەمانەی دوایی ڕاوەدەنراو نووسینەکانیشی لەلایەن تورکە لاوەکان و کەمالییەکان کۆدەکرایەوەو دەسووتێنرا، هەروەکو چۆن، گۆڤاری ژین و زۆری دیکەیان لەبەرچاوی کورد کۆکردەوەو سووتاندیان.

لەلایەکی دیکە، د. فەرهاد پیربال بایەخێک و ڕۆڵێکی مەزن دەداتە شەریف پاشا، بەڵام ئەو تا ئێستا نەیتوانیوە شوێنی شەریف پاشا لەناو هاوکێشەی سیاسی و مەزهەبی و ئیدیۆلۆژی و ناکۆکی بزووتنەوە سیاسییەکان دیاری بکا. ئەو زیاتر بە ئینتیباعێک لەسەر بنچینەی کوردایەتی یان هەستی کوردایەتی واقیعێکی ئاڵۆز دەخوێنێتەوە کە ئەمەش زۆرجار، سەرەڕای ئەوەی کارێکی خراپ نییە، بەڵام ناتەواوییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لەخشتەبردنی نووسەر و دواجار خوێندنەوەکانی دروست ناکەونەوە. شەریف پاشا، پێش ئەوەی بێنێتە ناو ڕێکخراوی (کوردستان تەعالی جەمعییەتی) ساڵی ١٩١٨، هەردەم جێگای ڕەخنەی ئەم چینە ڕۆشنبیرە کوردییەی لە پێشەوە ناومان هێنان بووە، چونکە ئەو هەردەم لە ڕیزی سەڵتەنەت و لیبراڵەکاندا بووە. ئەو کوڕی سەعید پاشای بابان بووە کە ماوەیەکی زۆر وەزیری دەرەوەی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو، هەروەها هەردەم نزیکترین کەس و خۆشەویستترین کەسی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بووە. ئەمانە بە ئاشکرا لە ڕیزی عوسمانییە لیبراڵەکان و ئەریستۆکراسییەکان بوونە، خۆیان بەخەتێکی جیاوازی دەستووری دادەنا لەو خەتە دەستوورییەی تورکەلاوەکان نوێنەرایەتیان دەکرد. هەردەم لەلایەن کوردەکان و تورکەلاوەکان کەرستەی ڕەخنەبوونە،

چونکه قەت بەتەواوی بەلایەکدا نەشکانەوە، تەنیا ئەوەندە هەیە شەریف پاشا لە ساڵی ١٩١٨ ئاراستەی خۆی گۆڕی، لێرەشەوە دەزانین شەریف پاشا چی کردووە.

لێرەوە من ناچارم ڕوانینی خۆم بۆ هێنانەوەی پەرەگرافی تر لە گوتارەکەی د. فەرهاد پیربال ڕوون بکەمەوە، کە لەو بڕوایەدام خوێندنەوەیەکی وەک ئەمەی خوارەوە هەڵدەگرێ.

ئەوەی بە ڕای من دەبێ لەم سەردەمەدا لە بەرچاو بگیرێ، کێشەی ئیدیۆلۆژی و مەزهەبی و نەژادییە کە ڕۆڵێکی زۆر بەرز و کاریگەریان هەبووە لە هاوسەنگی سیاسی و فەرهەنگی و ئیتنیکی کە د. فەرهاد پیربال لە پڕۆژەکەی بەچاک و خراپ بەلایدا نەچووە، ئەمەش بریتییە لەو زەمینەیە کە دەبێ پشکنینی بۆ بکرێ کە دواتر واقیعێکی ئاڵۆزی ئەو سەردەمەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

د. فەرهاد پیربال، باسی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و نوێبوونەوە دەکا، کەچی خۆی لە کێشەی سەرهەڵدانی ناکۆکی نەژادی و سەرهەڵدانی چەمکی ناسیۆنالیزم دەپارێزێ، خۆی لەسەرهەڵدانی سیستمی عەلمانی و پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوەو ناسیۆنالیزم دەپارێزێ. بەلای ئەوەدا ناچێ تورکە لاوەکان بیرکردنەوەو ڕوانینیان چۆن بووە؟

ئایا چۆن بوو ئەوان لە هێزێکی دەستووری بوونە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی تۆرانی و نەژادپەرست؟ دواتر ئایا ئەو ڕۆشنبیرانەی ئەو پشتیان پێ دەبەستێ بۆ پڕۆژە مەعریفییەکەی بە ڕاستی ناسیۆنالیست بوون؟! باشە ئەو نووسەرە کوردانەی لە پێشەوە بەپێی دەرکەوتنیان ناومان هێنان، نوێنەرایەتی فیکری ناسیۆنالیزمی کوردییان کردووە؟! یان ئەوانە سەر بە سیستمی دەستووری عوسمانی و سیستمی لامەرکەزی بوون کە ئامانجی تورکە لاوەکان و کوردەکان بوو تا ساڵی ١٩١٢؟ ئەمانە هەموو پرسیارن، بەڵام وەڵامیشن بۆ بابەتەکەی ئەو. ساڵی ١٩١٢ و ١٩١٣ ساڵێکی پڕ بەهاو سەمبۆلیکە بۆ سەرەتای بەدیارکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەمەش لەو چرکەیەوە دەست پێدەکا کە تورکە لاوەکان لە پەیامی خۆیان وەردەگەڕێن و تاقە نووسەرو ڕۆشنبیرێکی کورد کە هەر زوو هەست بە مەترسی ئەم دیاردەیە دەکا، عەبدولڕەزاق بەدرخانە، ئەو پێش لە دایکبوونی کەمالی و کەمالیزم-یش هەستی بە هەموو گۆڕانەکان کردووە، هەر لەبەر ئەوەش ڕاستەوخۆ کامپی سەڵتەنەت خوازەکان و برادەرایەتی تورکە لاوەکان جێ دەهێڵێ و ڕوودەکاتە ڕووسیا و لەوێوە دەگەڕێتەوە ئێران و لە شاری (خۆی) بنکەی تایبەتی خۆی دادەمەزرێنێ، ڕاستەوخۆ کاری ئۆرگانیزەکردنی کورد دەست پێدەکا، مالمیسانژ باس لەوە دەکا عەبدولڕەزاق بەدرخان ناکۆکی زۆری هەبووە لەگەڵ سەید عەبدولقادر نەهری کە موجامەلەی هەموو لایەکی دەکرد، دواتر ئەو بڕیاری داو ڕێگای کوردایەتی گرت و سەری لەسەر دانا. ئەوەی کە زۆر سەیرە و پارادۆکسێکی زۆر بەهاداری تێدایە، هەر خودی تورکە لاوەکانە کە ئەوسا ئیدارەی سەڵتەنەت دەکەن و سوڵتان لە دەستیان وەک بووکە شووشە وایە، هەست بە مەترسی پەیام و کاری عەبدولڕەزاق بەدرخان دەکەن و بەخێرایی برووسکە دەیهێننە مووسڵ و ئیعدامی دەکەن. ئایا ڕۆشنبیرانی کورد تا ئێستا لەم بارەیەوە کاریان کردووە؟!

کەسێک بۆ ناپرسێ هاوسەنگی سیاسی ئەو سەردەمە و ناکۆکییەکان چی بوون عەبدولڕەزاق بەدرخانیان بردە بەر ئیعدام کردن. ڕێکخراوی تورکە لاوەکان لەو سەردەمەدا چۆن کاریان دەکردو ڕێکخراوە نهێنییەکانی دیکەی تۆرانی و ڕێکخراوی نهێنی (وەتەن)ی کەمال ئەتاتورک چۆن پێوەندییەکانی دەخوێندەوە، ئایا لە خۆڕابوو، یان کارێکی بێ ڕادە ئۆرگانیزەکراو بوو عەبدولڕەزاق بەدرخان پێی ئیعدام کرا. دواتر پڕۆژەی مەعریفی و سەرەتای فیکری ناسیۆنالیزم لەلای یەکێکی وایە یان لەلای نووسەرێکی تورکی عوسمانی بەرەگەز کوردی وەک د. عەبدوڵڵا جەودەتە؟!

بەگشتی گوتارەکەی د. فەرهاد پیربال (کە ئەو ناوی لێ دەنێ لێکۆڵینەوە) بە ڕای من هەر هەمووی وەسفە و دووبارەکردنەوەی وەسفەکانە بێ قووڵبوونەوەی مێژوویی و فیکری ورد دەربارەی سەردەمەکەو بزووتنەوە سیاسییەکان و لەبەرچاو نەگرتنی فاکتی مەزهەبی کە هەردەم بزووتنەوەکانی وێڕای فاکتی ئیتنیکی، بەلایەکدا دەشکاندەوە. لەم نێوانەشدا هەڵبژاردەی ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمە لاوازترین ئەڵقەی ناو ئەم هەموو بزووتنەوانە بوون.

یەکێکی وەک سەید عەبدولقادری نەهری کە ئەو بەشەمزینی ناوی دێنێ، سەرەڕای ئەوەی دووجار دەبێتە سەرۆکی دوو ڕێکخراوی کوردی وەک:

١- کورد تەعاون و تەرەقی جەمعییەتی- ساڵی ١٩٠٨.
٢- کۆمەڵەی تەعالی کورد (کوردستان تەعالی جەمعییەتی) ساڵی ١٩١٨، کەچی بەپێی سەرچاوەکان مرۆڤێکی ڕاڕاو جێگیر نەبووە لە ڕووی فیکری و هەڵوێستی سیاسی. باشە دەبێ چ پڕۆژەیەکی مەعریفی لە کەسایەتییەکی لەم جۆرە چاوەڕێ بکرێ کە نەزانرێ بیرکردنەوە و ئامانجی چۆن بووە و هەردەم جێگای ڕەخنەی ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەمەو تورکەلاوەکان بووە. لەم بارەیەوە ڕۆهات ئالاکۆم دەڵێ:
(سەید عەبدولقادر کە لەساڵی ١٩١٨ سەرۆکایەتی پێشکەوتنی کوردستان (تەعالی کوردستان)ی کردووە، ساڵی ١٩١٩ لە سەردەمی فەرید پاشای داماد-دا لە (سەرۆکایەتی شورای دەوڵەت- واتە پەرلەمان) دادەمەزرێ، کە لە بەرانبەر باڵاخانەی ویلایەتدا بووە. لەلایەکەوە پێشەوایەتی کردنی بزووتنەوەی ئیتنیکی (کوردی) کردووەو لە لایەکی دیکەوە لە ئاستێکی بەرزدا لە هەرە سەرەوەی پلەیەکی فەرمیدا بووە. لە ڕوانگەی سەید عەبدولقادرەوە بووەتە هۆی ناجێگیری ناسنامەکەی. پێم وایە گەورەترین دڵتەنگیی سەید عەبدولقادر ئەم بارودۆخەیەتی کە تووشی هاتووە. سەید عەبدولقادرێک کە پێی وابووە بەم هەڵسوکەوتە زانایانەوە هەردوولا ڕازی دەکا، تەواوێک بەپێچەوانەوە دەبێتە ئامانجی ڕەخنە لێگرتنی هەردوولا، لە کۆتاییشدا وەکو پێشتر باسمان کرد لە سێدارە دەدرێ.)
ڕۆهات ئالاکۆم. کوردەکانی... لا- ٨٩.
باشە ئێمە دەپرسین ئەم دوو لایەنە کێن کە ڕەخنەیان لە سەید عەبدولقادر گرتووە؛ یەکێکیان کوردەکانە، بەتایبەتی ڕۆشنبیرە کوردە هەرە چالاکەکان وەک عەبدولڕەزاق بەدرخان و خەلیل خەیاڵی و هی دیکە، لایەنی دووەمیش تورکەلاوەکان بوونە کە ڕەخنەیان لێ گرتووە، بەو مانایەی سەید عەبدولقادر سەڵتەنەت خوازبووە و وەک عوسمانییەکی سەڵتەنەت خواز خۆی ناساندووە. دواجار کە فەلسەفەی تورکە لاوەکان بۆ فەلسەفەی کەمالیزم و تۆرانیزم وەردەگەڕێ، بۆ ترساندنی کوردەکان و ڕام کردنیان لە سێدارەی دەدەن، لە کاتێکدا کەمالییەکان زۆرباش دەیانزانی سەید عەبدولقادر خەتەرییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام ئەوان باشتر دەیانزانی سەید عەبدولقادر وەک ئەریستۆکراسییەکی کورد و ڕوخسارێکی مەزهەبی لەناوکورد بایەخ و سەنبۆلێکی تایبەتی هەیە، سەرەنجام بە لەناوچوونی ئەو، ئەو جێگاو بایەخ و سەنبۆلانە هەمووی لەناو دەچێ.
ئەم خوێندنەوەیە بە هیچ شێوەیەک لە بابەتەکەی د. فەرهاد دەست ناکەوێ کە کارێکتەری سەرەکی ئەو سەردەمە پیشان دەدا، سەرەنجام دەپرسین ئایا ئەو پڕۆژە مەعریفییە دەبێ ڕوخسارو ناواخنی چۆن بێ و کوردە لاوەکان (گەنجە کوردەکان) دەبێ کەوتبنە چ لایەک و لە کوێ زایەڵەو سەدایان بدۆزینەوە.؟!
د. فەرهاد پیربال قەت بەلای ئەو دەستە ڕۆشنبیرە چالاکانەدا ناچێ کە ڕۆحی تورکە لاوەکانیان دەناسی کە چ درندەیەکی نەژادپەرست و مەغۆل پەرست بوون. ئەو ئەوانە دەکاتە سەر مەشقی کوردەلاوەکان، (گەنجە کوردەکان وەک خۆی دەڵێ) کە بەپلەی یەکەم عوسمانچێتی و سەڵتەنەت خوازبوون وەک شەریف پاشاو د. عەبدوڵلا جەودەت و... باس لەو چینە ڕۆشنبیرە ئازادانە نەکا کە بەرەنگاری تورکە لاوەکان و سەڵتەنەت خوازەکان بوونەتەوە، دواجار خۆشیان بە دەستەوە نادەن بینە خۆراکی ئیتیحادوتەرەقی یان تورکە لاوەکان، وەک: خەلیل خەیالی. مالمیسانژ دەڵێ: (مووسا عەنتەر دەگێڕێتەوە خەلیل خەیاڵی بەگ ماوەیەک بەر لە مەرگی خۆی، یادداشتی کارەکانی خۆی دا بەمن، هەندێک بەڵگەی گرانبەها لەنێو ئەمانەدا هەبوون کە بەم جۆرەن: دیوانێکی دەستنووسی حاجی قادری کۆیی کە پێشکەشی خەلیل خەیاڵی بەگی کردبوو، کتێبی ڕێزمانی کوردی زیا گوک ئالپ کە بەدەستی خۆی نووسیبووی و لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە زمانی کوردی، بەڵام بەداخەوە ساڵی ١٩٢٧ لەکاتی دەسگیرکردنما (کە هەڵبەت لەلایەن کەمالیستەکان گیراوە کە ئەوسا لە هەڕەتی بەهێزی و کاری ئیدیۆلۆژی خۆیان بوون بە ئاراستەی ناسیۆنالیزم و پان تۆرانیزم- د. موحسین) ئەمانەیان لەگەڵ کتێبخانەکەمدا هێنایە دادگای ئیدارەی عورفی و بڕیاری دەست بەسەرداگرتنی هەمووشیان دەرکرد.
دوای لێبوردنیشم هەوڵی وەرگرتنەوەی کتێبەکانمدا، بەڵام پێیان ڕاگەیاندم کە هەموویان سووتاندووە.) مەمدوح سەلیم بەگ (ئەمەیان کە ڕوودەکاتە سوریاو لوبنان لە پاش ساڵی ١٩٢٣، لەساڵی ١٩٢٦ یەکەمین حزبی کوردی دادەنێ کە حزبی خۆیبوونە، هەڵبەت لەگەڵ

دەیان کەسی دیکە. هەمزە موکسی و حیکمەت بابان زادە و نووری دێرسیمی و ئەحمەد ڕامز کوردیزادە و عەبدولڕەحمان بەدرخان...تاد حیکمەت بابان ڕوو لە ئەمریکا دەکا و هەر لەوێش دەمرێ. خەلیل خەیاڵی لەگەڵ هاتنی کەمالیزم بزر دەبێ، عەزیز یامولکی کە لە جۆری شەریف پاشاو سەید عەبدولقادر بوو تا دوا تنۆک باوەڕیان بە عوسمانی و ئیمپراتۆری عوسمانی هەبوو. دوای هاتنی کەمالیستەکان بۆ سەرحوکم بەخێرایی دەگاتەوە سلێمانی.

سەرەنجام هەر پرۆژەیەکی مەعریفی ئەگەر لەسەر خوێندنەوەیەکی دروست، پشت ئەستوور بە وردەکاری و سەرچاوەی باوەڕپێکراو نەبێ بایەخێکی ئەوتۆی نابێ.

**پەراوێز:**

**١- دەربارەی «تورکەلاوەکان»، وەک ناوونیشان، دەیان ساڵە، بەڵکو زیاتریشە بەم شێوەیە ناویان دێ، ئیتر نازانم بۆ و لە پێناوی چ ئامانجێک ئەم دەستەواژەیە کراوەتە: گەنجە تورکەکان، دواجار ئەگەرچی وشەی گەنج لە زمانی کوردیدا، بەکاردەهێنرێ، لەگەڵ ئەمەشدا وشەیەکی قورسە وەک ئاوازو ڕیتم، دەبینین ئەم ئاواز و ڕیتمە لەگەڵ هی زمانی کوردی ناکۆکە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنە کە ئەم وشەیە ڕەگ و ڕیشەیەکی تورکی و مەغۆلی هەیە، تا ڕادەیەکی زۆر فۆرمی خۆی بەشێوە کۆنەکەی پاراستووە. من وشەی لاو، لاوانی کورد، کوردەلاوەکان، تورکەلاوەکان، بزووتنەوەی لاوانی کورد بەڕاستترو گونجاوتر دەزانم، ئەمەش باشتر لەگەڵ فۆنەتیک و زمانی کوردی دەگونجێ، بەو مانایەی هەمان قورسایی وشەی گەنجی نییە.**

**٢- ڕۆهات ئالاکۆم. کوردەکانی ئەستەموولی کۆن، وەرگێڕانی ئەحمەد تاقانە. موکریانی- هەولێر- ٢٠٠٥**

**3- Malmisanj u Mahmud Lewendi, Li Kurdistana Bakur u Tirkiye Roj- namegeriya kurdi (1902- 1908), Oz- Ge Yayinlari, Ankara. 1992.**

**٤- د. قیس جەواد ئەلعەزاوی- دەوڵەتی عوسمانی، خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هۆکارەکانی ڕووخان، دار العربية للعلوم، بيروت- ١٩٩٤**

**٥- مالمیسانژ، جەمعییەتی تەعاون و تەرەقی کورد و ڕۆژنامەکەی، وەرگێڕانی لە تورکییەوە زریان ڕۆژهەڵاتی، پێداچوونەوەی: سدیق ساڵح، بنکەی ژین- ٢٠٠٧.**

# سارتر
# لە ڕۆمانی «وشەکان»دا

**کاوە جەلال**
**(کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی فەلسەفە لە ڕانیە)**

سارتر لە «بوون و نەبوون»دا دەبێژێ: مرۆڤ ئەوەیە کە پێناسەی خۆی پێدەکات .ئەم دەربڕینە پرنسیپییە، کە کرۆکی هزری ئەو پێکدەهێنێ، هاوکات خودی سارتر دەگرێتەوە. سارتر فەلسەفەکەی لە نموونەی خۆیدا دەژێنێ. سارتر کوڕی خێزانێکی بۆرژوای فەڕەنسی بە بێزەوە پشت دەکاتە ئەو چینەی کە لەنێو ئامێزیدا پەروەردە بووە و بە شێوازی پەروەردەی بۆرژوایانە فێری گەمەی ڕۆڵ ڕەفتاری دەکات. ئێمە ئەمانە هەموو لە سارتر خۆی دەبیستین. ڕۆمانە ئۆتۆبیۆگرافییەکەی بە ناوونیشانی «وشەکان» سارترێکمان لەنێو کایەی ئەدەبەوە نیشان دەدات کە چۆن وشەکان لەنێو تەنیایی ژیاندا دەناسێ. سارتر ژیانی منداڵی خۆی زۆر تاڵ دادەڕێژێ، بەڵام لێرەدا تەنیا ڕۆڵ نواندنی خێزانێکی فەڕەنسیمان نیشان نادات، بەڵکو هاوکات هەستی منداڵانەی خۆی بەرانبەر بەو خێزانە و بەگشتی بەرانبەر بە جیهان نیشان دەدات.

نێوەندی گۆڕانی کەسایەتیی منداڵ هەمیشە لە جۆری ئەو پرۆسەیەی سۆسیالیزاسیۆندا (بەکۆمەڵایەتیکردندا) خۆی دەنوێنێ، کە سەرەتا لەنێو خێزانی سەرچاوەییدا دێتە گۆڕێ. لێرەشدا تەنیا جیهانبینیی دایک و باوک ڕۆڵێک لەوەدا ناگێڕێ، کە ئەوان چۆن منداڵەکەیان خۆشە دەکەن، تاکو ببێ بە ئەندامێکی چالاکی نێو کۆمەڵگا، بەڵکو «ستیل»ی (شێوازی) خێزانی لەو خۆشەکردنەی منداڵدا زۆر کاریگەرە، چونکە هەمیشە شێوازی جیای ڕەفتار دەجۆرێنێ، پێش ئەوەی منداڵ فێری ڕۆڵ نواندن و نۆرمی (پێوەری) کۆمەڵایەتی بوو بێ. لەنێو ئەم مەرجانەی منداڵییەوە هێدی هێدی کارەکتەری مرۆڤ



سارتر

بنیاد دەنرێ. بێگومان کارەکتەر لە ڕەوتی کاملّبوونی تاکدا گۆڕینی بەسەردا دێ، بەلاّم ئەو گۆڕینە دوای شکۆفەکردنی کارەکتەر زۆر کەمە .کارەکتەر لە کۆتاییدا دەبێ بە دیاریکەری ئەوە، کە مرۆڤ چۆن لێدەهزرێ، هەروەها هەست دەکات و کردار دەنوێنێ. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە منداڵیی سارتر چاکتر دەبێ، کە سەرەتا ڕوو بکەینە ئەو خێزانە، کە ئەو لەنێو ئامێزیدا پێگەیشتووە.

لە ژیانی سارتردا پێوەندییەک لە واتای پێوەندیی باوک - دایک - منداڵدا نەبووە. سارتر منداڵی خۆی لە تەمەنی دوو ساڵییەوە وەک «میوان» لە لای باپیری و نەنکی، شارل شڤایتسەر و لویزە گیلمۆ، بەسەر دەبات، هەر ئەم میوانییەش دەیکات بە میوانێک لە جیهاندا، بەبی ئەوەی ماڵێکی هەبێ، خێزان پێکەوەبنێ، منداڵ دروست بکات. نەبوونی فیگۆری باوک لە ژیانی سارتردا دەشێ هاوکات وەک کلیلێک بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتیی ئەو ببینرێ: «من لە پاش خۆمەوە مردوویەکی گەنجم جێهێشت کە کاتی نەبوو بۆ ئەوەی ببێ بە باوکم و ئەمڕۆش بە کوڕم. ئایا ئەمە بەخت بوو یان بی بەختی؟ من ئەمە نازانم، بەلاّم بەخۆشییەوە لەتەک ڕای پسیکۆلۆژێکی بەواتادا یەکدەگرمەوە و دەبێژم: من سەرمنم نییە» (١). «ئەم باوکە تەنانەت سێبەرێک، تەنانەت دیتنێک نییە: ئێمە هەردووکمان، ئەو و من، ماوەیەکی درێژخایەن لەسەر هەمان زەمین نیشتەجێ بووین و کێشەکەش لەمە زیاتر نییە. وایان تێگەیاندم، کە من پێشتر منداڵی موعجیزەم وەک لەوەی منداڵی مردوویەک بم. بەبێ گومان ساکارییە بێ ڕادەکەم لەمەوە هاتووە: من نە شێفم و نە حەزیش دەکەم ببم بە شێف، من هیچ جیاوازییەک لە نێوان فەرماندان و هۆش ڕایەڵیدا نابینم» (٢).

سارتر لە «وشەکان»دا بەتایبەتی لەتەک ڕەچەڵەکی دایکیدا خەریکە، چونکە کەسانی باوکی بەدەگمەن دەناسی. ئان - ماریی دایکی سارتر دووەم منداڵی خێزانی شڤایتسەر بوو، کە ساڵی ١٩٠٤ شوو بە ژۆن باپیتست سارتری ئەفسەری هێزی دەریایی دەکات، ئەم ژۆن باپتیستە «بە گوژمێک منداڵێک دروست دەکات (...)، ئینجا بەدوویدا هەوڵ دەدات بۆ لای مەرگ هەڵبێت» (٣) ئەم مردنە زووەی ژۆن باپیتست سارتر، کە لە دوورە ولاّتی بە هۆی نەخۆشییەوە ڕوو دەدات، بۆ ژۆن پۆلی کوڕی وەک یادەوەریی کارەساتێک دەمێنێتەوە: «دایکمی سەرلەنوێ خستەوە نێو زنجیر و بە منیش ئازادیی بەخشی» (٤).

ئان - ماری دوای مەرگی مێردەکەی هیچ چارەیەکی دیکەی نامێنێ جگە لەوەی هانا بۆ لای ماڵی باوکی بەرێتەوە، چونکە هیچ مووچەیەکی بێوەژنیی بۆ نابڕدرێتەوە. بە بێگومان ئەم بڕیارە بۆ ئان - ماریی بە منداڵێکی دوو ساڵانەوە ئاسان نابێ، سەرەڕای ئەمەش ناچارە بۆ ماڵی باوکی بگەڕێتەوە. ئان-ماری لەم ناچارییەوە هەست بە شەرمەزاری دەکات، بۆیە بڕیار دەدات هەموو ئەرکی ئەو ماڵە بگرێتە ئەستۆی خۆی، بەلاّم ئەم کارەساتە بۆ ژۆن پۆل بەدتر دەبێ. ئێستا دوو ساڵانێک «خۆی فرێدەداتە» نێو ئەو ژیانەوە، کە وەک نامۆیەک هاتووە و تەنیا لێرەبوونێکی قبوولکراوی پێدەدرێ. سەرەڕای ئەمەش باپیری و نەنکی خۆیان زۆر بە کچەزاکەیانەوە خەریک دەکەن، بەلاّم پێوەندییەکی بەم چەشنە هەرگیز جێگەی خۆشەویستیی دایک و باوک ناگرێتەوە: «کاتێک منداڵانی دی بەڕێی خۆشەویستیی دایک و باوکەوە هەستی پارێزراوی چێدەکەن، خۆشەویستی وەک شتێکی ئاسایی وەردەگرن، وەک دیارییەک کە بۆ یەکێک دانراوە، ئینجا جیهان بەڕێی ئەم پارێزراوییەوە دەناسن، ئەوە سارتر بە پێچەوانەوە ئەم حاڵەتە ناناسێ» (٥). لەپاڵ ئەمەدا ژیانی ماڵی شڤایتسەر تەنیا شانۆگەرییەک دەبێ، ئەکتەری ڕاستەقینەی ئەم شانۆگەرییەش بریتییە لە کەسی شارل، بەلاّم ژۆن پۆل زوو دەرک بە ناڕاستی ئەم ڕۆڵانە دەکات کە لە ماڵی باپیری دەنوێنرێن. ئەمەش سیمای هەموو

منداڵێکه، که بەچاکی، واتا چاکتر لە پێگەیشتووەکان، ڕاستیی ئەو هەستانە دەناسنەوە، کە گەورەکان نیشانیان دەدەن. ژۆن پۆل لەنێو ئەم خێزانەدا فێری خۆنواندن دەبێ.

ئەم شێوازە خێزانییەی پەروەردە واتایەکی گرنگی بۆ تێگەیشتن لە ژیانی سارتر هەیە، واتا ژیانی منداڵێک، کە بەڕێی گەورەکانەوە جیهان دەناسێ و وەک ئەکتەرێکی فشەکەر دێتە پێشەوە، بەبێ ئەوەی بزانێ بۆچی ئاوها دەکات. لەسەر تەختەی شانۆ باپیر و کچەزا خۆیان دەبیننەوە، بەڵام نەنکی، وەک گومانکەرێکی پڕ تەوس، یەکەم کەس دەبێ کە دەرک بە خۆنواندن و فشەکەرێتیی کچەزاکەی دەکات، لەبەر ئەم هۆیەش ژۆن پۆل هەرگیز پێوەندییەکی ڕاستەقینەی لەتەکدا دانامەزرێنێ؛ لە کۆتاییدا ئان - ماریی دایکی ژۆن پۆل دەبینین، کە بە هەوڵە پڕ لە موبالەغەکانی دەیەوێ ژیانی ئەو خێزانە بەڕێوەبەرێ.

ژۆن پۆلی هەتیو (دایکی لە خۆشەویستیدا ناوی دەنێ پۆلۆ) لە نێوان دوو ژن و پیاوێکدا دەبی بە ئامراز: لە لایەک باپیرێکی پیاوانە و شانازیکەر بە کرداری مەزنی پیاوانەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دوو ژنی ئیماندار، کە بە خەمەوە لە ڕەفتاری نائاسایی ئەو منداڵە دەڕوانن.

ئەو پێوەندییانەی لەنێو خێزانی شڤایتسەردا سەروەرن، ژۆن پۆل دەگەیەننە ڕادەی «وەڕسی»، واتا تووشی ئەو کێشە کرۆکییەی بوون دەبێ، کە درەنگتر لە لای سارتری فەیلەسووف واتایەکی فەلسەفی بۆ «ئەزموونی ئەکزیستێسی» وەردەگرێ، واتا ئەو ئەزموونە، کە مرۆڤ بەدوویدا بە زیادەیی بوونی خۆی «لەنێو جیهاندا» دەگات. بێگومان گەر لە ڕووی دەرەکییەوە بڕوانین، دەبێ بڵێین، ژۆن پۆل منداڵییەکی بەختیاری هەبووە و هاوکات مایەی بەختیاریی خێزانەکەی بووە. سەرانی خێزانەکەی هەمیشە لەنوێوە بەگوێیدا دەچرپێنن، کە ئەو «دیاری ئاسمانە و ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی هاتنی بوون»، بەڵام ئەو زۆر زوو لە ڕاستیی ئەم جۆرە دەربڕینانە دەکەوێتە گومانەوە. کەواتە کێشەکە لە ڕووی ناخی ژۆن پۆلی منداڵەوە بە گێژاوی ژیان دەکەوێتەوە، ئەمەشمان بەچاکی بۆ ڕوون دەبێتەوە، گەر بڕوانین کە چەند زوو ژۆن پۆل دەکەوێتە ناو ئەزموونگەری مەرگ و خوا.

سارتر یەکەم ئەزموونی مەرگ لە تەمەنی پێنج ساڵاندا دەکات: «ئێواران لەسەر بالکۆنەکە دەسووڕایەوە، قەپۆزی بە پەنجەرەکەوە دەنوساند، من دەمبینی، بەڵام نەمدەوێرا هیچ بڵێم» (٦). مردن جارێکی دی لە شێوەی خانمێکی گەورە و پیر و شێتی ڕەشپۆشدا وەدیار دەکەوێت، جارێکی دی لە شێوەی ژێرزەمینێکی قووڵ و تاریکدا. ئەم بەد وێنایەی مردن لە لای ژۆن پۆل بە شێوەیەک تین دەسێنێ، کە ئیتر لە تەمەنی حەوت ساڵاندا باوەڕ دەکات «بە مردنی ڕاستەقینە» بگات: بەو مردنە کە «کاسەسەری هەڵگرتووە و لە هەموو جێیەکە، گۆڕستانەکانی لێ دەربچێ. کەسەکە شێت بوو، هەڕەشەکەیش بەم چەشنە بوو: دەشیا لە هەموو جێیەک بە ڕۆژی ڕووناک، لەکاتی تیشکی گەشاوەی خۆردا، قەپۆزی سێبەرخەرەوە بکرێتەوە و هەڵمەتم بۆ بهێنێ (...). من لە تۆقیندا دەژیام، ئەوەش بریتی بوو لە نۆیرۆزێکی خەست. گەر بەدووی هۆکەیدا بگەڕێم، ئەوە ئەمەم بەبیردا دێ: هەتا چەند ئەو نەریتە خێزانییە بە بەردەوامی وەک پێویستییەکی ئاسنین لە بەرچاومدا دەردەکەوت، ئەوە لە لای خۆم، لای منداڵە بەدخووکراوەکە، لای دیارییەکەی خوا، هێندەش قووڵ بێکەڵکیم دەردەکەوت. من هەستم بە زیادەیی خۆم دەکرد، کەواتە دەبوو لەو ناوە نەمێنم. من جەستەیەکی بێ گیان بووم، کە هەمیشە خۆی لە دۆخی لەناوچووندا دەبینییەوە. بە شێوەیەکی دی بڵێم: من حوکمم بەسەردا درابوو، هەموو کاتێکیش دەشیا ئەو حوکمە بخرێتە گەڕ» (٧).

سەرەنجامێکی دیکەی هەستی زیادەیی لە لای ژۆن پۆل بریتی دەبێ لە پێوەندییەکی چەند ساڵی لەتەک خوادا. بێ گومان گەرچی باپیری وای لێکردبوو ڕقی لە ئایین ببێتەوە، بەڵام سەرباری ئەمەیش: «من پێویستیم بە خوا بوو، خوایان پێدام و منیش وەرم گرت، بەبێ ئەوەی تێبگەم کە من بەدوویدا گەڕابووم. لەبەر ئەوەی خوا لە دڵمدا ڕەگی دانەکوتی، ئەوە لە ناخمدا چەند ساڵێک بە وەجاخکوێری مایەوە و پاشان مرد» (٨).

ڕۆڵ نواندنی ژۆن پۆل هێدی هێدی لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیدا بنج دەگرێ. بۆ ئەوەی بە دڵی هەمووان بێ، ئەوە وەک منداڵ ڕەفتار نانوێنێ، بەڵام هەتا چەند لە ڕەفتاریدا بەدئاکاری سەرهەڵبدات و دایکی بەو هۆیەوە ئامۆژگاریی بکات، ئەو هێندە پتر فێر دەبێ ڕەفتارە لاوازەکانی بۆ فیز و سادیزم وەربگۆڕێ. سارتر دەنووسێ، تەنیا لەسەر ئەم شێوەیە توانیویتی خۆی بدۆزێتەوە: «من خۆمم دۆزییەوە، کاتێک خۆمم بۆ پێچەوانەکەم وەرگۆڕی. من خۆمم فڕێدایە نێو فیز و سادیزمەوە، بە واتایەکی دی بڵێم: بۆ نێو قودسییەت،

بەڵام قودسییەت هیچی (...) دیکە نییە جگە لە مەرهەمێک تاکو برینەکانمان تیمار بکات، کەچی لە کۆتاییدا تەنیا ژەهراویمان دەکات» (٩). سارتر بەردەوام دەبێ: «من زایێنرام، چونکە من خۆمم زۆر پێویست بوو. من هەتا ئەو کاتە تەنیا فیزدارییەکانی سەگێکی نێو کۆشم ناسیبوو، (بەڵام) لەبەر ئەوەی من پێویستیم بە قورسی هەبوو، ئەوە بە تەواوەتی خۆمم بۆ قورسی وەرگۆڕی؛ لەبەر ئەوەی هیچ کەسێک منی گەرەک نەبوو، ئەوە داواکارییەکم سەبارەت بەوە بەرز کردەوە، کە گوایە من بۆ گەردوون نەشیاوی دەستبەرداریم» (١٠).

سارتری هەتیو، «کوڕەکەی هیچکەس»، دەبێ بە دروستکەری خۆی. «ئەو خۆی هۆی (سبب) خۆیەتی». ئەم هۆبوونەی خۆ، کە پاشان دەبێ بە بنەمایەکی فەلسەفەکەی سارتر، چاکتر ڕوون دەبێتەوە، گەر لە لایەنی جەوهەریتری ژیانی ئەو بڕوانین، واتا لە جیهانی «وشەکان»، کە تێیدا ژۆن پۆل تەنیایی کردگارێک بۆ خۆی چێدەکات و هەوڵ دەدات خۆی «لە جێهێڵراویی مەخلوق» (١١) دوور بخاتەوە.

ژیانی سارتر لەنێو کتێبدا سەرەتا دەگرێ، لێرەشدا دەبێت ڕەچاوی کاریگەریی باپیری لەسەر ئەو بکەین. شارل شڤایتسەر خۆی نووسەر بوو و لەماڵەوە کتێبخانەیەکی بەربڵاوی هەبوو، کە پتر لە هەزار کتێبی فەرەنسی و ئەڵمانیی تێدا بوو. گەورەترین شانازی شارل ئەوە بوو، کە گوایە گۆڕانی بە چاکترین سیستمی زمانەوانی بۆ فێربوونی ئەڵمانی داوە، ئەم ڕێزەشی بەراستی لە لای خوێنەران پێدرابوو.

کتێبخانە بەربڵاوەکەی باپیری ڕاستەوخۆ دەبێ بە مایەی هۆشوڕمانی ژۆن پۆلی تەنیا. ڤاڵتەر بیمل هۆی نووسەرێتی سارتر دەگەڕێنێتەوە بۆ کاریگەری باپیری لەسەر ئەو: «خۆزگەی گەیشتن بە نرخ و ناوبانگی باپیری بەبێ گومان یەکەم پاڵهێز بۆ ویستی نووسین پێکدەهێنێ، بەڵام هەموو منداڵێک شادی لە گێڕانەوەی ئەفسانە دەبینێ. لێرەدا ویستی لاساییکردنەوەی گرنگترین کەسێک لە گێڕانەوەی ئەفسانەدا هەیە و منداڵەکەش دەخوازێ بە هەمان شێوە ئەو کەسە بێ، بەڵام نائاسایی لێرەدا ئەوەیە، کە ئەو خۆزگەیە وەک زەوقێکی منداڵانە نەمایەوە، بەڵکو بوو بە بڕیاری بنەمایی، بە ئیختیاری لێرەبوونی ئەو و سەرجەم ژیانی دیاری دەکات» (١٢)

ئێمە دەبێ لە نێوان گێڕانەوەی زارەکی و خوێندنەوەی چیرۆکدا بۆ منداڵان جیاوازی بکەین. گەر کەسێک چیرۆکێک بۆ منداڵێک بگێڕێتەوە، ئەوە کاریگەریی ئەو چیرۆکە تەنیا لە ناوەڕۆکەکەیدا نییە، بەڵکو لەو هونەرەشدایە، کە «چۆن» مرۆڤ چیرۆک بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە - بێگومان گەر بیەوێ شتێکی شادیبەخش، یان پەروەردەییان پێبگەیەنێ، بەڵام ئایا ئەم مەسەلەیە چۆن دەبێ، گەر دایکێک کتوپڕ چیرۆکێکی خوازراو بۆ منداڵەکەی نەگێڕێتەوە، بەڵکو لە کتێبدا بۆی بخوێنێتەوە؟

«من تەواو ساکام: ئەوە کێ بوو کە دەیگێڕایەوە؟ چیی دەگێڕایەوە و بۆ کێ؟ دایکم بزر بوو: نە زەردەخەنەیەک، نە هێمایەکی ڕەزامەندی. من لە تاراوگە بووم. جگە لەمە من شێوازی پەیڤینەکەیم نەدەناسییەوە. ئایا ئەم جەختییە لە کوێوە دەهات؟ پاش ساتێک تێگەیشتم: ئەوە کتێبەکە بوو کە دەپەیڤێ. ڕستان لەو کتێبەوە دەهاتنە پێشەوە و دەیان ترساندم: هەزارپێی ڕاستەقینە، تێکچڕژاوێک لە بڕگە و پیت» (١٣).

ژۆن پۆل هێدی هێدی چێژ بۆ ئەم شتە چاپکراوانە پەیدا دەکات، ئێستا دەیەوێ ڕۆڵی دایکی وەربگرێ و خۆی ئەو جۆرە «شتانە» بخوێنێتەوە، واتا شتی ڕەشی سەر کاغەزەکان، کە زنجیرەیی بەدووی یەکتریدا ڕیز کراون. ئەوەی ژۆن پۆل لێرەدا دەیخوێنێتەوە، هیچی دیکە نییە جگە لەوەی کە ئەو چیرۆکێک بە دەنگی بڵند بۆ خۆی دەگێڕێتەوە. وشەکان بە چەشنێک دەیبەستنەوە، کە لە بەرچاویدا دەبن بە جەستە و لێوەیان مرۆڤ و ئاژەڵەکان لەنێو کەسێتیاندا دەردەکەون «من لە ئیدێکەدا پتر کرۆکی ڕیالێتیم بینییەوە وەک لە خودی شتەکەدا، چونکە سەرەتا ئیدێکە خۆی پێدام، بەڵام ئەو ئیدێیە خۆی وەک شتێک پێدام. من جیهانم لەنێو کتێبەکاندا ناسی: جیهان لە نێویاندا توێنرابۆوە، ڕێکخرابوو، ئێتیکێتی لێدرابوو، سەرلەبەر هزرێنرا بوو و مایەی سڵەمینەوە بوو. من نارێکیی ئەزموونەکانم لەتەک شتەکاندا گەڕاندەوە بۆ ڕەوتی بەرێکەوتی ڕووداوە ڕیالەکان. لێرەوە ئەو ئیدیالیزمە هاتە ئاراوە، کە پاش سی ساڵ توانیم لە خۆمی دوور بخەمەوە» (١٤).

وشەکان بە چەشنێک ژۆن پۆل دەحەپەسێنن، کە ئیتر بۆ ئەو «جەستەیەتییەکی نامۆ» پێکدەهێنن (١٥). هانز مایەر وشەکان وەک نوێنەری جیهان دادەنێ، تەنانەت بۆ ژۆن پۆلی وشە خوێنەرەوە «واتای جیهانیان دەگەیاند. ڕێگەکەی ئەو ڕووەو ڕیالێتی بەسەر ژمارەیەکی لە

ڕادەبەدەری بەیەکگەیشتن لەتەک قەوارەوشەدا ڕەتبوو. سەرەتا وشەکان هەبوون، ئەمەش دەبێ وەک خودی وشە wrtlich وەربگرین، بەڵام ئەوەی سەرەتا بۆ سارتر هەبوو، وشە نەبوو لە واتای لۆگۆسدا. ڕێگەکەی ئەو لە وشەکانەوە ڕووەو پەیڤەکان Worteڕەتبوو، لە پەیڤەکانیشەوە ڕووەو شتەکان» (١٦).

ئەم ئاشناییە نوێیەی ژۆن پۆل لەتەک جیهانی ئەندێشەیی ئەفسانە و داستانە خوێنراوەکاندا هەمیشە پتر لە جیهانی ڕیال دووری دەخاتەوە، نووسەرانی ئەفسانە و سەرگوروشتەکان دەبن بە نزیکترین هەڤاڵی، بۆیە ئێستا ئەویش حەز دەکات وەک ئەوان بێ و کتێب بنووسێ. ژۆن پۆل بەڕاستی هەوڵ دەدات وێناکانی لە هۆشی جیابکاتەوە و لە دەرەوەی خۆی ڕیالیزەیان بکات. سارتر بەئاشکرا دەیدرکێنێ، کە ئەوە بلیمەتی نەبووە، ئەوی بە نووسەر کردووە، بەڵکو ڕاهێنانەکانی هەر لە سەرەتای منداڵییەوە: «من نووسەری ڕاهێنانم، کتێبەکانم بۆنی ئارەق و هیلاکییان لێدێ» (١٧).

مەزنەوێنای ژۆن پۆل هەتا ڕادەیەکی ئەوتۆ بردەکات، کە ئەویش دەیەوێ وەک پاڵەوانی نێو ئەفسانەکان (چۆن بۆ نموونە کیژێکی دیلکراو لە دەستی زۆردارێک ڕزگار دەکات) ببێ بە ڕزگارکەری مرۆڤایەتی، لێرەشدا هێزی پیرۆزی، واتا چاکەخوازیی پاڵەوانەکان، دەگەڕێنێتەوە بۆ نووسەرەکانیان. ئێمە هەمان ئیدیالی ژۆن پۆل لە لای سارتری فەیلەسووف دەبینینەوە. سارتر دەستی بە نووسین کرد بۆ ئەوەی مرۆڤ سەرلەنوێ دروست بکاتەوە. بە هەر حاڵ گیانی پیرۆز گفت بە ژۆن پۆل دەدات، کە گوایە ئەوی هەڵبژاردووە تاکو ببێ بە نووسەر و وەک نووسەرێک مرۆڤایەتی ڕزگار بکات. بەبێ گومان ژۆن پۆل بڕوای بە ئایینی دیانی نەبوو، بۆ ئەم هەڵوێستەشی باپیری بناغەی چەسپی ڕشتبوو، بەڵام سەرەڕای ئەمەش گیانی پیرۆز ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی سارتردا دەگێڕێ، چونکە هەر ئەم گیانە بوو کە گفتی پێدا بوو ببێ بە نووسەر. هانز مایەر پەیوەست بەم کێشەیەوە لە پرۆسەیەکی ئیمانداری «لە واتای ئایینێکی لەبریدا» دەدوێ؛ «نووسەر بۆ ئەو بریتی بوو لە قەشەی کایەی ئیمانی ئەدەبی و لە خزمەتی وشە پیرۆزێنراوەکاندا بوو» (١٨).

گیانی پیرۆز لە ژیانی سارتردا وەک گەرەنتیدەری میسیۆنەکەی هەر دەمێنێتەوە، بە هێزی مەزنی پیرۆزێنراوی حوکمی ژیانی دەکات، ئەمەش تەنانەت لەو سەردەمەی ژیانیدا، کە ڕۆمانی «هێڵنج» دەنووسێ:

«من پیاوی کڵێسە بووم، وەک جەنگاوەرێک دەمویست خۆم بەڕێی بەرهەمەکانەوە ڕزگار بکەم: وەک میستیکییەک (سۆفییەک-ن) هەوڵم دەدا بێدەنگیی بوون بەڕێی خشپەیەکی سەغڵەتکەری وشەوە هەڵبدەمەوە، بەڵام لێرەدا وامدەزانی کە ناوی شتەکان خودی ئەو شتانە خۆیانن. ئەمە بریتییە لە ئەقیدە (...). ئینجا لە تەمەنی سی ساڵاندا توانیم کودەتایەکی جوان بکەم، ئەویش کاتێک (بە هەموو ڕاستگۆییەوە دەبێژم، گەر بڕوام پێ بکرێ) لە کتێبەکەمدا بەناوی «هێڵنج» دەربارەی لێرەبوونی ناڕەوای هاومرۆڤەکانم نووسی، کەچی لێرەبوونی خۆمم لێ بەدەرکرد، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، من خۆم ڕۆکۆتا بووم، من لە ئەودا بەبێ ڕازاندنەوە نموونەی ژیانی خۆمم داڕشت، بەڵام من هاوکات خۆیشم بووم، منی ئیختیارکراو، کرۆنیستی دۆزەخ (...). ماوەیەک دوای ئەوە بە جۆشەوە ڕامگەیاند، کە مرۆڤ شتێکی مەحاڵە، بەڵام من خۆم مەحاڵ بووم. من بەوە لە خەڵکانی دی جیادەبوومەوە، کە من میسیۆنێکم هەبوو بۆ ئەوەی شایەتیی ئەم مەحاڵێتییە (بێ شیمانەییە - ن) بدەم، کەچی لێرەوە یەکسەر وەرگۆڕا بۆ نهێنیترین شیمانەی خۆم: بوو بە بابەتی میسیۆنەکەم، بە تەختەبازی ناوبانگم. من دیلی ئێڤیدێنسەکان بووم، بەڵام نەمدەبینین، بەڵکو بە یارمەتییان جیهانم دەبینی: من هەتا سەر ئێسکەکانم تەزویر و کوێر بووم. من ئاوها بە جۆشەوە دەربارەی نەگبەتی لێرەبوونی خۆمانم دەنووسی؛ وەک دۆگماچییەک گومانم لە هەموو شتێک دەکرد، تەنیا ئەوەی لێ دەربچێ، کە من هەڵبژێردرا بووم و هاوکات لە گومان ئازاد بووم. بە دەستەکەی دی ئەوەم سەرلەنوێ دروست دەکردەوە، کە سەرەتا بە دەستێک تێکم شکاندبوو. ئائارامییەکەشمم وەک گەرەنتیی جەختبوونی خۆم سەیر دەکرد. من بەختیار بووم» (١٩).

ساڵی ١٩١٥ ڕووداوێکی گرنگ ژیانی ژۆن پۆلی دەساڵان دەگۆڕێ. باپیری بەم تەمەنە دەینێرێ بۆ فێرگە! سارتر بە درێژایی ژیانی ئەم دە ساڵەی ڕابردووی لە لایەن خێزانەکەیەوە بەدخوو کرابوو. بەتایبەتی باپیری بە گوێیدا دابوو، کە گوایە بلیمەتێکە. مامۆستاکەی لەم ساڵانەی سەرەتاییدا پیاوێکی پیری خاوەن قورسی و شەرەفمەندی بوو و وەک «خوا - باوک» بەسەر ژیانی ئەودا حوکمی دەکرد، بەڵام ئێستا ژۆن پۆل لە تەمەنی دە ساڵاندا، بۆ

یەکەم جار لە ژیانیدا لەم فێرگەیە، پێوەندیی هەڤاڵێتی دەبەستێ و هەموو ڕۆژێک لەتەک هەڤاڵەکانیدا فێرگە جێدەهێڵێ. ئێستا لەنێو ئەم پێوەندییە نوێیانەدا دەرفەتی بۆ دەرەخسێ تاکو خۆی لە شانۆگەریی خێزانەکەی پاک بکاتەوە. هەروەها ئێستا لەنێو کۆڕی هەڤاڵاندا فێری نوکتەبازی و سەفا دەبێ و هەوڵ دەدات جێگەی خۆی لەنێو ئەواندا بکاتەوە و خۆی بگونجێنێ. ئەم پێوەندییە نوێیانە هاوکات پاڵی پێوە دەنێن بەد وێناکانی بڕەوێنێتەوە، چونکە ئێستا لە دەرەوە بەزۆری ڕوو لە جیهان دەکات نەک لە مەزنەوێنای ئەندێشەکانییەوە:

«لەم ماوەیەدا میسیۆنە هەڵەکەم (...) فۆرمی وەرگرت و لەنێو شەومدا نەوێ؛ چیدی نەمبینییەوە، دروستی کردم و بە هەر شێوەیەک بێ کێش هێزی خۆی نواند، درەخت و دیواری چەماندەوە و ئاسمانی بەسەر سەرمدا کووڕ کردەوە. من خۆمم بە میر دانابوو، بەدوێناکەم ئەوە بوو کە من میرێکم. هەروەک هەڤاڵێکی پسیکۆلۆژ پێی ڕاگەیاندم، ئەمە یەکێک بوو لە حاڵەتەکانی نۆیرۆزی کارەکتەر. ئەو هەڤاڵە ڕاست دەڵێ: میسیۆنەکەم لە نێوان هاوینی ١٩١٤ و پاییزی ١٩١٦ بوو بە کارەکتەرم، بەدوێناکانم سەرمیان جێهێشت و چۆڕانە نێو ئەندامەکانی لەشمەوە» (٢٠).

ساڵی ١٩١٧ دایکی سارتر جارێکی دی شوو دەکاتەوە، ئەم جارەش بە پیاوێک کە بەهەمان شێوەی مێردەکەی یەکەمی دەرچووی زانکۆ و هاوکات بۆرژوایەکی دەوڵەمەند بوو. ئەم مێردە نوێیەی ئان-ماری پیاوێکی خەمخۆر دەبێ و هەوڵ دەدات ڕۆڵی باوکی ژۆن پۆل وەربگرێ، بەڵام سەرباری ئەمەش هەرگیز بۆی نالوێ ڕیشەیەک لەناخی ئەودا دابکوتێ، جگە لەمە ژۆن پۆل سەرلەنوێ دەکەوێتەوە نێو خێزانێکی بۆرژوای فەرەنسی بە مۆرکە ئۆتۆریتێرەکەیەوە. ئان-ماری وا باوەڕ دەکات، بە شووکردنەوەی لە دەسەڵاتی ماڵی باوکی ڕزگاری ببێ و «پۆلۆ بەتەواوی بۆ خۆی بسێنێتەوە»، بەڵام بەهەڵەدا دەچێ: گەر پۆلۆ هەتا شووکردنەوەی ئان-ماری «میری دایکی بوو»، ئەوە پلەکەی دوای شووکردنەوەی دایکی بۆ سەر ئاستی میرێکی داگیراو دادەبەزێ. سارتر هێدی هێدی جەنگێکی نەبڕاوە دژی خێزانەکەی ڕادەگەیەنێ و ئەم جەنگەی هەتا دوا ساتی ژیانی دەخایەنێ: سارتر دوای یەکەم جەنگی جیهانی بە بڕیارێکی ئازاد ڕەچەڵەکی خۆی دەسڕێتەوە و لەتەک باوانیدا دەلاقەیەکی هەرگیز پڕنەبۆوە هەڵدەکەنێ. پازدە ساڵانێکی بەدخووکراو، فیزدار و بڕوا بەخۆ، دەکەوێتە جەنگ لە دژی باوەپیارەکەی، لە دژی کۆمەڵگا، لە دژی چینەکەی. ئەم کوڕە بەدخووە نزیکەی لە هەمان تەمەندا دەست دەداتە پرۆژەیەکی قەبە: بەتووڕەیی و گوژمەوە دەیەوێ کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیی نوێ دروست بکات: خۆی. جگە لەمە پێوەندییە تێکچووەکەی لەتەک دایکیدا هەرگیز چاکنابێتەوە. سارتر لە سەرەمەرگیدا وەسیەت دەکات لە تەنیشت دایکییەوە نەنێژرێ.

سارتر وەک خوێندکار یاخییەکی ئینتەلەکتوێل و هاوکات چەقاوەسوو بوو. نە تەمەن و نە ناوبانگە جیهانییەکەی هیچ لەم سیمایانەی ئەو کەم ناکەنەوە. جگە لەمە وەک خوێندکار هەر لەبیری ئەوەدا دەبێ کە چۆن «سەرلەنوێ مرۆڤ بدۆزێتەوە». هاوکات سارتر زۆر زوو، لە بنەڕەتدا لە منداڵییەوە، دەکەوێتە دەرخستنی هەمەلایەنییەکەی: وەک ڕێژیسێر، پیانۆژەن، درامانووس، ڕۆماننووس.

ژیانی نووسەرێتیی سارتر لە سەرەتای سییەکانەوە ڕەوت دەگرێ و بەبێ ماندووبوون هەتا نزیکەی مردنی لە ساڵی ١٩٨٠ بەردەوام دەبێ. سەبارەت بە سارتری فەیلەسووف و نووسەری ئەدەبی دەتوانین بڵێین، کە بە دەگمەن نووسەرێک (مەگەر تەنیا ڕۆسۆ) دەبینین، کە «لە سەردەمی ژیانیدا» کاریگەرییەکی هێندە بەهێز لەسەر مرۆڤی سەردەمەکەی بنوێنێ و ناوبانگی بەسەر گۆی زەمیندا بلاوبێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش دوا لاپەڕەکانی «وشەکان»ی سارتری پەنجا ساڵ سیمایەکی خەمبار دەگرنە خۆ:

«ئیلوزیۆنی ئاوڕدانەوە هەڵوەریوە. شەهیدبوون، پیرۆزی، نەمری، هەموویان لە داڕزاندان. بیناکە لە کاولبووندایە. من گیانی پیرۆزم لە ژێرزەمینەکە گرت و فڕێمدایە دەرەوە. ئاتێئیزم (ئیلحاد) پرۆژەیەکی تۆقێنەر و درێژخایەنە، باوەڕ دەکەم هەتا کۆتاییەکەیم گەیاندبێ: من بەڕۆشنی دەبینم، بەگەشی لەنێو ڕیالیێتیدام، ئەرکە ڕاستەقینەکانی خۆم دەناسم، بە بێگومان شایانی ئەوەم بۆ ڕەوشتی هاوولاتێتی خەلات بکرێم. ماوەی نزیکەی دە ساڵێکە من پیاوێکم، کە لە بەد وێنایەکی درێژخایەن، بەڵام تاڵ و شیرین، چاک و بێدار بۆتەوە، بەبێ ئەوەی بتوانێ خۆی دەربارەی هێمن بکاتەوە (...). من جبەی ئیمانداریم داکەند، بەڵام بێسفەتم لێدەرنەچووە: هێشتا هەر دەنووسم. چی بکەم جگە لەمە؟

(...) نووسین عادەتمە، لەپاڵ ئەمەشدا پیشەمە. ماوەیەکی درێژخایەن پەڕی نووسینمم بە شمشێر دادەنا، بەڵام ئێستا بەزۆری هەست بە بێدەسەڵاتیمان دەکەم. سەرەڕای ئەمە هێشتا هەر کتێب دەنووسم و لەسەر نووسین بەردەوام دەبم. ئەمە پێویستە، ئەمە سەرباری هەموو شتێک سوودمەندە. کولتوور هیچی پێناکرێ و ناشتوانێ هیچ کەسێک ڕزگار بکات، هەروەها ڕەوایەتیش نادات، بەڵام کولتوور بەرهەمێکی مرۆڤە کە لەنێویدا خۆی وێنە دەداتەوە و سەرلەنوێ دەناسێتەوە. تەنیا ئەم ئاوێنە ڕەخنەییە وێنەی ئەو خۆی بە خۆی دەدات. جگە لەمە بینای دێرین و درزداری خۆنواندنەکانم هاوکات واتای کارەکتەرم دەگەیەنێ: مرۆڤ دەتوانێ نۆیرۆزێک توورِ بدات، بەڵام ناتوانێ خۆی لە خۆی چاک بکاتەوە. هەموو سیماکانی کارەکتەری منداڵەکە، جا گەرچی کۆن بووبن، کاڵ بووبنەوە، بە پێکەنین کرابن، چەپێنرابن، شاردرابنەوە، هێشتا هەر لە لای پەنجاساڵییەکە دەدۆزرێنەوە. زۆربەی جار بەنیشتوویی لەنێو سێبەردا ڕاکشاون و چاوەڕوان دەکەن. تەنیا ساتێکی بێئاگایی بەسە، ئیتر سەریان زیت دەکەنەوە و لە ڕۆژی ڕووناکدا لەژێر هەر ڕووپۆشێکدا بێ دیار دەدەن. من بە ئەوپەڕی ڕاستگۆییەوە دەبێژم، کە تەنیا بۆ سەردەمەکەم دەنووسم، بەڵام ئەم ناوبانگەی ئێستام تەواو سەغڵەتم دەکات: ئەمە ناوبانگە ڕاستەقینەکە نییە، چونکە من دەژیم...» (٢١).

بێگومان هەرگیز نکۆڵی لەوە ناکرێ، کە سارتر نەک تەنیا بەرانبەر خۆی بێسفەتی لێدەرناچێ، بەڵکو هاوکات بەبێ لەخۆباییبوون چالاکییەکی لەڕادەبەدەر دژی چەوساندنەوە دەخاتە گەڕ: لە دژی سەرمایەداری، لە دژی بەدگەرییەکانی سۆسیالیزمی ڕیال، لە دژی ئیمپریالیزم، ئەمەش زۆر جار لەسەر حسابی ژیانی خۆی: بۆمبای تێرۆریستەکانی جەزائیر تەنانەت لە ژووری ئەو سارترەدا دەتەقێنرایەوە، کە پشتگیریی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەیانی دەکرد. سەرەڕای ئەمە دەبێ ئاماژە بەو لایەنە جەوهەرییە بدرێ، کە مۆرکی خودی سارتر بوو: سارتر مرۆڤێکی خائین بوو. کەی لایەنگری بۆ چێ ببووایە، ئەو پشتی تێدەکرد، بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ، سارتر ئەوەی گەرەک نەبوو. گرنگیی نووسەر بۆ سارتر بریتی بوو لەوەی کە ئەو نووسەرە بتوانێ لە دژی خۆی بهزرێ، بۆیە هەمیشە سارتر دژی تێڕوانینەکانی خۆی دەوەستایە و هەر کێشەیەک لە بەردەمیدا زیت ببوایەتەوە، ڕووی تێدەکرد، بەڵام سەرەڕای ئەمە سارتر پێش هەموو شتێک لەتەک خۆیدا خائین بوو: بە درۆگ (مخدر)ی قورس ژیانی خۆی داڕزاند، تەنانەت ڕۆمانی «هێلنج» لەژێر کاریگەریی درۆگی (میسکالین)دا دەنووسێ.

سارتر لە سەرەتای ژیانی خوێندکارییەوە ئەو ئیدێیانە دەژێنێ کە لەنێو هۆشیدا بە چەکەرە کردوویی ئەنگوتبوون، واتا وەک خوێندکارێکی زانکۆ هێشتا هەر لەنێو داواکاریی ڕزگاریی مرۆڤدا دەژی. مەبەستی سەرەکیی ئەو ڕوو دەکاتە دۆزینەوەی مرۆڤ لە نوێوە، بۆیە ناسینی کتوپڕی فەلسەفەکەی هۆسەرل واتای وەرگرتنی ناگەیەنێ، بەڵکو فینۆمینۆلۆژیی هۆسەرل بە ئامرازە تێگەیشتەییە ئاسانەکەیەوە، کە بریتییە لە تێگەیشتی «پێزانینی شت» (ئینتەنسیۆنالێتی)، تەنیا دەرفەتێکی گونجاو بۆ سارتر دەڕەخسێنێ تاکو گۆڕان بە فەلسەفەکەی بدات. دەربارەی هزری سارتر دەبێ بڵێین، کە ئەو فەلسەفەیە تەنیا فەلسەفەی پێزانینە و سارتر بۆ مەبەستی دامەزراندنی زانست ئاوەڵای ناکات، بەڵکو بۆ مەبەستی ئازادی. بۆ ئەم مەبەستەش لە یەکەم نووسینی فەلسەفیانەیەوە بە ناوونیشانی «ترانسێندێنسی ئێگۆ» دەکەوێتە خەریکگەرییەکی ڕەخنەیی لەتەک فینۆمینۆلۆژی هۆسەرلدا و هەوڵ دەدات لە مۆرکە ئیدیالیستییەکەی ڕزگاری بکات. سارتر لەم نووسینەیدا بە چەشنێک بڕیار بۆ بناغەکانی فەلسەفەکەی دەدات، کە پاشان نە لە نووسینە سەرەکییەکەیدا بە ناوونیشانی «بوون و نەبوون» و نە دوای گەیشتنی بە مارکسیزم ئەو بڕیارەی دەگەڕێنێتەوە. واتا ئێمە لە لای سارتر گۆڕانێکی جەوهەریی ئەوتۆ بەدیناکەین، بۆ نزیککەوتنەوە لە هزری ئەو یەک تاکە کلیلمان هەیە و بریتییە لە تێگەیشتی «پێزانینیی پێشپەرچبۆوە» (یان: کۆگیتۆی پێشڕێفلەکسیڤ)، واتا پێزانینێکی نەپەرچێنراوە و لەسەر بناغەکەی پەرچاندن ئەنجام دەدرێ.

بێگومان ژمارەیەک فەیلەسووفی دیکە کاریگەریان لەسەر سارتر هەبووە و ئەمەش بەگشتی ئاشکرایە. یەکێک لەو فەیلەسووفانە بریتییە لە مارتین هایدیگەر، بەڵام ناشێ سارتر ناو بنرێ هایدیگەری، بەڵکو سارتر لە نووسینی «بوون و نەبوون»دا ئۆنتۆلۆژییەکی فینۆمینۆلۆژیانەی ڕەسەن دەخاتە بەر دەست. هەروەها لە لایەنی هایدیگەر ئەوە ئاشکرایە، کە ئەو هەموو بەرپرسیارییەکی خۆی لە «سارتریزم» (هایدیگەر)

دەگەڕێنێتەوە. ئێمە هاوکات کاریگەریی هێگڵ لەسەر سارتر دەبینین، ئینجا مارکس، فرۆید، ئادلەر، هەروەها میستیکی فەرەنسی و تاد.. سەرەڕای ئەمانە ئێدموند هۆسەرل وەک تاکە ڕووداوێکی فەلسەفی بۆ سارتر دەمێنێتەوە.

**پەراوێز:**

1- Sartre, Jean-Paul: Die Worter, S.12
2- Ebenda, S.13
3- Ebenda, S.10
4- Ebenda, S.12
5- Biemel, Walter: J.-P. Sartre, S.8.
6- Sartre, Jean-poul, a.a.o., S.54
7- Ebenda, S.56
8- Ebenda, S.59
9- Ebenda, S.65
10- Ebenda, S.63
11- Ebenda, S.65
12- Biemel, Walter, a.a.O.,S.9
13- Sartre, J.-J., a.a., S. 27f.
14- Ebenda, S. 30
15- Mayer, Hans. Nachwort zu „Die Worter“, S. 146
16- ebenda, S.146f.
17- Sartre, J.-J., a.a.O., S.93
18- Mayer, Hans, a.a.O., S.147f.
19- Sartre, J.-J., a.a.O., S.143f.
20- Ebenda, S.130
21- Ebenda, S.144

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەی سەرەکی:**

Sartre, Jean-Poul: Die Worter, Reinbeck 1979.

**سەرچاوەی لاوەکی:**

Biemel, Walter: J.-P. Sartre, Reinbeck 1964
Danto, Arther C.: J.-P. Sartre, Gottingen 1986
Hengelbrock, Jurgen: Sartre, Freiheit als Notwendigkeit, Munchen 1989
Mayer, Jams. Nachwort zu „Die Worter“. Reinbeck 1979

**فەرهەنگۆک:**

**ئەکزیستێنس:** لێرەبوون، ڤێهەیە (بە عەرەبی «الوجود»).

**ئۆتۆریتێر:** ئۆتۆرێتی واتای دەسەڵاتێکی ڕێزلێگیرا و وەرگیراو دەگەیەنێ، بۆ نموونە ئۆتۆرێتی بەڕێوەبەری فێرگەیەک. کەواتە مەرج نییە هەموو کەسێک، بۆ نموونە دیکتاتۆرێک، کە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە، خاوەنی ئۆتۆرێتی بێ. ئۆتۆریتێر ئەو کەسەیە، کە داواکاری بۆ ئۆتۆرێتی بەرز دەکاتەوە.

**ئۆنتۆلۆژی:** بوونزانی

**ئیلوزیۆن:** چەوتە وێنا

**ئێتیکێت:** ڕووپۆش

**ئێڤیدێنس:** زانینی، یان ناسینەوەی ڕوون و ئاشکرا لە لایەن پێزانین، یان زەینەوە.

**پسیکۆلۆژ:** ئەو زانایەیە، کە لەتەک ژیانی ناخەکی و ڕەفتاری مرۆڤدا خەریکە. لە ئینگلیزیدا هەروەها سایکۆلۆژ بەکاردەهێنرێ. سارتر لە ڕۆمانەکەدا واژەی «پسیکۆئانالیتیکە»ی بەکارهێناوە، واتا ئەو زانایەی کە شرۆڤەی پسیکۆ دەکات. مەبەستی سارتر لێرەدا زیگموند فرۆیدە.

**ڕیالێتی:** (بە عەرەبی «الواقع»)

**گۆڕین:** (بە عەرەبی «التغیر»)

**جۆراندن:** چێکردنی، یان بونیادنانی، یان گۆڕاندان بە هەر جۆرێکی تایبەتی.

**نۆیرۆز:** نەخۆشییەکی پسیکۆییە کە بەهۆی گۆڕانی چەوتی کەسی تاکەوە پەیوەست بە شوێنەوارەوە، هەروەها بەهۆی کارنەکردنی کەسەوە تێیدا، سەرهەڵدەدات.

**لێرەبوون:** ڤێهەیە، ئەکزیستێنس. ئەم واژەیە دەبێ لە تێگەیشتنی «بوون» جیابکرێتەوە.

# مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و لێکدانەوەی شیعری کلاسیکی کوردی

لەتیف فاتیح فەرەج
(کەرکووک)

قسەکردن لە بارەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، قسەکردنە لە کەسایەتییەک کە سەرەتاکانی لێکدانەوەی شیعری کلاسیکی، گەڕان بەدوای دۆزینەوەی مانا، بە کوردی کردنی لێکدانەوەو ڕاڤەکانی قورئان، دۆزینەوەی ناوە ونەکانی نێو مێژووی کورد و زۆر بابەتی دیکەی گرتووەتەوە، من بۆ خۆم لە درەنگە کاتێکی تەمەنیدا دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە چەند ڕۆژێک سەردانی ئەو مەلا خوێندەوار و پایە بڵندەم کرد کە بەداخەوە ئیدی بە نیاز نەبوو هیچ قسەیەک بکات، لێرەدا من ناتوانم تەنانەت پڕ بە مانای ناوونیشانی ئەو بابەتەی هەڵم بژاردووە قسە لەسەر کۆی شیکار و لێکدانەوەکانی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس بکەم، بۆیە لێرەدا تەنیا سێ دیوانم هەڵبژاردووە تا لێیانەوە لەسەر لێکدانەوەی شیعری کلاسیکی و ڕابردوو لای ئەو پیاوە هەڵوەستەیەک بکەم، دیوانەکانیش بریتین لە:

دیوانی نالی، مەولەوی، مەحوی، هەڵبەت لەو سێ دیوانەشدا نموونەم هەڵبژاردووە، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە ڕێگای ئەو لێکدانەوە و ڕاڤانەوە دەکرێ بە یەکێ لە یەکەمەکانی نێو کایەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی بێتە ئەژمار، ئەوە جگە لەوەی ئەو پیاوە بەو ڕاڤە و ئاسانکردن و شیکردنەوەیە زۆر گرێ و گۆڵی کردووەتەوە و ڕێگای بۆ ئەوانی دوای خۆی خۆش کردووە کە لەسەر ڕاڤەو شیکارەکانی بوستن. یەکێکی دیکە لە خاڵە گرنگەکانی ئەو لەم کارەدا کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوە و چاپکردنی



مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

ئەو دیوانانەیە کە ئەم کارەش بۆ خۆی سامانێکی گەورەی ئەدەبی کوردی لە فەوتان ڕزگار کردووە، بۆ خۆیشی لە پێشەکی دیوانی مەولەوی- دا دەڵێ «هۆی ونبوونی سامانی ئەدەبیمان بەپێی تێگەیشتنی من چەند شتە، یەکەم هێرشی زۆری بێگانە بۆ سەر وڵاتەکەمان کە بووە بەهۆی فەوتانی زۆر خێزان و وێران بوونی گەلێ شوێن و لەناوچوونی گەلێک کتێبخانە و کتێبی نایاب، دووەم نەخوێندەواری خەڵکی وڵات و نرخ دانەنانیان بۆ ئەدەب و پاشماوەی دێرینمان. سێیەم بێ قیمەتی ئەدەبی خۆماڵی لەبەر چاوی زۆربەی گەورەکانماندا کە زمانی کوردییان بە زمانێکی سووک و بێ بایەخ دادەناو لایان وابوو دەبێ هەر چاویان لە ئەدەبیاتی زمانانی دراوسێ بێ» (١)

لەم قسانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس هەروا لە خۆیەوە و بێ بەرنامە نەکەوتووەتە سەر ئەو کارە و ویستوویەتی لە ڕێگای ئەو کارەشەوە وەڵام بە چەندین پرسیار بداتەوە و لانی کەم بایەخ و پیرۆزی ئەدەبی کوردیش بە خوێنەری کورد بگەیەنێ و بە کورد بڵێ کە ئێوەش خاوەنی نووسەر و شاعیر و بیرمەندی گەورەن. ئەمە جگە لەوەی هەر لەو نووسینەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر هێرش و پەلاماری دوژمنانی کورد نەبوایە ئێستا ئێمە خاوەن سامانێکی بێ پایانی ئەدەبی دەبووین. لێکدانەوە و ڕاڤەو پەراوێز بۆ نووسینی ئەو شیعرانە کارێکی ئاسان و لەخۆیەوە بەدەست هاتوو نەبووە، فاتیحی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە ساغکردنەوە و کۆکردنەوەی دیوانەکەی نالی-دا کە لەگەڵ باوکیدا ڕاڤەو پەراوێزکارییان تێدا کردووە لەو بارەیەوە دەڵێ: لێکدانەوە پێویستە بۆ:

١- ڕاستکردنەوەی شیعرەکان و گۆڕینی شێوە نووسینی فارسی بۆ کوردی.

٢- دڵنیابوون لە خاوەندارێتی ئەو قەسیدە یان غەزەلە.

٣- بۆنەی نووسینی شیعرەکە.

٤- دۆزینەوە و دیاریکردنی سەردەمی شاعیرو کاریگەری قۆناغی پێش خۆی لەسەری.

٥- ئاگا لێبوون و زانینی باری دەروونی شاعیر و تا دوایی(٢).

هەڵبەت ئەو زیاتر لەسەری دەڕوات، ڕەنگە بەدەر لەم خاڵانە خاڵی گرنگ ئەوە بێت کە شاعیرانی کلاسیکی کورد زۆرترین وشەی عەرەبی و وشەی نامۆیان بەکارهێنابێت و لەو شیکارەدا کۆی ئەو وشانە و ماناو مەبەست لە بەکارهێنانیان لێکدەدرێتەوە، ئەگەرچی بۆ خۆم لە هەندێ ڕاڤەو لێکدانەوەی شیعریدا ڕەنگە لەگەڵ مامۆستا مەلا عەبدولکەریم نەبم، بەتایبەت کە ئەو زۆربەیانی بە ئایەت و حەدیسەوە «فەرموودە» بەستووەتەوە، کە پێشتریش لە وتارێکمدا لەسەر چەمکی ڕەشبینی لای مەحوی ئاماژەم بەو خاڵە داوە. هەرچەندە لە پێشەکییەکەدا کاک محەمەدی مەلا کەریم هێندێک ئاماژەی بە تووڕەبوون و ڕەشبینی مەحوی لە بارودۆخەکە داوە (٣)، هەر چۆنێک بێ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە یەکێک لە پێشەنگەکانی لێکدانەوەی شیعری کلاسیکی کوردی دێتە ئەژمارو بەو کارەی تەمومژی سەر زۆر بەیت و شیعری لاداوە و ئەگەر کۆی پەراوێزی ئەو دیوانانەی کۆبکەینەوە دەشێ لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی ڕاڤەیی شیعری کلاسیکی کوردیمان دەستکەوێت کە ئەم لێکدانەوە و شیکارو ڕاڤەکردنانە دەبێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ ئەوەی لە زانکۆکاندا لە خوێندنی ئەدەبی کوردیدا پشتیان پێ ببەسترێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بزانن کە ئەمڕۆ خوێندنی ئەو بابەتە بووە بە ئەرکێکی ئاکاری و پێویستە ڕۆشنبیرو قوتابی و خوێندکاری کورد بە وردی ئاوڕ لەو ڕابردووە بدەنەوە، بەشێک لەو لێکدانەوانە جگە لە لایەنی

شیکاریی فەرهەنگێکی باشیشیان لێ دروست دەبێت بە لێکدانەوەو گۆڕینی وشەکان بۆ نموونە نالی دەڵێ:

**فەییاضی ڕیاضی گوڵ و میهرو مل و لەعلی.(٤)**

لە پەراوێزدا نووسراوە:

فەییاضی: باران ڕێژ، بەرەکەت بەخش

ڕیاضی: جەمعی ڕەوضە، باخچە

میهر: ئەو خۆرەی کە جیهان دەگرێتەوە، خۆشەویستی

لەعلی: موروویەکی گرانبەهایە، کینایەشە بۆ لێوی ئاڵ، ئەم شیکارو لێکدانەوەی وشانە فەرهەنگکارییەکی بایەخدارە بۆ لێکدانەوەی شیعری کوردی لەلایەک و بۆ دروستکردنی فەرهەنگی کوردی- عەرەبی، عەرەبی- کوردی، کوردی- کوردی کە لەمەشدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس پێشەنگی پێ براوە.

یان

**سەوادی طوڕڕەیی ئەو ئیشتیباهی سەهووی جوان**
**بەیاظی غوڕڕەیی ئەم ئینتباهی سوجدەیی پیرە؟ (٥)**

لە پەراوێزدا ئەم لێکدانەوانە کراوە

سەواد: ڕەشی

طوڕڕە: زوڵف

ئیشتیباه: بە هەڵەدا چوون

بەیاضی: سپێتی

غوڕڕە: ناوچەوان

ئینتیبا: ئاگاداربوونەوە

ئەگەر بە چاوی ویژدانەوە بڕوانینە ئەم فەرهەنگە تێدەگەین ئەو پیاوە چەند لەگەڵ لێکدانەوەی ئەو دیوانانەدا ماندوو بووە، ئەمە لە دیوانەکانی دیکەشدا هەر وایە، لە پەراوێزی دیوانی مەولەوی-دا هەندێ جار چووەتە سەر لایەنی مێژووش و هەوڵی داوە لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوە بدات با ئاماژە بەوەش بدەم کە ئەو بارودۆخەی مەلا عەبدولکەریمی تێدا پەروەردە بووەو شوێنگەی بیارەو نەرگسەجاڕ و تێکەڵی لەگەڵ ئەو پیرو موریدانەی ئەوێندەر و بواری فەقێیایەتی ئەو ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لەو شارەزاییەی ئەودا بۆ شیعری کلاسیکی کوردی، بۆ خۆیشی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ «لە هەڵبژاردنی نەرگسەجاڕدا بۆ مودەڕیسی ئەوەم لەبەرچاو بووە کە نەرگسەجاڕ لە زەمانێکی سابتەوە مەدرەسە بووە و کتێبخانەیەکی باشیان هەبوو»(٦)

هەڵبەت فەقێیایەتی لەو سەردەمەدا و ئەو گفتوگۆ چڕوپڕانەی لەسەر شیعرو ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و فارسی کراوە مەلای وەک مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی پێشکەش بە کورد کردووە. جێی داخە ئەم سەردەمە مەلای ئاوا سەرهەڵنادات، ئەو گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕایە لەسەر شیعری کلاسیک و قسەکردن لەسەر ماناو مەبەست لە شیعری کلاسیکدا ڕۆڵێکی گەورەیان لە ئاگایی مامۆستادا گێڕاوە، ئەمە جگە لە خولیاکە خۆیشی کە ئەوی لە فەقێکانی دیکە جیاکردووەتەوە، هەر لە پێشەکییەکەی دیوانی مەولەوی-دا خۆی ئاماژە بەو شوێنگەیە دەکات و دەڵێ «خوێندنگاو خانەقاکانیان فەقێ و سۆفی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە تیابووە» (٧) مەبەستی خانەقاو خوێندنگای شێخ سیراجەدین و شێخ بەهائەدین و شێخ زیائەدین بووە کە بە قسەی ئەو «خاوەنی گەورەترین خانەقاو خوێندنگای ئایینی بوون» ئەویش لەو سەرچاوەیەوە هاتووە، یان لانی کەم درێژکراوەی ئەو مێژوو و بارودۆخەیە، ئەمەش پاڵپشت و پاڵنەرێکی باش بووە بۆ سەرکەوتنی لە کارەکەیدا، بایەخێکی دیکەی ئەو لێکدانەوەیە شارەزاکردنی نەوەی نوێیە بە بەحرەکانی شیعر و شێوە نووسینی شیعر و وردەکارییەکانی شیعر لای ئەو شاعیرانە، ئەمە لە کاتێکدا چ نالی چ مەحوی سەر بەو پێگەیەن و مەولەوی-ش خودانی کێشی پەنجەی خۆماڵی، ئاخر ئەگەر ئەو لێکدانەوەو ڕاڤەکردنە نەبێ وردەکارییەکانی «بەدیع، بەلاغە، چلەکانی طیباق، تەناسوب، تەشابوهی ئەطراف، تەوریە، حوسنی تەعلیل، کینایە، ئیستیعارەی موسەرەحە، ئیستیعارەی مەکنیە، لەف و نەشر، موبالەغە، لەطافەت، جیناس بەکۆی شێوەکانییەوە، ئیقتیباس، تەلمیح، تەشبیهی مەقلووب» و زۆر لایەنی دیکەی ئیستێتیکی نێو شیعری عەرەبی کە لە ڕێگای شاعیرانی کوردەوە گوێزراونەتەوە نێو ئەدەبەکەمان، هەڵبەت بە تاموبۆی کوردییەوە لە کوێ وا بە ئاسانی دێنە بەردەستی ئێمە، ئەمە جگە لەوەی لەو لێکدانەوانەدا هەوڵدراوە زۆر لایەنی شاراوە ساغ بکرێتەوە و هۆکارەکانی نووسینی ئەو قەسیدەیە، سەردەمەکەی، سەردەمی نووسینەکەی، بدۆزرێتەوە. ڕەنگە بۆ پاڵپشتی ئەم قسەیەم ئەو پێشەکییە دوور و درێژەی کاک فاتیح عەبدولکەریم بۆ دیوانی نالی نووسیوە و هەوڵی داوە زۆر لایەن ساغ بکاتەوە، تەنانەت بە خودی نازناو نالی-شەوە بەس بێت.

وردەکاری ئەو لێکدانەوانەی بۆ شیعری ئەو شاعیرانە کراون هێندە شارەزایانە کراون بە دەگمەن تۆ دەتوانی بەدوای ماناو لێکدانەوەی دیکەدا بچیت بۆ نموونە نالی دەڵێ:

**سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە**
**دەڵێی عاصی بووە لەو جێگە بەرزە**
**سورشکم ئاب و دانەی نارە کێ دی**
**بە گەرمی داوەرێ بەم طەرزە تەرزە**
**ئەلا ئەی ئاسکی ناسک بە باسک**
**شکاندت گەردنی صەد شێری شەرزە (٨)**

نالی دەیەوێ بڵێ گوارەکە زەردە یان زەرد دەچێتەوە لە گوێدا بەهۆی ئەو ترس و لەرزەوەیە کە بەو شوێنە بەرزەوەیە، ترسی شوێنە بەرزەکەو لەرزە لەرزو هاتوچۆی بەردەوامی لە گوێدا کە وەک هەڵلەرزین دێت و گیریشی خواردووە، لە لێکدانەوەکەدا هاتووە نالی لەم بەیتەدا هۆی (زەردی)ی گوارە باس دەکا وەک بڵێ گوارە بۆیە زەرد نییە کە لە زێڕ دروست کراوە و زێڕیش زەردە، بەڵکو لەبەر ترس و لەرز زەرد هەڵگەڕاوە و خۆی بە شایانی ئەوە نازانێ بکرێتە گوێی یارو بە لامل و گەردنیا شۆڕبێتەوە و بگاتە ئەو پایە بڵندە» (٩)... تاد، هێندێ جار لە لێکدانەوەی شیعرەکاندا مامۆستا مەلا عەبدولکەریم دیارە بەهاوکاری کوڕەکانی چ فاتیحی مەلا عەبدولکەریمی بەهەشتی، چ محەمەدی مەلا عەبدولکەریم، جۆرێک لە زیادەڕۆیی لە پێناوی بەرزکردنەوەی پایەی شاعیردا کراوە، ئەمە لە نالی و مەحوی و هی دیکەشدا بە روونی دەردەکەوێت، دیارە ئەمەش هەر لە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە بووە بۆ شاعیرانی کوردو لە پێشەکی ئەو دیوانانەشدا کە لەبەر دەستن و هەر یەک لە مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح و محەمەدی مەلا عەبدولکەریم نووسیویانە، ئەوە بە روونی دەردەکەوێت، ئەو لێکچوواندنە بە مناڵ و خۆ بە شایان نەزانینی ئەو شوێنە بەرزو پایە بڵندەو تاد...، هێندێک لە زیادەڕۆیی پێوە دیارە، دیارە نالی هونەرمەندێکی گەورە بووە لە پێکانی مانادا، لێ لەم شیعرەشدا روونە چی دەڵێ « زەردی گوارە پێوەندی بەو ترس و بەردەوام هاتوچوون و لەرزینەوەیە نەک لەبەر ئەوەی ئاڵتوونە و ئاڵتوون زەردە، ڕەنگە لە لێکدانەوەیەکی وادا هێندەی لەسەر وەستانی ئەوە پێویست بێت کە نالی شاعیر چ وێنەیەکی کێشاوە بە وشەو چی سەرنجی ڕاکێشاوە کەمتر ئەو ڕاڤەیە، لە دیوانەکەی نالی و مەحوی-شدا ڕووبەڕووی زۆر لێکدانەوەی وا دەبینەوە، هەڵبەت قسەکردن سەبارەت بە نالی و مەحوی، قسەکردن لە بەیتێک لە قەسیدەیەک، قەسیدەیەک لە دیوانێکدا، لە دیوانەکە خۆی زۆر زۆری دەوێ، بۆیە ئەوە بە نیشانەی کەمی لێک نادرێتەوە، ئەز بە بەگشتی بڕوام وایە هەوڵی کەم و زۆریش دراوە دەنا دیوانی نالی زۆر لەو قەبارەیەی خۆی بە ڕاڤەو لێکدانەوەوە گەورەتر دەبوو، ئەمە لە کاتێکدا دیوانی نالی گەر هەر شیعرەکان چاپ بکرێ ڕەنگە سەت لاپەڕەیەک ببێ و نەبێ، بەڵام لێرەدا دیوانەکە پتر لە ٧٤٠ لاپەڕەیە، ئەمە بۆ مەحوی-ش کە دیوانێکی نزیکەی ٦٠٠ لاپەڕەیی بەر دەستمان هەروایە. هەر بۆ نموونە هەر لەو شیعرەداو لە بەیتی پێنجەمدا «زنجیرکردنی چاو» کە نالی دەڵێ:

**دەفەرمووی چاوەکەت زنجیر کە نالی**
**کە موطلەق چانییە ئینسانی هەرزە**

کە زنجیرکردنی چاو لەسەر وەستانی زۆری دەوێ، لە کاتێکدا پەندی کوردی دەڵێ «چاو بازە ناگیرێ» چاو زنجیر ناکرێ جوانییەکە لەوەدایە قسە لە داخستن ناکرێ، قسە لە زنجیرکردن دەکرێ، زنجیرکردنی چاو نەک دەست و پێ، نالی دەڵێ:

**لەبەر خەندەی لەبن لەعلی ئەتۆ بۆ**
**کەوا شەککەر دەبارێ گوڵ دەپشکووت (١٠)**

هەڵبەت لێکدانەوەیەکی زۆر جوان بۆ ئەم بەیتە کراوە، نالی وێنەیەکی زۆر جوانی کێشاوە ئەو کە یارەکەی پێدەکەنێ و دەم دەکاتەوە، کردنەوەی دەم دوورکەوتنەوەی لێو لە یەکتر کە لێو سوورە بە پشکوتنی گوڵ و دەرکەوتنی دانەکان بە بارینی شەکر چوێنراوە، ئاماژەیەکی قووڵیش بە نیشانەکانی پێکەنینی یار دراوە وێنەکە لێرەدا جوانە کە دەڵێ ئەوە لەبەر خەندە و پێکەنینی تۆیە شەکر دەبارێ و گوڵ دەپشکوێ، لەوەدەچێ قسەکردنەکەش بەشەکر بارین چواندرابێت، کورد دەڵێ قسەت بە شەکر بێت، لەدەم و لێوی شەکر دەباری تاد...

نالی لە شوێنێکی دیکەشدا پێکەنینی یارەکەی بە

پشکووتنی گوڵ دێنێتەوە و دەڵێ:

**گریانی من و خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێ**
**بەو مەوسیمی بارانە کەوا خونچە دەپشکووت (١١)**

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە مامۆستاو کوڕەکانی هەرگیز نەیانوتووە کە ئیدی ئێمە لێکدانەوەکەمان تەواوترین لێکدانەوەیە و قسەی دی هەڵناگرێ، بگرە ئەوان بەپێی تێگەیشتنی خۆیان لێکدانەوەیان کردووە، لە لێکدانەوەی ئەم بەیتەی خوارەوەدا

**ئیلتیقای پۆڵاو ئاسن هەر نیزاعە و گیرودار**
**جەمعی ماء و نارو زەندە زەندەو مەرخ و عەفار (١٢)**

دەڵێن «لێکدانەوەی مەعنای ئەم بەیتەوە وەک ئێمە لێی حاڵیبووین» (١٣) ئەگەرچی خودی لێکدانەوەکەش قسەی زیاتر هەڵدەگرێ، بەتایبەت کە دەگاتە سەر کوتانەوە و پێوەندی نێوان ژن و پیاو...

نازانم تا چەند وایە، بەڵام دەشێ لەو سەردەمەدا کوورە بەو جۆرە دارانە گەرم کرابێ، بۆ نەرمکردنی ئاسن، کە بە پۆڵا شێوەی نوێی لێ دروست دەکرێ، لە کۆکردنەوەی ئاو و ئاگریشدا ڕەنگە مەبەست هەر لەو گیرو دارو شەڕە بێت. بۆ نموونە ئاگر بەرهەمەکانی ئاو لە خۆیدا دەسووتێنێ، کەچی خودی ئاوەکە هۆیەکە بۆ کوژانەوەی ئاگری ئەم یاریکردنە قسەی زۆرتر هەڵدەگرێ کە ڕەنگە لەم نووسینە کورتەدا نەتوانین لەسەر زۆربەی لایەنەکانی بوەستین، من کە دەستم کرد بە نووسینی بابەتەکە تێگەیشتم قسەکردن لەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێ، بۆیە هەوڵم دا کەمترین نموونە بێنمەوە

مەحوی دەڵێ:

**زوللەی موعەللیم، ئەو گوڵی ڕوومەتییە خستە تەب**
**«تبت یدا أبی لهب»ی بێ ئەدەب «وتب» (١٤)**

لە لێکدانەوەکەیدا هاتووە کە «زوللەی مامۆستا گوڵی ڕوومەتی ئەو قوتابییەی سوور کردەوە یاخوا دەستەکانی وشک بن کە دەوری دەستی ئەبوو لەهەبی بێ ئەدەبیان دیوە»

هەڵبەت پێشتر باس لە لێکچواندنەکەش کراوە ئەوەی کە بەلای منەوە گرنگ بووە لەم بەیتەدا ئەوەیە کە دیارە ئەو سەردەمە کچ نەچووەتە قوتابخانەو قوتابخانەش بەم جۆرەی ئەمڕۆ نەبووە، هەر حوجرەو خانەقا بووە، کەواتە قسە لە لێدانی کوڕ دەکرێ، بەیتەکانی دواتریش قسە لە عیشقێکی قووڵ دەکەن بەڕاستی لێکدانەوەی ئەمە زۆر گرنگە کە بەندە نەمتوانیوە هیچ زانیارییەک دەسگیر بکەم، هەڵبەت لێکدانەوەیەکی ئەم بەیتە ئەوەیە کە لە حوجرەو خانەقاکانیشدا لێدان هەبووەو مەحوی-یش وەک ئینسان دۆستێ ئەمەی قەبووڵ نەبووە، ئەگەرچی پێدەچێت لە ڕووی تەسەوفەوە مانای دیکەشی هەبێ بۆ نموونە لە بەیتی چوارەمدا هاتووە

**دڵ هەر بە داغی عیشقە ئەگەر ئیمتیازی بێ**
**وەک نوقطەی ئینتیخابە لەسەر شیعری مونتەخەب (١٥)**

مەحوی دەڵێ:

**جوان و شیرینە ئەگەر دنیا، لە ڕوودا میهرەبان**
**وەردی خارە، شەهدی زەهری مارە عەهدی بێ ثەبات (١٦)**

لە لێکدانەوەی ئەم شیعرەدا تەنیا ئەوەندە نووسراوە مەبەستی لەوەیە بە دیمەنی دنیا هەڵمەخەڵەتێن، لە کاتێکدا ئەم بەیتە ئیستێتیکایەکی یەکجار جوانی لە دژەیەک تێدایە، دنیا گەرچی جوان و شیرینە و لە ڕوودا میهرەبان، بەڵام بزانن کە گوڵی دڕکە، هەنگوینی ژاری مار پەیمانی فریودەر، بەگشتی لە لێکدانەوەی شیعری مەحوی-شدا هەوڵی زۆر بەرز و جوان دراوە کە بەڕاستی کەم وێنەن، من پێشتر لەو وتارەدا کە لەسەر چەمکی ڕەشبینی لای مەحوی وەستام، ئەو لێکۆڵینەوەو ڕاڤانە هاوکارییەکی زۆریان کردم بۆ نموونە مەحوی دەڵێ:

**بەو هەموو تاڵییەوە شەربەتی مەرگ، ئەهلی حەیا**
**خۆش گەواراترە بۆی ئیستە لە شەکراوی حەیات (١٧)**

لێکدانەوەکەی پەراوێز کە ڕێک ئاماژە بە ناڕەزایی مەحوی دەدات بە بارودۆخی سەردەمەکەی، هاوکاری کردم لە دۆزینەوەی ڕەشبینیدا لای مەحوی، بەگشتی لە دیوانی مەحوی زۆر وشە، زاراوە کە لە واری «تەسەوف»دا بەکاردێن لێک دراونەتەوە و شی کراونەتەوە لەوانە وشەکانی «یار، بادە، مەستی، عیشق، مەیخانە، عوریان، مردن، ساقی، لیقا» و زۆر وشە و زاراوەی دیکە کە لە بواری تەسەوفدا مانای دیکە و دیوی دووەمیان هەیە، یان عاشقانە بەکاردێن، ئەگەرچی من چەند جار لە خوێندنەوەی دیوانی مەحوی-داو وردبوونەوە

لێی بەوە گـەیشـتـووم کـە مـەحـوی لە تەسـەوفـدا، نەگـەیشـتـووەتە پلەیەکی بەرزو زیاتر لە قـۆناغی لاسـاییکردنەوە و هەنگاودا بووە، ڕەنگە لە مـەدا من حەقیقەتم نەپێکا بێت. بەگشتی دەکرێ بڵێین مامۆستا مەلا عـەبدولکەریمی مـودەڕیس لە لێکدانەوەی شـیـعـری کلاسیکی کوردیدا چەندین کاری کردووە لەوانە:

١- فـەرهەنگێکی گـەورەی سـاغـکردنەوەی وشـەی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە.

٢- ڕاڤـەو تۆژینەوەی لە چەندین بەیت و قـەسـیـدەدا کردووە و دیوە شاراوەکانی ئاشکرا کردووە.

٣- پێکهاتەکانی شیعری عەرووزی عەرەبی بە کورد ئاشنا کردووە.

٤- سـامـانێکی گـەورەی ئەدەبی کـوردی لە فـەوتان پاراستووە.

٥- چەندین پرسـیـاری گرنگی لە بارەی شـیـعـری کـوردییـەوە لە ڕووی ناوەڕۆک و مـاناوە وەڵام داوەتەوە، کە هەموو ئەمانەش بە بایەخدارترین کاری ئەو زانا پایە بەرزە لە پەنای تەفسیر و شیعرو کتێبەکانی دیکەیەوە لە قەڵەم دەدرێن.

**(١) بڕوانە دیوانی مەولەوی لاپەڕە (٣) سەرەتا نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.**

**(٢) بڕوانە دیوانی نالی لاپەڕە (١١).**

**(٣) بڕوانە مـەحـوی و چەمکی ڕەشـبـینی، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، لەتیف فاتیح فەرەج، ژمارە (٢٢٨٧)**

**(٤) بڕوانە دیوانی نالی لاپەڕە (٧٦).**

**(٥) بـڕوانـە دیـوانـی نـالـی لاپـەڕە (٢٠٦) لـێـکـۆڵـیـنـەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم و فاتیح عەبدولکەریم.**

**(٦) بڕوانە ستاندەر ژمارە ٢٠٠٦/٢ (٥٨).**

**(٧) بڕوانە دیوانی مەولەوی لاپەڕە (٤).**

**(٨) بڕوانە دیوانی نالی لاپەڕە (٤٤٨).**

**(٩) بڕوانە دیوانی نالی پەراوێزی لاپەڕە (١٤٨).**

**(١٠) بڕوانە دیوانی نالی لاپەڕە (١٥٠).**

**(١١) بڕوانە دیوانی نالی لاپەڕە (١٥٣).**

**(١٢) بڕوانە دیوانی لاپەڕە (١٧٠).**

**(١٣) هەر ئەوێ لاپەڕە (١٧١).**

**(١٤) بڕوانە دیوانی مەحوی لاپەڕە (٤٦).**

**(١٥) هەر ئەوێ.**

**(١٦) بڕوانە دیوانی مەحوی لاپەڕە (٥٩).**

**(١٧) دیوانی مەحوی لاپەڕە (٦٥).**


# ڕووداوە مێژووییەکان لە شیعرەکانی (زێوەر)دا

محەمەد ئەحمەد حەسەن

ئەگەر سەیری مێژووی گەلی کورد بکەین، دەبینین گەلێک لایەنی هەیە ڕوون نەکراوەتەوە، یان دیارنییە، بەتایبەتی مێژووی لایەنی سیاسی. (زێوەر) شاعیرێکی نەتەوە پەروەر بووە، لە سەردەمی ژیانی خۆی بە شیعرەکانی باسی زۆر لایەنی میللەتی کوردی کردووە. کەسێک بووە بەهۆی چوونی بۆ ئەستەنبۆڵ بوارێکی وای بۆ ڕەخساوە کە لەگەڵ ئەدیب و زانایانی ئەو سەردەمەدا تێکەڵاو ببێ و تەنانەت چوار ساڵ لەوێ دەخوێنێ بۆ زیادکردنی زانیاری خۆی. بەمەش (زێوەر) دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەدەبێکی پێشکەوتوو لە ئەستەنبۆڵ کە ئەوانیش لەژێر کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوادا بوون.

ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی (زێوەر) چ جیهانی و چ ناوەخۆ بێگومان کاریان لە (زێوەر) کردووە ئەویش هەر بەشیعر باسی کردوون کە بۆ ئێمە گەنجینەیەکی زۆر بەنرخن، چونکە زۆر شت هەیە لە مێژووی میللەتەکەمان نادیارە، مێژوونووسان دەتوانن سوودێکی یەکجار گەورەی لێ ببینن.

ئەم ڕووداوە مێژووییانە گەلێ لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە بەڵگەیەکی پتەون بۆ نووسەرو مێژوونووسانمان. ئێمە باس لەو شیعرانە دەکەین کە تێیدا باس لە ڕووداوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، یان جوگرافی جیهانی، یان ناوەخۆ دەکەن، چونکە ئەو ڕووداوانە دەورێکی بالآیان هەبووە لە دروست بوونی مێژووی ئەو سەردەمە کە زۆرجار بەنادیاری ماونەتەوە، یان نەنووسراونەتەوە، لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە (زێوەر) زۆر لێهاتووانە بەشێوەیەکی ئێستێتیکی و



زێوەر

داهێنەرانە ئەم ڕووداوانەی کـــردووە بەکـــەرســـتـــەی شیعرەکانی. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە (پیرەمێرد)ی شاعیر بەهەمان شێوە زۆر ڕووداوی مێژوویی کردووە بە کەرستەی چیرۆک و شیعرەکانی کە بەڕاستی بەمە زۆر شتیان لە فەوتان ڕزگار کردووە.

ئەگەر سەیری دیوانی (زێوەر) بکەین، دەیان نموونەمان بەرچاو دەکەوێت لە ڕووداوە مێژووییەکان بەهەموو لایەنەکانییەوە. لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا گرانییەکی گەورە ڕووی لە جیهان و کوردستان کرد. (زێوەر) لە شیعرێکدا باسی ئەو گرانییەمان بۆ دەکات، شیعرەکە لە ١٨ی شوباتی ١٩٢٦ لە ڕۆژنامەی ژیان بڵاوکراوەتەوە:

**یەک دوو سێ پارچە کەلاوە نەبێ ماوە ئەثەری**
**جێگەی هێلانەی ئاوایی نییە تا بڕوانی**

لەم شیعرەدا (زێوەر) باس لەوە دەکا کە بەهۆی تورکەکانەوە کوردستان وێران بووە، قات و قڕی و برسیەتی تێدا بڵاوبۆتەوە کە وێنەی نەبووە و لەنێو خەڵکی کوردەواری بە (گرانی بچووک) ناو دەبرێت ئەمەش سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی بووە. ئەم شیعرە دیارە باس لەدوای شەڕ دەکات، ئەو وێرانیی و گرانییەی کە تورکەکان لە دوای خۆیان بەجێیان هێشت لە دێڕێکی تر دەڵێ:

**نایەتە حەدی نیهایەت لە وڵاتما برسی**
**بۆتە یەک فەقیرە عائیلەیی جارانی**

بەمەش ڕووداوێکی گرینگمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەوساڵانەدا لە کوردستان چ گرانی وقات و قڕییەک بووە، هەموو کوردستان بەهۆی مردنی زۆر خەڵک لە برسان وەکو گۆڕستانی لێهاتووە.

لە شیعرێکی تردا کە لە ساڵی ١٩٣٣دا وتراوە بەبۆنەی بارینی بەفرێکی زۆر و دواتر خۆڵی بەسەردا باریوە. من لە زۆر لەو کەسانەم بیستووە کەوا (بەفری سوور) باریوە، بەڵام ئێستا بۆم ڕوون بۆتەوە هەر ئەم بەفرە بووە کە خۆڵی بەسەرداباریوە و بەفرەکە سوور بووە، خەڵک وایان زانیوە بەفری سوور باریوە. (زێوەر) دەڵێ:

**دەستی خۆمان بۆچ شکاوە، خۆڵ لەسەر عەردی نەما**
**خۆڵ بەسەرمان ئەڕێژی؟ خانە وێرانمان ئەکەی؟**
**بەفرەکەت جوان و سپی بوو تێکەڵاوت کرد بەخۆڵ**
**کەیفی خۆتە هەر چلۆنێ مەیلی فەوتانمان ئەکەی**

زێوەر لێرەدا قسە لەگەڵ کەشوهەوا دەکات کە بۆچی وایان بەسەردێنێ کەوا خۆڵ لەسەر زەوی زۆرە بۆ ئەوەی بەسەر سەری خۆیانی دابکەن بەدەستی خۆیان نەک کەشوهەوا بەسەریاندا ببارێت، بەفرەکەی زۆر جوان بووە، بەڵام بەم خۆڵە جوانییەکەی نەماوە.

بەمەش (زێوەر) باس لە ڕووداوێکی سروشتی زۆر گرنگ دەکات کە لە کوردستاندا ڕووی داوە دەزانین مێژووەکەی کەی بووە، یان وەکو (حەمدی) کە باس لەلافاوەکەی شاری سلێمانی دەکات بەڕاستی جێگای بایەخن.

(زێوەر) لە شیعرێکی تر بەناوی (گرتنی چەخماخسازەکان) کە لە سەردەمی عوسمانییەکان کۆمەڵێک چەخماخساز (وەستای چاککردن و دروست کردنی چەک) کارگەیەکیان بەیەکەوە بۆ دروست کردنی تفەنگ و چەک دانابوو. بەمەش ترسی خستە دڵی عوسمانییەکان نەوەک چەک بۆ عەشیرەتەکان و ئێلەکان دابین بکەن بۆ ئەوەی شۆڕش بکەن، بۆیە فەرمانیان بە

داخستنی ئەم کارگەیەو گرتنی وەستاکان دا:

**شایعە کەوتە هەموو جێگەو بیستم خەبەرێ**
**کەحکومەت بەسزا تفەنگ ساز ئەگرێ**

دوای ئەوە (زێوەر) باسی تێکدانی کارخانەو گرتنی یەکەیەکەی وەستایەکانی دەکات کە هەندێ لە وەستاکان لە ترسان ڕایان کردووە، بەڵام یەکێکی وەکو (وەستا عەزیز) دەستی داوەتە تفەنگەکەی بۆ ئەوەی بەرەنگاری سەربازانی عوسمانی ببێتەوە:

**کوڕی ئازا لە هەموو جێگەیێ خۆی ئەنوێنێ**
**ئافەرین وەستا عەزیز دەست بەسیلاح هاتە دەرێ**

دواتر دێتە سە رباسی تێکچوونی کارگەکان و دەڵێ:

**تێکچوو کوورەو دەمە، لاچوو چەکوش و گیرەوگاز**
**کونجی دووکانەکەیان لێ بووە کونجی سەقرێ**
**تەسکەڵەو (زەردەمل)و (لوولە)و (چەرخ)و (خشکە)**
**کلکە مشکە لە کونە مشک ئەنرا تانەبرێ**

لە ساتی (١٩٢٤) کاتێک لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) بڕیاردرا ویلایەتی مووسڵ لەژێر دەستی عوسمانییەکان دەربهێنرێت و بخرێتە سەر عێراق، ئەمەش خۆشییەکی زۆری لەنێو عێراقییەکان بەگشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی دروست کرد (زێوەر)یش بەشیعرێک ئەم خۆشییە دەردەبڕێت و ڕووداوێکی مێژوویی زۆر گەورەمان لە مێژووی سیاسی عێراق بۆ تۆماردەکات و دەڵێت:

**لەفیضی لوطفی خواوە ویلاتی مووسل**
**نەجاتی بوو بەتەواوی لە پەنجەی ڕۆمی**

هەروەها باس لەوەدەکات هەر کەسێک ستەم و زوڵم بکات، بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە، هەروەک کورد دەڵێ (چاڵ بۆ خەڵک هەڵکەنی، خۆت تێی دەکەوی) زێوەر دەڵێت:

**بەڵێ نەتیجەی زوڵم و جەفایە بۆ هەرکەس**
**بەرۆکی خۆی ئەگرێ قینەت بەمەشئوومی**

هەروەها لە دادپەروەری کۆمەڵەی نەتەوەکان و خۆشی عێراق دەڵێت:

**کە عوصبەتول ئومەم ئەم حوکمە عادیلانەی دا**
**حەیاتی دا بەعێراق و نەماوە مەحروومی**
**بژی بەعەدلەوە عوصبە لەگەڵ بەریتانی**
**چرای وڵاتە قەراریان بەلەفظی مەفهوومی**

(زێوەر)ی نیشتیمانپەروەر و دڵسۆزی نەتەوەکەی، بێ دەنگ نابێت لە ئاستی ڕووداوە خوێناوییەکەی ٢٤ی ئایاری ١٩٢٥ لە باکووری کوردستان کەتێیدا چەندان پیاوی ناوداری کوردی تێدا لەسێدارە دراوە، دەیان پیاو و ژن و منداڵ و پیرو گەنج تێیدا شەهید کران. لە شیعرێکی بەرزو هونەریدا باسی ئەم حاڵەتە دەکات.

لە کۆپلەیەکی شیعرەکەدا تورک شاخ و خاکی کورد بەگۆڕستان دادەنێت بۆ کوشتنی میللەتی کورد، بەڵام ئەو خاکە لە ناخەوە بەهەشتێکە بۆ خەباتکاران، چونکە تورک مێژووەکەیان فەرامۆش کردووە:

**تورک ئەڵێ: قەبری کوردە ئەم خاکە**
**بام بڵێ، چونکە باطینەن باخە**
**باخی مەردانی چوست و گوستاخە**
**جێی وەطەن پەروەری جگەرداخە**
**تورکەکان نەشئەیان دەرئاغوش کرد**
**بۆچی تەئریخیان فەرامۆش کرد**

شاعیر پێمان دەڵێ هەر کەسێ لەڕێی نیشتمان گیانی خۆی بەخت بکات، ئەوە زیندووە و نامرێت و بەمە نیشتمان زیندوو ڕادەگرن و توندو تۆڵی دەکەن:

**هەر فیدائی لە ئێنقیلابا چوو**
**پێی مەڵێ مردووە بڵێ زیندوو**
**چونکە بێ شوبهە موودەتێکی زوو**
**شێری مەیدان لە نەسلی پەیدابوو**
**قارەمان و دلاوەرانی پەسین**
**وەتەن ئیحیا ئەکەن بەعەزمی مەتین**

دواتر دێتە سەر ڕەنگی سوور کە چیاکانی کوردستان پڕە لە گوڵاڵە سوورە کە ڕەنگدانەوەی خوێنی شەهیدانە، ئاسۆی میللەتی کوردی پێ ڕووناک دەبێتەوە:

**ئوفوقت ئەرخەوانییە کە بەهار**
**ڕەنگی سوورت شەفەق ئەکا ئیظهار**
**ئینعیکاسی تەصادوفی ئەنوار**
**تاجی قەوس و قەزەح ئەکا بەنیثار**
**لالەزارت کە سوور و ڕەنگینە**
**عەکسی خوێنی شەهیدی ڕێی دینە**

(زێوەر)ی شاعیر بەچەند شیعرێک باس لە جوگرافیاو سنوور و شێوەی حکومەت و بازرگانی و ژمارەی دانیشتووانی عێراق دەکات کە بەڕاستی بەڵگەیەکی مێژوویی گرینگن لە ڕووی جوگرافی و هەیکەلی حکومەت لە عێراقدا سنوورو جوگرافیای عێراق بەسەر چواردە لیوا دابەش دەکات (ئەوکات بەشاریان دەگوت لیوا کە سنوورێکی فراوانتری هەیە لەشار) ئەم لیوایانەشی بەسەر سێ بەش دابەش کردووە، ئەوانیش باکوورو ناوەڕاست و باشوور. لێرەدا بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ناوچەی کوردستان (باکوور) بەزۆر بە عێراقەوە لکێنراوە. (زێوەر) دەڵێ:

**بەسێ منطقە عێراق بەش کرا**
**شیمال و وەسەط جنوب ناونرا**
**هەموو شارێکی پێی ئەڵێن لیوا**
**چواردە لیوایە بینرا هەروا**

دواتر شاعیر دێتە سەر باس کردنی ئەو شارانەو یەکە یەکە ناویان دەهێنێت:

**چوار لەم شارانە کەوتووتە شیمال**
**سلێمانییە و کەرکوکی خۆشمان**
**هەولێر و مووسل شاری مەشهورن**
**بۆ زراعەت و صەنعەت مەسرورن.**

لێرەدا ئەوەی جێگای باسە، ئەوەیە شاری (مووسڵ)یش هەر شارێکی کوردستانییە و ناوی شاری (دهۆک)ی نەهێناوە چونکە شاری (دهۆک) ئەو وەختە نەبوو بەشار هەر سەر بە لیوای مووسڵ بووە، چونکە شاری دهۆک زۆر درەنگ بوو بە پارێزگا. دواتر دێتە سەر ژماردن و ناوهێنانی شارەکانی ناوەڕاست و دەڵێت:

**منطقەی وەسەط هەمووی شەش شارە**
**یەکێ بەغدایە ئەڵێی گوڵزارە**
**دیالە و دلێم و حللە و کەربەلا**
**شاری کوتیشە دوور بن لە بەلا**

پاشان دێتە سەرباسی شارەکانی باشووری عێراق و دابەشیان دەکات بەسەر چوار شارو دواتر باسی هەر یەک لەم شارانە دەکات:

**منطقەی جنوب ئەویش چوارشارە**
**شاری بەصرەیە لەگەڵ عیمارە**
**سێیەم مونتەفک چوارەم دیوانی**
**لازمە ناوی هەمووی بزانی**

بەڕاستی بەڵگەیەکی بەهێزن لەسەر ناو و جوگرافیای شارەکانی عێراق کە ڕژێمی بەعس بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا ناو و سنووری جوگرافیان بگۆڕێت. بۆ نموونە ناوی (مووسڵ)ی کردبوو بە (نەینەوا) و (کەرکووکی) کردبوو بە (التأمیم) هەروەها (زێوەر) دواتر باسی ناوی ئەو شارانە دەکات کە هەندێکیان دیارە دوو ناویان هەیە وەکو (لیوای دیالە) بووەتە (شارەبان) و (لیوای دلێم) شاری (ڕومادیە) و (لیوای مونتەفک) شاری (ناصریە)یە.

دواتر شاعیر سنووری عێراق و ئەو سنوورەمان بۆ دەست نیشان دەکات، بەڵام لێرەدا تەنیا ناوی دراوسێکانی وڵاتی عێراق دەهێنێت و دەڵێت:

**حدودی عێراق شەرقی ئێرانە**
**غەربی سوریە هەر بیابانە**
**هەموو شیمالە هی تورکیایە**
**شیمال شەرقی ئێرانی تیایە**
**جنوبی خەلیج ئیمارات و کوێت**
**صەحرای نەجدیشە مەعلووم بێ لێت**

شاعیر لە شیعرێکی تردا باس لە بازرگانی هێنان و بردنی عێراق دەکات و بەشێوەیەک ئێمە دەزانین لەو سەردەمەدا ئەم وڵاتە بە چ شتێک بەناوبانگ بووەو چی لەناوخۆ بەرهەم هێناوە و ناردوویەتی بۆ دەرەوەی وڵات و چی لە دەرەوە هێناوە بۆ ناو وڵات (زێوەر) سەرەتا باس لەو بەرهەمانە دەکات کە وڵاتی عێراق بۆ دەرەوەی ڕەوانە دەکات:

**ئەنواعی خورما ئەنواعی خەلە**
**حەیوانی نالّدار، سمدار بەگەلە**
**کەتیرە و مازو و بنیشت و خوری**
**هەتا هێلکەی زۆر لەگەلّ مامری**

پاشـان ئەو سالّـەمـان بۆ دیاری دەکـات کـە لە ڕێگای مـووسلّەوە بەرهەمـێکی زۆری لە مـریشـک و بزن و مەڕو هێلکەی ناردووە بۆ دەرەوە:

**لە سالّی هەزار و نۆصەد و سی و چوار**
**لە مووسلەوە ڕۆیی مامر صەد هەزار**
**صەدوسی هەزار بزن لەگەلّ مەڕ**
**ڕۆیی بۆ سوریە بەڕێی چۆلّ بەڕ**

دواتر دێتـە سـەرباسی ئەو بەرهەمـانەی کـە عـێـراق پێویستی پێیـەتی و لەناوەخۆ ناتوانێ بەشێوەی پێویست بۆ خەلّکی بەرهەم بهێنێت و دابینی بکات، ناچار دەبێت لە دەرەوە بیهێنێت.

**ئەوەی عێراق دێ لە دەرەوە**
**قاوە و چایی بەشەکرەوە**
**کۆتالّی زۆر و مالّی عەطاری**
**عێراقی پڕ کرد لای سەرووخواری**
**نەوعی عەطریات قیسمی مەسکرات**
**پول و پارەیان بڕی لە ولاّت**

دوابەدوای خوێندنەوەیەکی کورت و خێرای شیـعرەکانی (زێوەر) لە بارەی ڕەنگدانەوەی ڕووداوە مـێـژووییـەکـان تێیـاندا بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ڕووداوی مێژوویی و کەرەستەی مێژوویی لای شاعیـرەکەمان کەرەستـەیەک و خـەرمـانەیەکی باشی داهێنانن. ئەمـەش هەر لای زێوەر ڕەنگی نەداوەتەوە، بەلّکو هەمـوو ئەو نووسـەرانەی کـە خەریکی نووسینن، ئنجا لەهەر بوارێک و ژانرێکدا بێت. بۆ نموونە (بەخـتـیـار عـەلی) شاعـیـر و ڕۆمـاننووس لە ڕۆمـانی (شـاری مـۆسـیـقـاڕە سـپـیـیـەکـان) و (فـەرهاد پیـربالّ) لە ڕۆمـانی (حـیـکایەتەکـانی باوکم) و چەندان نووسەرو شاعیری تر.
بەڕاستی شیـعرەکانی (زێوەر) گەلێ لایەنی مـێژوویی میـللەتەکـەمـان ڕوون دەکـەنەوە کـە نادیارن، بۆیە ئەگـەر بەنێو دێری شیـعرەکانی ئەم شاعیـرەدا بگەڕێین نەک هەر ڕووداوی مێژوویی، بەلّکو زۆر لایەنی تر ڕوون دەکاتەوە. بۆیە لەسـەر ئەو کـەسـانە زۆر پێـویسـتـە کـە خـەریکی نووسـینن لە بـواری مـێـژوودا، یان هەر زانسـتـێکی تری وەک جـوگـرافـیـا و کـۆمـەلاّیەتی، بەناو دیوانی شـاعـیـرەکـانماندا بگەڕێن، چونکە بەڕاسـتی دەتوانن سوودێکی زۆر لە شاعیرە کۆنەکانمان وەربگرن.


**سەرچاوە:**
**دیوانی زێوەر، ئامادەکردنی مەحموود زێوەر، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.**

# یەکەمە کوردەکان - کوردە یەکەمەکان

بەهۆی بێکەسی و خەم نەخواردنی کارلێهاتووی کوردەوە- جگە لەوەی بەهرە و توانا و وزەی لێهاتوو و بلیمەتانی کورد وەک ئاردی ناو دڕکی لێهاتووە- دەیان بابەت و باسی سەر بە زانستی و زانیاری و مێژووی جۆراوجۆرمان وەک مەنجەڵی سەر نراوە و بوخچەی نەکراوە لە پەناو پەسێوی چاوەڕوانیدا لارە مل و سەرکز چاوەڕوانی هیمەتی دەستی ڕێز و قەدری دڵسۆزانن، بەڵکو تا لەمە دێرتر نەبووە دەستێ بدەنە دەستیان و لە چاڵی چاوەڕوانی دەریان بهێنن.

یەکێک لەولایەنانە کەدەکرێ- ئەگەر کاری بۆ بکرێ- کتێبێکی باشی لەسەر بنووسرێت، لایەنی دۆزینەوە و کۆکردنەوە و ڕیزکردنی ناو و چەردەیەکی ژیانی بلیمەت و هەڵکەوتوو و یەکەمە کوردەکانە لە بوارە جیاجیاکانی پیشەسازی و زانستی و فەرهەنگی و پاڵەوانێتی و ئازایەتی و خەتخۆشی و دەنگخۆشی و ڕەوانبێژی و کەشناسی و گەردووناسی و ئەستێرەناسی و دەرماناسی و بیرتیژی و چاوتیژی و تەمەندرێژی و...تاد. ئەم لایەنە یەکێک لەو لایەنانەیە دەمێکە هەستم بەوە کردووە پێویستە هەوڵی بۆ بدرێت و زەمینەی بۆ خۆش بکرێت و وەک شیاویەتی بەرهەمی تێدا بەرهەم بهێنرێت.

بەڵێ ئەم بوارە بەربڵاو و جوغز پان و بەرینەو سوارچاکی چاپووکسواری دەوێت تا بە هەموو لایەکیدا بگات و ئەگەر نەش کرا بە بەشی زۆریدا بگات، چونکە لە مێژووی کۆنەوە، تا ئێستا چەند بلیمەت و هەڵکەوتووی کورد هەبووە، جگە لەوانەیان بە ناحەق لکێنراون بەگەلانی دیبیەوە و جگە لەوانەشیان کە هەر بە یەکجاری و بۆ یەکجاری ناویان کوێر بووەتەوە و لەلاپەڕەی مێژوودا سڕاونەتەوە- بیری ئەوەیان

**محەمەد عەلی قەرەداغی**
**(سلێمانی)**

لێنەکراوەتەوە و بۆ نەکراوەتەوە کە لە خانەو شوێنی شیاوی خۆیاندا- هیچ نەبێت- ناویان تۆمار بکرێت و نەوەی ئێستا و داهاتووی گەلەکەیان شانازییان پێوە بکەن و بڵێین: ئێمەش وەک گەلانی جیهان و لەڕیزی گەلانی جیهانداین و زاناو مامۆستا و بلیمەتمان هەبووە، وەک فلان و فلان و ئەوەش ناو، یان نموونەی بەرهەمەکانیانە.

ئەم بابەتە بابەتێکی بەربلاو و مەیدان فراوانە و ئەگەر کەسی پشوو قووڵ و بەتوانا کاری تێدا بکات دەتوانێ کتێبێکی گەورەی باشی لێ بەرهەم بهێنێ و شاکارێکی هەمیشە زیندووی لێ بخاتە کتێبخانەی جیهانەوە.

گەڕان بەدوای کەرەسەی ئەم بابەتەدا گەلێ جۆر و شێوەی هەیە، جاری وا هەیە بۆ هەندێ کەرەسە گەڕانت ناوێت و باسەکە لەبەردەستتدایە، کاتی واش رێک دەکەوێت زۆر دەگەڕێیت و بێ دەستکەوت دێیتەوە، چونکە کەرەسەکان یەک بابەت و یەکڕەنگ نین و شوێن و کاتی جیاوازیان هەیە، جا با هەندێ نموونەی ئەو کەرەستانە بخەینە ڕوو کە دەکرێ وێنە و نموونەیان زیاتر بکرێت و باسەکەیان پێ دەوڵەمەند بکرێت.

### شایەتی تۆمارکراو لە مێژوودا

١- دەربارەی موفتی زەهاوی- محەمەد فەیضی زەهاوی- بەشایەتی مێژوو دەتوانین لە دوو بواردا- بەلای کەمییەوە- بە تاقانەی چەرخی خۆی و یەکەمی وڵاتانی ئیسلامی دابنێین، ئەوەتا لە سجلی عوسمانیدا دەربارەی خوێندەواری و توانای زانستی ئەو پیاوە نووسراوە: لە سەرووی هەموو زانایانی چەرخی خۆیەوەیە و کەس توانای زانستی ئەوی نییە.(١)

٢- هەر دەربارەی ئەم مامۆستا مەزنە و لە ڕووی بیرتیژییەوە کەس لە چەرخی خۆیدا هاوتای نەبووە، بەجۆرێک ئەو شتانەی ئەو وتوونی و نووسیونی لە چەرخی خۆیدا بیری کەسی پێ نەگەییوە، (سری پاشا) کە باسی ئەم لایەنەی زەهاوی دەکا دەڵێ: ئەو شتانەی ئەو دەیکردن، یان دەیوتن ئەگەر یەکێک بەچاوی خۆی نەیدیبایە و بۆی بگێڕایەتەوە لەوانە بوو باوەڕیان پێ نەکات، بەڵکو وەک ئەفسانەی عەنتەر و شتی وەها بوون.(٢)

### شایەتی بە بینین و بەشوێنداچوونی شوێنەوار

گەلێ جار ئەو شوێنەوارانەی لە کەسێک بەجێدەمێنن، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەوەن کە ئەوکەسە لەو بوارەدا تاقانەی چەرخی خۆی بووە و یەکەم داهێنەری ئەو کارە بووە. بە گەڕان و پشکنین نموونەی ئەم بابەتە زۆر دەدۆزرێتەوە، وەک:

١- مامۆستا مەلا ڕەشیدبەگی بابان یەکەم زانای کوردە کە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری-د- کە لە موسلیم و بوخاریدان کۆکردووەتەوە و بەشێوەیەکی زانستیانەی کەم وێنە تەرجەمەی کردوون بۆ زمانی کوردی، کتێبەکەشی تا ئێستاش گەورەترین کتێبی کوردییە لە بواری خۆیدا.(٣)

٢- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە چەند بواردا یەکەمی بۆ خۆی قۆرخ کردووە و کەس ناتوانێ لەو بوارانەدا بەتۆزی پێی ئەسپی چالاکیەکانیدا بگات، بۆ نموونە:

أ- یەکەم کەس بووە وتاری ئایینی لەناوچەی سلێمانی- ئەگەر نەڵێم لە هەموو کوردستان-دا بەزمانی کوردی لەسەر مینبەری مزگەوت خوێندووەتەوە.

ب- یەکەم کەس بووە شەریعەتی ئیسلامی بەشێوەیەکی ڕەسا و ڕەوان بەزمانی کوردی داناوە و بڵاوی کردووەتەوە.

ج- یەکەم کەس بووە تەفسیری قورئانی پیرۆزی بەتەواوی بەزمانی کوردی نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

د- جگە لەوەی مامۆستای مودەڕیس لە گەلێ لەبەرهەمەکانیدا یەکەم کەسە بەو شێوەیە کاری وای کردبێت، لە ڕووی چەند و چۆنی و بەرهەم زۆریشەوە، مامۆستا پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، لەم چەرخەی ئێمەدا هیچ مامۆستایەکی کورد بە ئەندازەی مامۆستای مودەڕیس دانراوی بەزمانی کوردی نەبووە.

٣- مامۆستا عەلائەدین سەجادی: جگە لەوەی لە بواری نووسینەوەی ڕشتەی مرواری و چەند بەرهەمی دیدا دەستپێشخەر بووەو کەس پێش ئەو ئەوکارانەی نەکردووە، لە بواری نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردیدا کەس پێشی نەداوەتەوە، یەکەم کەسە مێژووی ئەدەبی کوردی بەو شێوە و قەوارە و بابەتە نووسیبێتەوە.

٤- مامۆستا محەمەد طاهیری کوردی: بە گەڕان و پشکنین دەزانین ئەم مامۆستایەش لەگەلێ بواردا یەکەمی بەدەست هێناوە:

أ- یەکەم مامۆستای کوردە کە قورئانی پیرۆز بە خەتی ئەو نووسرابێتەوە و لە شاری مەککەی پیرۆزدا چاپکرابێت، بەڵکو قورئانە دەستخەتەکەی ئەو یەکەم قورئانە لە شاری مەککەدا چاپ کرابێت و بە (مصحف مكة المكرمة) ناسراوە.

ب- یەکەم مامۆستای کوردە- ئێمە بزانین- لە ورد نووسیدا پێشی هەموو خۆشنووسانی کوردی- ئەگەر نەڵێین هەموو جیهانی- دابێتەوە، چونکە لەسەر دەنکە

گەنم ڕوباعی شیعری عەرەبی نووسیوەتەوە، لەسەر دەنکە برنج سوورەتی (الاخلاص) و (قریش)ی نووسیوەتەوە.

ج- یەکــــەم زانـای کـــــوردە ئەندامی لیــــژنەی نۆژەنکردنەوەی (المسجد الحرام) بوو بێت. وەک لە چەند بواری دیکەشدا یەکەمی بۆ خۆی قۆستۆتەوە.

٥- کــاتی واش هەیە بە پشکنینی زۆر و گــەڕان و ماندووبوونی سەروملا نەبێ ناگەیتە ئەنجام و یەکەم لەو بوارەدا بەشوێنیدا دەگەڕێیت بە ئاسانی نادۆزرێتەوە. بۆ نموونە لە (قـاهیـرە)ی پایتـەختی (میـسـر). (الجـامع الازهر) بووە، لەو شــوێنە دێرینە گــەورەیەدا بەشــێکی تایبـەتی بۆ کـورد هەبووە بەناوی (رواق الاکـراد)، دیارە چەندین مامۆستای کورد سەرپەرشتیـار و بەرپرسی ئەو شوێنە بوون، وەک بیستوومانە دواکەس تێیدا مامۆستا عـومـەر وەجـدی بووە، بەڵام بۆمـان ڕوون نییـە یـەکـەم بەرپرسی ئەو شوێنە کام زانای کورد بووە، ئەگەر یەکێک بە شـێنەیی بە لیـستی ناوی مـامـۆسـتـایانی ئەزهەر و مـامـۆستا کوردەکانیدا بگەڕێت لەوانەیە بگاتە ئەنجام و بۆی دەربکەوێت کێ یەکەم زانای کورد بووە لەو شوێنەدا.

هەروەها بێگومــان لەو شــوێنە گــەورەیەدا- الازهر- چەندین قـوتابی کـورد خـوێندوویانە و خـوێندنیـان تەواو کـردووە و بڕوانامـەیان وەرگـرتووە، ئەگـەر بمانەوێ ناویان تۆمــار بکەین دەتوانین ناوی چەندین کــەس بنووسین، بەڵام بە ڕوونی بۆمــان دەرنەکەوتووە کێ یەکـەم قـوتابی کـــورد بووە بۆ خـــوێندن چووەتە ئەوێ، بەڵام ئـەمـــیش بەگەڕان و پکشنین دەکرێ بدۆزرێتەوە.

ئەم باسـە بۆ مەدرەسـە گەورەکـانی دیکەی جیـهـانی هەمـــان باس هەڵدەگــرێت دەکــرێ بە پشکنین یەکــەم مــامــۆســتــای کــورد بدۆزینەوە کــە لە مــەدرەســەکــانی (النظامیة) و (المستنصریة) و... دەرسی گوتووەتەوە و فەقێ و مامۆستای پێگەیاندووە.

هەروەها چەندین کـەس لە شـاری مـەدینەی پیـرۆزدا قـازی بوون، بۆ نموونە مامـۆستـا مەلا محـەمـەدی وانی ناسراو بە (وانقولی) ساڵی ١٠٠٠ک- ١٥٩٢ز کۆچی دوایی کردووە قازی شاری مەدینەی پیرۆز بووە، هەروەها مامۆستا ئیسماعیلی ئامودبیش کە ساڵی ١١٢٤ک لە ژیاندا بووە قـازی هەمــان شـوێن بووە، دوور نییـە پێش ئەوانیش و دوای ئەوانیش مـامـۆسـتـایانی مـەزنی کـورد قازی هەمان شوێن بووبن، بەڵام گەڕان و پشکنینی دەوێ تا بزانین کـام مـامـۆسـتـای کـورد یەکـەم قـازی ئەو شـارە پیرۆزە بووە.

خۆ ئەگەر بۆ ناوی ئەو مامۆستا کوردانەش بگەڕێین کە تەنیا بە بلیمەتی و لێهاتوویی خۆیان پلەی ئیمامەت و تەدریس و کـاری دیکەی مـزگـەوتی مـەککە (المسـجـد الحرام) و مزگەوتی مەدینەی پیرۆزیان بەدەست هێناوە، یان پلەی هەردوو لایان بە (امام الحرمین) ناسراون، ئەوە بەدەســتی بەتاڵ ناگــەڕێینەوە و ئەوانـەش کــەم نین و چەندین مـامـۆسـتـامـان لەو شـوێنانانەدا بوون، جگە لەمانەش و لەناو ئەوانەش چەندین مامۆستامان لەو دوو شوێنەدا پیـشـەی دەرس وتنەوەیان بووە و مـامـۆسـتـا و (مـدرس) بوون، دۆزینەوەی یەکـەم کـەسی ئەوانەش بە گەڕان و پشکنینی ورد و سەروملا بەدەست دێت.

هەر نزیک بەمـەش چەندین مـامـۆسـتـای مـەزنمان لەمـێـژووی کۆندا لەمـەدرەسـە گـەورە و بەناوبانگەکـانی جیـهـاندا (زاویە) و حـوجـرە و شـوێنی تایبـەتی خـۆیان هەبووە، بەڵام دۆزینەوەی یەکەمەکانی ئەو شوێنانەش بێ ماندووبوون و گەڕانی زۆر نابێت.

هەندێ جـاریـش بۆ دۆزینەوەی یەکــەمی هەندێ بوار لەبەر هاوچەرخیـێتی ئەوکـەسـە، یان لەبەر شـایەتیـدانی مـێـژوو و مـێـژوونووسـان، یان لەبەر هۆگـەلی دیکە بێ مـاندووبوونێکی ئەوتۆ ئەو یەکەمە دەزانرێت، بۆ نموونە: ئیـبنوصـەڵاحی شـارەزووری کـە زانایەکی کـەم وێنەی چەرخی خـۆی بووە و گـەلێ دانراوی پڕ بایەخی هەیە بە شـایەتی ئەوانەی ژیانیـان نووسیـوە دەڵێن: یەکەم زانایە لەجیـهـاندا بەشـێـوەیەکی زانسـتیـیـانە کـتێبی لە (علوم الحدیث) و فەرمایشتەکانی پێغەمبەردا-د- نووسیوە.

هەر لەو ڕووەوە کـە بۆ یەکـەمـە کـوردەکـان بگەڕێین، دەکـرێ بشگەینە وڵاتانی دوور و سنووری گـەلێ شـوێن ببـــەزێنین بۆ دۆزینەوەی یەکـــەم لە هەندێ بواری دیدا. نموونەی ئەم بابەتە لەوەدا دەردەکــەوێت کــە لەوڵاتی ئەندەنوسیـادا ئایینی ئیـسـلام بڵاوبووەتەوە، زانایانی کـــورد دەوری کـــاریگەریان لەو بڵاوبوونەوەدا بووە. بۆ ئەمــەش چەندین زانای کـــورد ناو دەبرێن وەک مــەلای گۆرانی و مەلا ئیبراهیم گۆرانی و جەعفەری بەرزنجی و زانایانی دیکەش، بەڵام لە ناو ئەم زانایانەدا کێ یەکـەم کـەس بووە کـە ڕێگەی بۆ ناساندنی کورد بەو دوورگـانە خـــــۆش کــــــردووە، تـەنانـەت وایـان لێ بێت نـاوی منداڵەکانیان بە (کورد) ناوبنێن (٥)

### بواری چاپخانە و بڵاوکردنەوەی کتێب

یەکـێکی دی لەو بوارانەی زانایانی کـورد هەوڵیــان بۆ داوە و پێش گـەلێ لە زانایانی چەرخی خـۆیان کـاریان بۆ کـردووە و دەستپێشخـەرییان تێدا کردووە، بواری چاپ و بڵاوکردنەوەیە. پێشتر لە نووسینێکدا باسی ئەوەم کرد کە یەکـەم کـتێب لە یەکـەم چاپخـانەی بەغـدادا چاپ کـراوە دانەرەکەی کورد بووە(٤)

ئەمــەش تاقــانە و هەتیـــو نەبووە و کــەسی دیکە و

کەسانی دیکەشمان لەم بوارەدا هەبوون و ڕەنگە ئەگەر هەمموویان بدۆزرێنەوە و ناونووس بکرێن، دەوڵەمەندی ئەم بابەتە بە هەڵکەوتووانی کورد بیردرێت. لە حەجی ئەمساڵدا ١٤٢٧ک ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ز لە شارە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە سەرم لە چەند کتێبخانەدا و هەواڵی شوێنەواری زانایانی کوردم پرسی. لە کتێبخانەی مەککەی موکەڕەمە کەلە نزیکی حەرەمدایە و وا باوە ئەو شوێنە- ئەوەیە کە پێغەمبەری ئیسلام حەزرەتی محەممەدی تێدا لەدایک بووە، بەسەر دەرگای یەکێک لە ژوورەکانەوە چاوم بە ناوێک ڕوون بووەوە کە نووسرابوو (مكتبة ماجد الكردي). لە بەرپرسی کتێبخانەکەم پرسی: ئەم پیاوە کێیە؟ وتی: ئەمە یەکەم کەسە کە چاپخانەی لەسەر پشتی هێستر لە عیراقەوە لە ڕێگەی بەسرەوە گەیاندووەتە مەککە و ئێستەش چاپخانە، یان (دارالنشر)ی ماجید لە مەککەدا یەکێکە لە دەزگا ناسراو و ناودارەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە.

لێرەدا- بە کورتی- لەبەر ئەوەی ئەم پیاوە مەزنە لەلای ئێمە نەناسراوە شتێکی کورت لەسەر ژیانی دەنووسم:

ئەم مامۆستایە ناوی محەممەد ماجیدی کوڕی محەممەد ساڵحی کوڕی فەیضوڵڵای کوردییە ساڵی ١٢٩٢ک لەشاری مەککەی پیرۆز لە دایک بووە. هەر لە مەککەدا گەورە بووە و لای زانایانی مەککە خوێندوویە و قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە و زۆر شەیدای زانست و بڵاوکردنەوەی بووە. گەلێ کتێبی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کردووە. بۆ ئەم مەبەستە چاپخانەیەکی پێکەوە ناوە و دەستی کردووە بە چاپکردنی کتێب و کڕین و فرۆشتنی. بەم بۆنەیەوە بووە بە خاوەنی گەورەترین کتێبخانە لە حیجازدا. ئێستا کتێبخانەکەی دراوە بە کتێبخانەی مەککەی موکەڕەمە و بەناوی خۆیەوە و لە بەشێکی تایبەتیدا پارێزراوەوە ژمارەی کتێبەکانی دەگاتە چوار هەزارو دووسەد ناوونیشانی کتێب کە کۆنترین و نایابترین چاپکراو لەخۆ دەگرن. ئەم کتێبانە لە هۆڵێکی گەورەدا- وەک وتمان- بەناوی (ماجد الكردي)یەوە پارێزراون. ئەم کتێبانە یەکەم کتێبخانە و گەورەترین بەشن لەو کتێبخانەیەداو ئاوێنەیەکی باڵاڕوانن کە هەست و بیرو ئاوات و ئارەزووی خاوەنەکەیان تێیاندا ڕەنگ دەداتەوە کە بەڕاستی شێخ ماجید زانایەکی بەڕێز و یەکێک لە گەورە زانایانی (البلد الحرام) بووە. ماڵەکەی جێگەی کۆڕو کۆمەڵی زانایان و ئەدیبان بووە، خۆی ناوبانگی گەورەی لەجیهانی ئیسلامیدا بووە.

لە ڕێگەی چاپخانەکەیەوە کە ساڵی ١٣٢٧ک بەناوی (مطبعة الترقي الماجدية)وە دایناوە و بەناوبانگ بووە بزووتنەوە و ڕابوونێکی زانستی گەورەی لە شاری مەککەدا بەدی هێناوە. دانراوی گەلێ لە زانایانی شاری مەککە و زانایانی دیکەشی چاپ کردووە.

فیهرەست و ببلیۆگرافیای کتێبخانە و چاپکراوی چاپخانەکەی چوار بەرگە، کە مامۆستا ماجید خۆی ڕێکی خستووەو ژیانی دانەرانی ئەو کتێبانەی تێدا نووسیوە.

ئەم دانراوانەی- بێجگە لە فیهرەستی کتێبخانەکەی- هەیە:

١- معجم كنز العمال.
٢- معجم التخاميس، شعر.
٣- المنتخبات الماجدية، ادب.

هیچیان چاپ نەکراون.

ئەم مامۆستایە ساڵی ١٣٤٩ک کۆچی دوایی کردووە.(٦)

دەبێ لەکۆتایی ئەم کورتە باسەدا ئەوە بڵێم: مەبەستم ژماردن و ناونووسکردنی یەکەمە کوردەکان نییە و وەک وتم ئەمە کات و لێهاتوویی و پشووقووڵیی زۆری دەوێت، بەڵکو مەبەستم لەدەرگادانی ئەم باسەیە، بەڵکو کەسانی بەتوانا و لێهاتوو بەدەنگمەوە بێن و هەوڵێکی باش بۆ ئەم بابەتە بدەین.

**پەراوێزەکان:**

**(١) بڕوانە: محمد علي القرەداغی، محمد فيضي الزهاوي نبذة عن حياته و شئي من آثارة، دار آراس للنشر و الطباعة، الطبعة الاولي ٢٠٠٤، ل١٠.**

**(٢) بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.**

**(٣) بڕوانە: مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان (اقتران النيرين في مجمع البحرين) لێکۆڵینەوەی محەممەد عەلی قەرەداغی، بەرگی ١-٩، چاپخانەی جیاجیا و ساڵانی جیاجیا.**

**(٤) بڕوانە: محەممەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی چوارەم، چاپخانەی (الخنساء) بەغداد، ١٤٢٢ک- ٢٠٠٢ز چاپی یەکەم، ل٣٧٧.**

**(٥) بڕوانە: اعلام المكيين من القرن التاسع الى القرن الرابع عشر الهجري، جمع و تصنيف عبدالله بن عبدالرحمن بن عبدالرحيم المعلمي، الجزء الثاني، مؤسسة الفرقان للتراث الاسلامي، ص٨٠٠.**

**(٦) بڕوانە: علماء الكورد و طلابهم الاندونوسيين(!) آثار التأثير الكوردي في اندونيسيا، بقلم مارتن فان بروينسن. (لە ئینتەرنێت وەرگیراوە).**

# گانتاما سید دهارتها

**لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا**

ئەو ناوەیە کـە بوودا بۆ بڵاوکـردنەوەی بیـروباوەڕو فەلسەفەی خۆی هەڵیبژاردووە نەک ناوی ئەسڵی خۆی، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بوودا تەواو کاری بۆ باوەڕو فەلسەفەکەی کردووە نەک دەرخستنی کەسایەتی خۆی. بەر لە دوو هەزار ساڵ فـەلسـەفـەو ئایینی بوودایی لە باکووری هیندستان دەرکەوتووە، کاریگەری زۆری لەسەر ژیان و ڕۆحی وڵاتەکەی جێ هیشتووە، زۆر پێش ئەوەی بوودا لەسەدەی سێزدە لە هیند ون بێت، دەرگای سین و یابان و باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیـاو هەروەها ئیندەنووسیاو تیبت و پاشان مەنگۆلای واڵاکردووە.

فـەلسـەفـە یان ئایینی بوودا چۆتە نێـو کـولتـووری ئەم وڵاتانەوە، تا ئەمـڕۆ لە تەک ناوبانگی ئایینی وەکـو فەلسەفەی ئەدەب و هونەرو پۆلەتیک و ئابووری، فیکرو فـەلسـەفـەی بوودایی کـاریگەری زۆری لە ئەمـریکا و ئەورووپا هەبووە. گـانـتـامـا سـیـد دهارتهـا دەورێکی مێژوویی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی فەلسەفەو بزووتنەوەی بوودایی کـە نازناوی (بوودا)ی واتە «بە ئاگـا، یان هەڵساو»ی هەڵبژارد لە جیاتی ناوی خۆی یان خێزانی، لەم وڵاتانە ناوی دەرکرد.

لە سـەدەی نۆزدەدا ئەورووپییـەکـان دەسـتـیـان بە لێکۆڵینەوە لەسەر فـەلسـەفـەی بوودایی کرد. ئیـمـیلە سـیـئنارت ١٨٤٧- ١٩٢٨ بوودایی بە چیـرۆکی خـۆر دانا. ئەو وڵاتانـەی بوودایی بوون بۆ مـاوەیەکی زۆر کۆلۆنی، یان ئابووری و سیاسی بە ئەورووپاوە لکابوون

لەم کـاتەشـدا لەنێـو ئەم مـیللەتانەدا بانگێـشـتـە بۆ ڕۆشنبـیـری ئەوروپی دەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش باوەڕو هەسـتـێکی بەهێـز هەبوو کـە دانی بەوە دادەنا کـە لە دەرەوەی ئەورووپاش کـەسایەتی خـۆی هەیە، کـە لەگـەڵ فەیلەسووفە یۆنانییەکان دەتوانرێت پێوانە بکرێت.

بوودا تاکە پرسیار لێکەری مرۆڤەکان بوو لەلای گشت نەتەوەکـانی ئەم ناوچانە بە هەمـوو چین و توێژەکـانەوە، مـاوەیەک لێپرسراوی کۆمەڵایەتی و سزایی لەسێدارەدان بوو، چارەسەری کێشەکـانی هاوسەریەتی و تەڵاقدان و ئامـۆژگـاری بازرگـانەکـان بوو لە ڕووی دەوڵەمـەندبوون و چۆنیەتی قازانج کردندا.

کـۆمـەڵێـک وشەی بوودایی وەکـو (ئـایین، ڕزگـارکـەر، کـەسـیـەتی، مـردن) لەلایەن خـوێنەری ئەورووپایی زۆر جێگەی بایەخ نەبوو، هەروەها زۆر ڕستەی بوودایی هەیە کە لە پێکهاتەی ڕستەی ئەورووپی هیچ مانایەکی نییە وەکـو «ڕزگـارکـەر بۆ ئەو هەیە، نییـە، هەردووکـیـان، یان هیـچـێکیـان، لەلای بوودا ڕزگـاربوون کـاتێکە ئەویش گـەیشتن بە (نیـرڤـانا)یە. حـاڵەتی نەبوون و نانەبوون، نەهەردووکـیـان، نەهیـچـێکیـان. بۆ ئەورووپیـیـەکـان بـاگـراوندێکی بەنرخ بوو، نەک هەر بۆ زمـان، بەڵکو گـــواســتنەوەی بۆ ئەوانی تر، لۆژیـک و ڕێگەیەکی هەستییە.

زۆرترین کارەکانی بوودا، یان بڵێین نزیکترین کەس کە مـــاوەیەکی زۆر یاوەر و گـــوێگری بوودابووە ئەویش (ئاناندا)ی کوڕی مامی کە دوای مردنی بوودا ۸۲۰۰۰ هەزار گوتەی ئەوی کۆکردووەتەوە کـە گویێ بیسـتـی بووە لەگـەڵ ۲۰۰۰ هەزار گـوتەی تر کـە خـەڵکی بۆیان گێڕاوەتەوە، لە هەموو گێڕانەوەکانیش بەم ڕستەیە دەست پێدەکـات (ئاوها من گـوێ بیـسـتـی بووم) ئەمـەش لە ڕێگەی ٥٠٠ لە قوتابییـە باشـەکـانی لە باکووری هیند گـوازراوەتەوە بە ڕێچکەی دەم بە دەم چەندین سـەدە تا فۆڕمی نووسینی بە زمانی (سەنسکریت)ی هیندۆپاڵی نەک بە زمـانی دایکی (گـواتامـاس) کـە زمـانی «ماگادهی» بوو. فەلسەفە، یان بزووتنەوەی بوودایی بڕوا هەڵگرێکی زۆر و خۆڕاگری زۆری هەبووە لە ولایەتەکانی هیند کە بە خێرایی لە گەشەسەندندا بوو.

بیـۆگرافیایی بوودا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەیی ٦-٤ پێش زایین، هاتنە ناو ئەدەبیش دەگەڕێتەوە بۆ ٥٦٠- ٤٨٠ی پێش زایین.

بوودا لە خـێـزانێکی دەوڵەمـەند و دەسـەڵاتدار بووە، باوکی خـاوەنی دوو ژن بووە، لەگـەڵ ئەوەش کـە بە ناو کـوڕە مـیـرنشین بووە، بەڵام لەوکـاتەی بوودا لەسکی دایکی بـووە، بەسـەفـەر دایکی بەرەو مـاڵی باوکی خـۆی بەڕێوەبووە لە (کاپیلاڤاستڤ) بەرەو (لامبینی) نیپالی ئێستا، لەنێو دارستانێکی بچووک بوودا چاوی بەدنیا هەڵێناوە، دوای ئەم سـەفـەرە، دایکی کـۆچی دوایی کردووە. لە دایکبوونی بوودا دەرگا واڵاکردنی جیهانێکی تازەبوو لە مێژووی مرۆڤی ئەم ناوچەیە.

بوودا هەر لەسەرەتاوە خۆی وەکـو هەڵکەوتەکـانی سەر زەوی ناساند، بە گوێرەی وەسفەکان قوتابییەکی بێدەنگ و لەسـەر خـۆ بووە. یەکەم پرسـیـاری لە مـامـۆسـتـاکـەی (فیرامیترا) ئەمە بوو:

کامە نووسین دەخوازیت، فێری منی بکەیت، براهمی، خارۆشهی، پووشکاراساری، یان نووسینی ئانگا، فانگا یان مـاگـاداهی... دوای ئەوەی چەند جـۆرێک تری نووسینی بۆ ژمارد، لە کۆتاییدا وتی: کامە لەو شەست و چوارنووسـینە دەتەوێت فـێری منی بکەیت، مـایسـتـەری من؟

مامۆستا واقی وڕما، سەراسیمە بوو لەو منداڵە وتی: بەڕاسـتـی سـەیرە وەکـو بوونێکی پاک لەسـەر زەوی لە کـاتێکی گـونجاو، کە جیـهـان پێوستی پێیـە، سەرەڕایی ئەوەی هەموو کتێبەکانی خوێندنی خوێندووە، هەموو ئەو نووسینانەش کەمن تا ئێستا ناوونیشانیان نازانم، لەلای ئەو دەمێکە بەسەرچوون و خوێندراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەش هەر دێتە قوتابخانە!

ژیانی بوودا وەکـو خۆی دەڵێت لۆکسۆس بووە، لەسەر دەست ڕاگـیـراوەو خـزمـەت کـراوە، لە ڕادەبەدەر ڕێزی گیـراوە، لە ماڵی باوکی هەمـوو شتێکی بۆ دابین کراوە، شوێنەکەی پڕبووە لە گوڵی گەشاوەی شین، لە شوێنێکی کـە گـوڵی سـپی، لە شـوێنێکی دیکە سـوور. جلوبەرگی تایبـەتی بۆ دەهات، ڕۆژ و شـەو چەتری سـپی لەسـەرم ڕاگـیـرابوو، تا سـەرمـام نەبێت و گـەرما کـارم تێنەکـات، تۆزاوی نەبم.

بوودا دوای ئەوەی شـازدە سـاڵ لەگەڵ کـچی (سـاکـیـا) خـێـزانداربووە، گـومـانی ئەوەش هەیە لەگـەڵ ژنی کـەش ڕابیـواردبێت، بۆیە دەگـاتە ئەو بڕوایەو دەڵێ: من هیچ

جەستەیەک ناناسم، هیچ دەنگێک، هیچ بۆنێک، هیچ تامێک، هیچ بەرکەوتنێکی جەستەیی، کە بیرکردنەوەی ژن وادەبەستێتەوە، وەکو جەستەو دەنگ و بۆن و تام و بەرکەوتنی جەستەی پیاو.

گەنجیەتی بوودا تەنیا چێژ وەرگرتن و ڕابواردن نەبووە، بەڵکو هەر زوو خەریکی یاساو بەڕێوەبردن بووە، وەکو دوایی بووە سەرچاوەیەک بۆ یاسا دانەرو ڕێکخراوەکان لە ناوچەکەی خۆیدا، هەروەها ماوەیەکی زۆر بۆ شەرکەرەکان (سەربازەکان) وانەی دەوتەوە. هەر زوو لە تافی گەنجیەتیدا هەستی بە فەناکان کردووە، وەکو دەڵێ: لەو کاتەی من لە ماڵەوە دەژیام ئەو شتانەم وەردەگرت کە لە ڕێگای پێنج هەستەکانەوە دەهات.

من بە چاو چێژم لەشتە بینراوەکان وەردەگرت، بە گوێچکە لە نەغمە، بە بۆن لە بۆنی گوڵاو، بە تام لەشەربەت، بە جەستە لەبەرکەوتن وەک ئەوەی ئارەزووم دەکرد و خۆشیم لێدەبینی لە ماوەی باران بارین موزیک ژەنەکان، موزیکیان بۆ دەژەنیم، منیش پالاستەکەم جێ نەدەهێشت، بەلام دوایی ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت کە چۆن بە ڕووکەشی خۆشییەکان لە دایک دەبن و دووبارە دەمردنەوە، ئاسوودەیی و پەژارەی چین لەم بەینەدا و چۆن مرۆڤ رزگار دەبێت لەمانە. لێرەوە گرینگترین بەشی فەلسەفەی بوودامان بۆ دەردەکەوێت: نا بەردەوامی شتەکانە. خۆشییەکان نا ئارامت دەکەن کاتێک نامێنن و دەڕۆن، گەر لەو ساتە سەیریان بکەیت وەکو خەفەتێکی گەورە دیاردەبن.

بوودا دەیەوێت ئەو سەرنج و ساتانەی کە لە جیهان بەردەوام نین و ئەو خودەی کە هیچ دەورێکی نییە، بەرێکەوت فێرنەبێت، بەڵکو بەهیوابوو، ئەو خەفەت و پەژارەیەی کە ئەو لە ڕێگەی شەوق و ئارەزووەی خۆشییەکی فەنا پێدەگات، لە ڕێگەی کۆنترۆڵ و پێیان بە خۆداگرتنەوە لە خۆی دوورکاتەوە بە هەر مەرج و ئارەزوویەک لەلای بوودا ڕوون ببۆوە کە ئەو ئاسوودەیی و خۆشییە لە کوێوە سەرهەڵدەدەن، لە جیهانی چێژ، بەلام لەم جیهانی فەنایە کە دەردو خەفەت سەردەکەوێت، ئەمە نائومێدییە. وازهێنان لە مەرج و ئارەزووەکان بوودا بەتەنازولی نازانێت، چونکە پاش ئەوەی یاسای لە دایک بوون و پیربوون و نەخۆش بوون و مردن کەوتنە ژێر غەم و هەڵەوە. بیرم کردەوە: بۆچی من هەوڵ دەدەم پاش ئەوەی ئەو یاسایە دانرا، پێویست ناکات من باشتر بم، چونکە من زەرەرمەندی تێدا دەبینم، هەوڵدان بۆ ئەوەی چ لەژێر ئەم یاسایە نییە بۆ گەورەترین ئاشتی. بوودا زانی چۆن بەدوای ئەو شتانەدا دەگەرێت کە دەستەوەستانی فەنابوون نەبوونە لە پێوەندی خێزانی و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەست بوونیان، لێرەدا دەڵێ: ماڵ بەندیخانەیەکە، شوێنێکی پیسە (سرامانا) زاهید دەبێ لەژێر ئاسمانی ئازادبێت. لە تەمەنی ٢٩ ساڵی بوودا سەروریشیشی بەردایەوە و ڕووی لە جیهانی بێ ماڵی و خێزانی کرد. گرینگترین هۆکاریش سەرسوڕمان و سەرنجدانی بوو لەکاتی گەڕانی بە سێ ڕێکەوت، ئەمەش بینینی پیاوێکی پیری کوور و خوار بە یارمەتی گۆچانەکەی خۆی ڕاگرتبوو، هەروەها بینینی پیاوێکی نەخۆشی سیسبووی لەسەرخۆ و زۆر بە هێواشی دەتوانێت بجوولێت، بێ دەسەلات کە لەنێو پیسایی کەوتبوو، خەڵکی تر هەڵیان دەگرتەوە و پاکیان دەکردەوە، دوایی چاوی بەکاروانێکی خەڵکی غەمبار دەکەوێت کە بە دوای مردوویەکەوەن.

لێرە بەدواوە بوودا کەوتە گەڕان بەدوای ئەو شتانەی کە لەژێر یاسای نهێنی و وندا نین، چەندین ساڵ چەندین ڕووبەڕووبوونەوەی تیۆرو پراکتیکی لەگەڵ فەیلەسووف و خواناسان و لە نهێنی دوان و هونەرمەندانی جادوو. بێ ماڵی، یان بڵێین ژیانی دەروێشی لە کۆمەڵگای هیندی کولتووری تایبەتی خۆی هەبووە و قبوولیش بووە، چونکە مێژوویەکی کۆنی هەبوو سەرەتا ئارییەکان خۆیان لەم نەریت و ترادیسیۆنە دەروێشییە بەدوور دەگرت، بەڵام دوای ساڵانێکی زۆر چینی ڕەسەن و بەرزی ئارییەکان وردە وردە ئاوێتە بەژیان و نەریتی دەروێشی بوون.

بڵاوبوونەوەی ترادیسیۆنی بێ ماڵی و خۆ بە ئازاد زانینی ئەو کەسانەی تێکەڵ بەو نەریت و عادەتە دەبن، دانەنانی هیچ مەرج و سنوورێک بۆ ئەو کەسانەی ئارەزووی هاتنە نێو ئەم ژیانەیان هەیە، ئەم ڕێگە بێ ماڵییەی بوودا ئەلتەرناتیڤێک بوو بەرامبەر سیستمی «چینی داخراو» کە خەڵکی ئاسایی ئەگەر بەهێزترین ئارەزووی ئایینیشی هەبووایە نەیدەتوانی ببێتە ئەندامی ئەم چینە کە پێکهاتبوون لە (ڕۆشنبیران، شاعیر، بیرمەند، چینی بەرز) بۆیە چینە پارێزەرەکان ڕقیان لەم بیرە هەڵگرت بە بیرێکی تازەیان زانی کە کاریگەری لە

چینی ئەوان و فەیلەسووفەکانیش دەکات. بوودا بە ماوەیەکی کەم توانی واتای بێ ماڵی «پاراستنی بەبێ یارمەتی پیاوەپیرۆزە ئایینییەکان، ئازادبوون لە هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گەڕان بەدوای دیسپلینی کەسی» بگات بەڕاستی، بەقبوڵکردنی ئەو بارە دەروونییە نا ئاساییەی کە زۆر بەخێرایی باری ژیانی بۆ خراپترین بار وەرچەرخاند. لەنێو ئەم تاقیکردنەوەیە بێ ماڵییە پەژارەییە، بوودا چارەسەری رزگاربوونی لە دووبارە لە دایکبوونی لە جەستەیەکی تردا، یان باشتر بوونی بەپلەی نیمچە لووتکەی ژیانی خواناسی دۆزییەوە، کە ئەم پلەیە خەڵکی کە دەیانخواست لە ئەنجامی خۆ بە ئاژەڵکردن چاولێکردنەوەی لە خواردن و نووستن لەسەر زەوی ڕووت. بوودا ئەم جۆرە ژیانەی بەشێوەیەک تاقی کردبۆوە، چۆتە هۆڵی ئاژەڵەکان کاتێ کەسی لێنەبووە، خۆی لە گوانی گۆلکەکان تێرکردووە، ماوەیەکی زۆر بەڕووتی سووڕاوەتەوە و پیسییەکی زۆری بەلەشی ماوەتەوەو بۆتە قەتماغە، بیری لەوە نەکردۆتەوە خۆی لەم پیسییە پاک بکاتەوەو خۆی خاوێن ڕاگرێت، بەنێو مەیتی کوژراوەکانی مەیدانی شەڕەکان گەڕاوە و ئێسکەکانی کۆکردۆتەوە، شوانەکان هاتوون و تفیان لێکردووە و میزیان پێداکردووە، قوڕیان تێگرتووە.

ئەم جووڵانەوە خواناسییە کە تا ئەمڕۆ لە هیند بوونی هەیەو بەردەوامە، ئەوەندە ڕۆچوون و وردبوونەتەوە وایان لێهاتووە بە ئاگایەکی زۆرەوە هەنگاو دەنێن، نەبادا پێ لە زیندەوەرێک بنێ و بە مردنی پێش لە ڕزگاربوونیان بگیرێت و لەپڕ لە پەژارییەوە لە دایک ببێتەوە. هەنگاونان زۆر گرینگ بووە، تا گەیشتۆتە ئەوەی بوودا ئاگاداری دڵۆپە ئاوەکانی ڕێگەشی بووە. بۆ جیاکردنەوەی «جیڤا» لە جەستە، واتە ڕێگرتن لە دووبارە لە دایکبوونەوە، ئازاری زۆری خۆیانداوە وەک: کەم خواردن و کەم هەناسەدان، بوودا هەوڵی داوە کاتێکی زۆر هەناسە ڕاگرێت تا وای لێهاتووە هەست بکات بە گوێ هەناسە وەردەگرێت. تاقیکردنەوەکانی بوودا زۆر ئازار بەخش بوون وەکو دەڵێت: وەک ئەوە وابوو، پیاوێکی بەهێز بەخەنجەر کەللەی سەرت کون بکات، یان شەرکەرێک بە چەقۆ ورگت بدڕێنێت. خواردنی زۆر کەم کردۆتەوە تا وای لێهاتووە هەست بەبڕبڕەی پشتی بکات لە لاوازی. (هەڵساو) لەو ڕۆژە هات کاتێ بوودا لە شوێنێکی سەوزی جوان، بەرانبەر دارستانێکی بچووک، پێکانی بەتەواوەتی لەسەر زەوی ڕاگیربوون، بە برسیەتی و ڕۆژوگرتن ڕووبەڕووی مردن ببۆوە، ئەم ئازارە بوودای بەرەو خۆشییەکی بەردەوام برد، کە سەرەتا لێی بە گومان بوو، بەڵام کەزانی دوورە لە حەزو شتە بێ ماناکان قبووڵی بوو، کە ئەمەش بەهێزی بیرەوەرییەکانی سەردەمی لاوی بوو، لەو کاتەی لەبەر فێنکایی سێبەری دارێک دوور لە هەموو حەزو شتە بێ چارەسەرەکان و بێ ئیمانەکان، هەوڵی یەکەم: ڕۆچوونم بەنێو خۆمدا هەستم بە دڵخۆشی کرد، لەو بیرکردنەوەیە زانیم ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ هۆشیاربوونەوە. خۆشی پەیوەستە بە ڕۆح، بیرکردنەوەیەکی قووڵی بەرسێبەر دوور لە گشت هەوەس و هیوایەک، بەبێ بیرکردنەوە لە ویستێک، یان چارەسەرکردنی شتێک، تەنیا و تەنیا لەگەڵ خۆت بیت، دانیشتنەکەت، هەناسەدانت، چاولێکنان و هەستکردن، بێ ئارەزوویی، بووە جێگەی گرینگی و ستیلی بوودا تا گەیشتە ژیانێکی ناوەوە کە بە چوار ڕۆچوون وەسفی دەکات، یەکەم ڕۆچوونە گەشتێکی هێمنی بیرەوەرییەکانت بەنێو ئارەزوو و هیواوە بەرەو گۆڕان لە چاوترووکانێکی ئازاددا. دووەم ڕۆچوونی ڕاگرتنی بیر و هێشتنەوەی لە حاڵەتێکی هێمنی بە تەرکیز. سێیەم ڕۆچوونی هۆشیارمانەوە، چی ڕوودەدات بەکاری بیرکردنەوە، یان حەز، پاشان جێ هێشتنی لە دوای خۆت. چوارەم ڕۆچوونێ کە چۆن پەژارە جێگەی ئاسوودەیی دەگرێتەوە. بوودا ڕۆژێکی تەواوی بۆ ڕۆچوون تەرخان دەکرد.

بوودا بڕوای بە لەناوچوون و گەشەکردنی جیهانەکان هەبوو، بەرزترین ڕاستییەکانی بوودایش: غەم یان بەرگەگرتن، پێگەیشتنی غەم، وەلانانی غەم، وەلانانی غەم و بوون بەڕێبەرو دۆزینەوەی ڕێگا. ناشیرینترین بنەماکانی بوودایش: خۆ بە جوانزان و جوانی پەرستی، دوای دەوڵەمەندی کەوتن، حەزی خۆ دەرخستن.

سەرەتا بوودا ئامادەنەبوو داهێنانی خۆی، تاقیکردنەوەکانی خۆی بە هەموو کەس ببەخشێت، کاتێ دوو بازرگان لە ڕێگا تووشی دەبن و خۆشترین خواردنی پێدەدەن، بەڵام بوودا بە گومان بوو لە بەخشینی تاقیکردنەوەکانی خۆی، نەبادا تێنەگەن و داهێنانەکەی بەشتێکی بێ واتا دانێن و هەوڵ و دۆزینەوەکانی بەبا

بچێت. بۆیە نە بە مەلیک و نەبەخواکانیشی بەخشی، هەرچەندە ئەوانە لەو کەسانە بوون توانستی تێگەیشتنیان هەبوو، بەڵام بە بەخشینی تاقیکردنەوەکانی خۆی، ئەمانە دەبوونە ڕێبەری مرۆڤ و خواکان. بوودا ویستی یەکەم جار بە مامۆستا «ئارادا کالاما، ئودراکا، راماپوترا» بڵێت، بەڵام خواکان پێیان وت کە ئەمانە مردوون، ئینجا بڕیاری دا سەفەری (بنارێس) بکات تا پێنج لە هاوەڵەکانی پێشتری بدۆزێتەوە کە پێش ماوەیەک جیاببوونەوە، لە ڕێگادا تووشی خواناسێکی بێ ماڵ دەبێت و خواناس لێی دەپرسێت: کێ مایستەری تۆیە، لەژێر ڕێبەرایەتی کامە مامۆستا دایت؟ بوودا وەڵامی دایەوە، کە ئەو خۆی ڕێگای هۆشیاربوونەوەی دۆزییەوە، کەس لەسەر ئەم زەوییە و لەژێر خواکان وەکو ئەو نین. ئەم وەڵامە بۆ ئەو خواناسە زۆربوو، بۆیە سەری باداو ڕۆیشتە ڕێگای خۆی. لە (بنارێس) کاتێ بوودا هاوەڵەکانی خۆی بینییەوە، ئەوان بڕیاریان دابوو پێشوازی لێ نەکەن، چونکە پشتی لە ڕۆژوگرتن کردووە، بەڵام کاتێ لێیان نزیک کەوتەوە بەخێرهاتنیان کردو ئاویان بۆ هێنا. ئەم وشەو ڕستانەی بوودا لەم کاتەدا بە مانی وت، بووە دەسپێکی بڵاوبوونەوەو گواستنەوەو بنەمای ترادیسیۆنی بوودایی، گوتەکانی زیاتر بەشێوەی شیعری دەری دەبڕین.

بوودا هەردوو هەوڵدانی کردۆتە بنەمای داهێنانەکانی، تاقیکردنەوەی ماوەی خواناسی، لەگەڵ ئارەزوو و حەزەکانی ژیان کە دوا بێ ماڵی لێکەوتەوە، گوتەکانی بوودا زیاتر بەشێوەی شیعری دەردەبڕان بۆ ئەوەی لەکاتی گەیاندنی بابەتەکانیدا کاریگەری هەبێ. بوودا لەبارەی نەریتی ئەوکەسانەی یان توێژانەی بڕواو هیوایان بەدوای مردنەوە لەگەڵ خواکان هەبوو وەکو ئەو کەسەیە کە دەڵێت: من جوانترین ژنم خۆش دەوێت لەم وڵاتە و حەزم لێیەتی، بەڵام گەر پرسیار لەم کەسە بکەیت لە بارەی چین و ڕەچەڵەکی ئەو ئافرەتە یان ناوی، ڕەنگی، ماڵ و جێگەی، ئەوە بەنازانم پێدا دەگرێت. پرسیار ئەوەیە: ئەوەی تۆ خۆشت دەوێت و حەزت لێیەتی، کە تۆ نایناسی و هێشتان نەتبینیوە؟ ڕازییە لەسەری. ئەم وشانە دەیسەلمێنن کە ئەم کەسە، یان پیاوە هیچی تر نییە بێجگە لە قسەکردنێکی بێ بیرکردنەوە. لەجیاتی بەهیوابوون بۆ ئایندەیەکی نادیار، دەکرێ ئەگەر دوو کەسی خۆشەویست، لێرەوە بگرە لەوێش یەکتر ببیننەوە، ئەوە دەبێت هەردووکیان بۆ بڕواو پاکی هەڵسوکەوت و ئازادی یەکسان هەوڵ بدەن، ئینجا بەیەکەوە لێرەوە بگرە لە داهاتووش یەکتر ببیننەوە. بوودا خۆی لەو فەیلەسووفانە و کەسانە دوور دەخستەوە کە گرینگییان بەسەرەتاو کۆتایی، سنووردارو بێ سنووری جیهان و ئەسڵی مرۆڤ و دوایی مردن دەدا، بە تیۆری ڕزگاربوونیان دادەنا. ئەمانەی بەوە وەسف دەکرد کە بەکوێری لە دایک بوون. هەر ڕوونکردنەوەیەک و تەفسیرێک لەسەر جیهان و بوونی مرۆڤ و فەنای ئەم ژیانە تەنیا کات بەفیڕۆدانە، کێ بیر لەمە دەکاتەوە، ئەوە تووشی بەستنەوەی بۆچوون بووینە. ئەو مرۆڤەی داوای وێنەو بۆچوونی تەواو لەم بارەیەوە دەکات، یان دەیەوێت، وەکو ئەو کەسەیە کە بەتیرێکی ژەهراوی برینداربووبێت و بە دکتۆر بڵێت من ناهێڵم ئەم تیرە دەربێنی، تا نەزانم، ئەو شەڕکەرە کەسێکی (برمانا) چینی زاناو پیاو چاک بووە، یان بازرگان، یان جووتیار بووە، تا ناوی خۆی و باب و باپیری نەزانم، تا نەزانم گەورەیە، یان بچووکە، یان مام ناوەندییە، سپی پێستە، یان ڕەش پێست، یان بۆرە پێستە، تا نەزانم پەڕەکانی سەر تیرەکە هی چییە؟ هی هەڵۆیە، یان کەڵەشێر، یان جۆرە باڵندەیەکی ترە، تا نەزانم کەوانەکە هی پێستی چێڵە، یان گام«ش، یان حوشتر، هەروەها سەری تیرەکە چۆنە؟ پێش ئەوەی ئەم هەموو شتانە بزانێت، ئەوە بریندارەکە مردووە!

**بیلەفیلد - ٢٠٠٦/٢/١٥**

**سەرچاوەکان:**


**(1) Buddha Mit Selbestzeuguissen und Bild dokumenten dargestellt Volker Zoty.**
**(2) Die Lehren Buddha Texte aus dem Buddhistischen Pli-Kamon Von Karl Seidenstucker**

# ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە جیهاندیدی فەلسەفەدا

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

١- پێوەندی نێوان فەلسەفە و ئەدەب وەنەبێ شتێکی ڕوخسارەکی و دیاردەیەکی نوێ بێت، هەر لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە سەرنج بۆ ئەم لایەنە ڕاکێشراوە. ئەم سەرنج ڕاکێشانەش دواتریش بەپێی مەبەست و ئامانجی لایەنەکە خۆی ناوەڕۆک و ڕوخساری ئەم پێوەندییەی دیارو دەستنیشان کردووە. بۆ نموونە ئەفلاتوون وەک فەیلەسووفێکی ئایدیالیستی کۆنسێرڤاتیڤ، هەڵوێستێکی بە پارێزی بەرانبەر بە ئەدەب بەگشتی و بەرانبەر بە شیعر و هونەر بە تایبەتی هەبووە کە دەکرێ لەگەڵ هەڵوێستی ئایینەکاندا بەگشتی بخرێنە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە.

ئەفلاتوون لە کۆمارەکەیدا بڕیاری داوە چەپکە گوڵ بداتە دەست شاعیر و داوای لێ بکات کۆمارەکەی بەجێ بهێڵێ، چونکە لەم کۆمارەدا کە ئەفلاتوون ڕەنگی ڕشتووە و بەردی بناغەکەی داناوە جێگای ئەم جۆرە بیرکردنەوە و بابەتە نابێتەوە.

لە ئایینە جیهانییەکانیشدا، لە جوولەکە و مەسیحی و ئیسلامدا، بەوپەڕی سڵ و پارێزەوە تەماشای شیعر و شاعیران کراوە. تەنانەت لەسەرەتای پەیدابوونی ئایینی ئیسلامدا ئەوەندەی نەمابوو شیعر و شاعیران لەبیربچنەوە، سەرەڕای ئەوەی لە قورئاندا شاعیر بە مرۆڤێک دانراوە کە لە هەموو دیزەیەکدا ئەسکوێیە، قسەی زارو کرداری لە یەکتری جیاوازن(١).

وەک لە سەرچاوەکانەوە دەردەکەوێ فەلسەفەش بەپێی قۆناغ و سەردەم هەڵوێستی جیاواز لە بارەیەوە بەدی دەکرێن. ئەو سڵ و پارێزەی بەرانبەر شیعر و شاعیران نیشان دراوە ئامانجێکی دیاری هەبووە بریتیی بووە

لەوەی خوازراوە، شیعر و شاعیر هەڵوێست و ناوەرۆک و ڕوخساریان بەو جۆرە بێت کە لێیان داوا دەکرێت. ئەمەش لە هەمانکاتدا فەلسەفەی گرتۆتەوە. لەلای ئەفلاتوون وای لێکراوە، یان هەوڵ دراوە ناچار بکرێت ببێ بە ئامرازێکی پەروەردە و پێگەیاندنی سیاسی. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کە بەسەدەکانی دەست ڕۆیشتنی ئایینە جیهانییەکان (مەسیحی و ئیسلام) دادەنرێت، فەلسەفە ناچار کراوە ببێ بە پاڵپشت بگرە ببێ بە داردەستی لاهووت و کارو دۆگماکانی ئایین و دەستبەرداری سەربەخۆیی خۆی ببێ کاتێک ئەمە نەچۆتە سەر لە جیهانی مەسیحیدا (لە پاریس) لەلایەن قەشە تێمپیر و لە جیهانی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتدا لەلایەن ئیبن تەیمیە، فەتوای قەدەغە کردنی دەرکراوە. (من تمنطق فقد تزندق).

ئایا ئەم دوو چارەنووسە لە یەک چووی هەردووک بابەتی فەلسەفە و ئەدەب سروشت و تایبەتمەندییەکی هاوبەشن و ناوکۆیی هەردووک بابەت نیشان دەدات؟! ئەگەر ئا ئەو تایبەتمەندییەی ئەو پێوەندییە سەرنجڕاکێشە کامەیە؟!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و چەندین پرسیاری تر، لەم نووسینەدا بابەتی ئەدەبی ڕۆمانتیکی لەگەڵ فەلسەفەدا بە هەردوو لایەنی لەبار و نالەباردا بەراورد دەکەین و هەوڵ دەدەین تایبەتمەندی هەردووک لایان کە لەلایەک لە یەکترییان نزیک دەکاتەوە و لەلایەکی ترەوە سەربەخۆیی و سروشتی جەوهەری هەر یەکێکیان ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە ئەوەندی لە توانامادا بێ شی و توێ توێ بکەین.

ڕۆمانتیک وەک بزووتنەوەیەکی بەپێزی ئەدەبی و هونەری گۆشکراو بە شیری فەلسەفە و سیاسەتی سەردەمی خۆی لەسەدەی نۆزدەیەمدا پەیدا بووە، وەک لە بەرهەمی ڕابەرانیدا بەرچاو دەکەوێ پشت بە ئەندێشە و هەست و سۆز دەبەستێ و جڵەو بۆ ئەسپی باڵداری خەیاڵ شل دەکات و لەجیهانی پڕ ئەفسووناوی خۆیدا تاوی دەدات، بەڵام فەلسەفە بەپێی تایبەتمەندی خۆ هەر لەو کاتەوە کە لەسەردەمی کۆنی یۆناندا خەت و خاڵی داوە پشت بە ژیر و مەنتیق دەبەستێ، هەست و سۆز دەخاتە چوارچێوەیەکی تایبەتییەوە کەم تا زۆر لە بواری توێژینەوە و شیکردنەوە و بڕیاردان و ئەنجامگیریدا ئەگەر هەوڵی دوورخستنەوەیان نەدات، ئەوا بەپێی پێویست و ناچارەکی نەبێ پشتیان پێ نابەستێ. ئەم ڕەوشە تایبەتمەندی هەر لایەک لەم دوو لایەنە، بەپوختی، نیشان دەدات، کەوابوو دەبێ ئەو خاڵانەی لە یەکترییان نزیک دەکاتەوە کامانەبن؟!

ئەگەر هەمیشە هەوڵ درابێ فەلسەفە سەربەخۆیی خۆی لە دەست بدات و بێ بە ئامراز و پاشکۆی بابەتێکی تر، چ ئایین، چ سیاسەت...تاد، ئەوا ئەم ڕێبازە ئەدەبییە گرنگەی ڕۆمانتیکیش کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا هەبوونی کاریگەری کردەکی خۆی هەبووە، سوودی لە دەوروبەری خۆی وەرگرتووە و کاریشی لە دەوروبەری خۆی کردووە، ئەوا تۆمەتی سیاسی و ئایینی خراوەتە پارسەنگ و دراوەتە پاڵ. هەندێ شارەزا لەو باوەڕەدابوون کە گوایە ڕێبازی ڕۆمانتیکی بە کوڵک و پێستەوە تایبەتمەندی کۆنەپارێزی نیشان دەدات و ئەو گازندەیە کراوە، گوایە، ڕێگای بۆ بزووتنەوە کاولکارەکەی ناسیۆنال سۆسیالیزمی ئەدۆلف هیتلەری دامەزرێنەری ڕایخی سێیەمی ئەڵمان خۆش کردووە. هەروەها پشت بەو هەڵکەوتە دەبەستن کە دوای شۆڕشی مەزنی فەرەنسا ساڵی ١٧٨٩ز لەم ڕێبازە دەرکەوتووە و جان جاک ڕۆسۆ وەک ڕابەرێکی گیانی و کولتووری سوودی لێوەرگرتووە. گوایە ئەمە سەرەتایەکی پەیدابوونیەتی و ڕوخسارێکی سیاسی نیشان دەدات!

٢- فەلسەفە بابەتێکی هوشیاری کۆمەڵایەتییە، جۆرە هاوسەنگی و تەرازوویەک لەنێوان بابەت و شێوازی دەربڕیندا نیشان دەدات، فەیلەسووف بۆ ئەم مەبەستە بەپێی بۆچوونی خۆی و بەپێی پلەوپایەی لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری کۆمەڵدا پەیڕەوێکی دیاریکراو و ڕێگایەکی ڕەنگ بۆ ڕێژدراوە لە چوارچێوەی ئەو میتودەدا دەگرێتەبەر.

دەبێ ئەم لایەنە لەلای ڕێبازی ڕۆمانتیکی بخرێتە کام خانەوە و بە چ لایەکدا بشکێتەوە، ئایا قسەکەی نووسەری ناودار و بەناوبانگ (بۆدلێر) چەندە ڕاستەکە وتوویەتی:

**لە ڕۆمانتیکیدا نە هەڵبژاردنی کەرەسە و بابەت و نە وردەکاری دەربڕین و نە نیشاندان، بەڵکو تەنیا جۆر و هونەر و بابەتی هەست و سۆز گرنگ و بایەخ دارن.(٢)**

ڕێبازی ئەدەبی و هونەری ڕۆمانتیکی لەسەردەمێکدا سەری هەڵداوە کە فەلسەفەی ڕەخنەگری- ترانسندنتالی ئیمانوێل کانت باڵا دەست بووە، هەروەها کەڵە فەیلەسووف و نووسەری وەک هیگڵ و فیختە و شیلنگ

و فۆیەرباخ و کیرکێگارد و نیتشێ و گۆتێ و بایرۆن و هۆلدرلین، بەردی بناغەی تەلارە بڵندە شکۆمەندەکەی ئەو جیهانبینییە بەپێزە فرە ڕەنگ و فرە لایەنەیان داناوە کە شارستانیەتی مۆدێرن و پشت ئەستوور بەبنەماکانی زانست و تەکنەلۆژی سەردەم لەسەری دامەزراوە.

هەموو دیاردەیەکی شارستانی و هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش کۆرپەی گۆشراوی کەشوهەواو سەردەم و هەڵومەرجەکانی خۆیەتی، ئایا ئەم بۆچوونە لەگەڵ قسەکەی تۆڵستۆیدا کە وتوویەتی:

**گۆرانی و سترانی جووتیارێکی ڕووس پتر لە گەورەترین شاکاری ئەدەبی و هونەری و مۆسیقاو سیمفۆنی جیهانی کارم تێدەکات!**

لە ڕوانگەی فەلسەفەوە دەخرێنە چ خانەیەکەوە؟! ئایا ئەم لایەنەی کە ئەم نووسەرەی ڕووس باسی کردووە کە دەکرێ بە لایەنی خودی- خۆیەتی دابنرێت لەگەڵ ئەوەی ڕۆمانتیکی بەگشتی پەنا دەباتە بەر هەست و سۆز و سرووش و ناخی دەروون بە تێکدان و شێواندنی ئەقڵ و ژیر و مەنتیق و ڕاکردن لە ڕاستەقینە و گۆشەگیری ناگەیەنێ؟ یان ئەم لایەنە لەلای خۆیەوە تایبەتمەندی بابەتەکە و ئەو کەشوهەوایە و ئەو هەڵومەرجە ئاڵۆز و هەمە چەشنەو ئەو دەوروبەرە کە ڕابەرانی ئەم ڕێبازەی تێدا گۆش کراون و پێگەیشتوون ساغ و ڕوون دەکاتەوە؟! نابێ ئەوەش لە یادبچێ کە ئەو کەشوهەوا و زەمینەی ئەم ڕێبازە تێیدا هاتۆتەبەر لەکارتێکردنی ئایینی مەسیحی کە ئەمڕۆ بۆتە ئایینی ئەورووپا، بەدوور نەبووە، کەوابوو لەچ بوارێکدا ئەم ئایینە لە دەریای ڕۆمانتیکدا، پەڕیوەتەوە؟!

٣- ئەگەر چاو لە برە جیاوازییەکی نێوان شارەزا و پسپۆڕانی ئەم بابەتە بپۆشرێ، دەکرێ بگوترێ، وشەی ڕۆمانتیک کە بووە بەناوی ڕێبازەکە لە وشەی فەرەنسی ڕۆمانز Romanz کەوتۆتەوە، ئەم چەمکە، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەت و سەرەتاکەیدا زمانی ڕۆمانی خەڵکی سادەی بەرانبەر بە زمانی وشک و بێ گیانی لاتینی کە زمانی زانستی سەدەکانی ناوەڕاست و ئایین و نووسین بووە، نیشان داوە.

لە سەرەتادا وشەکە هیچ جۆرە بۆنی ڕەخنەگرتن و سیمای گازندەی پێوە دیار نەبووە، بەڵکو بەرانبەر بە زاراوە و چەمکیکی کلاسیک کە ئەدەب و هونەر و کەلەپووری ئەنتیکی نیشان داوە، بەکارهاتووە.(٣) هەر لەم وشەیەوە وشەی ڕۆمان کە چیرۆکی درێژ بەرانبەر بە کورتە چیرۆک نیشان دەدات، کەوتۆتەوە.

بەپێی سەرچاوە هەمە چەشنەکان ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەنێوان ساڵانی ١٧٩٠- ١٨٤٠ز لە ئەڵمانیادا چالاک و کاریگەر و دەستبەکاربووە(٤). لەسەرەتادا سەرگەرمی بڵاوکردنەوەو پەخشی ڕەوتی تاکە کەسی و یەکتایی و خۆیەتی بووە و لەدواییدا مشتومالکردنی هەست و هۆشی نەتەوەیی لە بابەت و بەرهەمی ئەدەبییدا کردووە بەسەر مەشق.

نۆڤالیس لەبەرهەمێکدا ساڵی ١٧٩٩ز باسی ڕۆمانتیکییەکانی کردووە، فرە دریش شلیگل ١٧٧٢- ١٨٢٩ز فەیلەسووفی ئیستێتیکی ئەڵمان (فەلسەفەی جوانی و هونەر) بەڕابەری ئەم ڕێبازە لە ئەڵمانیادا دانراوە. کتێبی وتووێژێک دەربارەی شیعر و شاعیر(٥) کە لە ساڵی ١٨٠٠ز بڵاوی کردۆتەوە سەرچاوەیەکی بەپێزی ئەم بزووتنەوە ئەدەبی و هونەرییەیە. جگە لەگۆتێ و نۆڤالیس، شیلینگ کارێکی گەورەی لە پرۆسەی ئەم ڕێبازەدا کردووە. ئەوی لەچوارچێوەی هەڵسەنگاندنی ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەڵماندا سەرنج بۆ لای خۆی ڕادەکێشی ئەو گازندەیەیە کە نووسەری بلیمەتی جوولەکەی ئەڵمان لەم کایەیەدا دەیکات. بەلای هاینەوە:

**ڕێبازی ڕۆمانتیکی ئەڵمان بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری بووە، شا مەبەستەکەی زیندووکردنەوەی شیعر و ئەدەب و هونەری سەدەکانی ناوەڕاست بووە،(٦)، ئەو ئەدەبەی ئەو سەردەمە کە بە جوانی خۆی لە ستران و گۆرانی و سروود و وێنە و تابلۆ و جۆری دروستکردنی خانوو و تەلار و کۆشک و ژیاندا نواندووە.**

هاینە هەر لە هەمان بەرهەمیدا تێکڕای سەدەکانی ناوەڕاستی بەسەدەی بڕوابوون بە شتی نابەجێ داناوە و لەگەڵ سەدەی سەردەمی خۆیدا کە تێیدا دەستبەکاربووە، بەراوردی کردووە و وتوویەتی:

**ئەم سەردەمەمان بەوە ناسراوە کە مرۆڤ شەیدای دراو و پوول و ماڵی دنیایە، بۆیە لەسەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەستی جەرگ بڕ لەژیر و ئەقڵ وەشێنراوە و پەکیان خراوە و ئەم سەردەمی پارەوپوول پەرستنە پەکی هەموو جۆرە هەست و سۆزێکی خستووە.(٧)**

ئەو ڕایەی هاینە کە پتر لە بڕیارێکی پێشیانە دەچێ و بەهیچ بنەمایەکی زانستی توێژینەوە و ڕەخنە و ڕەخنەگرتنەوە پشت ئەستوور نییە، ئەو ئەنجامەش کە

لێی کەوتۆتەوە لەچوارچێوەی هەست و سۆز و گازندەی بێ سەروبەر ناچێتە دەرەوە.

شەیدابوونی پوول دیارە، یان ئەگەر مرۆڤ وردتر بدوێ، دەرکەوتنی بەرچاوی فاکتەر و هۆکاری ئابووری لەژیاندا بەهیچ جۆرێک نابێتە مایەی پەکخستنی «هەموو جۆرە هەست و سۆزێک». پەکخرانی هەست و سۆز لە ئەدەبدا ناکرێ و ناگونجێ، چونکە کە ئەمە کرا ئەدەب و هونەر جەوهەر و سروشت و پوختەی خۆیان لە دەست دەدەن، زانستیش وەک ئامرازێکی توێژینەوە و بنیادنانی پاشەڕۆژ و گۆڕینی کۆمەڵ و چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان سروشتی خۆی و جەوهەرەکەی خۆی لەدەست دەدات ئەگەر لە چالاکی و دەستبەکار بوونیدا پەکی هەست و سۆز نەخات و کارەکتەری بابەتییانەی خۆی ڕاست و ساغ نەکاتەوە.

ئەگەر لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، بە قسەی هاینە دەست لەژێر و ئەقڵ وەشێنرابێ، ڕەوشێک بووە لە هەڵومەرجی سەردەمی خۆی و لە پوختە و ناوەڕۆک و سروشتی ئایینی مەسیحی خۆیەوە کەوتۆتەوە. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە پشت بە بڕوا ببەستێ و بەچاوی دڵ و ناخی دەروون سەرنج بدات، جیهانی ڕاستەقینە بە سێبەر و ناڕاست دابنێ و پەنا بەرێتە بەر ڕێگایەکی ترانسندنتالی سەروو سروشت، نە پێویستی بە ژیر هەیە و نە دەکرێ بە ژیرو مەنتیق بابەت و بڕواکانی ڕاست و ساغ بکرێنەوە، بۆیە پشت کردنە ژیر، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەنجامێکی مەنتیقی هەڵکەوتی ئایین خۆی بووە کە وەک دامەزراوێکی ئایدیۆلۆژی و سەرخان و دۆگم و دامودەزگا کۆنترۆڵی ژیان و کۆمەڵی کردووە.

٤- ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، سوود وەرگرتن لە بابەتە ڕەنگین و لە بارەکانی، ئینجا بەکارهێنانی ئەو بابەتە ڕەنگین و بەپێزانە لە ڕوخسارێکی مودێرنی گونجاو لەگەڵ سەردەمدا لەچوارچێوە و بەرگ و دوو توێی ئەدەب و هونەری و فەلسەفەی سەردەمدا، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانەی ئەدەبی و هونەری کە ناوەڕۆک و ڕوخسارەکە بە جۆرێکی تر خەت و خاڵ بدات، جۆرێکە لە داهێنان و سامانی مرۆڤایەتی کە وەک ئەڵقەکانی زنجیرێک بە یەکەوە بەستراون، پەرەپێدەدات و بەرەو پێشتری دەبات، بۆیە ئەو گازندەیەی هاینە نابەجێ و نارەوا دێتە بەرچاو. ئەگەر «لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بڕوا بەشتی نابەجێ هەبووبێ» ئەمە، وەک هەڵکەوت دیاردە و ڕەوشێک بەهیچ جۆرێک ڕێگا لەوە ناگرێ بەشێوازێکی ڕێکوپێکی سەرکەوتووی ئەدەبی و هونەری کە مایەی سەرنجڕاکێشان و بایەخ پێدان بێت هەڵوێست بەرانبەر بەو «بڕوایە» دەستنیشان بکرێت.

ئەو سەردەمەی هاینە تێیدا ژیاوە، لە ئەڵمانیا، سەردەمی گوڕو تەوژمی فەلسەفەی ئایدیالیستی بووە، هەر لە کانتەوە تاوەکو فیختە، شیلنگ و هیگڵ. ئەم فەیلەسووفانە ئەجیندە و بۆچوونی تایبەتی جیاواز لە جیهانیدی مەتریالیستی (مادیییان) هەبووە و دەکرێ تارادەیەک بەسەردەمی ڕۆحانییەتیش دابنرێت، لاری لەوەش نییە کە دەوری ئایینی مەسیحی تا ئەمڕۆ لە ئەورووپادا بەگشتی و لە ئەڵمانیا بەتایبەتی گەرموگوڕی و کاریگەری خۆی، نەک بە شێوەی سەدەکانی ناوەڕاست، لە چوارچێوەی کۆمەڵگا و ژیاندا لەدەست نەداوە.

ڕاستە نۆڤالیس شەیدای سروشت بووە، لە هەموو شتێکی سروشت و دەوروبەردا جۆرە «موعجیزە»یەکی بەدی کردووە و لەو باوەڕەدابووە کە ڕووەک، دارودرەخت و گوڵ و گیا جۆرە هەست و ژیانێکیان لەبەردایە، بەزمانی تایبەتی خۆیان دەدوێن و گۆرانی و ستران دەبێژن، دەرکەوتنی پایز و گەڵاڕێزانی بەکۆتایی ژیان و مردنی داناوە، شلیگل شەیدای ڕابردوو بووە، بەردەوام سکاڵای لەدەست بەدکاری و زۆر و جەورو ئێش و ئازاری سەردەمی خۆی کردووە. ئەمە هەموو ڕاستە و لەبەرهەمەکاندا دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئەم هەڵوێستە نە بەزینەو نە چاونووقاندنە لە بەرانبەر ڕاستی و ڕاستەقینەدا، بەڵکو تیشکدانەوەی ڕەوش و هەڵومەرجی ئەو سەردەمەیە کە ئەم ڕێبازە و ڕابەرەکانی تێیدا گوشکراون. ئەو نووسەرانە ئەم ئازار و جەور و بوونە ناچارییەکەیان بە هەتوانی سارێژکردنی زامی برینی دوارۆژی بوون داناوە. کەس لاری لەوە نییە کە ئەو خۆرەی سەرلەبەیانیان لە کەل و ئاسۆی بڵندەوە دەردەکەوێ و هەڵدەکشێ وردە وردە بە هەمان گوڕو تەوژم بەرەو ئاوابوون دەچێ و تاریکی شەوەزەنگ جێگای ڕووناکییەکەی دەگرێتەوە، بەڵام ئەمە هیچ کاتێک گازندە و هاتوهاوار ڕەوا ناکات، چونکە دوای ئەم شەوە تاریکە جارێکی تر، سبەینێ، خۆری گەشی تیشک پڕژێن جارێکی تر لە بەندەنی بڵندو بەرزی وڵاتەوە سەرەتاتکە دەکاتەوە. لە دایکبوون و پەیدابوونی شتی نوێ کە مۆرکی سەردەمی پێوە دیار بێ و شایستەی مانەوە بێت،

هیچ کـاتێک بەبێ ئازار و ژانی سـەختـی لەدایکبـوون و چاو هەڵهێنان نابێ و ناکەوێتەوە. ئەو ئازارەی شلیگل لەو سـەردەمـدا دیویەتی ئازارێکی داهێنەرانە بووە، ئەگـەرچی ئەو لە ڕوانگەی ئەدەبە و سـەرنجی داوە، ئازارێک مژدەی ژیانێکی نوێ دەبەخشێ. کورد گوتەنی، ئەوی مەیلی دیتنی جوانی تاوسی هەبێ، دەبێ ئامادەبێ بچێتە ژێر باری چێشتنی ئازار و سەختیەکانی برینی بیابانی دوور و درێژی بەرەو چین و ماچین!. لە فەلسەفە و ئەدەبدا، بە کـلاسیک و ڕۆمـانتـیکییەوە، هەبوونی ئازارو سەختییەکانی ژین هاندەری سەرەکی تێکۆشانی دژ بە ئازاربوون بۆ ئاسانکردنی سەختـییـەکانی ژیان خۆیان.

هەرکـە مـرۆڤ باسی پێوەندی نێـوان فـەلسـەفـە بە تایبەتی فەلسەفەی ئایدیالیستی و ڕێبازی ئەدەبی و ڕۆمانتیک دەکات لە ئەڵمانیادا ڕاستەوخۆ فەلسەفە سەرتاپاگیرە ئایدیالیستییەکەی فەیلەسووفی مەزن گیۆرگ ڤیلهێلم فریدریش هیگل ١٧٧٠-١٨٣١ز دێتە بەرچاو. هەردوو بابەتەکـە شـان بە شـانی یەکـتـری لە کـەشـوهەوای لەیەکـچـوودا چرۆیان کـردووە و پەرەیان سەندووە و هاتوونەتە بەر. تەنانەت دوای کۆچی هیگل و ئەو دیاردەیەی کە بە هەرەس هێنانی ڕێبازی ئایدیالیزمی ئەڵمان ناودەبرێ، پایزی ژیانی ڕێبازی ڕۆمانتیکیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. ئەگەر ئەدەبی ڕۆمانتیک و هونەرە جـۆر بەجـۆرەکـانی بە ئەدەب و هونەری فـەلسـەفی ناو ببرێن، ئەوا فـەلسـەفە لەلای خۆیەوە لەو سـەردەمـەدا لە بۆن و بەرام و چێـژی ئەدەب بەفرە ڕەنگ و جۆرەکانیەوە بێـبـەش نەبووە. هەروەها ئەدیبی فـەیلەسـووف و فـەیلەسووفی ئەدیب ئاسایی لەم سـەردەمـەدا هەبوون و دەسبـەکار بوون. لەم فـەلسـەفـەیەدا کـە بە ئایدیالیـزمی ئەڵمـان ناوی دەرکـردووە، هەروەها لە ئەدەب و هونەرە هاوچەرخەکەیدا چەند تایبەتمەندییەک بەدی دەکرێن کە پتـر کـارەکـتـەر و کـەسـایەتی جـەرمـانی (کـۆمـەڵ و تاکـەکـەسی) ئەڵمـان دەردەخـەن. لەو بوار و گـۆڕەپانی فـەلسـەفـەدا کـۆششی جـوامـێـرانە کـراوە، هەوڵ دراوە سـیـسـتـەمی سـەرتاپاگـیـری فـەلسـەفـە بە لقـە جۆراوجۆرەکانیەوە، میتافیزیک، مەنتیق، تیۆری زانین و ئاکـار و هونەری جـوانی، ڕەنگ بڕێژدرێ، سـیـسـتـەمـە فەلسەفەییەکەی فیختە و شیلینگ و هیگڵ ڕاستی ئەم قسەیە ساغ دەکەنەوە. سەرەڕای ڕشتنی ڕەنگی سیستەم و تەلاری شکۆمـەندی فـەلسـەفـە لەلایەکـەوە، دەوری تاکەکەسی بە گرنگ دانراوە. لەلای فیختە خودی مرۆڤ و سروشت خـراونەتە دوو تای تەرازووەوە، شیلینگ پێ لەسەر ئەوە داگرتووە کە سروشت و دەوروبەر سەرچاوەی زانین و ئەوی مـرۆڤ دەیزانێ و پەی پێ دەبات بە هیچ جۆرێک لەو جەوهەر و پوختەی سروشت و ئەو شتانەی دەوروبەر جـیـاوازنین. هیگڵ کـەپەرەی بەم ڕێبـازە داوە جـەوهەری سـروشت و بوونی لەژێری ڕەهاو بێ سنووردا بەدی کردووە.

٥- ئەگـەر بزووتنەوەی ڕۆمـانتـیکی گـەڕانەوە بۆ سروشت و بایەخدان بە تاکە کەسان و خود و تاکڕەوی بووبێ و بالاًبردنی هەستی نەتەوەیی و نەتەوەپەرستی و کـەلەپووری مـیللی(٨) سـەر مـەشـقی ئامانجـەکانیـان بووبێ، ئەوا ئەو فەلسەفەیەی لە هەمان سەردەمدا سەری هەڵداوە و پەرەی سـەندووە لەلای خـۆیەوە چەند تایبەتمەندییەکی پێوە دیار بووە وەک:

بابەتە سەرەکییەکانی لە بواری میتافیزیک و تیۆری زانیـندا بریتـی بوون لە (بـوون، هیـچ، شت). ئـەم سێ بابەتە توند و تۆڵ بەپێی بۆچوون و سیستەمی فەلسەفەکە و فـەیلەسـووف پلەو شـوێنیـان دیاری کـراوە. ئەم سێ چەمکە کاتیگۆرییە، کاتیگۆری (بیر)یان خراوەتە سەر و لەم سێ خاڵەدا سیستەمەکەیان ڕەنگ ڕشتووە:

- یەک خستن و یەک ڕەنگی کـردنی هەردوو پرۆسەی بوون و بیر، ئەگەرچی هەریەکەیان بە جیاواز و سەربەخۆ دێتە بەرچاو.

- پشـت ڕاست کـردنەوەی یەکـێـتی توند و تۆڵی هەر سێ لای (ڕاسـتی- چاکـەکـاری- جـوانی)یە بە مـانا هونەرییەکەیەوە.

- ئینجا زانست و فەلسەفە بەرانبەر یەکتری خراونەتە دوو تای تەرازووەوە(٩).

ئەگەرچی لە مێژووی فەلسەفەدا بەرانبەر بە بوون و بیر چەمکی تر بەکارهاتوون و بەدوو جەمسەری لە یەکـتری جـیـاواز سـەرنج دراون وەک خـۆ و بابەت، نەفس و لەش..تاد، بەڵام ڕێبازی ئایدیالیستی ئەڵمان ئەم جۆرە یەک ڕەنگی کردنەی لەڕوانگەی جۆرە دیالێکتیکیکەوە سەرنج داوە کە دیالێکتیکی یەک ڕەنگییە، واتە لە یەک چوون و یەک ڕەنگی بوونی لە یەک چوو لەگـەڵ لەیەک نەچووداییە...تاد، هەروەها یەک بوونی کـۆتایی و بێ کۆتایی، سنووردار و بێ سنوور... ئەم دوو ڕەنگییە لە

بواری سروشتیشدا کراوە بە دوو بابەتی شیاوەکی و ڕاستەقینە، ژیر و ڕاستەقینە. لێرەدا ڕستە بەناوبانگەکەی هیگڵ دێتەوە یاد کە وەک بڕیارێک داویەتی و بریتییە لەوەی کە ئەوی ئەقڵ بیبڕێ ڕاستەقینەیە و ئەوی ڕاستەقینە بێ ئەقڵ دەیگرێ(١٠). ئەگەرچی بەجۆرێ جیاواز و لەڕوانگەی سیاسی سەیر و بەپێودانگی هەمەجۆر ئەو قسەیەی هیگڵ توێ توێ کراوە، بەڵام وەک من بۆی بچم هیگڵ مەبەستێکی دیاری هەبووە و بنەمای دیالێکتیکی ڕێبازە ئایدیالیستییە سەرتاپاگیرەکەی پێ پشت ڕاست کردۆتەوە. ئەقڵ سەرپشک و ڕەنگرێژ و ئەندازیارە. ئەوەی دەقەومێ و ڕوودەدات هۆکاری دیار و مەبەستی ڕەنگ بۆ ڕێژدراوی خۆی هەیە، نەدەکرا پەیدانەبێ و نەیەتە دی ئەمە بڕیار و چارەنووس و پرۆژەی بەرەو پێش چوونی ئەقڵ و ژیرە، بۆیە ئەوەی هەیە لەڕوانگەی ئەقڵەوە و بەپێی پێودانگی ژیر ڕەوایە و پاکانەکەی خۆی لەخۆیدایە و لەگەڵ خۆیەتی. ئەم بڕیارەی هیگڵ لەڕاستییەوە دوور نییە. وردبوونەوە لە پرۆسەی پەرەسەندن و بەرەو پێش چوونی مێژوو بە هەموو جۆرە کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسییەکەیەوە بڕیارەکەی هیگڵ پشت ڕاست دەکاتەوە. ئەگەر چەمکی ئەقڵ و ژیر ساتێک بخەینە لاوە و لە ڕوانگەیەکی بێ لایەنەیەوە سەرنجی بابەتی پەرەسەندنی مێژوو بدەین بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێکوپێکی لە هەموو کات و شوێنێکدا بنەڕەت و بنەمایە و ئاژاوە و ناڕێکوپێکی چەند دیاردەیەکی ساتەکی بوون پتر هەبوونی ڕێکوپێکی و دیسپلین و نەزمیان ساغ کردۆتەوە. ڕاستە لەڕەوتی گۆڕان و بزاڤی نەسرەوتی مێژوودا ئەگەر ساتمە و هەڵەنگوتن و پاشەکشە و گلان و سڕبوون و دواکەوتن بەرچاو بکەون ئەوا ئەمانە هیچ کاتێک لەخۆیاندا لە دیاردەیەکی لاوەکی کە وەک کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگا هاتوونەتە بەردەم بەو لاوە نەبوون و ڕەوت و پرۆسەکە بەردەوام لەبەرەو پێش چووندا بوون. دوور نییە سەدەکانی ناوەڕاست وەک بەڵگەیەک دژی ئەم بۆچوونە بخرێنە بەرچاو. ڕاستە سەدەکانی ناوەڕاست سەدەی سستی و کەم پێزیی و بێ بڕشتی بوون، بەڵام ئەوانیش قۆناغێک بوون لەو قۆناغانە و هەلومەرجی تایبەتی گشتی خۆیانیان هەبووە. ئەگەر چی لایبنیتس لەو باوەڕەدا بووە کە داهێنانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست وەک تەونی جاڵجاڵۆکە ئەوپەڕی وەستایی و زیرەکی و وردەکارییان تێدا بەکارهاتووە، بەڵام تەونەکە دەبێ چ سوودێکی هەبێ و چاوەڕوانی چی لێ بکرێت. ئەم جۆرە بۆچوونە، جۆرە زیادەڕۆیی و لە ڕاستی لادانێکی تێدایە. سەدەکانی ناوەڕاست سەدەی سێ ئایینە جیهانییەکە بوون. ئەم ئایینانە وەک دیاردەی کۆمەڵایەتی نەدەکرا نەبن و پەیدانەبن، ئەگەرچی لە هەندێ لاوە ئەنجامی نالەباریان لێ کەوتبێتەوە، ئەوا لەلای خۆیانەوە ئەرکی سەرشان و ئامانجی دیاری کراو بگرە ڕەنگ بۆ ڕێژراویان هەبووە. تەورات وەک ئینسکلۆپیدیایەک هەرچی کەلەپووری سەدەی خۆی هەیە کۆی کردۆتەوە و بەشێوەیەکی پێشکەوتوو دایڕشتۆتەوە، هەمەڕەنگی بت و خواوەندی کردووە بەیەک ڕەنگی و یەک تایی (ڕەب) خواپەرستی. بەردی بناغەی لێکۆڵینەوەی جوگرافی و مێژوو شوێنەوارناسی و لاهووت و قانوونی داناوە و هانی مرۆڤی مەسیحی ئەورووپای داوە بەدوای ئەو شتانەدا بچێ کە لە تەوراتدا هاتوون. ئیتر بە پشت ڕاست کردنەوە، یان بە پووچەڵ کردنەوەی قسەکانی تەورات ئەنجامی نوێ بەدەست هاتوون و بابەتی سەربەخۆیان لێ کەوتۆتەوە.

مەسیحیەت گەشەی بە سیستەمی کۆیلەیەتی داوە و چوارچێوەی چەمکی جوولەکێتی (میللەتی هەڵبژاردەی ڕەب)ی لە بنەڕەتەوە هەڵتەکاندووە، لەنێو جەرگەی جیهانی مەسیحییەتدا بەدامودەزگاکانییەوە سەدەی ڕاپەڕین و ڕۆشنبیری چرۆیان کردووە و گەرای زانست و فەلسەفە و هونەری نوێ دانراوە. ئیسلام لەلای خۆیەوە، ڕێژیمی دەرەبەگایەتی جێگیر کردووە و کۆتایی بەکۆیلەیەتی هێناوە و میللەتی عەرەب کە پێشتر لە چەند خێل و تیرەیەکی جیا و دژ بەیەک پێک هاتبوون، کردووە بە میللەتێکی گەورەی جیهان و بەهەزاران کیلۆمەتر خاک و زەوی میللەتانی تری زەوت کردووە و داویەتی بە عەرەب و بەهەزاران کەسانی میللەتانی تری هانداوە دەستبەرداری نەتەوە و خاک و زمانی خۆیان بێن و بێن بە عەرەب(١١).

هەر لە سێبەری ئایینی ئیسلامدا، پێش ئەوەی چینی دەرەبەگایەتی (فیودال) بە تەواوەتی ناوەڕۆکە تاڕادەیەک پێشکەوتوو خوازەکەی- لەچاو سەردەمی پێشتر کە کۆیلەیەتی بوو- بگۆڕدرێ، ئەدەب و زانست و هونەر و فەلسەفە و لاهووت تا ڕادە و قۆناغێک پەرەیان سەندووە

و شـــایانی نازناوی ســـەدەی زێڕین بوون. ئایین وەک سیستەمێکی بڕواو باوەڕ (عەقیدە و ئیمان) دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو بۆ دەرخستنی ڕاستی و ڕاستەقینە پەنا دەباتە بەر ڕێگایەکی ترانسدێنتالی سەروو سروشت، ئەو ڕێگایەی کە (سرووش) وەحی و کـتـێـبە ئاسـمـانـیـیـە ئایینییەکانی پێداهاتوون. ئەرک و فرمانی دیاری کراو بەجـۆرێک کـە پابەندبوونی پەیڕەوەکـەی لـێـبکەوێتـەوە دەخاتە ئەستـۆی لایەنگرەکـانی. ئەم ئەرک و فـرمـانانە کراون بە دوو بەشەوە:

– بەشێکی تیۆریی، کە بریتییە لە شایەتمان و بەزمان دەگوترێ و بڕوای پێدەهێنرێ.

– بەشـێـکی کـردەکی کـە دەبێ وەک ئەرکی سـەرشـان (ڕۆژانە). جێبەجێ بکرێت، وەک نوێژ و ڕۆژو و زەکات و...تاد.

پشت ئەستـوور بەو لایەنەی ئایین کـە ئەرکی تیـۆری و کردەکی بە لایەنگرانی دەسپـێـرێ، دوو پرسـیـار لەسەر شێوەی ڕەخنەگرتن لە ڕێبازی ڕۆمانتیک دەکرێن:

**– بۆچی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە پشت بە ئایین دەبەستێ و هانی بەتەوژم و بوونی هەست و نەســـتی نەتەوەیی دەدات؟!**

**– هیگڵ (گیـان- ژیر- ئەقڵ)ی کردووە بەفاکـتـەر و بگرە شـا هۆکـاری بزووتنەوەی بوون و سـەر مـەشق و سەرپشکی هەموو شتێک کەچی ڕۆمانتیکییەکان ژێریان خستـۆتە لاوە و پەنایان بردۆتە بەر سـۆز و ئەندێشـە و خـەیاڵ... ئەم دوو لایەنە بە یەکـتـری ناکـۆکـە چۆن بە یەکـەوە هەڵدەکـەن و چۆن دەکـرێ بخـرێنە نێـو دوو تای یـەک تـەرازووەوە؟ تـا چ ڕادەیـەک بڕوابـوون بـە ئـایـین و بنەما سەرەکییەکانی لەگەڵ مشتومالْ کردن و زاخاودانی هەستی نەتەوەیی پێکەوە دەگونجێن؟!**

٦- ســەدەی نۆزدەیەم ســەدەیەکی بە بڕشت و بەپێــز بووە، تێــیـدا ئەوەی پێـوەندی بە فـەلسـەفـە و ئەدەبی ڕۆمانتیکییەوە هەیە، دوو دیاردە سەرنجڕادەکێشن:

یەکەم: کێشەی ئازادی و ئازادی کردار، ئازادی بیروڕا دەربڕین و هەڵبژاردنی ئازاد، ئازادی ئایین و بڕوا، ئازادی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی، ئەم کیـشـەیە خـۆی لە چوارچێوەی پرسـیـارێکدا دەدۆزێتـەوە، ئازادی چییـە؟ چ کـەس ئازادە؟ ئەم هەلومـەرجانە کـامـانەن دەسـتـەبەری پەیدابوونی ئەو ڕەوشـە دەکـەن کـە بە ئازادی نـاودەبرێ؟ ئایا ئازای لەخۆیدا ئامانجە، یان ڕێگەیە بەرەو گەیشتنە مەبەستی دیار و ئاشکرا؟ پێوەندی نێوان ژیان و ئازادی چییـە؟ دەکـرێ ئازادی وەک بابەتێک بەرانبـەر بابەت و کـێـشـەی هۆیەکی، کـێـشـەی هۆکـار و ئەنجـام دابنرێ؟ بەواتایەکی تر وای دادەنێین، مرۆڤێک ئازادە و کـارێک دەکـــات، بیـــروبۆچوونی خـــۆی دەردەبڕێ و بابەتێک هەڵدەبژێرێ، بەجۆرێک دەژی کە خۆی گەرەکییەتی. ئایا ئەم هەڵوێستـەی هیچ هۆکـارێکی هەیە، یان نا؟ دەکـرێ بەبێ هۆکار مرۆڤ شتێک بکات، هیچ شتێک هەیە لە ژیاندا هاندەرو هۆکاری نەبێ؟ باشە ئەگـەر هۆکـار هەبوو ئازادی هیچ مـانایەکی دەمـێـنێ؟ ئەم پرسـیـــارە تاقی کـردنەوەکـەی مـرۆڤی لاهووتی بەناوبانگی سـەدەکـانی ناوەڕاست بۆریدان ١٢٨٥-١٣٦٦ز دێنێـتــەوە یاد. بۆرێدان ویستوویەتی تاقی بکاتەوە ئاخۆ هەڵبژاردن وەک کارێکی ئازاد بەبێ هاندەر و هۆکار دەبێ، یان نا؟ گوایە لە جێگایەکی تایبەتیدا ئاخورێکی شێوە بازنەیی دروست کـــردووە و پڕی کـــردووە لە ئالیکی وەک یەک و گـــوێ درێژێکی خســتـۆتە ناو ئەو ئاخـوڕە بازنەییـەوە کـە بە چواردەورەیدا ئـالیکی وەک یەک هەبووە. گـــوایە گـــوێ درێژی تـایین هەر تەمـاشـای ئالیکی دەورووبەری خـۆی کـردووە و نەیتـوانیـوە بڕیار بدات و نەیزانیـوە لەکـام لا بلەوەڕێ، چونکە هەمـــوو ئالیکەکـە وەک یەک وابووە. ئەمـە نموونەیەکـە بە گـوێدرێژی بۆرێدان ناوبراوە(١٢). ئەوە دەردەخـات کە هەڵبـژاردنی ئازاد بەمانایەک ئازادی نییـە، چونکە ئەگـەر هاندەر و هۆکـار نەما هەڵبـژاردنی ئازاد نامـێـنێ کـەوابوو ئازادی چییـە؟ ئایا ئازادی لە هەمـان کـاتدا نائازادییـە؟ لەوەدەچێ فـرەدریک ئینگڵـز هەســتی بەم لایەنە تەمـوژاوییـەی ئازادی کـردبێ، بۆیە لەکـتـێـبی ئایدیۆلۆژی ئەڵمـاندا وتوویەتی، ئازادی جۆرە سـەربەخـۆیی خـەیالاوی نییــە، ئازادی پابەند بوونە بە یاساکـانی سروشتەوە. ئەم پابەند بوونەی ئینگڵز باسی دەکـــات وەنەبێ تاریکی و تەمـــومـــژی ئەم بابەتە بڕەوێنێـتـەوە، بەڵکو جـارێکی تر سـاغی دەکـاتەوە کـە ئازادی لەخـۆیدا وەک بڕیاری سـەربەخـۆ بوونی نیـیـە و ناکـرێ! لەلایەکی ترەوە تیـژی ناچارەکی وەک قـانوون و پەیڕەو ئەوەندەی تر کـێـشـەی ئازادی سـەخت دەکـات. هەموو قەومانێک، هەموو ڕوودانێک، هەموو ئەنجامێک هۆکـاری خـۆی هەیە و بەبێ ئەو هۆکـارە هیچ شـتـێک ڕوونادات و هیچ ئەنجامێک ناکەوێتەوە، ئنجا مێژووی کۆمـەڵ هەر لە سـەرەتای پەیدابوونییـەوە تا ئەمڕۆ گوایە

مێژووی خەباتی چینایەتی بووە ئەم خەباتە وەک فاکتەرێک مایەی گۆڕان و بەرەو پێش چوونی قۆناغەکانی کۆمەڵ بووە، بە واتایەکی تر جۆرە ناچارییەک لە ڕەوت و پرۆسەی مێژوودا هەیە کە بەلاتینی دیترمەنیزمی پێ دەوترێ کەوابوو جارێکی تر کامەتا ئازادییەکە؟ دەکرێ بڵێین، هیچ شتێک بەبێ پێچەوانە و دژی خۆی نابێ. ئازادی کاتێک دەبێ کە نائازادی و پابەندبوون هەبوون؟ ئەم کێشەیە ڕابەرانی ئەدەبی ڕۆمانتیکی و فەلسەفەی سەدەی نۆزدەیەمی نارەحەت کردبوو. لەجیاتی وەڵام دانەوەی پرسیارەکە بەلایەکی تردا شکاندوویانەتەوە!

دووەم: ئایین، ژیر، ئەندێشە، تاکڕەوی و هەستی نەتەوەیی. دەبێ تا چ ڕادەیەک ئەم دیاردە و بیروبۆچوون و ئۆرگانانە پابەندی یەکتری بن و چ پێوەندییەکیان بە ئازادییەوە هەیە؟ ئایین لاف لێ دەدات بۆ ئەوە هاتووە دادپەروەری پیادە بکات و بیچەسپێنێ، یان وەک لە ئەدەبی میللی کوردیدا باوە، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بخۆنەوە. باشە ئەم دادپەروەرییە بەبێ ئازادی دەبێت و لەکردن دێت؟ لەلایەکی تریەوە ئایا ئازادی بەبێ ئۆباڵی ئەستۆ و ئەرکی سەرشان و بەرپرسی دەگونجێ؟ دەکرێ لە کەشوهەواو ڕەوشێکدا کە دڕ بەژیر بدرێت پەنا ببردرێتە بەر ئەندێشە و خەیاڵ، باسی ئازادی و دادپەروەری بکرێت؟ ئەمانە هەموویان چ پێوەندییەکیان بە پرۆسەی دیموکراتیەوە هەیە؟! ئایا دەکرێ بەم «جۆرە پەتن و دابڕین و ئەبستراکتە» باسی ئازادی بکرێت؟! لەچ سەردەم و شوێنێکدا دیموکراتیەت توانیویەتی یەکسانی و ئازادی توانیویەتی مرۆڤی ئازاد دروست بکەن؟!

چۆن دەکرێ و دەتوانرێ پشت ڕاست بکرێتەوە کە تاکڕەویی و گۆشەگیری و سۆز و ئەندێشە و خەیاڵ و هەستی نەتەوەیی پێکەوە هەڵدەکەن و دەگونجێن؟!

پشت گوێ خستنی ژیر، پشت بەستن بە ئەندێشە، شل کردنی جلەوی هەست و سۆز، پەکخستنی بنەمای ژیرەکی پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجامەکەی دیاردەی نالەباریان لێ دەکەوێتەوە. ئەوکاتە لە جیاتی قانوون و بنەما، ڕێکەوت و ڕێتێچوون دەبن بە بنەڕەت و دەستوور و دابی ژیان. مرۆڤ ئەوکاتە لە ڕەوش و بارودۆخێکدا دەژی هەموو شتێک پابەندی ڕێکەوت دەبێ، ئایا لەم دۆخەدا دابو دەستوورو قانوونەکانی ئاکار هیچ جۆرە بایەخ و دەورو کاریگەرییەکیان دەمێنێ؟ دەکرێ مرۆڤ هیچی تر باسی ڕاستی و ڕاستەقینە و ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەریی بکات؟ دەبێ چۆن کێشە و بەرەی نێوان کۆمەڵگای سیڤیل (مەدەنی) و دەوڵەت هەڵبسەنگێنرێت؟

ئەگەرچی بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی ناوی ئەدەب و هونەری پێوەیە، بەڵام واپێ دەچێ هیچ تر بەلایانەوە مرۆڤ داهێنراوی ڕەب نەبێ وەک ئەوەی لە ئایینیدا وتراوە و نە ئەو بوونەوەرە خاوەن ژیر و ئەقڵە بێت کە فەلسەفە باسی دەکات، ئایا لێرەدا پتر سیاسەت وەک فاکتەر تەنگی بە هەردوو دیارەی ئایین و فەلسەفە هەڵنەچنیوە؟ دەبێ بوونی مرۆڤ و مرۆڤ خۆی و ژیان چ بایەخێکیان هەبێ کە بیرو هزر لە بەزاندنی سنووری دابونەریت و بنەماکانی ژیر بکاتەوە و جلەو بۆ ئەندێشە شل بکات و ئۆباڵی ئەستۆ و بەرپرسیاری سەرشان لەبیرو یاد بکات. کەسێک ئەمە بیروبۆچوونەکەی بێت هەر لە پاڵەوانەکەی ڕۆمانی ڕۆبێرت موسیل دەچێ کە ناوی (ئەو مرۆڤەی هیچ سیفەت و خەسڵەتێکی نییە) لێ ناوە(١٣). ئەم جۆرە مرۆڤە و ئەم جۆرە هەڵوێست و بۆچوونانە تەنیا کۆرپەی ئەندێشە و خەیاڵن و لەجیهانی ڕاز و نیاز بەولاوە تێناپەڕن و بڕ ناکەن، تەنیا هەر لە مێشکی نووسەرەکانیاندا هەن. ڕاستە ئایین (بڕوا) سرووش (وەحی) وەک ڕێگایەکی ترانسندنتالی سەروو سروشتی بە پلەی یەکەم دادەنێ و ژیر دەکات بە پاشکۆیان، بەڵام هیچ کاتێک ئایین دەستبەرداری دیسپلین و ڕێکوپێکی بنەماکانی ئاکار نەبووە و نابێ. لە ئایینیدا ڕوون و ئاشکرایە کە بڕواو (عەقیدە) ئیمان خراونەتە سەر هەست و هۆش و ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی. ئەگەر ئایینی جوولەکە بەدەر بگیرێ، کێشە و هەستی نەتەوەیی لە ئایینیدا هیچ خانەیەکیان بەرنەکەوتووە. ئەوکەسە خۆشەویستی (ڕەب) خوایە کە بەڕاستی خەریکی خواپەرستییە (تەقوایە)، ئەگەر نەخوێندەوار و نەزانیش بێت! دەمێنێتەوە دەوری ئایین و ئەو کارەی لە ڕێبازی ڕۆمانتیک و فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵماندا بەتایبەتی لە هیگڵ کردوویەتی ئەو کارەی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسا لە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان و ڕێبازی ڕۆمانتیکیدا کردوویانە پێویستیان بە جۆرە وردبوونەوەیەک هەیە. ڕاستە شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕشێکی سیاسی بوو، بەڵام سەرتاپاگیر ڕەوشی کۆمەڵ و پێوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی

گۆڕیوە و ئەورووپای خستۆتە قۆناغێکی ترەوە. ئەو سێ دروشـــمـــەی هەوڵی بۆ دراوە، ئازادی، برایەتی و یەکسانی، ئەگەرچی لەسەردەمی خۆیدا بەنیوە چڵیش پیادە نەکراون، ئەوا کاری گەورەیان کردووە و ئەنجامی گەورەیان لێ کەوتۆتەوە، وشەی ئازادی و سەربەستی لای هیگڵ و ڕۆمانتیکییەکان بەتایبەتی و لەلای فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان (سەدەی نۆزدەیەم) ئەو وشە و بابەتە بووە کە وەک تەلیسم هەست و سۆز و دەروون و مێشکی بیرمەندانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. تەنانەت هیگڵ بۆ ڕێزلێنانی ئەم شۆڕشە لەشاری تریر نەمامی ئازادی ناشتووە. وشەی ئازادی ویردی سەرزار و زمانی هەمـوویان بووە و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، جا ئازادی تاکەکەسی بێت، یان ئازادی بەگشتی. ئەم تێگەیشتنەی ئازادی وەک پرۆسەیەکی ئاڵۆزی فرە لایەن، بێگومان پابەندی هەڵومەرج و سروشتی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی و دەوروبەرەکەی بووە.

ئازادی کە دروشمێکی شۆڕشی فەرەنسا بووە ئەوەندە کاری لە بیر و هزری هیگڵ کردووە(١٤)، بووە بە فاکتەر و هۆکارێکی ناوەکی کە نەک هەر تەنیا مایەی پەرەسەندنی فەلسەفەکەی بووە بگرە، لە زۆر لاوە بنەماو بناغەی ئەو تەلارەی بووە کە بەدرێژایی ژیانی سەرگەرمی بنیادنانی بوو و کە خاوەنەکەی گەیاندۆتە ئەو ڕادەیەی «مرۆڤایەتی مرۆڤ لە ڕەوشی ئازادیدا ببینێ»، کاتێک ئازادی جێبەجێ و پیادە دەکرێت مرۆڤایەتی مرۆڤ جێگیر و چەسپاو دەبێ و دەبێ بە شتێکی هەڵکەوت و ڕاست و ڕاستەقینە. لێرەوە بەهۆی شۆڕشی فەرەنساوە یەکێتی و بەیەکەوە بەسترانی «ئازادی و بە مرۆڤ بوونی مرۆڤ» ئەو بنەما و بنەڕەتە دەستەبەربووە کە ڕەنگی مێژووی جیهانیان لەسەر ڕێژراوە(١٥).

لەبارەی ئەو دەورەی ئایین و باوەڕ لە بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی و فەلسەفەدا گێڕاویەتی، بەپێی سەرچاوەکان، نەک هەر ڕوون و ئاشکرا نییە، بەڵکو جێگای ئەگەر و گومان و دڵ کرمێ بوونە.!

دەبێ کام فەیلەسووف و ئەدیب و هونەرمەند بڕوای تەواوی بە ئایین هەبووە، وەک ئەوەی ئایینەکە خۆی داوای کردووە. ڕاستە بزووتنەوەی ڕۆمانتیکی بۆ بەگژداچوونی ڕێبازی ژیر لەگەڵ یەکی گرتۆتەوە، بەڵام مەبەستی هەر لایەیان لەم کار و کاردانەوەیەدا لەوی تر جیاواز بووە. ڕۆمانتیک جلەوی بۆ خەیاڵ شل کردووە، لاهووت و کلێسە پەنایان بردۆتە بەر هەست و سۆز و ناخ و دەروون. ئەو ئایینەی ڕۆمانتیک هەوڵی بۆ داوە ئەرز و ئاسمانی لەگەڵ ئایینی مەسیحی جیابووە. ئەوەی پێوەندی بە فەلسەفەی ئەو سەردەمەوە بەگشتی و بەهیگڵ بەتایبەتی هەبووە، ئەو کارەی ئایین کردوویەتی، یان کەم و هەندەکی بووە، یان بەجۆرێک بووە بە سوود و قازانجی ئایینەکە تەواو نەبووە. ئەگەر مرۆڤ بە وردی ئەو جیهاندیدە سەرتاپاگیرەی کە هیگڵ ڕەنگی ڕشتووە شارەزابێ، جۆرە هەست و سۆز و ڕەوشی ناخێکی دەروون بەدی دەکات کە لە ئایینەوە نزیکە، بەڵام بە هیچ جۆرێک ناکرێ لەگەڵ دۆگماکانی مەسیحیەتدا بخرێنە دووتای یەک تەرازووەوە.

٧- ئایینی مەسیحی بە تەواوەتی پشت بە ئینجیل دەبەستێ و ئەو ئینجیلەی دوای کۆبوونەوەی نیکیا بەو شێوە و ناوەڕۆکەی ئێستای لێ هات. لە (١٢٠) بەشە ئینجیل کە لەیەکتری جیابوون ئەم چوارەی ئێستا پەسندکران و ئەوانی تر لەناوبران. دوای ئەو چوار بەشە ئینجیلە کە چوار کەس نووسیویانە و گوایە پەیامبەری مەسیحن (مەتتا، مارکوس، لوکا و یوحەننا) پەیام و کرداری پەیامبەران دێت. ئەمەیە ناوەڕۆکی ئەو ئینجیلەی ئەمڕۆ پەسندە. ئەگەر لەڕوانگەی فەلسەفەوە سەرنجی ئەو ئینجیلەی ئەمڕۆ بدەین دەگەینە ئەم ئەنجامە:

ئەگەر لە ئینجیلەکەی ئەو بەشە جیا بکرێتەوەکە بە ئاشکرا لە تەوراتی جوولەکەوە وەرگیراوە، یان خۆی خزاندۆتە ناو ئینجیلەوە و ئەو لایەنەی لە فەلسەفەی یۆنانی بەگشتی و فەلسەفەی قۆناغی هیلینستی بەتایبەتی وەرگیراوە، پشت گوێ بخرێت، ئەوا ئەو بەشەی دەمێنێتەوە بەهیچ جۆرێک تایبەتمەندییەکی پێوە دیار نییە کە ساغی بکاتەوە ئەم کتێبە کتێبی ئاسمانییە، بەڵکو پتر لە حیکایەت و سەرگوزەشتە و گێڕانەوە و ئامۆژگاری و (ئەمە بکە و ئەمە مەکە! دەچێت).

ئەو قسانەی کە ئەم چوار پەیامبەرە کردوویانە بەهیچ جۆرێک نە لە ناوەڕۆک و نە لە ڕوخساردا ناگەنە ئاستی قووڵی و تێروتەسەلی بیروبۆچوون و فەلسەفەی هیگڵ. بەلای منەوە هەرچی ئەو چوار کەسە وتوویانە وەک فەسلێک و کەمتریش لە فەلسەفەی هیگڵ دێتە بەرچاو.

سێ ڕەنگی ڕەب کە لە مەسیحییەتدا بەردی بناغەی

ئایینەکەیە واتە- ڕەب و ڕۆڵە و گیانی پاک- هیچ جۆرە پێوەندییەکیان بە دیالێکتیکییە سێ ڕەنگەکەی هیگڵەوە نییە، بەلای هیگڵەوە بیر، گیان لە پرۆسەی بەرەو پێش چوونیاندا پابەندی ڕەوتێکی سێ قۆڵین. لەسەرەتادا بە بابەتێکی لەبار دەست پێ دەکەن، ئینجا بە بابەتێکی نالەبار بەرپەرچی خۆیان دەدەنەوە و لە قۆناغی سێیەمدا هەردووکیان لە پلەیەکی بالاتر ئاوێتەی یەکتری دەبن، ئەمە بنەما و فاکتەر و هاندەر و هۆکاری بەرەو پێش چوون و پەرەسەندنی نەپساوەی بیروهۆش و گیانن کە ئەو بەتێزە و ئەنتی تێزە و سونتێزە، یان ناو دەبات. کەچی سێ ڕەنگی مەسیحی بنەمای بڕوایەکی وشک و بێ گیان و دوگماتیانەیە. ئەم بڕوایەش هەر لە سەرەتاوە جێگای گومان و دڵ کرمێ بوون بووە، تەنانەت لەنێو لاهووتییەکانیشدا وەک خۆی بە کوڵک و پێستەوە پەسەند نەکراوە(١٦). ڕاستە و کەس لاری لەوە نییە کە ئایین، ئەوانەی لافی ئاسمانی خۆیان لێ دەدەن گەورەترین دیاردەی کۆمەڵایەتین و لە هەموو هۆکارێکی تر پتر کاریان لە ژیان و شارستانیەت کردووە، بە باوەڕی من گەورەترین تەنگژە و قەیران و کێشەیەک کە یەخەی مرۆڤ و شارستانییەتی مرۆڤیان گرتبێ لە قەیرانی بڕوا و باوەڕ (ئایین) بەو لاوە نەبوون، خۆ ئەگەر قەیران و تەنگژەکە لە ڕوخسار و ڕواڵەتدا بەجۆرێکی تر هاتبێتە بەرچاو، ئەوا لەناوەڕۆکدا لەوە بەولاوە نەبووە. لاری لەو ڕاستییەش نییە کە بەهۆی ئایینەوە زۆر بابەت پەیدابوون و فەلسەفە و ڕێبازی ڕۆمانتیک بایەخیان پێ داون وەک ژین و مردن و چارەنووس و بەختەوەری...تاد ئەگەرچی چۆنیەتی قسەکردن لەو بابەتانە و جۆری توێژینەوەیان و مەبەست لە لێکۆڵینەوەیان لە ئەدەب و هونەر و فەلسەفەدا زۆر جیاواز بووە لەوەی ئایینەکە کردوویەتی و مەبەستی بووە. بۆ نموونە لەکاتێکدا ئایین ئۆباڵی بەدکاری خستۆتە سەرشانی مرۆڤ و باری سەرشانی پێ گران کردووە، لەجیاتی ئازادی ویست و خواست باسی چارەنووسی کردووە، فەلسەفە و ڕێبازی ڕۆمانتیک بەتەواوی لەو باوەڕەدا بوون، لە ژیان و جیهاندا بەدکارییەک (شەڕ) نییە کە مرۆڤ ئەگەر هەل و بارودۆخی لە باری بۆ هەڵ بکەوێ، دەستی بیانگاتێ نەتوانێ لە بنەڕەتەوە چارەسەریان بکات، یان بەلایەکیاندا بخات، هەروەها لەلایەکی ترەوە مرۆڤ ئۆباڵی ئەو کار و کردەوانەی دەکەوێتە ئەستۆ کە بە

ئازادی لە توانایدا هەیە بیانکات ئەگەر نا پێویست بەهیچ جۆرە گەردن ئازادییەک نامێنێ. ئەمەیە جیاوازی فەلسەفە و ئەدەب و هونەر لەگەڵ بیروبۆچوون و دیدی ئایینیدا بەلای ئایینەوە، نەخۆشی، سەریەشە، ئازار چێشتن، هەژاری و نەداری و دەست کورتی ئەگەر پشوودرێژی و خۆ ڕاگری و شوکرانە بژێرییان لەگەڵدا بێت و ڕەب و بەخواپەرستی پشت ئەستوور بن. ئەوا مرۆڤ لەو مەبەست و ئاوات و ئامانجە نزیک دەبێتەوە کە ئایین بەڵێنی پێ گەیشتنیانی داوە بە تایبەتی بەهەشت. کەچی بەلای فەلسەفەوە ئەم ڕەوش و بەدبەختیانە چەند دیاردەیەکی نالەباری ژیانن و هۆکاری تایبەتی و گشتییان هەیە و بەهیچ شێوە و جۆرێک نەچارەنووسن و نە لە ئاسمانەوە بەسەردا سەپێنراون و نەلەناو چاوان نووسراون. چارەسەرکردنیان بەگۆڕانی پێوەندییە ئابووری و کۆمەلایەتی و...تاد دەبێت. گەیشتنە ئامانجی سەرەکی بەوە نابێ بە هەژاری و بەدبەختی ڕازی بێت، پشوو درێژبێ و خۆڕاگر بێ و لە ڕێی بڕوا لانەدەیت، بەڵکو بەوە دەبێ هەوڵ بدرێ و کۆشش بکرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگای لەبار و ڕاستەقینەی گۆڕینی ئەو فاکتەر و هۆکار و پێوەندییانەی ئەم دیاردە نالەبارانەیان لێ دەکەوێتەوە.

دیاردەی سێیەم: دیاردەی ڕەخنە و ڕەخنەگرتنە. ئەم دیاردەیە پەلوپۆی هاویشتۆتە نێو هەموو کون و قوژبن و کەلەبەریەک و شتێک نەماوە لەژیان و دەوروبەر و کۆمەڵدا کە دەستی ڕەخنە نەیگاتێ و تەنانەت دابونەریت و ئاکارو ئایین خۆیشی بەرتیری ئەم ڕەخنەیە کەوتوون. لەلای ڕۆمانتیکییەکان ئەم ڕەخنەگرتنە جیا لە فەلسەفە شێوەی تەوس و گاڵتەپێکردن و گاڵتەجاڕی پێ براوە بە تایبەتی ئەم دیاردەیە لەلای زۆربەی ڕابەرانی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە و لەلای کیرکیگارد بە ئاشکرا دەرکەوتووە(١٧). ئەم ڕەخنەگرتنە وەک ئاوێنەیەک ئەو قەیران و تەنگژەیەی تێیدا بینراوە کە ڕێبازی هیومانسی (مرۆڤ پەروەری) ئەوروپا دوای مردنی هیگڵ دووچاری بووە، بەپێی بۆچوونی هەندێ سەرچاوە، ئەو قەیرانە هۆکارێک بووە لە هۆکارەکانی پەیدابوونی هەردوو جەنگی کاولکەری یەکەم و دووەمی جیهان. بابەتێک و خاڵێک لەو خاڵانەی ڕۆمانتیک وەک ڕەخنەگرتن دەری خستووە کە تارادەیەک ئایین دەگرێتەوە و لە دواییدا بووە بە بابەتێکی سەرەکی فەلسەفەی ئیگزیستیانتیالیزم

ئەوەیە! ئایا بوونی مرۆڤ وەک بوونەوەر لەم جیهانەدا دیاردەیەکی ڕێک کەوتە، یان چارەنووسە؟ لەمەوە بایەخدان بە ئازادی تاکەکەسی و پەسند نەکردنی پرۆسەی میکانیزەکردنی کۆمەڵ بە بیانووی هەڕەشەکردنی لە ئازادی تاکەکەسی و بایەخدان بە هەست و هۆشی نەتەوەیی و دانانی «پێودانگی جوانی» لەجێگای «سوودبەخش» کەوتوونەتەوە. واتە سوود و قازانج وەک پێودانگ خرانە لاوە و پێودانگی جوانخوازی کەوتۆتەکار.

٨- بابەتی جیهانبینی بابەتێکی سەرەکی تری سەردەمی ڕێبازی ئەدەبی و هونەری ڕۆمانتیک و فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانە، هەر فەیلەسووف و هەر ئەدیب و هونەرمەندێک لە دیدی تایبەتی خۆیەوە سەرنجی ژیان و سروشت و کۆمەڵ و...تاد داوەو لەمەوە بەخامەکەی، یان بە پەڕەمووچەکەی تابلۆیەکی فرەڕەنگی نەخشاندووە کە جیهانبینییە تایبەتییەکەی لە ڕوانگەی کەسایەتی خۆیەوە دەنوێنێ. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەمە دیاردەیەکی بەرچاوی سەدەی نۆزدەیەمە ئەو سەدەیەی ڕێبازی ڕۆمانتیک و فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان تێیدا شین بوون و هاتنەبەر. ئەم جیهانبینییە هەمیشە خەسڵەت و مۆرک و تایبەتمەندی تاکە کەسایەتی خاوەنەکەی نیشان دەدات، لێرەوە ڕابەرانی ڕۆمانتیک کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا پەرش و بڵاو و دەست باڵا بوون وەک بزووتنەوەیەکی گیانی ئەدەب و هونەر و هونەری جوانی جۆرە ڕەوتێکی ئایدیالیستی تێدا دەبینرێ کە بەگشتی وەک هەستی ژیان، دەربڕینی ڕاز و نیاز و ناخی دەروون لەکولتوور و شیعر و هونەر و نیگارکێشی و تابلۆ و گرافیک و مۆزیک و هەڵوێست بەرانبەر بە سروشت و کۆمەڵ و ئایین و زمان و مێژوو و سیاسەت و فەلسەفەدا بەدی دەکرێت، ڕەنگی داوەتەوە. ئەم هەڵوێستە وەنەبێ شتێکی لابەلایی بووبێ، بەڵکو تارادەیەکی زۆر ڕەسەنی ئەم ڕێبازەی ساغ کردۆتەوە. هەروەها ئەم بزووتنەوەیە وەنەبێ لەناکاو وەک دوومەڵ و کاردوو قارچک لە زەوی و لە کەشوهەوای خۆی دەرپەڕیبێ، بەڵکو لەسەر بنەمای قۆناغی پێشتری، بەئەدەب و هونەر و فەلسەفەوە، شین بووە و پێ گەیشتووە، ئینجا خۆیشی لە قۆناغی دواتر و لەسەردەمی خۆیدا وەک چۆن کاری تێ کراوە و فاکتەری پەیدابوونی هەبووە، ئاوەها کاری لە دەوروبەرو دوای خۆی کردووە و وەک فاکتەری ڕاستەقینە و هۆکار بۆتە مایەی پەیدابوونی کەشوهەوای لەباری جۆرە پەرەسەندن و پەیدابوونێکی تر. بێگومان ئەو نەوەیەی هۆکاری دامەزراندنی تەلاری ڕۆمانتیکی بووە، لەخۆیدا شتێکی دیار و بەرچاوی لەباردا بووە، دوای ژانگرتنێکی سەخت و گران کە ئاوێتەبوونی هەردوو هۆکاری ناوەکی و دەرەکی بەرپایان کردووە ئامادەی لەدایک بوونی بابەتێکی نوێ بووە. ئەم بۆچوونە لەوە ناکاتەوە کە هۆکاری ناوەکی و تایبەتی دەست باڵابوون ئەگەرچی ئەو هەلومەرجانەی وەک هۆکار بوونەتە مایەی پەیدابوونی کولتوور و ئەدەب و هونەر و سەرهەڵدانیان لەسەردەم و قۆناغێکی دیاری کراودا فرەڕەنگ و هەمەجۆر بوون و ئیتر با نەوەیەکی دیاری کراو، ڕەوش و بزووتنەوەیەکی دیاری کراوی جۆرە یەک ڕەنگییەکی تایبەتیشی داهێنابێ. ئەم هەڵومەرج و فاکتەرانە هەمەڕەنگێن و لەسەرچاوەی جیاوازەوە هاتوون و جۆرە پێوەندییەکی وایان لەنێودا بووە کە فرەڕەنگ و جیاواز ئەگەرچی هەموویان بەیەکەوە، بەڵام نەک بەشێوەیەکی وەک یەک و یەکسان، خەت و خاڵ و کارەکتەر و کەسایەتی و ناسنامەی تایبەتییان بەو بزووتنەوە گیانییە، بەو بزووتنەوە ئەدەبی و هونەری و کولتوورییە بەخشیوە کە لە ڕەوشێکی دیاری کراو و لە قۆناغێکی تایبەتیدا لەژێر دروشمی دیاری کراو و ناوی تایبەتیدا دەرکەوتووە و ناسراوە و دەست بەکاربوون. سوارچاکەکانی ئەو گۆڕەپانە ئەو فەیلەسووفانە بوون کە مەیلی ئەدەب و هونەریان هەبووە و ئەو هونەرمەند و ئەدیبانە بوون کە بەلای فەلسەفەدا، بەڵام بەلای فەلسەفەی ئایدیالیستیدا شکاندوویانەتەوە. وەک برایان شلیگڵ، هیگڵ، نۆڤالیس و هولدیرلن، ڤاکن ڕۆدیر، شیلینگ، فریدریش تیک(١٨) و گۆتێ. هەر یەکێک لەم فەیلەسووف و ئەدیب و هونەرمەندانە چ وەک کاراکتەر و چ وەک بەرهەم و هەڵوێست بەوپەڕی تێرو تەسەلی ناوەرۆک و ڕوخساری بەپیت و پێزی ئەو بزووتنەوە کولتوورییە گیانییەیان بەوپەڕی جوانی و سەرکەوتووانە بەرجەستە کردووە و دەریان بڕیوە و پەرەیان پێ داوە.

ئەدەبی ڕۆمانتیکی وەک تاک بایەخ بەمرۆڤ دەدات، لەسەرچاوە ڕەنگینەکانی سروشتەوە سرووش و بەهرە و بابەت هەڵدەهێنجێ و بەچاوی هونەرمەند سەرنجی مرۆڤ و شت و دەوروبەر دەدات. هەوڵ دەدات مرۆڤ و سروشت

و ژیان بەفرەڕەنگی و بەپێز و هارمۆنی و هەماهەنگییەکانیانەوە تێ بگات و بیانناسێ. وەک هەڵوێستێکی فەلسەفە، دیاردەی پەیوەستی هۆکار و ئەنجام پشتگوێ دەخات و بایەخ بەو دیاردە گەرمو گوڕانە دەدات کە کۆنکرێتین و لەبەرچاو و لەبەر هەست و دڵ و دەروون دان. بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤ لەبەرهەمەکانی شێکسپیر و سێرڤانتس و نووسەر و ئەدیبانی پێش قۆناغی ڕۆمانتیک وردبێتەوە و بەچاوی کڕیار سەرنجیان بدات بۆی دەردەکەوێ کە ئەم کەڵەنووسەرانە لە دید و جیهانبینی تایبەتی خۆیانەوە کە لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە، بەچاوێک سەرنجی جیهان دەدەن وەک ئەوەی کەرەسەیەکی شت زانین بێت و هەوڵ بدرێ بەجۆرێکی تایبەتی لێک بدرێتەوە و گۆڕینی تێیدا بکرێت جا لە سروشت خۆیدا، یان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ئەندامانی کۆمەڵدا بێت بەبێ هیچ جۆرە هەست کردنێک بەوەی پێوەندییەکی گیانی لەنێو نووسەر و سروشتدا هەبێ، یان خۆشەویستی و هەست و نەستێکی قووڵ و گەرم و گوڕ نیشان بدرێت. بەپێچەوانەوە نووسەری ڕۆمانتیکی وەک مرۆڤێکی هەست ناسک و ئەندێشە بەپێز و بڕشت وا سەرنجی سروشت دەدات کە تابلۆیەکی ڕەنگین و ڕەنگاوڕەنگە، هەموو شتێک جۆرە گیانێکی تێیدایە دار و درەخت و گوڵ زمانی تایبەتییان هەیە و پێی دەدوێن. جیهانی پێش ڕۆمانتیک جیهانێکی پانوبەرین و فراوان و بێ سنوورە و پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا شتێکی ئاساییە. کەچی مرۆڤی ڕۆمانتیک و ئەوی سەر بە ڕێبازی ڕۆمانتیکە لەبەرهەمەکانیداو لە هەڵوێستی کۆمەڵایەتیدا وەک شایەک دێتە بەرچاو کە لە خۆی و ناخی خۆی بەولاوە دۆست و هەڤاڵێکی تری نەبێ. هەموو شتێک لەدەوروبەر و سروشتدا بەو شێوە و ڕەنگە دەردەکەوێ کە لە ناخی خۆیەوە ئەو پێی بەخشیبێ(١٩)، یان بە ڕەنگی ئەو چاویلکەیەی کە بەهۆیەوە شتی پێ دەبینێ، دەردەکەوێت دیمەنی دەشت و کێو و نزار و دارستان، خوڕەی چەم و قەڵبەزەی ئاو، بزەی لێوی گوڵی پشکتووی کێوی، ئاوابوونی خۆر و زەردەپەڕ، ئینجا مانگی چواردە ئەستێرەی ئاسمان وەک دیمەنی ڕەنگاو ڕەنگ دە ئەوەندەی سەختی و ناخۆشی ژیان و نەخۆشی و دەست کورتی کلۆڵی کاری تێ دەکەن.

هیچ ڕووداوێکی سیاسی و سیستەمێکی فەلسەفەیی شاکارێکی ئەدەبی و هونەری سەدەی نۆزدەیەمی ئەورووپا نییە و بەرچاوناکەوێ ئەگەر لەلایەن شۆڕشی مەزنی فەرەنسا و تاڕادەیەک ئایین و فەلسەفەی کانت بەشێوەیەک لەشێوەکان کاری تێ نەکرابێ و تاڕادەیەک لە دەست نیشان کردنی ڕەوت و بابەتەکانیدا دەوری نەگێڕابێ.

شۆڕشی فەرەنسا لەسەرکەوتنیدا دروشمی ئازادی کردە وێردی سەر زمانی بیرمەند و سیاسەتمەدار و فەیلەسووف و ئەدیبان و وەک پڕشک ئاگری لەقەدەغە و پاوانی ڕێژیمە کۆنەپەرستە کاردەبەدەستانی ئەورووپا بەرداوەوە بارودۆخی تر، ڕەوشی مرۆڤ دۆستی و سەربەستی و دیموکراتیەتێک هاتە کایەوە. بە هەمان شێوە تێک شکانی هەمان شۆڕش و هەرەس هێنانی بۆتە مایەی ئەوەی چالاکی فەلسەفەیی و سیاسی، واتە وردبوونەوە و سەرنج دان و پێداچوونەوە، بۆ سوود وەرگرتن لەو هەڵانەی کراون و ڕێگەنەدان بۆ دووبارە بوونەوەیان، بکەونەوە. فەیلەسووفی مەزن هیگڵ و فیختە و سەرتاپای بزووتنەوەی ئەدەبی ڕۆمانتیک لەلایەن بیری ئازادی شۆڕشەکەوە وەک تەلیسم و جادووکاری لەبیرو هۆشیان کردبوو. ئەو پەیامانەی فیختە ئاراستەی گەلی ئەڵمانی کردوون، ڕاستی ئەم قسەیە ساغ دەکەنەوە. ڕاستە ئەو ئازادییەی فەیلەسووفەکانی ڕێبازی ئایدیالیستی ئەڵمان و ڕۆمانتیک سەرگەرمی بوون ئازادی تاکەکەسان بووە، ئەمەش بەڵگەیە دەوری هەڵومەرج و دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەموو سات و قۆناغ و کۆمەڵێک پشت ڕاست دەکاتەوە. ڕووداوە سیاسییەکان هیوای جیهانێکی نوێ و ژیانی خۆشتر و دواڕۆژێکی خۆشتریان بەبەر خەڵکدا کردبوو، لەچوارچێوەی فەلسەفە و سیستەمی سیاسی تیۆریدا وردە وردە بزووتنەوەیەک خەت و خاڵی دا کە دواتر بە بزووتنەوەی کۆسمۆ پۆلیتیزمۆس ناسرا(٢٠). ڕاستە ئەم لایەنە وەک چاوەڕوانی لێ دەکرا وا نەکەوتەوە و ئەنجامی تری هەبوو وەک بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و جەنگی جیهانی و...تاد. کە لە چوارچێوەی باسەکەی ئێمە دەچێتە دەرەوە. فەیلەسووف و سیاسەتمەداری گەورەی ئەڵمان کارڵ مارکس لەچەند بەرهەمێکی پڕ بایەخدا شۆڕشی فەرەنسا و سەرکەوتن و تێکشکان و ئەو ئەنجامانەی لێ کەوتوونەتەوە توێ توێ و شی کردۆتەوە(٢١). وەک ئەنجامێکی شۆڕشی فەرەنسا و

پێشکەوتنی زانستی ئابووری و هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی سەدەی نۆزدەیەمی ئەلمانیا دوو ڕێبازی سیاسی و ئابووری و فەلسەفەیی کەوتنەوە کە هەردووکیان دوای مردنی هیگل بە تەواوەتی خەت و خالیان داو یەکەمیان بەرابەرایەتی کارل مارکس کە دەخرێتە خانەی ڕێبازی چەپی هیگل و ئەوی تر جگە لە هیگل ڕاستەوخۆ سوودی لە ڕێبازی کانت و شۆڕشی فەرەنسا وەرگرتووە و بەرابەرێتی فێردیناند لاسال بووە. ڕێبازی یەکەم لەفەلسەفەدا ناوی دیالێکتیکی مەتریالیزمی لێ نراوە و بووە بەئایدیۆلۆژی و بابەتی پارتێکی سیاسی و لە پرۆسەی پیادەکردنیدا گۆڕانی وای بەسەردا هێنراوە خاوەنەکەی خۆی نەیناسێتەوە. مارکس پتر بایەخی بەهۆکاری ئابووری داوە و بگرە کردوویەتی بە شاهۆکاری گۆڕان و پەرەسەندن. مێژووی کۆمەل بریتییە لە مێژووی زۆران و شەڕی دەستەو یەخەی چینە جیاوازەکان. ئەنجامی ئەم خەبات و زۆرانە لەکۆتاییدا بە سوود و قازانجی چینێک تەواو دەبێ کە ڕابەری ئەم ڕێبازە بەچینی پرۆلیتێر ناوی بردووە. ئەم چینە لە ڕەوت و پرۆسەی بەرەو پێش چوونی خەبات و تێکۆشاندا ڕێزەکانی خۆی یەک دەخات و ئامرازی ڕاستەقینەی خەبات و گۆڕینی کۆمەل و وەدەست هێنانی دەسەلاتی سیاسی دەدۆزێتەوە کە بریتییە لەپارتی چینی پرۆلیتێر. ئەم چینە بە ڕزگارکردنی خۆی تێکڕای کۆمەل و چین و توێژەکانی ڕزگار دەکات. مارکس لەو پرۆسە مێژووییەدا خەباتی نائاشتیانە واتە پەنا بردنە بەر توندوتیژی بەرەوا داناوە. لەم شیکردنەوە و ئەنجامگیرییدا مارکس سوودی لە پەیڕەوە دیالێکتیکیەکەی هیگل وەرگرتووە، بەلام وەک خۆی وتوویەتی ئەم پرۆسەیە تەنیا هەر مەنتیقی و گیانی نییە و لە مێشکدا ڕوونادات، بەلکو لە کۆمەلدا و لەنێو چینە جیاواز و ڕقەبەرەکانی کۆمەلدا دەقەومێ. ئەم پرۆسەی بەرەو پێش چوونە دەگاتە قۆناغێک کۆمەلێک تێیدا خەت و خال دەدات کەلە کۆمەلی بێ چینی دژ بە یەکتر و بێ ڕقەبەر پێک دێت. لەکاتێکدا مارکس پشت بە خەباتی چینایەتی دەبەستێ و سەرگەرمی گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی سەرتاپای کۆمەلە. ڕێبازی دووەم کەبەرابەری لاسال بووە و ناوی سۆسیال دیموکراتی لەخۆی ناوە بە ڕێگایەکی تری ئەوپەڕی جیاواز کۆششی گەیشتنە ئامانجی دەست نیشان کراوی خۆی کردووە.

لاسال بە تەواوەتی بیرۆکەی دیکتاتۆری پرۆلیتار ڕەت دەکاتەوە و گۆڕانی سەرتاپاگیر و شۆڕشگێڕانە بە پەسند دانانێت و داوای خەباتی نەقابە و پەرلەمان و گۆڕانی لەسەرخۆو هەنگاو بەهەنگاو دەکات و لەو باوەڕەدا بووە خەباتی چینایەتی و چەکدارانە بەپێچەوانەی بنەماکانی سروشت و کۆمەل و ژیانەوەیە و دەبێتە مایەی تێکدانی پرۆسەی بنیاتنانی کۆمەلێکی پێشکەوتووخواز ئینجا پیادەکردنی دەسەلاتی دیکتاتۆری لێ دەکەوێتەوە ئیتر لەژێر هەر ناوێکدا بێت. لاسال لەو باوەڕەدا بووە (ئەمە لە پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی سۆسیال دیمۆکرات- ئایزناخ ١٨٦٩ز پەسند کراوە) کە دەبێ بۆ ڕزگارکردنی چینی کرێکارو گۆڕینی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری بەشێوەی کاری بەرهەمی هەرەوەزی(٢٢) بگۆڕدرێ. ئازادی سیاسی هەمیشە بنەما و هەلومەرجی ناچارەکی ڕزگاربوونی ئابووری چینی کرێکارە، ئەم ئازادییە سیاسییە لە هەموو قۆناغێکدا شتێکە ناکرێ مرۆڤ دەسبەرداری ببێ، چونکە بەرێگای سروشتی واتە هەلبژاردن و خەباتی پەرلەمانیانە دەستەبەری چارەسەرکردنی گیروگرفت و کێشە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری کۆمەلایەتییەکان دەبێ. کێشەی کۆمەلایەتی لە کێشە و گیروگرفتی سیاسی جیاناکرێتەوە و چارەسەرکردنیشی بەرێگای سیاسی دەبێت، بەلام لە سێبەری دەولەتێکی دیموکراتیدا. لێرەوە سۆسیال دیموکراتەکان لە مارکس جیادەبنەوە لەوەدا کە نایانەوێ دەولەت لە بنەڕەتەوە تێک بدەن، بەلکو کۆششی گۆڕینی سروشتی و دیمۆکراتیزەکردنی دەکەن. بەلای سۆسیال دیمۆکراتەوە سۆسیالیزم نابێ و ناکرێ لە دیموکراتی و ئازادی جیابکرێتەوە. دیکتاتۆری لەژێر هەر ناوێکدا بێت و لە هەر قۆناغێکدا بێت هەر دیکتاتۆرییە و پێشێل کردنی مرۆڤایەتی مرۆڤە! سۆسیالیزم بەبێ ئازادی ناکرێ و نابێ. هەر لە سێبەری دیموکراتیدا دەکرێ و لەتوانادا هەیە سۆسیالیزم پیادە بکرێ. دیموکراتیش لەلای خۆیەوە بەهۆی سۆسیالیزمەوە دواخەت و خال دەدات(٢٣).

وەنەبێ فەلسەفەی کانت و بزووتنەوەی ڕووناکبیری دەوریان لە ڕۆلی شۆڕشی فەرەنسا کەمتر بووبێ. لەکاتێکدا مارکسیستەکان سەرقالی خەباتی چینایەتی و شۆڕش و دیکتاتۆری پرۆلیتێر بوون و سۆسیال دیموکراتەکان لایەنگیری خەباتی پەرلەمانتاری و نیقابە و ئازادی تاکەکەسان و مافی مرۆڤ بوون، فەلسەفەی کانت

بەتەواوەتی لە کەش و هەوایەکی تردا دەست بەکاربووە. سەدەی هەژدەیەم سەدەی ڕووناکبیری و دەست باڵایی فەلسەفەی کانت بوو. ڕووناکبیری وەک قۆناغێک نیشانەی خەت و خاڵدانی پرۆسەی ژیری مرۆڤ بوو. ژیر وەک ئامرازێکی چالاکی گیانی لەژێر دەسەڵاتی کلێسا ڕزگاری بوو، بەڵام ئەم قۆناغە لە سەدەیەک پتر درێژەی نەکێشاوە، سەدەی نۆزدەیەم کە سەدەی ڕۆمانتیکی و ڕێبازی ئایدیالیستی ئەڵمانە بە تەواوەتی ڕەوتی قۆناغی پێشتری گۆڕیوە. ئەگەر قۆناغ و ئەنجام و شوێنەواری ڕووناکبیری لانەبردبێ، ئەوا لاوازی کردووە و ڕەوتەکەی بەلایەکی تردا ئاراستە کردووە. جارێکی تر لاهووت و ئایین پەل و پۆیان کێشاوەتەوە ناو فەلسەفە و بەناوی ئاکارەوە هەوڵی پشت ڕاست کردنەوەی بابەتەکانی ئایین و بوونی ڕەبیان داوە. لەجێگای ژیر و ڕەوتی مرۆڤ پەروەری دۆگما و بابەتەکانی لاهووت و کلێسا هاتوونەوە مەیدان، بەتایبەتی لە ئەڵمانیادا. ئەوی لێرەدا بەوپەڕی گەڕانەوە بۆدواوە و بەتێکشکانی ڕووناکبیری و مرۆڤ پەروەری و بەدژی پێشکەوتن دادەنرێ ئەو کۆششەیە کە بە پشتیوانی کلێسا کراوە بۆ ئەوەی جگە لە فەلسەفە سیاسەتیش بکرێت بەپاڵپشتی ئایین و سوودی لێ وەربگیرێ.

٨- لەسەدەی هەژدەیەم و لە فەلسەفەی کانتدا وا بەرچاو دەکەوێ کە مرۆڤ وەک گیان و چوست و چالاکی لەدوو بەش پێک هاتووە. لایەکیان ئەوەیە کە بڕیار (حوکم) دەدات و لایەنەکەی تر بریتییە لە هەست و هۆش و ئارەزوو خواستن(٢٤). لێرەوە بوونی دابو دەستوور و بنەماکانی ئاکار وەک هۆکاری ڕێکخستنی کار و کرداری مرۆڤ و کۆمەڵ شتی هەمەکی و ناچارەکین و ناکرێ مرۆڤ و کۆمەڵ دەست بەرداریان بن. هەر ژیانی ئاکارەکییە کە بوونی خوا و پێداویستی ئایین پشت ڕاست دەکاتەوە. ئەمە ئەو ئەنجامە بووە کە لە کۆششی گیانی سەدەی هەژدەیەم کەوتۆتەوە. ئەم جۆرە دوو ڕەنگییە بە تەواوەتی لەبیروبۆچوون و فەلسەفەی کانتدا ڕەنگی داوەتەوە. جیهانی دیاردە و ڕاستەقینە، شت وەک بەرهەست دەکەوێ و شت لەخۆیدا، هەست و ژیر(٢٥)، ئەرک و فرمانی سەرشان و خواست و ئارەزوو،ناوەرۆک و ڕوخسار..تاد. وەک دوو جیهان هەیە، جیهانی ڕاستەقینە لەخۆیدا کە کانت نەیتوانیوە جەوهەر و پوختەکەی بزانێ و جیهانی دەرکەوتوو دیاردەکە بە هەستەکان پەی پێ دەبردرێ. سەرچاوەی شت زانین لەلای خۆیەوە، ئیتر پرۆسەی زانین بێ، یان زانین لەخۆیدا لەدووبەش پێک هاتووە کەرەسەی خاو کە بەهۆی هەستەکانەوە لە جیهانی دیاردەوە کەوتۆتەوە ئینجا فام و ژیر کە چەمکەکانیان بەسەردا دەسەپێنێ وەک چوار چێوە ئەم زانینە کرچ و کاڵەی هاتووە تێیاندا جارێکی تر بە پوختی دادەڕێژێتەوە. زانین، زانست بەگشتی تەنیا لەم جیهانە دیاردە بەرهەستییە دەکەوێتەوە و هەر زانستێک سەرگەرمی تێپەڕاندنی ئەم بنەمایە و بەزاندنی ئەم سنوورە بێت، خۆی دەخاتە گێژاوی ناتەبایی، بیروبۆچوونەکانی وەک سەرەتا و ئەنجام ناکۆک بەیەکتری دەبن، بۆیە هیچ جۆرە میتافیزیکێک کە ئەم سنوورەی جیهانی دیاردە ببەزێنێ شیاوەکی نییە. فەلسەفەی کانت لەسەدەی نۆزدەیەمدا بۆتە مایەی بەرپابوونی سێ لایەن و ڕێبازی جیاواز لەنێوان پەسندکردن، بژار و پەرەپێدان، تا وەکو ڕەت کردنەوە و وەلانانی، ئیتر لەلایەن تاکە فەیلەسووفانەوە بووبێ، یان لەلایەن ڕێبازێکەوە وەک کانتیانیزمی نوێ و مەتریالیزم و پۆزیتیڤیزم. لایەنی چالاک و ئەکتیڤ و بەبڕشتی فەلسەفەی کانت بەتایبەتی بابەتی (منی داهێنەر) کە بەهۆش و هۆشیارییەوە بەندەو قانوون و بنەماکانی بوون و جیهان و سروشت دەست نیشان دەکات و خۆی لەجیهانی ئازادیدا دەبینێتەوە ئەو ئازادییەی لەمێژوودا وەک پرۆسە دێتە بەر، ئەم لایەنە منی داهێنەری چالاک و ئازادی و مێژوو بوو بەبابەتی سەرەکی ڕێبازی ئایدیالیستی ئەڵمان(٢٦). لەکاتێکدا ئایدیالیزمی ئەڵمان پەرەی بە فەلسەفەی کانت داوە و هەندێ لایەنی پەرەپێ داوە و کانتیانیزمی نوێ درێژەی بەو پرۆسەیە داوە کە کانت دەستی پێ کردووە، لایەنی سێیەم بریتی بووە لە وەلانان و وەرنەگرتنی کانت، ئەمانە لەفەلسەفەدا مەتریالیست و لە ئەدەبدا ڕۆمانتیکییەکان بوون کە هەڵوێستەکەیان دەکرێ، ئەوەندەی پێوەندی بەکانتەوە هەیە، بە ڕەخنەگرتن و پرۆتێست ناوبنرێت. ئەم ڕەخنە و پرۆتێست و ناڕەزاییە بە تایبەتی ئاراستەی لایەنی ژیرەکی فەلسەفەی کانت و پرۆسەی ڕووناکبیری کراوە. لەکاتێکدا کانت و ڕابەرانی بزووتنەوەی ڕووناکبیری سەرگەرمی ئەوەبوون هەبوونی قانوونی ناچارەکی و هەمەکی پشت ڕاست بکەنەوە و تاکەکان بکەن بە پاشکۆ و پابەندی ئەم قانوون و بنەما هەمەکییانە، ڕۆمانتیکییەکان ئەم جۆرە تێزە و بیرەیان

هەڵگێڕاوەتەوە و پێیان لەسەر بوون و سەرخۆیی تاک و تاکەکەسی داگرتووە.

ڕاستە ڕێبازی ڕۆمانتیکی فەلسەفە نییە، بەڵکو پتر ئەدەب و شیعر و هونەرە بەشێوە جیاوازەکانییەوە، بەڵام لەم گۆڕەپانەدا زۆر فەیلەسووفی ناسراو وەک شیللەر و شلیگل و کیرکێگارد شان بەشانی ئەدیب و نووسەران لەپەرەپێدان و بەپێزکردنی ناوەرۆکی ئەم ڕێبازە دەوری کاریگەریان گێڕاوە.

لە نووسینەکانیاندا بەتایبەتی لە ڕۆمان و بەرهەمە شانۆییەکاندا بە ئاشکرا جێ دەستی بابەتی فەلسەفە دەبینرێ. نووسەری ڕۆمانتیکی بەهۆی فەلسەفەوە، بایەخی بە ئایین داوە و ئایینی بەلاوە پەسند بووە. لەوەوە بووە کە هەڵوێستی فەلسەفەی بەرانبەر بە ئایینی ڕاستەقینە پەسند کردووە. ئەم هەڵوێستە بریتییە لە دیتنی ئەرکی ڕاستەقینەی ئایین لەوەدا کە بەشێوەیەک لە شێوەکان یارمەتی تاکە کەسانی ڕاماو و داماو و بێ دەسەڵات دەدات و وەک هۆکار و فاکتەرێکی دەروونی جۆرە دڵنیاییەکی ناوەکی بەناخ و دەروونی ورووژاو و نارەحەت دەبەخشێ.

٩- ڕاستە سروشت سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی ژیانە، پڕ لە لایەنی نهێنی و جوانی و ئەفسانەیە، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە سروشت نهێنی و گرێ کوێرەیەو وا بە ئاسانی مرۆڤ بەو تواناو ئامرازانەی لەبەر دەستی دان نەهەڵدەهێنرێ و نە دەکرێتەوە. بۆیە سەیر نییە کە هولدیرلین بۆ کردنەوەی ئەم گرێ کوێرەیە پەنا بەرێتە بەر هەستی خۆشەویستی و جوانی. هولدیرلن لەو باوەڕە(٢٧) دابووە کە ئەگەر مرۆڤ بەچاوی دڵ سەرنج بدات، بۆی دەردەکەوێ کە ئەو بنەمایەی هارمۆنی و هەم- ئاهەنگی و فرەڕەنگی سروشت ڕادەگرێ لە هەستی خۆشەویستییەوە دەکەوێتەوە و پشت ئەستوور بەهەستی جوانی سروشت تایبەتمەندی دڵڕفێن و ئەفسووناوی بەدەست دەهێنێ.

لە هەست و خۆشەویستی و جوانیدا بنەمای ڕاگرتنی ڕێکوپێکی سروشت و هارمۆنی و هەم ئاهەنگی ببینرێ پتر لەقسەو شیعرێک دەچێ کە لەناخەوە هاتبێت و هیچ جۆرە ئاشناییەکی لەگەڵ ژیرو مەنتیقدا نەبێ. سروشت بمانەوێ و نەمانەوێ شتێکە لەخۆیدا زۆر لەوە قووڵتر و فراوانترە کە مرۆڤ بەبیرو هۆش و ژیرەکەی ئەسپی خۆی تێیدا تاو بدات و گۆشە تاریکەکانی ڕووناک بکاتەوە و نهێنییەکانی هەڵبهێنێ و شارەزاییەکی تەواوی لێ پەیدا بکات. دانانی سروشت وەک سەرچاوەیەکی جوانی و هەماهەنگی و خۆشەویستی...تاد لەوەوە کەوتۆتەوە کە چاوی هەست و دڵ و دەروون لە دیاردە و ڕوخساری سروشت بەولاوە بڕ ناکات. هەڵوێستی ڕێبازی ڕۆمانتیکی دەربارەی سروشت، ئەگەر لایەنەکەی تریشیان بهێنرێتە بەرچاو و بەیەکەوە گرێ بدرێن، واتە لایەنی گاڵتەجاڕی، ئەوا دەردەکەوێ کە ئەم هەڵوێستە وەک کاردانەوەیەک دژی قۆناغی ڕووناکبیری و سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی زانست و لێکۆڵینەوەی زانستی دێتە بەرچاو. لێرەوە ئەو ڕەخنەیە ڕوون دەبێتەوە کیرکیگارد، نیتشێ و بۆدلێر لە ڕێبازی فەلسەفەی پۆزیتیڤیست و ڕیالیزم و تاڕادەیەک لە ئایدیالیزم گرتوویانە، هەر ئەم ڕەخنەیە بوو کە لە چوارچێوەی زانستی هونەر و جوانیدا (ئیستێتیک) خەت و خاڵی داوە و ڕێبازی ڕۆمانتیکی بەپیت و بەپێز کردووە(٢٨). بۆیە کە مرۆڤ وشەی ڕۆمانتیک دەبیستێ یەکسەر نهێنییەکانی هەست و دەروون و ناخ، سۆز، ئارەزوو حەز و پەرۆش، جوانی سروشت و شۆخی ئافرەت، شیعر و موزیک و هونەری دێتە بەرچاو و دڵ. ئیتر دەکرێ بوترێ ڕێبازی ڕۆمانتیکی کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم سەری هەڵداوە و لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم گەیشتۆتە لووتکەی گەشەکردنی، بریتی بووە لە بزووتنەوەیەکی گیانی ئەدەبی و هونەری و جوانناسی ئاوێتەبووی فەلسەفەی سەردەمی خۆی. ڕۆمانتیکیەت لە ڕێبازێکی ئایدیالیستی بەولاوە نییە. ڕاستە ژیان بە جوانی سروشت و ئافرەت و مرۆڤ ڕازاوەتەوە و شیعر و ئەدەب و هونەر ئەو بابەتەن کە پتر گۆشەی ژیان دەڕازێننەوە، بەڵام هەستی شاعیر شتێکە و ژیان و گوزەران و ڕاستەقینە شتێکی ترن. دەربڕینی هەست و نەستی مرۆڤ بە شیعر و ڕۆمان ئەگەر جۆرە لەباری پۆزەتیڤێکی تێیدا دەربکەوێ، ئەوا لەلایەکەی تریەوە بێ دەسەڵاتی و دەسەوسانی و ڕاکردن لە ڕاستی و ڕاستەقینە دەگەیەنێ. ئەگەر هەست و نەست یەکەم هەنگاوی دەربڕین بن، ئەوا دەبێ هەنگاوی تریان بەدوادابێت و هیوا و ئاوات و خۆزگە هیچ لەلایەنی تاڵ و تفتی و سەختییەکانی ژیان ناگۆڕن. پێ داگرتن لەسەر دەوری تاکەکەسی، ئازادی لەچوارچێوە گشتییەکەیدا ئەگەر پێشێل نەکات، ئەوا سنوورداری دەکات. ئازادی

شتـێكی هەڕەمـەكی نـیـیـە. ئازادی و ئۆبالّی ئەسـتـۆ و ناچارەكی دژ بە یەكـتـری نین و یەكـتـری ڕەت نـاكـەنەوە، بەڵكو توندوتۆڵ بەیەكەوە بەندن و تەواوكـاری یەكـتـرین. جـەوهەری مـرۆڤ لەوەدا دەردەكـەوێ چ دەكـات و چی لەتوانـایـدایە، نەك لەوەدا چ دەخـوازێ و چ ئاوات و هیـوایەك لەناخـیـدایە. توانای مـرۆڤ، دەسكەوت و بەرهەمەكەیەتی كە مرۆڤایەتی مرۆڤ ساغ دەكەنەوە.


**سەرچاوە:**

**١- والشعراء یتبعهم الغاون، ألم تر أنهم في كل وادیهیمون وانهم یقولون مالا یفعلون.... (سورة الشعراء: ٢٢٤-٢٢٦).**

**2- Baudelaire, Charles,. Samtliche Werke. Briefe Bd.I. Darmstadt./1977. S.1990.**

**3- Schulz, G., Romantik. Geschichte und Begriff. Munchen 1996. S.11.**

**4- Schulz, Gerhard., Ebenda S.8.**

**5- Schlegel,Fr., Gesprache uber die Poesie. Stuttgard 1968.**

**6- Heine, Heinrich., Historisch- kritische Gesamtausgabe der Werke.Bd.8/1. Hamburg 1979. S.126.**

**7- Heine, H., Ebenda. S.222.**

**8- Grimme, Adolf, Vom Wesen der Romantik Hamburg 1947 S.18.**

**9- Schnadelbach, H., Philosophie in Deutschaland. 1831-1931-Stw 401 S.18.**

**10- Hegel, G.W.F., Grundlinien der Philosophie des Rechts. Hamburg 1955 S.14.**

**١١- بە باوەڕی من قسەكەی هاینریش هاینە دەربارەی ئایینی مەسیحی كردوویەتی ڕاست نییە و جۆرە ناحەقییەكی تێدایە. هاینە وتوویەتی: «ئایین (مەسیحی و كاتۆلیك) لەگەڵ ڕیاكاری و نیفاقدا دەستە خوشكن و لە یەكتری جیا ناكرێنەوە. هەرسێكیان هەمان جەوهەر و ڕوخسار و جلوبەرگ و زمانیان هەیە و ناكرێ چاوەڕێی ڕاستی و هەقیقەتیان لێ بكرێت»**

**-Heine, H., Gesamelteausgabe Bd 8-1 S.166.**

**12- Vorlaender, Karl, Philosophie des Mittelalters Rowhlt 1967 S.108.**

**13- Musil, Robert, Der Mann Ohne Eigenschaften. Reinbeck 1981 In Werke Bd.I**

**14- Ritter, Joachim, Metaphysik und Politik Stw 199 S.192.**

**15- Ritter, J., Hegel und die franzosische Revolution S.199 In: Metaphysik und Politik Stw 199.**

**16- Flasch., K., Aufklaerung im Mittelalter. Frankfurt 1989 S.99.**

**17- Pivcevic, Edo., Ironie als Daseinsform bei Soren Kierkegaard. Gutersloh 1960 S.14.**

**١٨- ڕابەرانی ڕێبازی ڕۆمانتیك پترن لەوەی لێرەدا ناویان هاتووە. بەلای ئێمەوە ئەو كەسانە گرنگن كە پێوەندی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەبووە، فەیلەسووف و ئەدەب دۆست و ئەدیب و هونەرمەندی فەیلەسووف لێرەدا خراونەتە بەرچاو.**

**19- Dilthey, W., Das Erleben und die Dichtung. Gottingen 1985 S.187.**

**20- Schulz, G., Romantik Geschichte und Bergriffe. Munchen 1996 S.52.**

**21- Marx, Engels, Ausgewahlte Schriften in Zwei Banden. B.I Berlin 1955 S.226.ff.**

**22- Miller, S. und Potthoff, H., Kleine Geschichte der SPD Bonn 1988 S.13.ff.**

**٢٣- ئەم بیروڕایانە بەتێروتەسەلی لە پرۆگرامی پارتی سۆسیال دیموكرات ئایزناخ ساڵی ١٨٦٩زدا باس كراون. بڕوانە:**

**- Susanne, M. und Potthoff, H., Kleine Geschichte der SPD. Bonn 1988 S.308-209.**

**لەم كتێبەدا تێكڕای بڕیاری كۆنگرە و كۆنفڕانس و پرۆگرامەكانی ئەم بزووتنەوەیە چاپ كراوەتەوە.**

**24- Jodl.F., Geschichte der Ethik. Bd2 Essen:- S.27.**

**25- Kant, Kritik der reinen Vernunft. A50 B74.ff.**

**26- Storig, H.J., Kleine Geschichte der Philosophie Stuttgart 1961 S.498.**

**27- Dilthey, Wilhelm., Das Erlebnis und die Dichtung. Gottingen 1985 S.235.**

**28- Bohrer, K.H., Die kritik der Romantik Suhrkamp Frankfurt A/M 1989 S.62.**

# بەهای کۆمەڵایەتی لە مێژوودا

ئا: شوکر سلێمان

بەها لە دەرەنجامی چۆنیەتی ژیان و گوزەران و ئەزموونی مرۆڤ لەسەر زەوی هاتووەتە کایەوە، ئەمەش بە پێی پێویستی مرۆڤ لەو ژینگەیەی تێدا ژیاوە، پەیوەست بووە بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاوەز و ئاوەزگەرایی مرۆڤەوە هەیە کەچۆن ژیاوە و خۆی گونجاندووە بەو شێوەی خۆی مەبەستی بووە، دیارە بەها لە مێژوودا بەهای کەلوپەل نەبووە، بەڵکو بەهای مرۆڤایەتییە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بە پێی مێژوو بۆتە هەڵگری کۆمەڵێک ڕەفتار و ئازار و نهێنی، بۆیە کاتێ باسی بەها دەکەین مەبەستمان بەهای مرۆڤە کە پێوەندی بە ڕۆشنبیری خودی خۆیەوە هەیە و بەهای ڕەفتاریش هاوکووفە لەگەڵ بوون و ئیرادەی ئەو مرۆڤە لە مێژوودا، لەو بەهایانەی مەبەستیشمانە وەک نموونەی باڵاو نیەت و قوربانی و ئەمەک و ئازایەتی و پاڵەوانییەتی و سەرکەوتن و ... هەموو ئەمانە شتی ڕێژەیین دەگۆڕێن، چونکە مرۆڤ لە هەڵگرتنی ئەو جۆرە بەهایانەدا وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە کۆمەڵێک، یان خێزانێکەوەیە، بۆیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری حوکمی سەردەم و ڕەخنەی لۆژیک و مێژوو.

بەها کۆمەڵایەتییەکان بەپێی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگەکان، دەکەونە ژێر کاریگەری گۆڕانی مێژوویی، چونکە وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دوای ئەو گۆڕانە مێژووییەی بە سەرهەڵسوکەوت و پێوەندییەکانیدا هاتووە، لە بوونەوەرێکی سەرەتاییەوە بۆ بوونەوەرێکی پێشکەوتوو و شارستانی کۆمەڵێک بەهای تازەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە کایەوە و کۆمەڵێک بەهای دیکەی خستووەتە مۆزەخانەوە و لە بیرچوونەوەوە، بۆیە کاتێ

سەیری ژیانی مرۆڤ دەکەین وەک مرۆڤێک کە لە سەرەتای ژیانیدا بووە هەڵگری کۆمەڵێک پەسنی زۆر تایبەتی بووە، بەڵام بە پێی گەشەکردن و گۆڕانی مرۆڤ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە و بە پێی ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییەی کە مرۆڤ وەک بۆماوەیەک هەڵگری بووە، بووەتە هۆی گەشەکردنی لایەنی ویژدان و سۆزی مرۆڤانەی ئەو و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیانی ئەو مرۆڤە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و چۆتە قۆناغێکی تازەوە، دیارە لەگەڵ هەموو ئەو بەرە و پێشەوەچوون و گۆڕانانەی مرۆڤدا، بەهای کۆمەڵایەتیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەر سەردەم و قۆناغێک کۆمەڵێک بەهای تازە و نوێی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە کایەوە.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە هەمیشە ژیان هەڵوێستی تازەی گەرەکە، بۆیە بەها و هزر بەرهەمی مێژووی گۆڕاون، بەڵام بوونی کۆمەڵایەتی سنووری دەرکەوتەکانی لە ڕێگەی هەست و ویژدان وێناندنەوە دیاری دەکەن، ئەو فەرمایشتانەی کە شوێنێکی تایبەتی لە بەهای بەرهەمهێنان و ڕەگەزەکانی ئابووری و پێوەندییەکان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە. (١)

لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەندێ بەها گرنگی زیاتری پێدەدرێت، لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا بەوەعدبوون، پێشکەوتنی ماددی و ململانێ، لە بەها گرنگە کۆمەڵایەتییەکانن، لە حاڵێکدا کە لە کۆمەڵگەیەکی نا پیشەسازیدا پێدەچێ بەهای دیکە گرنگی زیاتری هەبێت، لە کۆمەڵگەیەکی سادەدا تاکەکانی کۆمەڵ بە ئاسانی لەسەر کۆمەڵە بەهایەک ڕێک دەکەون، لە حاڵەتێکدا کە لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا سیستەمێک لە بەهاکان زاڵ و باڵادەستە، بۆ نموونە ئەوپەڕی گرنگی بە گەشەی ئابووری بدرێت یان بە ژینگە؟ ئایا پێویستە خەڵکان زیاتر پەرە بە تاکگەرایی بدەن یان بە بیروباوەڕی گرووپی؟ لە کۆمەڵگە ئاڵۆزەکاندا ڕێک کەوتن لەسەر بەهاکان حاڵەتێکی ناکۆتایی هەیە و بەهاکان بەردەوام لە حاڵەتی گۆڕاندان، گۆڕانی بەهاکانیش بە نۆبەی خۆی کاریگەری لەسەر دابونەریت و ڕسووماتەکان بەجێ دەهێڵێت. (٢)

هەڵەیە ئەگەر بەها لە هەڵکەوتەکانی ژیان جیابکەینەوە، چونکە تەنیا ئارەزوو و پێداویستی و بەرژەوەندی نابێتە هۆی چەکەرەکردنی بەها، چونکە ماکس شیلەر دەڵێ: «بەها زۆر لەوانە لە ئێمە نزیکترە، لە هەموو کارێک هاوڕێمانە، لە هەموو کارێکدا خۆی دەسەلمێنێ و لە بونیەی بوویەری مێژوویی دەردەچێت، بە پێچەوانەی هۆسرل کە بەها دەگێڕێتەوە بۆ سۆز و هەست و شعوور، بە شێوەیەکی گشتی هەوڵەکانی ئاوەز پشتگوێ دەخات، کە ئەو پێی وایە هەمیشە مرۆڤ لەژێر کاریگەری سۆز و عاتیفەدایە بە پێی پێوەرەکانی کۆمەڵ و بزووتنەوەی مێژوویی.» (٣).

کارل مانهایم بە شێوەیەکی دیکە دەڕوانێتە سەرهەڵدانی بەهای کۆمەڵایەتی، ئەو پێی وایە چۆنیەتی مێژوو و بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی بنەڕەتین بۆ سەرهەڵدانی بەها و گەشەکردن و مانەوەی لە کۆمەڵگەدا چونکە مانهایم لە ناوەندێکی ڕۆشنبیری پێشکەوتوو و بەربڵاو هاتبووە دنیاوە، لە سەردەمێکیشدا ژیا لە (بۆدابست) کە سەردەمی یەکلایی کردنەوەی ڕامیاری کاریگەر بوو بۆ ئەوەی لەو داکەوتنە ڕزگاری بێت، بۆیە مرۆڤ دەستی کرد بە نوێکردنەوەی دابونەریت و هزرەکانی خۆی لەژێر ڕۆشنایی بارودۆخ و هەڵوێستە نوێیەکاندا، بۆیە لێرەدا شۆڕشی ڕۆشنبیری و هزری لەنێوان لایەنگرانی گۆڕان و نوێکردنەوە لە ڕێگەی یاخیبوون لە بەرانبەر هەموو بەهایەکی کۆن بووە هۆی هاتنە کایەوەی بەهای ڕۆشنبیری و تازەی هزری.

کاتێ سەیری بیروباوەڕەکانی (مانهایم) دەکەین، دەبینین پێویستییەتی مێژوویی سەپێنراوێکە بۆ هاتنە کایەوەی هزر و ئاوەز و بەهای تازە، ئەمەش لە ناخی ئەو سەردەمە دێتە کایەوە، بۆیە هەموو کۆمەڵگەیەک و ڕۆشنبیرییەک و هەموو سەردەمێک لە سەردەمەکانی مێژوو بە جۆرێک لە بەهای تایبەت دەناسرێتەوە، بۆیە لە ڕوانگەی (مانهایم) دا ئەوە هەڵدەهێنجین کە بەها وێناندنێکی کۆمەڵایەتییە، کە لە بارودۆخ و هەڵوەستە و هەڵکەوتەی مێژوویی دێتە کایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا (مانهایم) باوەڕی بە گۆڕانی پرۆسەی مێژوویی هەبوو، چونکە ڕۆڵێکی کارا و بنەڕەتی لە سۆسیۆلۆژیای بەهادا دەگێڕێت. (٤)

### پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەها

دیارە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە لێکۆڵینەوە نوێکانی کۆمەڵزانی، گرنگییەکی لە ڕادەبەدەریان بە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دا، لەژێر ڕۆشنایی بنیادی کۆمەڵ و ئەو هزر و ئاوەزانەی هەیبوو کە لە ڕوانگەی کۆمەڵزانییەوە بە پرۆسەی بەها (system of values) ناوزەند دەکرێت.

هەڵبەت هاتنە کایەوەی چەمکی (سۆسیۆلۆژیای بەها) لە چوارچێوەی توێژینەوە نوێیەکانی کۆمەڵزانیدا

شوێنێکی دیار و کاریگەری لە نووسین و کتێبەکانی زانا و پیتۆڵەکانی کۆمەڵزانی نوێدا داگیر کرد، وەک پارسۆنز ئەنگلز و سۆرکین و سانیال و کلوکهون.

(فلۆرەنس کلوکــهــون) لەم ڕووەوە بەم شــێــوەیە ئەو چەمکە دەخاتەوە و دەڵێ (ئاراستەکانی بەها) لە هەمـوو ســەردەم و شــوێنێکدا لە دوای هەمــوو ڕەفــتــارێکی مرۆڤەوەیە، چونکە پاڵنەری ڕاستەقینەن، ئەمەش بە پێی جۆر و شێوەی ڕۆشنبیری مرۆڤەکانەوە دەگۆڕێت، چونکە ئەو ئاراستانە بۆ هەڵوێستی مرۆڤەکە خۆی لەو بوونەدا دەگەڕێتەوە، کە چۆن پێوەندییەکانی بە گەردوون ڕێک دەخــات، ئەمــەش بەپێی ئەو دابونەریت و پێــوەرانەی کۆمەڵگاکان هەیانە لە جیهاندا کە بە پێی عەقڵییەت و ڕۆشنبیری خۆیان پێوەندییەکانیان ڕێک دەخەن. (٥)

لێرەدا پێــویــســتــە ئامــاژە بە تیــۆرە بەناوبانگەکــەی (مــــاکس فـــیـــبــــەر) بدەین کـــە بەناوی (کـــاری کــۆمــەڵایەتی)یەوە، کــە ئەو پێی وایە ئەو جــۆرە لە دەرەنجامی ڕەفـتـار و کـارەوەیە دەبێـتـە هۆی سەپاندنی بەهاکـان، بۆیە کـاری کـۆمەڵایەتی هەمیـشـە بە بەردەوام کار بۆ جێبەجێکردنی بەها کۆمەڵایەتییە باوەکان دەکات، ئەو ڕەفتارەی هەوڵی سەپاندنی بەهاش دەدا، لە بنەڕەتدا ئەو ڕەفـتـارە بۆ ئەوە هاتووەتە کـایەوە تاوەکو بەهایەکی کـۆمـەڵایەتی دیاریکراو بسـەلمێنێ، بۆ نموونە کـە مـرۆڤ دەیەوێ ڕەفـتـارێکی وەک جـوانی، ئاییـنی، یان بـەهای لایەنگری، ئەرک، شـەرەف، پەیڕەو بکات، بێگومـان ئەو ڕەفتارە کە بکەرێکی کۆمەڵایەتی ڕەفتار دەکات لە دوو تۆی بەهایەکەوەیە، یان بۆ نموونەی باڵا دەگەڕێتەوە، یان پێـداویسـتی بەهایەکی دروسـتـبـوو، یان ئاییـنی وای لێدەکات ئەو ڕەفتارە بنوێنێ، بە واتای ئەوەی ئەو بەها ڕەهایەی ئەو ئاراسـتـەکـان دەسەپێنێ بە جـۆرێک یان بە شێوەیەکی ڕەفتاری، ئەو بەهایانەش کۆمەڵێک ناچاری لە دووتۆی خۆی هەڵدەگرێت کە تەحەکوم بە ڕەفتارەکانی مـرۆڤ دەکـات بە شـێـوەیەکی پاڵەپەسـتـۆدار، یان ئەو بەهایانە هەندێک داواکـاری دروست دەکـەن کـە مـرۆڤ ناچارە پەیڕەویان بکات. (٦)

**ئاراستەکانی بەها لای تالکۆت پارسۆنز**

دیارە بیروڕاکانی ماکس فیبەر ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە کتێبەکانی پارسۆنز و ئەنگلزدا دایەوە، بۆیە پارسۆنز جەخت لەوە دەکـاتەوە کە بەها دەبێـتە هۆی دیاریکردنی بنیادی کـاری کۆمەڵایەتی، چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەشی خۆی لە سێ ڕۆڵدا دەبینێتەوە کە ئەوانیش: ڕۆڵی بکەر، ڕۆڵی ئەو هەڵکەوتەی تێدا دەژی، ڕۆڵی ئاراستەکانە.

لە توێژینەوەکانی پارسۆنز لە بابەت ئاراستەکانی بەها و جۆرەکانی کار، وا سەیری بەها دەکات کە هەڵبژاردنی کـۆمــەڵێک پێــوەر و بنچــینەیە لەنێــوان کـۆمــەڵێک ئاراسـتــەدا، لێـرەوە بەهاو پیـشـەی کـۆمـەڵایەتی دێتـە کـایەوە، کـە ئەمــانەش بەشی سـەرەکی و بنەڕەتین لە کـولتـووردا، لێـرەوە بەها وەک ڕەگـەزێکی گـەوهەری بووە بەشێک لە پێکهاتەی بینا و بنیادی کۆمەڵایەتی. (٧)

بە تێـڕوانین بۆ نەرمی مـرۆڤ و هەسـتـیـارییـەکـەی و چۆنیەتی پشتبەستنی لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بە کەسانی دیکەوە، هەروەها لە کاتی پرۆسەی پەروەردە و بنیــادنانی کـۆمــەڵایەتیــدا ئەو بەهایانە وەردەگــرێ، هەروەها بەها یارمەتی مرۆڤ دەدات کە چۆن لە پرۆسەی خۆگونجاندنی کـۆمەڵایەتیـدا خۆی بگونجێنێ و چۆن لە سیسـتـەم و ڕۆڵ و جۆرەکانی ڕەفـتـار تێبگـات، ئەمەش چۆن دەبێت دیارە لە ڕێگەی پرۆســەی ڕۆشنبــیـــری و هەستکردن بە خۆپێوەبەستانی ئەو بەهایانەوە دەبێت، کە لە ئاکـار و ڕەفـتـارەکـانی تاکدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە بەها لە هەمــــوو کـــارێکدا بوونی هەیە، لـە هەمــــوو پرۆســەیەک لە پرۆســەکـانی کـارلێکردن و لە هەمــوو هەڵوێسـتـێک لە هەڵوێسـتـەکـاندا دەردەکـەوێت، لێـرەوە بەها دەبێــتـە بەشـێک لە پێکهـێنەرەکـانی هەڵـوێسـتی کۆمەڵایەتی کە لای پارسۆنز لە بارودۆخی ڕۆشنبیری و کاریگەر بە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دێتەکایەوە.

لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە بڵێین ئەگەر سزادان بەشێک بێت لە کـۆنـتـرۆڵکردنی دەرەوەی ڕەفـتـاری کـۆمـەڵایەتی، ئەوا بەها جۆرێکە لە کۆنترۆڵی ناوەوەی ڕەفـتـار، بەهاش کـۆدەبێــتــەوە لە خـودی تاک، بەڵام، نەک لە دەرەوەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تاک تێیدا دەژیت، لەگەڵ ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییەی ئەو هەیەتی بە کۆمەڵگەکەیەوە، لە دووتۆی ئەو کارلێکە کارەکانی بەها بەدیار دەکەوێت و ڕەفـتـاری کـۆمـەڵایەتی ئاراسـتـە دەکـات، بەبێ بـوونی هێزێکی دەرەکی(٨).

دکـتـۆر عـەلی وەردیش دەڵێ: دەمـارگـیـری خێـڵـەکی لەوەوە سـەرچاوەی گـرتووە کـە لە بیـاباندا دەسـەڵاتێک نەبووە وەکو حکومەت، بۆیە تاکی دەشتەکی ناچاری ئەوە بوو کـــە پەیوەست بێت بە خـــێــڵـــەکـــەیەوە بۆ ئەوەی بپـارێزرێت، چونکە هیچ ئەلتـەرناتیـڤێکی دیکە نەبوو؛ تەنیا ئەوە نەبێت کە تاک لەو سەردەمەدا بەیوەست بێت بە بەها کۆمەڵایەتییەکانی خێڵەکەیەوە. (٩)

بەهاش وەک هەر ڕەگـەزێکی سیسـتـەمی کۆمـەڵایەتی

دەگۆڕێت بە پێی گۆڕانی بارودۆخ کە کاری لێدەکات، لێـــرەدا دەتوانین هەندێ هۆکـــار دیاری بکەین بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لە خودی بەها دێتە کایەوە کاتێ ژیانی کۆمەڵگەکان لە کۆمەڵگەیەکی گوندییەوە دەگۆڕێت بۆ ژیانی شارستانییەتی:

١- هەندێ بەها لەسەرخۆ دەتوێنەوە بەپێی گۆڕان لە خودی هەندێ یان لە یەکێک لە ڕەگەزەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بێت، وەک تۆڵەسەندنەوە کە بەهایەکە لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی گوندیاتی، ئەمەش لە دەرەنجامی گۆڕانی چۆنیەتی تێگەیشتن لە دەسەڵات و سزا.

٢- هەندێ بەها بە پێچەوانەوە شوێنی نزمی خۆیان جێ دێڵن و لە دووتۆی ئەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەوە شـوێنێکی باڵاتر وەردەگرن، ئەمەش بۆ گۆڕانی ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی ڕووی کردووەتە دنیای شارستانییەت و پێشکەوتن، ئەمەش وەک بەهای خوێندن و پاک و خاوێنی.

٣- هەندێ بەها هەن بە نەگۆڕی دەمێننەوە و کۆمەڵگە پارێزگاری لێدەکات، بەڵام بە شێوەیەک کە دەربڕینەکان لەو بەهایانە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە دەگۆڕێت وەک ئازایەتی و کەرامەت و نامووس، ئەمەش بۆ ئەو گۆڕانە مێژووییە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە چووەتە قۆناغێکی دیکەوە. (١٠)

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

**١- د. قباری محمد اسماعیل، قضایا علم الاجتماع المعاصر، مصر - اسکندریة. ل ٣٨٢.**

**٢- مەنوچێهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی کۆمەڵێک نووسەر، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٦، ل ٣٥٩.**

**٣- د. قباری محمد اسماعیل، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٦.**

**٤- د. قباری محمد اسماعیل، هەمان سەرچاوە، ل ٣٨٧- ل ٣٨٨.**

**٥- د. علي الوردي، في الطبیعة البشریة، ل ١٥٦.**

**٦- د. قباری محمد اسماعیل، هەمان سەرچاوە، ل ٣٩٥.**

**٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٩٦.**

**٨- د. محمد عبدالهادي دگله، المجتمع الریفي، جامعة بغداد، ل ١٧٤.**

**٩- سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٧.**

**١٠- د. محمد عبدالهادي دگله، هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٧٤.**

# پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کەسایەتیدا

یووسف عوسمان حەمەد

چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لای دەروونناسەکان پرۆسەیەکی بەردەوامی فێربوون و فێرکردن و پەروەردەیە لەسەر بنچینەی کارلێکی کۆمەڵایەتی، ئامانج لە گەشەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بە کۆمەڵایەتی بوونی تاک و گەشەی قۆناغەکانی (منداڵی و هەرزەکاری و گەنجییەتی و کامڵی و پیربوون....)و وەرگرتنی ڕەوشت و پێوەر و بەهایەکان و مەیل و بۆچوونی گونجاو بۆ ڕۆڵ بینینی دیاریکراو لەناو کۆمەڵگادا. بۆ ئەوەی بتوانێت هاوژیان دروست بکات لەگەڵ گرووپ و دەستەی کۆمەڵایەتی خۆیان، خەسڵەتەکانی نەتەوە بوون و نیشتیمانی بوون وەربگرێت. لە کۆتایی ئامانجەکان دەبێتە بەشێک لە ستراکتۆری کۆمەڵگا. دەروونزانەکان دەڵێن ئەو کاتە تەنیا پێکهاتەی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی بۆ تاک دەمێنێتەوە لەگەڵ دەخالەت کردنی ڕۆشنبیری و کولتووری کۆمەڵایەتی بۆ دروست کردنی کەسایەتی تاک و کاریگەری لەسەری ئەوکاتە تاک کۆپی کەرەستەیەکی خاوە بۆ سروشتی مرۆڤایەتی لە ستایلی کۆمەڵایەتیدا، واتە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بۆ خام بوو کەسایەتی تاک... بە چەمکێکی تر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە گۆڕان لە بوونەوەرێکی بچووک لە منداڵدانی دایک بۆ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بوون، ئەمەش کردارێکی وەرگرتنی مرۆڤە بۆ خەسڵەتەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی کە تەنیا بەهۆی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەبێ، بەڵام کەسایەتی بەوە دەناسرێت کە ڕستەیەکە لە خەسڵەتی جەستەیی و هەڵچوونی عەقڵی و کۆمەڵایەتییە کە تاکی پێ جیا دەکرێتەوە، ستایلی تاک

دیاری دەکات. تاک فێری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەبێت لە ڕێگای کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەها و پێودانگ وەردەگرێت وەکو دیاریکردنی ڕۆڵ بینی تاک و لەم کاتەوە ئاراستە و مەیلی دەروونی وەردەگرێت، لەو کاتەوە فێر دەبێت چۆن ئەندامێکی کارا بێت لەناو کۆمەڵ و هەنگاوەکانی بۆ گۆڕانکاری دەبێت کە کۆمەڵگای دەوروبەری قەبوولی دەکات و بە هەنگاوەکانی تاک بەختەوەر دەبن، چونکە دەبێتە کەسێکی هەڵکەوتوو لەناو کۆمەڵگا، بۆیە دەروونزانی کۆمەڵایەتی (نیوکومب) دەستەواژەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر دەستەواژەی فێربوونی کۆمەڵایەتی دادەنێت، بەمەش تاک لە منداڵێکی گۆشەگیر و پشت بەستن بەکەسانی تر، کە هیچ ئامانجێکی لە ژیان نەبێت تەنیا تێرکردنی غەریزەکانی فسیۆلۆژی بۆ تاکێکی پێگەیشتوو کە ئیدراکی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەکات کە چۆن فێری بەهایەکان دەبێت و زانینی مانای تاک و سەربەخۆیی کە پشت بە توانایەکانی خۆی دەبەستێت کە ڕەفتارەکان ناکەوێتە ژێرکاریگەری پێداویستییە فسیولۆژییەکان و غەریزە کۆنترۆڵ نەکراوەکان، بەهۆی پێوەری کۆمەڵایەتی دەتوانێت کۆنترۆڵی هەڵچوونەکانی بکات، ڕاگیری تێربوونی حەز و ئارەزووەکانی و پێداویستییەکانی بکات کە لەگەڵ پێوەر و بەهایەکانی کۆمەڵایەتی بگونجێت کە ئیدراکی ئەو بەها کۆمەڵایەتییانە دەکات و پابەند دەبێ پێیەوە تووشی لادان نابێت، دەتوانێت پێوەندی دروست لەناو خودی کۆمەڵ دروست بکات.
ئەمەش پرۆسەیەکی بەردەوامە لە تەمەنی منداڵی تاوەکو هەرزەکاری و گەنجایەتی و پیری. لەم کاتەدا فاکتەری بۆماوە و ژینگە لە ململانێی بەردەوامن، چونکە هاوبەشی کردنی تاک لە پێکهاتەی کەسایەتیدایە وەکو ئەوەی منداڵ لە بە کۆمەڵایەتی بوونی خۆیدا لاپەڕەیەکی سپییە کە پەروەردە و ژینگە شوێن پەنجەی دیارە لەسەر هەڵوێستی ژیانییەکە بە ژیاندا تێپەڕ دەبێت لەماوەی گەشەکردنی لە هەموو بوارەکانیدا بەتایبەتی ئاراستە وتایبەتی گەشەکردنی عەقڵی و مەعریفی و کۆمەڵایەتیدا، بۆماوە و ژینگە و پەروەردە هۆکاری سەرەکین لە ململانێی خۆ چەسپاندنیان بەسەر ژیان و شڵەژانی منداڵ و کێشە و ئاریشەکانی دەخالەت لە دروست بوونی کەسایەتی دەکەن لە تەمەنی گەورەییدا، چونکە پەروەردەی توند و دژوار دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونی، چونکە فێربوون لە تەمەنی منداڵی وەکو نەخش لەسەر بەرد وایە. توێژەرەکانی کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکەن کە تاک ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ دروست بوونی کەسایەتی خۆی زیاتر لە فاکتەرەکانی ژینگەوە ڕەنگ کردنی ئەو کەسایەتییە بە خەسڵەتێکی تایبەتی کە خۆی پێدەناسرێتەوە لەسەر ئەو بنەمایە لە کەسانی تر لە ڕووی میزاج و تایبەتمەندی لێک جیا دەکرێنەوە. لە بەرانبەر ئەم خەسڵەتە خودییانەدا، چەند خەسڵەتێکی وەرگیراوی کۆمەڵایەتی هەیە تێکەڵ بە خەسڵەتە خودییەکان دەبێت بۆ بە کۆمەڵایەتی بوونی تاک. ڕەنگە تاک لەنێوان بۆماوە و ژینگە بە هاوتایی بتوانێت کەسایەتییەکی سەربەخۆی دروست بکات. بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خێزان و هاوسەرگیری و هاوڕێیەکان ئەو پێوەندیەش جۆرێکە لە خەسڵەتی تایبەتی. واتە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەمەنی منداڵ و هەرزەکار وەکو خۆی کە تەمەنێکی تایبەتییە بە تەواوەتی ناچێتە ژێر پێوەرەکانی کۆمەڵایەتی. چونکە لەو تەمەنەدا ڕەفتارەکانی تاک بەرەو کەسێکی دوورەپەرێز، یان سەرکردە، یان ئەکتیڤ دیار دەکات کە ڕەوشەکانی کۆمەڵایەتی زەمینە خۆشکەرە بۆ گەیشتن بە ئامانج.
زۆرجار ئەم تەمەنە پێچەوانەی پێوەرەکان دەبێت واتە کاتێک لەو تەمەنەدایە دژی فرمانەکانی باوک سالاری دەوەستێت کاتێک دەبێتە باوک هەمان کردە دووبارە دەکاتەوە و دەبێتە باوکی دووبارە. چونکە کۆمەڵێک ڕەهەند کار دەکاتە سەر گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تاک وەکو ڕەهەندی بۆماوەیی کە بریتییە لە هۆکارەکان و ئایتمەکانی ناوەوە کە بوونیان هەیە لە سەرەتای دەست پێ کردنی ژیانی تاک لە منداڵدانی دایکدا، بۆماوە فاکتەرێکی سەرەکی کاریگەرە لەسەر گەشەی تاک لە ڕووی ڕەوشت و جۆر و خەسڵەتەکان. لە ڕووی زیاد و کەمی گەشە و پێگەیشتن و کەم ئەندامی تاک. ئەمەش لە ڕێگای کرۆمۆسۆمەکان دەگوازرێتەوە، بەڵام ژینگە بریتییە لە ئایتم و هۆکارەکانی دەرەکییە کە کاریگەری ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ دەکاتە سەر تاک لەکاتی لەدایکبوونی. هەندێک جار ئەو هۆکارانە پێش لەدایکبوون کاردەکەنە سەر کۆرپە لە ڕێگای گوشاری

دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە. چونکە ژینگە بریتییە لە هۆکاری ماددی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کولتووری و شارستانییەت و خێزان و هاوڕێ و شار و لادێ کە ڕۆڵێکی بەهێز و گەورەیان بە شێوەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لەسەر تاک هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکانی ژیان.

زانایانی فسیۆلۆژی باس لەوە دەکەن کە ڕژێنە دەرەقییەکان کە ڕۆڵێکی سەرەکیان لە ڕێکخستنی کار و فرمانی لەش هەیە، کاریگەری زۆریان لە سەر ڕەفتارەکانی تاک هەیە بەتایبەتی هەر گۆڕانکارییەکی زیاد و کەم لەم ڕژێنانە ڕوویدات کە لە لایەن خودە کۆئەندامی دەمارەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، جا هەر گوشارێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی کە بە هۆکاری دەرەکی هەژمار دەکرێت کار لە چالاکی کۆئەندامی دەمار دەکات ئەویش کار لە ڕژێنەکان دەکات کە دەبێتە هۆی گۆڕانی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی تاک وەکو شەڕانگێزی و توورەیی و لادانی سێکسی و هاوسەنگی تاک لە بەرانبەر خۆی و دەوروبەرەکەی تێک دەدات. تووشی نەخۆشییە دەروونییەکانی دەکات. ئەم گلاندە ڕژێنانەی کرداری سروشتی هەڕەمەکی گەشەی لەش تەواو دەکەن کە هەموو تاکەکان بەشداری تێدا دەکەن و هاوبەشن لە پێگەیاندنی توانایەکانی گلاندە ڕژێنەکان کە گۆڕانکاری بەردەوام لە ڕەوشتی تاکدا دەکات بەبێ بوونی شارەزایی، یان مەشق کردن، چونکە خواردنیش کاریگەری لەسەر ڕژێنەکان هەیە، واتە خواردن کاردەکاتە سەر ڕەوشتی تاک و هەندێ ڕەوشتەکان لە ڕێگای ماددە خۆراکییەکان دەردەکەون. کاری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای فێربوونەوە کاردەکاتە سەر کەسایەتی، چونکە فێربوون بریتییە لە گۆڕانی ڕەوشت لە دەرەنجامی بوونی شارەزایی و ڕاهاتن کە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە پرۆسەی فێربوونەوە، کە بریتییە لە چالاکی عەقڵی کە تاک پراوەی لەسەر دەکات جۆریک لە شارەزایی فێردەبێت بە ستایلێکی نوێ. زۆر ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەیە کە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەکو ڕۆشنبیری و کولتوور کە بریتییە لە کۆمەڵە شتێک کە تاک فێری دەبێت و چالاکی جووڵاوەی دابونەریت و بەهایەکان و مەیل و ئاراستەکان دەگرێتەوە بۆ ڕێک خستنی پێوەندییەکانی نێوان تاکەکان و تەکنەلۆژیا و ڕەهەندەکانی تاک تێدا بەشدارە بۆ دیاری کردنی ڕەوشتێکی دیاریکراو. ڕۆشنبیری کاریگەری لەسەر ستراکتۆری کەسایەتی هەیە چ تاک بێت، یان کۆمەڵ لە ڕێگای هەڵوێست وەرگرتن لە چلۆنایەتی ڕۆشنبیری و کولتووری باوی ناو کۆمەڵگادا. لە ڕێگای کارلێکی کۆمەڵایەتی بەردەوام، بۆیە ڕۆشنبیری ڕەوشتی کۆمەڵایەتی بۆ تاک و گرووپ دیاری دەکات بەهۆی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، جۆرێک لە زانایانی دەروونی چەند بنەمایەکی کارلێکی تاکیان دیاری کردووە لەگەڵ ستایلی ڕۆشنبیری وەکو:

یەکەم: هاوجووت بوونی کەسایەتی تاک لەگەڵ چەشنی ڕۆشنبیری.

دووەم: پێکهاتەی ڕۆشنبیری کەسایەتی بۆ تاک.

سێیەم: جێگیری تاک ئەگەر هاتو ڕەوشتی هاوجووت بوو لەگەڵ ڕەوشتی ڕۆشنبیری.

چوارەم: فێربوونی ڕەوشت کە دەرئەنجامی تێربوون و ئارامگیرییە.

پێنجەم: شڵەژانی دەروونی بەهۆی گۆڕانکاری ڕۆشنبیری.

شەشەم: ئاڵۆزی کولتوور و ڕۆشنبیری بارگرانییە لەسەر کەسایەتی تاک.

حەوتەم: جیاوازی کەسایەتی بەهۆی جیاوازی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەبێت لە چوارچێوەی ڕۆشنبیری گشتی لەناو کۆمەڵگادا.

ئامانج لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر کەسایەتی سەرکەوتووی تاک بریتییە لە پەروەردە وەکو پرۆسەیەکی پێکهاتەی تاک لەسەر جەخت کردنەوەی پێوەندییەکانی بە ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، بە داخوازی کۆمەڵگا کە هەر یەکێک ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا و گرنگترین ئەرک و ڕۆڵ بۆ بە دەست هێنانی ئامانجەکان کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە:

یەکەم، مەشقی سەرەکی بۆ ڕاگیرکردنی ڕەوشت و شێوازەکانی تێربوونی پێداویستییەکان لە بەرانبەر دەست نیشانکردنی سنوورەکانی کۆمەڵایەتی، لەماوەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ئەوا منداڵ لە خێزانەکەی زمان و دابونەریت و کولتووری خانەوادە وەردەگرێت، هەموو فیگەرەکانی دەوروبەر وابەستەی تێربوونی

پێداویستییەکانی غەریزی و کۆمەڵایەتی و دەروونییە، وەرگـرتنی توانا لەسـەر وەڵامـدانەوەی کـەسـانی تر بۆ ڕەفتـارەکان و مـەیل و ئاراستـەکان کە هەر لە سەردەمی ڕەوشتی منداڵی مەیلی کۆمەڵایەتی و خەسڵەتی خێزانی چەکـەرە دەکـات و ئەو منداڵە دەبێـتـە بەشـێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی.

دووەم: وەرگـرتنی پێـوەری کـۆمەڵایەتی کە کـۆنتـرۆڵی ڕەوشـتی دەکـات و ئاراسـتـەی شـوێنێکی دیاریکراوی دەکات. ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتییانە هاوجووتن لەگەڵ بەها و سیستەمی ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی گشتی، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی دیاربکەون، دەبێ بەها و ئاراستەکان زیاتر ڕوون بکرێنەوە و لە ڕۆحی هەموو تاکێک بوونی هەبێت. ئەو پێـوەرانە هاوکـاری تاک دەکـەن بۆ هەڵبـژاردنی وورووژاندنەکانی هەڵوێستەکان لە بەرانبەر کۆمەڵگادا.

سـێـیـەم: فـێـربوونی ڕۆڵی کـۆمـەڵایەتی، بـۆ ئەوەی کـۆمـەڵگا پارێزگـاری لەسـەر مـانەوەی خـۆی بکات و بەردەوام بێت حەز و پێداویسـتـییـەکانی تاک و کـۆمەڵ بهـێنێـتـە دی، دەبێ ڕێکخسـتنێکی تایبـەتی هەبێت بۆ سەنتەرەکان و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی کە تاکەکان جێبەجێی دەکـەن، ئەو بنکانە بە پێی ڕەگـەز و تەمـەن و پیـشـە و جیاوازی ڕۆشنبیری دەگۆڕێن.

چوارەم: وەرگـرتنی مـەعـریفـە و بەها و ئاراسـتـە و هێمایەکانی چەشنی ڕەفتار، واتە شێوازی مامەڵەکردن و بیرکردنەوەی تایبەتی بە گرووپ و دەستەی کۆمەڵایەتی وەکو مافێکی تایبەتی.

پێنجەم: وەرگرتنی فاکتەرەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی کـە دەبێـتـە بەشـێک لە پێکهـاتەی کـەسـایەتی ئەمـەش جـۆرێک لە جیـاوازی کـەسایەتی دروست دەکات لەسـەر بنەمـای پلەی نـواندنی تاک و جـۆری ڕۆشنبـیری جگە لە جیا تاکی و کۆمەڵایەتی.

شـەشـەم: پێگەیاندنی کـۆمـەڵایەتی یەکـێک لە ئامانجەکانی گۆڕینی منداڵە لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژی بۆ بوونەوەرێکی کـۆمـەڵایەتی کـە خـەسـڵـەتی کـۆمـەڵایەتی وەردەگـرێت و گـۆڕانی منداڵ بۆ پشت بەخـۆ بەستن و بەهێـزبوونی و ویستـی ئەو منداڵە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئـاریشـــەکـانی کـــۆمـــەڵگا لە کـــۆتایی ئەو پرۆســـە کۆمەڵایەتییەوە منداڵ هەست بە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر کەسایەتی خۆی دەکات.

# میدیا لەنێو گوندە ئەلیکترۆنییەکەدا

لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

جیهانی ئەمڕۆ گۆڕانکاری زۆر خێرای بەخۆوە بینیوە بەهۆی شۆڕشی پێوەندیکردن و بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان، لە ئاکامی پەیدابوونی کۆمپیوتەرو تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان و سیستمە ژمارەییەکان و شتی دیکەی تەکنیک بەرزەوە کە بوار بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان و بەڕێوەبردنی کار و سەرمایە و سامان ئاسان دەکەن لەسەر تاسەری جیهاندا و بەخێراییەکی لەڕادەبەدەر. بۆیە مرۆڤ خۆی لە بەرانبەر دیاردەیەکی جیهانی نوێدا دەبینێتەوە لە سەرئاستی جیهاندا، کە بریتییە لە پەیدابوونی جیهانێکی نوێ کە بەرە بەرە دروست دەبێ و لە بوار و سیستەم و پێکهاتەیدا جیاوازە لە سیستەمە پێشووەکان، هەروەها جیاوازە لە میکانیزمی ئیشکردنی و سیستەمی پێوەندیکردنییەوە. لە کاتێکدا جیهانی پێشوو بەهۆی ئابووری پیشەسازی و ئامێرە قورسەکان و هۆ میکانیکییەکانی گواستنەوە، وەک کەشتی و فڕۆکە و ئۆتۆمبیل دروست دەبوو، هەروەها یەکگرتن و لێکجیابوونەوەی بەهۆی ئەو بیروبۆچوون و باوەڕانەوە دەبوون کە لە کتێبەکاندا نووسرابوون، ئەوا ئەمڕۆ جیهان دروست دەبێ و یەک دەگرێ بەهۆی مانگە دەستکردەکان و هۆکانی میدیا و سامانە هێماییەکان و دەقە هەمەجۆرەکانەوە کە زۆر بەخێرایی ئەم سەرو ئەوسەری زەوی دەکات.

ئەگەر قسەکەی (تۆماس گۆن) بەکاربێنین دەربارەی شۆڕشە زانستییەکان، ئەوا شۆڕشی پێوەندیکردن و زانیارییەکان بریتییە لەو شۆڕشەی کە سیستەمی چەمکە کۆنەکان پشتگوێ دەخات و هەنگاودەنێ بەرەو سیستەمێکی چەمکی نوێ، هەرچەندە تا ئێستا ڕواڵەتی ئەم سیستەمە نوێیە بە ڕوونی دەرنەکەوتووە بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتنی هۆیەکانی پێوەندیکردن و زانیارییەوە ئەوا

شێوەی بەرهەمهێنانیش گۆڕانی بەسەردادێ لە ئەنجامدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگۆڕێ. کولتووری ئەمڕۆ کولتووری کتێب و ڕۆژنامە و ڕۆژ ژمێر نییە، بەڵکو زیاتر کولتووری وێنە و زانیاری و کۆمپیوتەرو بانکەکانی زانیارییە، کەواتە بنەمای زانیاری گۆڕانی بەسەردا دێ سەرەڕای گۆڕان لە میکانیزم و هۆیەکانی بەرهەم هێنانییەوە. ئەم ئامرازو ئامێرە تەکنەلۆژیە نوێیانە بوونەتە هۆی گەشەسەندنی بەجیهانیبوون کە لەسەرتاسەری جیهاندا زانیاری بڵاودەکەنەوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بێگوێدانە جۆری نەژاد و کولتووریان، ئەم ئامرازانەش بریتین لە:

**پەخشی ئاسمانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ**

گرنگترین داهێنانەکانی سەدەی ڕابردوو بریتییە لە پەیدابوونی تەلەفزیۆن، کە دروستکردنی زۆر بەخێرایی گەشەی سەند تا گەیشتە ڕادەی پەخشی ئاسمانیی کە وای کردووە جیهان ببێتە دێیەکی بچووک، بەم شێوەیە سنوورە سیاسی و بەربەستە جوگرافییەکانی بەزاند و لە توانای هیچ هێزێکی ناوخۆیی نییە بەر لەو پەخشکردنە بگرێ، مانگە دەستکردەکان بە شادەماری ئاڵوگۆڕکردنی هەواڵەکان لە قەڵەم دەدرێن لە جیهاندا کە دەتوانن زۆر بەخێرایی هەموو جۆرە هەواڵێک بگوێزنەوە. دواتریش پەخشی ئاسمانی ژمارەیی (dijital) هاتە ئاراوە کە هەنگاوێکی مەزنی لە بواری پەخشکردندا هاویشت، تەکنیکی ژمارەیی توانی پەخشی چاکترو جۆراوجۆرتر پێشکەش بکات و بە نرخی کەمتریش، هەروەها بواری زیاتر واڵا کرد لەبەردەم زیابوونی کەناڵە ئیزگەیی و تەلەفزیۆنییەکاندا و پەیدابوونی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر کە هەرسێ سیستەمی میدیا و کۆمپیوتەرو پێوەندیکردنی لەخۆگرتووە.

بەم شێوەیە تەلەفزیۆن ئەم جیهانە گەورەیەی کرد بە شاشەیەکی بچووک کە بەهۆی ئامێری ڕیمۆت کۆنتڕۆڵەوە (کۆنتڕۆڵکردن لە دوورەوە) دەتوانی بەناویدا بسووڕێیتەوە، پەڵەیەک زەوی لەسەرتاسەری جیهاندا نەماوە کە مانگە دەستکردەکان پەخشی تەلەفزیۆنی بۆ نەنێرن، بۆیە دەتوانین بڵێین تەلەفزیۆن بەهۆی ئەو پەخشە بەرفراوانەیەوە (هێزی گەورەی سێیەمە)، کە ژمارەی بینەرانی بە چەندان جار زیادی کردووە گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ سێ ساڵ لەمەوپێش، ئەمەش بەهۆی گەشەسەندنییەتی. گرنگترین تۆڕی تەلەفزیۆنی ئاسمانی لە جیهاندا کە بە ئامرازێک لە ئامرازەکانی بەجیهانیبوونی میدیا لە قەڵەم دەدرێ بریتین لە:

أ- تۆڕی (CNN)ی ئەمریکی کە لە ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن (تیدتێرنەر) لە شاری ئەتڵەنتای ئەمریکی دامەزراوە، بەردەوامە لە پەخشکردنی هەواڵە ڕاستەوخۆکان بەدرێژایی شەووڕۆژ بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە، بە گەورەترین تۆڕی تەلەفزیۆنی جیهانی دادەنرێ کە تایبەتمەندە بە پەخشکردنی هەواڵەکان، ژمارەی بەشداربووانی ئەم کەناڵە گەیشتۆتە (٥٣) ملیۆن کەس لە ئەمریکادا، لەشکرێکی بچووکی پەیامنێرانی هەیە کە ژمارەیان دەگاتە (٢٠٠٠) کەس و لە (١٢٠) وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە، پەخشکردنی ئەم کەناڵە دەگاتە سەرتاسەری جیهان جگە لە جەمسەری باکوور و کیشوەری جەمسەری باشوور نەبێ، بەهۆی بەکارهێنانی نۆ مانگی دەستکرد کە بە دەورەی خولگەی زەویدا بڵاوکراونەتەوە.

ب- تۆڕی (BBC) بەریتانی، لە ساڵی ١٩٨٦ بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە دەستی بە پەخشکردنی خۆی کرد، پەخشی ئەم کەناڵە زیاتر لە (٥٠) وڵات لە جیهاندا دەگرێتەوە بە درێژایی شەو وڕۆژ، چوار کەناڵی جۆراوجۆری هەیە، لە ساڵی ١٩٩٤ پەخشکردنی بە زمانی عەرەبی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک ڕۆژانە بەردەوام بوو و لە ساڵی ١٩٩٥ بووبە (٢٤) کاتژمێر، هێندەی پێنەچوو بەهۆی تەنگژەی دارایی لە ساڵی ١٩٩٦ لەکار ڕاوەستا.

ج- تۆڕی (Euro News)ی ئەورووپی، بە یەکەم تۆڕی هەواڵی تەلەفزیۆنی ئەورووپی هاوبەش دادەنرێ، لەساڵی ١٩٩٣ دەستی کرد بە پەخش کردن، دوای بەشداریکردنی (١٥) دەزگای تەلەفزیۆنی دەریای سپی ناوەڕاست تێیدا، ئەم کەناڵە لە شاری (لیۆن)ی فەرەنسییەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی میدیای ئەمریکی دامەزراوە، سەرەڕای ئەمانەش دەیان کەناڵی ئاسمانی نێودەوڵەتی و هەرێمی دیکە هەن.

**تۆڕی ئینتەرنێت**

زۆر سەختە گەر بمانەوێ بە وردی پێناسەی تۆڕی ئینتەرنێت بکەین، چونکە لە هیچ بوارێکی زانستیدا پێناسەیەکی دیاریکراوی نییەو شێوەی بەکارهێنانی ئەم تۆڕەش لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دی جیاوازە، دەتوانین وەک پێوەندیکردن بەکاری بێنین بۆ ناردن و وەرگرتنی نامەی ئەلیکترۆنی، هەروەها بۆ مەبەستی کۆبوونەوە لە

دووره‌وه، سه‌ره‌ڕای به‌کارهێنانی له ئاڵوگۆڕکردن و ناردنی دۆسـیـه و به‌رنامـه‌کـان و ئاڵوگـۆڕکـردنی بیـروڕا، یان تویـژینه‌وه‌کـردن له بابه‌تێکی هاوبه‌شی نێـوانی دوو گـرووپی خـه‌ڵکێک. وشـه‌ی (ئینتـه‌رنێت) له وشـه‌ی ئینگلیـزی (Net)ه‌وه وه‌رگـیـراوه کـه واتای (تۆڕ) ده‌گه‌یه‌نێ، دواتر له واتا فه‌رهه‌نگییه ئاساییه‌که‌وه گۆڕدرا بۆ واتایه‌کی تر له بواری ته‌کنه‌لۆژیا و زانیـاریدا، به‌م شـێـوه‌یه (تۆڕی زانیـاری، یان تۆڕی ئیـزگـه‌یی و ته‌له‌فـزیۆنی) ده‌گـه‌یه‌نێ، واتای تۆڕی جـیـهـانی (Intrnational Net work) ناگـه‌یه‌نێ، به‌ڵکو واتای پێـوه‌ندی نێـوانی (ناوخـۆیی) تۆڕه‌کـان (Intrnational Net work) ده‌گـه‌یه‌نێ. کـه‌واته ئینتـه‌رنێت وه‌ک چه‌مکێک بریتییه له کۆمـه‌ڵێک تۆڕی پێوه‌ندیکردن پێوه‌ندار پێکه‌وه که له‌لایه‌ن ته‌نیا لایه‌ن و ده‌زگایه‌که‌وه به‌ڕێوه نابرێ، به‌ڵکو له‌لایه‌ن چه‌ندان لایه‌ن و ده‌زگـای گـشـتـی و تایبـه‌تیـیـه‌وه به‌ڕێوه‌ده‌برێ، گه‌نجینه‌یه‌کی زۆری زانست و زانیاری له کۆمپیـوته‌ره ئینتـه‌رنێتـیـه‌کاندا هه‌ڵگرتووه، ئه‌مه‌ش بریتییه له سێ تۆڕی سـه‌ره‌کی کـه گـرنگتـرینیـان له ویلایه‌ته یه‌کگرتووه‌کـانی ئه‌مـریکایه، دوای ئه‌وه‌ش تۆڕه مامناوه‌ندییه‌کانی زانکۆ و دامـوده‌زگا گـه‌وره‌کان دێ، ئینجا تۆڕه بچووکه‌کان دێ وه‌ک تۆڕه ناوخۆییه‌کان و ئه‌و کـۆمـپـیـوته‌رانه‌ی کـه له‌لای تاکـه کـه‌سانه‌وه به‌کاردێ، ئه‌مـانه‌ش هه‌موویان سه‌رچاوه‌ی له‌بن نه‌هاتووی زانیاری جۆراوجۆرن، که بواری بۆ ملیۆنان مرۆڤ له سه‌رتاسه‌ری جیهاندا ده‌ڕه‌خسێنن بۆ پێوه‌ندیکردن به هۆی تێکه‌ڵکردن و کـامـڵکـردنی ته‌کنه‌لۆژیـای پێـوه‌نـدیـکردن و کۆمپیوته‌ره‌وه.

پەیدابوونی ئه‌م تۆڕه ده‌گـه‌ڕێتـه‌وه بۆ سـاڵی ١٩٦٩ کاتێ وه‌زاره‌تی به‌رگری ئه‌مریکا ده‌ستی کرد به کردنه‌وه‌ی پرۆژه‌یه‌کی ئه‌زموونی تێیدا تۆڕێکی ئینته‌رنێتی سازاند بۆ به‌سـتـنه‌وه‌ی وه‌زاره‌تی ناوبراو له‌گـه‌ڵ کـۆمـپـانیـا گرێبه‌سته‌کان له بواری توێژینه‌وه‌ی سه‌ربازیدا، هه‌روه‌ها بۆ به‌سـتـنه‌وه‌ی ئه‌و زانکۆ و دامـوده‌زگایانه‌ی کـه له‌لایه‌ن ئه‌م وه‌زاره‌تـه‌وه پـاره‌یـان پـێـده‌درا، بـه‌ڵام بـه‌هـۆی پێشکه‌وتنی خێرای ئه‌م تۆڕه له حه‌فتا و هه‌شتـاکـانی سـه‌ده‌ی ڕابردوودا حکومـه‌تی ئه‌مـریکی کـاروباری ڕێکخستن و به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌م تۆڕه‌ی به به‌شداربووانی و هه‌ندێ لیژنه‌ی هونه‌ری ئه‌مریکی سپارد.

له سـاڵی ١٩٩٠ (تیم بیـر نرزلی) له تاقـیـگه‌کـانی ناوه‌ندی ئه‌ورووپا بۆ توێژینه‌وه‌ی وزه‌ی ئه‌تۆمی (cern) له (ژنێڤ) زمـانی (html)ی داهێنا، ئه‌مـه‌ش بووه شـێـوازێکی زۆر ئاسـان بۆ به‌سـتنه‌وه‌ی زانیـارییـه‌کـان له‌سه‌رتاپای ئینتـه‌رنێتدا، هه‌روه‌ها ڕێگه‌ی خۆش کرد بۆ په‌یدابوونی تۆڕی جیـهـانی (WWW)، که له ماوه‌ی چه‌ند سـاڵێکدا زیاتر له تۆڕی باسکراو گـه‌شـه‌ی سه‌ند. به‌ره به‌ره پێـشـکـه‌وتن له‌م بواره‌دا وای لێـهـات کـه له توانای هه‌موو کۆمپیوته‌رێکی که‌سیدا بوو سوود له‌و تۆڕه وه‌رگرێ.

ئینتـه‌رنێت چه‌ندان جـۆری خزمـه‌تگوزاری پێشکه‌ش ده‌کـات کـه بریتین له نامـه‌ی ئه‌لیکتـرۆنی و چوونه ناو ئینتـه‌رنێت له دووره‌وه‌و گه‌ڕان به دوای شوێن و زانیاریدا و فـێـربوون له دووره‌وه‌و خـزمـه‌تگوزاری تۆڕی جیـهـانی (WWW) و له کـۆتاییـدا خـزمـه‌تگوزاریه بیـستن و بینینیـه‌کـان، ئینتـه‌رنێت خزمـه‌تگوزاریه‌کـانی له بواری بیستن و بینیندا به‌م شێوه‌یه پێشکه‌ش ده‌کات: ناردنی نامه‌ی ده‌نگی بۆ که‌سێ، یان هه‌ندێ که‌س، په‌خشکردنی زانیـارییـه بیـستن و بینینیـه‌کـان، هه‌روه‌ها بواردان به ته‌ماشاکردنی دیکۆمێنته جۆراوجۆره‌کان.

ئه‌م تۆڕه پـه‌یوه‌سـتـه به ده‌یان تۆڕی هـه‌رێمی و نارخـۆییـه‌وه، به‌ڵام له‌باره‌ی هه‌واڵ و زانیـارییـه‌کـان ده‌توانرێ ڕاسـته‌وخـۆ سـوود له زیاتر له (٥٠) ڕۆژنامـه‌ی ئه‌مریکی وه‌رگری کـه له‌لایه‌ن کـۆمـپـانیـای (knight-ridder)ه‌وه بڵاوده‌کـرێنه‌وه، سـه‌ره‌ڕای کـۆمـه‌ڵێ ڕۆژنامـه‌ی هه‌ڵبـژێردراوی کـه‌نه‌داو به‌ریتـانیـا، هه‌روه‌ها ده‌توانرێ پێوه‌ندی ڕاسته‌وخۆی هه‌بێ له‌گه‌ڵ ئاژانسه‌کانی ئه‌سیـۆشێـتد پرێس و ڕۆیته‌رزو ئاژانسی ڕۆژنامـه‌نووسی فـه‌ره‌نسـیـدا. جگه له‌وه‌ی هه‌ندێ ئاژانسی هه‌واڵی عـه‌ره‌بیش په‌یوه‌ستن به‌م تۆڕه‌وه، ئه‌مه له کاتێکدایه که ژمـاره‌ی کـۆمـپـیـوته‌ره به‌کـارهێنراوه‌کـان له‌م بواره‌دا گه‌یشتۆته زیاتر له (١٠) ملیۆن کۆمپیوته‌ر، که له ساڵی ٢٠٠٠دا گـه‌یشـتـه نزیکه‌ی (٣٠٠) ملیـۆن کـه‌س. به‌م شێوه‌یه ئه‌م تۆڕه توانیویه‌تی کۆمه‌ڵگایه‌کی ته‌واو دروست بکات که خاوه‌ن دابونه‌ریتی خۆیه‌تی، سه‌ره‌ڕای هه‌بوونی زمانی تایبـه‌تی خۆی، ئه‌مه‌ش پاڵی به هه‌ندێ توێژه‌ره‌وه نا جـه‌خت بکاته‌وه له‌سـه‌ر ئه‌وه‌ی کـه ئینتـه‌رنێت بۆته ده‌ربڕی نموونه‌یی ڕۆشنبیری دوای سه‌رده‌می نوێگه‌ری.

له‌سه‌ر ئاستی ڕامیاریدا ئینته‌رنێت بۆته ئامرازێک بۆ ئاڵوگـۆڕکـردنی ڕاو بیـروبۆچوونه‌کـان، جگه له‌وه‌ی گـرنگتـرین ئامرازی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانییـه له‌نێوان

ولاّتاندا، که بڕی ئەم ئاڵوگۆڕکردنە گەیشتۆتە نزیکەی (٢٠٠)ملیار دۆلار لەساڵی ٢٠٠٠دا. لە میانەی هەوڵیدا بۆ بەجیهانیکردنی میدیا و پێوەندیکردن، ئەمریکا هەوڵیداوە بۆ بەکارهێنانی ئەم تۆڕە بۆ بە ئەنجام گیاندنی مەبەستەکانی، ئەویش بەم شێوازانەی خوارەوە:

أ- بازاڕ پەیداکردن بۆ هەموو جۆرە بەرهەم و شمەکەکانی.

ب- ناردن و بڵاوکردنەوەی (کولتووری ئەمریکی) بە جیهاندا، هەروەها ناردنی بیروبۆچوون و دابونەریتی ڕۆژئاوایی بەگوێرەی شێوازی (ژیانی ئەمریکی)، ئەمەش لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە.

ج- ناردنی زانیارییەکی زۆر بەشێوەیەک کە لە بەرژەوەندی مەبەستەکانیدا بێ، هەروەها لەم ڕێگەیەوە دەتوانێ چاودێری وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان بکات و ئاگای لە جموجووڵیان بێ.

و- هەوڵدان بۆ باڵادەست کردنی دەسەڵات و تاکڕەوی ئەمریکا بەهۆی هەبوونی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە، سەرەڕای باڵا دەستی بانک و پێکە زانیارییەکانی ئەمریکی لەسەر ئەم تۆڕەدا، کە بێگومان دەربڕی تێگەیشتنی ئەمریکایە لە بارەی هەموو دۆزێک لە دۆزەکانی جیهان.

ه- سوود وەرگرتن لە نەخوێندەواری تەکنەلۆژی لە جیهانی سێیەمدا، هەروەها بەربەست دانان لەبەردەم ئەو وڵاتانەدا لە برەودان بە پێشکەوتنیان، سەرەڕای ئەوەی هەندێ لەم وڵاتانە ئازادی تەواویان نییە، یان بواری تەواویان بۆ نەڕەخساوە بۆ سوود وەرگرتن و هەڵبژاردنی لەم لێشاوە زانیارییە، بۆ ئەوەی هەندێ لەو زانیارییە هەڵەو چەواشەکراوانە ڕاست بکەنەوە کە پێوەنددارن پێیانەوە.

### ئینترانێت و ئیکسترانێت

لەم ساڵانەی دواییدا تۆڕێکی نوێ بەکاردێ کە (تۆڕی ئینترانێت)ە و بۆتە بڕبڕەی پشتی زۆربەی کۆمپانیاکان بۆ بەڕێوەبردنی ئیشەکانیان لەناو خۆیدا. مەبەست لە (ئینترانێت) ئەو تۆڕە ناوخۆییەیە کە سنووری کۆمپانیایەکی دیاریکراو نابەزێنێ و لە چوارچێوەیدا دەرناچێ بۆ دەرەوەی کۆمپانیاکە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئینتەرنێتی تێدایە، بەڵام هیچ پێوەندییەکی بە کەسانی دەرەوەی کۆمپانیاکەوە نییەو تەنیا پێوەندییەکە لەنێوان کارمەندانی کۆمپانیاکەیە. ئینترانێت لەسەر هەمان سیستەمی ئیمەیلی ئەلیکترۆنی دامەزراوە، هەرچەندە تەنیا ئیشی پێوەندیکردنە لە نێوان کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە، جا چ لەناو ئەو باڵەخانەدابن، یان لە وڵاتێکی تردا. لەو ئامارانەی کە دەزگای (دێلگی) ئەمریکی ئەنجامیداوە لەسەر ٦٠٠ کۆمپانیای جۆراوجۆر، دەرکەوتووە کە ٦٥٪ی ئەم کۆمپانیانە بە کردەوە تۆڕی ئینترانێتیان هەیە، هەرچەندە ئەمە تۆڕێکی نوێ و خێراو ڕێکوپێکە لە بواری ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەناو دەزگایەکدا، ئەوا هەندێ خەڵک گلەییان لەسەربەخۆیی سیستەمی ئینترانێت هەیە کە خەڵکانی دەرەوە زانیارییان لەبارەی ناوخۆی کۆمپانیاکان نییە، لە کاتێکدا هەندێ کەسی دی سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەک لە پێوەندی و پێوەندیکردنی بەردەوامی ئەو پرۆژەیەدا دەبینن لەگەڵ کڕیارەکانیدا.

بەگوێرەی ئەو بۆچوونە ئینترانێت پێویستە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دەرەوەدا هەبێ، کەسانێ کە پێوەنددارن بەو دەزگایەو پێویستە هەردوولا ئاگایان لە بەڕێوەچوونی ناو ئەو دەزگایە هەبێ، بەم شێوەیەش تۆڕێکی نوێ هاتە ئاراوە کە تۆڕی (ئیکسترانێت)ە، بە واتای هەبوونی پێوەندی لەنێوان دەزگایەک لەلایەک و کڕیارو هاوبەشەکانی لەلایەکی تر، کەوابوو ئیکسترانێت ئەڵقەی پێوەندییە لەنێوان (ئینتەرنێتی گشتی و ئینترانێتی تایبەت)دا، کە بوار دەدات بە خەڵکانی بەشدار لە دەزگایەکدا زانیاری وەربگرن لەو دەزگایە و ئاگاداری کاروبارەکانی بن، بەڵام بوار بە خەڵکانی تر نادات بگەنە ئەو زانیاریانە، یان بڕێک لەو زانیاریانە. کەواتە ئیکسترانێت تۆڕێکی تایبەتە کە ئێنتەرنێت و ئامرازەکانی پێوەندیکردنی گشتی بەکاردێنێ بۆ ئەوەی هەندێ لە زانیاری دەزگایەک بەشێوەیەکی دڵنیایانە و نهێنی بداتە خەڵکانێکی دەرەوەی ئەو دەزگایە. بەم شێوەیە دەتوانرێ فرمانی کڕینی دراوەکان و نمایشکردنی بەرهەمە تایبەتییەکان و ئامادەسازی بۆ کۆبوونەوەکان و پیشاندانی دواترین هەواڵ بدرێ بەشێوازێک کە لەوەوپێش بواری پێ نەدرابێ. کەواتە (تۆڕی ئیکسترانێت) بۆتە ئامرازێکی خێراو ئاسان و کەم خەرج بۆ زانینی زانیارییەکان لەهەر کات و شوێنێکدا بێ، کە هۆیەکانی پێوەندیکردن لەنێوان کۆمپانیا و خەڵکانی دەرەوەیدا هەبێ.

**سەرچاوە: العولمة الاعلامیة، د. موئەیەد عەبدولجەبار ئەلحەدیسی، عەممان، ٢٠٠٢.**

# جێگەی پارسوا
# لە مێژووی کوردستاندا

عومەر عەبدوڵڵا بەیگی
(بۆکان)

هەموو ئەو کەسانەی مێژووی کۆنی بەر لە زایینی ئەم وڵاتە دەخوێننەوە، چاویان بە زۆر وشەی وەک ئوورارتۆ، ئاشوور، زاموا، مانناو پارسوا دەکەوێ. هەر کام لەم وشانە بە چەشنێ بە مێژوو و ڕابردوو و چارەنووسی ئەم نیشتمانەوە بەستراونەتەوە. ئەگەر بتوانین لێکیان دەینەوە و بیانناسین و جێ و شوێنیان بزانین، دەتوانین چاکتر مێژوو بخوێنینەوە و هەڵەکانمان کەمتر کەینەوە. لەنێو ئەو ناوانەدا وشەی پارسوا شی دەکەینەوە و باسی دەکەین.

وشەی پارسوا Parcu-h لە زمانی هیندی کۆندا (هیندی کەون ئارا) بەمانای (پەراسوو- دەندە)یە.

- لە زمانی ئاوێستاییشدا، پارسوو Parasu بە مانای پەراسوو (دەندە)یە.

- (پرسوو)ش parasu بەمانای کەنار و تەنیشت و پاڵووە.

وشەی پارس (فارس)، وشەیەکی مادیە.

لە زمانی کوردیدا وشەی پەراسوو بەمانای دەندە (ئێسکی کەوانەیی) و کەلەکە (پهلو)یە.

وشەی پارس، ڕوویەکی تری وشەی (فارس)ە. هۆزی پارس، لە هۆزەکانی ئاریایی ئێرانە.، پاشان ئەم وشەیە بووە بەناوی هەموو وڵاتی ئێران.

پارس، ناوی دڕندەیەکی چکۆلەتر لە (پڵنگ)ە، هەروەها لەتورکیدا (بارس)یشی پێدەڵێن کە بە مانای(یووزپڵنگ)ە.

پرسوو parsava (یا بە زمانی ئاشووری پارسوا) بەناوچەیەکی دیکەیان دەگوت کە لەوپەڕی ڕۆژئاوای خاکی ماددا هەڵکەوتبوو و سەرچاوەکانی ئاشووری و

ئوورارتۆیی بەو چەشنەی پێویست بە ئێمەیان ناساندووە ئەم ناونانە لەخۆوە نەبووە. پارس، پارسوا و پارت لە کەنار و تەنیشتی خاکی ماد هەڵکەوتبوون.

مێهردادی بەهار دەڵێ: (لەمێژووی ماددا نووسراوە پارس بە مانای پاڵوو و تەنیشت و کەنارە، بۆیە وایان نێو ناوە کە پارس لەنزیک و کەناری ماد هەڵکەوتووە، من پێم وایە ئەم بۆچوون و واتایە هەڵە و عەوامانەیە، وشەگەلی پارس، پارت و پشتوو بە دڵنیاییەوە لەگەڵ وشەکانی «پارساش و پاوان» بە مانای هێز و تاقەت پێوەندییان هەیە و لەسەرچاوەیەکن پارسوە و هی تریش دیاردەی چۆنیەتی و کەسایەتی نەژادی بەش و تاقمێک لەم خەڵکە بووە). مشتومڕ و بیروڕا لە بابەت ئەم وشەیە زۆرە، هەندێ کەس ڕایان وایە لەکۆچی ئارییاییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ئەم لایە، دەستەیەکیان ڕوویان کردە ڕۆژئاوای ئێران و پاش ئەوەی ماوەیەک مانەوە، دیسان ڕەویان کردو چوونە ئەو وڵاتەی ئێستا پێی دەگوترێ ئوستانی فارس کە ناوەندەکەی شاری شیرازە و زمانی خەڵکەکەی فارسییە.

بۆ وێنە مێهردادی بەهار دەنووسێ: پاش سەفەری دوور و درێژی (مادەکان) و (پارسەکان) لە خۆراسانەوە (ڕۆژهەڵات) بۆ ڕۆژئاوا، ئەم دوو هۆزە برا و لە یەکن نزیکە، سەرەتا لە وڵاتانی گوتییەکان (guti) لە باشووری گۆلی ورمێ نیشتەجێ بوون کە ئەمڕۆ کوردنشینە. لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زایین پارسەکان لەمادەکان جیابوونەوە و بەدرێژایی زاگرۆس بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات وەڕێ کەوتن و گەیشتنە وڵاتێک کە ئەمڕۆ بەناوی ئەوانەوە کراوە، بەڵام زۆر کەسیش بۆ نموونە پرۆفیسۆر ا.م.دیاکۆنۆف دژی ئەم بۆچوونەن.

دیاکۆنۆف دەڵێ: لەپێشدا گوتمان وشەی ئەکەدی (پارسوا parsua) واتای وشەی (پەرەسوو) کە بە مانای شوێن و جێ و سنوور و کەنارە، دەنوێنێ. پێویستە ئاماژە بەو خاڵەش بکەین کە بەپێچەوانەی بیروباوەڕی باو، تەنیا شتی هاوبەشی ئەوانە (پارس و پارسوا) ئەوەیە کە هەردووکیان بەمانای سنوور و کەنارن. هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەوەی پارسوا نیشتمان و زێدی پارسیان بووبێ بە دەستەوە نییە (لەنێوە ڕاستی سەدەی نۆیەمی پ.ز هەتا کۆتایی سەدەی هەشتەمی پ.ز) دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ پارسوا وڵاتێکی کشتوکاڵی بووە و خەڵکەکەی نیشتەجێ بوون و گریمانەی ئەوە کە خەڵک وڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن و بەرەڵڵای بکەن و بچن بۆ پارس (پرسید) کە ٦٠٠ کیلۆمەتر لەوێوە دوورە زۆر گرانە، ناوی شوێن و جێ و کەسەکان لەناوچەی پارسوا بە هیچ جۆرێ ئێرانی نین.

دیسان لە جێگایەکی تردا دەڵێ: لەپێشدا گوتمان کە بیروڕای باو لە بابەت ئەوەی گوایە پارسوا وڵات و زێدی سەرەتایی و پێشووی پارسیان بووە و ئەوان پاش داگیرکرانی ئەو ناوچەیە بەدەست ئاشووریەکان لەوێوە کۆچیان کردبێ بۆ پارس شتێکی نەگونجاو و نەکراوە. ئەم بیروباوەڕە دەکرێ بە چەشنێکی دیکەش ڕەت کرێتەوە:

یەکەم- لێکدانەوەی ئەو ناوانەی کە سەرچاوەکان بەهی پارسوای دەزانن، دەری دەخا کە خەڵکی ئەو وڵاتە هیچ کاتێ ئاریایی نەبوون.

دەیجا ناتوانن هیچ پێوەندییەکیان بە پارسیانەوە بێ،

دووەم- ناوی کوروشی یەکەم پادشای پارس (پرسید) لەسەرچاوەی ئاشووری سەرەتای دەیەی سێیەمی سەدەی حەوتی پێش زاییندا هاتووە و لە کاتێکدا «پارسوا» بێ هیچ ئەملا و ئەولایەک لەوکاتەدا سەر بەئاشوور بووە و هێزو دەسەڵاتی ئاشوور هێشتا قورس و قایمتر لەوە بووە کە بهێڵێ خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆچ بکەن و بڕۆن.

## پارسوا کوێ بووە؟

لە ڕووی ئەو زانیاریانەی پرۆفیسۆر. ا.م.دیاکۆنۆف لە کتێبی مێژووی ماددا داویەتی و لەخوارەوە دەیخەینە بەرچاوی خوێنەران، هەتا ڕادەیەکی زۆر شوێن و جێ و هەڵکەوتەی جۆگرافیایی پارسوامان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

بەڵام بەشی سەرووی چۆمی دیالە (سیروان) و چۆم و ڕووبارە چکۆلەکانی (لەسێ کوچکەی شارەکانی ئێستای سلێمانی (زهاو- سنە) لەنیوەڕاستی سەدەی نۆیەمی پێش زایین پێیان گوتووە (پارسوا).

پارسوا لەخوارووی زابی چکۆلە و لە دیالەی سەروو (سەرووی سیروان) هەڵکەوتووە و لە لایەکەوە لەگەڵ ناوچەکانی بابلی (تامار) و (تۆپلیاش) لە دیالەی ناوەڕاست و خواروو و لە لایەکی تر لەگەڵ (ماننا) و ناوچەکانی تری سەر بە ماننا وەک (مەسی- شۆردیرە- ئالابریا- نیک ساما) و هەروەها لەگەڵ ناوچە جۆر بەجۆرەکانی مادها و سنوور و هاوکەوشەن بووە. هەروەها

له بەرد نووسەکانی ئووراتۆیی و ساڵنامەی خوڕ خوڕدا دەردەکەوێ کە پارسوا هەروەک لەنووسراوەکانی ئوورارتۆییدا باوبووە maT-Parsu-a نووسراوە کە S لەگەڵ S هەریەکن)، لەمابەینی مانا و وڵاتی بابلی، یانی، «نامار»دا هەڵکەوتووە. لە هەموو ئەو قسانەی لەسەرەوە کردمان، ئەوەمان وەدەست دەکەوێ کە دەبێ بۆ پارسوا لە سنووری سلێمانی ئێستادا بگەڕێین. هەندێ کەس شوێنی پارسوا لە خاڵەکانی با کووری تردا دادەنێن و نزیکی ئەو لەگەڵ نامار لەبەرچاوناگرن، بەڵام ئەوە واتاکەی ئەوەیە کە پارسوا سنووری خاکەکەی لەگەڵ پاشاکانی ئاراشتوا و ئامکا و ئاتاکە ساڵنامەکانی ئاشوور ناسیرا پاڵ سەر بەزامواوایان دەزانی، یەک بووە.

دەوڵەتی پارسوا (ڕەنگە ئەردەڵانی ئێستا بێ) کە لە مابەینی شاری سلێمانی و شاخی ئەڵوەندا هەڵکەوتووە و پایتەختی پارسوا قەڵای نیکوور بووە.

ناوچەی مەسۆ (مەسی- ماسی) هەر لە ڕووی عادەتەوە لەگەڵ زاموا و ناوچەی مادای بە تایبەت گیزیل بووندا باسی دەکرێ و پێوەندی هەیە، لەگەڵ ناوچەی هۆزی (تائوورلی)ش هاوکەوشەن بووە و دواتر مەڵبەندی سنووری (ماننا) لە سنوور و سەرحەدی «پارسوا» ژمێردراوە.

ناوی بۆشتۆ زۆرجار هەروەک ناوەندێکی بەرچاو و گرینگ بە بۆنەی پارسوا و ماننا‌وە لە لەوحەکانی ئوورارتۆییدا هاتوون.

یەکەم ئاماژە بەهۆزی ماد، لە نووسراوەیەکی بەردین-دا کراوە کە هێرشی شەلمانسەری سێیەمی بۆ سەر وڵاتی ناسراو بە پارسوا لەکێوەکانی کوردستان (ساڵی ٨٣٧ی پێش زایین) لەسەر نووسراوە.

وڵاتی زاموا کەلە ساڵی ٨٨١پێش زایین کەوتە دەست (ئاشوور ناسیراپاڵ)، دواتر (لەنیوەی سەدەی نۆیەمی پێش زایین) هەروەک لەسەر چاوەکاندا هاتووە بەنێوی زاموا، یان مازاموا ناسراوە. بەشی باکووری ئەم وڵاتە پێی گوتراوە «ماننا» و بەشە باشوور یەکەشی (لەبەشی دیالەی سەروو) ناوی (پارسوا) بووە.


هەروەک لەسەرەوە چاومان پێی کەوت، بۆمان ڕوون بووەوە کە لە باشووری گۆلی ورمێوە هەتا چۆمی سیروان (دیالە) ناوی زاموا بووە و ئەم زامواوایەش دووبەش بووە:

لە باشووری گۆلی ورمێوە هەتا ئاوایی «بست»، ناوی دەوڵەتی «ماننا» بووە. بست لە بناری ڕۆژ هەڵاتی کێوی چل چەمەولە ٧٥ کیلۆمەتری باکووری ڕۆژئاوای شاری دیواندەرە هەڵکەوتووە. بەرچاوترین شاخ و بەرزییەکانی پارێزگای کوردستان لەم شوێنەن کە بریتین لە گوڵ بزە، شێخ ئیبراهیم و چل چەمە. بەرزی کێوی چل چەمە لە ڕووی دەریاوە ٣٢٠٠ مەترە. چۆمەکانی قزڵ ئەوزەن و جەغەتوو لەم شوێنەوە سەرچاوە دەگرن و ئاوایی بست بەشی دێهستانی خوڕ خوڕە و ئێستا سەر بە شاری دیواندەرەیە.

- لە ئاوایی BST «بست»ەوە هەتا چۆمی سیروان ناوی «پارسوا» بووەکە دەتوانین بڵێین ئەم ناوچەیە بریتی بووە لە (شاری دیواندەرە و ئاواییەکانی دەوروبەری+ شاری سنە و ناوچەکانی دەوروبەری).

نەخشەی ئەو ناوچانە بەو چەشنەیە کە دەیبینین، خوێنەران دەبێ ئەوە بزانن ئەم نەخشەیە و نەخشەکانی تر شتێکی ڕەها نین و بۆی هەیە سنورەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ ڕاستەقینەدا و هێندێک کەم و زیادی و ئەم لا و ئەولای بێ. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە بزانین ئەو شوێنە لەم دنیا پانوبەرینەدا لەکوێ هەڵکەوتووە و هەتا ئەو جێیەی دەکرێ لەم بوارەدا پشت بە دۆکۆمێنت و نووسراوە باوەڕ پێکراوەکانەوە ببەسترێ.

هەر لەم بوارەدا چاوتان بە نەخشەیەکی دیکە دەکەوێ کە لە کتێبی مێژووی مادی دیاکۆنۆف وەرگیراوە و زۆر بە جوانی شوێن و جێی هەڵکەوتنی پارسوای تێدا دیارە.





لێرەدا خوێنەران بۆیان هەیە بپرسن ئێمە بۆچی ئاوایی (بست- بۆشتۆ)مان وەک سەرحەد و سنووریماننا و پارسوا ناساندووە و بەڵگەمان بۆ ئەم کارە چییە. لە وەڵامدا سەرنجی هەمووان بۆ ئەو بەشەی کتێبی مێژووی ماد ڕادەکێشم:

بۆشتۆ قەڵایەکی گرینگ بووە و لەچاو بایەخیەوە لەگەڵ «ئیزرتا- پایتەختی ماننا» ڕکەبەری دەکرد و شانی لە شانی دەدا. ئەم قەڵایە لە سنووری پارسوا و ماننا هەڵکەوتبوو و لەسەدەکانی هەشتەم و حەوتەمی پێش زایین بەشی ماننا بووە.

دایان ئاشوور لە زامـوای ناوخـۆ (داخلی) و پارسوا تێپەڕی و ڕووی کردە نامار. لە نێوڕێدا دژ و قەڵای کوێستانی (بۆشتۆ)ی لە سنووری ماننا و پارسوا و چەند قەڵای تری مانایی- پارسوایی داگیرکرد.

بۆشتۆ هەمان (بۆستۆ)یە BU STU

شوێن پێ و ڕەوتی هێرشە سەربازییەکەی ساڵی ٧١٤ی پێش زایین سوپای دەوڵەتی ئاشوور (سارگۆنی دووەم) بۆ سەر ئوورارتۆ: شای ئاشوور لە پارسواوە کەوتەڕێ، لەشاخ و کێوان تێپەڕی و چووە ناو وڵاتی مسۆکەیەکێ لەناوچەکانی دەوڵەتی ماننا بوو.

لە ساڵی ٨٤٢ پێش زایین (لەسەردەمی پادشایەتی سەلمانسەری سێیەمدا)، ئاشوورییەکان لە کێوەکان پەڕینەوە و بەرەو وڵاتی (مەسی) لە بەشی سەرووی چۆمی (جەغەتوو) سەرەوخواربوونەوە و پاشان بەرەو ئەوبەری زنجیرە کێوەکانی ئەو مەڵبەندە و ناوچەی ئارازیاش و خارخار کە لەو سەردەمەدا هی (یەکێتی هۆزەکانی ماد) بوون وەڕێ کەوتن. ئاشوریەکان لە بەشی چواری نەخشە ڕابوردن (بەشی سەرووی چۆمی قزڵ ئەوزەن).

ئاشوورییەکان ماوەیەک لەو شیو و دۆڵانە دەسەڵاتداری و سەرەڕۆییان کرد و تەنانەت لەخار خار وێنەی سەلمانسەریان لەسەر بەرد هەڵکەند.

لە بابەت شوێن و جێی پارسوا (پەراسوو) لە ڕوانگەی دیاکۆنۆفە-وە دواین. ئێستا لەبەر ئەوەی بابەتەکە زۆرتر شی کەینەوە،بیروبۆچوونی کاک مەحمـوودی پێدرام نووسەری کتێبی (تمدن مهاباد) دەخەینە بەرچاوان.

کاک مەحموود دەڵێ: لە دەقەکانی ئەم دوابیانەدا چەند جار چاومان بە نێوی پارسوا کەوت، بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوە جوگرافییەکانی باس کراو و تۆژینەوەکانی نووسەری ئەم کتێبە (تمدن مهاباد)، دوو ئاوایی کۆن بەناوی مێژووییەوە، بەڵام هێندێک خوارو خێچ کراو لە جەرگی ئەم ناوچەیەدا هەن کە وەبیرهێنەرەوەی گەورەیی و سەروەری و کەون ئارا بوونن. یەکەم ئاوایی (پەسوێ)یە، بە بیروڕای نووسەر لەبەر ئەوەی شارستانیەتی پارسوا لە ڕۆژئاوای گـۆلی چیـچـێـست (ورمێ) هەڵکەوتووە و بەلابردنی پیتی (ر) کە گرفتێک لە ئەسڵی بابەتەکە پێک ناهێنێ (پەسوێ) هەمان (پارسوا)یە، لەبەر ئەوەی شارستانیەتی (زاموا)ش لە دەشتی زابی ئێستا و بەشەکانی ڕۆژ هەڵاتی تری ئەو هەڵکەوتوون. ئەگەر بە وتەی نووسراوەکانی ئاشووری کە لە مێژووی مادی دیاکۆنۆف-دا هاتوون، قەڵای بۆشتۆ لە وڵاتی پارسوا و زامـوادا هەڵکەوتبێ، بێ هیچ ئەمـلا و ئەولا و ڕاست پارسوا هەمان (پەسوێ)یە و بۆشتۆش هەر دەبێتە پاشماوەکانی گەورەی (قەڵاتی شای)، لەوە سەیرتر بە قسەی دیاکۆنۆف وشەی پارسوا، وشەی پرسو بەیان دەکا کە بە مانای شوێن و جێ و کەنار و تەنیشتە کە دروست لە تەنیشتی ڕۆژهەڵاتی قەڵای بۆشتۆ بە ماوەی نزیکەی ٢٥ کیلۆمەترو لە دەشتدا هەڵکەوتووە. ئەگەر هێندێک ئازایانە شتەکە لێکدەینەوە، دەتوانین بڵێین وشەی ناوبراو لە زمانی کوردیدا بەجێگۆڕینی پیتی (س) و (ش) مانای سنوور و کەنار وەبیردێنێتەوە بەو چەشنە کە واتای (پەسوێ) بە (پاشوە) بەمانای (پاش ئەو) و لای

ئەوە.

Pasva → pas+va → apas+va

لەلایەکی ترەوە نووسەری کتێبی (معانی بعضی از اسامی کهن و ایرانی در زبان کردی) کاک ڕەحیم شنۆیی مەحموودزادە لە بابەت مانای وشەی پارسوا و شوێنی هەڵکەوتنی ئەم وشەیە بیروڕای ئاوایە:

ئێستا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری شنۆ لە شارستانی پیرانشار لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دێیەک بە ناوی پەسوێ هەیە. ڕەنگە پەسوێ هەمان پارسوا بێ. دەبێ (parsa)ش هەر پرسە persa بێ کە لەکوردیدا بەمانای پرسەگ یا (پڕ لە سەگە). هەروەک ناوە مێژووییەکانی پڕ ئەسپە یا فراسپە کە مانای پڕ لە ئەسپە.

دەبێ لێرەدا و بەرلەوەی دیاری بکەین شوێنی پارسوا کوێ بووە، برایان مەحموودی پێدرام و ڕەحیم شنۆیی مەحموودزادە بزانن وشەی پەسوێ لەدووبەش پێکهاتووە:

پەسوێ ← | پەس= پەز=مەڕ-گوسفند |+ وێ- شوێن- جێ- مکان |

کە وابوو مانای سەرجەمی وشەی پەسوێ دەبێتە (شوێن و جێی مەڕ- محل و مکان گوسفند) بە لەبەر چاوگرتنی کەسب و کاری خەڵک کە زۆر بەیان ئاژەڵدار بوون و ژیانیان لەڕێی شوانی و ئاژەڵدارییەوە بەڕێوە چووە زۆر ئاساییە کە ئەوشوێنە نێوی جێی مەڕ بێ، یان نێوی شوێنێک بێ کە مەڕی زۆر بووە.

هەروەک دەزانن بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان بە مەڕ دەڵێن پەس یان پەز، هەروەها خەڵکی تات و تالش زمانیش بە مەڕ دەڵێن پەس یان پەز.

لە ئاوێستاش-دا بە مەڕ و ئاژەڵی وردە و ڕانەمەڕ دەڵێن (پەسو) یا (پەسۆک).

ئێستا بچینە سەر باسی شوێن و جێی پارسوا، ئەگەر بە وردی مێژووی مادی دیاکۆنۆف بخوێنینەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە پارسوا لە باشووری دەوڵەتی ماننا هەڵکەوتووە و لەگەڵ ئەو وڵاتە هاو سنوور بووە.

لە خاکی (ماننا)ش دا ناوچەی ماسی= ماسو= ماسی:

| ئاوێستای کۆن | شێوەی هەورامی | شێوەی سۆرانی |
|---|---|---|
| ماسیا | ماساوی-مەس ئاوی | ماسی |

مەڵبەندی، هەرە سنووری بووە کە دەبێتە ناوچەی خوڕ خوڕەی سەقز و هەروەک دەشزانن شوێنی سنووری خوڕ خوڕە کێوی چل چەمەیە و ئاوایی بناری ئەم کێوەش (بست)ە کە لە سەدەکانی هەشت و حەوتی پێش زایین ناوی بۆشتۆ، یان بۆستۆ بووە. قەڵای بۆشتۆ شوێنێکی سەخت و حەستەم بووە و تەنیا دەوڵەتانی بەهێزی وەک ئاشوور و ئوورارتۆ توانیویانە ڕێی تێبەرن و داگیرکەن.

کاتێ دیاکۆنۆف دەڵێ پارسوا خوارووتر، یان با شووری ترە لە چۆمی زابی چکۆلە و لە سەرووی ڕووباری سیروان هەڵکەوتووە ئایا دەتوانین ئەو شوێنە بۆ سێ سەد کیلۆمەتر ئەولاتر و بەرەو باکوور بگوێزینەوە و بیبەینە لای پیرانشار؟

نازانم کاک مەحموودی پێدرام بە لەبەر چاوگرتنی کام بەڵگە و سەنەد گوتوویەتی: (بە بیروڕای نووسەر لەبەر ئەوەی شارستانیەتی پارسوا لە ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ «چی چێست» هەڵکەوتووە.) لەحاڵێکدا دەزانین پارسوا لەکوێ و گۆلی ورمێ لە کوێ!

ئایا کاتێ دیاکۆنۆف دەڵێ سەلمانسەری سێیەم شای ئاشوور لە ساڵی ٨٤٢ پێش زایین چۆتە مەسی لە سەرووی چۆمی (جەغەتوو) لە هەموو دەقەکانی کتێبی مێژووی مادیش مەسی سنووری باشووری دەوڵەتی ماننا بووە و مانناش هاوسنووری پارسوا بووە، دەکرێ شوێن و جێی چۆمی جەغەتوو بگوێزینەوە و بیبەین بۆ پەسوێی پیرانشار؟

یان کاتێ بە ڕوونی و بێ پێچ و پەنا لە مێژووی ماددا گوتراوە وڵاتی زاموا دووبەش بووە بەشی باکووری پێی گوتراوە ماننا و بەشە باشووریەکەشی کە نزیک سەرووی چۆمی سیروان بووە ناوی پارسوا بووە. ئایا دەتوانین بڵێین چۆمی سیروان نزیک پەسوێ و شنۆ و پیرانشارە؟

یان کاتێ دەڵێین لەساڵی ٨٤٢ پێش زایین شای ئاشوور (سەلمانسەری سێیەم) لە زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس پەڕیەوە و چووە ناوچەی مەسی (کە هەمان دێهستانی خوڕ خوڕەی سەقز و لەوێوە چوو بەرەو چۆمی (قزڵ ئەوزەن) و سوپای ئاشوور لەوێوە ڕووی کردە (خارخار) دەکرێ خۆمانی لێ نابەڵەدکەین و نەزانین قزڵ ئەوزەن و خارخار لەکوێن؟

چۆمی قزڵ ئەوزەن لەکێوی چل چەمە (چهل چشمە) سەرچاوە دەگرێ و لە دیواندەرە و ئاواییەکانی بیجار و زەنجان-ەوە تێدەپەڕێ و ڕوودەکاتە باکووری ئێران و

دەڕژێتە نێو بەنداوی (سفیدرود) لە پارێزگای گیلان.

خارخاریش لەکتێبی مێژووی ماددا چەند جار باسی کراوە. ئاوایییەکە لەناوچەی هەوشاری تیکاب و لە کوێستانی ماین بلاغ نزیکە و دانیشتوانی کوردن. دەبێ بڵێم لە مێژوودا باسی یەک دوو خارخاری دیکەش دەکرێ کە لەنزیک شاری هەمەدان هەڵکەوتوون و جێ باسی ئێمە نین.

لەم ڕووەوە هەموو قسەو باسەکەمان بوو بەوەی کە ناوچەی خوڕ خوڕە و سەر شیوی سەقز باکووری پارسوا و ڕووباری سیروان، باشووری ئەو وڵاتەیە، کەوابوو ئەم وشەیە هیچ مافێکی بەسەر پەسوێی لای پیرانشارەوە نییە و دیارە کە ئەوە نەبوو قەڵاتی (شا)ش بۆشتۆ نییە و تەواو. تەنانەت دەبێ ئاماژە بە بیروڕای ر-گیرشمەن لە بابەت شوێنی پارسوا بکەین کە لێی تێکچووە و بەهەڵەدا چووە و نووسیویەتی: (ئەگەر وتەی نووسەرەکانی ئاشووری بسەلمێنین، لەم سەردەمەدا پارسیان لە ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ نیشتەجێ بوون).

## پارسوا (پەراسوو) چییە و بۆچی ئەو هۆزە و ئەو وڵاتە ئەم ناوەیان بەسەردا براوە؟

دیاکۆنۆف پێدا دەگرێ و سوورە لەسەر ئەوەی کە پاراسوا، وشەیەکی مادییە و لە بنەڕەتدا پەراسوو بووە. پەراسووش یانی دەندە- ئێسکی کەوانەیی- قەبرغە و تەنیشت و کەنار. پێی وایە، چونکە پارسوا لە کەناری دەوڵەتی ماد هەڵکەوتووە پێیان گوتووە پارسوا یا پەراسوو.

مامۆستا مێهردادی بەهاریش ئەم بۆچوونە ناسەلمێنێ و بەڕاستی نازانێ و دەڵێ ئەو بۆچوونە زۆر عەوامانەیە و زانستی نییە و پارسوا و پارس و پارت و تەنانەت لە ڕەگوریشەوە یەکن و لە وشەی پارسا، یانی (زاهید- پیاوچاک- خۆپارێز) و پاڵەوان وەرگیراون.

مامۆستا بەهار روونی ناکاتەوە پەراسوو کەواتاکەی دەندە و ئێسکی کەوانەییە چۆن لەگەڵ وشەی پارسا یەک ڕەگەزن. تازە ئەگەر پەراسوو بەمانای کەنار و تەنیشتیش بێ، لەگەڵ وشەی پارسا ئاویان بەجۆگەیەکدا ناڕوا.

بڕواننە وشەی پارس کە لە فارسیدا بەمانای وەڕینی سەگە. ئایا دەکرێ بڵێین لەگەڵ وشەی پارسا لە ریشەیەکن؟ هەر لەو بابەتە چەندان وشە هەن کە لەگەڵ وشەی پارس و پارسوا لە یەک دەچن، بەڵام شەرت نییە بەرەچەڵەکیش یەک بن.

من پێم وایە هەر بۆچوونێک لە بابەت ئەم وشەیە (پەراسوو) دەبێ لەچوارچێوەی مانا کوردییەکەی خۆی دابێ و پێویست ناکا مانای بۆ داتاشین.

ئەگەر بۆ زۆر زووتر و سەدەکانی پێش زایین بگەڕێینەوە، ڕەنگە تاڕادەیەک زانیاری و ڕاستیەکانمان لە بابەت بن و بنچینەی ماد و پارس و کوردمان بۆ دەرکەوێ و ئەو دەم بتوانین بڵێین ئەم وشانە چ بوون و چۆن هاتوون و مێژوویان چۆناو چۆن بووە.

مێژوونووسان دەڵێن ئارياييەكان كە بريتين لە ماد و سەکاو پارت و سوغدیەکان و چەند هۆزی تر لەدوو شەپۆلدا کۆچ و باریان تێکناوە و بەرەو خاکی ئێران و هیند کەوتوونەتە ڕێ.

شەپۆلی یەکەم لە ١٥٠٠ پێش زایین و شەپۆلی دووەمیش لەکۆتایی سەدەی ١٠ و سەرەتای سەدەی ٩ی پێش زایین بەڕێوە چووە.

«چونکە کۆچی هۆزەکانی ئاریایی لە سەدەکانی جۆر بەجۆر ڕویداوە و بە درێژایی چەند سەدە بەڕێوەچووە و درێژەی بووە، ئەمە بۆتە هۆی بەهەڵەداچوونی بەشێک لە مێژوونووسان».

بەڵام بەپێی گێڕانەوەی (وەندیداد)، لە درێژەی ١٠٠٠ ساڵدا لە سێ شەپۆلی جۆر بەجۆر ئاریاییەکان پەرەیان بەزەویەکانی خۆیان داو بەدەوروبەردا بڵاوبوونەوە. بڕواننە ئەو چەند دێڕەی خوارەوە کە مێژوونووسان لە بابەت ڕەوو کۆچی هۆزە ئاریاییەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ڕۆژئاوا (ئێران- کوردستان) نووسیویانە:

- مادەکان- پارسەکان و پارتەکان، ئەوسێ هۆزە بوون کە لەدەوروبەری هەزار ساڵ پێش زایین لە باکووری ڕۆژهەڵات و لە ڕێگای ماوەرائونەهرەوە (ماوەرائونەهر- دەکەوێتە ئەوپەڕی ڕووبارەکانی جەیحوون و سەیحوون کە شارەکانی سەمەرقەند و بوخارا لەو ناوچەیە هەڵکەوتوون و لەڕاستیدا ماوەرائونەهر دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای خۆراسانی ئێستای ئێران).گەیشتنە خاکی ئێران، لەوە دەچێ تاقم گەلێکی دیکەی ئێرانی، لە ڕێگای دەربەندی قەفقازەوە هاتبێتنە نێو خاکی ئێرانەوە. ئەو هۆزە ئێرانیانە لە باکووری خۆراسان (پارتەکان)، لەناوەند و نێوەڕاست و ڕۆژئاوای خاکی ئێران مادەکان، لە پاریس (پارسەکان) نیشتەجێ بوون.

بە ئەگەرێکی یەکجار زۆر، هۆزە ئێرانییە کوردەکانیش لەمیانەی ئەوکات و ساتەدا ڕەنگە لەگەڵ مادەکان و پارسەکان چووبێتنە ڕۆژئاوای ئێران و لە ڕۆژئاوای وڵاتی ماد لە ڕۆژهەڵاتی تورکیا، باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێراقی ئەمڕۆ و بەشە بەرزاییەکانی زاگرۆس لە نزیک هەمەدانەوە بۆ سەرێ نیشتەجێ بووبێتن. هەر بەو چەشنەی لەپێشدا باسمان کرد خاکی ئێران لەکۆنەوە بەر لە هاتنی ئارياييەکان بەهۆی هۆزە جۆربەجۆرەکان ئاوەدان بووە. چەند سەد ساڵێکی پێویست بوو هەتا هۆزە ئێرانییەکان لەم نیشتمانە تازەیەدا لەگەڵ (خۆ وڵاتیەکان- مردم بومی)، تێکەڵاو و بەسەریاندا زاڵ بوون، بەڵام هیچ کاتێ نابێ زاڵ بوونی سیاسی لەگەڵ زاڵ بوونی فەرهەنگی بەرانبەر کەین و بە یەکیان بزانین. ئەوە ڕاستە کە ئێرانییەکان بەسەر خۆ وڵاتیەکاندا سەرکەوتن، بەڵام ئەوە ڕوحی فەرهەنگی خۆ وڵاتی بوو کە بە بەریاندا کرا.

- پاش سەفەری دوور و درێژی مادەکان و پارسییەکان لە خۆراسانەوە بۆ ڕۆژئاوا، ئەم دوو هۆزە لەیەک نزیک و برایە، لەبەردا لە خاکی گووتی (GUTi) لە باشووری گۆلی ورمێ کە ئێستا کورد نشینە، نیشتەجێ بوون.

لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زایین، پارسەکان لەمادەکان جیابوونەوە و بەدرێژایی زاگرۆس بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات وەڕێ کەوتن و گەیشتنە وڵاتێک کە ئەمڕۆ بە نێوی ئەوان پێی دەڵێن پارس، یان فارس.

- مادەکان و پارسەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵنامەکانی ئاشووریدا باسیان کراوە، کاتێ لە ساڵی ٨٣٦ی پێش زایین سەلمانسەری سێیەم باجی لە شایەکانی (پارسوا)ی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ وەرگرت و گەیشتە خاکی ماد لە باشووری ڕۆژئاوای ئاوەکانیان، پاش ئەوە ئەم دوو نێوە زۆرجار باسیان کراوە.

- کاتێ پارسەکان گەیشتنە نیشتمانی داهاتووی خۆیان و ناوی خۆیان (کە پارس بوو) لەسەر دانا، هێشتا گەڕۆک و لە هاتوچۆدا بوون.

١- هۆزەکانی ئێرانی ڕۆژئاوا لە دەوروبەری ١٠٠٠ ساڵێ پێش زایینەوە، یان زووتر و چەند هۆزی ئێرانی ڕۆژهەڵات کە دواترین هۆزیان (ساکس)ە، لە سەدەی دووەمی پێش زایین کۆچیان کردووە، زمانی هەموو هۆزەکان لەیەک نزیک و بەناوی هۆزەکانی هیند و ئێرانی، یان ئاريايی یەکیان گرتووە (لە ڕووی ئەوەی ئەم هۆزانە بەخۆیان گوتووە ئاريا).

٢- وشەی پرس، یان پرشیا لەسەردەمێکی بڕێ کۆنەوە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا و تەنیا بەهێرشی هۆزە ئارييەکان لە ناوەندەکانی گەورەی خێڵەکی، لە ڕۆژهەڵات و باکووری دەریای خەزەرەوە بەرەو خاکی ئێران وەبەرچاودەکەوێ.

٣- ئەو خەڵکەی کۆچیان کردووە بۆ هیند و ئێران، بە خۆیان دەگوت «ئاريا»و لە کۆنترین شوێنەواری نووسراوی ئەواندا، کە لە هیند «ڕیگ ڤیدا rigveda» و لە ئێرانیش ئاوێستایە، باسی ئەم ئارياييانە کراوە.

هەروەک دیتمان پارس لەو هۆزانەیە کە لەماوەیەکی دوور و درێژ و لە چەند شەپۆلی ئینسانیدا، کۆچیان کردووە و هاتوونەتە خاکی کوردستانەوە و بەڕواڵەت دەبێ ماوەی سەدە و نیوێک تا دووسەدە لەوێ نیشتەجێ بووبێتن (٦٩٠-٨٤٤).

٤- پاشان ئەو هۆزە کۆچەر و میوانە لەبەر چەند هۆ بەرە بەرە ڕوویان کردە باشوور:

- یەکەم ئەوەی ئەو خەڵکە خاوەن زەوی و زار نەبوون هەتا پێی دڵگەرم بن و لەو وڵاتە دامەزرێن.

- دووەم، زمانیان، دابونەریتیان لەگەڵ خەڵکە خۆ وڵاتیەکە یەک نەبوو و جیاوازی هەبوو و ئەوان هەستیان بە غەریبی و بێگانە بوون دەکرد.

- سێیەم لە سەدەی نۆیەمی پێش زایینەوە شەپۆلی هێرشەکانی ئیمپراتۆری ئاشوور بۆ سەردەوڵەتانی ماننا و پارسوا دەستی پێکرد و زۆربەی کات ئەم دوو مەڵبەندە لەژێر دەسەڵاتی ئاشووردا بوون و سەردەمێکیش دەوڵەتی ئوورارتۆ هێرشی هێنا و هەتا چۆمی سیروانی داگیرکرد «ئارگیشتی یەکەم کوڕی منواشای ئوورارتۆ شەڕەکانی ساڵەکانی ٧٧٥ هەتا ٧٧٢ پێش زایین توانی دەوڵەتی ئاشوور کە ئەو دەم شایەکەی سەلمانسەری چوارەم بوو، هاوبەندی ئەوکاتیان، یانی دەوڵەتی ماننا تێک بشکێنێ و ماننا و پارسوا داگیربکا. پاش ماوەیەکی زۆر و بەهێرشە سەربازیەکەی ساڵی ٧١٤ی پێش زایین کە بەهۆی سارگۆنی دووەم بەڕێوەچوو و تێک شکانی زۆر قورسی دەوڵەتی ئوورارتۆی بەدواوە بوو (شای ئوورارتۆش لەم شەڕەدا خۆی کوشت- شای ئوورارتۆ ناوی ڕووسای یەکەم بوو، زاڵ بوونی یەک سەد ساڵەی ئیمپراتۆری ئوورارتۆ بەسەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، باشوور و ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ کۆتایی هات و تەنیا

باکـووری گـۆل لە دەست ئەواندا مـایەوە). بەهۆی ئەم هێرش و پەلامارانە، وڵاتی پارسوا شێواو شڵەژا و بوو، هێمنایەتی نەمـابوو و بارودۆخ بۆ کـۆچ کـردن و ڕۆیشتن زۆر لە باربوو.

چوارەم- کـاتێ باسی کـورۆش شـای هەخـامـەنشی دەکـرێ، دەڵێن ئەوشـایە نەوەی ئاسـتـیـاگی مـادە کـە بەهاوکـاری چەند پایە بەرزێکی ناو دەوڵەتی مـاد کودەتایان لێ کرد و خـۆی لەجێی دانیشت و دەوڵەتی هەخامەنشی دامەزراند. من پێم وایە ئەم هەخامەنشیانە و، یان ئەو پارسانە هەر ئەو کۆچەرانەن کە بۆ مـاوەیەک لەکوردستاندا ماونەتەوە و لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتە ژن و ژن خـوازیان بووە و بوونەتە خـزم و کـەس و کـار ئەمـەش دەسـەلمێنێ کـە بێگانە بوون و لە شـوێنێ گـەڕاون بـۆ هەمـیشـە لێی نیشـتـەجێ بن. ئەم هۆزە کـۆچەرەی جێی باسی ئێمەیە لە سەرەتاوە و بەرلەوەی کۆچەکەیان دەست پێبکەن بەخـۆیان گـوتووە (ئاریایی) و نێـوی فـارس و پارسیان لەسەر نەبووە.

گـریمان هۆز و تیـرەیەکی چکۆلەی ئەم کـۆچەرانە ناوی پارس بووبێ کـە دەکـرێ دوو بۆچوون و دوو واتای بـۆ لەبەرچاو بگرین، یەکەم پارس بەمـانای وەڕینی سەگ کە لەو سەردەمەدا بەهۆی ژیانی شوانی و ئاژەڵداری خەڵک، سـەگ حـەیوانێکی خـۆشـەویست و بە کـەڵک بووە و ئەو هۆزەیان بـەناوی سـەگـوەڕ ناو نابێ. کـاری ئاوا شـتـێکی سـەیر نیـیـە و بە لەبەرچاوگـرتنی باری ژیانی خـەڵک، دەکـرێ و دەگـونجێ. بۆ نموونە هەر ئێـسـتـا لە تیلەکـۆی سـەقـز ئاواییـەکی چکۆلەی لێـیـە بەناوی (سـپـەوڕە). هەروەک دەزانن وشـەی سپـە زۆر کۆن و بەمـانـای سەگە. بە زمـانـی ئـاوێسـتـایی و بە زمـانی تاتی و تـالشـیش بەسەگ دەڵێن سپەو لە وڵاتی خۆشمـان لە هەندێ شوێن بەسەگ دەڵێن سپڵۆت.

- مانای دووەمی وشـەی (پارس) تورکییەو ئەویش بە حـەیوانێکی دڕندەی لە پڵنگ چکۆلەتر کـە یووزپڵنگی پێدەڵێن دەگوترێ. دیسان ئەم ناونانەش شتێکی ئاساییە و دەکـرێ لەو سەردەمـەدا ئەو هۆزەیان بەنـاوی دڕندەیەکی چالاک و جەسوورەوە کـردبێ کە مەبەسـتـیـان ئازایەتی و چالاکی ئەو هۆزە بووبێ.

بەڵام وشـەی پارس چ واتـاکـەی سـەگـوەڕ بێ و چ بە مـانای دڕندەیەکی وەک پڵـنگ بێ هیچ پێـوەندییـەکی بە وشـەی (پەراسـو- پارسـوا- پارشـوا)وە نییـە و نـاتوانین ئەو (پارس)ە بەو (پەراسو)ە بزانین. پەراسوو وشەیەکی مادی- کوردییە و هەر ئێستاش کەڵکی لێوەر دەگیرێ و وشەیەکی زۆر کۆنە.

بۆچی ئەو ناوچەیان نێـوناوە پەراسـوو؟ ئایا هەروەک ا.م.دیاکـۆنۆف نووسـیـویەتی بۆ ئەوە پێـیـان گـوتووە پەراسوو، یان دەندە، یان تەنیشت کە لە تەنیشت (ماد) هەڵکەوتووە؟ ئـەگـــەر وابێ ئەی بـۆچی بە دەوڵـەتی مـانـنایان نەگـوتووە پارسوا؟ خـۆ خـەڵکی نیـشـتـەجێی دەوڵەتی مـانناش مـادی نەبوون و زمـانەکـەشـیـان یەک نەبووە و جیران و هاوسێی مادیش بوون!

ئایا هەروەک مـامۆسـتا مـێـهـردادی بەهار گـوتوویە ئەم وشـەیە ڕەگ و ڕیشـەی دەگـەڕێتـەوە بۆ وشـەگـەلی وەک (پارسا- زاهید- عابید- خۆپارێز)، یان پاڵەوان و شتی لەو چەشنە؟

ئەو وەڵام و بیـروڕایەی لێـرەدا دەیخـەمـە بەرچاوی خـوێنەران نە لە بۆچوونەکـانی دیاکـۆنۆف دەچێ و نە بیـروباوەڕی مامـۆستا مێـهـردادی بەهار دەسەلمێنێ و بۆ یەکـەم جـارە لەو بابەت و چوارچێـوەدا باسی پارسـوا دەکرێ، من پێم وایە کەڵک وەرگرتن لەوشەی پەراسو و نێونانی ناوچە و هۆزێک بەم ناوە دەچێتە چوارچێوەیەکی ئاییینییـەوە و بـۆ باس کـردن و شـیکردنەوەی ئەم بابەتە دەبێ بە وردی بیـــدەینە بەر باس. ئەوەی لێـــرەدا باس دەکرێ بیـروبۆچوونی منە و وەک (نظریة)یەک دەخـرێتـە بەرچاو، مەرجیش نییە ئەوەی من دەیڵێم ڕاست بێ.

هەروەک دەزانن هۆزەکـانی نیـشـتـەجـێی ڕۆژئاوا (ناوچەکـانی دەوروبەری زاگـرۆس)، هەر لە زۆر کـۆنەوە بەپێی سەردەم و زرووفێکی کە تێیدا دەژیان، بیروباوەڕ و دین و ئاییـنی جـۆر بەجـۆریان بـووە کـە هێندێکیـان دەگەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی ناوخۆیی و بەشێکیش لەم ئاییینانە بناغەی لاوەکیان بوو وەک ئەو باوەڕانەی کە لە دەوڵەتانی ئاشـوور و ئوورارتۆ و بابل باو بوون و لـەنێـو خەڵکی ئەم ناوچانەدا جێی خۆیان کردبۆوە. هۆیەکەشی ئەوە بـوو دەوڵەتانی (مـاننا) و (پارسـوا) بۆ مـاوەیەکی دوور و درێژ لەژێر دەسەڵاتی ئاشوور و ئوورارتۆدا بوون و زۆرجـــار دین و ئاییـنی ئەوان دەبووە ئاییـنی ئەم لایە و زۆرجـاریش دین و باوەڕی خـەڵکی دەوروبەری زاگـرۆس لەو وڵاتانەدا بڵاودەبووەوە و جـێی خـۆی دەکـردەوە. لە برگەیەکی چکۆلەی مێژووی ماد دا ئاوا نووسراوە:

١- ئەو بەڵگانەی لەبەر دەسـتـدان نیـشـان دەدەن کـە

ئایینی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی مادی کۆن، زۆرتر لەگەڵ ئایینی هووریان و هەتا ڕادەیەک ئاشوورییەکان لە چەشنێک بوون.

٢- دینی کاسیان و تەنانەت دینی تایبەتی بابلیەکان هەتا ڕادەیەک لە قووڵایی خاکی ماددا بنجی داکوتا بوو، وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە یەکێ لە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا ناوەندی ماد(بیت ئیشتار)، یان ماڵی ئیشتار (خودا خانمی بابلی ئەوین و داهات و بەرەکەت)ی پێکوتراوە. هەروەک لە زمانی هێرودۆتەوە دەگێڕنەوە، دواتر ئەم ئیشارە بوو بە ئاناهیتا. تەنانەت (مەڕدووک) خودای بابلیش لە وڵاتی ماددا دەپەرەسترا و باوەڕیان پێی بووە.

کەوابوو خەڵکی دانیشتووی زاگرۆس لەگەڵ بیروباوەڕی کۆن و نوێی گەلانی وڵاتانی دوور و نزیک و جیران ناسیاویان بووە، سۆمەرییەکان لەو گەلانە بوون کە ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە زایین لە بەینونەهرەین (نێوان چۆمان Mesopotamia) دەژیان ناوەندی فەرهەنگی ئەوان شاری نیپوور لە ١٨٠ کیلۆمەتری باشووری بەغدا هەڵکەوتبوو، بۆی هەیە بڵێین خەتی مێخی (هێڵی بزماری) لەداهات و دەسکەوتەکانی ئەوانە.

لەنێو ئەم هۆزەدا، ئەفسانە، بیروباوەڕ و ئوستوورە گەلێکی زۆر و جۆربەجۆر باو بووە. یەکێک لەو ئوستوورانە، ئەفسانەی دیلموون، یان (بەهەشتی دیلموون)ە، جا بۆ ئەوەی بچینە ناخی بابەتەکەوە و دواتریش بتوانین مەبەستی خۆمان لە دامەزراندنی ئەو باس و بابەتە ئەفسانەییە کە لە ڕاستیدا پەنجەرەیەکە بۆ تێڕوانینی ئێمە، بۆ خوێنەران ڕوون بکەینەوە، کورتە و پوختەی ئەفسانە یا ئوستوورەی (بەهەشتی دیلموون)، یان ئەفسانەی (ئەنکی ونین خۆرسک) دەخەینە بەرچاو:

دیلموون وڵاتێکی خاوێن و درەوشاوە و ترووسکەدارە کە لە هەموو بابەتێکەوە بۆ ژیان لەبار و ئامادەیە.

- نەخۆشی و مردن لەوێ ڕێی نییە.

- بەڵام لەوێ، ئاو کە مایەی ژینی گیا و گیان لەبەرەکانە، زۆر کەمە.

هەر بەم هۆیەوە ئەنکی «خودای گەورەی ئاوەکانی سومەری»، ئەمری بە ئوتۆ کرد (ئوتۆ- خودای خۆر- یەزدانی تاو) کە ئاوی خواردنەوە و شیرن بۆ ئەم وڵاتە لە زەوی بێنێتە دەرێ.

بەو چەشنە دیلموون دەبێ بە باخێکی ئاسمانی و لەوێدا مەزرا و مێرگ و دارستانی میوە زۆر بوون.

خوداژن (ایزد بانو)نین خۆرسک لەو بەهەشتەدا هەشت چەشنە گیای ڕواند. نین خۆرسک خوداژنی دایکە و ڕەنگە لە بنەڕەتدا دایکی زەوی بووبێ.

ئەوکات ئەنکی لە ڕواڵەتدا بە مەبەستی تاقی کردنەوەی تامی ئەو گیا سەیرو سەمەرانە، داوای لە پەیکەکەی (نامەبەر) خۆی کرد بە نۆبە هەڵیان کەنێ و بیداتێ.

ئەنکی بەنۆبە گیایەکانی خوارد، بەڵام نین خۆرسک کە لە کارەساتەکە ئاگادار بوو زۆر تووڕە دەبێ و نزای مردن لە ئەنکی دەکا و بۆ ئەوەی لە بڕیار و بەڵێنەکەی خۆی پەشیمان و پاشگەز نەبێتەوە تووڕەییەکەی هەروا بەردەوام بێ، خۆی لە خوداکانی دیکە دەشارێتەوە.

دار و بارەکەی ئەنکی تێک چوو و نەخۆش کەوت و هەشت ئەندامی لەشی لاواز بوون. یەکێ لەو ئەندامانەی نەخۆش بوو و لە کارکەوت، پەراسوو- کەلەکە یا دەندەی بوو.

لەبەر ئەوەی ئەنکی لە مردن نزیک ببۆوە یەزدانەکان لەبەر پەژارە و پەشێوی لەڕادە بەدەر لەسەر زەوی دانیشتن. ئەنلیل (یەزدانی هەوا) و شای خوداکانی سۆمەریش هیچ کارێکی لەدەست نەدەهات. لەوکاتەدا ڕێوی وەقسەکردن دەکەوێ و بە ئەنلیل دەڵێ ئەگەر خەڵاتێکی چاکم پێبدەی، نین خۆرسک لەو شوێنەی خۆی لێ شاردۆتەوە دەهێنمە دەرێ.

ڕێوی بەهەر چەشنێک بوو لە کارەکەیدا سەرکەوت و یەزدانی دایک (نین خۆرسک) گەڕاوە لای یەزدانەکانی دیکە و خودای ئاوی لە مردن ڕزگار کرد.

نین خۆرسک، ئەنکی لەلای خۆی دادەنێ و پرسیار لە حاڵ و باڵی دەکا ،پاشان بۆ هەر ئەندامێکی نەخۆشی ئەنکی، یەزدانێک دەکاتە بەر پرس و پەرەستار هەتا ئەندامەکانی چاک کەنەوە.

بەو چەشنە ئەنکی ساغی و سەلامەتی خۆی بەدەست دێنێتەوە.

لێرەدا ئەم بەهەشتەی (بەهەشتی دیلموون) سۆمەرییەکان لەگەڵ ئەفسانەی بەهەشتی تەورات بەرانبەر و بەراورد دەکەین هەتا دەرکەوێ ئەوانە چ شتێکیان وەک یەک دەچێ. بەڵگە گەلێک بەدەستەوەن کە ڕوونی دەکەنەوە ئەفسانەی بەهەشتی تەورات ڕەگ و ڕیشەی سۆمەری هەیە و لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراوە.

بەهەشتی دیلموون هەروەک لەو ئەفسانەیەدا باسی کرا

له «دیلموون»دا هەڵکەوتووە و ئەم ناوچەیە بە ڕواڵەت لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران-دا بووە.

ئەو بەهەشتەی تەورات بەڵێنی داوە و ئاوا باسی کراوە: (باغێکە لەڕۆژهەڵاتی عەدەن و چوار ڕووباری جیهان وەک دیجلە و فورات لەوێوە سەرچاوە دەگرن. (لە بنەڕەتدا هەر دیلموونی بەهەشتی سۆمەرییەکانە، لەلایەکی ترەوە لە ئەفسانەکەی سۆمەریدا ئاوا نووسراوە: خودای خۆر ئاوی خواردنی لەژێر زەوی دەرهێنا و دیلموونی ئاوپرژێن کرد، ئەو وتەیە لەگەڵ ئەو ڕستەیەی تەورات لە یەک دەچن: (مژێک لە زەوی هەستا و سەرزەوی ئاوپرژێن کرد).

- زایینی بێ ژانی یەزدانەکان (حەوا)ی بە لەعنەت کراو وەبیر دێنێتەوە کە بەشی لەم جیهانەدا، ئاوس بوون و منداڵ بوونی بەژان و کەسەرو پەژارەوەیە.

- گیا خواردنی ئەنکی، خواردنی بەری داری زانایی ئادەم و حەوامان وەبیردێنێتەوە. ئادەم و حەواش پاش خواردنی میوە بە لەعنەت کران و تووشی نفرین بوون.

ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین ئاکامێکی لە بەرانبەر کردن و بەراوردکردنی (بەهەشتی سۆمەرییەکان) و (بەهەشتی تەورات) وەدەست دەکەوێ، شرۆڤە و شیکردنەوەیە کە لە بابەت چۆنیەتی لە دایک بوون و بەدیهاتنی (حەوا لە کەلەکە و پەراسووی ئادەمەوەیە).

بۆچی (حەوا) لە پەراسووی (ئادەم) لەدایک بووە؟

بۆچی ئەفسانە بێژ و ئوستوورە نووسی عیبری لەنێو هەموو ئەندامەکانی لەش (پەراسووی) بۆ لە دایک بوونی ژن هەڵبژاردووە؟ ئەوەڵە کاتێکدایە کە دەزانین وشەی (حەوا) لەزمانی عیبریدا بەواتای کەسێکە ژیان دەبەخشێ.

کاتێک دەتوانین وەڵامێکی ڕوون بەو پرسیارە بدەینەوە کە بیسەلمێنین چیرۆکی بەهەشتی تەورات لەسەر بنەما و بناغەی ئەدەبیاتی سۆمەری و ئەفسانەی دیلموون داڕێژراوە.

لەئەفسانەی دیلموون-دا یەکێ لەو ئەندامانەی ئەنکی وا نەخۆش کەوت پەراسوو، یان (دەندە)یەتی. لەزمانی سۆمەریدا بە پەراسوو، یان دەندە دەڵێن (تی Ti) و ئەو خودایەی بۆ پەرەستاری و چالاک کردنەوەی پەراسووی ئەنکی ڕاسپێردرا بوو نێوی (نین تی- nin Ti- خانمی پەراسوو ژنی پەراسوو- بانوی دەندە) بوو.

بەڵام (وشەی تی Ti لە زمانی سۆمەریدا بە مانای ژیان بەخشین)یش دێت.

لەم حاڵەتەدا مانای دیکەی نین تی nin Ti (ژنی ژیان بەخش)ە. لە ئەدەبیاتی سۆمەریدا بە هێندێک ئاڵ و گۆڕ، نین تی بە مانای (خانمی پەراسوو) و (خانمی ژیان بەخش)ە. هەروەک دیتمان سۆمەرییەکان ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین لە ئوستووەکەیاندا پەراسوویان بۆ ژیان و ژیانەوە بەکارهێناوە- عیبریەکان (جوولەکەکان)یش ١٤٠٠ ساڵ پێش زایین بەچاولێکەری سۆمەرییەکان، هەروەک لە تەورات-دا نووسراوە، گوتوویانە (حەوا) لە پەراسووی «ئادەم»ەوە هاتۆتە دنیاوە (لەدایک بووە). لە ڕاستیدا پەراسوو وەک شوێنی ژیانەوە کەڵکی لێ وەرگیراوە (بڕوانە ل٣ ڕەستەی ٢١ بەشی دووەمی سیفری بەدیهاتن «سفر پیدایش»ی کتێبی موقەدەس یانی کتێبی عەهدی عەتیق. پاش کۆچی ئاریاییەکان بۆ ڕۆژ ئاوا و نیشتەجێ بوونیان لە پارسوا، بۆ ماوەی نزیکەی ٢٠٠ ساڵ، خەڵکی خۆ وڵاتی (مردم بومی) ئەم ناوەیان بەسەر ئاریاییە کۆچەرەکاندا بڕیوە و لەم نێونانەدا لە ئوستوورەی باسکراو کەڵکیان وەرگرتووە. دەکرێ بڵێین هۆی ئەم نێونانە ئەوانەی خوارەوەن:

١- هۆزی کۆچەر و ئاوارە و دوورە وڵات لە کەنار و تەنیشت و پەراسووەوە هاتوونەتە نێو خاکی کوردستان.

٢- خەڵکی خۆجێیی (کوردەکان) بەکەڵک وەرگرتن لەو ئووستوورەیە خۆیان بە ئادەم و ئەو هۆزە کۆچەرانەشیان بە (حەوا) داناوە و مەبەستیش ئەوەیە ئەو کۆچەرانە لە پەراسوو و کەلەکەی ئەوانەوە لەدایک بوون و ژیاونەتەوە.

٣- دەشتوانین بڵێین خەڵکی خۆ وڵات خۆیان بە نین تی (خودای پەراسوو- خودای ژیان بەخشین) داناوە و تیمار و پەرەستاری ئەو هۆزە کۆچەر و ئاوارە و بێ ماڵ و حاڵەیان کردووە و ژیانیان پێ بەخشیوەتەوە. سەر ئەنجام نێوی پەراسوو بووە بەنێوی ئەو کۆچەرە ئاریاییانە و لە کاتی هێرشی ئاشووریەکان بۆ سەر ناوچەکانی زاگرۆس و داگیرکردنی ماننا و پارسوا بەم خەڵک و ناوچەیان گوتووە پەراسوو- پارسوا و پارشوا و بەرە بەرە ئەم نێوە کەوتۆتە سەرزاران و بووە بەنێوی ناوچە و هۆزەکەو چونکە ئاشوورییەکان مانای وشەکەیان نەزانیوە گوتوویانە پارسوا، یان پارشوا.

ئەم خەڵکە ئاریاییانە کە هەڵگری نێوی پارسوا بوون سەری خۆیان هەڵگرت و بەدوای لەوەڕگە بۆ ئاژەڵەکانیان و شوێنێکی هێدی و هێمن بۆ خۆیان بە چەشنێ کە دەستی هێرشکارە ئاشووری وئووراتۆییەکان نەیانگاتێ ڕوویان کردە باشوور و باشووری ڕۆژئاوا و لەئاکامدا گەیشتنە ئەو وڵاتەی کە نێوی پارس، یان فارسە و نێوی ئەم شوێنە تازەیە هەر ئەو نێوەیە کە کۆچەرەکان لەگەڵ خۆیان بردیان. کەڵک وەرگرتن لە وشەی پەراسوو بێجگە لە سۆمەرییەکان و عیبرەکان و کوردەکان و مەسیحیەکان،

پاش هاتن و بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلام، ئەوانیش دەستیان بۆ ڕاکێشاوە، بۆ نموونە هێندێک لەزانایان و موفتیان و مەلاو مامۆستایانی دینی بڕوایان لە بواری ئافراندن و (خلقت و افرینش)دا ئەوەیە کە «حەوا» لە کەلەکەی چەپی «ئادەم»ە وە هاتۆتە دنیاوە و بووە بە هاوسەری ئادەم. بۆ وێنە لە تەفسیری (ابن کثیر)دا حەدیسێک لەزمانی پێغەمبەری خودا (د.خ)وە نووسراوە کە بەم چەشنەیە: «بەڵێ ژن لە پەراسوو و کەلەکە لە دایک بووە» دیسان دەڵێ [یەزدان حەوای لە کەلەکەی چەپی ئادەمەوە دروست کردووە].

بەڵام بەشێکی زۆریش لە زانایان و بیرمەندانی دینی ئیسلام بڕوایان بەوەنییە حەوا لە کەلەکە و پەراسووی ئادەمەوە خەلق و دروست بووبێ.

ئاماژەی من بە کەڵک وەرگرتن لە وشەی «پەراسوو-دەندە» لە ئیسلامدا ئەوەیە کە پێم وایە بە هەر هۆو و بەهانەیەکەوە بێت، گەلانی ناوچە لەبیرو باوەڕ و ئوستوورە و ئەفسانەکانیاندا ئەم وشەیەیان بەکاربردووە و ئەوەش دەسەلمێنێ کوردەکانیش لەم ناوچەیەدا مافی ئەوەیان بووە ئاماژە بەم وشەیە بکەن و هۆزێک، یان ناوچەیەک بەم ناوەوە نێوبنێن.

**سەرچاوەکان:**

**١- مێژووی ماد، ا.م. دیاکۆنۆف.**

**٢- فەرهەنگی دێهخودا.**

**٣- از اسطوره تا تاریخ، میهردادی بەهار.**

**٤- تاریخ ایران باستان، م.م. دیاکۆنۆف.**

**٥- تاریخ تمدن، ویل دیورانت.**

**٦- تمدن مهاباد، محمود پیدرام.**

**٧- بعضی از اسامی کهن و ایرانی در زبان کردی، رحیم شنویی مەحمود زادە.**

**٨- فرهنگ واژە های آوستا، ئیحسان بەهرامی.**

**٩- پیرشالیاری زەردەشتی، محەمەد بەهائەدین مەلا ساحێب.**

**١٠- میراث ایران، نووسینی چەند کەسێک لەژێر چاودێری ئارتوورچان ئاربێری.**

**١١- اصل و نسب و دینهای ایرانیان باستان، عەبدولعەزیم ڕەزایی.**

**١٢- تاریخ شاهنشاهی هخامنشی، ئالبێرت ئایک ئۆمستێد.**

**١٣- زرتشت- مزدیسنا و حکومت، جەلالەدینی ئاشتیانی.**

**١٤- ایران از آغاز تا اسلام، گیرشمەن.**

**١٥- الواح سومێری، سمۆییل کریمێر، وەرگێرانی، داوود ڕەسایی.**

# ڕێژیسیۆر و مۆسیقا

د. فازیل جاف
(سوێد)

(٢ - ٢)

**نموونەیەکی وەرگێڕان... خەونی نیوەشەوێکی هاوین... مۆسیقای تێکست**

ڕێژیسیۆرانی پیشەکار لە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی دەقی وەرگێڕاودا مۆسیقاو ڕیتمی زمانەکە لەبەرچاو دەگرن، ئەرکی وەرگێڕ تەنیا ئەوە نییە کارێکی درامی لە زمانێکەوە وەرگێڕێتە سەر زمانێکی دیکە، ئەمە ڕەنگە بە گەلێ کەس بکرێت کە دوو زمان بزانن، بەڵکو پاراستن و سەرلەنوێ خولقاندنی زمانی شانۆنامەکە ئەرکی سەرەکی وەرگێڕە. جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە تەنیا لەکاری وەرگێڕە پسپۆڕ و شارەزاکانی بواری شانۆ و هونەری نمایش بە تایبەتی و بوارەکانی دیکەی ئەدەب بەگشتی، ڕەنگ دەداتەوە. هەر بۆیە لە زۆربەی زمانە ئەورووپاییەکان نەک تەنیا یەک وەرگێڕان، بگرە چەند وەرگێڕانێک بۆ یەک دەق هەیە، ئەم قسەیە بە پلەی یەکەم وەرگێڕانی ئەدەبی کلاسیکی و شانۆنامە بەناوبانگەکانی جیهان دەگرێتەوە.

لە شانۆ دامەزراوەکاندا، ڕێژیسیۆر و دراماتۆرگ شان بەشانی یەک وەرگێڕانەکان تاووتوو دەکەن، مۆسیقاو ڕیتمی زمان و ڕەوانی و ڕستەکان لەسەر زار تەواو هەڵدەسەنگێنن، ئەم لایەنە فاکتەری یەکەمە لە بڕیاردان و پەسەندکردنی وەرگێڕانەکە.

لە هەندێک بارودۆخدا، بەتایبەت کە ڕێژیسیۆر و دراماتۆرگ دەگەنە ئەو باوەڕەی کە وەرگێڕانەکە لەبار نییە، ناچار دەبن سەر لە نوێ دەقەکە وەربگێڕنەوە.

### «کێ لە ڤرجینا وولف دەترسێت» وەک نموونەیەک

چەند سالێک بەر لە ئێستا، ئامادەی یەکێ لە پرۆڤەکانی شانۆنامەی «کێ لە ڤرجینا وولف دەترسێت»ی ئیدوار ئۆلبی بووم، کە ڕیژیسیۆری سویدی (کریستیان تۆمنەر) کاری لەسەر دەکرد. تۆمنەر لە سوێددا بەوە ناسراوە کە لە بواری نمایشی سایکۆلۆژیدا دەستێکی باڵای هەیە. لەبەرهەمەکانی ئەم ڕیژیسیۆرە شانۆنامەی: "تارماییەکان" ی ئیبسن و "بەتووڕییەوە ئاوڕبدەوە"ی ئۆزبۆرن و «گالیسکەیەک ناوی ئارەزووی» "تنیسی ولیام" و تاد.

لە خوێندنەوەی یەکەمدا، ئەکتەرەکان دوو وەرگێڕان و دەقە ئەسڵییەکەیان بە زمانی ئینگلیزی لە پێشدا بوو، بەراوردو تاووتوویان دەکردن، ڕستە بە ڕستە دەیانویست پتر ئاشنای ڕیتم و مۆسیقای شانۆنامەکە بن.

لە ئەزموونی تاکە کەسی خۆمەوە دەزانم ئەم شێوەکارکردنە سوود بەخشە.

بۆ نموونە، لە کاتی کارکردنمدا لەسەر شانۆنامەی "خەونی نیوەشەوێکی هاوینە" چەند وەرگێڕانێکم لەگەڵ یەکتر بەراورد کرد.

پێش ئەوەی دەست بەکاربم، چوار وەرگێڕانی عەرەبی دەقەکەم لەگەڵ یەک بەراورد کرد. لە ئەنجامدا وەرگێڕانەکەی محمد العنانی-م هەڵبژارد، چونکە لە ڕووی ڕیتم و مۆسیقاو و سەداوە لەوانی دیکە توندو تۆڵتر و نایابتر بوو. ڕەنگە ئەم وەرگێڕانە لە ڕووی ناوەڕۆک و دەستپاکی و ئەمانەتەوە شان لەشانی ئەوانی دیکە نەدات، بەڵام لە ڕووی مۆسیقاو ڕیتمەوە لەوەکانی دیکە گونجاوترە. کاتێک کە بە وردی وەرگێڕانەکە دەخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە وەرگێڕی شانۆنامەکە کەسێکی شانۆکارە و شارەزای زمانی نمایشە.

هیچ وەرگێڕێک ناتوانێت لە هەموو ڕوویەکەوە حەقی دەقی شەکسپیر بدات، واتە کەس ناتوانێ لە ڕووی سەبک و داڕشتن و زمانی تێروتەسەلی شاعیرانە و مەجازیانە و زمانێکی بە جۆش و بەڕیتم و مۆسیقا، بە ئەوپەڕی ئەمانەت و دەستپاکییەوە پێشکەش بکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی زۆری ڕستەکانی شەکسپیر دەکرێت بە چەند مانایەک لێک بدرێنەوە. باشە وەرگێڕ کامیان هەڵدەبژێرێت.

مەرجێ من وەکو ڕیژیسیۆر بۆ پەسەندکردنی زمانی



وەرگێڕان ئەوەیە کە دەبێت بۆ ئەکتەر زمانێکی مۆسیقایی گونجاو و لە باری هەبێت. هەر بۆیە ئەو وەرگێڕانەم هەڵبژارد، دەشزانم هەموو ڕیژیسیۆرێکی پیشەکار هەر وادەکات. ئاگادارم شانۆنامەکانی شەکسپیر بە زمانی ئەڵمانی بە چەند وەرگێڕانێکی جیاواز هەیە، بەڵام سەرەڕی ئەوەش ڕیژیسیۆرێکی گەورەی وەکو پیتەر شتەین دەڵێت: هەر چەندە شەکسپیر بە پتر لە حەفتا وەرگێڕان بە زمانی ئەڵمانی هەیە، بەڵام کە شانۆنامەیەکی دەردەهێنم پێویستم بە وەرگێڕانێکی نوێیە، وەرگێڕانێکی تایبەت بە خۆم، وەرگێڕانێک لەگەڵ شێوازی تایبەتیم لە دەرهێناندا بگونجێ، ئەوەش پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕیتمی زمانەکەوە هەیە.

### ڕیتمێک بۆ مرۆژک... ڕیتمێک بۆ دۆرفمان

ڕیتم و مۆسیقا لە سەرجەمی کارەکانمدا بایەخێکی تایبەتیان هەیە و بەردی بناغەی نمایشەکانمە. لە هەندێکیاندا مۆسیقا کەم بەکارهێنراون، بەڵام هەوڵم

داوە تێمپۆ ڕیتم و مۆسیقا لە جەستە و جووڵە و بێدەنگی و پێکهاتەکاندا ببیسترێن، کە مۆسیقایشم ڕاستەوخۆ بەکار نەهێنابێت، بایەخی تەواوم بە مۆسیقای ناوەوە داوە، نموونەیشم بەرهەمەکانی (تیپی شانۆی ئارارات)ە وەکو: شانۆنامەی گێژەن و ڕووتبوونەوەو دوو پێغەمبەر و دواتریش شانۆنامەی مەرگ و کچە.

لە ناو بەرهەمەکانی تیپی شانۆی ئاراراتدا شانۆنامەکانی نووسەری پۆڵۆنی سلاڤۆمیر مرۆژک بەشی شێری هەیە. زمانی گێژەن و ڕووتبوونەوە و دوو پێغەمبەر ریتمێکی توندو تۆڵی هەیە. پێکهاتەی ڕستەکان کورتن و دوورن لە شێوازی مۆنۆلۆگی دوورو درێژ. ڕیتمی و وچان و بێدەنگییەکانی ناو ئاخافتنەکان، یەکسەر زمانی ساموێل بێکێتمان وەبیر دەخاتەوە، ئەمەش سەیر نییە، چونکە مرۆژک نکوڵی لە کاریگەرێتی بێکیت ناکات. مۆسیقای ناوەوەی تێکستەکانی مرۆژک یارمەتی ڕیژیسۆر دەدات لە چەسپ کردن و مەحکەمکردنی ڕیتمی دەرەوە. مرۆژک هەروەک بێکێت خۆی دەستی ڕیژیسۆر دەگرێ و بە ڕیتمێکی دیاریکراو ڕێگای نمایشەکەی بۆ خۆش دەکات، بە مەرجێک ڕیژیسۆر خۆی خاوەن سەلیقەیەکی مۆسیقایی بێت.

## لەگەڵ مۆسیقازاندا کار بکە

شێوازی کارکردن لەگەڵ مۆسیقای زیندوودا نایابترین شێوازە لای من، وا دەزانم زۆربەی ڕیژیسۆران ئەگەر بۆیان بلوێت مۆسیقای زیندوو هەڵدەبژێرن، بەڵام مەسرەفی سووک نییە.

لە شانۆنامەی سەمووم و تەرتووف (هەردووکیان بە ئینگلیزی بوون) و شانۆنامەی هەزار و یەک شەوە (بەسوێدی) مۆسیقای زیندووم بەکارهێنا، گەلێ وانەی ڕیژیسۆری بە کەڵکیان لێوە فێربووم. پێم باشە ڕیژیسۆری گەنج تا بۆی دەکرێت لە نزیکەوە لەگەڵ مۆسیقازاناندا کاربکات، چونکە ئەوەی ڕیژیسۆر لە پسپۆرانی مۆسیقاوە فێری دەبێت، بایەخێکی بێ هاوتای هەیە، خۆ ئەگەر پسپۆرێکی بواری مۆسیقا هاوشانت بێت و لە مەیدانی ڕیتم و جووڵەدا مەشق بە ئەکتەرەکانت بکات، ئەوە بێگومان ئاکامێکی زۆر باش بە دەست دەهێنیت و ڕێگای دوورت بۆ کورت دەکرێتەوە.

## دوو جۆرە نمایش

ئەگەر لە ڕووی شێوازەوە نەریت و ترادیسیۆنی نمایش دابەش بکەین، ڕەنگە بۆ سەردەمی ئێستامان شێوازی فیزیکی (جەستەیی و هەیکەلی) و شێوازی دەروونی دابەشکردنێکی مەجازیانە بێت، کە دەکرێ لەم باسەدا پەنای بەرینە بەر. شانۆنامەکانی سەردەمی ئەنتیک و شەکسپیر و مۆلێیر و گەلێک لە شانۆنامەکانی نووسەرانی کۆمیدیا و شانۆی سیاسی و تاد... شانۆی فیزیکی واتە جەستەیی و هەیکەلی بن.

بەشی دووەمیش شانۆی سایکۆلۆژییە، کە باڵا دەستترین شانۆی ئەم سەردەمەیە. هەر لە پاش ئیبسن و ستریندبێرگەوە ئەم شانۆیە لە نەشونماو پەلهاوێشتنە. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دوو تەرزەی شانۆدا، سەبارەت بە بینای مۆسیقایی و مۆسیقای ناوەوەو بەکارهێنانی مۆسیقا گەلێ جیاوازە.

لە حاڵەتی یەکەمدا جەستەو پێکهاتی فیزیکی سەر شانۆ و ڕەهەندەکانی بینین مۆسیقایەکی ڕوونتر و ڕیتمێکی ئاشکراتر دەدات بە دەستەوە، کە لە جیاوازیی و گۆڕانەکانی نێوان هارمۆنیا و کۆنتراست و پلەی دینامیییەتی دیمەنەکاندا دەردەکەوێت.

واتە دەستنیشانکردنی ئەم ڕەهەندانە لەو تەرزە شانۆیەدا ئاسانترن، چونکە زەقتر و ئاشکراتر هەستیان پێ دەکرێت.

## ڕۆمیۆ و جولێیت... نموونەیەک

گۆڕانەکانی پێکهاتەی مۆسیقایانەی ناو شانۆنامەیەکی کلاسیک زیاتر لە ستروکتور و هەیکەلی سیمفۆنیاوە نزیکە. میرهۆڵد یەکەم ڕیژیسۆرە کە خاوەنی ئەم بۆچوونە بووە، ئەگەر تەمەن بواری دابا ڕەنگە لەم مەیدانەدا دەستکەوتی گەورەتری بۆ شانۆ لە پاش خۆی جێ هێشتبا.

میرهۆڵد بەش و دیمەن و ئێپیسۆدەکانی ناو شانۆنامەیەکی بە بەش و جووڵەی ناو سیمفۆنیا دەچواند. نەک هەر ئەوەندە بە تێرم و زاراوەی مۆسیقا و سیستەم و ستروکتوری مۆسیقایانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرد.

بۆ ئەم مەبەستەش ئەم زاراوانەی بەکاردەهێنا:

Largo,presto, allegro, allegretto, forte, fortissimo, piano, pianissimo,

andante cantabile, sforzando, rallentando.

ئەگەر لەم تێرمانەی مۆسیقا بکۆڵیتەوە و بەگوێرەیان ڕەفتار لەگەڵ نمایشەکانت بکەیت، ئەوە سیستەمی مۆسیقا لەناو کارەکەتدا دەچەسپێت و لە ڕووی زەمەنەوە نمایشەکەت توند و تۆڵ دەبێت.

ڕیژیسیۆری بەریتانی چارلیس ماروڤیتز، کە هاوکاری پیتەر برووک بوو لە سەردەمی کارکردنیدا لە ستودیۆی تووندو تیژی و میتۆدی ئارتۆ، ڕاهێنانێکی سیستەمی سیمفۆنیا لەسەر پێکهاتی شانۆنامەی ڕۆمیۆ و جولێیت-ی شەکسپیردا بەم شێوەیە پێشنیار دەکات:

"سەرەتای دیمەنی باڵکۆنەکە، ئەم دیمەنە کە لە شەودا و لەبەر تریفەی مانگەشەو لە کەشوهەوایەکی پڕ لە مەترسیدا ڕوودەدات، دەکرێت بە لارگۆ و پیانیسیمو دەست پێ بکات، بەڵام کاتێک کە ڕۆمیۆ خۆی لە جولێیت ئاشکرا دەکات، ئیدی مۆسیقا دەبێت یەکسەر بگۆڕدرێت بۆ فۆرتێە و پرێستۆ.

کە مەترسی لەسەردانەکەی ڕۆمیۆ بۆ جولێیت بەسەر دەچێت، پاش ئەوەی هەردووکیان ئەوینی خۆیان بۆ یەکدی دەردەبڕن و پەیمان دەبەستن کە یەکدییان خۆش بوێت، هاوکاتیش دایانەکە پەیتا پەیتا بانگی جولێیت دەکات کە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، لەم دیمەنەدا دەکرێ سفۆرتساندۆ بەکاربهێنرێت، کە پاشان بچێتە سەر جۆرە ئەلیگرۆیەکی بە جۆش و وروژێنەر.

ئەم دیمەنە چەندە دەربارەی ئەوین و دڵدارییە، ئەوەندەش دەربارەی ترس و دڵەڕاوکێیە. کاتێک کە بەم چەشنە هەستی خۆشەویستی و ترس لەسەر شانۆدا تێکەڵ بەیەکدی دەبن، ئەو دەمە زیاتر لە شێوازێکی ئۆپیرایی نزیک دەبینەوە. ئەو دەمە دەستنیشانکردنی تێرمە مۆسیقاییەکان و حاڵەتەکانی هاوتایان لەسەر شانۆدا گەلێک ئاسانە.

## بێدەنگی سایکۆلۆژی... مۆسیقای دەروون.... مۆسیقای بن دێڕ

لە نێوان بەرهەمەکانی ئاراراتدا مەرگ و کچ وەکو شانۆنامەیەکی سایکۆلۆژی جێگایەکی دیکەی هەیە بۆ من وەکو ڕێژیسیۆرێک کە پتر کارم لەسەر پێکهاتی فیزیکی و ڕیتمی توند و بەجۆش کردووە.



زمانی شانۆی سایکۆلۆژی زمانی شانۆی هاوچەرخە، زمانی ئینسانییەتی دەروون ئاڵۆزی سەردەمی پێشەکەوتن و گەشەی تەکنۆلۆژیایە، زمانێکە مۆرکی زانستی دەروون و دەستکەوتەکانی فرۆیدی پێوە دیارە.

مۆسیقاو ڕیتمی ئەم زمانە لە دەروونی ئادەمیزادەوە هەڵدەقووڵێ، دەستکاریکردنی ناوەستایانەی ئەم زمانەو هەروەها مامەڵەکردنی ناشارەزایانە لەگەڵیدا، بە غەیری شێواندن و نابووتکردنی دراماکە هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە.

زمانی سایکۆلۆژیا لە دەروونەوە هەڵدەقووڵێت و خۆی بەسەر نمایشەکەدا زاڵ دەکات و مۆسیقاو ڕیتمی دەرەوە پێکدەهێنێت، بۆیە وەکو ڕیژیسیۆر دەبێت پەلەی لێ نەکەیت.

## ڕێز لە وچان و بێدەنگی سایکۆلۆژی بگرە

ڕیژیسیۆر لە شانۆی سایکۆلۆژییدا دەبێ ڕێز لە بێدەنگی و پشوو و وچانەکان بگرێت، چونکە ئەوانە لە

مۆسیقادا وەکو مەودای نێوان دوو لێدان وان. بێ ئەوانە ڕیتم دروست نابێت. ئەگەر پەلەیان لێ بکەیت تێکدەچێت.

ئەو ڕێژبسیۆرانەی کە لە شانۆی سایکۆلۆژیدا پەلە دەکەن، بە زۆری لەبەر ڕاگرتنی دڵی بینەران وادەکەن، چونکە وا دەزانن بینەران بە ڕیتمی سایکۆلۆژی وەڕس دەبن، ئەوانە چاکتر وایە خۆیان لە شانۆی سایکۆلۆژی دوور ڕابگرن، چونکە ڕاگرتنی دڵی بینەران بە ڕیتمی خاو ئاسان نییە، بینەرانی شانۆ گلەیی تەنیا لە ڕیتمی خاو دەکەن، ڕیتمی خاو بەشێوەیەکی گشتی ڕەزای گرانە، کەس گلەیی لە ڕیتمی خێرا ناکات، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی وایە نەک هەمیشە، بەڵام خۆ ناشکرێت شانۆنامەکانی ئۆنێل و پینتەرو دۆرفمان نۆرین وفۆسیە، تەنیا لەبەر ئەوەی جەمهوورەکەت ڕانەهاتووە لە یەک کاتژمێر پتر دانیشێت، بە تێمپۆڕیتمی خێرا پێشکەش بکەیت، ناکرێت «مەرگ و کچ» یەکێکە لەو شانۆنامانەی کە تێمپۆڕیتمی سایکۆلۆژی جێبەجێ دەکات، من دەمزانی نمایشی لەم جۆرە بۆ بینەران ئاسان نییە، بەڵام بۆ من وەکو ڕێژبسیور ئەرکێکی گرنگ بوو، دەبوایە بیگرمە ئەستۆ و تاقی بکەمەوە، دەشمزانی مەسەلە بە نیسبەت جەمهوورەوە ڕاهاتنە.

### ئاشنای خودی خۆت بە

کە کار لەسەر شانۆنامەیەکی سایکۆلۆژی دەکەم، هەر لە هەنگاوی یەکەمەوە هەوڵ دەدەم، ئەکتەرەکانم، تا بۆیان بکرێت، لە خودی خۆیان نزیک ببنەوە و لە هەموو فۆرم و کلێسە و شێوازێکی شانۆیی چەسپاو لە جەستەو دەنگ و گوزارشتیاندا دوور بخەمەوە، بە مەبەستی ئەوەی دەنگی ناوەوەی خۆیان بدۆزنەوە.

دەکرێت شانۆنامەی "یاری بە ئاگر" (بە رووسی) و "مەرگ و کچ" بە نموونە بهێنمەوە. لەم دوو نمایشەدا چەمکی مۆسیقای ناوەوە گەلێک گرنگە، هەر دوورکەوتنەوەیەک لەسەرچاوەی مۆسیقای ناوەوە، لە شانۆی سایکۆلۆژیدا ساختەو رووکەشیی و زەیف دەخوڵقێنیت، شتێکە کە بینەر هەر بە سەلیقە هەستی پێ دەکات، خۆ ئەگەر هەستی پێ نەکات، ئەوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە بینەران شارەزای ئەم تەرزە شانۆییە نین. سەرەڕای ئەوەش دەروونی بینەر بە درۆ و کاریگەرێتی ساختەکارانە نایەتە هەژاندن. ئەوەی بەساختە دەخەڵەتێت تەنیا چاوە، ئەویش بۆ ماوەیەکی کورت.

### پینتەر نموونەیەکە

چەند ساڵێک بەر لە ئێستا شانۆگەری پاسەوانی هارۆڵد پینتەرم لەسەر شانۆی شار لە ستۆکهۆڵمدا لەگەڵ شانۆکارێکی لای خۆمان بینی، دەرهێنانێکی تا بڵێی جوان و ڕاستگۆیانەو کاریگەر بوو، لەو جۆرە دەرهێنانانە بوو، کە پێی دەگوترێت پاراو و بێ توێکڵ.. پوخت و ڕەوان.

ئەم نمایشە کە لەلایەن یەکێک لە ڕێژبسیۆرە پسپۆڕەکانی درامای سایکۆلۆژییەوە دەرهێنرابوو، یەکسەر کاری دەکردە سەر دڵ و دەروون.

ئەوەی کە سەرسامی کردبووم و بە درێژایی نمایشەکە چێژم لێ وەردەگرت، مۆسیقای بێدەنگی بوو، یان چاکتر وایە بڵێم ئەو بێدەنگییانە بوو کە لەسەر سیستمێکی مۆسیقا هەڵچنرابوو، مۆسیقایەک کە ئاوێتەی ناخ و دەروونی ئەکتەرەکان بوو و بە قووڵی گوزارشتی لە فەلسەفەو جەوهەری وجودیانەی شانۆنامەکە دەکرد. ڕیتمی ناوەوەی ئەکتەرەکان جەوێکی زۆر گەرم و بە جۆشی بە شانۆگەرییەکە بەخشی بوو. هەر پاشا وەرزی پیشاندانی شانۆنامەکە لە ڕێگای تەلەڤزیۆنەوە پیشان درا، کە ئەمە تەنیا لەگەڵ نمایشە هەرە سەرکەوتووەکاندا دەکرێ.

### بەراوردێک

شانۆکارەکەی لە مەڕ خۆمان پێی گوتم، ئەمە کاتی خۆی لە بەغدا پێشکەش کرا گەلێ لەم نمایشە جوانتر بوو. لێم پرسی: چۆن؟ گوتی: ڕێژبسیۆرەکەی بەغدا پێش هەموو شتێک دیواری بنەوەی شانۆکەی لابردو وای لە کەسایەتییەکانیش کرد هەموو خێرا قسە بکەن، هەروەها وا بزانم گوتی کە ڕێژبسیۆرەکە ژمارەی کارەکتەرەکانی لە سێ کەسەوە کرد بە دووان.

گوتم: ئەگەر ئەم بەخێرایی قسەکردنە مەرجێکی شانۆنامەکە بێت، تۆ پێت وایە ئەم ڕێژبسیۆرە ئەوەندەی ئەوەی بەغدا زیرەک نەبێت و هەستی پێ نەکات؟ کە ئەمە کولتووری خۆیەتی و هەر لە سەردەمی فرۆیدەوە ئەمانە شارەزای ئەم ئەدەبەن. تۆ بڵێی ئەم ئەورووپاییە

بەقــەدەر ڕێژبســیــۆرێکی عــەرەب شــارەزای مــۆسـیـقــای ناوەوەی کارەکـتـەرەکانی پێنتـەر نەبێت کـە لە دەروونەوە هەڵدەقووڵێت؟

بە ڕاسـتـی داهێنانی ڕێژبســیــۆر لە شــانۆنامــەیەکی مـۆدێرنی وەکـو شـانۆنامـەکـانی پێنتـەر لە پەی بردن بە مـۆسـیـقـای ناوەوەی تێکست دەردەکـەوێت نـەک لەوەی دیوارێک لابەرێ، یان ژمـارەی کـەسـایەتـیـیـەکـانی ناو شـانۆنامـەکـە کـەم بکەیتـەوە، یـان نیـوەی شـانۆنامـەکـە لابەریت و نیـــوەکـــەی دیکەیشی بکەی بە ســـەمـــاو سەرمەقولات لێدان. لە ڕاستـیدا ڕێژبسیـۆری پیشـەکار ئەم نـاشـیـرین کـردنەی شـانۆنـامـەکـە بە نیـشـانەیەکی تێنەگەیشتن لە نووسەرو بەرهەمەکەی دەزانێت، هەروەها بەڵگەیەکە بۆ سەنعەت نەزانی ڕێژبسیۆر.

## شانۆی مۆدێرن و مۆسیقای ناوەوەی خودی مرۆڤ

باوەڕم وایە کـە ئەدەبی شـانۆی مـۆدێرن لەسـەر ڕەوتی مۆسیقای ناوەوەی خودی مرۆڤی هاوچەرخ بیناکراوە. بۆ گـــەیشتن بەم ســـەرچاوەیە، دەبێ وا لە ئەکـتـــەرەکـــانت بکەیت، تا بۆیان دەکرێت لە خودی خۆیان نزیک ببنەوە و خودی خۆیان بکەن بەسەرچاوەی ڕیتم و مۆسیقا بۆ نزیک بوونە لە ڕیتم و مۆسیقای کەسایەتییەکە و پاشتریش لە ڕیتم و مۆسیقای دیمەن و شانۆگەرییەکە بەگشتی.

بۆیە لە مـەرگ و کـچدا ئەم تەکنیکەم وەکو چەمکێک لە پرۆڤەدا بەکـار دەهێنا، ئەمـەش ئاسـان نییـە، ئاسـان نییــە داوا لە ئەکـتــەر بکەی ئاسـایی بێت و لە هەمــان کـاتیـشـدا بچـێـتـە ناو ڕۆڵەکـەیەوە، یان ڕۆڵ بەرجەسـتـە بکات، چونکە ئەم تەکنیکە داوا لە ئـەکـتـــەر دەکـات هەنگاو دوای هەنگاو لە کەسایەتییەکەی نزیک ببێتەوە، نەک یەکسەر.

من باوەڕم بەوەیە کـە وەک جـۆن ڕێژبســیـۆر و ئەکـتـەر ڕیـتـمی نوێ تاقی دەکـەنەوەو خـۆیان لەسـەر کـارکـردن بە ڕیتم و مۆسیقـای جیاواز ڕادەهێنن، بۆ بینەرانیش هەمان شتە.

ڕێژبسـیـۆر نـابێت لەوە بـتـرسـێت کـە بینەر لە ڕیتـمی شــانۆی ســـایکۆلۆژی بێـــزار دەبێت، ئەگـــەر ڕیتـــمی نمایشەکەت لە ناخی تێکستەکەتەوە هەڵقووڵابێت، ئەگەر ناوەوە و دەرەوە هاوشـانی یەکـدی بڕۆن ئیـدی پێـویست ناکات لە نمایشەکەت بترسیت، چونکە ئەو کات ڕیتمی نمایشـــەکـــەت و نەبزی دڵ و تێــمـــپـــۆی هەناســـەدانی جەمهوورەکەت دەبن بەیەک.

ئەگەر سـەرجەمی نمایشـەکەت بەپێی تێمپـۆڕیتـمێکی پتــەو و دامــەزراو بڕوات، بەرهەمــەکــەت خــۆی وەکــو کارێکی مۆسیقایی درامیانە دەنوێنێت.

زۆر جار دەبیستم بە بەرهەمێک دەگوترێت، ڕیتمێکی خێـرای هەیە، یان ڕیتـمـێکی خاوی هەیە. گـوزارشـتی یەکەمیان وەکو ستایش بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە خۆی لە خۆیدا هەندێ جار وەکو سیفەتێکی خراپ وایە، چونکە نـاکــرێ بۆ نموونە داوای ڕیـتـــمی خـــێـــرا لەسەرجەمی شانۆنامەی باخی گێلاسی چیخەف بکەی و بتەوێ بەهەمان ڕیتمی خێرای شەکسپیر نمایش بکرێت.

## کرداری جیاواز... ڕیتمی جیاواز

هەندێ کـردار هەن دەکرێت بە هەر تێـمـپـۆڕیتـمـێـک بتەوێت جێبەجێیان بکەیت.

بۆ نموونە ئێـمە کە ڕادەکـەین، دەتوانین خێـرا ڕابکەین، خێراتر، خاوتر، بە هەمان شێوە کاتێ کە سەما دەکەین، مەلە دەکەین، کاتێک خواردن دەخۆین، بۆکسێن دەکەین، ئەم کردارانە مۆرکی فیزیکین و زۆر زەق و بەرچاون، بەڵام کە کەسـێک نووسـتبێت، یان دانیشبێت و نـەجوولێت، ناتوانێت کـردارەکـانی بە هەمـان تێـمـپـۆڕیتـمی خێـرا بە ئەنجام بگەیەنرێن.

نموونەیەکی دیکە: فەرموو دوو دیمەنی جیاواز وەربگرە، دیمەنی کەسێک کە ڕاودەنرێت، یان لە ترساندا هەڵدێت، لەگەڵ دیمەنی کەسێکی خەمبار کە بەتەنیا دانیشـتووە، یان دوو خـــۆشـــەویست کـــە لە ڕۆخی ڕووبارێکدا دانیـشـتـوون، دەکرێت ڕیـتـمی خێـرا بۆ هەردوو دیمەنەکە بەکار بێنیت؟ دەتەوێ دیمەنی خەمبارییـەکە وەکو دیمەنی ڕاکردنەکە خێرا بێت؟ خۆ ئەگەر ئەم دوو دیمەنە هەر یەک کــەس لەســـەر شـــانۆدا ئەنجـــامی بدات، دەبێ بە دوو تێمپۆڕیتمی جیاواز ئەنجام بدرێت.

ئەم گۆڕانکارییە لە پلەی خێرایی و خاویدا بە زاراوەی مۆسیـقا پێی دەڵێن تێمپۆ، تۆ وەکو ڕێژبسیـۆر بەرپرسی لەوەی کـە تێـمـپـۆ بگۆڕیت، ئەم گـۆڕانەش دەبێت بـەپێی بـاری دەروونی و ســـایکۆلۆژی لە چوارچێـــوەی ڕیتـــمی گـشـتی شـانۆگـەرییـەکـەتدا ئەنجـام بدرێت، جا بۆیە کـە ڕێژبسـیـۆرێک پێی وایە دەبێت تێمپۆیەکی خێـرا بەسەر

شانۆگەرییەکی سایکۆلۆژی لەوانەی دۆرفمان، یان بێنتەر بسەپێندرێت، بەڕاستی ئەو ڕیژیسیۆرە دەبێت جارێکی دیکە سەر لە نۆی بە وانە بنچینەییەکانی هونەری ڕیژیسیۆریدا بچێتەوە. یانیش دەبێت باوەڕ بەوە بهێنین کە ڕیتمی ئەو دوو دیمەنەی کە ئاماژەم پێکرد، کەسێک کە ڕادەکات و کەسێک کە نووستوە، هەردوو دەبێت خێرا بن، بۆچی؟ چونکە پێمان وایە کە ڕیتم لە شانۆدا هەمیشە دەبێت خێرا بێت.

تێمپۆڕیتم دەبێ لە حاڵەتی سایکۆلۆژی و باری دەروونی کارەکتەرەکاندا بگونجێ دەنا فیکرەو بابەت و میزاج و مەبەست هەموویان لەبنەوە دەگۆڕێن و هەموو مەبەستێک بە پێچەوانەوە خۆی دەنوێنێت.

بۆ نموونە ئەگەر تێمپۆی دیمەنێکی خەمبار خێرا بکەی، دەبێ بە دیمەنێکی شاد و دوور نییە ببێت بە دیمەنێکی کۆمیدی، ئەگەر شانۆگەرییەکانی چێخەف خێراتر لە تێمپۆڕیتمی خۆیان نمایش بکەین دەبن بە مۆزیکاڵ.

ئەو شانۆگەرییانەی کە درێژن، ئەگەر لە تێمپۆ ڕیتمی خۆیان بترازێن بە ڕاستی دەشێونرێن، شانۆنامەکانی شەکسپیر، یان چێخەف (یەک پەردەییەکانی لێ بترازێت) بە ڕیتمی خۆیان نزیکەی سێ سەعات دەخایەنن، ئەمە بۆ جەمهووری وڵاتانی پێشکەوتوو گەلێ ئاساییە، بەڵام نەک بۆ هەموو وڵاتێک.

### مۆسیقاو وێنەی فۆرمەکانی پلاستیکا

ئەگەر مۆسیقا بە گوێرەی بۆچوونی ستانیسلاڤسکی لە هەست و نەست و باری دەروونییەوە سەرچاوە بگرێت، دەسا لای مییر هۆڵد سەرانسەری فۆرمەکانی سەر شانۆکە دەگرێتەوە، لە سەرووی هەمووانەوە، پێکهاتەی فۆرمە پلاستیکییەکانی جەستەی ئەکتەر و پێکهاتەکانی بینین. بەو مانایەی کە پێکهاتە پلاستیکییەکان لە چوارچێوەی ڕیتمدا بینا دەکرێن. بێگومان هەموو سیستێمی بیۆمیکانیکی مییرهۆڵد لەسەر ڕیتمی ئەکتەر و ڕاهێنان و جۆشکردنی بە هەستی زەمەن پێکهاتووە، ئەمەش بوارێکی فراوانە و ڕیژیسێر دەتوانێ سوودێکی بێ ئەندازەی لێ وەربگرێت.

### مۆسیقای کاریگەریی

مۆسیقا وەکو ئامرازی کاریگەریی لە بەرجەستەکردنی وێنەی شانۆییدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە ڕادەیەکی ئەوتۆ پەرە دەستێنێت، کە زۆربەی شانۆکانی جیهان بە زەحمەت فریای تاقیکردنەوەی دەکەون، ئەم گەشەکردنە ئەوەندە خێرا ڕوو دەدات تەنانەت شانۆکارانی ئەورووپا خەریکە ئەوە لە یاد دەکەن کە تەنیا شەست ساڵ بەر لە ئێستا بۆ بەدیهێنانی دەنگی باران فاسۆلیا و نۆکی وشکیان لەناو قووتوودا بەکاردەهێنا، بۆ دەنگی پێی ئەسپیش گوێزی هیندی وشکیان بەکاردەهێنا، هەروەها بۆ دروستکردنی دەنگی باوبۆران ئامێرێکی ساکار بەکاردەهێنرا، کە بریتی بوو لە چەند چەرداخێکی قوماش کە دەیانسوڕاند دەنگێکی دەدایەوە وەکو دەنگی باوبۆران بوو. ئێستاش کام دەنگت بوێت دەکرێ بە شێوەیەکی بەرجەستەکراو (مجسم) و بە تۆنی جیا جیا و بە پرۆگرام کراوی و بە ئاسانی بەدەست بهێنیت.

باشترین نموونەی پێشکەوتنی خێرای تەکنۆلۆژیای مۆسیقا وەکو ئامرازێکی کاریگەرانەی دیمەنی شانۆیی، لە شانۆی مۆزیکاڵدا دەبیستی، کە دوا مۆدێلی تەکنیکی مۆسیقای تێدا بەکاردەهێنرێت. ئەمەش بۆ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی ئەم بوارە دەگەڕێتەوە. ڕیژیسۆر چەند لەم بوارە شارەزابێت، ئەوەندە کارەکانی بە ئاسانی مەیسەر دەبن.

دەزانم گەلێک ڕیژیسۆر هەن بە ناوهێنانی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دەشڵەژێن و ترسیان دەکەوێتە بەر، مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە، لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیادا یەکسەر بیر لە نموونەی شانۆکانی ویست ئێند و برۆدوای و شانۆ گەورەکانی ئەورووپا بکەیتەوە و ئیدی ئەوە بکەیت بە بیانوو کە مۆدێلی وا مەحاڵە. ئەوە ڕاستە، ئەو مۆدێلە گرانبەهایە نەک بۆ تۆ، بگرە بۆ گەلێ شانۆی ئەورووپاییش مەحاڵە، بەڵام ئێستا و لەم دەورانەدا کارەکان گەلێ ئاسان کراونەتەوە. دەتوانی نایابترین جۆری دەنگ و مۆسیقای کاریگەرێتی لە شێوەی کاسێت و سی دی و لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە مسۆگەر بکەی و تاقییان بکەیتەوە.

### تەکنۆلۆژیا بەڵام...

تا بۆت دەکرێت ئەوەی دەتەوێ بە نواندن و هونەری ئەکتەر جێبەجێی بکە، زمانی نواندن زمانی ڕاستەقینەی گوزارشتە لە شانۆدا. بەر لەوەی یەکسەر پەنا بەریتە بەر تەکنۆلۆژیا و ئامێری تەکنیکی شانۆ هەموو ئەگەرە

سروشتییەکانی زمان و کەرستەی شانۆ تاقی بکەوە. پاشان پەنا بەرە بەر تەکنۆلۆژیا، بەلاّم چاکتر وایە زمانی بەرجەستەکردن بە نواندن و کەرستەکانی ئەکتەر بخەیتە پێش کەرەستەکانی تەکنۆلۆژیا.

شارەزایی ڕێژیسۆر و هاوکارانی لە بواری تەکنۆلۆژیادا گەلێ گرنگە، مەرجیش نییە، تەکنۆلۆژیا هەموو بوارێکی نمایشەکەت بگرێتەوە، گەلێ لە ڕێژیسیۆرانی ئەم سەردەمە خۆیان لە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا دەپارێزن، بەلاّم لە بوارێک لە بوارەکانی نمایشەکەیاندا تەکنۆلۆژیا بەکاردێنن، یان چاکترە بڵێم کە تەکنۆلۆژیا فریایان دەکەوێت.

ڕەنگە لەم سەردەمەی ئێستاماندا کەس ئەوەندەی برووک و باربا خۆیان لە دەستکەوتەکانی تەکنۆلۆژیا نەپاریزن، کە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن هەموو شتێک بە زمانی ڕەسەنی شانۆ و کەرستەی فۆرمە دێرینەکانی شانۆ بەرجەستە بکەن. بەلاّم ئەمەش سەد لە سەد نییە.

بۆ نموونە ساڵی پار شانۆنامەی «سیزیفی بانزی مردووە» پیتەر برووک-م لە ستۆکهۆڵمدا بینی، دەقی شانۆنامەکە بە زمانی فەرەنسی بوو، وەرگێرانی تێکستەکە لەسەر شاشەیەک بە سوێدی پیشان دەدرا، بیرمە لەوە دەکردەوە، کە ئەم تەکنیکە سادەیە چەند یارمەتیمان دەدات کە لە بەرهەمەکە تێ بگەین، هەروەها چەند یارمەتی برووک دەدات لەوەی کە بەرهەمەکانی خۆی لە چەندین وڵاتدا پێشکەش بکا، هاوکاتیش ئەم تەکنیکە چەند لە هێز و وزەی نمایشەکە کەم دەکاتەوە، بەوەی بینەران بەردەوام چاو لە شاشەکە نەترووکێنن، نمایشێک کە ڕاستەوخۆ ڕوو لە بینەران دەکات، بە تەکنیکێکی لەم چەشنە تا ڕادەیەکی باش زەرەرمەند دەبێت...

### مۆسیقا لە پرۆڤەکانتدا بەکاربهێنە

هیچ نمایشێک بە قەدەر ئەوە ناشیرین و ناخۆش نییە، کاتێک کە مۆسیقای بە شێوەیەکی خراپ تێدا جێبەجێ دەکرێ. ئەم قسەیە زۆر لە قسەیەکی گشتی و سواو دەچێ، بەلاّم ڕێژیسیۆرانی پسپۆڕ و پیشەکار لەو مەسەلەیەدا هەڵە ناکەن. تەنیا ڕێژیسیۆری ناشارەزا و کەم ئەزموون و ئارەزوومەند بایەخ بە گرنگی پراکتیزەکردنی مۆسیقا لەکاتی پرۆڤەدا نادات.

پرۆڤەی مۆسیقا فەرامۆش مەکە، بۆ ئەو دیمەنانەی کە کاری ئەکتەر زۆر پشت بە مۆسیقا دەبەستێت، پرۆڤەی تایبەتی بۆ تەرخان بکە و کاتێکی باشی بۆ دابنێ.

ئەکتەر دەبێت بە شێنەیی و لەسەرخۆ کار لەگەڵ مۆسیقادا بکات. ئەو دیمەنانەی کە جووڵەی زۆری تێدایە و جووڵە و گۆڕانکارییەکانیش پێبەندن بە مۆسیقاوە، ئەو دیمەنانە دەبێ پرۆڤەیەکی باشیان لەسەر بکرێت. دەزانم هەندێ ڕێژیسیۆر هەن ئەو کارە بۆ دوا پرۆڤە دوا دەخەن، هەندێکیشیان لەوەش بێ باکترن، مۆسیقا بۆ یەکەم جار لە نمایشی یەکەمدا بەکار دەهێنن.

هەمیشە ئەوەت لەیاد بێ کە لێزانی و وەستایەتیت لە بەکارهێنانی مۆسیقا و جووڵەدا سەرکەوتنی نمایشەکەت مسۆگەر دەکات، چونکە هەڵە و گێلەکردن و سەهوو لە بەکارهێنانی مۆسیقادا کاریگەرییەکی خراپ دەکاتە سەر دید و دەروونی بینەر، تا ئەو ڕادەیەی کە سەرجەمی وێنەی دیمەنەکەی لا دەشێوێنێت.

### بە مۆسیقا نمایشەکەت کۆنترۆڵ دەکەیت

هێزی مۆسیقا هێزێکی لەبن نەهاتووە، نەک تەنیا ئەکتەرەکانتی پێ ڕێنمایی و کۆنترۆڵ دەکەیت، بگرە جەمهووریشی پێ کۆنترۆڵ دەکەیت و تێکەڵ بە جیهانی شانۆکەی دەکەیت و وای لێ دەکەیت لەسەر ئاستی هەست و نەستەوە بەشداری نمایشەکەت بکات. بۆ بەدیهێنانی ئەمە ئامانجە دەبێ هەرگیز بە خۆڕایی و هەڕەمەکییانە و لەسەر نەزەرییەی قیروسیا بەکاری نەهێنیت. مۆسیقا چەند کەم و بە دانسقەیی و لە جێی خۆیدا بەکار بهێنرێت، ئەوەندە هێز و سیحری لەبن نەهاتووی لە خزمەتی نمایشەکەتدا دەبێت، بە پێچەوانەشەوە چەند زۆر و بۆر و بێ مەبەست و بێ ئەرک بەکاری بهێنیت، ئەوەندە زیانی بۆ نمایشەکەت دەبێ.

### مۆسیقایەک کە خۆت چێژی لێ دەبینیت

- هەرگیز مۆسیقایەک هەڵمەبژێرە تەنیا لەبەر ئەوەی خۆت حەزت لێیەتی و چێژی لێ وەردەگریت.

- هەرگیز مۆسیقا لە شانۆدا وەکو مۆسیقا لە فیلم و تەلیڤزیۆندا بەکارمەهێنە. مۆسیقا لە هەردوو بوارەکەدا ئەرک و ڕۆڵی جیاوازییان هەیە.

- واتە مۆسیقا دامەنێ بۆ تەرجەمەی دیمەنەکانت،

ئەگــەر زۆر پێــویسـت نەبێت، باشــیش دەزانم ئەم جــۆرە بەکارهێنانە کەم جار لە شانۆدا پێویستە.
- بە کورتی مۆسیقا نابێ تەنیا لەبەر خۆشی و جوانی و مۆسیقاکە بەکاربهێنرێت، یان لەبەر ئەوەی هەر دەبێ مۆسیقا بەکاربهێنرێت.
- ئەوەش بزانە زۆر دیمەنی جـوانی نمایشـەکـەت بەبێ دەنگی و بێ مۆسیقا گەلێ جوانترە، بەلاَم بۆ ئەوە دەبێ بینای مۆسیقی نمایشەکەت مەحکەم و پتەو بێت.
- چاکتر وایە مۆسیقا دانەرێک مۆسیقا بۆ نمایشەکەت دابنێت.
- مۆسیقـای زیندوو سیحرێکی تایبـەتی خۆی هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە مۆسیقای زیندوو چاکتر لەگەڵ شـانۆدا دەگـونجـێت و نزیکتـرە لە جەوهەری نمایشـەوە. بەکارهێنانی مۆسیقـای زیندوو هەمـوو دەمێک ئاسـان و هەرزان نیـیـە، بۆیە پەنابردنە بەر مـۆسـیـقـای جیـهـانی شتێکی پەسەندە و ڕێژیسیۆرە بەناوبانگەکانیش هەر لە میـیـرهۆڵدەوە کە وەسـتـای ئەم بـوارە بووە هەر وا دەکەن، بەلاَم دەبێ زیرەکـانە و شـارەزایانە پارچە مـۆسـیـقـاکـان هەڵبـژێریت. بە کــورتی دەبێ شــارەزاییــەکی باشت لە مۆسیقـای جیـهـانیدا هەبێت، بەتایبەتی لە کلاسیکدا. ئەوەشت لەبیر نەچێت کە وەدەسـتـهێنانی ئەو شارەزاییە لەم سەردەمەی ئێستاماندا گەلێک ئاسانە.
- با پسـپـۆڕێکی مـۆسـیـقـا لە مـۆسـیـقـا هەڵبـژاردندا یارمەتیت بدات، مۆسیقاکـان هەڵبـژێرە بەلاَم تەنیا خۆت بڕیاریان لەسەر مەدە، لەم هەنگاوەدا گەلێ گرنگە گوێ لە شارەزایانی مۆسیقا بگریت و ڕاوێژیان پێ بکەیت.
- ئەمـەش دەبێت لە قـۆناغـێکی زوودا کـاری لەسـەر بکەیت و خـۆتی بۆ ئامـادە بکەیت، بە هیـچ شـێـوەیەک دوای نەخەیت بۆ دواقۆناغی پڕۆڤەکانت. لەبیرمە کاتی خــۆی ڕێژیســـیــۆرێـک، ڕۆژێـک بەر لە پیـــشـــاندانی شانۆگەرییەکە بە ئەکتەرانی گوت: هەر کەسێ مۆسیقای بیــتــهــۆڤن، مــۆزارت، چایکۆڤــسکی، یان هەریەکێ لەوانەی هەیە با سبەینێ لەگەڵ خۆیدا بیهێنێ.
- هەڵبــژاردنی مــۆســیــقــاکــەت چەندە گــرنگە، جـێبـەجـێکردنیـشی دوو ئەوەندە گـرنگە. لە ڕاسـتـیـدا کارامەیی و پیشەکاریت لە دەستڕەنگێنی و کارزانیت لە جێبەجێکردندا دەردەکەوێت. هەندێ وردە هەڵە هەن کە لەکاتی جێبەجێکردنی مۆسیقادا دەردەکەون، ئەو هەلاَنە هەرچەندە بچـووک خـۆیان دەنوێنن، بەلاَم لە ڕاسـتـیـدا گەورەن، کەس حەزی لە دواکەوتنی مۆسیقا نییە، کە حەز ناکـەیت لە جێگای نەگـونجـاودا بەکـاربێنرێت، هەروەها مـۆسیـقـای نەگـونجـاو بۆ شـوێنی نەگـونجـاو وەکـو کـەسی نەگـونجـاو بۆ شـوێنی نەگـونجـاو وایە. بەوەی دووەمـیـان دەگـوترێت گـەندەڵێ لە ژیاندا، ئەوی دووەمــیــشــیــان گـەندەڵیـیـە لەسـەر شـانۆدا. کـە لەو جۆرە هەلاَنە کـەس ناتبەخشێت و پێت دەڵێن: ڕێژیسیۆرێکی نەشارەزایت و کارامە نیت.

**ئاکام**

مۆسیقا و بینای مۆسیقایی نمایش دەکرێت وەکو ڕێزمان و خاڵبەندی نمایش لێکبدرێتەوە، ئەم ڕێزمانە سەرجەمی نمایشـەکەت کۆنـتـرۆڵ دەکات و هەڵە و کەلەبەر و بۆشایی تێدا ناهێڵێت، دەبێت بە بەشێکی زیندوو و ئۆرگانێک لە نمایشـدا، هەر لە سیـسـتـەمی هەناسـەدانی ئەکـتـەر و خاڵبـەندی تێکسـتـەوە، تا دوا لەنگەری پێوەندی نێـوان نمایش و جـەمـهـوور مـۆسـیـقـا فـاکـتـەرێکی کـاریگەرە. مۆسیقا هەر وەکو مارۆڤیتز دەڵێت: نەک تەنیا خاڵبەندی تێکسـتی ئەکـتـەر کـۆنتـرۆڵ دەکـات، بگرە مـۆسـیـقـا خاڵبەندی دیمەنەکانیش دەستنیشان دەکات. نەبوونی ئەم خـاڵبـەندییـە لەوانەیە تەنانەت کـار بکاتە سـەر هێـڵی گێڕانەوەی چیرۆکی شانۆنامەکە و ماناکان تەڵخ و لێخن بکات، لەوانەیە ئەو شـتـانە تێکەڵ بە یەکـدی بکات کـە دەبێ جودا و سـەربەخۆ بن، تێـمـپـۆیەک خاو بکاتەوە کە دەبێ خێرا بێت.

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

## حەمە ساڵحی مەلایان - شاییان

وریا ئەحمەد

**کورتەیەک دەربارەی ژیانی حەمە ساڵحی مەلایان - شاییان:**

ناوی تەواوی (ساڵح تاهیر ئەحمەد)ەو لە کۆیە بە (حەمە ساڵحی مەلایان، یان شاییان) ناسراوە، لە بنەماڵەی (جەلیلزادان)ەو لە ساڵی (١٩٢٦) لە کۆیە لە گەڕەکی (هەواوان) لەدایک بووە، تا پۆلی چواری سەرەتایی خوێندووە، لە سەرەتای لاوێتیدا لە (کانیلە) لەسەر ڕەزان چایخانەی هەبووە، ساڵی (١٩٥٠) ژنی یەکەمی خواستووە و دوای مردنی ئەو ژنەی بە نەخۆشی، ژنی دووەمی کە تا ئەمڕۆ لە ژیاندایە هێناوە، دوای پیشەی چایەچییەتی و پاش فێربوونی پیشەی بەرگدووریەتی وازی لە پیشەی یەکەمی هێناوە و ئیتر بەرگدووری کردووە، ساڵی (١٩٧٠) وازی لە بەرگدوورینیش هێناوە و دوکانی (بەزازی - کوتاڵفرۆش)ی داناوە، لە ڕێکەوتی (١٩٨٤/٧/١١) بە نەخۆشی شێرپەنجە بۆ دواجار ماڵئاوایی کردووە. (ئەو چەند زانیارییەم لە ڕێگەی کاک «هاوار»ی ئامۆزامەوە بە سوپاسەوە بەدەست گەیشت).

ڕۆژی سێ شەممەش ڕێکەوتی (٢٠٠٧/٥/٢٢) بۆ هەمان مەبەست لە هەولێر بۆ لای کاک (مەعسووم عەبدولفەتاح قادر)ی بەرگدروو کە هاوڕێی حەمە ساڵحی مەلایان بووە چووم و دەربارەی کاک حەمە ساڵح گێڕایەوەو گوتی: حەمە ساڵح کاتی خۆی هەر لە سەردەمی هەرزەکاری و لاوێتییەوە یەکجار زۆر حەزی لە شایی بوو، ئەو کاتە لە بەهاراندا لە ناو باخچەو ڕەزانی



**حەمە ساڵحی مەلایان – شاییان**

کۆیەدا، وەک (ئۆمەر خوچان) شایی دەبەسترا، دیارە ئەویش لەوانەی پێش خۆیەوە ئەو گۆرانییانە فێربووە، بەڵام کاک حەمە ساڵح کاتێک بە نان و زگ بۆ شایی داوەت دەکرا ئەوەندەی پێ خۆش بوو وەسف ناکرێت، شایانی باسە بۆ مەبەستی پارە و بەرژەوەندی خۆی گۆرانی بۆ شاییەکان نەگوتووە، بەڵکو لە دڵەوە حەزی دەکرد شایی بکات و سەرچۆپی بگرێت، سەیر ئەوە بوو ماندووبوونی نەدەزانی، ماوەیەکیش (کوێخا)ی تووتنەوانەکان بووە، مەبەستی سەرپەرشتیاری ئەو کرێکارانەی کردووە کە تووتنیان بۆ کاک ئیسماعیلی مەلایان لە (جۆگەی مەلایان – کە زەوییەکی سەر بە بنەماڵەی جەلیلزادان بووە لە ناوچەی بیتوێن)دا کردووە.

ئەم چاوپێکەوتنەی ئێستا، کۆپی ئەو چاوپێکەوتنەیە، کە لەلایەن کاکە «جەودەت تەیموور(١)»ەوە لە حەفتاکاندا ئەنجام دراوە.

کاک حەمە ساڵح گوتی: شایی سەرەکی لە وڵاتی ئێمەدا شایی (سێ پێی)یە، دەبێ لەوێوە پێدابێین، شاییەکانی دی تازە پەیدابووینە، لەلایەن هەرزەکار و قوتابی و ئەوانەوە داهاتوون، شایی بەژن و پیاو دەکرێت و شایی کوردی نەبووە بە تەنیا پیاو بیکات، بەڵکو شایی لەناو ئێمەدا هەر شایی (ڕەشبەڵەک) بووە، کەواتە یەکەم جار دەبێ لە شایی ڕەشبەڵەک پێدا بێین، شایی ڕەشبەڵەکیش دەبێ (مەحتی- مەدحی) یارێ بکەی، ئەویش گۆرانییەکی زۆر کۆنە و یەکەم گۆرانییە بۆ شایی گوتراوە.


**خزمینە گوێ و لە من بی**
**هێ براینە گوێ و لە من بی**
**بۆو دەکەم مەحتی یارێ**
**ئەورۆ گەلەک درەنگە**
**سبحەی هەتا ئێوارێ**
***  *  ***
**دەکەم مەحتێ یار بە دڵ**
**هێل و زەرد و خونچەگوڵ**
**مانگ و ڕۆژ و یارێ من**
**هەرسێک دەبن موقابیل**
**ئەگەر یار لە حدود بێ**
**بۆنێ نادا قەنەفل**
**(نموونەی ١)**

شایی (ڕەشبەڵەک- سێ پێی) ئەوەی سەرەوە بوو، کە نەختێکم بە ئاوازاوە بۆ خوێندن.

دیسان حەمە ساڵحی مەلایان گوتی: ئەگەر شایی (سێ پێی) ژنی کەوتێ، قورستر، یانیش لەسەرەخۆتر

Mehti Yarê

نموونەی ١






بەڕێوەدەچێت «مەبەستی ئەوەیە: کاتێک شایی سێ پێی، ببێتە ڕەشبەڵەک ڕیتمی شاییەکە خاودەبێتەوە».

دووەم شایی پێی دەڵێین (چەپەیی)- هۆ مینەو خانم مینە-

**هۆ مینەو خانم مینە**
**چەن چیغی ماران مینە**
**بە چەقوم بڕی مینە**
**چەن مێخی ماران مینە**
**کەوشەکەی بڕی مینە**
***  *  ***
**هۆ مینە و خانم مینە**
**مینە دەرێ باردەکەم**
**سەرێ کۆچکێ خواردەکەم**
**جێژنەی بەکوڕان تار دەکەم**
***  *  ***
**هۆ مینەو خانم مینە**
**هەی داد و بێداد مینە**
**خۆمن نەماوم مینە**
**وەک جۆگەلەی ئاومینە**
**خوێن دێ لەچاوم مینە**
***  *  ***
**هۆ مینەو خانم مینە**
**هۆ مینەو خانم خەجێ**
**خۆمن چم نەگۆ خەجێ**
**گۆتنت نەڕەنجێ خەجێ**
**(نموونەی ٢)**

ئەگەر تێبینی هەردوو نۆتەی ژمارە (١) و ژمارە (٢) بکەین یەکەمیان کە (حەمە ساڵحی مەلایان) بە شایی (سێ پێی) ناوی بردو تێکستەکەش (مەحتی یارێ) بوو، لەگەڵ نۆتەی دووەمدا کە هەر ئەو پیاوە بە شایی (چەپەیی) ناوی بردو تێکستەکەش (هۆ مینە خانم مینە) بوو! سەیری ئەودوو نۆتەیە بکەین هەمان (ڕەزم) و هەمان ژمارە (مێژوور- بار) و هەمان ئاوازە، تەنیا جیاوازییەک کە بەدی بکرێت، تێکستەکانە:

ئاوازی یەکەم (هۆ براینە گوێ و لەمن بی...تاد)

ئاوازی دووەم (هۆ مینە خانم مینە...تاد)

زووتر من وای بۆ دەچووم ئەو دوو شاییەی سەرەوە ڕەنگە دوو ئاوازی جیایان هەبێت، یان هیچ نەبێت ڕەزمەکانیان جیابن! بەڵام بە گوێرەی ئەم دوو ئاوازە بێت کە هەمان ئاواز و هەمان ڕەزمیشیان هەیە، بۆمان دەردەکەوێت، بۆ دەستنیشانکردنی جۆری شایی تێکست بڕیاردەرە.

وەک حەمە ساڵحی مەلایان باسی دەکات: لەناو شاییدا یەک (شایەر) بە تەنیا ناتوانێت شایی بەڕێوە ببات و هەمیشە لایەنی کەم دەبێت دووکەس بن، یەک گوتوویەتی ئەوی دی لێی وەرگرتۆتەوە، واتە بە نۆبە و یەک لەدوای یەک گوتوویانە.

شایی سێیەم بەناوی «ڕۆیین» و تێکستەکەشی (منجۆلیم):

**منجۆلیم منجۆلیە منجۆلیم لێرەو لەوێ**
**بالیفت کورکی کەوێ تۆ لە کوێ دەنوی شەوێ**
**هەتا ئەمنیش بێمە وێ**
**منجۆلیم ناو گەنمی فنجانێ دەست حاکمی**
**منجۆلیم قایی قایی ڕامکێشا بن عەبایی**
**ماچم کرد بە خۆڕایی**
***  *  ***

نموونەی ٣




**منجۆلیم منجۆلیە منجۆلیم ئایشێ شێخی**
**ئێواران جێی ڕادێخی سەر برند دەکا پیاوان دێخی**

***   *   ***

**منجۆلیم منجۆلیە**
**منجۆلیم لایی لایە**
**دوورە ماریان بۆم**
**شەو بۆم نایە**
**(نموونەی ٣)**

شـــایی چوارم شـــایی (ئایشـــۆکـــێم) ئەوەش هی نـاو (فەقێ)یانە:

**ئایشۆکێم ئایشێ وەیشێ وەی دەلالێم ئایشێ وەیشێ**
**ورد ورد دەڕوا لە حەوشێ نارچەی زێڕی لە کەوشێ**
**ئایشۆکێم ئایشێ وەیشێ**

***   *   ***

**ئایشێم دەچتە بیتوێنێ توتنی بۆندار دەچێنێ**
**ئایشۆکێم ئایشێ وەیشێ**

***   *   ***

**ئایشێم کیژە مەلایە ماریان لێرە نەمایە**
**کـــاغـــەزی بۆ دەنووسم ئایشێ**
**گەییە بەغدایە**
**ئایشۆکێم ئایشێ وەیشێ**

***   *   ***

**هەروا دەڕوا لۆ قۆنگرێ**
**مشکی سەری گرێ گرێ**
**دوعادەکەم دایکی بمرێ**
**بەشکو یار بەمن دەبرێ**

***   *   ***

**هەروا دەڕوا بەناو دێدا**
**سۆلی سابلاغی لەپێدا**

**دایکت کوێرێ تۆی بەکێدا**

حـەمـە سـالّحی مـەلایان گوتی: لەکۆیە دووکەس هەبوون زۆرباش گـۆرانی ئەو شـاییـەی (ئایشـۆکێ)یان دەگـوت (مـەلا فـەتاحی- مـەحکەمـەی) و فـەقی سـەعـیـد- کـرێکاری دائیـرەی زراعـەی کـۆیە بوو) ئەوانە زۆرچاکیان دەگۆت.

**(نموونەی ٤)**

شایی پێنجەم کە (هەڵپەڕۆک)ی پێ دەڵێن(٢):

**وەی وەی وەی وەی**
**وەی وەی وەی**
**گەیە کیژی پیاوەکەی**
**لەعاردیم دا گۆتی وەی**
**ماچم کرد گۆتی ئۆخەی**

***   *   ***

**وەی وەی وەی وەی**
**وەی وەی وەی**
**یارم دەرێ هۆوەتا**
**لە بۆم بانگ کەن داوەتا**
**هەی داوەتێ داوەتێ**
**هەی داوەتێ داوەتێ**
**هەی داوەتێ دەغەمری**
**چەفیە و دووبارە و هەوری**
**کۆچکی لێنا پشدەری**

نموونەی ٤






* * *
لەکێم دی برا لەکێم دی؟
لە شینکی نۆغەرانێ
گەوارەکی داهێنا
دای لە تەزرە و بارانێ
دەیدا لە قولنگی پۆڕێ
لەشابسکی حەیرانێ
بابی لەیلام کردە جوو
دامنا لەسەر خمخانێ
ڕۆژێ حەفت جاری لێدەن
ئەو حەفت دارەش هی چی بوو
بەرتیلی چاو جوانێ
* * *
لەکێم دی برا لەکێم دی؟
لەکێم دی برالەکێم دی؟
یار لە محاری کۆیێ
یار لە پەرێزە جۆیێ
سەری کۆڵمی سووتابوو
لەبەرهەرمی مەڵۆیێ
زولفانی هاتبوونە خوار
بەسەر بژانگ و برۆیێ
دەڵێی عەسکەری کوردە
دەچنە قشلەکەی کۆیێ
* * *
دوو ڕەشماڵی ڕەشکۆکە    لە دۆڵەکیان هەڵدابوو
کیژێکی باڵابەرز    لە دەرکەی ڕاوەستابوو
هاتم بگەم بەمورادم    زار مەمک بەڕەڵڵابوو
ویستم دوو ماچی لێکەم    قیامەتم لێڕابوو
(نموونەی ٥)


**تێبینی:**

سێ کۆپلەی دوایی تێکستی ئەو گۆرانی شاییەی (هەڵپەڕۆکەم) لە باوکم (ئەحمەدی حەمە مەلا) ئەوەش سەردەمی منداڵیم زۆرجاران بیستوومە گوتوویەتی، شایانی باسە ئەو هۆنراوەیە گەلێک لەوە درێژتربوو، بەڵام مخابن من هەر ئەوەندەم بیرماوە.

(حەمە ساڵحی مەلایان- شاییان) گوتی: مامۆستا گیان من ماوەی دە ساڵ زیاترە لەبەر تازیەی خزم و ئازیزان نەچوومەتە ناو شاییان! من لە دنیادا جگە لە دایکم تاقە خوشکێکم هەبوو (ژنی سابیری مەلایان بوو) ناوی (مونیرە) بوو خۆی و کوڕە تاقانە تەمەن دوو ساڵانەکەی (شوان) کە برای (٤) خوشکان بوو، ئەویش لە ڕۆژێکی ساڵی ١٩٦٣دا کوژرا. ئەو ساڵی حەمە ساڵحی مەلایان باسی دەکات، وەک ئەمڕۆ لەبەرچاومە، باوکم لەگەڵ زۆربەی فەرمانبەرانی کۆیە لەناو سەرای کۆیە زیندانی کرابوون، (تەها شەکرچی- ئامیرفەوجی کۆیە بوو) قەتل و عامی خەڵکی کۆیەی دەست پێکردبوو، بەعسیە فاشیەکان و حەرەسی بەناو قەومی، لەکۆیە بە دەیان کەسی بێ تاوانیان بە پشتێنەکانی

Şayi Suskeyi

نموونەی ٦




خــۆیان، لە مــەیدانی خــواریٚ لەکــۆیە، لە دینگەی دووکانەکانیـان گرێدان و گوللە بارانیـان کـردن، هەر بۆ نموونە: ئۆمەر و شەفیق و سولەیمانی حەمە قاوەچی، کە هەرسـێکیــان چایەچی بوون، یووسـفی بەرگـدروو لە دیانەکانی کۆیە بـوو، حەمیـدی دارتاش، هەر هەمان ئەو ڕۆژەی ئەو شەهیدانەیان گوللەباران کرد، خوشکی حەمە ساڵحی مەلایانیشیان لە حەوشی ماڵەکەی خۆیاندا، بەر گوللەداو نەک هەر خۆی بەڵکو کۆرپەکەی ناو زگیشیان شەهید کرد.

شایی شەشەم (سووسکەیی):

**حەیفم بۆ کەندێناوەی**
**ئەو ساری نەهاتییە**
**دەغڵودان بەرەڵلا بوو**
**کارو بەرخیان بەردانیٚ**
**وەرە یاریٚ با بڕۆین**
**بچینە کن سەیدەحمەدی**
**ماری لە عەللاغەیری**
**ئەو مەسرەتیم بۆ دەکا**
**مەسرەتی من گرانە**
**خزمینە یاریٚ من بوو**
**دوێنێم چاو بەیاریٚ کەوت**
**هەرچەند دەکەم لە یاریٚ**
**دەنۆڕمە ئێواریٚ**
**ئەو ئێوارەی بەژینی**

**دەچمە هەیبەسوڵتانی**
**زەینیٚ خۆم بەردەداوە**
**دوو ڕەشماریٚ ڕەشکۆکە**
**لە دەشتەکیان هەردابوو**
**دوو کیژی گوارە زێڕین**
**لە دەرکیٚ ڕاوەستابوون**
**دەستم لە بۆزییٚ برد**
**سنجاق تێدا نەمابوو**
**هاتم بگەم بە مرادم**
**قیامەتم لێڕابوو**
**کاکە سەریٚ من دێشیٚ**
**دەردیٚ لەدرم بە برینە**
**دەچمە جۆگەی باداوان**
**لە من بە قورینگ و سینە**
**بانگی کۆنە یارێم کرد**
**ئەو تفەنگەم لۆ بینە**
**لە سێبەریٚ دانیشتم**
**کە پرۆکەو شانەشینە**
**کاکە سەریٚ من دێشیٚ**
**هیٚ برا سەریٚ من دێشیٚ**
**دەردیٚ لە درم بە برینە**
**ڕۆژەکی لە ڕۆژانە**
**دەچمە ماری لەیلاییٚ**
**داک و کیژ دانیشتینە**
**مەحتی یاریٚ منیان کرد**

نموونەی ٧




**پیرەژنێکی زۆر حەکار**
**دانیشت لەبەر هەیوانێ**
**زەمبی من و یارێ دەکرد**
**پیرێژن کۆست کەوی**
**خانیت بەسەر داکەوی**
**هەش و مشکی قۆتەرێ**
**بەسەر پیرێژنان گەڕێ**
**(نموونەی ٦)**

**تێبینی:**

ئەگەر سەیری نۆتەی هەردوو شایی ژمارە پێنج (هەڵپەڕۆک) و ژمارە شەش (سووسکەیی) بکەین، هەمان ئەو تێبینییەی لە شاییەکانی ژمارە (یەک) و (دوو)دا دەستنیشانمان کردن، لێرانەشدا بەدی دەکرێن، مەبەستم شایی ژمارە پێنج (هەڵپەڕۆک) لەگەڵ شایی ژمارە شەشدا واتە (سووسکەیی) لە ڕووی (ڕەزم) و (ئاواز) و مەقام و گوتنیشدا، جیاوازییەکی زۆر بەدی ناکەین، چونکە لای زۆربەی ئەو ئاوازدانەرو موزیژەنانەی کاریان لە بواری فۆلکلۆردا کردووە، ئاشکرایە گوتنی هەمان ئاوازی فۆلکلۆری، نەک لەلایەن دووکەسی جیادا، بگرە هەر ئەو کەسە ئەگەر لەکاتی جیاجیادا هەمان ئاواز دووبارە بکاتەوە، جیاوازی لە میانی گوتنەکانی ئەو کەسە بۆ هەمان گۆرانی بەدی دەکەین! کەواتە حەمە ساڵحی مەلایان بۆ دوو شایی جیا هەمان ئاوازی دووبارە گوتووە، بەڵام ئەوەی نابێت لەبیرمان بچێت بە (تێکست)ی جیا گوتوونی.

حەمە ساڵحی مەلایان گوتی: «شایی (شێخانی) ئسولی ئێمە نەبووە، شێخانی تازە پەیدا بووە! ئەو شاییانەی سەرەوە هی ناوچەی (کۆیە) و دەوروبەریەتی، شایی ناوچەی (بیتوێن) ئەگەر لەگەڵ هی ناوچەی کۆیەدا بەراوردکەین، شایی ناوچەی بیتوێن لە هی ئێرە گەرمترە! ئەوەندە هەیە ئەوان، واتە خەڵکی ناوچەی بیتوێن تەنیا یەک جۆر شایی دەزانن و ئەوانەی لێرەدا باسمان کردن ئەوان نایزانن».

ئەو شاییەی ناوچەی بیتوێنیش، کە دەڵێن (تۆز لە قوڕێ هەڵناستێ)، بەڵام ئەوان لەو شاییەدا هەڵیان ستاندووە.

شایی (هەڵپەڕین)ی ناوچەی بیتوێن:

**قەسەم بەو مانگەی داویە لە ئاوێ**
**دۆستی بەدرێ دەراری ناوێ**
**سیتەک وێران بێ ئاوی لە قۆرە (قووڵ)**

بیتوین ئاوا بێ جێی کیژو کوڕە
قسەم بەو مانگەی خەرمانەی داوە
ئێستا مەیلی تۆم بەکەس نەداوە
کۆڵانی مەرگێم چەندە خۆش دەوێ
چونکە پێی دادێن شل و مل شەوێ
دەستیان لە مەدەن دەنا دەکەوێ
(نموونەی ٧)


مەسەلانەم گوتی: من چاو پێکەوتنێکم لەگەڵ ئەو پیاوەدا، لە حەفتاکان ئەنجام داوە، کۆپی ئەو چاوپێکەوتنەت پێ دەدەم، هەرواش بوو، بۆیە لێرەدا مافی خۆیەتی لە دڵەوە سوپاسی بکەم، شایانی باسە کاتێک من لە (هۆڵەندا) بووم، ئەو پیاوە دیسان بە سوپاسەوە، زیاد لە جارێک تەلەفۆنی بۆ کردووم و هەواڵی پرسیوم، ئێستا خاوەنی بڕوانامەی (دکتۆرا)یە، ئەگەر هەڵە نەبم ئەو بڕوانامەیەی لە (ڕۆژنامەگەری)دا، لە وڵاتی (سویسرا) تەواوکردووەو ئەمڕۆش هەر لەوێ ژیان بەسەردەبات.
(نموونەی ٨)

٢- ئەو ئاوازەی شایی (بیتوێن- هەڵپەڕین) ئینجا لەبەر هەج هۆیەک بێت، حەمە ساڵحی مەلایان لە کاتی گوتنی ئەم گۆرانییەدا گۆڕانکاری بەسەر داهێناوە، ڕاستە هەردوو گوتن هەمان (ڕەزم) و هەمان (خێرایی- مترۆنۆم)ی هەیە، بەڵام لە ڕووی مەقامەوە سەرەتا وەک نۆتەی یەکەمی (هەڵپەڕین) و لە ناوەڕاستی گۆرانییەکەشدا گۆڕانکاری وەک نۆتەی (هەڵپەڕین- ٢)ی بەسەردا دێت.

پەراوێز:

١- (جەودەت تەیموور) لە حەفتاکاندا ئەو چاوپێکەوتنەی کردبوو، لەبەر ئەوەی (حەمە ساڵحی مەلایان) یادی بەخێر، زوو کۆچی کرد و من فریای ئەوە نەکەوتم چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجام بدەم، کاکە جەودەت کە ئەو کاتە لە هەولێر ئەکتەرێکی باش بوو، کورد پەروەریش بوو، ئێمە من و کاکە جەودەت لە یەکتری نزیک بووین، کاتێک زانی منیش خەریکی بەدواداگەڕانی ئەو

نموونەی ٨



# ئەو ئافرەتانەی دەڤەری هەورامان کە لە کۆنەوە گۆرانییان چڕیوە

دارا محەمەد عوسمان هەورامانی
(سلێمانی)

(١ - ٢)

لە زۆر وتارمدا باسی جۆراوجۆری هونەریم کردووە، زۆر هەنگاوی بەجێیم دیاری کردووە کە وردو لەسەرخۆ نەوەکانی داهاتوو بەسەریاندا هاتوچۆ بکەن، هەندێ جار ئاماژەم بە ڕۆڵی ئافرەتی هەورامان داوە کە زۆرجار شان بە شانی پیاو لە باخ و باخاتدا بەیەکسانی کاریان کردووە، هەر لە دەڤەری هەوراماندا ئافرەت کاتێک دەچێت بۆ گزی بارەکڵەدان لەکاتی پێگەیشتنی بەری توودا کە بنی دارەکانیان پاک دەکردەوە، نەرم و هێمن بە دەنگەتیژەکەیان گۆرانی جۆراوجۆریان چڕیوە. ڕۆژێک نەبووە کێشە و ئاژاوەیەک لەو گەلکارییەدا ڕووی دابێت، ئەمەش نیشانەی پێشکەوتنی هەورامان دیاری دەکات. چەندین کتێب و نامیلکەم لەسەر میوزیک خوێندووەتەوە، زۆر زۆر بە کەمی باسی ئافرەتی گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنیان کردووە. من گلەیی لە کەس ناکەم، چونکە تائێستا ڕەخنەگری مۆسیقاییمان نییە، یان زۆر باسی هۆزان و بەشەکانی دی ئەدەب و هونەر دەکرێت، بەڵام کەم ئاوڕ لە بواری مۆسیقا دەدرێتەوە. ئافرەت هەر بۆ ئەوە نەکراوە، هەر ئیشی ماڵی پێ بکرێت و جلوبەرگ بۆ پیاوەکەی ئوتوو بکات، یان ئیشی گرانی پێ بکرێت، دیارە بەم کارەش هەنگاو بەرەو شارستانیەت نانرێت. ئەگەر ژن و پیاو لە مافدا یەکسان نەبن، واتە ئەوەی بۆ پیاو ڕەوایە بۆ ئافرەتیش ڕەوابێ، واتە تەرازوویەک هەبێت لاسەنگ نەوەستێت، سەنگی پیاو قورس و سەنگی ئافرەتیش بە ئاسمانەوە.

ئەو لایە لایەی کە ئەوالێ بۆ منداڵە ساواکەی دەیکات، ئەو ئاوازو مۆسیقا بە سۆزەی بۆ ئەو جگەرگۆشەیە، لای لایەی دایک ئارامی و حەوانەوە بەمنداڵ دەدات. لە هەوراماندا ڕێی ئازادی لە ئافرەت نەگیراوە، واتە زۆرەملێ نەبووە، بە ئارەزووی خۆی

بەشێوازی ژیاری توانیویەتی ئارامی گۆشەنیگای هونەری خۆی پەرەپێ بدات. یەکێک لەو ئافرەتە ناودارانە کە ئێستاش هەرماوە لە ساڵی ١٩١١ لە گوندی کێمنە هاتووەتە دنیاوە، دایکی کاک ئوسمان کێمنەییە و ناوی (مەریەم خان)ە، هەموو گۆرانی و سیاچەمانەکانی هەورامانی بەجوانی چڕیوە، بە تایبەتی گۆرانی لایەلایەی منداڵان، هەر کاتێ گۆرانی وتبێ، نەک مرۆڤ، باڵندەش وەستاوە. ئەو ئافرەتانەی کە هامڕای ئەم هونەرمەندە بەرزەن ئەمانەن: (زێبا مەحموود) کێمنەیی لەگۆرانی دەربڕیدا دەستێکی باڵای هەبووە، (بەیزا کەریم جەمیل) ئەم ئافرەتە ناودارە لە گۆرانی لاواندنەوە، واتە گۆرانی چەمەری بە هەردوو شێوەکەیەوە فرە سەرکەوتوو بووە، (حەیران محەمەد کێمنەیی) ئەم ئافرەتە ناودارە خوشکی لالۆ شەفیع کێمنەییە، هەموویان لەکایەی گۆرانی وتندا فرە سەرکەوتوو بوون، بەتایبەتی ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە. ئەو ئاوازە بەرزە چڕانە بە هەموو هونەرمەندێک نەوتراوە.

ئەو هونەرمەندانەی سەرەوە کە ناوم هێنان، سیاچەمانەی هۆزانی بیست بڕگەیی گاتاکانیان فرە بەزەریفی هێناوەتە کایەوە. لە مێژووی هەوراماندا دەڵێت(١): «مانەوەی سێ گرێ لە پشتوێنی پیاودا و لە پێشی پێشەوەی ئەوکەسانەدا کە پشتوێن دەبەستن، یاخود مانەوەی ئاوازی جۆر بە جۆری سیاچەمانە، کە لە دەم و چەرخێکی دێریندا، هەر جۆرێ لەو جۆرانە بە بۆنەیەکەوە و لە کاتی جێبەجێ کردنی هەڵسوکەوت باو و برەوی دینیدا بەکارهێنراون و ڕواڵەتێکی تایبەتیان هەبووە».. ئەو دابونەریتانە کە لە هەورامانی دەلالدا ماون، بەڵگەی ئەوەن کە هەورامان جێگە و سەرهەڵدانی بیروهۆشی ئازادی مرۆیی بووە. ئەویش بەهۆی ئەو دینە پیرۆزانە کە لەو دەڤەرەدا پێش دینی ئیسلام سەریان هەڵداوە، ئەوەش دەسەلمێنێ کە مافی مرۆڤی تێدا پارێزراوە، بۆیە ئافرەتانیش توانیویانە ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە بەدەنگی ناسک و زوڵاڵیان بچڕن، لەکاتی بۆنەکاندا بە کوڕ و کچ و پیاو و پیرو لاو و گەنج و ئافرەتانەوە زەماوەندیان سازداوە. لە مێژووی هەوراماندا ل٧ دەڵێت(٢): «لەکاتی ئاگرکردنەوەی شەوی نەورۆزدا، هەندێ هەڵسوکەوتی وەک یاری کردن بەدەستە ئاگرو زەماوەند و ئاهەنگ گێڕان بەشێوەی بازنەیەک بە دەوری ئەو ئاگرەدا، بێگومان بیرمان دەهێنێتەوە سۆ و دەمانباتەوە بۆ جۆری هەڵسوکەوتی دێرینی باوباپیران و دێرینانمان». تا ئەم ساڵانەی دواییش ئافرەت دەنگی کپ کرابوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تاک و تەرایەک نەبێت، بەڵام لە هەوراماندا ئەو دەنگانە فرە بە زەریفی و بە ئازادی کایەی خۆیان هەبووە.

نەبوونی زۆرەملێ لە بەشوودانی ئافرەتان گەواهی باسەکەمانە، هەروەها نەبوونی ژن بە ژن دیسان بەڵگەیەکی ئاشکراو ڕۆشنە، ئەم دیاردانە لە هەوراماندا نەبوون و بوونیان نییە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ باری ژیاری کۆمەڵایەتی ئەو دەڤەرە، ئێستاش لە وڵاتی ژاپۆن، ڕێگە بە ئافرەت نادەن کە ببێتە سەرۆکی پەرلەمان، یان سەرۆکی شالیاران، بەڵام هەورامان ئەو دیاردەیەی بە نائاشتەوایی داوەتە خامە. مێژووی هەورامان ل٧٤ دەڵێت(٣): «یەکەم دراوێ بەناوی (ئاداد)ەوە دراوێکە لە دەڤەری هەورامان دۆزراوەتەوە و دیوێکی وێنەی ئافرەتێکی حاکمی بەسەرەوەیە و دیوەکەی تری بە ئەلف و بێی ئارامی نووسراوە و ناوی (ئاداد= Adad) بەدەستەوە دەدات، مێژووی لێدانی ئەم دراوە دەگەڕێتەوە بۆ دەمی ئاشکانی، یان نەختێ پتر».

ئافرەت ئەوەندە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، نەک لەگۆرانی وتندا، بگرە دراویش بەناوییەوە هەبووە. لە گۆڤار و کتێب و نامیلکەکاندا هەندێ نووسەر هەن پرسیار لە خۆیان دەکەن و دەڵێن کورد مۆسیقای نەبووە، دیارە ئەم بۆچوونانە هەڵەیەکی زۆر گەورەن. گەر مەبەستیان مۆسیقاژەن بێت، هەموو میللەتان مۆسیقاژەنی تایبەتی خۆیان هەبووە. لەگۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە(٨٢-٨٣) ل٢٦٢ مامۆستا باکووری دەڵێت(٤): «مۆسیقای کوردی لە سەرەتای سەدەی ڕابوردووەوە جۆرە نەشونمایەکی بە خۆیەوە بینی و توانی چەندین ناوی مەزنی وەکو: کاوێس ئاغاو دەروێش عەبدوڵڵا و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی..تاد» هەروەها دەڵێت(٥): «جا ئازیزان ئەمە بوو حاڵی مۆسیقای کوردی! کوا چ مۆسیقایەکمان هەبووە؟ بەڵێ لەگەڵ گۆرانی، چەند ئامێرێکی مۆسیقا هەبووە، برا عەرەبە کوێرەکان لە ئیزگەی کوردی بۆ گۆرانیبێژە کوردەکانیان لێ دەدا، بەڵام لە سەرەتای دامەزراندنی ئەو ئیزگەیە لەدوا مانگەکانی ساڵی ١٩٣٩ یەک تاکە مۆسیقاژەنی کوردی تێدا نەبووە»... زۆر جار بابەتەکانی (م. باکووری) دەخوێنمەوە گەلێک جار توانجی لاوەکی لە مۆسیقای کوردی دەدات. هەڵبەتە م. باکووری لە شێوە دیالێکتە کوردییەکاندا تەنێ یەک شێوەیان دەزانێ، ئەویش دەوروبەری دەشتی هەولێر و شێوەزاری (کرمانجی خواروو) دەگرێتەوە. نە سلێمانی نە سنەش کە

سەر بە شێوە دیالێکتی کرمانجی خواروون، شارەزایی لەوانیش نییە، من پرسیارێ لە بەڕێز (م. باکووری) دەکەم ئایا ئەو ئامێرانە کە خۆی لە هەمان لاپەڕەدا دەڵێت(٦): «حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە من شمشاڵ و دووزەلە و دەف و تەپڵ..» ئەگەرچی ئەمانە ئامێری سەرەکیێن و گرنگی میللەتی کورد بوون و شوان و گاوان و زورناژەن هەر لەکۆنەوە لەناو کورد دا هەبوون)... باشە ئەو ئامێرانە کە ناوی هێناون، ئامێری مۆسیقانین! ئاشکرایە ئەو ئامێرانە هەریەکەیان لە پەیژەی مۆسیقادا خانەبەندی تایبەتی خۆیان هەیە، یان دەڵێت: «برا عەرەبە کوێرەکان» ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کورد چاو ساغی نەبووە، بۆیە عەرەبی کوێر مۆسیقای بۆ لێداوە. ئێمە دەڵێین نەتەوەی کورد هەلی بۆ نەڕەخساوە ئەگینا دەیان هونەرمەند هەبوون بە نەژاد کورد بوون و مۆسیقاژەنی فرە زاناو لێهاتوو بوون، بەڵام کە زەمان ڕۆڵی پێ نەداون، ئەوان چی بکەن؟ هەروەها دەڵێت(٧): «زریاب-ی مۆسیقاژەنی بلیمەت، کە لەزەمانی عەباسییەکاندا و بە تایبەتی ساڵانی حوکمی هارونە ڕەشید. ئەم کابرایە ناوبانگی وەرگرتووە وەک مۆسیقاژەنێکی گەورەی عەرەب ژێی پێنجەمی بۆ عود زیاد کردووە».. دیارە لەسەردەمی ساسانییەکانیشدا (نەکیسا)ی گۆرانیبێژو عودژەن ئاهەنگی چاکی سازکردووە و لەگەڵ (باربود)دا ململانێی مۆسیقای کردووە، تۆ بڵێی ئەویش بە فارس دانرابێ.

بێگومان میللەتێک مێژووی بەدەستی خۆی نەنووسیبێ، هەزاران لار و وێر لە دیرۆکەکەی دەکرێت. من دەڵێم (نەکیسا-زریاب) هەردووکیان کورد بوون، بەڵام هەندێ جار ڕۆژگار بە چەوتی مێژوو تۆماردەکات. ئەو ئافرەتە دەنگ خۆشە کە (خاتوو نەکیسا)ی گۆرانیبێژو تەمبورژەن بووە، لەو دەورو زەمانەدا پێشبڕکێی کردبێ، ئیدی بۆچی کورد نەبێت، بۆچی لە نەژادێکی دی بەخامە بنووسرێت؟ مێژووی مۆسیقای کوردی دەڵێت(٨): «کوردناسێکی وەک کریس کۆچێرا، کە دێتە سەر باسی سیماکانی کەسایەتی سەرکردەیەکی وەک «سمایل خانی سمکۆ» کە بەداخ و مخابنەوە- لەگەڵ ئەوەشدا و تا ئێستاش لای دوژمنانی کورد، وەک یاخی و پیاوکوژ و سەرچڵ ناوی دێن، کەچی کاتێ کاربەدەستانی دەوڵەت- مەبەست لە دەوڵەتی ڕەزاشایە- بزووتنەوەکەیان تێک شکاندووە و ماڵەکەیان داگیرکردووە، پیانۆیەکیان لە ماڵەکەیدا دیوەتەوە! کە هەروەک کریس کۆچێرای ڕۆژنامەوان دەنووسێ (مێژوونووسان لە بابەت بوونی ئەم پیانۆیە سەریان سوڕماوە!). سەرکردەیەک مۆسیقاژەن بووبێت ئیدی چۆن ئەو میللەتە مۆسیقازانی تێدانەبووە؟ ئەدی چۆن سمایل خانی شکاک فێری ئەو ئامێرە بووە، تۆ بڵێی ئەویش لەلایەن بێگانەوە فێربووبێت، ئەگەر لەلایەن بێگانەوە فێری ئەو ئامێرە بووبێت ئیدی چۆن بزووتنەوەکەی لەناو دەبەن؟.

من نامەوێ لە بابەتەکەی م. باکووری بکۆڵمەوە، لەبەر ئەوەی باسەکە پێوەندی بەگۆرانی ئافرەتانی دەڤەری هەورامانەوە هەیە. پرسیارێک و وەڵامێک بۆ مامۆستا باکووری ئایا ئەو ئاوازەی کە لە کەنیسەی برا دیانەکاندا پێش زەنگ لێدان لێدەدرێت میراتگری کام دینە؟ بێگومان ئەو ئاوازە میراتگری دینی زەردەشتە. کەمێک ئاوڕدانەوە بۆ دیرۆکی کۆنی نەتەوەکەمان هەنگاوێکی فرەباشە، کە بگەڕێین بە شوێن میراتی خۆماندا. لە گۆڤاری «ڕامان»ی ژمارە ٨٢-٨٣دا ناسری ڕەزازی دەڵێت(٩): «بەشێ لە کامگاران و بەشێ لە عەندەلیبییەکان و لەگەڵ ئەردەشێر کە سەنتوور لێدەدا زۆر خۆی پێوە هەڵدەکێشێ، زۆرتر کورد خاوەنیەتی. بە بەڵگەی ئەوەی ساسانییەکان لەدوو عەشیرەتی شوانکارە و بازرگان، یان باز ڕەنگین بوون کە لەو سەردەمەدا ئەمانە کورد بوون، حکومەتی ئەوکاتەی ئێرانیان بەدەست بووە و دوو پایتەختیان هەبووە (تیمسون و بێستون) لەو سەردەمەدا زۆر شت ڕوون کراوەتەوە کە هی کوردە، بۆ نموونە نەکیسا یەکێک لەبەیت بێژەکانی ئەو سەردەمە بووە». من دەڵێم نەکیسای کورد لەو سەردەمەدا بەشێوە دیالێکتی هەورامانی دواوە، کە میراتگری دینی زەردەشتی و ئاڤێستای پیرۆز بوو، بەڵگەش بۆ بابەتەکەمان (خانای قوباد)ییە لە شیرین و خوسرەودا دەفەرموویێت(١٠):

**(نیکیسای لاڵ سەنج، دانای مووشکاو**
**نە پەردەی ماهور نەوای کونج کاو**
**دانەی چیهری چەنگ شۆخ پەنجە و دەست**
**واناش ئەی غەزەڵ مەستانە مەست مەست**
**واتش ئەرێ هەی بینایی چەمم**
**جەلا بەخش ڕەنگ ئاینەی زەینم**
**هەر تا زیندە نان گیانم نەڕاتەن**
**تووتیای دیدەم غوبار پاتەن**
**جەزەوق و باڵات بەرزەن دەماغم**
**ڕەوشەنەن جەشەوق حوسنت چراغم**
**ئیمانم ئیمشەو ئەرێێت زەروورەن**

**بنوشی بە شاد عەیشت مەنزوورەن**
**مەنۆشە ئەو مەی ناسازگارەن**
**بادەی مەیگۆن لەعل من خۆش گوارەن**
**بۆ بنۆش بە شاد جەلەعلم ئەی مەی**
**کەسێ جەشاهان شەراب نۆش کەی**
**پەی تەور جەبادەی گوار گوڵ نام**
**نەنۆشان هەرگیز نەکەردەن نەجام**
**ئەی بادە وەشەن تا بنۆشی تۆ**
**شیرین بوا چۆن نۆش گیانت بۆ**
**خوسرەو، بەو دانا ئاگای کشت خاڵەن**
**شیرینی عومرم وەبێ تۆ تاڵەن**
**بەگیانت سەو گەند هامراز دەردم**
**من ئەی گومانە جەتۆ نەبەردم**
**وەختەن بار دەرد بکەرۆپەستم**
**جەرای مەرحەمەت بگیرە دەستم**

هەڵبەتە ئەو هۆزانە کە نەکیسای گۆرانیبێژ بەشێوە دیالێکتی هەورامان و بە ئاوازی بەرزە چڕی جۆراوجۆری لای لایە و سیاچەمانەی زەردەشت وتبێتی، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەدەب و هونەر لەسەردەمی ساسانییەکاندا تەنیا بەشێوەی هەورامانی بووە، واش دەردەکەوێت کە نەکیساش هەر خەڵکی هەورامان بووبێت، بۆیە خانای شیرین زمان و دوورشوناس بەو هۆزان و ئاواز و دەنگە بەرزە ناسینی نەکیسا لە شیرین و خوسرەوەکەیدا دەنگ دەداتەوە، ئەو نەکیسایە لەو زەمانەدا گۆرانی بەشێوەی کوردی ڕەسەن وتبێ، بەڵگەی ئەوەیە هۆزان بەشێوەی هەورامی بووە و مۆسیقاش تەنبوور بووە کە باربوود ژەنیویەتی. مەجلیس گەرم بووە سەراجەم جەم بووە، ڕۆڵی ئافرەت کاریگەر بووە، هونەر سەرمەشق و پێشەنگ بووە، چرای دیوەخانانی شەوچرای دیواخانەکەم، گوڵ وەنەوشەی باخانەکەم، لە ئامێزی (نەکیسا)ی هونەرمەنددا بووە، لە قەسری شیرین لەزەینەڵە کۆسەی دەوروبەری قەسر، لە گەرمەی زەماوەنددا (نەکیسا) دەیان ئاوازی هۆزانی برگەیی فەرمووە، ئەو دەنگە خۆشە بووە کە توانیویەتی لەو سەردەمەدا ڕاژەی هونەری کوردی ڕەسەن بکات. تۆ بڵێی پێش (نەکیسا)ی هونەرمەند، هونەرمەندی دی هەبووبن؟ ئەمە وەڵامێکی قووڵی دەوێت. جاران دەیان گوت لە بابا تاهیری عوریان بەولاوە هۆزانڤانمان نەبووە، یان هونەر و فەرهەنگی نووسراومان نەبووە. ئێستا لاپەڕەکانی مێژوو توێ توێ دەکەینەوە، تەماشا دەکەین پێش (باباتاهیر) (باڵوڵی ماهی) و دەیان هۆزانڤانی دی دەڤەری هەورامان هەبوون. ئەوە کتێبی پیرۆزی ئاڤێستاو بەشە سەرەکییەکانی، لەو بەشانەش سروودی «گاتا–کان» گەواهی بابەتەکەن.

دیسان بۆ بۆچوونەکەی م. باکووری، بۆ ئەوەی باش بزانێت کە (زریان) کوردە و ژێی پێنجەمی لە ئامێری عووددا داهێناوە. بڕوانە مێژووی مۆسیقای کورد ل٣٠ لەم بارەیەوە (ئەی، ئەی ئوربیلی) کوردناس دەڵێت(١١): «کورد، زۆر لە ڕۆڵەکانی خۆی لەدەست داوە و لێی بزربوون، لە شاعیر و مۆسیقازان و پێشەوای مەزن، کە ناویان مێژووی گەلانی دیکەی ڕازاندووەتەوە»... بڕوانە لە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ئەو بوارەی کە بۆ گەلانی جیهان ڕەخساوە، بۆ نەتەوەی ئێمە نەلواوە، یان ئەوانەی کە لەسەر کوردیان نووسیوە، زۆربەیان دۆستی کورد نەبوون و بەتاک و تەرا بەلای فەرهەنگ و هونەری کوردیدا چوون، لەبەر ئەوە گەڕان بەشوێن ئەو سەرچاوە و هەگبانەدا مرۆڤی دڵسۆزی دەوێت، تا بەشێوازی ڕەسەن و بەماکی خۆرسکی توێژینەوە و کایەی باشی بۆ بکرێت. هەروەها لەو داستان و چیرۆک و هۆزانانەدا ئافرەتی هەورامان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە بەرەو پێش بردنی ئەو هونەرو ئاوازەدا. هەر ئەوەش وای کردووە ئەو ئافرەتە گۆرانیبێژانە شان بەشانی هونەرمەندانی پیاو پێشبڕکێی هونەری بەرز ئەنجام بدەن، ئەوان هۆزانیان بە پیاواندا هەڵداوە و پیاوانیش بە ئافرەتاندا، وەلێ بەشێوەی هونەری و ڕەوانبێژی.

لە «لەیلێ و مەجنوون» لێکۆڵینەوەی محەمەد ئەمین هەورامانی چاپی چاپخانەی (دار الوطنیة) ساڵی ١٩٨٥دا دەبێژێ(١٢): «ئافرەتی کورد بە تایبەتی دنیا دیدەکانیان لەکاتی هاویندا، منداڵەکانیان بەڕازی (لەیلێ و مەجنوون) و چەندان ڕازی دیکەی فۆلکلۆری دەنوێنن، دایک و منداڵ لەسەر جێگا پاڵ دەکەون ڕوو دەکەنە ئاسمان و تەماشای ئەستێرەکان دەکەن. دایک ئاماژە بۆ دوو ئەستێرە دەکات، کە یەکێکیان زۆر (ڕۆشن)ە و ئەویش گوایە (لەیلێ)یە و ئەوی دیکەیان (کزە) گوایە ئەویش (قەیس)ە. ئەوجا دایک بە هۆرەیەکی زوڵاڵ و ئاوازەوە بۆیان دەکرووزێتەوە و دەڵێ: (لەیلێ و مەجنوون دوو شەیدای یەکترین و خوای گەورە وای کردووە، کە هەر بۆ یەک حەڵاڵ بن و لەدنیاشدا زوڵمیان لێ کراو بۆ یەکتر ڕێک نەکەوتن و ئەوانیش پەیمانی هەتا هەتاییان بەیەکتر داو تا بەو داخانەوە سەریان نایەوە. ئەوە خوای گەورەش ئەوانی کردووە بەدوو ئەستێرە هەتا دنیا دنیایە هەر لە ئاسماندا و ڕۆحیان ئەو

ئەستێرانەن، دەسووڕێنەوە و هەرگیز بەیەکیش ناگەن، مەگەر لەو دنیایە بەیەکتر شاد ببنەوە). ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی فۆلکلۆری خۆمان بدەینەوە، ئەوە ئەو دوو گفتوگۆیە لە هۆزانی هۆزانڤانەکانماندا بەشێوازی پەیڤین دەردەکەون، دیارە ئەمەش ئاماژەیە کە ئافرەتانی هەورامان ئازادیان فرە بۆ ڕەخساوە، بۆیە توانیویانە ئەو هۆزانانە بکەن بە ئاواز و گۆرانی و ئەوەتا سەیدای هەورامی دووەم دەفەرموویت(١٣):

**«دڵە شەیدای مەست دڵە شەیدای مەست**
**ئەر تۆ عاشقەنی شێتی شەیدای مەست**
**شەرتی بەقاوبەین «قەیس»ی (لەیل) پەرست**
**هەر تا زیندەنی تۆمازەش جە دەست**
**ئەر تۆ گەرەکتەن یاردیدەن کەری**
**هۆرگیرە شێوەی قەیس-ی عامری»**

ئەم دوو گفتوگۆیە لەنێوان دوو عەشقی خاوێن لە هەوراماندا هەبووە بەشێوەیەکی وا کە لە دابونەریت دەرنەچووە، واتە چۆن پیاو گۆرانی بەشان و باڵای خۆشەویستەکەیدا وتووە، ئە ئاواش ئافرەت ئەو هەست و سۆزەی بە ئاواز دەربڕیوە. من خۆم ئەم هۆزانانەم بە دەمی ئافرەتی هەورامان بە گۆرانی بیستووە، بەتایبەتی دەنگ خۆشەکانیان. واتە هۆزانی ئاوازی ئافرەت بۆ گۆرانی جیاوازە لەو هۆزانەی کە پیاو بۆ ئەڤیندارەکەی دەڵێت. وەک ئەم دێرە فۆلکلۆرەی کە ئافرەت بۆ خۆشەویستەکەی دەڵێت(١٤):

**(کەم بۆ کەم لوە کەم دەدژمانی**
**ئینە ساڵێوا خۆ جوابادانی)**


واتا ئەو مرۆڤە ئافرەتێکی بە ئەڤینی خۆش ویستووە، بەڵام کە ناردوویەتی بۆ داخوازی بۆی نەبووە (واتە بابڵێین شیرین بۆ فەرهاد). دیارە کەس و کاری ئافرەتەکە ڕازی نەبوون، پیاوەکەش هەر هاتوچۆی دەوروبەری ماڵی خۆشەویستەکەی بووە، ویستوویەتی چاوی بە لەیلێ بکەویت، بەڵام لەیل بە شێوەی نارازی ئەو ئاوازەی بەو هۆزانە بۆ وتووە و پێی وتووە جارێکی دی بە دەوری ماڵیاندا نەسووڕێتەوە، چونکە لە دابونەریتی ئێمەدا ئەمە پەسەند نییە، یان هەر ئەو ئافرەتە کە گۆرانی دەڵێت بە شان و باڵی خۆشەویستەکەیدا دەڵێت:(١٥)

**«ئازیزەکەم گیان چی دیارت نیا**
**چون جاری جاران ئاموشۆت نیا**
**مەیلی مەیل داران باوەرە وەیاد**
**زانات چێشش کەد شیرین پەی فەرهاد**
**ژەرە ژڵێن جەلان برێنا**
**کاوە ترید نا قەفەز کرێنا**

واتە ئازیز گیانەکەم بۆچی دیار نیت، بۆچی وەک جاران هاتوچۆت نییە، مەیلی جارانت بهێنەرەوە یاد، زانیت فەرهاد چی کرد بۆ شیرین، یان بە پێچەوانەوە، یان وەک کەو لەلانەی خۆم دابڕاوم، وەک کۆتر لە قەفەزدا زیندان کراوم. ئەم هۆزانە لە شەنگەبێری و مەڕ دۆشیندا ئافرەتانی هەورامان بەپێ و بەدەم تەشی ڕستن و گەلەبێری بەدەنگی ناسکی خۆیان دەیان وت. ئەوە لەو لاوە دەنگی (کنا لەیل و چەم سیاو گیان لەیل و بادە بادە و بە تۆری کرد بە تۆرای)، وەڵامیان دەدانەوە. ئەو عیشق و وەفاو ڕاستییە لە ئاوازی ئافرەتاندا بەتایبەت لە ئاوازی چەمەریدا بەدی دەکرێت. لەمێژووی مۆسیقای کوردیدا هاتووە(١٦): «چەمەری ئەو نەرێتە دێرینەیە، کە مێژووەکەی نازانرێ و لەشێوە شانۆنامەیەکی بەرجەستەدا، وەک سەمایەکی بەکۆمەڵ، کە زۆرتر لە هەڵپەرکێیەکی هێمن و خەمناک نزیکە. بە هاوکاری دەهۆڵ و سوڕنای خەمین و سروودو شیعری لاواندنەوە ئەنجام دەدرێ، بۆیە هەندێ جاریش بەو سەماو هەڵپەرکێ خەمناکە دەوترێ چەمەر چۆپی» لە هەورامانی سەرکەشی وەهارەن سەیرەن، لە هەورامانی هۆزانڤانان و لە هەورامانی سیاچەمانەی گاتاکان و لە ئاوازی خانمانی هەورامان، لە دەنگ و سەنگی ئافرەتانی پاوە و بەسۆزی (خاتوو مریەم کێمنەیی و خاتوو حەیران و خاتوو بەیزاو خاتوو زیبا) ئەمانە هەموویان لە گوندی کێمنەی هەورامانی لهۆن، بە ئاو و هەوای خاوێن و ئاوی سازگاری بە ڕەگەریان، بە نەوە ئەو هۆزەی کێمنە هەر هەموویان دەنگیان وەک شمشاڵ و قەڵوەزەی تەلانە بەرزەکانی وەردەگای هەورامان ئەو ناودارانە دەنگیان خۆش بووە. دیارە ئافرەتی گۆرانیبێژ زۆربەی ئاوازە ڕەسەنەکانیان لەبەربووە.

ئەو هۆزانانەی کە کردوویانن بە ئاواز بە هۆزانی پەنجەیی سازاندوویانە. هەروا (شەلم کوێرم ناپارێزم) گۆرانیان نەوتووە. من دەڵێم ئەو ئافرەتە گۆرانیبێژانە شێوە زمانەکەیان ئیریەن ڤاچ بووە، بۆیە ڕەسەنایەتی ئەو زمانە بە زیندوویی دەمێنێتەوە ئەوەتا محەمەد ئەمین هەورامانی ئەم نەخشەیەی سازاندووە، بەڵام لە پێشەوە کورتەیەکی شێوە درەختەکەی زمانی کوردی وەک دەڵێت(١٧): «زمانی مادی و زمانی ئاڤێستایی یەکێکە و ئەوانەش کەوا پڕوپاگاندە دەکەن، کە زمانی مادی شوێنەواری نەماوە، جێگای باوەڕی هیچ

پشکێنەرێکی ڕاستەقینە نین و تەنانەت جێگای باوەڕی ئەو فارسانەش (خۆیان) نییە کە دەیانەوێ لە هەموو ڕوویەکەوە شوێنەواری ڕۆشنبیری کوردی ببڕنەوە، ئەمەش ڕەچەڵەکی زمانی کوردی ئەمڕۆیە، مێژووی هەورامان گوڵزاری هەورامان محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێت(١٨):




ئەمە ئەو درەختەی زمانی کوردییە، کە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی گرێ داوە، کۆنترینیان (ڤاچ، ڤاچە) کە ڕەسەنایەتی ئاڤێستا دیاری دەکات و شێوەی دینی (هەورامانی، لوڕی، لەکی،کەڵهوڕی، زەنگەنەیی) بە کۆنترین شێوە لەقەڵەم دەدات.

# شیزۆفرینیا و هونەر

شیزۆفرینیا شێوە و جۆری جیاواز دەگرێتە خۆ وەک/ (بەشێوەیەکی کوشندە بێ دەربەست و بێ باک، یان توندوتیژ و هەڵچوون و بەرووداشاخان، یان بینینی شێوە و دەنگی نامۆ کە لە ڕاستیدا بنەمایەکیان نییە).

هونەرمەندە شیزۆفرینیاییەکان لەنێو تابلۆکانیاندا ئەم خەیاڵە ئازاربەخشانەی خۆیان دەخەنەڕوو.

لەدەرەوەی تواناکانی خۆیان بێ ویستی خۆیان دەکەونە ژێر ڕێکفی خەیاڵ و فەنتازیایەکی سەیرو سەمەرەو ئاڵۆز، بەشێوەیەکی توندوتیژ هەڕەشە لەدنیای دەرەوەی خۆیان دەکەن.

بەڵام بێ ئاگا لەخۆیان زۆر بە سادەییەوە دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانی دنیای دەرەوە/ لەگەڵ خەونی ناخۆش و دنیای خەیاڵ ئامێزی ترسناک و دێوەزمەدا دەژین. خەیاڵەکانیان پڕاوپڕ دەبن لە هێمای سەیرو لەبیرۆکەی ترسناک و نارێک و شێواو.

ئەم بارە دەروونییە ئاڵۆزی و شێواوییەک بە هونەرەکەیان دەبەخشێ. کاتێک هونەرمەندێکی دەروون نەخۆش تابلۆکانی دەکێشێ، هەوڵ دەدا سکێچ و شێوازی نامۆ و دێو و درنجەکان بکێشێ. ئەم خەیاڵە نامۆ و ترسناکانە تەواوی بیروهۆشیان داگیر دەکات. بەشێوەیەکی چەپێندراوی لەناوەوەیاندا دەمێنێتەوە. لەکاتی نیگارکێشاندا بەشێوەیەکی ئاڵۆز و شاراوە بەهێمای سەیرو جیاواز دەربیان دەبڕێ، یان بە ڕەنگی نامۆو جیاواز، هەندێ جار وێنەی دەنگەکان دەکێشن. کاتێک تابلۆکانیان تەواو دەبێت هەمیشە ئەو ترس و نیگەرانییەیان هەیە/ کە تابلۆکانیان تەواوی مەبەست و ئاکامەکانیان ناپێکێ، بەڵام لە ڕاستیدا جوانترین و گەورەترین کاری هونەرییان نەخشاندووە.

---

**لە ئینگلیزییەوە: ناڵە حەسەن**
**(کەنەدا)**

زۆرجاران ئەم خەیاڵانە بەوە دەردەبڕن کە شێواز و فیگەرەکانی نێو تابلۆکانیان دەشێوێنن، یان شێوە و جەستەی مرۆڤ بەشێوەیەک دەکێشن، وەک مرۆڤی سەرەتایی و مرۆڤی نێو ئەشکەوتەکان بەشێوەیەک سەرنجڕاکێش بەرچاویان دەخەن. بۆ ئەوەی ترسناکی و ئاڵۆزی بەتابلۆکانیان ببەخشن.

فرۆید لەم بارەیەوە دەڵێ «هونەرمەندان دنیای خەیاڵ و فەنتازیا دادەهێنن بۆ دەربڕینی هەراو ژاوەژاوێک کە لەناوەوەیاندا هەیە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان و وەڵامدانەوە بە ڕاستی دنیای دەرەوەی خۆیان». کاتێک دیواری زیندان و شێتخانە و نێوەندەکانی چارەسەرکردنی دەروونی بەم جۆرە تابلۆ و وێنانە دادەپۆشن. تەنیا بۆ ئەوە نییە کە پزیشکە دەروونناسەکان وەک سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوەی گرفتەکانی نەخۆشیەکانیان و نزیک بوونەوە لێیان، بەڵکو بەشێوەیەکی کاریگەرانە بارە دەروونییەکان و هەڵچوون و ڕوانینە نامۆکانی نەخۆشییە دەروونییەکان لەنێودا دەبیننەوە..! کە ئەمەش کۆششێک و خزمەتێکی زۆر بە زانستی دەروونناسی دەکات و زۆر شتی تازە لێیانەوە فێردەبن.

هونەرمەندانی دەروون نەخۆش زۆر ساکارانە دەکەونە ژێر کاریگەری هەستە چەپێندراوەکان و بارە نەستییەکانیان و ئەم وێنانە دەکێشن..

ئەم ئاڵۆزی و ترسناکییەی لەنێو تابلۆکانیان دەبیندرێن، ئەوە ئەم خەیاڵە دێوەزمییانەیە لەنێو قووڵایی مێشکیاندا هەیە و مێشکیان بەم جۆرە خەیاڵانە دەورە دراوە.

### هێماکانی نێو کەللەسەرێک

هێرۆنیمس بۆسکس یەکێکە لە نیگارکێشە شیزۆفرینیاییەکان. لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا تابلۆی کەللەسەرێک دەکێشێ. کە بە هێمای جیاواز جیاواز دەینەخشێنێ. تەواوی ژیانی ڕابردووی و ترس و نیگەرانییەکانی خۆی بەهێمای سەیرو نامۆ لەنێو کەللەسەرەکە دەکێشێ. هونەرمەندێکی کەنەدییە، ژیانی منداڵێتی زۆر سەخت و دژوار و ناخۆش بووە تا ئاستی دڕندەیی. ئەم ئێش و ئازارانەی ژیانی منداڵێتی و بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێو خەیاڵە ترسناکەکانی ڕەنگ دەداتەوە.

بۆ نموونە پێی وادەبێت (ئەگەر پارچە گۆشتێک لە باسکی خۆی بکاتەوە هەست و بیروخەیاڵی دەگەڕێتەوە باری ئاسایی و چاک دەبێتەوە..!» لە ڕاستیدا وا دەکات. پارچەیەک گۆشت لەباسکی خۆی دەبڕێت و دەکەوێتە نەخۆشخانە. ئەوکاتە دان بەوەدادەنێ کە باری دەروونی تەواو نییە و پێویستی بەچارەسەرکردن هەیە.



ڤان کۆخ

له نەخۆشخانەی دەروونی دەمێنێتەوە لەوێدا، تابلۆیەک بەناوی (Maze) واتە- ونبوون- دەکێشێ.

یەکێک لە گرفتەکانی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە ناتوانێ «بە ئاسانی قسە بکات و ئێش و ئازارو هەستەکانی خۆی دەربڕێ».

کاتێک وێنە دەکێشێ.. لەنێو ڕەنگ و هێما و فیگەرەکاندا مەبەست و مانا و ئازارەکانی بەدەردەکەون و بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکراو بە جوانییەکی هونەری دەبیندرێن.

هەر لەنێو تابلۆی (Maze) وێنەی خۆی لەنێو کێڵگەیەک بەتەنیا کێشاوە لە پاڵ ئەمەدا تەواوی یادگارییەکان و ڕابردووی خۆی وێنەکردووە. ئەم شتانەی کاریگەرییان بەسەرییەوە هەبووە. هەر لە ژیانی سەختی منداڵێتییەوە تا عەشق و خۆشەویستی و دەسەڵات و زوڵم و ستەم و هەموو شتێک..! یەک بەیەکی هێماکانی بۆ پزیشکەکەی شی دەکردەوە و ڕاڤەی دەکرد...! پزیشکەکەی تێبینی زۆر ورد و پێویستی دەست کەوت بۆ چارەسەرکردن و تێگەیشتنی باری دەروونی سوودی زۆری لەم تابلۆیە بینی. ئەم هونەرمەندە بۆ ماوەیەک لەم نێوەندی چارەسەرکردنەدا دەمێنێتەوە، پاشان ئاسایی دەبێتەوە و دێتە دەرەوە ژن دەهێنێ و تا ئێستاش لەنیگارکێشان بەردەوامە، بەڵام تابلۆکانی ئێستا کەمتر ئاڵۆز و ترسناکن.!

### میزاجی شێتانە

هەندێک لە هونەرمەندە دەروون نەخۆشەکان.. شێوەی

میزاجی و نائاسایی وەردەگرن، واتە دەمێک تا ئەوپەڕی دڵتەنگ و نیگەران و نامۆ توندوتیژن و دەمێک تا ئەوپەڕی ئاسایی و ئارام، دڵخۆش و بەختەوەرن..!

ئەم شێوازانە بە بەراورد لەگەڵ شیزۆفرینیاوە هیچ پێوەندییەک و کاریگەرییەکیان بەڕاستی ژیانەوە نییە..».

لەدنیایەکدا دەژین تەنیا خۆیان لەم دنیایە تێ دەگەن. تەواو نقومی نێو خەیاڵی میزاجین.

بەشێوەیەکی گشتی هونەرمەندە دەروون نەخۆشەکان. ئاسانتر دەتوانن وێنە بکێشن لەوەی تا قسە بکەن.

کاتێک تابلۆکانیان دەکێشن، بەشێوەیەکی قووڵ تەعبیر لەبێ ئومێدی و ونبوون و ڕەتکردنەوە و هەست کردن بە تاوان و شەرم کردن دەکەن ڕەنگە تۆخ و تاریکەکان بەکاردەهێنین. وەک ڕەش، یان ڕەش و سووری تاریک.

خۆیان لەنێو تابلۆکاندا بە مردوویی دەبینن..! هێڵەکان بەشێوەی خەت خەتۆکەی ئاڵۆز و شێواو دەکێشن، یان سەری کەسەکان بە ماسک دادەپۆشن کە هێمایە بۆ (تێکشکانی و دڵتەنگی و نائومێدی). هەندێ جاریش تا ئەوپەڕی دڵخۆش و سەرفرازن. مەبەستەکانیان بەشێوەی شاراوە و جیاجیا دەردەبڕن. وەک ئەوە وایە کە تونێکڵەکان هەڵدەیتەوە لەژێرەوە پڕاوپڕ بێ لە هێما و مەبەستی جۆراوجۆر کە باری دەروونی و تووڕەیی و یاخی بوون و هەڵشاخان و هەست کردن بە تاوان و تەنیایی دەبیندرێ. ئەم جۆرە تابلۆیانە دەکرێ وەک پسپۆڕێکی دەروونناس «The rapeutic» سوودمەند بێت بۆ نیگارکێشەکان خۆیان و بۆ خەڵکانی تر.

چونکە کاتێک مرۆڤەکان سەیری ئەم تابلۆیانە دەکەن بە ئاسانی دەتوانن ناخ و خەیاڵەکان و میزاجی خۆیان بخەنەڕوو..!

### ڤانکۆخ و تووڕەیی لە ئیش کردندا

بەگوێرەی کاریگەرێتی بەرگە نەگرتنی بەدەست شێواوی باری دەروونییەوە هونەرمەندی بەناوبانگی هۆڵەندی ڤانکۆخ بۆ براکەی دەنووسێت «لێم گەڕێ با بە تەنیایی خەریکی کارەکانم بم، ئەگەر بۆ تۆ ئەمە دەگەیەنێ، کەوا من شێتم. بەڵامەوە گرنگ نییە..!».

ڤانکۆخ لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا دەست بەکاری نیگارکێشان دەکات. لەوساوە تا کۆتایی ژیانی، نزیکەی ١٠ ساڵێک خەریکی نیگارکێشی دەبێت. لەو دەمەدا لە کەنار شارێکی گەورە لە ئەپارتمانێکی بچکۆلانەدا دەژی. میزاجی بە بەردەوامی دەگۆڕێ/ لە بەرزترین لووتکەی نائومێدییەوە بۆ بەرزترین لووتکەی ئاسایی و باوەڕ



بەخۆبوون و دڵخۆش بوونەوە. دەتوانین ناو لە ئیشەکانی بنێین (تووڕەیی لە ئیش کردندا) یان (ترس و نیگەرانی و شێتی). لەو دەمەدا چەند ڕۆژێک، یان هەفتەیەک دەبوو باری دەروونی ئاڵۆز ببوو (شێت ببوو).. بە دەست نەخۆشی دەروونییەوە وەک دیل ئازاری دەبینی و بەدەستییەوە دەیناڵاند..! لەنێوان ئەم کاتانەی دەگەڕایەوە باری ئاسایی ئیشەکانی زۆر ڕۆمانسییانە و ناسک بوون.

بەگوێرەی تابلۆکانی و نامەکانی و ژیانی/ ئەوە دەبیندرێ کەوا ڤانکۆخ، بەدەست نەخۆشی دەروونییەوە گیرۆدە و گرفتار بووە، بەڵام بە ڕۆشنیش هەموو شتێک نەزانراوە لەم بارەیەوە. جارێکیان لەنیوەڕاستی گفتوگۆدا لەگەڵ هونەرمەندی فەڕەنسی- پۆول گۆگان- تووڕە دەبێت و بەرداخەکەی دەستی بەڕوویدا دەهاوێ- پۆول گۆگان-یش دەیباتەوە ماڵەوە لەسەر جێگاکەی خۆی دایدەنێ. بۆ شەوی دواتر ڤانکۆخ لە ژوورەکەی دێتە دەرەوە و گوێزانێکی بەدەستەوەیە و بەرەو ڕووی گۆگان دێت. پاشان شەرمەزارانە دەگەڕێتەوە ژوورەکەی. لەناو ئەم ڕەفتارەیدا زۆر هەست بە شەرم و تاوان دەکات. لە ژوورەوە پارچەیەک لەگوێی خۆی دەبڕێت. ڤانکۆخ لەکاتی سەرەمەرگیدا دەنووسێت «من لە پێناو ئیشەکانمدا ژیانی خۆم خستە مەترسییەوە، بەڵام لە ئاکامدا سەرنەکەوتم و تێک شکام..!».

### کۆتایی ڤانکۆخ

ڤانکۆخ- لە کۆتایی ساڵەکانی ژیانیدا. هەوڵ دەدات خۆی بپارێزی لە دەست شێتی و ئەم بارە دەروونییەیدا. دەنووسێت «ئیشەکانم مێشکمیان سەرسام کردووە و پێویستە من ئەم سەرسامیانەم هەبێت..!».

بێگومان ڤانکۆخ توانایەکی هونەری لە ڕادەبەدەری



هەبوو. هەمیشە هەوڵی دەدا خۆی بە ئیشەکانی سەرقاڵ بکات. زۆرجاران بۆ ئەم مەبەستە وێنەکانی دەکێشا. ڤانکۆخ ستایلێکی بێ هاوتای بەکاردەهێنا. بێ ئەندازە توانای هونەری و بلیمەتی خۆی پێشان دەدا. شێواوی و ئاڵۆزی دەروونی تا ئاستی زێدەڕۆیی دەبیندرێ. لە هەمان کاتیشدا هەموو کەسێک دەتوانێ لە مەبەستەکانی تێ بگات. زۆرینەی ئەم هونەرمەندە دەروون نەخۆشانەی بەم شێوەیە کاردەکەن و ئەم توانایەیان هەیە. هونەرمەندی ئیسپانی (فرانسیس گۆیا). نموونەیەکی لەم بابەتەیە. لەماڵەوە دیوارەکانی ژوورەکەی خۆی بە وێنەکانی «جنۆکە و ڤامپایەر و جادووگەر و دێو و درنج» داپۆشیبوو. ئەویش هەمیشە باری دەروونی دەگۆڕدرا. دەمێک ئاڵۆز و دەمێک ئاسایی. دەنووسێت (بۆ ئەو مەبەستە دەخەوم کە پشو بدەم، یان لەدەست ئەم بارە دەروونییەم ڕابکەم، بەڵام لە خەویشدا خەون بە دێو و درنج و خەیاڵی ناخۆشەوە دەبینم، وازم لێ ناهێنێن و ماندووترم دەکەن..!». ڤانکۆخ-یش هەمان هەست و ئازاری هەبوو بەدەست خەونەکانییەوە. مردن بە باشتر دەزانێت لە دەست ئەم جۆرە خەوتن و خەون بینینە ناخۆشانە، بۆیە پاش تەواوبوونی تابلۆی (کێڵگەی گەنم) بەگوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت..!

### فریشتەی ڕەش لەنێو بێشکەمدا

ئیدڤارد مەنج، هونەرمەندی نەرویجی دەنووسێت «نەخۆشی و شێتی وەک فریشتەی ڕەش، ببوون بە پاسەوان لەنێو بێشکەمدا».

ئیدڤارد مەنج/ یەکێکە لە هونەرمەندە نیگارکێشە مۆدێرنیستە تەعبیرییەکانی نەرویج. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دایکی بەدەست نەخۆشی- سیک-ەوە دەناڵێنێ و هەر لەم کاتەدا تووشی خوێن بەربوون دەبێت و دەمرێت.

دوای مردنی دایکی لەگەڵ باوکیدا دەمێنێتەوە. لەژێر پەروەردەیەکی بێ ئەندازە توندوتیژ و کوشندە و هەڕەشاوی گەورە دەبێ. مەنج- بەبیری دێتەوە و دەڵێ: «کاتێک باوکم ئازاری ئێمەی دەدا تا ئاستی شێت بوون توندوتیژ و ترسناکانە بوو». ژیانی بەم جۆرە بەردەوام بوو تا تەمەنی ٤٥ ساڵی. لەم تەمەنەیدا سەرەتای بەدەرکەوتنی نارێکی و ئاڵۆزی باری دەروونی لەنێو تابلۆکانیدا بوو.

هێماو ماناکانی نێو تابلۆکان/ دەربڕی خەیاڵ و ئەو ئازارو ئەشکەنجەیە بوو کە لە ڕابردوودا بینیبووی.

جیاکاری و تایبەتمەندێتی شیزۆفرینیا لە تابلۆکانی ڕەنگی دەدایەوە وەک «بەکارهێنانی هێڵی ڕاستی تەریبی، یان هێڵی چەماوەیی شەپۆلاوی و بازنەیی بە دەوری پنتی ناوەڕاست، یان شێواندنی جەستەو فیگەرەکان..!».

ئەو هێڵانەی ئەو بەکاری دەهێنا دەربڕی ترس و نیگەرانییەک بوون کە نوقمی نێو دنیای دڕندەیی و دوژمنکارانە بوون. نەخش و نیگاری ڕووی خۆڵەمێشی-دار-ی لەنێو تابلۆکانیدا بەکاردەهێنا.

لەدوای تەمەنی ٤٥ ساڵیدا تا کۆتایی ژیانی باری دەروونی بەناتەواوی مایەوە هەمیشە دنیای تایبەتی نێو خەیاڵەکانی خۆی وێنە دەکرد. کە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ دنیای دەرەوەدا. هەمیشە گۆشەگیر و بە تەنیا لەگەڵ تابلۆکانیدا دەژیا.. دەیگوت «تابلۆکانم، چاوچنۆکن ئیرەییان هەیە، نایانەوێ لەگەڵ تابلۆی هونەرمەندانی تر خۆیان نمایش بکەن..!».

یان بە تابلۆکانی دەگوت «ئەمانە کۆرپەی منن..!».

یان ئەگەر لەگەڵ تابلۆیەکی زۆر دڵخۆش نەبووایە، بە قامچی دارکاری دەکرد و لاسایی باوکی دەکردەوە و دەیگوت «ئەمە وانەی ئەسپ فێرکردنە، بەم جۆرە ڕەفتارانەی دیوی ڕاستەقینەی خۆی و کەسایەتی و باری دەروونی خۆی دەخستە ڕوو».

**سەرچاوە:**

**The Mind**
**by: John Rowan Wilson**
**and the Editors of Time- Life Books.**

# گەشتی یۆنگ بۆ ئەفریقیای ئیستوائی (کینیا ئۆغەندا)

**کارل گوستاف یۆنگ**
**لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی**
**(سوێد)**

**(١ - ٢)**

کارل گوستاف یۆنگ لە ٢٦ی پووشپەڕی ١٨٧٥ لە کیبیسیوولی سویسری لە دایک بووە، لە ٦ی پووشپەڕی ١٩٦١ مردووە. یەکێکە لە زانا گەورەکانی دەروونناسی جیهان و هاوشانی فرۆید بووە لە لێکدانەوەی خەون و بیردۆزەکانی بواری دەروونی.

وەک چۆن نووسەری ژیاننامەی کارل یۆنگ، (ئەنییلا یافە) نووسیویەتی، ئەو زۆر ڕقی لە خۆ ئاشکراکردن و خۆ ناساندن بووە، پاش ئەوەی تەمەنی گەیشتە نزیکەی هەشتا ساڵ، بە کۆشش و داوای بەردەوامی برادەران و کەسە نزیکەکانی ڕەزامەندی بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی تایبەتی دەربڕی. ئەو ماوەیەش تا بڕیارەکەیدا، کاتی زۆری ویست. لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی، بەخێرایی وەڵامی چەندین پرسیاری داوەتەوەو دیداری تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە سازکردووە، چەندین کەلێنی وردو بچووکی لە تۆبکلەی ڕەقی بیرەوەرییەکانی کردۆتەوەو لەو کونانەوە نیگا لە ناخی کراوەو سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری و گەنجی بە هەموو ڕەنگ و تام و خەونەکانییەوە گێڕاوەتەوە. پاش ئەو کۆشش و هەنگاوە ڕۆژانەی منداڵی نووسیوەتەوە، بەڵام بە داخەوە لەگەڵ تەمەنی پیری و کەنەفتییەوە زۆری لەبیرچووەتەوەو ڕووداوەکانی وەک خۆی لەبیر نەمابوو، ئەوەی لە بیری مابوو جەوهەری ڕۆحی ئەزموونەکانی بووە. ئەوەشی لە بیرەوەریەکانییەوە ئاماژەی پێداوە، ئەو بیرەوەرییانەی بە کتێب چاپکراوە.

بەرهەمی وەرگێڕدراوی بەزۆر زمانی جیهان هەبووە، ئەو کتێبانەی کراون بە عەرەبی.

علم النفس التحليلي: ت: نهاد خياطة، دار الحوار-

اللاذقية ج ١٩٨٥١ ج٢ ١٩٩٨.

الاله اليـهـودي، بحث في العـلاقـة بين الدين و عـالم النفس ت: نهاد خياطة اللاذقية، ١٩٨٦.

الدين في ضـوء علم النفس، ت: نهـاد خـيـاطة، دمشق، ١٩٨٨.

ظاهرة الاطبـاق الطائرة في ضـوء علم النفس، ت: نهاد خياطة، دار المنارة، اللاذقية، ١٩٨٩.

النازية في ضـوء علم النفس، المؤسـسـة الجـامـعـيـة للدراسات و النشر، بيروت، ١٩٩٢.

الانسـان يبـحث عن نفسـة ت: سـامي عـلام و افييرينوس دار الغربال، دمشق، ١٩٩٣.

النفس الخافية ت: سامي علام، ١٩٩٥ دار الغربال، دمشق.

جدلية الانا و اللاوعي ت: نبيل محسن، دار الحوار، اللاذقية، ١٩٩٧

الانماط النفسية ت: سامي علام و فائز بشور.

هەروەها نهـاد خيـاطة، چەندين نووسين و توێژینەوەی دەروونی یۆنگی تەرجەمەو بڵاوکردۆتەوە، وەک:

دور اللاشعـور و معنى علم النفس للانسـان الحديث، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر، بيرت ١٩٩٢.

التنقـيب في اغـوار النفس، المؤسـسـة الجـامـعـيـة للدراسات و النشر، بيرت ١٩٩٦.

البنيـة النفسيـة عند الانسان، دار الحوار، اللاذقيـة، ١٩٩٧.

الانسـان و رمـوزه، سكولوجـيـا العـقل البـاطن ت: عبدالكريم ناصيف، دار منارات، عمان، ١٩٨٧.

سـر الزهرة الذهبـيـة: القـوى الروحـيـة و علم النفس التحليلي، دار الحوار، اللاذقية، ١٩٩٨.

ئەو چوار کتێبەش دەروازەیەکن بۆ ناسینی هزری یۆنگ و تێگەیشتنە دەروونییەکانی.

مـا قـال يونغ حـقـا و: مـدني قـصـري، دار الجليل، دمشق، ١٩٩٤.

الاساسيات في النظرية و الممارسة، منشورات وزارة الثقافة في ج ع س ١٩٩١.

علم النفس المركب ت: وجيـه اسعـد، تفسـيـر اعـمال يونغ، دار الغربال، دمشق، ١٩٩٢.

علم النفس اليـونغي ت: ندرة اليـازجي، دار الاهالي، دمشق، سوريا ١٩٩٣.

زۆر توێژینەوەو نووسین لەسـەر هزرو نووسـینەکـانی



کارل گوستاڤ یونگ

یۆنگ کراوە، وەک:

التطور النفسي في الالف القادمة ت: ندرة اليازجي، دار الغربال، دمشق، ١٩٨٢.

المرأة بحث في سـيـكولوجـيـة الاعـمـاق ت: وجـيـة الاسعد، وزارة الثقافة في ج ع س.

تفسـير الاحـلام بحث في سكولوجـية الاعـماق، ت: وجة الاسعد. من مشورات وزارة الثقافة في ج ع س.

علم النفس الجديد و طرقه المدهشة ت: سامي عـلام، دار الغربال، دمشق، ١٩٩٠.

من السجون الي الحرية ت: سامي علام، دار الغربال، دمشق، ١٩٩٢.

حـديث الاحـلام رمـزية الحلم ت: اديب الخـوري، دار الطليعة الجديدة، دمشق، ١٩٩٨.

قـوة الاسطورة و: ميسـاء و حسن صقر، دار الكلمة، دمشق ١٩٩٩.

التـزامن بين العلم و الاسطورة و الالعـبـان و: ثائر ديب.

فـاليـري لين، مـذهب التـحليل النفـسي و فلسـفـة الفـرويدية الجـديدة، دار الفـارابي، بيـروت، ١٩٨١. بەشی یەکەمی لە بەشی (مجادلات في مدرسة التحليل

النفسي) ، بەشێکی تایبەتە بە کارل یۆنگ و سیکۆلۆژیای شیکردنەوەوە.

موسوعة اعلام علم النفس، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٥، (مادة يونغ) ص ٢١- ٤١١. عبدالمنعم الحفني.

عبدالمنعم الحفني، موسوعة مدار علم النفس، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٣ مادة (مدرسة زيورخ).

لە بواری پەخشی عەرەبیش لەو گۆڤارانەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بڵاوکراوەتەوە.

كارل غوستاف رمزية االتحول في سورة الكهف، ت: نهاد خياطة، مجلة كتابات معاصرة، العدد ١٢، ت٢، ك١، ١٩٩١.

انماط العقل، ندرة اليازجي، مجلة المعرفة العدد ٣٥٧ حزيران ١٩٩٣.

كارل يونغ، سيغموند فرويد كما يراه غوستاف يونغ ت: الرحوتي عبدالرحيم، مجلة المعرفة، العدد ٣٨٨، ك٢ ١٩٩٦.

علم النفس الديناميكي و التاليف النفسي، ندرة اليازجي، مجلة المعرفة العدد ، ٣٩٢ نيسان ١٩٩٦.

التكامل الداخلي في الادب، زهرة اللوتس نموذجا ، ديمتري افييرينوس مجلة كتابات معاصرة، العدد ٢٧ نيسان ايار ١٩٩٦.

دور اللاوعي في المعالجة النفسية، نبيل محسن، مجلة المعرفة العدد ٤٠٠ ك٢ ١٩٩٧.

خبرات علي تخوم الموت، ديمتري افييرينوس، مجلة المعرفة العدد ٤٠١ شباط ١٩٩٧.

مدخل الي علم النفس اليونغي من خلال حية صاحبه و اعماله، جوزيف كامبل، ت: نهاد خياطة، مجلة المعرفة العدد ٤٣٢ ك١ ١٩٩٨.

مسالة الانماط النفسية، نبيل كامبل، مجلة المعرفة العدد ٤٤٣ اب ٢٠٠٠.

المعالجة النفسية بالطرق الطبيعية، نبيل محسن، مجلة المعابر العدد ٢ ك٢ ٢٠٠١.

ناوی ئەو کتێب و نووسین و بابەتانە بە زمانی عەرەبی لە چەندین لاپەڕەی ئینتەرنێتەوە دۆزیوەتەوە. ساڵی لە دایکبوون و مردنەکەشیم لە لاپەڕەیەکی سویدی دۆزیوەتەوە.

**پێناسەی گەشتەکە**

کە لە ساڵی ١٩٢٥ مۆزەخانەی (ومبلی)م بینی، بە بەشی چوارەمی مۆزەخانەکە شاگەشکەبووم، لەو پێشانگایەدا گەنجینەی نایاب عەشیرەتەکانی ئەفریقام بینی، ئەو دەڤەرەی ژێر حوکمی بریتانیای مەزن بوون، بۆیە شەیدای گەشتێک بووم بۆ ئەفریقیای مەداری، ئارەزووی ئەو گەشتەم لە نزیکترین کات بە مێشکدا هات. لە پایزی هەمان ساڵدا لەگەڵ هاوڕێیەکی ئینگلیزو یەکێکی ئەمریکی سەفەرێکی (مومباسا)مان کرد، بە پاپۆڕێکی جۆری (ورمن) سەفەرمان کرد، لەو گەشتەدا چەندین گەنجی ئینگلیزمان لەگەڵدا بوون، ئەوان دەچوونە (مستعمرة) داگیرگەکانی ئەفریقیا. لە ئاکارو ڕوویانەوە دیاربوو ئەو گەشتەیان بۆ خۆشی و کات بەسەربردن نەبوو، دیاربوو بەرەو چارەنووسی نادیاریان دەڕۆیشتن. پاشان زانیم زۆر لەو گەنجانە بە نەخۆشییەکانی مەلاریاو نەخۆشییەکانی تری مەداری لەناوچووبوون، بەداخەوە زانیمەوە ئەو گەنجەی لە بەرانبەرم دانیشتبوو پاشان لەو سەفەرەیدا مردبوو. دکتۆر ئیلی سەرپەرشتیاری وزەی بەرژەوەندی کارەبای گۆریلای ناوەڕاستیش لەو ناوچانەدا بە نەخۆشی لەناوچووبوو. زۆر نەبوو ئەوەم لە نیویۆرک دیبوو.

مومباسا وەک مستعمرە (داگیرگە)یەکی ئەورووپی و هیندی و زنجیم لە بیردا دەمێنێت، لە گەرمییەکی شێداردا، لەناو دارستانێکی چڕی دارخورماو دارمانگۆوە هەڵکەوتبوو. هەڵکەوتەی شارەکە لەسەر بەندەرێکی سروشتی دیمەنەکەی جوانتر کردبوو، قەڵایەکی پرتوگالی کۆن دەڕوانێتە شارەکە. دوو ڕۆژ مایەوە، ئێوارەکەی بەهێڵی شەمەندەفەرێکی باریک بەرەو ناوەوە ڕۆیشتین و بەرەو نیرۆبی ڕۆیشتین، گەیشتینە ناو تاریکی شەوی ناوچە مەدارییەکان. بەدرێژایی کەنارەکە چەندین گوندی زنجییمان هاتە پێش، دیاربوو خەڵکەکەی بەدیار ئاگردانی بچووکەوە دانیشتبوون. کە شەو داهات تاریکییەکی بێ ئەندازە هاتە پێشمان، هێدی هێدی سەرما دایگرتین و خەوم لێکەوت. بە هەڵاتنی یەکەم تیشکی خۆری بەیانییەکی نوێ بە ئاگا هاتم.

شەمەندەفەرەکە لەسەر ڕۆحی خەرەندێکی تیژو هەڵدێر دەڕۆیشت، دووکەڵێکی سووری چڕی بەسەرەوەبوو، لەسەر کەڤرێکی تیژ پیاوێکی ڕەشی باریک دەست بەرمێکی درێژەوە وەستابوو، لە بەرامبەرمانەوە دیاربوو، لە تەنیشت دارێکی ناوقەد پەرشوبڵاوەوە تەماشای شەمەندەفەرەکەمانی دەکرد. ئەو دیمەنەی بەرانبەرم گەرچی

تازەو نوێ بوو، یەکـەم جـاریش بوو وێنەی مـرۆڤی ئاوا ببینم، بەڵام پێش بینینی ئەوەم هەست پێکردبوو، هەستم بەوە ورووژابوو کـەوا من دیمەن و بینینی لەم جۆرەم دێتە پێش، کە من ئەو جۆرە جیهانە بە مەودایەکی زەمەنییەوە لێم دوورەو هەسـتم وابوو، ئەو جـۆرە کـەسـە ڕەنگ گـەرمـانەو ئەو مـیللەتانە بە درێژایی پێنج هەزار سـاڵی زەمـەنەوە دەیانناسم، ئەو جـۆرە هەست و بۆچوونانەم لە گـەڕانە دوورو درێژەکەی ناو ئەفریقیـای وەحشی هاوبیرم بوو. ئەو ناسین و پێناسەی پاراسیکۆلۆژیام لەسەردەستی سـەرۆکی پێـشـووم پرۆفـیسـۆر ئوجین بلویرەوە زانیـبـوو. جـاران وام هەسـتدەکـرد ئەو جـۆرە دیمەنانە زمـانم دەگـرن، بەڵام کـە ڕووبەڕووی ئەو دیمەنـانە بوومـەوە، هەسـتم کـرد ئەوە شـتێکی ئاسـاییە، چونکە لەمێژە ناسـیـاریم لەسـەر ئەو کۆمەڵگاو نیشتمانانەوە هەبوو. ئێستاش نازانم چی منی بەو پیـاوە ڕاوکـەرە ڕەشـەوە بەسـتـەوە، ئەوەی من زانیـومـە جـیـهـانی منیش لە کـۆنەوە وەک جـیـهـانی ئەو بووە.

کە نیـوەڕۆیەکـە گـەیشـتـینە نیـروبی سـەرەتا هەسـتم بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ کـرد، شـارەکە لەبەرزی ٦٠٠٠ پێ هەڵکـەوتبـوو. تیـشـکی خـۆرەکـە ڕووناکی خـۆری لای خـۆمـانی لە (ئەنگادین) بەبیـر هێنمـاوە، دەرکـەوتنی خۆرەکە، دەرچوونی شتێک بوو لەناو نشێوێکی تەماوی. بە بینینی کـۆمـەڵە منداڵێـک دڵشـادبووم، هەمـوویان کڵاوی پێچراوی پوختیـان لەسەر بوو، وەک ئەو کڵاوانەی لەناوچەکـانی ئەڵب لە ترسی سـەرمـاو زریـان منداڵان لەسـەریانە، ئەوانیش لە نیـرۆبی لەبەر هوڕەی گـەرمـا لەسـەریانـە. ئێـمـەش لە (ئەنگادیـن) ئەو شـێـوە کڵاوانە لەسەردەکەین.

لە نیرۆبی زەحمەتیـمان کـێشـا تا سەردانی دەشـتـایی (ئاثی) بمان کـرد، ئەو دەشـتـە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی پارێزراو بوو، بۆیە ڕاویشی تێدا قەدەغەبوو. هەتا چاوبڕ دەکـات لەو ئاسـۆیە پانەی دەشـتـەکـە ئاژەڵی کـێـوی لە مامزو توورگ و گای کێوی و کەرەکێوی و بەرازی کێوی و زۆری تر دیارن.

ئەو مـــێگەلانە وەک ئاوی ڕووبـارێکی مـــەند لە پێـشـمـاندا دەڕۆیشتن، دەلەوەڕان و سـەریان بە ئەرزەوە بوو، بێـــجگە لە شکاندن و زەبری هەڵـۆیەک نەبێت، دەنگی هیچی تر نەدەهات.

ئەو هێمنییە لە هێمنی سەرەتای بوون دەچوو، ئەوەندە هێمن و ئارام وەک ئەوەی جیـهـان هەمـیشـە لەو ڕەوشـەدا بووە. لە حـاڵـەتێک دەچوو بـوونی کـەس بۆنی نەدەهات، ئامـادەیی نەبوو، لەو بۆشـاییـەدا لە هەڤـاڵەکـانم دوور کەوتمەوە، لەبەر چاوان گووم بووم، تامم لەو تەنیـاییـە بە خـۆشی وەردەگـرت. لەو سـاتانەدا من تاکـە کـەس بووم، بوارم بۆ ڕەخسـابوو تەنیـا بم، تا ئەو گەردوونە وەک خۆی بەتەنیـایی بناسم. دەبێ لە مـانای بوون وردبینەوە، وەک زانایان سەبارەت بە مرۆڤ وتوویانە:

ئەوەی سـروشت دروسـتـی کـردووە، ناتەواوەو هونەر لایەنەکـانی تەواو دەکات، هەمـوو دروستبـوون و گـەشەو پەیدابوونەکان بۆ دروستکەرێک دەگێڕینەوە، ژیان وەک مـەکـینەیەک دەناسین، وەک سـەعـاتێـک لە خـۆیەوە دانراوەتەوەو قـــورمـــیــشکراوەو دەســـوورێت، هەمـــوو وردەکـاری ڕۆژانەو هەتا نەفسی کەسایەتیـشی تێدایە، ئەو مەکینە ورد و ناسازەیەو بۆ بوونی مرۆڤ و جیـهـان و خود هیچ حسابێ ناکات، بڕوای وایە ڕۆژی نوێ و کـەنار تازەش نابێـتـەوە. ئەو دەمـانە قـسـەی برادەرێکی دێرینی هیندییەکانی (بوابلو)م کەوتەوە یاد کە دەیوت:

بوونی عـەشیرەتەکەیان، عـەشیرەتی بوابلو بۆ یارمەتی خۆری باوکیانە، تا بە ئاسانی ڕۆژانە ئاسمان ببڕێت.

زۆر حـــەســـوودیم بەو بڕوابوونە ڕەهایەی ئەو، بەو مـــەســـەلەیە دەهات، بۆیە منـیش بێ هیـــوا بەدوای ئەفسـانەیەکی وادا گـەڕام. ئێـسـتـا بەڕاسـتی لە مـانای ئەفسـانە گـەیشـتـم، کـەواتە بەڕاسـتی لە ناواخنی مـرۆڤ گەیشـتم. ئەوەی ناکرێ دەستبەرداری بین، بـۆ تەواوکردنی پەیامەکەی ئەوەی دروستی کردووە.

دیارە ئەویش دروسـتـکەری دووەمی ئەو گـەردوونـەیە، ئەوە گـیـانـی پێـداوەو بوونەکـەی سـەلماندووە، بەو نەبێت گـەردوون بەرەو تاریکی و بۆشـایی دەڕوات، ئەگـەرنا بۆ مـاوەی سـەدان ملیـۆن سـاڵ دەخـواو دەبینێت و دەبێت و دەمرێت و سەرشۆڕیش دەبێت.

گـەورەیی و بوون مـەوزووعی مـرۆڤ لە دروسـتکردنی ئەو هێـڵی شـەمـەندەفـەرە مـەزنەی ئۆغـەندا دەبینـمـەوە، ئەوەی وا ئێـسـتـا کـاری تێـدا دەکرێت. چووینە ئیـسـتـگە کـاتیـیـەکـەی، ژمـارەکـەی ٦٤ی بۆ دانراوە، منداڵە بارهەڵگرەکان کـەلوپەلەکـانیان داگـرتین، سـەندووقەکـان دەکرا لەسەر سەریان هەڵگرن، لەسەر ئەو سەندووقانەی پێوستییەکانمانی تێدابوو دانیشتم.

پاپیەکەم داگیرساند و بیرم لەوە کردەوە وا لە دەڤەرەی

(ئویکومین) نزیک بووینەتەوە، ئەو ناوچەیەی ئاوەدانی تێکەوتووەو شوێنەواری بێ سنووری لەسەر کیشوەرەکە داناوە. پیرێکی ئینگلیزی هاتە تەنیشتم، تێگەیشتم بەداگیرکردنی پارچە زەوییەک بوویتە مولّکدار. لەبەرانبەرم دانیشت، ئەویش پایپە تووتنەکەی دەرهێنا. پرسی بەرەو کێ... بەرنامەکەم بۆ باسکرد. ئەویش پرسی ئەوە یەکەم جارە سەر لە کیشوەری ئەفریقیا دەدەیت..؟ ئەو وتی:

من ئەوە چل ساڵە لە ئەفریقیام. منیش وەڵامم دایەوە بەڵێ هەر هیچ نەبێ بۆ ئەو بەشەی ئەفریقیا، ئەوە یەکەم جارە بێم. لە وەڵامدا وتی:

کەواتە با ئامۆژگارییەکت بکەم، ئەو وڵاتە وڵاتی مرۆڤ نییە، وڵاتی خودایە، بۆیە ئەگەر شتێکت بەسەرهات، نیگەران مەبەو دانیشە.

پاش ئەو دوو سێ وشەیە پیرەمێردە ئینگلیزەکە، هەڵساو دوورکەوتەوە. کە زنجییەکان ژمارەیەکی زۆریان کۆبوونەوە، ئەوم لەناو ئاپوورەکە بزرم کرد. ئەو ئامۆژگارییەی ئەو بیرکردنەوەو ڕاوەستانی وردی دەویست، دیارە وشە کورتەکانی زۆریان دەگەیاند، ویستم لە دەروونەوە وەریانبگرم، چونکە ئەو بە ئەزموونە دوورودرێژەکە لەو وڵاتە، بە ژیانی لەناو ئەو کۆمەڵگایە گەیشتۆتە ئەو ڕاستییە، دیارە مرۆڤ دەستەڵاتی نییە، هەموو شتەکان دەگەڕێتەوە لای خودا، کەواتە بەرنامەو مەبەست هیچی ناچێتە سەر، ئەوەی دێتە پێش مرۆڤ چاوەڕوان نەکراوە، دوارۆژت بەدەست خۆت نییە. لە ڕامانەکەم تەواو نەبووم و نەگەیشتمە ئەنجام، کە وتیان دوو ئوتۆمبێلەکە ئامادەیە بۆ ڕۆیشتن، خۆمان و کەلوپەلەکانمان ئامادەبووین، ئێمە هەشت کەس بووین، دوو ئوتۆمبێل بە چاکی جێگای دەکردینەوە.

بە ڕێکەوتین، من وام دەزانی ڕێگاکە ئەوەندە دوور نییە، ئەو ڕێیە دوورەو بیرکردنەوە لە گەیشتن و ڕێگا ناخۆشەکە، بواری بیرکردنەوەی نەدام. ئێمە دەچووینە مەڵبەندی (کاکا میکاس) بنکەی کۆمینسونی ناوچەکەو سەرۆکایەتی ئەرکانی بچووکی (تفەنگەکانی ئەفریقیا)، کە زانیم نەخۆشخانەیەکی نەخۆشییە دەروونییەکانیشی لێیە، نیگەران بووم، ئەوەم زۆر لا ناخۆش بوو. کە ئێوارە داهات هەورێکی ڕەشی تاریکی بەسەرماندا باراند، هەورە تریشقەو برووسک و گەردەلوول تەڕو بێزاری کردین. نیو سەعات دوای نیوەشەو بە هیلاکی و ماندووبوونێکی زۆرەوە گەیشتینە کاکامیکاس.

مفەوەزەکە بەگەرمی پێشوازیی لێ کردین و ئاگری بۆ کردینەوە، بە پێکێک ویسکیش خۆشی و ئارامی زۆرتری گەیاندە هەناومان. لەسەر مێزی ژوورە بچووکە خاوێنەکەی چەند پارچە ڕۆژنامەی ئینگلیزی دانرابوون، جێگاو ڕەوشەکە بە خانوویەکی لادێ دەڤەری سێکسی ئینگلترا دەچوو. ئەوەندە ماندوو و شەکەت بووم نەمدەزانی ئەوە خەونە یان خەیاڵە. بۆ یەکەم جار خێوەتەکانمان هەڵدا، خۆشبەختانە هیچمان کەم نەبوو.

بەیانی کە بە ئاگاهاتم هەستم بە ژانی قوڕگم کرد، بۆیە ڕۆژێک لەبەر ئەو ژنە لەسەر جێگا مامەوە.

ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێت، قەرزداری ئەو باڵندەیە بووم، ناوەکەی باڵندەی سەر ئێشە بوو، دەنگی ناخۆش بوو، ئەو دەنگەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، ڕاوەستانی نەبوو، کە ئاوازەکەی تەواو دەبوو سەرلەنوێ دووبارەی دەکردەوە، ئاوازێکی ڕێکی ژێداری دەگوتەوە، ئەوەندە ناسازبوو نەدەکرا بەرگەی بگریت. ڕیشدارێکی تر هەیە لە باخچەکانی گوێزدا دەبێت، زیقەکەی دوو ئاوازی سازگاری هەبوو، ئاوازی سێیەمی زۆر ناسازبوو.

دیارە لە سروشتدا بۆشایی نەماوە پڕ نەکرابێتەوە.. سروودی (باڵندەی زەنگ) سازگاربوو، لە بیستنەکەی بێزار نەدەبوویت، چەندی بیرت دەکردەوە ئاوازەکەی کەمی و لەنگی تێدا نەبوو، لە شێوەی دەنگی زەنگێک بە پانی ئەو ئاسۆیە فراوانە دەنگی دەلەرییەوە. بۆ ڕۆژی دوایی بەیارمەتی مفەوەزی ناوچەکە چەند کۆڵ هەڵگرمان دەستکەوت، سێ سەربازیشمان بەگەڵ کەوت، بۆ بەرزایی چیای ئایلکۆن بەڕێکەوتین، زۆری نەخایاند گەیشتینە بەرزاییەکەی، چواردە هەزار پێ دەبوو، ئاسۆیەکی فراوانی پانی لە پێش چاو بۆ دەرخستین.

ڕۆیشتین و گەیشتینە ناو دەشتاییەکی پان، یەکپارچە بەدار داپۆشرابوو، ئەرزەکەشی بە شارەمێروولەی سپی چاک کراو لە کۆمەڵە بەردی بازنەیی داپۆشرابوو، بەرزی شارەکەیان شەش تا دە پێ دەبوو.

بە درێژای ئەو ڕێیە، کاروانسەرای بچووک بچووک هەبوو، کوخ و کەپری بازنەیی بوون، سەرەوەیان بە پووش و چیلکەدار داپۆشرابوون، بۆشاییەکانی بە خۆڵ پڕ کرابوونەوە، ناوەندەکەی سەرەوەیان بۆشایی و بەرەڵڵابوون، شەوانە لەبەر میوانی لایدەو نەیاران چرایەک لە دەرگاکانی دەکرایەوە. ئەگەرچی کابانی

چێشتـمـان ڕووناکـیـشی نەبوو، بەڵام کـوخـێکی تـەنیـا بەرکـەوتبـوو، بۆیە گلەیی نەبوو، بە تاریکـیـیـەکـە ڕازی بوو، ئەو تـەنیـاییـەی زۆری نەمـابوو سـەریشی بخـوات و بمرێت.

ڕۆژی پێش ڕووداوەکـــە بزنێـکمـــان بە پێـنج شلنتی ئۆغەندی کڕیبوو، چێشت لێنەرەکەمان لە پێش کوخەکەی سەری بڕیبوو، لە گۆشتەکەی چەند پارچە گۆشتی جوان بۆ سووركردبووینەوە، ئێوارەکەی هەمووومان لەدیار ئاگرەکەی ژوورەکەمـان دانیشـتبـووین، گوێمـان لە دەنگێکی نـامۆ بوو، پاش گـاڤـێک دەنگەکـە دەلەرییـەوە، ئەوددەمـە دەنگەکە لە منگەمنگی ورچ دەچوو، دەنگەکە دەگۆڕا و بە حـەپە حـەپی سـەگ دەچوو، پاشـان دەنگەکـە گـۆڕاو بە پێکەنینێکی شێتانە. زوو ئەو دیمەنانەم بە نمایشی سەر شـانۆ شـوبهـاند. زۆری نەخـایاند دیمەنەکـە بە ڕوونی و ترسناکـانە ڕوون بۆوە، چواردەورەمـان بە چەندین تـوورگی برسی گــەمــارۆ درا، بۆنی خــوێنیــان کــردبوو، دیمەنە شانۆگەرییە دۆزەخییـەکە ڕووی دا، بەڵام لەبەر ڕووناکی ئاگرەکەی پێشمان نەک لەبەر ڕووناکی شانۆ. توورگەکان چاویان لەبەر ڕووناکی ئاگرەکە لەسەر گیافیلە درێژەکان دەبریسکایەوە.

ئەوەی زانراوە تـوورگ ئەوەندە ترسناک نین و هێــرش نابەنە سـەر ئادەمـیـزاد، بەڵام زۆریش دڵنیـا نەبووین، لە نـاکـــاو هاوارو زیرەیەک هات، ڕامـــانکێـــشـــایە تفەنگەکانمان، چەند گوللەمان بە دەنگەکانەوە وەنا، لەناو تەقەکاندا چێشت لێنەرەکەمـان لە ترسان و لەبەر ڕۆحی خـۆی، خـۆی هاویشـتـە ناو کـوخـەکـەمـان، دیاربوو توورگەکان لە برسان تەنگاویان کردبوو، بۆنی گۆشتـیـان کـردبوو، ئەوەندەیان ترسـاندبوو خـۆی پێ ڕانەگـیـرابوو، هەمـوومـانی ترسـاند، دیارە لەبەر هاوارو ڕاکـردنەکـەی توورەگـەکـان ترسـابوون و ڕەوییـوونەوەو دوورکـەوتنەوە. شـانۆکـەیان بەو دیمەنە چۆڵ کـرد. ئەو دیمەنە ترسناکـە لە پێکەنین کـۆڵ هەڵگرەکـانی خـســتـبـووە سـەرپشت. شەوەکەمان بە هیچ ڕووداوی ناخۆشی تر بەڕێکرد.

بەیانی زوو شـێـخی گـەڕەکـەکـە هاتە لامـان و دوو مـریشـک و سـەبەتێک هێلکەی بۆمـان هێنابوو، زۆر داوای کـرد، ئەو شـەوەش بمێنینەوەو شـەو توورگـەکـان دەکوژین، چونکە شەوی ڕابردوو پیرێکی خەوتووی ناو کوخەکەیان پەلکێش کردووەو خواردوویانە.

ڕۆژ گەرم بوو، گوێمـان لە پێکەنین و گاڵتـەی منداڵان بوو، بە ڕووداوەکەی شەوی ڕابردووی ئێمەیان ڕادەبوارد، ڕووداوەکـەیان نمایش دەکـردەوە، یەکـێک دەوری چێـشت لێنەرە نوسـتـووەکـەی دەبینی چۆن توورگـەکـان تخـوونی دەکەون و یەکێکی تریش دەوری سەربازەکەی دەبینی کە چۆن خـۆی کـــردووەتە توورگ و پەلامــاری دەدات، ئەو دیمەنەیان چەندین جـــار دووبارەو سێ بارە کـــردەوە، ئامادەبووان زۆر کەیفییان لێوە وەرگرت.

لەو ڕۆژەوە چێشت لێنەرەکەمان بە نـاوی (فـیـزی)یەوە بانگمـان دەکرد، ئێـمەی سێ پیاوە سپییەکەش مارکەی بازرگـانیــیــان بۆ دۆزیبـووینەوە. خـەڵکی ئەو ناوچەیە وادەزانن ئینگلیز ملیـان سوورە، بۆیە ناویان لە هاوڕێیە ئینگلیزەکەمان نابوو (مل سوور).

هاوڕێیــە ئەمـریکـیـەکـەم لەبەر ئەوەی بایەخی زۆری بە ڕەنگینی پۆشاکی بەری دەدا، بۆیە بە (جوانا مارادادی)، واتە ئەندام جوان ناویان دەبرد، منیش لەبەر ئەوەی سەرم داوی سـپـی زۆری تێکەوتبـوو، بۆیە بە (ئامـزی)، واتە پیرەمێرد بانگیان دەکردم.

ئەو دەمە تەمەنم پەنجا ساڵ بوو. گەیشتنی مرۆڤ بەو تەمەنە و سەرسپی بوون لەو ناچەیە دەگمەن بوو، بۆیە قژە سپییەکەو تەمەنی منیان زۆر لە لایان سەیر بوو، ئاسایی بوو بە کەسێک لە تەمەنی من بڵێن پیرەمێرد. منیان زۆر بە تـەمـەن درێژ دەزانی، تەمـەنەکـەمـیـان بەسـەد سـاڵی دەخەملاند.

سەرسپی بوون لەو ناوچەیە نەبوو، نەمبینی کـەسێک سـەری سـپـی بێت. وشـەی ئامـزی مـانـای سـەرۆک و بەرپرســیــشـی دەگـــەیاند. لەبەر ئەوەی لە لەندەنەوە وەزارەتی دەرەوە منیـان بە سەرۆکی دەستـەی (نێردراوی بوکیشوی سایکۆلۆژی) دانابوو، بۆیە نازناوی سەرۆکەکە ئاسـایی بوو. کە چووینە بوکیـشو زۆر لای چیـانشـینانی ئایلکون مابووینەوە.

ئەو زنجـیـانـە زۆر کـارامـەن لە بڕیاردان و ناسـینەوە، زیرەکانە لاسایی دەکەنەوە، دەچنە ناو پێسـتی یەکـتری، وەک خـۆت لاسـایی ڕۆیشـتن و جـووڵانەوەت دەکـەنەوە، جـوان و باش لە سـروشـتی سـۆزداری گـەیشـتـوون، لەبەر ئەوەی من زۆر هاموشۆیانم کردن، لە دانیشـتنی تایبەتی و کـات بەسـەربردنەکـانیـان بە خـۆشـیــیـەوە بەشـدارو هاوئاهەنگیان دەبووم، بەو شێـوەیەو لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەرنامەی خۆم زۆریان لێ فێربووم.

ئەو سـەربازانەی لە گـەڵمـان بوون خـێـریان زۆربوو، بە

ئاسانی حەمباڵیان بۆ پەیدا دەکردین، پاسەوانی پێویستان بۆ دابین دەکردن، ئێمە زۆر دەگەڕاین، هەموو ناوچەیەکیش لەبن دەستی سپی پێستەکان نەبوو، بۆ ڕاوە توورگ شێخەکان ئەوەیان لە کاتی پێویست بۆ نەدەکردین. سەرکەوتین هێدی هێدی بەرپێمان بەرزدەبۆوە، سەردەکەوتین. چەند بەرزەبووینەوە ئەوەندە بۆنی بورکانەکان و گەرماییان دەهات. مێژووی پاشماوەکانیش دەگەڕایەوە سەردەمی جیۆلۆژی سێیەم. لەناو چەمێکی بەداری گەورەدا ڕۆیشتین، گوڵە سوورەکانی چواردەورەمان دیمەنەکەی نازدارکردبوو، پەپوولەو زیندەوەری گەورەی باڵدارە ڕەنگینەکان ڕەنگی سەرفرازییان پەخشکردبوو. چەند لەناو دارستانە چڕەکان دەچووینە ژوورەوە مەیموونەکان بەدوای میوەو شیرینەمەنی ناو دارەکان خشەخشیان دەهات، بە ڕاستی فیردەوسێکی کەم وێنەبوو.

خاکی ئەو دەشتەی بڕیمان جەرگێکی سووری قووڵی هەبوو. لەناو دارستانەکەدا بەپێی ڕۆیشتنی دانیشتووانی، بواری ڕۆیشتن ڕوون و ئاسان دارێژرابوو، ئەو ڕێگایەیان ئامادە کردبوو، ئێمەش ئەوانمان پەیڕەوکرد. ڕێگاکە سووڕان و گەوەو شکانی تیژی تێدابوو.

گەیشتینە هەرێمی (ناندی)، لە هەرێمەکەدا ڕووبەرێکی زۆری پانی دارستانی چڕمان هاتە پێش، بەبێ هیچ ڕووداوێک لە بنار چیای ئایلکون چەند جار پشوومانداا، بەناو بوار تەسکی چیایەکەوە ڕۆیشتین. گەیشتینە لای شێخی ئاوەدانییەک. لایبونی کوڕی سیحربازبوو، لەسەر پشتی ئەسپێکەوە بینیمان، یەکەم ئەسپە لەو گەشتەماندا بینیبێتمان، شێخەکە وتی:

ئێمە لە عەشیرەتی ماساییین، بەڵام لەو بنارە سەختەدا تەنیا دەژین.

لەوێی نامەیەکی حاکمی ئۆغەندامان بەدەست گەیشت، ئەو ئاگاداربوو ئێمە بەو ڕێگایەدا دەڕۆین.

لە نامەکەیدا داوایکردبوو، ژنە ئینگلیزێک بە ڕێگای سودانەوە دەگەڕایەوە میسر چاودێری بکەین و هاوڕێمان بێت. ئێمەش زووتر ئەو ژنەمان لە نیرۆبی بینیبوو، دەمانناسی، هاوڕێیەتی خۆش بوو. ئێمەش داواکەی حاکمەکەمان جێبەجێ کرد، چونکە ئەو لەو ڕێگاوبانەدا بە چەندین شێوە هاوکاری و یارمەتی ئێمەی کردبوو.


نموونەی تاک قەدر وایکردووە، نامێنێت، سەرەتاش ئێمە سێ کەس بووین، داوام لە برادەرێک کرد لەو گەشتەماندا هاوڕێمان بێت، نەهات. پەیدابوونی ئەو ژنە لە کاروانەکەماندا زۆر مەسەلەی گۆڕی. من زوو پێشوازیم کرد، ژنێک هاوڕێمان بێت باشترە، کەسایەتی ژن جیدیەت و پێشبینی لێ ڕەچاو دەکرێت، بۆیە هاتنی ئەو ژنە بۆ ناو تیمەکەمان خێری زۆری دایەوە. ئەو ژنە لە ڕۆژانی شەڕی یەکەمی جیهاندا وەک سستەر (پەرستیار) بەشداربووە، کە برادەرێکمان تووشی مەلاریای مەداری بوو ئەو زۆر بەکەڵکمان هات. پاش چەند سەعات بەسەرکەوتن گەیشتینە ناوچەیەکی خۆشی کراوە، ئاوێک و تاڤگەیەک بە بەرزی یازدە پێ ناوچەکەی دەکردە دوو بەش، حەوزەکەی پێشەوەمان کردە مەلەوانگە. لە نشێوێکی وشکی داپۆشراو بە داری گەورە، بە دووری سەد یاردە خێوەتمان هەڵدا.

بە پیادەیی پازدە دەقە لە گوندێکی بچووک دوور بووین، گوندەکە چەن کوخێک دەبوو، ناوەندی کۆخەکان بۆشاییەکی لێبوو بەشوورەیەکی دڕکاوی دەوری گیرابوو. خەڵکی ئەو ئاواییە ئاویان بۆ دابین دەکردین، ژنێک و دوو کیژە بچووکەکەی ئاوەکەیان بۆمان دەکێشایەوە، دوو کیژەکە تەنیا ناوقەدیان داپۆشرابوو، ئەندامەکانی تری لەشیان ڕووت بوو، ڕەنگی پێستیان لە شوکولات دەچوو، جوانییەکەیان زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، بەژنیان زراڤ و نازدار بوو.

دەنگی خلْخاڵەکەی پێیان ئاوازێکی خۆشیان هەبوو، کە لە نزیک حەوزەکەوە دەیانجووڵاند، جوانییان بێ وێنەبوو، کە لەناو گیافیلە زەردەکانەوە خشەیان دەهات و بە لەنجەوە جەڕەکەی سەریان ڕادەگرت و دەڕۆیشتن. خلْخاڵ و گوارەو گەردانەکانی ملیان، کە لە دار یان لە مس دروستکرابوون، دەست و مل و پێی کیژەکانی نەخشاندبوو. بێگومان لێوی خوارەوەیان بە بزمارێکی دار یان میتاڵێک بۆیان کون کرابوو، ئەوەی زۆر جوان بوو زۆر بە لەنجەوە لەبەردەمان گوزەریان دەکردو سڵاوی سیحراوییان ئاراستە دەکردین.

# حەکایەتەکانی باوکم

هاشم سەڕاج




(دیستەیڤسکی) لە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)دا لەسەر تەوەرگەلێکی گرنگی مێژوویی کاردەکا و زۆر بە شێنەیی لاپەڕە پڕ مەرگەساتەکانی ئەرشیفی عوسمانی هەڵدەداتەوە و زوڵم و ستەمی جەندرمە و ژەنەڕاڵە ڕووسەکان دەخاتەڕوو، جەندرمە کۆرپەی بەرمەمکانیان لە باوەشی ژنان وەردەگرت و لەبەرچاوی ئەو دایکە کەساسانە کۆرپەکانان هەڵدەدایە هەواو و بەنووکە نێزە دەیانسەندنەوە، یان ژەنەڕاڵێکی ڕووس مێردمنداڵێک لە دەست دایکی دەسێنێ و دوای ڕاونانی لەبەر چاوی دایکەکە سەگی هاری تێبەردەدا و تا لەتوپەت دەکرێ، (د. فەرهاد پیربال) لە ڕۆمانە نوێیەکەیدا کە نێوی ناوە (حەکایەتەکانی باوکم) زۆر بە وردی کاری لەسەر پانتاییە جیاجیاکانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەم جیهانی کردووەو هەوڵی داوە ڕووداوە مەرگەساتاوییەکان بە پەیڤین بێنێ و لە دەرەنجامی ئەو دوو جەنگە لە عنەتییەش بکۆڵێتەوە کە چۆن خەڵکی هەژار و نەدار و بێدەرەتانی ناوچەکانی کوردستانی تووشی مەینەت و نەهامەتی و برسێتی و قاتوقڕی کردبوو، نەخاسما دانیشتوانی شاری (هەولێر) و دێهاتەکانی دەوروبەری، چونکە شێرازەی بابەتی حەکایەتەکان پەیوەستە بە هەولێری کۆن و شێوەو نەخشەی تۆبۆگرافی و پێکهاتەی دانیشتوانی ئەوساکەی شارەکە و بەتایبەتی گەڕەکەکانی قەلآ و پاشان دروستبوونی گەڕەکەکانی دەوروبەری، تێکست لە قووڵایی قۆناغەکانی مێژووی هەردوو جەنگەکەوە کۆمەڵێک کاراکتەر دەخوڵقێنێ کە لە ڕووی ئاستی گوزەران و بیرکردنەوەو تێڕوانینەوە جیاوازن و وەک تەکنیکیش بایەخ بە کردەکانی گێڕانەوەو دیالۆگ و فەنتازیا و نوستالژیا دەدرێ، وێڕای بەکاربردنی چەندین دەقی قۆریات و بەیت و شیعری کوردی کە بەپێی ڕووداو و کارەسات و چرکەساتە دراميیەکانی نێو تێکستەکە و لە شوێنی خۆیان بەکارهێنراون و زمانی نووسینیش لە زۆربەی بەشەکاندا هەڵگری جۆرێک لە داڕژانی شیعری و وەسفی و پەخشانییە، ئەگەرچی (سەهیۆن)ی کاراکتەری شەبەنگامێز وەک گەنجێکی سەرچڵ و یاخی بڕیاری سەرهەڵگرتنی خۆی ڕادەگەیەنێ و چاپخانەکەی مام مورادی موهاجیری چاپچی جێدەهێڵێ و ڕووەو ئەسفەهان دەڕواو بەدوای خەونەکەی خۆی دەکەوێ، بەڵام سەهیۆن مانەندی

پاڵەوانێکی تارمایی ئامێز کە جارجارە لە فەزای نووسینەکەدا ناوی دەبردرێ، یان چوون برووسکەیەک دەردەکەوێ، کەچی تا دوایین چرکەسات لە نێو زەینی پەرش و بڵاوی مورادی موهاجیری جوانپەرستدا بوونی خۆی دەپارێزێ، دەقی حەکایەتەکانی باوکم هەوڵی داوە لە کانگای تاریک و نووتەکی گۆڕستانەکانی مێژووەوە چەپکێک تیشک تژی لە زیندەگی و هۆگری و جوانی دەستەبەر بکا و تا هێدی هێدی پرشنگی خۆر ئەو تیشکگەلە لە دووتوێی تێکستێکی کراوە و ئاوەڵادا بە بەرجەستەکراو بدرەوشێ و بڵاچە بدا! بۆیە کاراکتەر و کەسایەتییەکان وەک گێڕەوە، یان گێڕەر یەک لە دوای یەک و بەڕێکی و هاوسەنگی و هەماهەنگییەکی تەواو دەردەکەون و بەشێوەی دیالۆگ گوزارشت لە ڕووداو و بەسەرهات و حاڵەتە تراژدییەکان دەکەن و تێکستیش بە وردی خەسڵەتە فرە دەنگی (پۆلیفۆنیەتی) خۆی دەپارێزێ، چونکە لەگەڵ ڕەوت و تێپەڕبوونی زەمەن کاراکتەری تر دەردەکەون و بەردەوامی بە پرۆسەی نووسین و ڕووداوەکان دەدرێ، شوێن لە گەڕەکی تەکیەی قەڵاوە دەست پێدەکا، کە ماڵی وەستا سمۆ و دایزە گوڵعوزار و مام پووشۆی بازرگان و پیربباڵ دەکەوێتە ئەوێ.. پاشان لەگەڵ دەرکەوتنی (شەهابە)ی سەڵاکێش و قورئانخوێن و گۆرانی بێژی دیوەخانەی مەلافەندی شوێن بەرفراوانتر دەبێ و چایخانەی مورادی موهاجیری چایچی لەنێو بازاڕی قەیسەری و کۆشکی مەلافەندی لە باداوان و باغی سەعیداغا و ئاوی میری و ئاوبارو

مفتاح و قانلی دەرەو... تاد دەگرێتەوە. دەسپێکی ڕۆمانەکە لەگەڵ شاڵاوی ڕووسەکان بۆ سەرناوچەی ڕواندز و کاولۆکان و کوشتن و بڕین و برسێتی و قاتوقڕی، پاشان سەردەمی تاریک و نووتەکی ڕەشبگیر و سەفەربەرلگی عوسمانی و ئنجا سەردەمی داگیرکەری ئینگلیز

شۆڕشی شێخ مەحموود ولێرەوە نامەوێ درێژە بە کردەی گێڕانەوە بدەم و ڕووداوەکان وەکو خۆی بگێڕمەوە، بەڵکو حەزدەکەم چەند بابەتێکی گرنگ و تایبەت دیاری بکەم کە هەر بابەتێک لەم بابەتە دیاریکراوانە دەکرێ خوێندنەوەیەکی تایبەت بە خۆ بگرێ، لەوانە ململانێی نێوان عەقڵی پیر و عەقڵی گەنج کە پەیوەستە بە کێشەی شەهابەی گۆرانیبێژو ڕازینەبوونی مەلافەندی وەک دەسەڵاتدارێک شەهابە لەگەڵ ئوم کەلسووم سەفەری وڵاتی میسر بکا و دواجار شەهابە لە مەلها و کەبارییەکانی مووسڵ و بەغدا گۆرانی دەڵێ، عیشق و دووری و دابڕانی لە ئوم کەلسووم تووشی جۆرێک لە بێزاری و نائومێدی و خەمۆکی دەکا و لە ئاکامدا بە نەخۆشی سیل و سوزەنەگ سەردەنێتەوە، خەونەکەی پووشۆی بازرگان و دڵپیسبوونی لە ئەڵماس خانی خێزانی، یان دەستێکەڵکردنی ئەڵماس لەگەڵ سەلیم سەقای ئاو فرۆش، مستەر های کە حوکمڕانی شاری هەولێر دەکا وەک نامەردێک نەجمەدین باش چاوەشی بەخۆی فێرکردییە و تادەگاتە ئەو ڕادەیە ژنەکەی پێی قەڵس دەبێ و جادووی لێ دەکا، یان مستەرهای و لەسێدارەدانی حەسەنە شەل و

گۆرانییە کوردییەکەی شەهابە، ڕاڤەکردنی چەمکی مەقام و قۆریات و حەیران وەک دوو ژانری شاری و لادێیی، عەزە توورگەی جاسووسی ڕووس و چۆنیەتی خۆکوشتنی، مەجیدۆکی شاگردە قەساب، یان شاگردی پیربباڵ کە دوایین جار دەست لەگەڵ دەسەڵات تێکەڵدەکا و دەبێتە (سڕی) و پاشان زینەتی خێزانی پیربباڵ، یان دایکی فەرهاد دەکوژێ، دیوەخانەی مەلافەندی و ئامادەگی ئەو هەموو کەسایەتییانە، پۆلێنکردنی کەسانی ئینگلیز پەرست و تورکپەرست و کوردپەروەر، دامەزراندنی کۆمەڵەی (هیوا)، قەڵاو ماڵی (سەلیم سەیدۆک) و یادی جەژنی نەورۆز، لە ڕۆمانەکەدا ناوی سێ دەویتی بەناوبانگی ناو شاری هەولێری کۆن هاتووە کە لەو زەمەنەدا ژیاون، بەڵام وەک پیشەی دەویتی و کاری سەرپێیی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر دەق نییە، یان بەپێی تایبەتمەندێتی پیشەکەیان لە کردەی بزواندنی فەزای تێکست و دنیای نووسیندا ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینن!، هەولێر و پیشەسازی سابوون و چۆنیەتی دروستکردنی سابوون بەو کەرستە و پێداویستییە سەرەتاییانە، ڕۆڵی خەونی ڕەحمانی و شەیتانی ڕەنگدانەوەی لە دووتوێی دەقدا، خۆ پیشاندانی بەردەرکی قشڵە و کوژرانی عەبە هەولێری، زەماوەندی کردنەوەی نادی مۆزەفین و ئامادەبوونی کۆمەڵێک کەسایەتی جیاواز جیاواز، ڕۆڵی عەلی گاوری شوفێری پووشۆی بازرگان لە فەزای دەقدا، پووشۆی بازرگان و لە دەستدانی ئەو هەموو ماڵ و سەروەتە، چایخانەی مورادی

مــــوهاجــــيـــــرو ئامــــــادەگی حەکـایەتخـوانەکـان و گـێـڕانەوەی بەسـەرهات و شكردنـەوەی كـتـێـبی عـيـشق و سـەربـهـوردی شـيـرين و فەرهاد و لەيلا و مەجنوون و ئاسلّی و كـەرەم و داسـتــانی ڕۆسـتـــەم و زۆراب، ڕۆلّی خەيالّ و فـەنتـازيا بە تايبـەتی ئەو شـەوەی کـە فـەرهادی کاراکتەر لە تەک باوكيدا لە تەشقی ئاسمـان دەڕوانێ و بيـر لە جـريوەی ئەسـتـێرەكـان دەكـاتـەوەو عـيـشـقی شــــەهابە و ئـوم كـــــەلـســـــووم بە ئەسـتـێـرەكـانی لـەيلا و مـەجنون دەشوبهێنێ، يان كە لە لای خەندانی جادووگەر بە سروودێكی ئەفسوونی لە قـوولايی ئـاو ڕادەمێنێ، پيشـەی قــــەســـــابی و كـــــاری دلّڕەقی و توندوتيـژی، باری دەروونی مـرۆڤی قــەســـاب لەكــاتی ســەرژێكردنی (ڕەشەولاخ)دا! لە دەستدانی مۆرک و چركەساتەكانی ئارامی و ئولفەت و هۆگری، بەتايبەتيش لای پيربالّی كاراكتەر و حەكايەتخوانی سەرەكی ڕۆمـانەكـە نەخـاسـمـا ئەو دەمـەی هەردوو دۆستە ديرين و گيانييەكەی واتا پـووشـۆی بازرگـان و شـەهابەی گۆرانيبێژ كاتێ لە خەفـەتان شاری هەولـێـر جـێـدێلّن و ڕووەو بەغـدا ســەرهەلّدەگــرن، مــەرگی زينەت و پێداگرتنی پيـربالّ كـە دوای زينەت ژنی تر نەهێنێ، گــەڕەكی قــانلی دەرەو خێوەتگای دۆم و قەرەجان كە لە فـيــردەوسی ســەرزەمین دەكــا، چونكە ئينسـانەكـانی ئەوێ بە ژن و پياوەوە لە ئازادی و سەربەخۆبيەكی ڕەهادا دەژين، سەربەست و خاكەڕا دوور لە دەسـەلاتی ئاغـا و سـەرۆک عـەشـيـرەت و حوكـمـڕانی مـيـری و نەريت پەرســـــتی، مـــێـــژووی دامــەزراندنی حـــيـــزبی كـــاران لە كـوردسـتـان، هارو هاجی (حەبێ) و لە خـشــتــەبردنی مـێـردەكـەی، زەبروزەنگی ئاغـا و دەرەبەگـەكـانی دەشـتـی هەولـێـر و چەوسـاندنەوەی جـــووتيــــارەكـــان، بلاوبوونەوەی بيرۆكەی شيوعييەت لە نێو توێژی قـەسابەكانی هەولێردا، چاپخانەی موراد‌ی موهاجير گرنگترين شوێن و مەزنترين مەنزلّگەی بەيەكگەيشتنی كـەسـايەتيـيـەكـانە دەبـوايە لە ڕووی فـەنتـازياوە زياتر پەرەی پێ بدرێ، جەنگ و برسێتی و خواردنی گۆشتی كــــە لەشی ئەســــپـی تۆپيـــــو و ڕەشــەولاخی مــرداربووە، نەرم و نيـانی زينەت و گـولّعـوزار وەک دوو ئافرەتی فريشتـە ئاسا، پێكڤەژيانی ئـايينی، يـان ئـەو هاوســــــۆزی و تەباييـەی كە لە نێوان مـوسـلّـمان و مەسيـحی و جوولەكەكـانی ئەوسای هەولـێـــــردا هەبـووە، ئامــــاژەيەكی نەگـوتراو لەو ديو حەكـايەتەكـانەوە بيــرۆكـــەيەک دەدركـــێنێ و بە منی خـــوێنەر دەلّێ: ئەگـــەر دەســـەلاتی تۆتاليتاری لێبگەڕێ سەرجەم مرۆڤە سـادەوسـاكـارەكـانی هەمـوو نەتەوەو ميللەتانی جيهـان دەتوانن بە ئارامی و ئاشتـەوايی و مەحەبەت و دلّنيايی لـەگــەلّ يەكـديدا بژين و خــەريكی ئالّوگۆڕی بازرگانی و عيشق و ژن و ژنخوازی و دانوسـتـانی كولتووری و شارستانی بن!، ئاماژەيەكی تر هەس دەلالەت لەو بيـرۆكـەيە دەكـا گـوايە داگيركەری ئينگليز لە داگيركەرانی تورک و عـــەرەب و فــارس باشــتــرە چونكە ئـيـنـگلـيـــزەكــــان هەر نەبێ جـادەكـانمان بۆ قـيــرتاودەكـەن و شـارەكـانمان بەشـەقـامی جوان جوان دەڕازێننەوە، هەروەها چاپخانەمان بۆ دێنن و كــتــێـــبی جــوان جـــوان چاپدەكـەين، بەلام داگـيـركـەرانی جيهانی سێيەم دووچاری مالّوێرانی و كـــاولكاريمان دەكــــەن، ديمەنی زۆرانبازی نێوان پالّەوانە ئينگليزەكە و كـوڕەكـەی عـەتاولاغـا، كـەلەپچـە كردنی ڕەشيد ئاغـاو ڕاپێچكردنی بە پيـادەيی تا بەغـدا!، بەكـارهێنانی ڕستێک وشە و دەستەواژەی كوردی تێكەلّ بە وشـەو فـۆنيـمی توركی عوسمـانی كە لەو سەردەمەدا پەيڕەو كراوە لەوانە وشەی دايزە، ساخبێری، تۆخم، جـانم، قـەرەقـەشـاخ، دەللی حــــەبۆلّە، ســـووللی بۆيە،.. تاد، قـوتابخـانەی ئەربيل ئولاو جيـهـانی مامۆستايانی شێوەكاری بەتايبەتی (دانيال قەساب) و دنيای فەنتازيای ڕەنگەكــــــان، گـــــەشـــــەی بەهرەو پێگەيشتنی فەرهادی قوتابی بەشی شـێـوەكـاری و جـيـهـانی ڕەنگ و پاستيل و سوللی بۆيەو مەرگی ناكاو وناوادەی باوكی! ســەيرانگاكــانی ئەوسـای هەولێر وەک ئاوی مـيـری، مفتـاح، باغی سەعيد ئاغا، جۆگەی سێتاقانی نزيک قەسری عـەتاولاغا، ئاوبار، ئاوی كـــەسكوســـــۆر، ئەم بابەتگەلەی كـە ئامــــاژەيان پێــدرا بەشێوەيەكی چڕوپڕو هونەری لە تۆڕی ئالّـۆسكاوی زمــــــان و بنيـــــــادی ڕۆمــانەكـەدا بەرجـەســتــەكـراون، هەربابەتێكيش خــــوێندنەوەيەكی تايبـەتی گەرەكە، ئەم وتارە خێرايەی من ڕەنگە بكەوێتە خانەی ئاماژەدان و ڕامـكردنی هەندێ لەوح و ديمەنی جوان و سـەرنجڕاكێش، چونكە دوای خـوێندنەوەی دەسـتنووسی ڕۆمـانەكـە بە ڕۆژێ بەرامــبــەر مـــۆنيـــتــەری كۆمپيوتەرەكەم دانيشتم و لە ڕێگەی يادگە و لەززەتی خوێندنەوەو دووبارە گـەڕاندنەوەی ڕوداوو بيـركـردنەوە لە سـيـمـاو خـەسـلّـەت و سـيـفـات و ڕەفتارو هەلّسوكەوتی كاراكتەرەكان،

ئەم سەرنجانەم تۆماركرد، لە وانەشە چەندین ڕووداو و دیمەن و بابەتگەلێكی گرنگی ڕۆمانەكەم لە دەستدابێ، ئەمێستاش بیر لە دیمەنی خێوەتی ئەو غەجەرە تۆریستانە دەكەمەوە كە خۆركەوتنان بەرامبەر میهر دەوەستن و گۆرانی دەچڕن و سەمادەكەن، دەزانن جاویدانی لە گەوهەردا وەهمێكی پرتەقاڵییە!، ئیتر حەز دەكەم تیشكێ بخەمە سەر بابەتی (قۆریات) كە لە ڕۆمانەكەدا هاتووەو وەك كولتوورێكی كورد مامەڵەی لەگەڵاكراوە، ئەم بۆچوونە وەك كەسایەتی شەهابەی قۆریات بێژ ڕاستە كە بە ڕەگەز و ڕەچەڵەك كوردە و ئەم بابەتە لە كتێبەكەی كاك (جەلال خدر)یشدا كە دەربارەی ژیانی شەهابە نووسیویەتی یەكلاكراوەتەوە، مەبەستم ڕۆڵی كاریگەرو سەرەكی چەمكی زمانە كە چۆن وەك شوناس بەشێكی گرنگ لە كولتووری میللەتان پێكدەهێنێ، هەڵبەتە ئەو دەقی (قۆریات)انەی لەم ڕۆمانەدا تەوزیف كراون بە زمانی توركمانی نووسراون، یان قۆریات هەرخۆی هونەرێكی توركی وتەتەرییە، وەك چۆن حەیران هونەرێكی كوردی و عەتابە هونەرێكی عەرەبییە، ڕاستە زۆر تێكستی قۆریات هەیە و تێیدا گوزارشت لە مەرگەساتی ئینسانی بەگشتی و بەسەرهاتی میللەتی كوردیش كردووە، بەڵام كێشەی هەموو دەق و شاكارێكی جیهانی داهێنان كێشەی زمانە، چونكە زمان هەم مەفتەنی دەسەڵات و هەم زاگەی عیشق و میهرە؛ هەموومان ئاگاداری ئەوەین كە چەندین نووسەرو داهێنەری بەڕەچەڵەك كورد هەن بە زمانی توركی و فارسی و عەرەبی دەنووسن، یازۆر داهێنەرو بیرمەندی عەرەب هەن بە زمانی فەرەنسی دەنووسن واتا لە نێو تۆڕی ئاڵۆسكاوی ئەم زمانانەدا مەزنترین كاری زمانی و ئێستێتیكیترین گەمەی عیشقی و ئیرۆتیكی ئەنجام دەدەن، قۆریاتیش وەك ژانرێكی ئەدەبی ئەمێستاش زۆر لە شاعیرانی تورك و توركمان هەن خەریكی قۆریاتنووسین، دەكرێ لە ڕوانگەی (بارت) و (دریدا)وە بڵێم كە زمان لە پرۆسەی نووسیندا هەمووشتێكە، چونكە دەق زمانە و بە مۆرفیمەكانی زمانیش نووسراوەو دەشنووسرێ، واتا تێكست وەك شوناس سەر بە گەنجینەی ئەو زار و ئاخافتن و زمانەیە كەپێی نووسراوە، بەڵام لە ڕوانگەی ئیستێتیكی و (دەلالی)یەوە كردەی داهێنان، یان شاكاری كراوەو تێكستی خەتەرناك هەڵگری جیهانبینییەكی گەردوونییەو موڵكی هەموو ئینسانێكی سەر ڕووی زەمینە و هەر خوێنەرێك بۆی هەیە تا ڕادەی نەشئەكانی تلیاك و ئۆرگازمەكانی ئیرۆتیك و ترۆپكەكانی ئێستێتیك چێژ و لەززەتی لێ وەربگرێ، ژۆرژ باتای دەڵێ: (ئێمە بۆ ئەوە دەنووسین تا شێت نەبین) ئیتر هەمدیس دەگەڕێمەوە نێو جیهانی ڕۆمانەكەو دەڵێم تێكستی حەكایەتەكانی باوكم هەڵگری نەغمەگەلێكی خەمناك و ئیقاعێكی پۆلیفۆنییە و هێدی هێدی بە ڕیتم و ئاوازو نەوایەكی تراژیدی گوزارشت لەو مەرگەساتە یەك لە دوای یەكانە دەكەن كە لە دێرزەمانەوە بەسەر میللەتی كورد هاتوون.

**٢٠٠٧/٢/٦**

# لە تاپۆی وەرزێکی سەوزەوە تا مەرگە خەون

**خالید عینایەتی**
**(بۆکان)**

ئەگەر جوان سەرنج بدەینە شیعر و مانای شیعر، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو داخوازییە ڕۆحی و دەروونیانەی کە خوێنەر بە دوایاندا دەگەڕێ، هەر لە هەرێمی بەربڵاوی شیعردا خۆ دەبینێتەوە و ئەو تینوایەتی و چێژەی کە خوێنەری ئەمڕۆ بۆی دەگەڕێ لە تازەگەری و ڕوانگەیەکی نوێوە سەرچاوە دەگرێ بە قەولی سوهرابی سپێهری «چاوەکانمان بشۆین و شتەکان بە جۆرێکی دیکە ببینین» واتا هەر بە چاوی جاران چاو لە دنیای شیعر و ئەدەب نەکەین. ڕاستە کە هەموو سەنعەتە ئەدەبییەکان هەر هەمان شتی ڕابردوون، بە تایبەت لە شیعری کلاسیکدا، جیناس، ئەیهام، تەشبیە، خوازە، تەناسوب، تەسویر و...تاد هەر ئەوانەن کە هەتا ئەوڕۆ کەڵکیان لێوەرگیراوە، بەڵام جۆری بەکارهێنانی ئەوانە دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتی شاعیر. بە قەولی ڕۆڵان بارت: شیعر شتێکە لە چوارچێوەی زماندا دەخولقێ، یان هایدیگەر گوتەنی زمان ماڵی بوونە. یانی هەر شتێک وەک بێچووی هەر گیانلەبەرێک کە لە منداڵدانی دایکەوە ڕۆحی دێتە بەر، شیعری زیندووش هەر لە چوارچێوەی زماندا دەتوانێ بژی، ئەگینا هەر بە مردوویی دێتە دنیا و مافی شیعری بەسەرەوە نییە. کەوایە ئەو بوونەی کە زۆربەی پسپۆڕانی ئەدەبیات خۆیانی پێوە ماندوو دەکەن هەر لەزمانەوە سەرهەڵدەدات. تەواوی جوانکاری دەرەکی و ناوەکی شیعر، وێنەسازی و هێماوە دەربڕینی مانایی و خوازەیی و...تاد لە زمانەوە سەرچاوە دەگرێ، کە شاعیری بە توانا زۆر باش دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ. لێرەدا، دەمەوێ قامکی ئاماژە بۆ شیعرەکانی (ئەمین گەردیگلانی) ڕابدێرم با بزانین لە هەرسێک کتێبەکەیدا چۆن بەرەو پێش چووە.

ئەمین گەردیگلانی هەر لەسەرەتای کتێبی (تاپۆی وەرزێکی سەوز)ەوە تا دوایین شیعری (مەرگە خەون) کە






دواین کتێبێتی، یەک ڕەوت و یەک جیهانبینی هەیە، وەک بڕیاری دابێ لەو ڕەوتە لانەدا. بۆ دەسپێکی نوێ کردنەوەی غەزەل، دەبێ بڵێم زۆر زبرەکانە دنیای شیعری کلاسیکی شڵەقاند و سەرلەنوێ دایڕشتەوە. دەربڕین و وێنەسازی تایبەت بە خۆی هەیە کە لەکتێبی مەرگەخەون شیعری «دووکەڵی بەڵێن» لاپەڕە ۱۰۹دا:

**شەو ڕەگی دادەکوتێ و زامی بەیان سۆڵەی دێ**

**بە هەنیسکی سرەوە سێبەری شاخ بۆڵەی دێ**

شیعرەکە بە وشەی شەو کە سونبولی خەفەقان و زوڵم و زۆرە دەست پێدەکا و دەڵێ شەو ڕەگی داکوتێ، واتا بەهیوای ڕۆیشتن نییە و دەیهەوێ بمێنێتەوە، کە وایە سەرەتای ژیانی ئەو شیعرەدا شەو ڕەگی خۆی لە ناخی بەیاندا قایم دەکا و سۆڵەی برینی بەیان بە سۆتر دەبێ، ئێش و ئازار کار دەکاتە دڵی. شاخیش کە بە هەنیسکی سارد و سرەوە چاوەڕێی دەرکەوتنی خۆرە، بۆڵە دەکا و هاواری دێ. شەو بێجگە لەوەی کە سونبولە، وێنەیەکی تازەشە کە ڕەگ دادەکوتێ یان «سۆڵەی زامی بەیان» «هەنیسکی سر» «بۆڵەی سێبەری شاخ» ئەو خوازە و وێنە جوانانە هەموویان موڵکی شاعیرن و بەر لە گەردیگلانی کەسی دیکە بەو شێوەیە کەڵکی لێوەرنەگرتوون و توانیویەتی هەر لە دێرێکدا دوو خوازە و وێنە ئاراستە بکات وەک: شەو ڕەگی دادەکوتێ و زامی بەیان سۆڵەی دێ، کە بەوپەڕی جوانی و ڕەوانی و پڕمانایییەوە داڕێژراوە، لە هەمان کاتیشدا خۆی لەلاسایی کردنەوەی ڕابردووان پاراستووە. لە هەرسێک کتێبەکەیدا، هەوڵی داوە و شەو وێنای تایبەت بەخۆی هەبێ نموونەی وشەکان بابلیسک، پەلپەلیسک، چڵیسک، وایلۆگ، کاز، گاز، پەرپەڕۆک، داپیرۆشک، هەرێز، ڕنگ، ئێزنگ، هارژنگ و دەیان وشەی دیکە، کە زۆربەیان بۆ قافیە کەڵکیان لێ وەرگیراوە، بەڵام کێشەی شەو، یان مانا کردنەوەی شەو لە شیعری زۆربەی شاعیرانی کورد و غەیری کورددا هەر بووە و ئێستاش نەبڕاوەتەوە و هەر کەسە و دەربڕین و بۆچوونی خۆی هەیە. سوارە ئێلخانی زادە لە شیعری کچی بەیاندا:

**باسی شەو مەکە نە شایەری شەوم**

**باسی خەو مەکە لەلای هومێدی فێرە سەرڕەوم**

سوارە لە شەو بێزارە و دەڵێ باسی مەکەن، چونکە شەو بە سەرچاوەی تەمبەڵی و بێ خەبەری و ناوشیاری دەزانێ، لە وانەشە ئەویش هەر مەبەستی خەفەقان و زیندان بووبێ، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێ نە شایەری شەوم دەیهەوێ بڵێ من بەشەودا هەڵنالێم هەر بەدوای ئەویشدا دەڵێ باسی خەو مەکە لەلای هومێدی فێرە سەرڕەوم کە وایە سوارە هەر بە ئاماژە پێمان دەڵێ کە شەو و خەو سونبولی بێ خەبەری و ناهومێدی و تەوەزەلین، بەڵام زۆریش وردبینانە و نوێخوازانە لایەنی شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئینتزاعی ڕا و بۆچوونەکانی بۆ خوێنەر هێشتۆتەوە، بەڵام سەید کامیلی ئیمانی هەر بۆ خۆی شەو مانا دەکاتەوە. دیارە هەر ئەوەی کە شاعیر بۆ خۆی ڕاستەوخۆ باسی لێدەکا، خوێنەریش هەر ئەو بۆچوونەی هەیە کە شاعیر مەبەستیەتی. سەید کامیلی ئیمانی «ئاوات» لە شیعری شەودا کە یەکێکە لە باشترین شیعرەکانی:

**نووری ڕوخسارت وەدەرخە دەردی بێ دەرمانە شەو**

**زوڵمەتی زوڵفت لەسەر ڕوو تا لە ڕۆژ میوانە شەو**

**دوێ شکور مەردانە من ڕێم بردە نێو زوڵفی سیات**

**تا بزانن خەڵکی مڵکی دڵ قەڵای مێردانە شەو**

**عاشق و مەعشووق لەڕۆژدا خۆ دەپارێزن لەخەڵک**

**گەر پەنای چاکت دەوێ بۆ ئەم دووە بڕوانە شەو**

(ئاوات) سەرەتا بە ڕاشکاوی ڕوو دەکاتە یارەکەی و دەڵێ: ڕووی تۆ ڕۆژی ڕووناکی منە و زوڵفیشت شەوی تاریکە و لەمن بووە بەدەردی بێ دەرمان، کەچی میوانی ڕوخساری تۆیە و لەگەڵ میوانیش هیچ ناکرێ. یان ڕووی خۆت دا مەپۆشە هەتا وڵات لە ڕۆژی ڕووی تۆ ڕووناکی وەربگرێ، واتا ئەگەر ڕووی خۆت داپۆشی، وڵات لە ڕووناکی ڕووی تۆ بێ بەهرە دەبێ، یان ئەگەر ڕووی خۆت داپۆشی دنیا دەبێ بەشەو کە شەویش دەردی بێ دەرمانە. لە بەیتی دووەمدا: من شکور دوێنێ وەک مەردان لە زوڵفی ڕەشت گەیشتم یان تێکەڵاوی بووم یان

ڕێگای بیرم کەوتە نێو تاریکستانی بسکی تۆوە تا وەکو ئەوانەی ئەهلی دڵن یان دڵدارن بزانن کە شەو قەڵایەکی باشە بۆ ئەوان، جا کە وایە ئەگەر لە پەنای باش دەگەڕێن، شەو وەک قەڵای مێردان وایە (قەڵای مێردان کە هەر لەکۆنەوە بۆ پیاوانی ئازا و نەترس باسی لێکراوە) (واتا شەو) یان عاشق و مەعشووق بۆ ئەوەی لە چاوی خەڵک دوور بن بتوانن یەکتر ببینن، ئەوە یەکراست دەبێ پەنابەرنە بەر شەو و لە تاریکی شەو کەڵک وەربگرن. ئاوات لە بەیتی یەکەمدا لەشەو جاڕزە، شەو بە خراپ دەزانێ و لە بەیتی دووەم و سێهەمدا شەو دەبێتە پەنا و هیوا بۆ دڵداران کە وایە شەو لە شیعری ئاواتدا دەتوانێ هەم سونبولی چاکە بێ و هەم خراپە و هەم هیوای بێ، هەم بێ هیوایی لە شیعری سوارەدا بێ خەبەری و بێ هیوایی و تەمبەڵی و تەوەزەلییە هەرچەندە لەوانەیە ئەگەر جوان خوێندنەوەی لەسەر بکرێ، هەڵگری زۆر مانا و دەربڕینی دیکەبێ. لەشیعری ئەمین گەردیگلانی-دا شەو نەخۆشییەکی ڕیشەدارە و شاخ و بەیانی وەزاڵە هێناوە! ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە ئاوات سەرەتا بە ئیستیعارە و تەشبیە و موبالەغە دەستی پێکردووە وەک «نووری ڕوخسار» «زوڵمەتی زوڵف» لەشەو و نووری ڕوخساردا هەم موبالەغە و هەم ئیستیعارە و هەم تەشبیە هەیە کە لە ڕاستیدا ڕووی هیچ مرۆڤێک کاری ڕۆژ ناکا و ڕەشی هیچ زولفێکیش دنیا ناکا بەشەو، هەروەها شەوی تەشبیە کردووە بە قەڵای مێردان پاشان بێ پەردە دەڵێ ئەگەر لە پەنای چاک دەگەڕێی، شەو باشترین پەنا و پشتیوانە بۆ عاشقان هەروەک پێشتر باسم کرد شاعیر هەریەک شێوە، یان یەک ڕەوتی دەربڕینی هەیە کە هەر بۆ خۆیشی داهێنەری ئەو شێوە دەربڕینەیە، بەڵام ئەوەی کە زۆر بۆ من جێگای سەرنجە، ئەوەیە هیچ هەوڵێکی نەداوە کە لە چوارچێوەی ئەو تەکنیکانە بێنە دەرێ و داهێنان و گۆڕانکارییەکی دیکە بخاتە دنیای غەزەل، یان بەگشتی شیعرەوە ئەو ڕەوتەی کە لە سەرەتای شیعر نووسینەوە تا ئەمڕۆ کە پێی دەنووسێ تێک نەدراوە، ئەزموونێکی دیکەی نەهێناوەتە نێو ماڵی شیعرەوە و دەوڵەمەندتری بکا. نموونەی چەند بەیتێک لە هەرسێک کتێبەکەی دێنمەوە تا بۆمان ڕوون بێتەوە؛ لە کتێبی (تاپۆی وەرزێکی سەوز)دا شیعری «دڵی نالی» لاپەڕەی ٤٩دا دەڵێ:

**شیعرێکم دی بەسەر گۆڕی دڵی نالی دا دەگریا**
**شمشێرێ سوور بەسەر کالانی بەتاڵی دا دەگریا**

بەیتی ئاخری هەر ئەو شیعرە:

**دوو چۆمم دی وەک دوو ماری دژ لە جەستەی یەک هالاَبوون**
**خاکی زاماریش لە چنگی وشکە ساڵیدا دەگریا**

لە کتێبی شەوەژانی ئەستێرەیەک شیعری «ئاونگ» لاپەڕەی ٥٢دا:

**تا بەیان ڕۆحی شەوی تاری لەناو سنگا دەژی**
**چاوی ڕوونی خۆر لەناو ئەسرینی ئاونگا دەژی**

لە دوایین لاپەڕەی کتێبی مەرگە خەون شیعری «شەڕ»دا:

**لە لێوی هەور وکانی و هەتاو**
**قوڕاو دەچۆڕێ**
**ڕەشاو لە بسکی گیابەند و خاو دەچۆڕێ**
**دۆڵپاو و زەرووو**
**لە عەرز و زەریاوە هەڵدەتۆقێن**
**خۆرە و کرم**
**لە هەور و مانگ و هەتاو دەچۆڕێ**

ئەگەر ئێمە بێین بەراوردێک لەنێوان هەرسێک شیعری گەردیگلانی-دا بکەین، چێژ و لەززەت ئەوەندە جیاواز نین، دەتوانم بڵێم کارامەیی و پوختە بوونێکی مەعنەوی و ئەزموونێکی وشەیی و پتر قاڵ بوونەوە لە بواری نێوەرۆکەوە بەرچاوە، هەتا (بووتیقا) واتا هونەری نووسینی شیعری سەردەم. (ئەمین گەردیگلانی) هەوڵی داوە لە وشەی پەتی کوردی کەڵک وەربگرێ. لەو بوارەشدا زۆر سەرکەوتووە، بەڵام هەوڵی نەداوە داهێنانێکی دیکەی زمانی سەردەم ڕەچاو بکا و خۆی لە تەک ڕەهەندی زمانی ڕزگار بکا. زمان زۆر سوننەتی و کشتوکاڵی واتا سروشتییە و هەوڵی نەداوە زمان بەرەو چەند توێژی و فرەمانایی ببا. سەرەڕای ئەوەی کە وشە و وێنەکان تایبەت بەخۆیەتی لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا ماونەتەوە و وەک ئەستێرە خەرمانەی سروشتیان داوە. جا با چاوێک لە نموونەی ئەو سێ

شیعرەی کە باسم کرد لە هەرسێک کتێبەکە بکەین بزانین وشە و تەسویرەکان چۆنن. تاپۆی وەرزێکی سەوز شیعری «دڵی نالی». وشە و تەسویرەکان: چۆم، مار، جەستە، خاکی زامار، وشکە ساڵی، شیعر، دڵی نالی، شمشێر، کالانی بەتاڵ. ئەگەر کالان و شمشێر لە وشەکان دەرباوێین تەواوی وشەکانی دیکە سەر بە سروشتن.

شیعری دووەم لە شەوەژانی ئەستێرەیەک شیعری «ئاونگ» وشە و تەسویرەکان:

بەیان، ڕۆحی شەوی تار، سنگ، ژیان، چاوی ڕوونی خۆر، ئەسرینی ئاونگ، هەنگی هەست، گوڵجاڕی ئەوین، جێژوان، لێوی شیعر، شیلەی گوڵ، ڕەنگ، ئەوانەش هەر لە ڕۆحی سروشتدا قاڵ بوونەتەوە، بەڵام لەو شیعرەدا تێکەڵاو کردنی «ئۆبژە و سۆبژە» واتا (عەینیەت و زەینیەت)، یان تێکەڵاوکردنی سروشت و هەست بەرچاوە. بۆ وێنە بە قەرز وەرگرتنی لێو بۆ شیعر، ئەسرین بۆ ئەوین، ڕۆح بۆ شەو، بە شێوەی تەرکیبی کەڵک وەرگیراوە کە دەتوانم بڵێم ڕەگەیەکی ڕۆمانتیک سونبولیک تێکەڵن کە هەنگ و گوڵجار و لێو عەینین، واتا بە چاو دەبیندرێن. هەست و ئەوین و شیعر کە زەینین و هەست پێدەکرێن یان لە زەیندا دەبیندرێن.

دوایین شیعری مەرگە خەون شیعری «شەڕ» وشەکان بەو جۆرەن:

ڕەشا، شابسکی کەسک، گیابەندو خاو، لێو، هەور، کانی، قوڕاو، زەروو، دۆڵپا، عەرز، خۆر، کرم، مانگ، ئەوانەش هەموو دیاردەی سروشتن تەنیا وشەی «دۆڵپا» کە سونبولی دێوی ئەفسانەییە، ئەویش لە خزمەت ئوستوورەی سروشتی مێژوودایە.

لەو دوو بەیتە شیعرەی مەرگە خەوندا تەنیا هێندێک وێناو دەربڕینەکان پڕ ڕەنگترن، ئەگینا لەگەڵ شیعری دڵی نالی زۆر نزیکایەتیان هەیە، بەڵام لە شیعری ئاونگدا شاعیر لەدنیای واقیعی هەڵدێ و پەنا دەباتە بەر ئەو شتە دەرهەستانەی کە لە دنیای واقیعدا نین واتا تێکەڵاوییەک لە واقیع و غەیری واقیع دەکاتە بەردی بناغەی شیعرەکانی. هەرچەندە ئەو دوو شیعرەی کە باسم کردن، گریانی شمشێر و چۆڕینی قوڕاو لە هەتاو هەڵتۆقینی دۆڵپا و زەروو لە عەرز و زەریا، یان هەڵچۆڕینی خۆرەو کرم لە هەورو مانگ و هەتاو. لە شیعرەکاندا، وشەکان لەخۆیاندا باس لە ئۆبژە دەکەن، بەڵام لە شیعری ئاونگدا، زۆربەی وشەکان پشتیان بە سۆبژەوە بەندە واتا سۆبژەکتیشن. سەرەڕای ئەوانەش هەتا غەزەل هەبێ جێ پەنجەی (ئەمین گەردیگلانی) پێوە دیارە. هیوادارم لە داهاتوودا بە شیعری نوێتر و باشتر کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر بکا.

# چییەتی گەمەی خەڵاتکردنی نووسەران
## «خەڵاتی نۆبڵی ٢٠٠٦ بە نموونە»

لە ئێستادا دنیای گڵۆباڵ و میدیاتیک، کۆتاییان بەزەمەنێک هێنا، کە تەنیا چاپکردنی بەرهەمەکانی نووسەرێک بەس بوو، بۆ خوێندنەوەیان لەلایەن خوێنەرەوە، چونکە لەمڕۆدا بەشێوەیەکی گشتی خوێنەر گوێ لەو ڕیکلامە میدیاتیکییە دەگرێت، کە ئاراستەی دەستنیشانکردنی بابەتی خوێندنەوەی بۆ دیاری دەکەن، ئەمەش بەپێی سەردەم و ڕۆژ و گەمە سیاسی و مەزهەبی و ئەتنیکی و کولتوورییەکان دەگۆڕێت.

جا ڕەنگە ئەمە سەبارەت بە خوێنەرانی ناو جەرگەی دنیای گڵۆباڵ و میدیاتیک، تاڕادەیەکی زۆر وابێت و لە ئەنجامی میکانیزمەی پرۆسەیەکی تێکشکاندنی ئیگۆییدا، تەواو پاسیف و بێ ئیرادە بووبێتن کە بەناچاری هەموو ئەو دەقانە بخوێننەوە کە لەمڕۆدا لەسەری دەکرێتە هەڵاو دەزگا میدیاتیکییەکان هالەیەکی بەدەوردا دەکێشن.

گەرچی لە ئێستادا ناکرێت؛ بڵێین خوێنەری کوردیش، بە تەواوی کەوتۆتە ژێر جازیبەی ئەو ڕیکلامە میدیاتیکییەی کە لە ئان و ساتێکی زەمەنیدا و بەمەرام و مەبەستێک بابەتەکانی نووسەرێک، بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێت؛ ئەگەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاتیکی کوردی وازیان لێ بهێنن!؟ کە بەداخەوە پێدەچێت هێدی هێدی کاریگەرییەکی نێگەتیفانەیان لەسەر خوێنەر هەبێت، بەتایبەت پاش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی ٢٠٠٦، بە ئۆرهان پامووک دراو ڕۆماننووسی کورد، یەشار کەمال-ی لێ بێ بەشکرا. ئیدی زیاد لە پێویست بەشان و باڵی پامووک-دا هەڵدراو بەبێ یەک دوو دێر پێشگر و پاشگری وەک «دۆستی دڵسۆزی کورد و تاد...» ناوی ناهێنرێت. بەبێ هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بە باس و خواسی ڕاستەقینەی پامووک و بەرهەمەکانی، مادامەکی لەدنیاو میدیای جیهانیدا، باس باسی ئەوە، دەبێت ئێمەش هەمان گوتراوەکانی ئەوان دووبارە بکەینەوە!؟

کە لە ڕاستیدا دەبوو ئێمەی کورد، لەمڕۆدا زیاتر باس لەو غەدرە بکەین، کە دەرحەق بە نووسەرێکی بەتوانا و جدی وەک یەشار کەمال کراوە. دیارە زۆرێک لە نووسەرە جدییەکانی دنیا، بە تایبەت خودی نووسەرانی تورک، لەمیانەی زۆر چاوپێکەوتن و نووسینەوە ئاماژەیان بەو ڕاستییە داوە؛ کە دەبووایە ئەو خەڵاتە بدرێتە یەشار کەمال، نەک پامووک.

گەرچی ویستمان تەوەرەکەمان لەمیانەی خستنەڕووی دوو پرسیار و دوو وەڵامی نووسەرانەوە، فۆرمۆڵە بکەین، بەڵام بەو پێیەی کە هەندێک لەو بەڕێزانەی وەڵامیان داینەوە، هەردوو پرسیارەکەیان پێکەوە وەڵام داوەتەوە، بۆیە ئێمەش هەردوو وەڵامەکەمان پێکەوە گرێ هەردوو پرسیارەکەشمان کردە پرسیارێک سەبارەت بە (چییەتی گەمەی خەڵاتکردنی نووسەران بەگشتی هۆکارەکانی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ٢٠٠٦ بە پامووک، کە دیارە

پێمـان وایە ئەگەر قەول بێت خەڵاتی نۆبڵ بدرێتە ئەدیبێکی تورکیا، دەبا یەشار کەمال وەریگرتبا؟).

جا بۆیە ویستمان لە میانەی ئەم تەوەرەیەوە چەند دەنگێکی جدی دنیای نووسین بدوێنین، کە بۆ خۆیان تێڕوانین و سەرنجی جودا و جیاوازیان هەیە لەوەی دنیای میدیاتیک بانگەشەی بۆ دەکات، سەبارەت بە چییەتی دەقەکانی پاموک؟

ئەوەی کە بووە ڕێگر لە ئاست وەڵامدانەوەی زۆرێک لەو نووسەرە بەڕێزانەی کە پێوەندیمان پێوە کردن؛ نەخوێندنەوەی بابەتەکانی پاموک بوو، کە بۆ خۆیان ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەن، کە تا ئێستا تەنیا ڕۆمانەکانی یەشار کەمال-یان خوێندۆتەوە هیچ بابەت و دەقێکی پاموک-یان نەخوێندۆتەوە.

ئیدی بەشداربووانی تەوەرەکەمان، هەوڵیان داوە نەگوتراوەکانی نێو قووڵایی هەست و نەستی خوێنەرانی کورد، بکەنە گوتراو.

**ئا: ڕامان**


جەبار جەمال غەریب

### جەبار جەمال غەریب (چیرۆکنووس)

خەڵات تاکە چەمکە دوای زانین کە مێژووی مرۆڤایەتی ناسیوویەتی، هەر دوای ئەوەی ئادەم هەموو ناوەکان دەزانێ، «وعلم ادم الأسماء كلها» سورەتی «بەقەرە ئایەتی ٣٠» لێرەوە زانین دەبێتە یەکەم پێناسەی ئینسانەکان، یەکەم خەڵاتیش کە ئینسان لەو پێناوەدا وەریگرتبێ دەسەڵاتە، دەسەڵاتێک تا ئەو ڕادەیەی کە شایانی ئەوە بێت کڕنۆشی بۆ ببرێ «قلنا للملئكه أسجدو لادم» لێرەوە ڕێچکە و پرەنسیپی خەڵات دەستنیشانکرا یەکەم بەشی خەڵات دانی هێزێکی مەعنەوییە بە خاوەنەکەی «ئەوەتا ئادەم کڕنووشی بۆ دەبرێ» دووەم لایەنی خەڵات بەخشینی سەرمایەی مادییە کە ئەوددەم لە هەموو ئەو دەسکەوتانەدا خۆی نواندووە کە لە بەهەشتدا هەبووە. لێرەوە گوتە بەناوبانگەکەی جۆن دیۆیمان بیردەکەوێتەوە کە دەڵێت «زانست هێزە».

مێژووی خەڵات مێژووی ترس و تۆقاندنە، چونکە هەمیشە بەرانبەر کەسی خەڵاتکراو، کەسی ڕێزلێگیراو کەسانێکی فەرامۆشکراو هەن، کە دەبێ کڕنووش بۆ پاڵەوانی خاوەن خەڵات بەرن، ئەوە جگە لەوەی بەرانبەر ئەو خەڵاتکراوە هەمیشە شەیتانێک هەیە کە کڕنووش نابات و خەڵاتکردنەکە بەناعەدالەتی دەزانێ. کەواتە لەپشت هەموو خەڵاتکردنێکەوە دەنگێک هەیە بۆ سەرکوتکردن، خەڵاتکردن چەند بەخشینە، چەند سەخاوەت و ڕێزگرتنە لەزانین و داهێنان، ئەوەندەش فەرامۆش کردن و بریندارکردنە، ئەوەندەش بەسووک تەماشاکردن و پشت گوێخستنە. توندی ئەو سەرکوتکردنە لەسەرچاوەی خەڵاتەکە دیاری دەکرێ، سەرچاوەی خەڵاتەکە، یان ئەو هێزو دەزگایەی مافی ئەوە بەخۆی دەدات خەڵات ببەخشێ، مافی ئەوە بەخۆی دەدات خەڵک پۆلێن کات و ڕیزبەند بۆ توانا و داهێنان دانێت. ئەو هێزەی خەڵات دەبەخشێ چەند توند و تیژە؟ چەند بەعەدالەت و ویژدانە؟ چ سیستەمێکی عەقڵی لەپشتیەوەیەتی؟ مێژووی داهێنان و سەرچاوەی فیکری بە چ پشت ئەستوورە؟ بۆ خۆی بە چ سیستەمێک بەڕێوە دەچێ؟ لە هەموویان گرنگتر ئەو مافەی لەچییەوە فەراهەم کردووە کە خەڵات ببەخشێ؟

وەڵامی ئەو پرسیارانە ئاستی کوشندەیی خەڵات دیاری دەکات، چەند پرەنسیپە ئینسانییەکان؛ چەند ڕەوابوونی هێزی بەخشینی خەڵات زۆرتر بن، ئەوەندە توانایی مەعنەوی خەڵاتە بەهێزتر دەبێ.

هەرگیز مێژووی خەڵات بەتەنیا نەبەستراوەتەوە بە داهێنانی ئەدەبی، یان توانایی بەرهەمهێنانی فیکری. ئاراستەی خەڵات لەو ڕۆژەوە بە تەواوی دەگۆڕێت یانی هەتا لەو مەبەستە ئایینییەش لادەدات کە (زانین) بەهایەکی نامێنێ. چیرۆکی خەڵاتکراوەکانی ناو

میتۆلۆژیا، ناسراوترینیان ئەفسانەکانی یۆنان، تا دەگاتە خەلاتکردنی پالەوانەکانی شەڕ. خەلاتکراوەکانی سەردەمی فیرعەونەکانی میسر بنەمای سێیەمی خەلاتکردنیان چەسپاند، ئەوەش ئەگەر بنەمای یەکەم لە بەخشینی خەلات، دەسەلاتی مەعنەوی بێت و بنەمای دووەم دەسەکەوتی مادی بێت، لەو سەردەمەدا بنەمای سێیەم زیاتر دەرکەوت ئەویش ئەوەبوو کە هەموو خەلاتکراوێک دەبوو قوربانی بدات. خوێنی قوربانی دەبوو گۆڕەپانی مەعبەدەکان و بەردەم خواکانیان سوورکات، قوربانی جۆرێکە لەسوپاسگوزاری بۆ سەرچاوەی خەلاتەکە.

بنەمای سێیەمی خەلات زیاتر لە بواری سەربازی دەرکەوت، ئەو بنەما کوشندەیە تا ئێستا بە هەمان ئاراستە بەردەوامە، ژمارەی خەلاتکراوەکانی نێو حکومەتە دیکتاتۆرەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.

خەلات چ وەکو چەمک و چ وەکو بابەت زۆر لەوە قوولتر و فراوانترە من بەچەند سەرەقەلەمێک لێی بدوێم، ناکرێ لە بابەتێکدا لەسەر خەلات بێت، لە خەلاتکراوەکانی ئاین نەدوێین، خەلاتکراوەکانی کلێسە، دیارترینیان خەلاتکراوەکانی سەدە هەرە هێواش و سەختەکانی ناوەڕاست، کە بەرانبەر هەموو خەلاتکراوێک نەفرەت لێکراوێک هەبوو، خەلاتکراوەکانی ناو ئایینی یەهوود، کە من سەرچاوەیەکیشم لەبەردەستدا نەبێت دەربارەی خەلاتکراوەکانی یەهوودی خۆ بەرانبەر نەفرەتکردنی فەیلەسووفی هەرە گەورەیان سپینۆزە چەندان خەلاتکراو هەبوون. تا لە ئایینەکانی دواتر ئەوانەی زۆرترین کەس دەکوژن و توندترین باوەڕیان هەیە بە بەهەشت و ژیانی هەتا هەتایی خەلات دەکرێن.

فراوانترین بواری ڕۆحی مرۆڤ کاری تێدا کردبێ «ئەدەبە»، بێگومان دوای مۆسیقا ناسکترینیشیانە. لەبواری حیکمەت و پیرۆزیشدا دوای کتێبە ئایینییەکان کتێبە ئەدەبییەکان دێن، ئەگەر ئەوەش بزانین کە کتێبە ئایینییەکانیش لە شوێنێکدا کتێبی ئەدەبین. سەرەتای نووسین سەرەتایەکی پڕ سەرکوتکردنە، زۆر لە گەورە داهێنەرانی بەرایی زیندانەکانیان ڕووناککردنەوە، مێژووی چەوساندنەوەی ئەدەب زۆر لە مێژووی خەلاتکردنی دوورو درێژترە. هەموو فەیلەسووفە باشەکانی دنیا ئەوانەن کە لە شوێنێکدا نووسەری ئەدەبی بوون، هەموو کۆمەلناسە ورد و خاوەن فیکرەکان ئەو کۆمەلناسانەن کە ڕۆمان خوێنی چاکن، دکتۆرە هەرە بەڕەحم و وریاکان ئەو دکتۆرانانن کە لەگەل شیعر و چیرۆک تێکەلاون، کەواتە گرنگی ئەدەب هیچی لەگرنگی ئایین کەمتر نییە.

نووسەرە ڕاستەقینەکانی ڕۆحیەتی ئینسان، لە هۆمێرۆس و شکسپیرەوە تا دەگاتە گۆگۆل و دیستەیڤسکی هەرگیز بیریان لەوە نەکردۆتەوە ڕۆژێک لەڕۆژان خەلاتکرێن، خەمی گەورەی نووسەر ئەوەیە لە شوێنێکدا بیرکردنەوەکانی بگەن، لە شوێنێکدا ئەو دنیایە ببینرێ کە ئەو دەیخولقێنێ، جوانترین خەلاتی نووسەر پشکوتنی گولێکە لەناخی خوێنەردا، دۆزینەوەی ڕێگایەکی دیکەیە، جوانترین موژدە بۆ داهێنەر ئەوەیە کە سەدان و هەزاران وشە و ڕستەی ئەو لەناخی خوێنەردا وشەیەکی تازەیان خولقاندبێ، ناکرێ بە ئاراستەیەکیش بێت باسی خوێنەر نەکەم، بێگومان ڕۆشنبیرە گەورەکان خوێنەری باش نین، دیسانەوە ئەدیبە ناسراوەکانیش خوێنەری باش نین، لەوەش دلنیام دکتۆر و هەمەکارەکانیش خوێنەری ڕاستەقینە نین، چونکە خوێنەر پێناسەیەکی زۆر پرۆفیشنال و لە هەمان کاتدا سادەی هەیە، کە هەموو ئەو لەقەب و ناوونیشانانە شتێک بۆ ئەو پێناسەیە زیاد ناکەن. خوێنەر ئەو عەقلە، یان ئەو هەستە یان ئەو ئاوێنەیە کە بۆ لەحزەیەک بۆ کاتێکی دیاری کراو تەسلیمی وشەیەک دەبێت و لەو ماوەیەشدا لەدنیای خۆی دادەبڕێت و دەبێتە مولکی نووسەر، بۆ ئەوەی دواتر نووسەر بۆ ئەبەد لەو «دەقەدا» ببێتە مولکی ئەو. بەبێ ئەو پرۆسە ڕۆحییە کاری خوێنەر یان خوێندنەوە هەمیشە ناتەواوە.

بێگومان خەلاتکردن دوای خوێندنەوە دێت، بەبێ ئەم خوێندنەوەیە خەلاتکردن گالتەیەکی بێ مانایە. دەشێ شاعیرێکی خراپ لەسەر شیعرێکی جوان خەلاتکرێ، دەشێ ڕستەیەک وەک چرا سەرنجی خوێنەر لەدەقێکدا بۆ خۆی ڕاکێشێ.

خەلات لە فۆرمی ئەمڕۆدا؛ بێگومان هەموو ئەو چەمکانەی خرانە ڕوو دەشێ زۆر بە وردی شیبکرێتەوە و نهێنییەکانیان ئاشکرا بکرێت، بەلام داواکارییەکەی ئێوە بۆ نووسین لەسەر خەلات لەو فۆرمەی ئێستا دەبینین ناچارم دەکات بگەڕێمەوە سەر بابەتەکەتان.

لەو خەلاتانەی ئێستا هەن من تەنیا شێوازی

پێشکەشکردنی دوانیان بە نموونە وەردەگرم یەکەم، خەڵاتی نۆبڵ وەک ناسراوترین خەڵات، لەرووی ئەوەی کە تەواوی نووسەرانی سەر زەوی، بەجیاوازی رەنگ و نەتەوە و زمانی نووسین و ئاستی رۆشنبیری بۆیان هەیە ئەگەر بۆ لەحزەیەکیش بێت بیری لێبکەنەوە.

دووەم: خەڵاتە ناوخۆییەکان وەک بابەتێکی گشتی، نەک قوڵبوونەوە بە وردەکاریەکانیدا رێگریش لەوە تەنیا و تەنیا ترسانە لەو سانسۆرە ئەدەبییە توندوتیژ لێکەوتەی زۆر خراپی لەدواکەوتن و تەپینی بەشی زۆری ژانرەکانی ئەدەبدا هەیە و لێکەوتە ترسناکەکەشی دەشێ لە داهاتوودا زیاتر دەرکەون.

خەڵاتی نۆبڵ وەک تاکە خەڵات دەرکەوت کە لە بەخشیندا تەنیا رۆحیەتی داهێنان حسابی بۆ دەکرێ، تەنیا توانا لەبن نەهاتووەکانی هەموو بوارەکانی چالاکی مرۆڤ لەبەرچاو دەگیرێ بۆ ئەوەش دەشێ کەسە دیار و داهێنەرە دانسقەکانی دنیا کە ئەو خەڵاتەیان پێدراوە باشترین نموونەبن.

دیسانەوە ئەو خەڵاتە لە ملهوڕییەکانی مرۆڤ رزگاری نەبوو، دیسانەوە ئەو خەڵاتەش نەیتوانی لەبەرانبەر بڕیارە سەرشێتە پێشوەختەکانی مرۆڤ، مەبەستم کارمەندانی راسپاردەکانە، رزگاری نەبوو. سەدەی رابردوو ناوی زۆرە، سەدەی خوێن و سەدەی شەڕەکان و سەدەی تەکنۆلۆژیا بوو، بەڵام نابێ ئەوەمان لە یادبچێ کە بەڕاستی سەدەی ئایدیۆلۆژیاش بوو. ئایدیۆلۆژیا بووە کرمی خەڵاتی نۆبڵ، گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ئەو خەڵاتە ئایدیۆلۆژیا و جیاکارییە لەبیرو باوەڕدا.

بۆ ئەو جیاکاری و گەندەڵکارییە لە بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ زۆر ناگەڕێم، تەنیا ئەو کەسانە بەبیر دەهێنمەوە کە لەبەر هۆکاری سیاسی خەڵاتەکەیان پێنەدراوە بۆ ئەوەش نیکۆس کازانتزاکیس باشترین نموونەیە، ئەو داهێنەرە لە لووتکەی ناوبانگ و داهێناندا بوو بەڕادەیەک بەپێغەمبەری نووسین دەناسرێ و بەتایبەتی لە بواری رۆماندا کە ئەو ژانرە بۆ ئەبەد قەرزداری تواناکانی ئەو نووسەرەیە. سەرەڕای پاڵاوتنی بۆ چەند جار بۆ ئەو خەڵاتە، بەڵام تەنیا بوونی ئەو گومانەی کە کازانتزاکیس لە شوێنێکدا یەکسانخوازە و تارادەیەک لەفیکری سۆشیالیزم نزیکە و خوێنەرێکی وردی مارکسیەتە، ئەو گومانە لەلایەن فەرمانبەرانی ئەو خەڵاتە بەتاوان دەدرێتە قەڵەم و ساڵ لەدوای ساڵ لەو خەڵاتە بێ بەشدەکرێ.

وتووێژە دوور و درێژەکانی سەرانی نۆبڵ لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤێتی ئەودەم لەسەر ئەوەی کام لە نووسەرەکانیان نۆبڵ وەربگرن. خەڵاتی نۆبڵیان بۆ ئاشتی لەو گەندەکارییە بێبەش نەبووە، سەرەڕای بەخشینی ئەو خەڵاتە بە چەندان ئاشتیخوازی دنیا، بەڵام ژمارەیەک جەللادیش ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە.

ئەمرۆ بەخشینی ئەو خەڵاتە بەخشینی خەڵاتێک نییە بەداهێنەرێک، بەڵکو بەخشینی خەڵاتە، یان بە رەوا زانینی مەسەلەیەکە، کە بۆتە کێشەیەکی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان کولتووری دنیا. لێرەدا نامەوێ دژی توانا مەزنەکانی ئۆرهان پاموک لە بواری نووسیندا بدوێم، بەڵام هەرگیز رۆمانەکانی پاموک نین ئەو بەتەنیا خەڵاتەیان وەرگرتووە، بەڵکو لە سەردا بە نهێنییەکاندا چەند هۆکاری گرنگتر هەیە کە ئەو هۆکارانە هەرگیز لەبەرژەوەندی نووسەرێکی وەکو یەشارکەمال-دا نین. لە خاڵی یەکەمدا ئەو خەڵاتە بەخشراوەتە ئەدەبی تورکی، واتە بڕیارێکی پێشوەخت هەیە کە «دەبێ ئەدەبی تورکی ئەم ساڵ خەڵات بکرێ» کۆمەڵێک هۆکاری جیهانی و هەرێمی هەن لەپشت ئەو بڕیارەوە، خاڵی دووەم بوونی رەگی سیاسی، یان بوونی سیاسەت لەپشت رۆمانەکانی پاموکەوە بەو زەقییە، بەتایبەتی دوای ئەوەی خۆی وەک کەسێکی دژی سیاسەتی ئەنتی- ئەرمەنی ناساند. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە یەشار کەمال بێکەسترین کەسە کە کاندیدی ئەو خەڵاتە کرابێ. هیچ هۆکارێکی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی لەبەرژەوەندی یەشار کەمالدا نییە، لەپشت گوێخستنی ئەو پیاوە داهێنەرە هیچ دەزگایەکی رۆشنبیری، یان فیکری، یان فەلسەفی دڵگران نابێ. هیچ دەوڵەت و ئاژانسێکی دنیا و زانکۆیەکی خاوەن توانا لەسەری نیگەران نابێت.

تائێستا کورد نەیتوانیوە لەسەر ئاستی ناوخۆش خەڵاتێک ببەخشێ کە لە شوێنێکدا جێگای شانازی بێت، من لێرە قسەم لەسەر ئەو دەزگاو سەنتەر و ناوەندە نییە، کە لە بۆنەی جیاواز جیاواز خەڵاتیان بەخشیوە. من قسەم لەسەر توانای فەرهەنگی کوردە، راستە کورد لەو ساڵانەی دواییدا دەیەوێت توانایەکی فەرهەنگی کۆبکاتەوە، بەڵام چونکە کارکردن بۆ ئەم مەبەستە ئاراستەکراو نییە، میزاج و سیاسەت لە پشتیەوەیەتی و ئاکامێکی نەبووە، تاکە خەیاڵ و بیرکردنەوە لەپشت خەڵاتکردنی ناوخۆوە لەباشترین حاڵەتدا ئەوە بووە

نووسەری کوردی مەغدوورە، نووسەری کورد هەستی بەداهێنانی خۆی نەکردووە، لە ڕووی مادییەوە پشتگوێ خراوە، بێجگە لەم خاڵانە دەنا پاڵاوتنی ناوەکان و بەخشینی خەڵاتەکان لەڕووی فەرهەنگی و داهێنانەوە لەنزمترین ئاستدایە. ئەو قسەیەم هەرگیز ئەو نووسەرانە ناگرێتەوە کە تەنیا بەهۆی نووسینەکانیانەوە ناسراون، نەخێر کۆ بابەتەکە لەسەر ئالیەتی خەڵاتکردنەکەو سیستمی فەرهەنگی ئەو دەزگایانەیەکە لەپشتییەوە کاردەکەن. هەرچۆنێ بێت توانای فەرهەنگی و حساب بۆ داهێنان و ڕێوڕەسمی خەڵاتکردن لە حاڵەتێکی ئەوەندە نزمدایە کە ناکرێ بەجدی قسەی لەسەر بکرێ.

## ئەنوەر ڕەشی عەولا (شاعیر- فینلاند)

بەر لە هەر شتێک، خراپ نییە لەوە بگەین لەپشت هەر خەڵات و پاداشتێکەوە مەرامێک، حەکایەتێک، نیازێک هەیە. یەکێک لە دێرینترین ئەو حەکایەتی پاداشت و بەخشینانەش بۆ نێو کۆشی ئایین دەگەڕێتەوە بنۆڕە لە (ئەمرکردن بە چاکە.. و نەهیکرن لەخراپە) پێدەچێ یەک لەو ڕەنگڕێژ کردنانە بێت، کە گوێڕایەڵبوون بەم فەرمایشتە، خەڵاتێک لەلایەن خوداکانەوە بە بەندەکانی خۆیان دەبەخشرێ.

گرنگ نییە خوێندنەوەکان بۆ حیکمەتی ئەم پاداشتانە چین و چۆن دەکەونەوە، بەڵکو گرنگ لەوەدایە مرۆڤ گەرەکێتی ببینرێ و جێگە و ڕێگەی ئەو بینینەوەیە ئەو دڵخۆش یاخود نیگەران دەکات، هەیە چاوی دەروونی خۆی بۆ گرنگە، هەیە چاوی ئەو خودایەی کە دەیپەرستێت، هەیە چاوی یارەکەی..، هەیە چاوی ئەو گرووپەی ئەوی تێدا هەڵدەسوڕێ، هەیە چاوی سەرکردە و تەوتەمەکەی..تاد!

واتە لێرەدا کۆجیتۆکەی دیکارت دەبێ بەوەی: (چاوێک من دەبینێت.. کەواتە من هەم) دەشێ بۆ نووسەرانیش یەکەمین خەڵات پڕ بەهاترین خەڵات چاوی تێکست خۆی بێت. بەڵێ بزواندنەکانی تێکستە ئەوانیتر، ڕەخنەگران.. خوێنەران.. دەزگا ڕۆشنبیری و چاپەمەنی و دەسەڵاتدارەکانی ڕاگەیاندن و فیکر و مەعریفە ناچار دەکات کە پێداگرتنەکانی.. هاندانەکانی.. پێشبینییەکانی.. نموونەکانی.. هەڵبژاردەکانی.. ناچارکردنەکانی ببینن! هەر بۆیە دەنگ و ڕەنگێک لە ئەفسوونی وشەکانەوە کە ڕاماندەگرێت و



ئەنوەر ڕەشی عەولا

پێمان دەڵێت: ببینن و لە گرۆتینی توخمی ژیانێک کە لەمندا هەیە کە بە گورزە ڕەوا و ناڕەواکانی فراژیبوونی خۆی چووەتە پێش و بووەتە سەردەستەی ئەنگیزە شاراوە و ئاشکرا پەتییەکانی خۆی.. ڕابمێنن، بنۆڕن لە عەودالبوونم بەدوای خۆمدا گەیشتووم بەچی؟ ئێوەش لەپێناو خۆتاندا و هیچی تر ورد ببنەوە لەخاکیبوونی ئەو سیمایانەم، کە سیمای بەتێکستبوونمە، بزانن.. من هاوەڵی ژیانم، یان ژیان هاوەڵی منە؟ من هەڵقولاوی ژیانم، یان ژیان هەڵقولاوی منە؟ من ڕێنیشاندەری ژیانم، یان ژیان ڕێنیشاندەری منە؟

نووسین: پێدەچێ گەوهەری ئەو ڕۆحیەتە پڕکێش و سەوداسەرەی نێوان بوونی تێکست و بوونی ژیانێک بێ کە هەر دەڵێی ئاوەڵ دوانەی سکێکن و شاخوێنبەر و شاخوێن هێنەری دڵی یەکدین.

ئەوەی ئەم تێگەیشتن و ئەنگیزە بەهادارەمان لا بەرجەستە بکات خەڵاتی خۆی و ئێمەی مرۆڤیشی کردووە، چونکە لە سادەترین مانادا پێماندەڵێتەوە: بوون بێ شوومار یەکەی جیاواز جیاوازە، بۆ ڕاگرتنی یەکدی پاداشتی بوونی یەکتر دەکەن بە هەموو تەبایی و ناتەباییەکیانەوە. لە هەمان کاتیشدا بوون بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی لەخۆیدا ئەم یەکە جیاوازانە وەها لەخۆ دەگرێت کە دەڵێی بێ یەکتر نابن و هەڵناکەن و دابەشبوون نازانن. مەوداکانی بوونیش ئەو دەنگ و ڕەنگانەن کە لە مەوداکان خۆی بڵند دەبنەوە، هیچی دی.

گەر ئەو دەنگ و ڕەنگانەن کە لە نەبوونایە، بوون نەدەبوو بۆ هەمووان.. بوون بوونی هەموومانە جا بەخوار ڕوانین یان بە بەرز ڕوانین لێی. بە هەڵاتن و یاخیبوون یان بەلایەنگری و دەستەودامێنبوون بۆی.

نووسەر وەک هەر مرۆڤێکی هەستیار، بەرانبەر چارەنووسی خۆی بەرپرسیارە، وێڵبووی بەختەوەرییەکە کە لە ڕێگەی ئەو مانایانەی دەیدات بە بوونی مرۆڤانەی خۆی، نیگەرانییەکانی برەوێنێتەوە، داوەتی ئێمەش دەکات و یەکێک لەو فیگەرانەمان بۆ دەکاتە ڕێگاوبان دەرگاکانمان بۆ دەخاتە سەر گازەرای پشت و دەماندا تەوە دەست تەوژمی زانین و وەسوەسە و دڕدۆنگی و سەوداسەرییە تەمەن کورت و درێژەکانی خۆمان.

تا فیگەری ونبوون و دۆزینەوەیەکی تری خۆمان کەشف بکەین و حەکایەتەکانی ئەم گەشتانەمان بۆ یەکدی بگێڕینەوە. ئیدی گێڕانەوە هەیە لەگەڵ ترووکان و هاتنە دەنگی دەمرێ و سیمای نابینینەوە.. گێڕانەوەش هەیە هەزار و یەک شەوە توانای درێژکردنەوەی تەمەنی حەکایەتەکانی خۆی هەیە و کۆتایی هاتنی خۆی دوادەخات. کەوایە خەڵات دەبەخشرێتە ئەو حەکایەتە تەمەن درێژانەی بە سیحر و جوانییەکانیان ناچارمان دەکەن گوێیان بۆ ڕادێرین و لەگەڵیاندا بژین و بیانپارێزین، چونکە پارێزگارییان لەبووژانەوەی ژیانێک بۆ کردووین کە بۆ ئێمە و بۆ بەهاکانی بوونمان بەهادارن، چونکە لە ڕێگەی فەنتازیا گەلێکەوە کە هیدایەتی پێ و ڕێ و ڕۆیشتنی هەنگاوەکانی واقیعێکیان کردووە، بێ ئەو فەنتازیایانە، شکست و سەرکەوتنەکانی نە بەڕێوە دەچوو.. نەدەناسرا.. نە کامڵ دەبوو.. نە تەحەمول دەکرا، چونکە دەمانگێڕێتەوە بەردەم ئەم پرسیارانەی دەبوو بکرابان و نەکران.. ئەو خەونانەی دەبوو بینرابان و نەبینران.. ئەو ئیرادانەی دەبوو بنوێنرێن و نەنوێنران...تاد.

ئەگەر خەڵاتکردن بۆ ئەو بەخشانەیە نهێنییەکمان بۆ دەهێننە زمان کە ڕیسکەکانی ژیان پێویستی پێیەتی، تا بەدیار گومڕاییەکانییەوە تاس نەیباتەوە!

لە تەلیسمی سروشتدا، لەنامرۆڤبوونی خۆمان هەڵبێین و گاڵتە بەوێردی ئەو تیشکانە نەکەین لەوپەڕی دەسەڵاتی زمانزانییاندا فێری وانەکانی بەخشندەییمان دەکەن!

شەرم بمانگرێت بەدیار هەڵکێشانی ملی ئەو باڵندەیەی تا ماوین ناگەین بە حیکمەتی چەهچەهە و نەغمە و عیشوە ڕشتنی دڵدارییە خۆڕسکەکەی! کەواتە خەڵات بەشێکە لە بوونی مرۆڤ و بگرە گیانەوەر و ڕووەکیش؛ لێ بەهای خەڵاتەکان چۆن پۆلێنبەندی دەکرێن و لە چیدان، ئەمە جیاوازییەکەیە. بۆ من چاوی تێکست لە گرنگترین چاوەکانە بۆ نووسەران...، دواتر بەهای چاوەکانی تر! هەر ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر بەهرەمەند بوونی نووسەری ڕاستەقینە. ئەگەرنا پاداشت و خەڵاتکردن هەڕەشە لەتەنیاییەک دەکا کە نووسەر پێویستی پێیەتی، بۆ پاراستنی ئیقاعێک کە دەستی هەیە لەبووژانەوەی دنیای نووسەر و لەقەرەباڵغییە بێ سەمەرەکان دووری دەخاتەوە کە ناهێڵن هێمنانەتر و عاشقانەتر لە جیهانی دەوروبەری ڕامێنێ و لەزەت لەو لەحزاتانە ببینێ، کە بۆ ئەو مانادارن و ئیستهلاکی ناکەن.

دەبێ پێشوەخت بڵێم: نووسەر لە ڕێگەی نووسینەوە عەودالی خۆیەتی و شوناسیش دەدات بەخۆی، نەک لە ڕێگەی خەڵاتکردنەوە، بەڵام ئاسۆی خەڵاتکردنێکیش مەرجدارییەکەی هەر ئاسۆکانی دۆزینەوە و داهێنانبێ، دەبێ گەوهەرەکەی بەهەند وەربگیرێت، چونکە نیازێتی ڕێز بدا بە بەخششەکانی ئەقڵیەت و دەروونێک کە لە فەزای تێکستەکانیاندا جێگەی زۆربەمانی تێدا دەبێتەوە و بەبۆنەی ڕۆح بڵندی و سەوزی ئەوانیشەوەیە، ئێمەش دەکەوینە تخووبەکانی بووژانەوەوە، بووژاندنەوەیەک کە بنەماکانی پلورالیەتی فەرهەنگی و هەمەچەشنی کولتووریمان لەگەڵ خۆیدا بۆ دەهێنێ و خۆیشی هەر لەو زەمینەدا و بەو زەمینەیە ڕسکاوە و خوڵقاوە.

بیرمان نەچێت دەشێ تێکستیش لە سادەترین مانایدا خەڵاتێکی: پلۆرالیەتی ئەقڵی زیندوو و دەروونی زیندوو و زمانی زیندوو و خەیاڵی زیندووبێت.. دەبەخشرێت بە هۆشی هەمووان، ئێمەش لەگەڵ بەریەک کەوتن و کارلێکماندا لەگەڵ تێکستدا ئەو خەڵاتە دەدۆزینەوە. خەڵاتی نۆبڵیش هەروا چاو لێدەکەم، کە خۆی بەدەرخەر و هەڵگرەوەی ئەو داهێنان و دۆزینەوانە دەزانێت.. کە دەبێت دەربخرێن و هەڵبگیرێنەوە، کە پێ موایە ئەوە مەرامی ئەلفرێد بێرنهارد نۆبڵ بووبێت، چونکە خۆی داهێنەر بووە و لە قووڵایی ماناکەشی تێگەیشتووە و بۆ نیشاندانی نیازپاکی و بێلایەنی داهێنانی زانستی و خۆپاککردنەوەی دەروونیش لە هەستکردن بەو گوناهەی کە


داینامیت کارەساتباری خستۆتەوە، ئەم خەڵاتکردنەکەی بۆ داهێنان، کردییە وەڵام بۆ ئەو دەسەڵات و گرووپە نیاز خراپانەی پەیامی زانست دەگۆڕن و هیدایەتکردن و ڕێزلێنانیش بۆ بیریاران و داهێنەران.

بەڵام ئەم خەڵاتە مەرج نییە وەک مەرامی خۆی لەنێو هەڵبەز و دابەزینی مەرامە سیاسی و نێودەوڵەتییەکاندا وەکو خۆی بچێتە پێشەوە، وەکو چۆن داینامێت بۆ مەرامی وێرانکردن بەکار برا... دەشێ ئەمیش لەژێر قامچی غەدرەکاندا دەرنەچێت. ئەوەتا پیاوێکی جوانی وەکو ئەلبێر کامۆ دەبێژێت: (نیکۆس کازانتزاکیس، سەد ئەوەندەی من شایانتری خەڵاتی نۆبڵە). ناخوازم لە باسەکە دوور بکەومەوە، بەڵام ڕۆشنە هەموو جار ئەوە تێکست نییە دەخوێنرێتەوە، بەڵکو ئەوە شارستانییەتە لەبەر چاو دەگیرێت، بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە. ئەم قسەیەشم ئەوە ناگەیەنێت پێم وانەبێت تێکست لەدەرەوەی شارستانییەتەکان لە دایک دەبن. بێ پەردەتر هەتا نووسەرێکی عەرەب و تورک و فارس هەبێت نایدەن بە نووسەرێک کە میللەتەکەی ژێر دەستی ئەوان بێت، چونکە ئەمە کێشەی سیاسیان بۆ قیت دەکاتەوە.

ئەگەرچی ڕێکەوتیش نییە کە ئەمەریکا لە پێشی پێشەوەی ئەو وڵاتانەیە کە ئەم خەڵاتەی وەرگرتووە لە بواری زانستدا.. دواتر ئەڵمانیا.. و بەریتانیا.. و لە ئەدەبیشدا فەرەنسا پێشڕەوە، کە شارستانییەتی ئەمانەش پەنجە درێژکردنی ناوێ! زۆرم نەوتووە گەر بڵێم کورد تا نەچێتە مێژووەوە بەمانا هیگڵییەکەی، کەسی شایستەی نۆبڵیشی هەبێت نایدرێتێ.. ئەگەر درا ئەوە بزانە دەبێ بە دەوڵەت، با ئەم قسەیەم وڕێنەیەک بێت و بەس!

**حەمە فەریق حەسەن (چیرۆکنووس- دانیمارک)**

پێدەچی ئێمەی کورد، لە هەر سەرکەوتنێکی دەرودراوسێکاندا، جا سیاسی بێ یان ڕووناکبیری، جارێکی دی زامی کۆنمان بێتەوە سوێ و دیسانەوە هەستکردن بە غەدری مێژوو تێمان بئاڵێ و هەر سەرکەوتنێکی ئەوان شکستی خۆمان بێنێتەوە یاد.! وەک چۆن لەوەتەی (حسێن) شەهید بووە شیعە خۆیان بە مەزڵووم دەزانن. ئێستاش کە جلەوی عیراقیان بەدەستەوەیە هێشتا ئەو هەستی مەزڵومییەتە بەرینەداون. ئێمەی کوردیش، بەو هەستەوە، کە وەک



حەمەفەریق حەسەن

مۆتەکە چۆکی لەسەر کۆڵەی سینگمان داداوە، فرچک دراوین.. قەست دەکەین ئەوەی بەدرێژایی هەزاران ساڵ پێمانکراوە لەچەند ڕۆژێکدا، قەرەبووی بکەینەوە. هەستکردن بە کەمسەریی نەتەوایەتی «الشعور بالنقص القومی» پێمانەوە لکاوە و لێمان نابێتەوە. خەڵاتی نۆبڵ، بەزۆریی بەو کەسانە دەدرێ، کە خوێنەریان زۆرە و ڕووناکییان زۆر لەسەرەو داهێنەرن.. یەشار کەمال لەو نووسەرانەیە، کە خوێنەری بەربڵاوی هەیە، وێڕای ئەوەی بەزمانێکی زیندوو دەنووسێ. بەسەر کارەکەیدا تەواو سوارە، بەقووڵی گوزارشت لەدەرد و ئازارەکانی مرۆڤ دەکا. دژ بەغەدری مێژووە و لەگەڵ چینەکانی ژێرەوەدا هاوسۆزە. شارەزای تەواوی کۆمەڵگەی خۆیەتی و بەچاکی گوزارشتی لێدەکات.. بەش بەحاڵی خۆم لەنێو نووسەرە زیندووەکانی ئەم سەردەمەدا کەس لە یەشار کەمال بە شیاوتری ئەو خەڵاتە نازانم.

ئەوەش بزان لە وڵاتی تورکیادا، دەسەڵات کەیفی بە داهێنەران نایەت. ئێستاش زۆریان پێ ناخۆشە، کە ئۆرهان پاموک ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە.. ئەوە باش بزانین کاتێ باسی تورکیا دەکرێ، کەس نە خەلیفەکانی سەردەمی زووی ئەو وڵاتە و نە کاربەدەستانی فەرمیی هاوچەرخی بیردەکەوێتەوە، بەڵکو لەگەڵ ناوهێنانی تورکیادا یەکسەر زەینی مرۆڤ بۆ لای ئەم ئازیزانە دەچێت: «سەعید نوورسی، نازم حیکمەت، یەشار کەمال، عەزیز نەسین» بۆ خۆم لە (قەیسەری) کە

شارێکی زۆر جوانی تورکیایە و دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەو وڵاتەوە، ئەڵقەی ئایینی ڕێبازی (نوورسی)ی کوردم بینیوە.. دیومە چلۆن قوتابی و مریدەکانی بەڕێزێکی بێپایانەوە، خۆیان ڕادەژەنن، بە شانازییەوە وتەکانی دەڵێنەوە و دەوری کتێبەکانی دەکەنەوە. دیارە دەوڵەتی تورکیا کەیفی بەم ئەڵقە ئایینیانەش هەر نایەت، چونکە (نوورسی) درووود بۆ گیانی پاکی، زانایەکی کورد بوو..

سەیرە، دەسەڵاتی تورکیا ڕکی لە بەهرەمەندەکانی خۆیەتی و قاویان دەدا. دەیانچەوسێنێتەوە. لە کونەڕەشیان قایم دەکا. ڕەنگە لە هەندێ شوێندا ئەگەر لە تورکیادا ناوی نازم حیکمەت، ئەو ناوە گەشەی، کە ڕۆژهەڵات خۆشیدەوێ بهێنی، تووشی لێپیچینەوە ببی! بۆیە کاربەدەستان لەوێ ئۆرهان پاموکیشیان خۆشناوێ، بەتایبەت لەمەولا، چونکە بەهۆی خەڵاتەکەوە بۆتە هاونیشتمانییەکی جیهانی. ئیدی بۆی هەیە لە جاران ڕاشکاوتر بدوێ و ڕەخنە بگرێ! کەواتە ئۆرهان پاموک بۆ دەوڵەتێکی وەک تورکیا نەک هەر شانازیی نییە، بەڵکو دەردی سەریشە!

سەبارەت نووسەری بەتوانا یەشار کەمال. بەری هەر لایەنێک پێویستە گلەیی لە میدیاکانی خۆمان بکەین. زۆر میللەت لە ئەفریکا و ئاسیاشدا هەن، دەیان ساڵە خاوەن دەوڵەتن، بەڵام سەتەلایتیان نییە. کەچی کورد ژمارەیەکی بەرچاوی هەیە، وەلێ بەگۆرانیی (فەتەڕۆ)ی حەیابەرەی نەشاز پڕی دەکاتەوە..

کێ دیوێتی ڕۆژێ لە ڕۆژان، یەکێک لەم سەتەلایتانە گفتوگۆیەک لەگەڵ ئەو نووسەردا کە پێویستە ئێمەی کورد هەموو شتێک لەمەڕ ورد و درشتی ژیان و ئاوات و خۆزگە و بریاکانی بزانین سازبکات؟ کوا گۆڤار و ڕۆژنامەکانمان گرنگییان پێداوە؟ ئەو زاتە (ئەستێرە)یەکی بێ وێنەیە. دەبوو هەموو ڕۆژێک بیر بینەر و خوێنەر بخرایەتەوە. کێ بیستوویەتی، جارێک لەجاران دەزگایەکی ڕووناکبیریی کورد ئەم زاتەی خەڵاتکردبێ؟

تۆ بزانە میسرییەکان چی بۆ (نەجیب مەحفووز) دەکەن.. ئەگەر بەشوێنداچوونی میدیای نووسراو و بینراوی عەرەبت هەبێ، ئەوسا دەزانی، کە قەت ڕۆژێک نییە باسی ئەوی تێدا نەکەن.. هەر جاری لە گۆشەنیگایەکەوە.. ئایا هەست بەوە کردووە، کە لە (ئیتالیا)دا، پار (٢٠٠٦) ساڵی (سۆفیا لۆرین) بوو؟ هەموو ڕۆژێک ئەو خانمخاسە لە میدیادا ئامادەبوو. ئەو ئەکتەرێکی جوان و داهێنەری سینەمای ئیتالیا و جیهانەو دووجاران خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتووە. کەچی وێڕای بوارە هونەرییەکەش، کە هەردەم لێیدەگێڕنەوە و ئامادەیە، لە کردنەوەی (ئۆڵەمپیاد)یشدا، کە پێوەندیی بەوەوە نییە، هەر بانگی دەکەن و دەستپێک دەبێ دەرکەوێ و ئەو مەشخەڵەکە هەڵکا، یان ئەو قردێلەکە ببڕێ! چونکە خانمی لۆرین و مەحفووز ڕووی جوانی ئەو دوو میللەتەن. گەلانی زیندوو وەها مامەڵە لەگەڵ ئەستێرەکانی خۆیاندا دەکەن. کاری میدیاش ئەوەیە، ڕووی جوانی میللەتەکە پیشانی دەرودراوسێ و دوور بدات.. یەک لەباری کورد، ناحەزانمان بەدرێژایی مێژوو، لێکدا لێکدا وێنەی ئێمەیان وەک دزێوێک پیشانی دنیاداوە، دەبا هیچ نەبێ کورد لەمیدیای خۆیەوە بەوێنەی جوان، هەوڵبدات وێنە دزێوەکان بسڕێتەوە. خۆ یەشار کەمال وێنەیەکی جوانە.. بەڵام کاکەگیان بە کێ دەڵێی؟ میدیا لە ناساندنی ئەدیب و هونەرمەندانی کورددا بەدنیا، ڕۆڵی گرنگ دەبینێ.. ئێمە دژی خۆمانین.. لەشتە جوانەکان و لە ڕوخسارە جوانەکان دەترسین و (غیرە)یان لێدەکەین. تەواو پێچەوانەی هەموو دنیا!! تۆ لە دەرەوەی کوردستان ئەگەر (ئەستێرە)بی، هەرکە کارێکی نوێت پێشکەش کرد، ئیدی فریاناکەوی وەڵامی جەماوەری (موعجەب) بدەیتەوە، ئەمەندەت نامەی پیرۆزبایی بۆ دێ. کاتێ لە شوێنە گشتییەکاندا دەرکەوتی پێڕاناگەی و نازانی لەگەڵ چەند کەس وێنەی یادگاری بگری. فلاشی کامێراکان ئاوی چاوت دەبەن. ئێمە دەبێ بۆ داهێنەری کورد بگرین.. قەدەری یەشار کەمالیش ئەوەیە بە کورد خەڵق بووە، دەبێ بینۆشێ! دەبوو یەشار کەمال قردێلەی پیشانگەکانی کتێبی ئێمەی کوردی ببڕیایە.. سەرۆکی فەخریی نووسەرانی کورد بوایە. دەبوو زۆرجاران بانگهێشتی باشوور بکرایە و کۆڕو سیمیناری بۆ سازبدرایە. لەسەر زاران بوایە. لەنزیکەوە هەستی بە پشت و پەنای زیاترو ئامێزی گەرمتر بکردایە، پەیمانگەی بەناوەوە هەبوایە.. دڵنیام، چونکە داهێنەرە، ماستاوو ڕووپامایی بۆ کەس ناکات، بۆیە لێی ناپرسنەوە.. ئاخر نووسەرێک ئەگەر میللەتەکەی خۆی بە باڵای نەبڕێ و دەستی بۆ بەسینگەوە نەگرێ، تۆ چاوەڕوانی چی لە بیانی دەکەی؟ خۆ هەر بە تەنیا یەشار کەمال نییە وەها مامەڵەی لە تەکدا دەکرێ،

هەر نووسەرێکی کورد داهێنەر بێ و ڕۆژێ لەڕۆژان دوو وشەی جوانی بۆ میللەتەکەی نووسیبێ، هەست بە غەدرو پشتگوێخستن دەکا. کەسێ لەلایەن گەلەکەی خۆیەوە پشتگوێ خرا، ئیدی چلۆن نۆبل وەردەگرێ؟ کورد نزیکەی چل ملیۆنە، بەڵام یەشار کەمال بێکەسە. لەم سەردەمی عەولەمەیەدا هەر کتێبێک میدیا باسی نەکات مردووە، هەر نووسەرێک میدیا نەیناسێنێ نەناسراوە، بەڵام میدیاکانی کورد ئەمە بەکاری خۆیان نازانن. ئەوان بەم پشتگوێ خستن و خۆ لێ نەبان کردنە غەدر لە ڕەوتی ڕووناکبیریی و بەهرەمەندانی خۆیان، بەیەشار کەمال-یشەوە دەکەن. دڵنیام کاتێک ئەو زاتە کۆچی دوایی کرد هەموو بۆی دەدەن لە هارەی براڕۆ، بەڵام ئێستا ناویشی ناهێنن. ئایا کوردیش ئەم پەتایەی لەدەسەڵاتی تورکەوە گرتووە، کە داهێنەرانی خۆی قاودەدا و فڕێیاندەداتە ئەودیو سنوورەکانی؟ بەڵێ دەبوایە میدیاکانی کورد یەشارکەمال-یان بخستایەتە سەر زاری هەموو بیانییەکیش. ڕێگەی نوبڵیان بۆ تەخت بکردایە. دەبوایە بانگهێشتی باشوور بکرایە. دەبوایە بەرلەوەی چاوەڕوانی ئەوەبین لە ئەورووپاوە خەڵات بکرێ، کورد خۆی خەڵاتی بکردایە و ڕێزی لێ بنایە! ئایا هەر لەبەر ئەوەی یەشار کەمال ڕەنگێکی لەخۆی نەداوە، ئیدی دەبێ پشتی تێبکەن؟ جا کەواتە جیاوازیی برادەران و حکوومەتی تورک چییە؟ حەز دەکەم لەم دەرفەتەدا ئەوە بڵێم، لە کوردستان هەن خەڵات دەکرێن، بەڵام ئەوە نین! هی دیکەهەن لە هەندێکیان شیاوترن و کەس هەر ناویشیان ناهێنێ. بەتایبەتی لەدەڤەری سلێمانی. ئەوە هەر زەمانە و دەرو دراوسێ و دنیا نییە، کە غەدر لە داهێنەرانی کورد دەکەن و کردوویانە، بەڵکو خۆشمان لەم بێ ویژدانییەدا، کە دەرهەق بە مرۆڤی داهێنەر دەکرێ لە هەمووان دڵڕەقترین!

یەشار کەمال لە پێشدا لەلایەن خودی کوردەوە ئابڵوقە دراوە، ئەمجا لەلایەن دەسەڵات، نەک گەلانی تورکیاوە.. سەرنجی دەوروبەرمان بدە، ئێمە بەهێزی وێرانکاریی چواردەورمان تەنراوە نەک بەهێزی داهێنان. لە چوار کەناردا پێشبەرکێی ڕاکێتهەڵدان و کوورەی ئەتۆم و زرەی زنجیری تانک و هارەی (ئێف)ەکانە.. بۆیە واپێویست دەکا ئەو توانای داهێنانەی، کە هەمانە بیخەینە کارو هەرکەسە لە بواری شارەزایی خۆیدا هانبدرێ. داهێنان هەردەم جێی متمانە و بڕوایە. داهێنان لە بەرانبەر هێزی کاولکاریدا.. لە چواردەورماندا هێزی مەرگ کلاشە دەکات، دەبا ئێمە ڕێ لەپێش ئەدەبی زیندوو، بەهرەی زیندوودا، کە هێزی ژیانە هەموار بکەین.

ڕۆمانەکانی یەشار کەمال شایانی ئەوەن بکرێنە فیلم و بۆ شانۆ ئامادە بکرێن وەک چۆن کاتی خۆی (تەنەکە) خرایە سەر شانۆ پاشان وەک درامای تیڤی تۆمارکرا.. دروود بۆ گیانی پاکی (شوکر مستەفا)، کە لەناساندنی یەشار کەمالدا دەستپێشخەر بوو.. بەڵێ یەشار کەمال غەدری لێکراوە. ئێمەش بەشی خۆمان لەو غەدرەدا بەرپرسیارین! وەک پێشتریش وتم، ئێمە گرێی «کەمسەریی نەتەوایەتی»مان هەیە. دەنا ئەوەی ئۆرهان پاموکیش نووسیویێتی، دواجار ڕێک وەک بەرهەمەکانی یەشار کەمال، دەبێتە بەشێک لەکەلەپووری جیهان، هەموو بۆمان هەیە چێژی لێ ببینین.

### ئالان ئیسحاق پەری (شاعیر- دانیمارک)

خەڵاتکردنی نووسەر و هونەرمەندان یان هەر بلیمەت و داهێنەرێک، من بە یەکێک لە پێویستییەکانی داهێنان و پێشکەوتنی دەبینم، خودی خەڵاتکردنەکە ڕێزلێنان و پێزانینێکە بۆ بەرهەمی نووسەر و هونەرمەند و دەبێتە مایەی هاندان و هەوڵدان بەرەو کاری نوێتر و بەردەوام بوونی لەسەر پەیامە مرۆییەکان. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە لەلایەن کێوە ئەو خەڵاتانە دێنە دابەشکردن و دەدرێنە کێ؟

لە مێژووی هەر کارێکی مرۆییەوە هەمیشە هێزێک هەبووە کە بزوێنەری ئەو کارە بێت کە نووسەرەکانی پێش خۆمانی پاڵناوە بۆ شیکردنەوەی ساتەکان و وتنی شتە نەوتراوەکان و دواتر گەیشتن بە فەنتازیاکردنی ژیان و شتەکان..، ئایا ئەو نووسەرانە شایەنی ڕێزلێنان و خەڵات کردنن، کە ژیان و هەموو کاتیان بەخشیوەتە مرۆڤایەتی و لە ڕێی کارەکانیانەوە بزاوتی ڕۆشنبیری و هزری مرۆڤیان پڕ لە تێگەیشتن کردووە؟ یان ئەو نووسەرانەی کە قەڵەمەکانیان بە پاڵنەری دەزگایەک یان بۆچوونی حزبێکی سیاسی بەرهەم و نووسراوەکانیان دەکەنە پێشەنگی پەیامەکانیان؟؟.

خەڵات کردن یان ڕێزلێنان.... با لە خودی ئەم وشەیە نزیک ببینەوە، مرۆڤ بۆ خەڵات دەکرێ؟ نووسەر یان هەر داهێنەرێک بۆ ناوی دەچێتە نێو خانەی ڕێزلێنانەوە؟

ئاشکرایە لای هەمووان کە بەهرەمەندەکانی دنیا بە زاناو فەیلەسووف و هونەرمەندانیش بێ وچان لەهەوڵی ئەوەدابوون کە شتێکی بەنرخ بۆ مرۆڤایەتی زیاد بکەن و چەرخی دنیا بەرەو پێشتر بسوڕێنن و چاوەڕێی هیچ نرخێک یان پاداشتێکیان نەکردووە، لە بری ئەو هەوڵە نەپساوەیان، بەڵام بە ئەرکی مرۆڤایەتی و دەزگا بەرپرسەکان و نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان ئەو هەوڵ و ماندووبوونەیان بەرز و بە بایەخ بنرخێنن و ژیان و مافێکی وەهایان بۆ تەرخان بکەن هەتا لەمیانەی کارەکانیان شانازی بەخۆیان، کارەکانیانەوە بکەن.

خودی خەڵات کردن بەهایەکی مەعنەوییە پێش ئەوەی ماددی بێت و کەناڵێکی کراوەیە بۆ ناوبانگێتی ئەوکەسانەی کە خەڵات دەکرێن، هەروەها دەروازەیەکیشە بۆ ئاشنابوون و گەڕان بەدوای بەرهەمەکانیان، هەندێ جاریش ئەو کەسانەی کە خەڵات کراون زێدەتر بەدنیا دەناسرێن و هەمیشە فزوڵێک دێتە ئاراوە بۆ خوێندنەوەی کارەکانیان و قووڵبوونەوەی زیاتری بەرهەمەکانیان. هەموو ساڵێک خەڵاتی نۆبڵ، بە تایبەتی نۆبڵی وێژە، دەنگۆی بەرزی لێدەبێتەوە، بەشێوەیەک دەیان لێکۆڵینەوەو قسەو باسی لێوە دەکرێ و هەندێ جاریش ئەوانەی کە خەڵات دەکرێن لە نێو لیستی کاندیدە چاوەڕوانبووەکان نابن، کە ساڵی ڕابردوو یەکێک لەو کاندیدکراوانە نووسەر و ڕۆماننووسی بەتوانای کورد (یەشار کەمال) بوو کە زۆرێک لە پێشبینانی نێوەندی ئەدەبی چاوەڕێی هەڵبژاردنی دەکرا لەلایەن ئەکادیمیای سوێدییەوە. هەرچەندە یەشار کەمال بە گەرمی پیرۆزبایی لە خەڵاتکراوی ئەم خەڵاتە کرد کە ڕۆمانووسی تورک (ئۆرهان پاموک) بوو، بەڵام ئەزموونی گەورەی نووسینەکانی یەشار کەمال بووە قوربانیی شرۆڤە و هەرانانەوەی یەکێک لە تەوەرە گەرمەکانی ئەم سەردەمە کە (ئۆرهان پاموک) وەک ئەوەی مەبەستی بێ و مەبەستیشی نەبێ لە هەمان کاتدا: یەکەم ئەو مەسەلە هەستیارانە بۆ مرۆڤایەتی وەدەرخات و دووەم بەڕەی ئەو ڕێزلێنانە گەورەیەی لەژێر پێی یەشار کەمال و زۆرێکی تر لەو نووسەرە کاندیدکراوانە دەرهێنا.

ساڵی ڕابردوو نۆبڵی وێژە بەخشرایە ڕۆماننووسی تورکی تەمەن (٥٥) ساڵ (ئۆرهان پاموک) بۆ ڕۆمانی (ناوەکەم سوورە)، پێشتر پاموک لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی سویسری (تاگاسا نتسایگ)دا باسی لەوە کردبوو کە: (تورکیا لە یەکەم جەنگی جیهانیدا کۆمەڵ کوژیی یەک ملیۆن ئەرمەنی و کوشتنی زیاتر لە سی هەزار کوردی ئەنجام داوە و کەس لەمن زیاتر دان بەو ڕاستییە نانێ)، ئەم لێدوانانەی پاموک کە هەرایەکی گەورەیی نایەوە لەنێوەندە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی تورکیا، پاموک و زیاتر لە ٧٠ نووسەری جۆربەجۆری تورک چاوەڕێی دادگایی کردن دەبن بەهۆی لادانیان لەو یاسایەی کە دژ بە دەسەڵاتدارانی تورکیا بۆ ئەم مەسەلەیە هەیە؛ کە هەتا ئێستا حکوومەتی تورکیا دان بەو ڕاستییەدا نانێت و ئەوەی کە باس لەو مەسەلەیەش بکات بە کەسێکی خائین بەدەوڵەتی تورکیای دەژمێرێت. تەنانەت بە ڕەسمی لەلایەن حکومەتی تورکیشەوە پیرۆزبایی لە پاموک نەکرا، لەلایەکی ترەوە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا بە توندی لە دژی دەوەستنەوە و هەمیشە بە کەسێکی خائین و بێ ئینتیما بۆ دەوڵەتی تورک لە قەڵەمی دەدەن.

پاموک-ی شارەزا لە کولتووری کۆنی فارس و زەمەنی سوڵتانە عوسمانییەکان، لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە دەیەوێت ئەوەی کە نەگوتراوە بیڵێت و زۆر بە ڕاشکاوانە بچێتە نێو ئەفسانە کۆنەکانی سۆفیگەرێتی و دەیەوێ لە و ڕووداوانە بدوێ کە لەزەمەنی عوسمانییەکاندا ڕوویان داوە، هەروەها تێکەڵ گەلێک دەبینرێ لە زۆربەی نووسینەکانی بۆ جیاوازییە کولتوورییەکان و ئەو ململانێیانەی کە لە ڕێی ئەو کولتوورانەوە دێنە دروست بوون.

هەرچەندە پاموک هۆی هەڵبژاردنی و بایەخی ئەو خەڵاتە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لەبەر ئەوەی نووسینەکانی زیاتر دەقی ئەدەبین بۆ هەموو مرۆڤایەتی نووسراون، بەڵام وەک دیارە ئەکادیمیای سوێدی لەنزیکەوە ئاگاداری نووسین و هەڵوێستەکانی پاموکە کە لە زۆربەی ڕۆمان و نووسینەکانی لەسەر مەسەلەی ناسیۆنالیستی تورکی و بزووتنەوە ئیسلامییەکانی تورکیا هاتوونەتە بەرجەستە و دەیەوێ هەستیان زیاتر بورووژێنێ، هەروەها ئەکادیمیایی سوێدی ئۆرهان پاموک بە نووسەرێکی بوێر و سەرکێش و ئازا ناو دەبا بۆ ئەو هەوڵانەی کە ناوێتی بۆ نووسین و وتنی لەو جۆرە دانپێنانانەی کە لەنووسەرێکی تورک هاتۆتە وتن، کە هەتا ئێستا دەسەڵاتی تورکیا دانی بەو ڕاستییەدا نەهێناوە.

هەرچەندە سەرۆکی ئەکادیمیایی سویدی لە پرسێکی ڕۆژنامەوانیدا ئەوەی گوتبوو کە پامووک شتێکی تازەمان پێشکەش دەکات لە ڕۆمانەکانیدا و توانیویتی دوو کولتووری جیاواز و پڕ لە ناکۆکی (مەبەست لەکولتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە) بۆمان بهێنێتە پێش چاو، بەڵام (ئۆرهان پامووک)ی تورک گەر لەبەر ئەو هەڵوێستانەی کە لە دژی دەسەڵاتدارانی تورکی گوتبوون و گەر ڕۆمانەکانی تێکەڵێک نەبوونایە لە سیاسەت و کولتوور ئەو خەڵاتەی پێنەدەبەخشرا.

لە مێژووی خەڵاتی نۆبڵدا زۆر کەس فەرامۆش کراون و گەلێک بلیمەتی بەتوانای پەراوێز و دوور خسۆتەوە لەو خەڵاتە پڕ بایەخەی جیهان، هەندێ جار لیژنەکانی هەڵبژاردنی کەسایەتییەکان بۆ ئەم خەڵاتە دەکەونە ڕاڕایی و گومانەوە، لە ترسی ئەوەی کە کەسێکی شیاو و کەسێکی بە مانای وشە داهێنەر و کارەکانی لە خزمەتی مرۆڤایەتدا تەرخان کردبێت، بەڵام سەرپشکانی ئەم خەڵاتە ناتوانن بەڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی ئەو یەکلاییە ببینن لە هەڵبژاردنی کەسایەتییەکان، وەک ئاشکراشە زۆربەی ئەوانەی کە خەڵات کراون لە هەموو بوارەکانی ئەم خەڵاتە، تەمەنیان لە سەروو شەستەوەیە و کەم دەبینی گەنجێک خەڵات بکەن کە زۆر لەو گەنجانە نەک هەر بلیمەتن، بەڵکو کارەکانیان زۆر دیارن و مرۆڤایەتی سوودی لێوەرگرتوون. یەکێک لەو گومانانە ئەوەیە کە هەتا ئێستا ئەو خەڵاتە لەو ساڵەی کە بەڕەسمی پەسەند کراوە تەنیا بە **٣٣** خانم بەخشراوە لە وڵاتێکی وەک سویددا کە بە یەکەم وڵات دادەنرێ بۆ وەدەستهێنانی مافی ئافرەت.

لێرەدا دەبێ پرسیارێک بکەین: ئایا خەڵاتی نۆبڵ هەتاکەی ناتوانێ دەوری یەکلایی ببینێ و جیاوازی نەکات لە بەخشینی ئەو خەڵاتە بەو کەسانەی کە شایەنی ڕاستەقینەی ئەو خەڵاتەن؟ ئایا مەبەستی ئەو خەڵاتە تەنیا بۆ ڕێزلێنانی کارەکان دەبێت، یان مەبەستی ناوداركردنی کەسایەتییە خەڵات کراوەکانە و هیچی تر؟ بۆ دەبێ خەڵاتی نۆبڵی ویژە تەنیا ببەخشرێتە ڕۆماننووس، بۆ نەبەخشرێت بەشاعیرانیش؟ ئەمە ڕێکەوت نییە کە لە بەرنامەی هەندێ لە خەڵاتە ئەدەبییەکان و بە تایبەت خەڵاتی نۆبڵی ویژە، ڕۆماننووس هەڵدەبژێرن بۆ وەرگرتنی ئەو شەرەفە ئەدەبییە، کە بەڕای من دەکرێت ئەو خەڵاتەش ببەخشرێتە



**ڤینۆس فایق**

شاعیران، چونکە زمانی شیعر زمانێکی جیاواز ترە و تاڕادەیەکیش بلیمەتی و سەلیقەیی دانانی وێنەکان و بە فەنتازیای شیعر جیاواز نییە لە نووسینەوە و گێڕانەوەی ڕووداوەکان هەروەک ئەوەی لە ڕۆماندا هەیە. شیعر دەتوانێ زیاتر ببێتە ئیمپراتۆری وشەو زمان و ڕووداو، کە دەکرێت بە ڕستەیەک، یان بە چامەیەک هەموو مەبەستەکان بەشێوەیەکی ئێستێتیکی بپێکێ.

من لە چاوەڕوانی هەڵبژاردنی یەکێک لەو شاعیرانەدا بووم کە کاندید کرابوون بۆ خەڵاتی نۆبڵ کە ئەوانیش یەکەمیان شاعیری کورد (شێرکۆ بێکەس) و دووەمیان شاعیری عەرەب (ئەدۆنیس) بوو، بەڵام ئەم خەونە شاعیریانە هەمووی بەباچوون و ئەمساڵیش بە هەمان ڕێچکەی ساڵانی پێشوو، هەمیشە ڕۆماننووس بووە خاوەنی ئەو خەڵاتە بە نرخەی مرۆڤایەتی.

### ڤینۆس فایق (شاعیر – ڕۆژنامەنووس)

بێگومان ئەگەر زانستیانە بیری لێبکەینەوە خەڵاتکردنی نووسەر، یان هەر بەهرەمەندێک لە هەر بوارێکی تردا بۆ خۆی وەک من بزانم لەسەر بنەمایەکی زانستی و ئەکادیمی دەبەخشرێ، بۆیە هەمیشە وەک هاندان و ڕێزلێنان و بەرز ڕاگرتنی بەهرە و تواناکانی و ڕێزنان لە بەرهەمەکانی کە خزمەتی مرۆڤایەتی پێکردووە دەبەخشرێت.. ئەگەر بەخشینی خەڵات بەپێی یاسا و ڕەچاوکردنی زۆر خاڵ و شایستەیی و بەرهەم و توانا

ببەخشرێت، بەڵام ئەگەر بەخشینی خەڵات مەسەلەی جیاوازی تێبکەوێت، یان مەسەلەی ناسراوی و ناو ژێرەوژێر پشتگیری کردن، ئەوە بە باوەڕی من شەرعیەتی نییە.

خەڵاتی نۆبڵ حکومەتی تورکیا، یان هیچ لەو حکومەتانەی کوردستانی گەورەیان داگیرکردووە نایبەخشن، ئەو خەڵاتە سویدییە، ئەکادیمی سویدی ساڵانە دەیبەخشێت.. بەڵام ڕاستە چەندین ساڵە ناوی یەشار کەمال لەکاتی بەخشینی ئەو خەڵاتەدا دێتە گۆڕێ، هەتا دواجار ساڵی پار درایە (ئۆرهان پاموک)..

ڕاست بڵێم، من نازانم بۆچی ئەو خەڵاتە هەتا ئێستا نەبەخشراوەتە یەشار کەمال، هەروەک ناشزانم ئایا لەبەر ئەوەیە کوردە یان نا! هەرچەندە بە باوەڕی من ئەو حیساباتانە ناچنە مەسەلەی بەخشینی خەڵاتەکەوە لە وڵاتی سوید، بەڵام دەکرێ ئەو پرسیارەش ئاراستەی ئەو کەسانەش بکرێت کە نزیکن لە مەسەلەی بەخشینی ئەو خەڵاتە لە وڵاتی سوید و ئایا بۆچی هەتا ئێستا نەبەخشراوەتە یەشار کەمال-ی بەڕەگەز کورد، کە بەرهەمەکانی هەتا ئێستا بۆ ٤٠ زمان وەرگێڕدراون و لە ٣٥ وڵاتی دنیا جگە لە تورکیا بڵاوبوونەتەوە، هەروەها ١٦ خەڵاتی جیهانی و ناوخۆیی وەرگرتووە و ١٠ دوکتۆرای فەخریشی لە زانکۆ ئەوروپییەکان پێبەخشراوە.. جگە لەوەی لە نووسینەکانیدا خزمەتێکی گەورەی بە هەموو مرۆڤایەتی کردووە، ئەوەش بە باوەڕی من بەش دەکات بۆ ئەوەی خەڵاتێکی وەکو خەڵاتی نۆبڵ وەرگرێت.. ئیدی بۆچی وەری نەگرتووە؟ لەوانەیە وەکو وتم دەکرێ ئەو پرسیارە لە کەسانی نزیکی ناوەندەکانی بەخشینی خودی خەڵاتەکە بکرێت.

## موئەیەد مەحموود (کاردۆ) ڕیژیسۆری سینەمایی (کەنەدا)

سەبارەت بە خەڵاتکردنی نووسەران دەبێت پێشتر بپرسین کێ خەڵات کراوە و لەلایەن کێوە؟ لەمڕۆدا ئاسان نییە قسە لەسەر بابەتێکی ئاوها بکەین ئەگەر هاتوو وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوەمان پێ نەبێت. ئەگەر لە سیاقێکی گشتیدا قسە لە خەڵات کردن بکەین ئەوسا تەنیا دەتوانین ڕووە پۆزەتیفەکانی بخوێنینەوە کە خۆیان لە (پێزانین، نرخاندن، هاندان...تاد) دەبینینەوە، بەڵام کاتێک خەڵات کردن لە سیاقە گشتییەکە دەردەهێنین و قسە لەسەر لایەنێکی خەڵات بەخش، یان کەسێکی خەڵات کراو دەکەین ئەوسا خوێندنەوەکەمان شکڵێکی تر لە ڕاڤەکردن بەخۆیەوە دەگرێت. سەبارەت بە خەڵاتی کردنی ئۆرهان پاموک، ڕاستییەکەی ئەم نووسەرە تازەیە بەدنیای ئێمە. لە ئەدەبیاتی ئێمەدا کەمتر قسە لەسەر ئەم نووسەرە و بەرهەمەکانی کراوە. بۆیە ئێمە بە دنیای بەرهەمەکانی ئاشنا نین، ئەگەر پاموکیش لە بەرهەکانیدا ئاستێکی بەرزی نیشان دابێت، ئەوسا خاڵی بوونی ئەدەبیاتی ئێمە لە بەرهەمەکانی ئەو دەبێتە ڕەخنەیەک و بەرۆکمان دەگرێت.

من سەبارەت بە خەڵاتکردنی پاموک پێم باشە بپرسم. ئایا هەر کەسێک قەتڵ و عامی ئەرمەنییەکانی مەحکوم کردبێت شایانی خەڵات کردنە؟ ئایا پاموک یەکەم کەس بووە کە ئەو قەتڵ و عامەی مەحکوم کردووە؟ ئایا بە هەق ئۆرهان پاموک لە هەموو ئەوانە زیاتر لەو ڕێگایەدا جەنگاوە کە ئیشیان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردووە؟ بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە زیاتر ڕەوایی و ناڕەوایی بەخشینی ئەو خەڵاتەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەپاموک دراوە.

هەرچی پێوەندی بەسەر یەشار کەمال-ەوە هەیە، ڕاستییەکەی ئەو کە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا جێگاو ڕێگایەکی باشی بۆ خۆی گرتووە، توانیویەتی لە ڕێی ئەو بەرهەمانەوە کە تەرجەمەی کوردی کراون، خۆی بە ئێمە بناسێنێت. ئەو وەکو ڕۆمان نووسێکی شارەزاو بە سەلیقە و بەتوانا لە بەرهەمەکانیدا خۆی بە ئێمە ناساندووە، بگرە لەسەر ئاستی دنیاشدا هیچی کەمتر نییە لەو نووسەرانەی کە لەو بوارەدا خەڵات دەکرێن کە ئەم کاری تێدا دەکات. لێرەوە خەڵات کردنی یەشار کەمال بۆ ئێمە نابێتە جێی پرسیار، بەڵام خەڵات نەکردنی نیشانەی پرسیارێک لەلای ئێمە دروست دەکات، بە سیاسەت کردنی بەخشینی خەڵاتەکانیش ئەم نیشانەی پرسیارە زەقتر دەکاتەوە.

# جەمال کەریمی حەمە مەلا
# بەبۆنەی کۆچی ماڵئاواییەوە

لە مانگی شوباتی ئەمساڵ (یووسف باکووری)، برای بچووکم، کە ئێستا لە ئەمەریکا ژیان بەسەر دەبات، خۆی و خێزانی و کچەکەی هاتنە سەردانمان- ڕۆژێک هەموومان، بەرەو (کۆیە)ی شاری شیرینمان بەڕێ کەوتین و لەسەر داوای یووسف و خێزانەکەشی، کە دەکاتە کچی (وەستا ئارێنی خەیات)ی ئەرمەنی، چونکە تەمەنی منداڵی و قۆناغی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە و باوکیشی وەستا ئارێن، وەک لە کۆیە ناسراو بوو مرۆڤێکی بە زەوق و قسەخۆش و عاشقی دیمەنی دەوروپشتی کۆیە و دانیشتوانی کۆیە بوو، هەمیشە لە سەیران و ڕابواردن دریغی نەدەکرد و برادەری وەک خۆی خاوەن ڕەوشتی جوان و دانیشتنی سەیران و ناوباغان زۆر بوون.

جا لەو سەفەرەماندا، ئەوێ ڕۆژێ کە هەینی بوو، ٢٣ی شوبات، سەردانی قشڵەمان کرد و چووینە هەرمۆتە و مەربێنە قەدیشەی نزیک تۆبزاوا و حەمامۆک و چنارۆک و هەروەها چووینە ئەو کۆڵانەی لە ساڵانی پەنجاکان ماڵی (ئارێنی خەیات)ی لێبوو، (هایکانوش)ی خێزانی یووسف چووە ناو خانووەکەی کە کاتی خۆی تێیدا بوون و وێنەی گرت. بە کورتی زۆر خۆشمان ڕابوارد، بەڵام لە کاتی گەڕانەوەماندا، لە چنارۆکەوە لەسەر جادە، بەرامبەر مزگەوتی گەورە، هونەرمەند (سەردار ئەحمەد)مان بینی و ئەویش زۆر شاد بوو بە بینینی یووسف و زۆر هەوڵی دا شەو بمێنێتەوە و بمانباتە چنارۆک، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەولێر، لەگەڵ برادەرانی تر، ڕێک کەوتبوو و داوەتیان کردبوو، نەمانتوانی زیاتر مەحتەل بین.

---

**باکووری**

جا لەکاتی قسەکردنماندا هەر لەسەر جادە، کاک سەردار پێی ڕاگەیاندم و وتی: «دیارە نەتزانیوە، برادەرەکەت "جەمالی کەریمی حەمە مەلا" لەو ڕۆژانە کۆچی دوایی کرد؟». بەڕاستی وەک ئەوەی پیاو لە خەوێکی خۆش، بەهۆی دەنگێکی گەورە لەپڕ ڕاچەنێ، یان دیتنی خەونێکی ناخۆش، کتوپڕ لە خەو هەڵسێتەوە، ئاوام لێ هات! زۆر زۆر خەمبار بووم و بەتایبەتی خەفەتەکەم لەوەدا بوو، نەچوومە پرسە و تازیەی ئەو کوڕە جوانە.

ئەو برادەرە دێرینەم کە هەر لە ساڵی (١٩٤٢)ەوە پێکەوە، ڕۆژانە لە پۆلی شەشی سەرەتایی لە قوتابخانەی (ئەوولا)ی کۆیە و ئینجا دواتر لە قوتابخانەی ناوەندی، بۆ ماوەی (سێ ساڵ) هەر لە پۆلی یەکەمەوە (١٩٤٣) لە ڕێگامان بۆ چوونە قوتابخانە و لە گەڕانەوەشماندا، بەیەکەوە دەبووین. هەندێ جاریش (کەمال)ی برای بەڕەحمەت بێ، لەگەڵمان دەبوو، ڕێگاکەش دوور بوو، چونکە قوتابخانەمان لە شار دوور بوو، ئنجا هەستمان نەدەکرد چۆن ڕێگاکەمان دەبڕی. کە دەگەیشتینە کۆڵانەکەی ماڵی کەریمی حەمە مەلا، لە گۆڕەپانەکەی (جاسم ئاغا)وە، ئەو بۆ لای ڕاست دەڕۆیشت و من ڕاستەوڕاست بەرەو هەوراز بۆ لای (تاقی حاجی عەولا بەگ) دەچووم... ماڵمان لەو ڕاستانە بوو، لەو ماوەیەدا کە لە قوتابخانەی (ناوەندی) بووین، کاک جەمال هەمیشە پۆشتە و جلوبەرگی خاوێن و یاخەی کراسی دەدرەوشایەوە و ملە سوور و سپییەکەی لە نێوان هەردوولای یاخەی کراسەکەی بە دیار دەکەوت وا جوان و ڕێک، خۆ هەروا بوو دەموچاوی سوور و سپی و چاو کەسک، یان (شین) و مووی سەری زەردێکی زێرینی. کە لەگەڵ ڕەنگی ڕانک و چۆغەکەی وا گونجاو بوو هەر بە ئەکتەرە عاشقەکانی فیلمی سینەمای ئەمەریکی دەچوو!

جەمالی کەریمی حەمە مەلا.. ڕەنگە لە ناوەکەی ڕا، زۆربەی خوێندەواران بزانن کە ئەو گەنجە، لە بنەماڵەیەکی هونەر پەروەر و هونەرمەندی دەنگخۆش پەروەردە بووە، بنەماڵەی حەمە مەلای باپیریان زۆر بەدەنگخۆش و مەقامزان ناسراون لە کۆیە. خۆ ئەحمەدی حەمە مەلا، کە باوکی هونەرمەندی موزیک ژەن و ئاواز دانەری لێهاتوو (وریا ئەحمەد)ە.

ئنجا ئەو خوالێخۆشبووە: کاک ئەحمەد و عەونی شاعیر و دڵداری شاعیر و عومەری عەبدوڵلا و گرووپێکی ناسراو بوون، بە دەنگی خۆش و دانانی ئاوازی ڕەسەنی گۆرانی کوردی و بایەخدان بە زیندوو کردنەوەی گۆرانییە ڕەسەن و فۆلکلۆرەکانی ناوچەی کۆیە و دەوروپشتی ئەو شارە خنجیلانەیە! هەر لە ساڵانی دوا دوای سییەکان و چلەکانەوە، گرووپەکەیان خەریکی کوردایەتی لەلایەک و خۆش ڕابواردن لەلایەکی تر بوون. جەمالیش خوای لێ خۆش بێ، دەنگی خۆش بوو، تەنانەت دوای دامەزراندنی تیپی مۆسیقای باواجی، ئەو یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی، بەڵام نەک وەک موزیک ژەن، بەڵکو وەک ئەندامێکی دەستەی بەڕێوەبردنی (کۆمەڵەی بووژاندنەوەی هونەرە جوانەکان) و وەک (ژمێریار) هەڵبژێردرا بوو! ئنجا کە لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، خەریکی خۆ ئامادە کردن بووین بۆ سازدانی ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانی، بە یادی شۆڕشەکە.. جەمالی ڕەحمەتی داوای لێم کرد سروودێکی بۆ ئامادە بکەم و لە ئاهەنگەکەدا پێشکەشی بکات. ئەوە بوو، لێرە و لەوێ گەڕام، تا شیعرێکی مامۆستای خوالێخۆشبوو (محەمەد تۆفیق وردی)م چنگ کەوت، زۆر باش لەگەڵ بارودۆخەکەی دوای شۆڕش گونجاو بوو: شیعرەکە دەڵێ:

**بە شۆڕش میللەت ئەبێ ڕزگاری**
**لە دەست خوێنمژ و لە چنگ بەدکاری**
**بە سوڵح و خۆشی هەق وەرناگیرێ**
**بۆ کرێکاران و چینی جووتیاری**

دوای پرۆڤەی تێر و تەسەل و لەگەڵ تیپە مۆسیقاییەکە


دەنگی گێتی تازە


استیفادەی دەشتی

و کۆڕسەکەش، ڕۆژی ئاهەنگەکە، جەمال سەرکەوتووانە ئەدای سروودەکەی کرد و ئامادەبووان چەپڵەی گەرمیان بۆ لێدا. ئەو گەنجە دڵپاک و لەخۆڕازییە، زۆر هەستی جوان و باشی هەبوو، هەندێ جار برادەرانی خۆی، سەریان سوڕ دەما لەو شتانەی لێیان دەبینی، بۆ نموونە: یەکێک بیگوتبا: «جەمال ئەو قاتەت پیرۆز بێ.. زۆر لێت دەوەشێتەوە، بەڵام یەخەی چاکەتەکەت، کەمێک خوارە، یان باش نەدوورراوە...یان یەکێک بیگوتبا: ئەو ڕانک و چۆغەڵەت عەجایبە! بەس ئەوەندەیە ڕەنگەکەی کەمێک تۆختر بووایە، یان سپیتر بووایە جوانتر دەبوو.. بۆ گەمە و سوعبەت ئا لەم جۆرە عەیبانەیان لێ دەگرت! بەڵام ئەو گەمە و گاڵتەی لەلا نەبوو! یەکسەر قاتە جلەکە، یان قۆندەرەکەی یان ڕانک و چۆغەڵەکەی دەدایەوە ساحێبی، یان بەرگدرووەکە، بە نیوە مەسرەفیش بووایە لێیان وەگرتبایەوە... لاری نەبوو و دەیدانەوە.

من هەستم دەکرد، لەگەڵ ئەو کوڕە، زۆر حەز و زەوقمان یەک بوو و لە یەک دەچوون! بۆ نموونە: هەردووکمان حەزمان لە گۆرانی بوو، حەزمان لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە خوێندنەوە بوو! تەنانەت، من و ئەو بە هاوبەشی هەفتەنامەیەک هەبوو، لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا بڵاو دەکرایەوە بە ناوی (نشرة اخوان الحرية) ناردمان و داوامان کرد بۆمانی بنێرن- ئنجا هەموو هەفتەیەک بە (پۆستە) بۆمان دەهات و دەمانخوێندەوە.

کاک جەمالی هەست ناسک، شتێکی تازە دەرچووبا و بیزانیبایە، یەکسەر دەیکڕی- لەبیرمە لە پۆلی دووەم، یان سێیەم بووین، ڕۆژێک ڕێکلامێکی لەناو گۆڤارێکی ئەوسای دەست کەوتبوو کە تێیدا باسی جۆرە کامێرایەکی دەکرد، کە بچووکترین کامیرای وێنەگرتنی ئەوسابوو، یابان دەری کرد بوو. وێنەی کامێرایەکە و چەند وێنەیەکیش کە بەو ئامێرە وەرگیرابوون، لەگەڵ ڕێکلامەکە بڵاوکرابوونەوە.

(جەمال)ی هاوڕێم نیشانی دام و وتی ئەوە ناردوومە لە بەغداوە بۆم بێنن، ئەوەبوو دوای هەفتەیەک، ڕۆژێ هات و بە ڕاستی کامێرایەکەی هێنابووە قوتابخانە و ئیتر دوای نیوەڕۆ ڕێک کەوتین، پێکەوە چووینە پشت قشڵە و هەندێ وێنەمان گرت.. دوایی ناردبوویە بەغدا و پاش ماوەیەک هاتنەوە، ئەگەرچی زۆر بچووک بوون، بەڵام زۆر جوان بوون- وێنەیەکم ماوە ئی ئەو جۆرە کامیرایە، وا لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە بۆ زانیاری خوێنەرانی ئازیز.

کاک جەمال بەهرەی نووسینی وتاریشی هەبوو لە



گۆڤار و چاپەمەنی ئەوسادا. لەبیرمە لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) کە لە بەغدا دەردەچوو، لە ساڵانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ و تا ١٩٤٦- مانگانە بوو، گۆڤارێکی زۆر بە نرخ و ڕێک و جوان بوو، خوالێخۆشبوو حوسێن حوزنی موکریانی (داماو) سەرپەرشتی دەکرد و باڵیۆزخانەی بەریتانی لە بەغدا دەری دەهێنا و بڵاوی دەکردەوە:

ئنجا لە ژمارە (٢)ی ساڵی سێیەمی گۆڤارەکە لە لاپەڕە (١٢)یدا وتارێکی بۆ بڵاوکراوەتەوە بە ناوونیشانی (تەمبەڵی هەژارەکان لە ئیش و کاردا، کە لە ڕۆژی ١٢/ ١١/ ١٩٤٥ دەرچوو، بە ناوی خۆی جەمال عەبدولکەریم) بڵاوکرایتەوە.

هەروەها وتارێکی دیکەی بەناوی (ئیستفادەی دەشتی بتوێن و زەرەری) لە ژمارە (٩)ی ساڵی سێیەمیدا، کە وا لە ٣١ی کانوونی یەکەمی (١٩٤٥)دا دەرچووە، بڵاوکراوەتەوە بەڵام ئەم جارەیان بە ناوی تەواوی خۆی بڵاوی نەکردووەتەوە، بەڵکو بە پیت نووسیویەتی:

(ج. ک. باجرانی)، واتا (جەمال کەریم باجەرانی) چونکە خۆی دەیگوت ئێمە، عائیلەمان بە (باجەرانی) مەشهوورە!



**کاک جەمال بە قاتە تۆخەکەی و گۆڤاری گەلاوێژی بەدەستەوە. منیش بە قاتە سپیەکەم، لە پشت قشڵەی کۆیە گیراوە**

لە پیاسەیەکماندا لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٤٦، کاتێ هەردووکمان لە پۆلی (سێی) قوتابخانەی (ناوەندی) کۆیە بووین واتا مێژووی ئەم وێنەیە شەست ساڵە. هەزار سڵاو لە گیانی پاک و ڕۆحی شیرینت.




# دیدێکی نوێ لەمەڕ کەلەپوور

خالید جووتیار



فۆلکلۆری هەر نەتەوەیەک، سیما و مۆرک و تایبەتمەندییەکانی دەپارێزێ و لە هەمان کاتیشدا ئاوێزانی هەموو ئەو بەرهەمە جوانانەش دەبێت کە لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانی پێوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی تر دروست دەبێ، ئەو تێکترنجانە بە شێوازێکی گونجاوی زمان ئاراستەی هزری کەلەپووری ئەو نەتەوەیە دەبێتەوە، ئەو سروشتی ژیانی مرۆڤایەتییە کە ڕابردووی هەمیشە پڕ جموجۆڵ و بزاڤ و چێژ و ئایندەبینییە بەرهەمی ژیانی سەردەمە بە پێوەندییە هەمەلایەنەکانی، بۆیە ئەو کەلەپوورە توانای مانەوە و هاوچەرخ بوونی لە دنیابینی بابەتەکانییەوە هەڵدەگرێ، فۆلکلۆری کوردی کە وەک زاراوەیەکی بەرهەرا هەموو لایەنەکانی ئەفسانە و داستانیش دەگرێتەوە، بەرهەمی دەوڵەمەندی سەردەمەکانە، لەوێوە دەستنیشانی بیری بەرایی مرۆڤی کورد و ڕامان و هەڵوەستە و بینای جوانی لێ بکەین، دەماودەم گێڕانەوەی ئەو هەموو بەرهەمە لە بوارە جیاجیاکاندا لە بۆنە و ڕۆژگارەکانیدا تۆمارێکی دیار و نەمری گەیاندە نەوەکان کە دوایی چەندان نووسەری فۆلکلۆریست توانایی و بەهرە و شارەزایی خۆیان ئاراستەی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر کرد و چەندان بەرهەمی دانسقە و بەهاداریان کۆکردەوە، بیبلیۆگرافیای کتێبی فۆلکلۆری مێژووی ئەو کارە جوامێرانە ڕووناکتر دەکاتەوە و هەست دەکەین بەرهەمێکی یەکجار زۆر بە هەوڵ و توانای تاکەکەسی چاپ کراوە، ئەگەرچی تا ئێستا دەزگا حکوومییەکانمان نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەرکی پێویست بۆ هاندان و چاپ کردنی بەرهەمی فۆلکلۆری.

سەرەتای گرنگیدان بە کۆکردنەوەی فۆلکلۆر لای زۆربەی نەتەوکانی دنیاش لە بەراییدا ئەرکێکی قورس و پڕ کێشە بووە، لەبەر گەلێ هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، یان پێوەندییە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵ کە زۆر جاران دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەنجامدانی کاری زانستی، بۆیە تا ئێستاش کتێبخانەی کوردی لە بەرهەمی ئەفسانە و داستان و باوەڕ دەوڵەمەند نییە، ئەو ئەرکە جارێ لە سەرەتادایە، بەڵام ئەو چەندان بەرهەمەی بڵاوکراونەتەوە شایانی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنن، پێویستە لێکۆڵەرەکانمان سەرەتایەکی نوێ دەست پێ بکەن، چونکە مانەوەی ئەو هەموو بەرهەمە بە کۆکراوەیی، واتایەکی نوێ نابەخشێ ئەگەر لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی لێ ئەنجام نەدرێ. پێویستە بابەتەکان پۆلێن بکرێن و ڕۆشنبیری پسپۆڕ لە بوارەکانیدا کار بکەن و سەرچاوە و کتێبی زانستی بەکاربێت بۆ هەڵدانەوەی بابەتە شاراوەکان و شیکارکردنی هێما و ڕەمزەکانی ئەفسانە و نەریت و داستان.

پێویستە کۆکەرەوەی فۆلکلۆر و لێکۆڵەر جیابکرێنەوە و ئەوانەی خەریکی کۆکردنەوەن ئەگەر لە بوارەکانی زانست و لێکۆڵینەوەی سەردەم زانیارییان نەبوو بە شێوازێکی ڕەمەکی ئەو کەلەپوورە مەزنە شێلوو نەکەن و سنووری خۆیان نەبەزێنن و وا چاکە تەنیا خەریکی بواری کۆکردنەوە بن، شێواز و زانیاری بەسوود لەسەر پێویستییەکانی کۆکردنەوە پەیدابکەن و هەوڵ بدەن بابەتەکانیان سوود بەخش بێ و دەست پاک بن لە گواستنەوەی دەقەکان و هەستی نەتەوایەتی بەرەو کاری نازانستییان نەبات و ناو و ڕەمز و هێماکان لەسەر شێوەی گێڕانەوە وەک خۆیان تۆمار بکەنەوە. ئەوانە ئەرکی کۆمەڵێ فۆلکلۆریستن کە لە مێژووی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیدا شوێنی شیاوی خۆیان بینیوە و بەرهەمەکانیان جێی متمانە و باوەڕن.

پێویستە وەک چۆن نەتەوەکانی دنیا لە دوای قۆناغی ڕێنسانسەوە، ڕێچکەیەکی تریان گرت بۆ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی کەلەپووری نەتەوەکانیان دوای ئەو بارە ڕووناکبیرییەی سەردەمیانە توانرا چەندان لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەموو بوارەکاندا برەوی پێ بدرێ و بە میتۆدی سەردەم دەقەکان شی بکرێنەوە.